# مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن
# لەبەردەم دادگادا


**مامۆستا جەعفەر**

**پێشەکیی بۆ نووسیوە**

**وەرگێڕانی لەعەرەبییەوە: حەسەن جاف**



ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

سلێمانی ٢٠١٢

## ئەکادیمیای هۆشیاری و پێگەیاندنی کادیران

دامەزراوەیەکی کەلتورییە بەپێی بڕیاری کۆنگرەی سێی ساڵی ٢٠١٠ ی یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان دامەزراوە، ئەرکەکەی بریتییە لە دەستەبەرکردنی پێداویستییەکانی هۆشیارکردنەوەی سیاسی، فراوان کردنی چوارچێوەکانی رۆشنبیریی گشتی، تۆکمەکردنی بەهاکانی دیموکراسیو مافی مرۆڤ و دادی کۆمەڵایەتی لەکۆمەڵدا، تاوتوێ کردنی مەسەلەکانی بیری هاوچەرخو دابین کردنی کەرەستەی پێویست بۆ پێگەیاندنی کادیران لە بوارە هەمەجۆرەکاندا.

مەسەلەی قڕکردنی ئەرمەن لەبەردەم دادگادا
وەرگێڕانی: حەسەن جاف
وەرگێڕانی لەئەڵمانییەوە بۆ عەرەبی: غەسان نەعسان
بڵاوکراوەکانی ئەکادیمیای هۆشیاریو پێگەیاندنی کادیران
سلێمانی ـ ٢٠١٢
ژمارەی سپاردنی بەڕێوەبەرایەتی گشتی کتێبخانە گشتییەکان
(١٠٧٠) ساڵی ٢٠١٢
نەخشەسازیو بەرگ: هەرێم جەزا
تایپ: کوردستان کەریم، شانیا یوسف
تیراژ: (٢٠٠٠)
ژمارەی زنجیرە: (٤٣٨)
سەرچاوە: مسألة ابادة الأرمن أمام المحكمة، محاضر جلسات المحكمة، ترجمة: غسان نعسان، الطبعة الثالثة، منشورات مكتب الفكر والوعي في الاتحاد الوطني الكردستاني، ٢٠٠٩، السليمانية.

## پێشەکی

"کێشەی تەڵعەت پاشا" یان "کۆکوژی دژی گەلی ئەرمەن" دوو ناونیشانی ئەم کتێبەبوون کە چاپی یەکەمی لەساڵی (١٩٢١) لەبەرلین بڵاوکرایەوە. "رێکخراوی بەرگریکردن لەگەلە هەڕەشە لێکراوەکان" بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٦٥) ساڵ بەسەر یادی سەرەتای قڕکردنی گەلی ئەرمەن لەشەوی (٢٤) ی نیسانی ساڵی ١٩١٥دا، چاپی دووەمی هەر لەبەرلین بڵاوکردەوە. ئەوەی ئەم کتێبە لەکتێبی دیکە جیادەکاتەوە، ئەوەیە کە دانەری نییە، بەڵکو بریتییە لە "کۆنووسی دانیشتنو رووداوەکانی ئەو دادگاییەی لە (٢) و (٣) ی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢١) لەبەرلین بەرێوەچووە.

ئەم "کۆنووسانە، نووسەری دادگا بەهەموو وردەکارییەکانەوە، وەك هەر دادگایەکی دیکەی ئەڵمانیا، نووسیبوونیەوە. ئەم دادگایە تۆمەتی غافڵکوژی تەڵعەت پاشای لە (١٥) ی ئاداری ساڵی (١٩٢١) دابووە پاڵ خوێندکاری ئەرمەنی "سۆگۆمۆن تهلیریان".

تەڵعەت پاشا، لەحکومەتی کۆمەڵەی "ئیتیحادو تەرەقی"دا، لەرۆژانی جەنگی جیهانی یەکەمدا، وەزیری پێشووی کاروباری ناوخۆبوو.

تۆمەتبار تهلیریان لەبەردەم دادگادا دانی بەتاوانی کوشتنەکەدا نا. شایەتەکانیش دان پێدانانەکەی ئەویان سەلماندو قسەکانی ئەوانیش ئەوەی روون کردەوە کە تۆمەتباریان دیوە بەرۆژی رووناك، لەیەکێ لەجادەکانی بەرلیندا، تەقە لە قوربانییەکە دەکاو دەیکوژێ. هەروەها دادوەری گشتیش "کوشتنی تەڵعەت پاشا" ی لەلایەن تۆمەتبارەوە ئیسپات کرد، بەڵام بڕیاری دەستەی سوێندخۆران کە لەبەشە جیاجیاکانی کۆمەڵگەی ئەڵمانی پێکهاتبوو،

تۆمەتباری بێ تاوان دەرکردو دادگاش بڕیاریدا ئازادی بکات. ئەم حوکمە گێژەنێکی رۆژنامەوانیو ساسیی فراوانی لەناوخۆی ئەڵمانیا، بەدوای خۆیدا هێنا، هەروەها لە وڵاتانی ئەمریکاو رۆژهەڵاتیشدا دەنگدانەوەیەکی گەورەی لێکەوتەوە.

لەوانەیە خوێنەر ئەم کێشەیە بەگرێچنێکی درامیی فیلمێك بزانێ، کە فیلمسازەکەی، زۆر بەباشی، بینا درامییەکەی داڕشتبێ تا زۆر سەرنج راکێشو وروژێنەربێ، بەڵام لەواقیعدا، هۆی بابەتی، مێژوویی، دەروونیو مرۆیی، لەپشت ئەو رووداوە سەیرو سەرسوڕهێنەرانەوەبوون، کە لەکاتی دانیشتنەکانی دادگادا لەبەرلین روویاندا.

ئەم هۆیانە، ئەم قوربانییە غەدرلێکراوەیان کرد بە تۆمەتبارێ، کە دەستی بەخوێنی ملیۆنو نیوێك ئەرمەنیی بێ تاوان سووربوو، بکوژەکەشیان کرد بە قوربانییەك، کە بەرێکەوت لەکوشتارەکە رزگاریبوو، دوای ئەوەی، کوژرانی هەموو ئەندامانی خێزانەکەی خۆی، بەوپەڕی دڕندەییەوە، بەچاوی خۆی بینی.

ئەو فیشەکەی، بکوژی تهلیریان، نای بە تەڵعەت پاشاوە، دادگای کەتنی ئاسایی لەبەرلین تێپەڕاندو بوو بەیەکێ لەگەورەترین دادگایکردنە سیاسییە ناسراوەکانی مێژوو.

دەستەی بەرگری لە تۆمەتبار بەیارمەتی شایەتو پسپۆڕە شارەزاکانو بەهۆی روونکردنەوەی ئێشو ئازارەکانی تۆمەتبار وەك قوربانییەك، توانییان هەموو لایەنەکانی تاوانی قڕکردنی ئەرمەن روون بکەنەوەو بەوجۆرەش هۆڵی دادگایان لەبەرلین کرد بەشوێنی دادگاییکردنی بەکردەوەی تاوانی کۆکوژیو لێپرسراوی یەکەمی ئەو تاوانە، کە تەڵعەت پاشابوو.

دوای ئـەوەی ئیمپراتۆریـەتی عوسمـانیو هاوپەیمانەکـەی کـە ئـەڵمانیای قەیسەری بوو جەنگی یەکەمی جیهانی (١٩١٤ - ١٩١٨)یان دۆڕاندو سوپای بەریتانیو فەرەنسی چوونە ناو ئەستەنبوڵ، سولْتان محەمەدی شەشەم حکومەتی لیژنەی ئیتیحادو تەرەقیی لابرد، کە وەزیری جەنگ ئەنوەر پاشاو وەزیری ناوخۆ تەلْعەت پاشاو وەزیری کەشتیگەلی دەریایی جەمال پاشا سەرکردایەتییان دەکردو سولْتان دەریکردن.

حکومەتی تورکیا کەڵکی لەبارودۆخی نێودەوڵەتی وەرگرت لەکاتی جەنگی یەکەمی جیهانیدا. لەو کاتەدا تورکیا لەجەنگدا بوو لەگەڵ فەرەنساو بەریتانیا کە دوو هێزی سەرەکی بوونو پێشتر فشاریان دەخستە سەر ئیمپراتۆریەتی عوسمانی سەبارەت بە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ ئەرمەنیەکاندا، هەروەها سەبارەت بەوەی ناوی "چاکسازی ئەرمەنی" ی لێنرابوو لەچوارچێوەی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا.

هەمان شت لەگەڵ روسیاشدا هەروا بوو، چونکە تورکیا لەحاڵەتی جەنگدا بوو لەگەڵ ئەویشدا، بەڵام ئەڵمانیا پێویستی بەپشتگیریی هێزەکانی تورك بوو، بۆ ئەوەی لەگەڵیدابن لەجەنگدا دژی دوژمنەکانیان، بۆیە ئەڵمانیا نەیدەتوانی فشار بخاتە سەر حکومەتی عوسمانی بۆ راگرتنی پرۆسەی قڕکردنی ئەرمەن، یان هەرهیچ نەبێ داوای لێ بکا کەمێ گوڕو تینەکەی کەمتر بکاتەوە.

ئەمە سەرەڕای بەرزبوونەوەی دەنگی بەرهەڵستکارانی ئەڵمانیو تەنانەت هەندێ دیپلۆماتی ئەڵمانیش، کە لە تورکیا کاریان دەکردو بەچاوی خۆیان کوشتاری ئەرمەنەکانیان بینیبوو. بۆیە داوایان لە حکومەتی ئەڵمانی دەکرد کە قسەبکاو داوای راگرتنی ئەو کارەبکا، بەڵام بەرژەوەندی حکومەتی

ئەڵمانیای قەیسەری پێچەوانەی ئەم رەفتارەی دەخواست، چونکە لەو کاتەدا قەرزی دەدایە حکومەتی عوسمانی بۆ تازەکردنەوەی سوپاکەیو چاکترکردنی چەکەکانی، هەروەها شارەزای سەربازیی ئەمنیی بۆ رەوانە دەکرد تا مەشق بەئەندامانی دەزگا سەربازییەکانیانو هێزەکانی ئاسایشیان بکەن، کە هەمان ئەو هێزانە بوون، کە کردەوەی قڕکردنی ئەرمەنییەکانیان جێبەجێ دەکرد. ئەمە جگەلەوەی کە کۆمپانیا ئەڵمانییەکان چەندین پرۆژەی گەورە گەورەی وەك دروستکردنی پردو رێگاو هێڵی شەمەندەفەریان لەتورکیادا جێبەجێ دەکرد. لەهەموو ئەم یارمەتییە سەربازیو دارایيو ئابورییەی حکومەتی ئەڵمانیا پێشکەشی حکومەتی تورکیای دەکرد گرنگتر، پشتیوانیی راگەیاندن بوو، چونکە راگەیاندنی رەسمیی ئەڵمانی هەڵمەتی راگەیاندنی تورکیای دژ بە ئەرمەن بڵاودەکردەوە، بەمەبەستی پەردەپۆشکردنی تاوانەکانی تورك دژ بە ئەرمەنو پاساو هێنانەوە بۆ ئەو درندەییەی دژی منداڵو ژنو پیرەمێردەکانی ئەرمەن دەیانکردو دەنگوباسو وێنەکانیان گەیشتبووە هۆیەکانی راگەیاندنی نێودەوڵەتی، سانسۆری ئەڵمانیش دەنگو باسی قەسابخانەکانی پەردەپۆش دەکردو هەلی بۆ دیپلۆماتو لێپرسراوە تورکەکان دەرەخساند بۆ بەکارهێنانی دەزگاکانی راگەیاندنی ئەڵمانيو بەدرۆخستنەوەی ئەو هەواڵانەو بڵاوکردنەوەی ئەو لێدوانانەی کە گوزارشتبوون لە وتاری راگەیاندنی رەسمیی تورکیا. ئەمە جگە لەهەڵوێستی لێپرسراوانی ئەڵمانیای قەیسەری، کە هەمان قسەو پاساوە هەڵبەستراوەکانی شاڵاوی پروپاگەندەی تورکیایان دووبارە دەکردەوە.

لەژێر کاریگەری ئەو فشارەی وڵاتانی هاوپەیمانان فەرەنساو ئینگلتەرە کە رای گشتی ناوخۆ لەوڵاتەکەی خۆیاندا خستبوویانە سەریانو ئەو رەخنە

توندەی رۆژنامەکانی جیهان دەیاننووسی دەربارەی یارمەتینەدانی ئەرمەنەکان‌و دەخالەتکردن بەمەبەستی پاراستنیان لەو قەسابخانە دڕندانەیەی دژیان دەکرێت لەساڵانی جەنگ (١٩١٥ ـ ١٩١٨) لەتورکیادا. دوای جەنگ کە چوونە ناو تورکیاوە دادگایەکی جەنگییان دانا بۆ لێکۆڵینەوە لەبەرپرسیارییەتی ئەو قەسابخانانە. ئەم دادگایە ساڵی (١٩١٩) حوکمی ئیعدامی چەند کەسێکی دا لەسەرکردەکانی حکومەتی لیژنەی "ئیتیحادو تەرەقی"، لەوانە تەڵعەت‌و ئەنوەرو جەمال پاشا، کە تەنها لەسەر یەکێکیان جێبەجێکرا، چونکە ئەوانی دیکە دوای روخانی حکومەتەکەیان لەوڵات رایانکردبوو. دۆڕاندنی جەنگی یەکەمی جیهانی ئاڵوگۆڕی ئەوتۆی لەئەڵمانیادا لێکەوتەوە، کە هاوشێوەی ئەو گۆڕانکارییانە بوو، کە لەدەوڵەتی عوسمانیدا روویاندا. کۆماریخوازەکانی ئەڵمانیا توانییان ئیمپراتۆری ئەڵمانی بڕوخێنن‌و یەکەم کۆمار لەئەڵمانیا دابمەزرێنن.

ئەگەر ئەم گۆڕانکارییە گەورەیە نەبوایە، نەدەتوانرا دادگاییکردنی سۆگۆمۆن تهلیریان بەو رێڕەوەدا بڕوا. دادگای تاوان لەبەرلین، لەلایەکەوە، بووە مەیدانی رووبەڕووبونەوەی نێوان هەوادارانی بیری قەیسەری کە لایەنگری حکومەتی تورکیای هاوپەیمانی پێشوویان بوون، لەلایەکیتریشەوە هەوادارانی بیری کۆماری، کە لەڕێی بەرگریکردن لەتۆمەتبار (سۆگۆمۆن تهلیریان) کە دانی نا بەکوشتنی تەڵعەت پاشا، بەرگرییان لەگەڵی ئەرمەن دەکرد.

دەستەی بەرگری هەموو وردەکارییەکانی کێشە سیاسی‌و مێژووییەکەی روونکردەوە، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنی ئەو هۆیانەی پاڵیان بە تۆمەتبارەوە نا، کە تەڵعەت پاشای قوربانی بکوژێ. هەروەها لەبەردەم

دەستەی سویندخۆراندا تیشکیان خستە سەر ئەو بەرپرسیارێتییە ڕەوشتییەی دەکەوێتە ئەستۆی ئەڵمانەکان بەهۆی ئەوەی کە حکومەتی پێشوویان هاوپەیمانی حکومەتی تورکیا بوون، کە ئەم تاوانانەی دژی گەلی ئەرمەن کردووە. بەم جۆرە ئەو قەدەرە خوێناوییەی لەساڵانی (١٩١٥ـ ١٩١٨)دا بەسەر گەلی ئەرمەن هات، هەروەها ئەو قوربانییە بێ تاوانانەی لەو قەسابخانەیەدا تیاچوون، هەموو ئەمانە بوونە پاڵەوانی ئەم دادگایە.

ناکرێ باسی ئەو دادگایەو بابەتی ئەم کتێبە بکەین، بێ ئەوەی باسی کردەوەکانی ئەو قڕکردنو قەسابخانەیە بکەین، کە بەپلەی یەکەم بەرانبەر بە ئەرمەنەکان کرا، ئینجا بەرانبەر بە هاووڵاتییانی دیکەی دەوڵەتی تورکی وەك مەسیحیو عەرەبو کلدانو سریانیش. دەستەی بەرگری هۆیەکانی قڕکردنی ئەرمەنی روونکردەوەو لەدوو خاڵی جەوهەریدا کورتی کردنەوە:

یەکەمیان: گەشەکردنی هەستی نەتەوایەتیی تورکی کە فۆرمە ئایدۆلۆجیەکەی لەدروستکردنی دەوڵەتی تورکیای گەورەدا ڕەنگی دەدایەوە، ئەمەش لەلایەن کۆمەڵەی (ئیتیحادو تەرەقی)یەوە بانگەشەی بۆ دەکرا، بێ گوێدانە هەستو ئاواتی ئەو نەتەوانەی دیکە کە ئیمپراتۆریەتی عوسمانییان پێکدەهێنا.

خاڵی دووەم: ئاواتی گەلی ئەرمەن بوو لەبەدیهێنانی ئازادیو سەربەخۆیی وەك گەلانی دیکەی بەڵقان کە لەژێر دەسەڵاتی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدابوونو توانییان بەیارمەتیی هێزەکانی رۆژئاوا ئازادیو سەربەخۆیی خۆیان وەدەست بێننو لەدەوڵەتی عوسمانی رزگاریان ببێ. ئەرمەنەکان بەشێوەیەکی تایبەت چاویان بڕیبووە ئەزمونی بولگاریو یۆنانی کەبووبووە هۆی سەربەخۆبوونی ئەم دوو گەلە لەسەدەی نۆزدەدا.

ئەم کتێبـە هـەموو ئەمانـەی خـوارەوەی تۆمـارکردووە: قسـەکانی ئەوانـەی بەرگرییان لەتۆمـەتبارکردو هـەروەها ئـەو شـایەتانەش کـە بـۆ بەرژەوەنـدیی تۆمەتبار شایەتییاندا، ئەوانەش کە دژی شایەتییاندا، هەروەها "مرافعـات" ی دادوەری گشتیش کە بەکوشتن تاوانباری تۆمەتبار دەکـردو داوای ئـەوەی کـرد تونـدترین سـزا بـدرێ، ئەمـە جگـە لـەڕاپۆرتی شـارەزایانی پسـپۆڕ لـەبواری نوژداریی دەروونیو عەقڵیو مێژوویيو بواری سەربازی.

دادگا سەلماندیو پەردەی هەڵماڵی لەسەر ئەو دڕندەییەی حکومەتی تورکیا دژ بەمنـداڵو ژنو پـیری ئەرمـەنی بـێ دەسـەڵاتو بـێ چـەك کردبـووی. لەدانیشـتنەکانی دادگـادا ئــەوە روون بـوەوە کـەلاوی ئەرمـەنی (سـۆگۆمۆن تهلیریان)، کە تەمەنی (٢٤) ساڵەو بەکوشـتنی تەڵعـەت پاشـا تۆمـەتبار کـراوە، خۆی قوربانیی ئەو قەسابخانەیە بووە، کە تەڵعەت پاشا نەخشەی بـۆ دادەنـاو فـەرمانی جێبـەجێکردنی دەردەکـرد، هـەروەها فەرمانیشـی دەداو هەڕەشـەی سزادانی لەو فەرمانبەرانەش دەکرد، کە ئەو فەرمانانە جێبەجێ ناکـەن، یـان خەمساردیی تێدا دەکەن.

تەڵعـــەت پاشـــا لەقوربانییـــەکی غـــەدرلێکراوەوە بـــوو بەتۆمـــەتبارێکی ئیدانـەکراوو هـۆی مردنـی سـەدان هـەزار قوربـانیی بـێ تـاوانی ئەرمـەنی. تهلیریـان لەتەمـەنی هـەژدە سـاڵیدابوو کاتـێ جەندرمـەو سـەربازانی سـوپای تورك، خەڵکی شاری ئەرزینجان، کە ئەرمەن بوون، لەحوزەیرانی سـاڵی (١٩١٥) راگواست.

تهلیریـان لەگـەڵ خێزانەکـەی لـەڕیزی راگوێزراوانـدابوو. بـاوکی لەتەمـەنی پەنجاو پێنج ساڵیدا بوو، دایکی پـەنجاو دوو سـاڵ، براکـەی بیسـتو دوو سـاڵ، براکەی دیکەی شازدە ساڵان بوو، خوشکەکەشی پـازدە سـاڵان بـوو، خوشـکێکی

دیکەشی لەگەڵیان بوو کە شوی کردبوو و تەمەنی بیستو دوو ساڵ بوو، هەردوو منداڵەکەشی لەگەڵدابوو، کە یەکێکیان یەك ساڵانو ئەوی دیکەش دوو ساڵان بوو، هەروەها مێردەکەشی کە لەتەمەنی سی ساڵیدا بوو.

سەربازانی تورك‌و جەندرمە هەموو ئەندامانی خێزانە گەورەکەی تهلیریانیان لەناوبرد، تەنها ئەو رزگاری بوو، دوای ئەوەی بە دوو چاوی خۆی یەك بەدوای یەك لەناوبردنی باوك‌و دایکی‌و براکانی بینی. لەهەمان کاتدا خوشکەکانیان برد تا لەدووریی چەند مەترێکی کەم لەولایانەوە دەستدرێژیی سێکسی بکەنە سەریان، هەرلەوکاتەدا گوێی لەهاوارو گریانیان بوو کە دەگریانو بێهودە داوای بەزەییان لەو درندە دەستدرێژکەرانە دەکرد. نەیتوانی یارمەتیی خوشکەکانی بدا یان بچێ بەهانایانەوە، بەچاوی خۆی دەمە تەورێکی بینی کەلەبەرچاویدا دەبریسکایەوە، دەمە تەورەکە سەری برا تەمەن بیستو دوو ساڵەکەی کرد بە دوو لەتەوە. پێش ئەوەی لەو کارەساتەی بەسەر خێزانەکەیدا هات بەئاگابێتەوە، بۆخۆی لەپشتەوە کێشایان بەسەریداو لەناو تەرمی بەربڵاوی قوربانییەکاندا لەهۆش خۆی چوو.

دوو رۆژ لەناو تەرمەکاندا بێ هۆش کەوت، کەبەئاگا هاتەوە ناچاربوو تەرمی براکەی کە بەسەریدا کەوتبوو، لابدا تابتوانێ هەڵسێ. سەرو هەردوو دەستی‌و رانی بریندار بوو بوون‌و جلەکانی خەڵتانی خوێنی خۆی‌و براکەی بووبوون. بەناو تەرمەکاندا گەڕاو سۆراخی ئەندامانی خێزانەکەی دەکرد، ئەوانەی رزگاریان بووبێ، بەڵام بێ سوود بوو، سەری خۆی هەڵگرتو ئازاری برینەکانی دابوو بەکۆڵیدا، نەیدەزانی ئەمە مۆتەکەیە یان ئەوەی روویداو چاوی لێیەتی، راستییە. نەیدەزانی هەردوو پێیەکانی بەرەو کوێی دەبەن،

چـونکه لـەوە دەترسـا سـەرباز یـان جەندرمـەی تـورك بیدۆزنـەوەو وەکـو ئەندامانی خێزانەکەی، ئەمیش بکوژن.

سەرۆکی دادگا پرسیی ئایا تۆمـەتبار تهلیریـان دوای ئـەوەی لەقەسابخانەکە رزگـاری بـوو، چـییکرد؟ لـەنێوان تۆمـەتبارو سـەرۆکی دادگـادا ئـەم پەیڤینـە روویدا:

سەرۆکی دادگـا: کەواتـە بـێ دەسـەڵات بوویـتو هیچـت لەدەسـت نـەدەهات، باشە دوای ئەوە چیتکرد؟

تۆمـەتبار: پـەنام بـردە بـەر گونـدێکی شـاخاوی، لـەوێ، ژنێکـی بەتەمـەن داڵدەی دام، کـە برینـەکانم سارێژ بـوون، گوتیـان نـاتوانن لـەوە زیـاتر داڵـدەم بـدەن، چـونکە حکومـەت ئـەوەی قەدەغـە کـردووەو هەرکەسـێکیش داڵـدەی ئەرمەنییەك بدا، لەسێدارەی دەدەن.

سەرۆکی دادگا: ئەوانە ئەرمەنی بوون، ئەوانەی داڵدەیان دایت؟

تۆمەتبار: کورد بوون.

سەرۆکی دادگا: لەوێوە بۆ کوێ چوویت؟

تۆمەتبار: خەڵکێکی زۆر باش بـوون، کـوردان ئامۆژگارییـان کـردم بچـم بـۆ ئێران، جلو بەرگی کوردییان دامـێ، چـونکە جلـەکانی خـۆم خوێنـاوی بـوون، بۆیە سوتاندمن.

سەرۆکی دادگا: بەڵام تۆ پارەت پێنەبوو، ئەی چۆن دەژیایت؟

تۆمەتبار: بەکۆمەك.

سەرۆکی دادگا: چەندی پێچوو تا برینەکانت سارێژبوون؟

تۆمەتبار: نزیکەی بیست رۆژ تا مانگێ.

سەرۆکی دادگا: لەم ماوە درێژەدا لەکوێ مایتەوەو کێ داڵدەی دایت؟

تۆمەتبار: سەرەتا لای کوردان.

سەرۆکی دادگا: چەند لایان بوویت؟ قەسابخانەکە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٥ دا روویدا.

تۆمەتبار: نزیکەی دوو مانگ لای کوردان لەدێرسیم مامەوە، لەوێ دوو ئەرمەنی دیکەی وەك خۆم راکردوو هاتنەلام، هەر لەڕێی ئەوانیشەوە زانیم کە لە (خەرپووت) یش قەسابخانە روویداوە.

شایەتیی تۆمەتبارە ئەرمەنییەکە دەربارەی کورد بەدڵی هەندێ لایەنی دادگاکە نەبوو، چونکە لەگەڵ درۆو دەلەسەکانی شاڵاوی پروپاگەندەی تورکدا رێك نەدەهاتەوە، کە بڵاویان دەکردەوە گوایا کوردانیش بەشداریی قەسابخانەکانی دژ بە ئەرمەنیان کردووە. هەندێ لایەنی ئەڵمانییش، بۆ بەبێ تاوان نیشاندانی حکومەتی تورکیای هاوپەیمانیان لەخوێنی قوربانییە ئەرمەنییەکان، ئەم پروپاگەندانەیان دووبارە بڵاودەکردەوە. یەکێ لەوانە پرسیاری لەتۆمەتبار کرد:

پرسیار: رات چییە دەربارەی کورد؟

تۆمەتبار: کورد گەلێکە وەك ئەرمەن چاکیان تێدایەو خراپیشیان تێدایە.

هەرچەندە هیچ کەس یان لایەنێك نەبوو، لەم دادگا مێژووییەدا، نوێنەرایەتیی کورد بکا تا بیرو بۆچوونی کورد دەربڕێو وەڵامگۆی تۆمەتو پروپاگەندەکانی تابوری پێنجی تورکی بێت، کە هەندێ ناوەندی ئەڵمانی بڵاویاندەکردەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی ناوی کورد بخەنە نێو مەسەلەکە لەکاتی دانیشتنەکانی دادگاکەداو بەرپرسیاریەتی ئەو تاوانە بەگەلی کوردەوە بلکێننو وای پیشان بدەن کە دوژمنی گەلی ئەرمەنەو ئەو

هەلـەی لێقـەومانی ئەرمـەنی قۆسـتۆتەوەو خەنجـەری غـەدری لـە بـرا قوربانییەکانی داوە.

شـایەتەکان، چ ئەرمـەنیو چ ئەڵمانییـەکانیش بـەرگرییان لـەکورد کـرد، هـەرکاتێ یـەکێ ویستبای ئاماژە بـەڕۆڵی گوایـا نـەرێنیی کـورد لەکارەساتی ئەرمەنیەکاندا بکات. هەموو ئەو هەوڵانەی دران بۆ لێکجیاکردنـەوەی کوردو ئەرمەنو چاندنی تۆوی دوو بەرەکی لەنێوانیانـدا، سـەریان نـەگرت. هـەردوو گەلی کوردو ئەرمەن جارێکی دیکەش سەلماندیان کە پەیوەنـدیی دۆسـتایەتیو برایانەو دراوسێیانەی نێوانیان لەوە بەهێزترە لێك بترازێنرێ، چـونکە ڕەگـی پەیوەندییەکانیان بەقووڵایی مێژووی کۆندا چووەتە خوارەوە.

لـە رابـردووی دوورو ئێسـتای پرشـنگداری نێـوان ئـەم دوو گەلـەدا هێڵـی بەیەکترگەیشتن زۆرن. هەردوو گەل لەگەڵ گەلانی هیندۆ ـ ئـەوروپی حیساب دەکرێن، ئەمەش مانای وایـە وشـەی هاوبـەشو دەربـڕینـی هاوبـەشو بنـەمای ڕۆشنبیری هاوچەشنیان هەیە.

هێڵــەکانی بەیەکگەیشــتنو لێــك نزیکبوونـــەوە تـــەنها دابەشــکردنو پۆلێنکردنی قوتابخانـە زمانەوانییـەکانو زانایـانی مێـژووی زمـان ناگرێتـەوە، بەڵکو دراوسێیەتی جوگرافیو پێکەوە ژیان لەناوچەی نزیك یەکدیدا لەشارو گوندی هاوبەش، یـان دراوسـێ، ئەمانـە هـەمووی پێویسـتیی پێکـەوە ژیـان لـە یەك چوارچێوەو رووبەردا کرد بەشتێکی پێویست.

راستە هۆکاری ئایینیو بـەکارهێنانی وشـەو پیتـی جیـاواز کـە پەیوەنـدیی بەزمانی عەرەبیەوە نیە، هەروەها جیاوازیی سـرووتو رێوشـوێنی پێڕەوکـراو لەپەرسـتگاو شـوێنە پیرۆزەکانـدا، تایبەتمەنـدیو پەیوەندییـە ناوخۆییـەکان قووڵتر دەکەنـەوە، بـەڵام رابـردووی پـردە مێـژووییو ڕۆشـنبیرییەکان، بوونـە

مایـەی کەمکردنـەوەی کاریگـەریی ئـەو بەریەککـەوتن و دووبەرەکییانـەی کـە لەوانەیە تەنانەت لەچوارچێوەی یەك کۆمەڵگەشدا رووبدەن.

ئێمەی کورد قەرزاری دەیان گەورە نووسەرو مێژوو نووسی ئەرمەنیین کـە پسـپۆڕ بـوون لەمێـژووی کـورددا و لـەداهێنان و روونکردنـەوەی راسـتییەکاندا سـەرکەوتووبوون، نـاوی وەکـو پرۆفیسـۆر (م. حەسـرەتیان)، (ئـۆربیلی) بـۆ نموونـە، ئەمانـە بەشـێوەیەکی چـالاك و ورد مەسـەلەی کوردیـان بەناوەنـدە ئـەکادیمی و زانسـتییەکان ناسـاند. لەبـەردەم ئـەم هەوڵـە پێشـەنگانەدا هـەر ئەوەندەمان بۆدەکرێت ئەوپـەڕی رێـزو پێـزانین و سوپاسگوزاریمان دەربـبڕین بـۆ ئـەو هەوڵـە دڵسـۆزو بێگـەردەیان کـە لـەپێناو لێـك گەیشـتنی گـەلان و بەرگریکردن لەمافی نەتەوە چەوساوەکاندا داویانە.

زانـاو نووسـەرو بیرمەنـدانی کـورد بـەرگرییان لـەمافی گـەلی ئەرمـەن کردووەو هاوسۆز بوون لەگەڵیاندا، لەکێشـەو بـارودۆخی ئـەوان تێدەگەیشـتن. بەڵام زۆر بەداخەوە ناتوانین بەرهەمی نووسەرو مێژوونووسە ئەرمەنییەکان لـەڕووی نووسـینی مێـژووی کـوردەوە لەگـەڵ بەرهـەمی نووسـەرە کوردەکـان لەمەسەلەی باسکردنی مەسەلەی ئەرمەن و مێژووی ئەرمەن بـەراورد بکـەین. لێکدانەوەو راڤـەکردنی ئـەم دیاردەیـەش دەگەڕێتـەوە بـۆ رادەی گەشـەکردنی رۆشنبیری و سیاسی و زانستیی کـورد. کۆمـاری ئـەرمینیای سـۆڤێتی سـاڵی ۱۹۲۰ دامەزراو زانکۆی یەریڤانیش لەزانکۆ کوردییەکان کۆنتر و زۆر پێشکەوتووترە. نووسـەرو مێژوونووسـە کوردەکـان تەنانـەت لەنووسـینی مێـژووی خۆشـیاندا کەمتەرخەمییان کردووە. ئاستی ئەکادیمی لێـرە لەکوردسـتان مایـەی بـەزەیی پێداهاتنەوەیـە. نامـەکانی زانکـۆ بەگشـتی تینـوێتیی مـرۆڤ ناشـکێنن و هـەر

لەبنەڕەتدا شایانی خوێندنەوەش نین، کەمیان لەڕووی زانستییەوە ڕەسەنن‌و لەگەڕان‌و بەدواداچووندا جددیەتیان تێدا هەیە.

توێژینەوەکانی کورد دەربارەی ئەرمەن، بەشێوەیەکی گشتی شارەزایی‌و وردبینی‌و زانستیان تێدانییە، چونکە نووسەرو توێژەرە کوردەکان بۆیان هەڵنەکەوتووە ئاگاداری لێکۆڵینەوەو سەرچاوە ئەرمەنیەکان بن، تەنانەت هەلی گەڕان‌و پشکنین زۆر ئاسان نەبوو، هەندێکی دیکەیان هەرچەندە کەمیش بن لەوانەیە کەوتبنە ژێر کاریگەریی تورکەکان، بۆیە دەستیانکرد بە جوینەوەی پڕوپاگەندەو قسە هەڵبەستراوەکانی تورك کەلەلایەن زوڕنا ژەنە شۆڤێنیەکان دژ بەئەرمەن‌و کورد، وەك یەك، بڵاودەکرێنەوە. ئەم تۆمەت بەخشینەوەو پەردەپۆشکردنەی شانۆی تاوانەکە، تەنانەت هەندێ کوردو نووسەری ڕۆژئاوایی وا لێکرد بڕوا بەوەبکەن کە ڕۆڵی (گەلی کورد) لەقڕکردنی ئەرمەندا لاوەکی نەبووە.

ناکرێ باسی پەیوەندیی نێوان هەردوو گەلی ئەرمەن‌و کورد بکەین، بێ ئەوەی ڕۆشنایی بخەینەسەر کارەساتی گەلی ئەرمەن کە لە پرۆسەی قڕکردن لەسەردەستی شۆڤێنیە تورکەکان، لەدوا ساتەکانی سەردەمی ئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا دووچاری بوون، هەروەها ئەو ئازارو ئەشکەنجەیەی کەلەسەر دەستی بیری تۆرانی دووچاری بوون، ئەو بیرەی لەسەردەمی تورکیای نوێدا کەمال ئەتاتورك لەسەر کەللەسەری قوربانیانی ئەرمەن، دوای ئەوانیش قوربانیانی کورد بنیاتی نا. لەگەڵ شاڵاوی قڕکردنی ئەرمەن شاڵاوێکی پڕوپاگەندەی نەگریسی پڕلەتۆمەت‌و هەڵبەستنی درۆ لەهەموو بوارێکدا لەناوەوەی تورکیاو دەرەوەیدا هەبوو. حکومەتی تورکیا پارەی زۆری بەخەرج دا بۆ بڵاوکردنەوەی ئەو درۆو دەلەسانە، کە هەموولایەك خەتابار دەکا بێ

ئەوەی، جگە لەخۆی، کەسی لێ هەڵبوێرێ. جارێك دەڵێنو بڵاودەکەنەوە گوایا ئەرمەنییەکان لەجەنگدا لەگەڵ رووسدا پەیمانیان بەستبوو دژبە تورکیا، جارێکی دیکە دەڵێن دەبێ دانیشتوانە ئەرمەنەکان لەبەر پێویستیی جموجوڵو ئاسایشی هێزەکانیان دوور بخرێنەوە، جاروبارێش بڵاویان دەکردەوە کە قوربانییە ئەرمەنەکان بەدەستی چەتەو کوردە دزەکان کوژراون. جاری دیکەش باسی مەسەلەی ئایینیان دەکرد، گوایا هەستی ئایینی هۆی وروژاندنی هەستی تورکو کوردە موسوڵمانەکان بوو دژ بە ئەرمەنە مەسیحییەکان. ئەم هەڵبەستو دەمگۆیانە تەنها تورکیای نەگرتبووەوە، بەڵکو ئەڵمانە هاوپەیمانەکانی لەجەنگی یەکەمی جیهانیدا، هەمان شتیان بڵاودەکردەوە، تەنانەت بەشێکی فراوانی رۆژنامە ناحەزەکانیشی وەك فەرەنساو ئینگلتەرە. تابوری پێنجەمی کەمالی تائەمرۆش دەستی لە بڵاوکردنەوەی ژەهر هەڵنەگرتووە، ئێستاش هەندێ لەزۆرناژەنەکان هەمان وتەو زاراوە بڵاودەکەنەوە، جا بەدەستی ئەنقەست بێ یان لەئەنجامی بێئاگایی لە وردەکارییەکانی مێژووی خوێناویی ئەم کینە نەتەوەییە شۆڤێنیە کوێرانەیەوە بێت. وەك نموونەیەکی ئەم زۆرناژەنانە کەسێکی بەرێزی ئەڵمانی کە ناوی (تیلمان تسویلش)ەو سەرۆکایەتیی رێکخراوێکی ئەڵمانیی دەکرد بەناوی (رێکخراوی بەرگری لەگەلە هەڕەشە لێکراوەکان). ئەم رێکخراوە لەهەشتاکانی سەدەی رابوردوودا کتێبێکی بڵاوکردەوە بەناونیشانی "کورد" کە سێ بەرگ بوو. ئەم کتێبە رۆڵێکی گرنگی لەڕوونکردنەوەی مەسەلەی کورد لەئەڵمانیادا گێڕا. ئەم کارە رۆشنبیرییە بایەخدارە شایانی هەموو باشەو پیاهەڵدانێکە. بەرێز (تیلمان تسویلش) سەرۆکی رێکخراوەکە لەوکاتەدا پێشەکییەکی بۆ بەرگی سێیەم نووسیوەو

تیایدا دەڵێ "ڕاستە کوردەکان دوچاری زوڵم‌و فڕکردن بوون، بەڵام ئەوانیش هەمان زوڵم‌و دەستدرێژییان کردەسەر ئەرمەنی‌و ئاسوری‌و ئێزیددییەکان".

ئەم کەسە هەمان قسەی لەبۆنەی دیکەدا دوبارە کردۆتەوە بەتایبەتی لە (١٩٨٨)ز دا. ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە بەڕێز (تیلمان) زۆر چاك دەزانێ، کە کورد دوچاری درندەترین شاڵاوی کوشتن‌و لەناوبردن بوون لەسەردەستی ڕژێمی گۆڕبەگۆڕی عیراق. ئا لەوکاتە تیلمان ئەو نووسینە پڕ لەتانەو هێرشەی دژ بەگەلێك بەگشتی بلاودەکردەوەو دەیگوت گوایا کورد بەشدارییان لەو قەسابخانانەدا کردووە.

ڕێکخراوێکی جیهانی کە بەرگری لەمافی نەتەوە هەڕەشە لێکراوەکان دەکاو ئەو سەرۆکایەتیی دەکا، نەدەبوو ئەم جۆرە قسانە دەرهەق بەکورد بکات، بەڵکو دەبایە بەرگری لێ بکردنایەو لەشاڵاوی فڕکردن پارێزگارییانی بکردایە، چونکە ئەو شاڵاوە هەڕەشەی لەبوونیان دەکرد.

ئەوەی دەیەوێ ئەو کەسانە بناسێ، کەتاوانەکەیان ئەنجامداوە، ئەمانە ناسراون‌و باشتر وایە ڕاشکاوانە ئاماژە بەلایەنی بەرپرس بدرێ.

ئەو قسانەی دەڵێن گوایا کورد بەشدارییان لەو تاوانەدا کردووە، ئایا حکومەتێکی کوردیی هەڵبژێردراو بەڕەسمی بڕیاری بەرپاکردنی جەنگی دژ بەنەتەوەیەك یان کۆمەڵێکی ئیتنیی دیاریکراو داوە؟ ئەمە جگەلەوەی تەنها دەوڵەتی عوسمانی هەموو بەرپرسیاریەتێکی دەکەوێتە ئەستۆ! کورد، ئەرمەن، عەرەب، لاز، چەرکەس، تورك، هەرهەموویان هاووڵاتیی دەوڵەتی عوسمانی بوون کە هەر خۆی بەرپرسی یەکەمە لەپارێزگاری‌و بەرگریکردن لەهاووڵاتیانی خۆی بەبێ هەڵاوێردنی کۆمەڵەیێکی نەتەوەیی دیاریکراو. ئایا کۆمەڵێکی سەر بەهۆزێکی دیاریکراو دەتوانێت تاوانێکی وا گەورە ئەنجامبدا؟

دەوڵــەت لەبــەرزترین لوتکــەی دەســەڵاتەوە بڕیــاری دا بــوو کۆمەڵــە نەتەوەیەکی دیکە لەناوببا. سەروەختێك حکومەتی عیراق دڕندەترین شاڵاوی پاکتاوی رەگەزیو قڕکردنی نەتەوەیی دژ بەکورد لە (ئەنفال) دا ئەنجام دەدا، ئایا راستە بڵێین هێزە چەکدارەکانی عیراق - عەرەبەکان بەتەنها - ئەو تاوانــەیان ئەنجامــدا، یــان هێــزە بــەکرێگیراوەکانی کــوردیش بەشــدارییان تێداکرد؟ هێزی بەکرێگیراوی کورد لەو تاوانەدا بەشدار بوون، بەڵام ئایا بەشداریکردنی بەکرێگیراوە کوردەکان لەوتاوانەدا مانای وایە کورد پرۆسەی (ئەنفال)ی ئەنجام داوە، یان رژێمی سەددام حوسێن بڕیاری هێرشو کوشتنی هەموو ئەو هاووڵاتییە بێ تاوانانەی دابوو، نەخشەی بۆ کێشابوو، فەرمانی بەهێزەکانی سوپاو بەکرێگیراوەکان دابو چەندین ناوچەی بەرفراوانی کورد ئەنفال بکەن؟ حکومەتی عیراق پارەیەکی یەکجار زۆری خەرج کرد بۆ لەناوبردنی دانیشتوانی بێوەیو لێدانیان بەبۆمبی ژەهراوی.

هێڵەکانی کارەساتی ئەرمەن ساڵی (١٩١٥ - ١٩١٨) و هۆلۆکۆستی نازییەکان (١٩٣٩ - ١٩٤٥) و شاڵاوە گڵاوەکانی ئەنفال ساڵی (١٩٨٨)، هەر هەموویان لەیەك دەچن. ناوی جەلادەکانو قوربانییانو شوێنو کاتی تاوانەکان جیان، بەڵام ناوەرۆك هەریەکە، بارودۆخی جێبەجێکردنی تاوانەکە لەهەموو روویێکەوە لەیەك دەچن. جەلادەکان دوکەڵی جەنگو زرمەی تۆپو تەقەی تفەنگو هەستی نەخۆشی ئایینیو نەتەوەییان لەکاتی جەنگی یەکەمو دووەمی جیهانیو جەنگی کەنداو (١٩٨٠ - ١٩٨٨) دا بەکارهێنا وەك شانۆیەکی نەبینراو بۆ لەناوبردنی گەلانی بێ تاوان کە تەنانەت نەیانتوانی بەرگری لەخۆشیان بکەن.

قەسابخانەی دژ بەئەرمەن پێشینەو سەرەتای هەیەو دەگەڕێتەوە بۆ چەندین ساڵی پێش (١٩١٥). خاوەن ئایدیۆلۆجیا شۆڤێنییەکان خرۆشێکی "نیشتمانیو نەتەوەیی" وایان خوڵقاند، کە پاکانە بۆ لابردنو لادانی بەربەستەکانی رۆژاوا بکات کە تورکەکان لەگەلانی دیکەی تۆرانی جیادەکاتەوە.

لەوانەیە هیستریای مەزهەبیو ئایینی رۆڵی خۆیان گێڕابێ لەوروژاندنو هاندانی دانیشتواندا، دژ بە ئەرمەن، ئیتر پێناسەکەیان هەرچیەك بێ. بەدوریشی نازانم دزو بەکرێگیراوی کوردیش گورزیان لەهاووڵاتییە ئەرمەنییەکان وەشاندبێ، بەلاّم ئەمە قەت مانای ئەوە ناگەیەنێ کە گەلی کورد یان لایەنێك کە نوێنەرایەتی ئیرادەی گەلی کورد بکات هێزە چەکدارەکانی خۆی هاندابێو بەشداریی لەتاوانی قڕکردنی بەکۆمەڵی گەلی ئەرمەندا کردبێ.

هەروەها هەندێ دەستدرێژی لێرەو لەوێو لەکاتی دیاریکراودا، لەلایەن هەندێ ئەرمەنیەوە دژ بەهاووڵاتیانی کورد مانای وانییە کە گەلی ئەرمەن، یان ئەو حکومەتەی نوێنەرایەتیی دەکا جەنگی دژی گەلی کورد جاڕدابێ.

دەستەی بەرگری دەقی هەموو ئەو بروسکانەی کە لەوەزارەتی ناوخۆی عوسمانییەوەو بەئیمزای تەلعەت پاشا دەرچوون پێشکەشی دادگای کرد. ئەو بروسکانە راشکاوانە بڕیاری بەکۆمەڵ کوشتنو قڕکردنیان لەخۆگرتووەو هەندێ لەدەقی ئەو بروسکانە لەپاشکۆی کتێبەکەدا بلاّوکراونەتەوە.

سۆگۆمون تهلیریان چەند جارێ دوپاتیکردەوە کە ئەوانەی پرۆسەکەیان ئەنجامدا، سوپای نیزامیی عوسمانی بوونو هیچ کوردێکی نەدیوە، جا ئیتر بەجلو بەرگی رەسمی، یان نارەسمیەوە بووبێ.

شـايەتیی ئـەو ئەرمەنیانـەی لەقەسـابخانەکە رزگارییـان ببـوو، وەك خـانم ترزیباشیان و بیشۆف بالاکیـان، هـەروەها شـایەتیی تۆمـەتبار تهلیریـان خـۆی، دانیشـتنەکانی دادگایـان گـۆڕی بـەدژی ئـەو قوربانییــە کـوژراوە بەتۆمــەتی رشتنی خوێنی زیـاتر لەیـەك ملیـۆنو نیـو قوربـانیی بێتـاوان. ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی دادگاکـە بـەناوی تهلیریانــەوە نــەبێ، بـەڵکو بـەناوی "کێشـەی تەڵعەت پاشا" وە چووە مێژووەوە.

ئەو زنجیرە قەسابخانەیەی لەنێوان ساڵانی (١٩١٥- ١٩١٨)دا روویاندا، یەکەمین قەسابخانە نەبوون، چونکە یەکەمین زنجیرەی قەسابخانە دژ بە گەلی ئەرمەن لەلایەن سوڵتانەکانی عوسمانیـەوە لەنـەوەدەکانی سـەدەی نـۆزدە (١٨٩٤ـ ١٨٩٦) دەستپێکرد، پاشان حکومەتی ئیتیحادو تـەرەقی لەسـاڵانی (١٩٠٩) و (١٩١٢) و دوای ئەوەی دەسەڵاتیان گرتەدەست، بـەردەوام بـوون تیایـدا. دوای ئەمانــەش قەسـابخانەی دیکـەی بـەدواداهات پـاش ئـەوەی مسـتەفا کـەمال (ئـەتاتورك) دەسـەڵاتی کەوتـە دەسـتو سـاڵی (١٩٢٢) لەگـەڵ روسـیای بەلشـەفیدا پـەیمانی بەست، ئەمەش بووە هۆی ئەوەی سوپای رووس بکشێتەوەو رێگە خۆشبێ بـۆ سوپای تورك تا بچێتە ناوچە ئەرمەنییەکانی دیکەو بگەنە ئازەربایجان. بـەم جـۆرە سـوپای تـورك ئـەو قەسـابخانەیەی حکومـەتی ئیتیحـادو تـەرەقی کـە لەسـاڵانی (١٩١٥ـ ١٩١٨) لەرۆژهـەڵاتی ئـەرمینیا دەسـتی پێکردبـوو، لەسـەری بەردەوام بوو، ئەو پەنابەرە ئەرمینیانەشی لـەناوبرد، کـە لـە قەسـابخانەکانی پێشوو رزگاریان ببوو، جگە لەدانیشتوانی ئەرمەنیی ئـەم ناوچـانە، کـردەوەی کوشـتنی بەکۆمــەڵ سـاڵی (١٩١٥) دەسـتی پێکـرد، بەراپێچـانی هـەموو لاوە ئەرمەنییـەکان کـەتوانای چـەك هـەڵگرتن بـۆ سـەربازییان لـەمانگی شـوباتدا هەیـە، دوای ئـەوە چـەکیان لەسـەربازە ئەرمەنیـەکان سـەندەوەو وەك بەنـدی

رەوانـەی بێگارییـان کـردن، زۆریـان لـەوێ بەنەخۆشـیو شـەکەتبوون مـردن، یـانیش کـوژران. لەشـەوی (٢٤) ی نیسـانی ١٩١٥ و رۆژانـی دوای ئـەویش (٦٠٠) کەسیان لەباشترین سەرکردە سیاسـیو رۆشـنبیرە ئەرمەنیـەکان لەئەسـتەنبوڵ گرت، لەمانە تەنها (١٥) کـەس رزگاریـان بـوو، پاشـان حکومـەتی تورکیـا، دوای ئەوەی حکومەتی تورك کەوتە وێزەی گەلی ئەرمەن، پـاش ئـەوەی لەسـەرەتادا سەرکردە سیاسـیو رۆشـنبیرییەکانو ئەوانەشـی کـەتوانای چـەك هـەڵگرتنیان هەیە، لەکۆڵ خۆی کردنەوە، ئەوجا بەئاسانی دەسـتی کـرد بەجێبـەجێکردنی نەخشـەکەی کـە پێشـتر ئامـادەکرابوو، بـێ ئـەوەی رووبـەڕووی هـیچ جـۆرە بەرگرییـەکی ئەرمـەنی ببێتـەوە کەشـایانی باسـکردن بـێ. ئەرمەنییـەکان نەیاندەتوانی بەرگری لەخۆیان بکەن، چونکە تەقـەی فیشـەكو گرمـەی تـۆپ لەسەرەتای جـەنگی یەکـەمی جیهـانی گوێچکەی زلهێزەکـانی وەك بـەریتانیاو فەرەنساو روسیایان لەگەڵ هاوپەیمانی تورکیا ـ ئەڵمانیا کەڕ کردبـوو، گوێیـان لەناڵەو هاواری قوربانییە ئەرمەنییەکان نـەبوو، کـە بێهودە داوای یارمـەتیان دەکرد.

یـەکێ لەشـایەتە ئەڵمانـەکان کـە لەنێردەیـەکی مژدەدەریـدا کـاری دەکـرد، لەوکاتەدا کە قەسابخانەکە روویدابوو، ئەو لەناوچەی رووداوەکاندا بوو، گوتی کاتـێ کـاروانی راگـوێزراوانی ئەرمـەنی هـاتن، تـەنها لـەژنو منـداڵی برسـیو نیمچـە رووت پێکهـاتبوون. ژنێـك هـاواریکردو ویسـتی ویـژدانی ئەڵمانـەکان ببزوێنێ، کە واق وڕماو تەماشای کاروانەکەیان دەکـرد "ئێمـە ئامـادەین بـبین بە موسوڵمان... ببین بە تورك... ببین بە ئەڵمان... ئەگـەر لێگـەڕێن بمانبـەن بۆ ئەو شوێنەی کە دەیانەوێ، ئەوا سەری هەمووومان دەبڕن.."

دەستەی بەرگری توانیی وتاری رەسمیو راگەیاندنی حکومەتی تورکی بەدرۆ بخاتەوە، کە کۆمەڵکوژییەکەی ناونابوو "راگویزانی زۆرە ملێ" ی هەندێ لەهاووڵاتییانی دەوڵەتی تورکی لەو ناوچانەی نزیکن لەگۆرەپانی کردەوە سەربازییەکانەوە لەجەنگی دژ بە سوپای روس. ئاژانسەکانی دەنگوباسی رەسمی لەدەوڵەتە رۆژاواییەکان ئەم قسەیەی بلاودەکردەوەو ئەوانی دیکەی بەدرۆ دەخستەوە، کە باسی قەسابخانەیان دەکردو لەواقیعدا دژ بەبێ دەسەلاتانی ئەرمەن لەژنو منداڵو پیر روویاندەدا.

ژمارەی قوربانیان ئەوەندە زۆر بوو، زەحمەت بوو یەکێ دوور لەرووداوەکان بایە، بڕوای پێیان بکردایە. هەروەها دەستەی بەرگری توانیی ئەوەش بسەلمێنێ، کە حکومەتی (ئیتیحادو تەرەقی) تورکی بڕیاری دابوو بەقڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکانو پاککردنەوەی ئەو ناوچانەی دەوڵەتی تورکیا کە ئەوانی تێدا دەژین. دەستەی بەرگری توانیی ژمارەیەك بروسکە پێشکەش بکا، کەلەلایەن وەزارەتی ناوخۆی تورکیاوە دەرچووبوونو تەلعەت پاشاش ئیمزای کردبوون. ئەم بروسکانە داوا دەکەنو پێداگیری لەسەر ئەوە دەکەن کە والییەکانی ئەو ناوچانەی ئەرمەنییان تێدایە، پابەندی ئەو فەرمانانەبن کە حکومەت دەریکردوون سەبارەت بەلەناوبردنی ئەرمەن، هەروەها هانیشیان دەدەن کەنابێ بەزەییان بەژنو منداڵ بێتەوە، یان هاوسۆزبن لەگەڵیاندا، چونکە ژنان ئەگەر بەزیندوویەتی مانەوە، منداڵیان دەبێو دووبارە ژمارەی ئەرمەنی زیاد دەکاتەوە، ئەگەر منداڵەکانیش بەزیندوویەتی مانەوە، گەورەدەبنو دەبنە پیاوو ئەوسا تۆڵەی کەسو کاریان دەکەنەوە.

بروسکەکان ئاگاداری فەرمانبەرانیان دەکردو رێنماییان دەکردن کە نابێ سستی لەجێبەجێکردنی ئەو فەرمانانەدا بکەن، هەروەها داواشی لێدەکردن سزای هەر هاووڵاتیەك بدەن، کە یارمەتی پێشکەش بە ئەرمەنیەکان دەکات.

فەرمانی لابردنی هەندێ والیو قایمقام لەوانەی ئامادە نەبوون فەرمانی قڕکردن جێبەجێ بکەن دەرچوو، والیو فەرمانبەری دیکە لەجێیان دانرانو فەرمانەکەی حکومەتیان بەئەوپەڕی دڵسۆزیو توندییەوە جێبەجێکرد، بەدڵێك، کەهیچ بەزەییەکی بەرانبەر قوربانیە ئەرمەنیەکان تێدانەبوو.

مشتو مڕێکی زۆرکرا سەبارەت بەژمارەی قوربانیانی ئەرمەنو ئەوانی دیکەی مەسیحی وەك کلدانو سریانو عەرەب، لەئەنجامی جێبەجێکردنی نەخشەی حکومەتی تورك بەئەوپەڕی توندیو وردییەوە. رەنگە هەندێ ناوەندی ئەرمەنی زێدەڕۆییان کردبێ لەخەمڵاندنی ژمارەی قوربانییانی ئەرمەن لەبەر سۆزو هەستی بەکوڵی ئەوان وەك کاردانەوەیەك سەبارەت بەقەبارەی کارەساتەکەو ئەو ئێشو ئازارەی دووچاری کەسو کاریان ببوو، بەدەر لەژمارەی ئەو قوربانییانەی لەکیسیان چووبوون، جا کەم بن یان زۆر. لەلایەکی دیکەشەوە ناتوانین ئەوە قبووڵ بکەین یان بڕوا بەوە بکەین کە دامو دەزگاکانی پڕوپاگەندەی حکومەتی شۆڤێنی تورك بڵاویان دەکردەوە سەبارەت بەژمارەی قوربانییەکان، کە بە (٦٠) هەزار قوربانی دەیانخەمڵاند، هەروەها ناتوانرێ ئەو بیانووو پاکانانەش قبووڵ بکرێن دەربارەی هۆی لەناوچوونی ئەم ژمارە بێشومارەی قوربانییان، کە ئەوان دەیانگوت دەگەڕێتەوە بۆ هێرشی دزیو تاڵانی کە جەردەو دزە کوردو تورکەکان دەیانکردە سەر ئەو رێگەیەی کاروانی ئەرمەنییە راگوێزراوەکانی پێدا دەڕۆیشت. تەنانەت ئەگەر بڕواش بکەین کە ئەم قسانە راستن، ئایا حکومەتی

توركیا بەرپرس نییە لەپاراستنی سەلامەتیو ژیانی هاوولاتیانی خۆی کاتێ کە فەرمان دەردەکاو بەزۆر لەشوێنی خۆیان دووریان دەخاتەوە، ئەی نابێ کاروانەکانیان لەو دزو جەردانە بپارێزێ؟ روداوەکانی دادگا لەرێی بەلگەکانی سەلماندن (بڕوانە پاشکۆ و شایەتیی شایەتەکان) ئەوەی سەلماند، کە یەکە سەربازییەکانی سەر بە سوپای تورکو جەندرمەی سەر بەوەزارەتی ئاسایشی ناوخۆ کە تەلعەت پاشا وەزیری بوو، کاروانی راگوێزراوە ئەرمەنیەکانیان پێش خۆیاندا بوو لەبری ئەوەی بیانپارێزن، ئەوان خۆیان هەرچی شتێکی باشو بەکەلکی ئەو راگوێزراوە ئەرمەنیانە بوون، لێیان دەسەندن. هەروەها پارەو زێڕو ئەوەی بەدرێژایی تەمەنیان کۆیانکردبوەوە، چەکیان لێدەسەندن، تەنانەت چەقۆو هەموو شتێکی تیژیش. کچو ژنە جوانەکانیان دەبردو دەستدرێژییان دەکردە سەریان بێ گوێدانە هاوارو نزاو پاڕانەوەی کچە بچکۆلەکان، یانیش هەندێکیان دەبردن دەیانکردن بەژنی خۆیان یا دەیان فرۆشتن بەو کەسانەی پارەیەکی باشیان دەدانێ. وێنەی فۆتۆگرافیی تەرمی ژنو کچی ئەرمەنی هەیە، کە بەڕووتی دوای ئەوەی دەستدرێژی کراوەتە سەریان، کوژراون. ئەو تەرمانەی ئەرمەنیەکان کە دوو بەدوو بەپشت یەکدییەوە بەسترابوونەوە، ژمارەیان زۆر زۆر بووو دەیسەلماند کە کوشتنی ئەمانە لەئەنجامی هێرشی دزو جەردەوە نەبووە، بەلکو کردەوەیەکی رێکخراو بووەو لەئەنجامی فەرمانی رەسمیی دەستەی سەربازی، یان ئاسایشی حکومەتەوە جێبەجێ کراوە. لەهەموو حاڵەتێکدا راپۆرتی فریدتیوف نانسن ئەمینداری گشتیی کۆمەڵەی گەلان ساڵی (١٩٢١) دەڵێ ژمارەی قوربانییانی قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنییەکان گەیشتە ملیۆنو نیوێك قوربانی، مەبەستیشی ئەو کردەوانەیە، کە لەنێوان ساڵانی (١٩١٥ـ ١٩١٨) دا روویانداوە،

واته ئەم ژمارەیە ئەو قوربانییانە ناگرێتەوە کە لەقەسابخانەی ساڵانی (١٨٩٤ـ ١٨٩٦) و (١٩٠٩) و (١٩١٢) دژ بە ئەرمەن روویانداوە، هەروەها ئەو ژمارەیە ئەو قوربانیە ئەرمەنیانەش ناگرێتەوە، کە لەو قەسابخانەیەدا لەناوچوون، کە کەمالیەکان ناوی (جەنگی رزگاری) یان لێنا، دوای ئەوەی کەمال ئەتاتورك ساڵی (١٩١٨) (ئیتیحاد)ییەکانی لەسەرکار لابرد، بەتایبەتی لەو ناوچانەی سوپای بەلشەفی روسی لێیان کشانەوەو دایان بەو هاوپەیمانەی کە بە "شۆڕشگێڕی نموونەیی"ـ مەبەست کەمال ئەتاتورکە ـ ناویان دەبرد. ئیتر هێزەکانی تورك کەوتنە وێزەی ئەو کەسە ئەرمەنییانەی دوای قەسابخانەکانی ساڵانی (١٩١٥ـ ١٩١٨) رایانکردبووە ئەوێو لەبەر ئەوەی کە لەژێر دەسەڵاتی سوپای روسدا بوون، لەناویان بردن. بۆیە ئەگەر مرۆڤ تەماشای لیستی ئەو قەسابخانانە بکا کە گەلی ئەرمەن لەساڵی (١٨٩٤) تا (١٩٢٢) دوچاری ببوون، پێی سەیر نابێ ئەگەر ژمارەی قوربانییەکان بگاتە نزیکەی دوو ملیۆن. بەلایەوە سەیریش نابێ (سۆگۆمۆن تهلیریان) ،کە هەموو ئەندامانی خێزانەکەی لەدەست چووبوو، بگەڕێ بەدوای بەرپرسی یەکەمی ئەو قەسابخانانەو (ساڵی ١٩٢٠)، دوای کەوێ بۆ پاریس، پاشان هەر بەدوایەوە بێ تا مانگی کانونی یەکەمی هەمان ساڵ لەئەڵمانیاو سبەینەی رۆژی (١٥) ی ئاداری ساڵی (١٩٢١) لەجادەی (هاردنبورگ) لەبەرلین تەقەی لێبکاتو بیکوژێت.

دوای بەبێ تاوان دەرچوونی تهلیریانو ئازادکردنی، لەمانگی حوزەیرانی ساڵی (١٩٢١) دا چووە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکاو لەوێ ژنی هێناو کچێكو کوڕێکی بووو تاساڵی (١٩٦٠) ژیا کە لەتەمەنی (٦٤) ساڵیدا کۆچی دوایی کرد.

دەتــوانین بڵــێین بــارودۆخی سیاســیی نێودەوڵــەتیو بەرژەوەندییــەکانی زلهێزەکــانو لێــك ئاڵانیــان رۆڵێکــی گــەورەیان بینــی لەپارچــە پارچــەکردنی ئــەرمینیاداو لەلــەناوبردنی بەشــێکی گــەورەی گــەلی ئەرمــەنو ناچــارکردنی بەشێکی گــەورەتر کــەوڵاتی خۆیــان بــەجێ بهــێڵنو بەوڵاتانــدا پەرتــەوازەبن. ئەرمــەن ئــەمڕۆ لەســوریاو لوبنــانو عــێراقو ئــوردنو فەلەســتینو ئێــرانو ئازربایجانو روسیاو لەدۆڵی دەریای ناوەند بەتایبەتی وڵاتانی بەلْقانو یۆنانو فەرەنسا تــا کەنــەداو وڵاتــە یــەکگرتووەکانی ئــەمریکاو ئوســتڕالیاو وڵاتــانی دیکەی جیهان بڵاوبوونەتەوە.

ئــەم دیاردەیــە نــاکرێ بەکۆچــکردنێکی ئاســاییو گــەڕان بــەدوای ژیانــدا، دابنرێ، بەڵکو ئەمە بەڵگەیە، کە لەتەك بەڵگەکانی دیکەدا دەیسەلمێنن گەلی ئەرمــەن تووشــی قــەدەرێکی مەترســیدار بــوون، کــەوایکردووە وڵاتــی خۆیــان بەجێ بهێڵن بۆئــەوەی بتــوانن بــژین. ئــەو قســەیەی دەڵێ ئەرمەنیــەکان بــەم ژمارە زۆرە، کۆچیان نەکردووە لەبەرئەوەی تووشی جەنگی قڕکــردنو بــەزۆر راگواســـتن بـــوون بـــە رادەیـــەك خـــەیاڵی مـــرۆڤ ناتوانـــێ رادەی دڕنـــدەییو خوێنــاویبوونی مەزەنــدەبکا، ئەمــە وەك ئــەو قســەیە وایــە کــە دەیــانگوت (کۆڕەوی ملیۆنی) ی گەلی کورد لەکوردستانی عێراقدا (ساڵی ۱۹۹۱) لەبەرئــەوە بووە کــە کــورد حــەزیان لەســەیران بــوو (یــان وەك میســرییەکان دەڵێن "شــم النسم" شنەی شەماڵ هەڵمژن)و دەیانویست بچن بۆ ســەیران. نکوڵیکردن لــە رووداني قڕکردنی بەکۆمەڵی ئەرمەنیەکان لەبەرئەوە بوو، کە دەترسان داوای مــافی زەوتکــراوی خۆیــان بکــەنو ســەبارەت بــەخوێنی قوربانییــەکان داوای قەرەبووش بکەن.

دانپیانــان بــەو تاوانانــەی دژیــان کــراوە، دەبێتــە هــۆی ئاشــکراکردنی هــۆو پاڵنەرە راستەقینەکانی ئەم تاوانانە، کەبریتین لەوەی ئەوان خاوەن پێناسـەی رۆشنبیری‌و رەگەزیی جیاوازن‌و هەوڵدراوە لەناوبرێن‌و نەهێڵرێن، جا کە ئەو هەوڵانـە لەرێگـەی بـەکارهێنانی شـێوازی درنـدەیی کـەمتر، سـەری نـەگرتووە شۆڤێنیەتی تورك پەنای بردۆتەبەر کۆمەڵکوژی.

روونــاکی خستنەســەر هەوڵــەکانی ســڕینەوەی جیاکــەرەوە رۆشــنبیری‌و رەگەزییەکانی ئەرمەنیەکان، گرفتێکی دیکە دەهێنێتە ئاراوە، کە شـۆڤێنیەتی تورکی نەیتوانی بەپێی هەمان رەچەتەی "مەسـەلەی ئەرمـەنی" چارەسـەری بکات، ئەویش مەسەلەی کوردە لەتورکیای نوێدا.

هەمووان دەزانن کە حکوومـەتی تـورکی پـێش ئـەوەی دۆسـێی "مەسـەلەی ئەرمــەنی" بپێچــێتەوە، دەســتی کــرد بەزنجیرەیــەك شــاڵاوی تــەمێکردن‌و بــەتورککردن، وەك وەڵامێـك بـۆ داواکـاریی کوردەکـان سـەبارەت بەپێناسـەی نەتــەوەیی خۆیــان‌و هــەوڵیان بــۆ ســەربەخۆیی‌و ئــازادی. تــا ئێســتا لەدروستبوونی دەوڵەتی نوێی تورکیاوە مەسەلەی کورد دڕکێکە بەلاکەلەکەی "دیموکراتیەتی تورکیەوە" و بەرامبەر دیموکراتیەتی رۆژاوا زۆر شـەرمەزاری دەکا.

نکوڵیکردن لـەقڕکردنی ئەرمـەن نابێتـە هـۆی لەیـەکتر گەیشـتنی گـەلان‌و پێکەوە ژیانی ئاشتیانەیان بەپێی رێکەوتنێکی دیموکراتیی ژیاری کە جیاوازو وێکنەچوو قبووڵ دەکا، هەروەها یارمەتیی ئەوانەش نادا، کە لەو قەسابخانانە رزگاریـان بـوو، نـە خۆیـان‌و نـە نـەوەیان‌و نـە نـەوەی قوربانیـەکانیش تـاکو برینــەکانیان ســارێژ ببــێ‌و لــەئێش‌و ئــازار رزگارییــان ببــێ‌و ئــەو ئازارەیــان

لەبیربچـێتەوە کەبـەهۆی لەدەسـت چـوونی کـەسو کـارو بـاوكو باپیرانیـان هەمووان بەدەستیەوە دەناڵێنن. تەنانەت ئەگەر بشڵێین کە ئەو "قەسابخانە، یـان قڕکردنـی بەکۆمـەڵ"ەی تووشـی گـەلێك هـاتووە (لـەم حاڵەتـەدا گـەلی ئەرمــەن)، نەگەیشــتووەتە ئــەم پلەیــە یــان ئــەو پلەیــە.... هتــد، ئەمــە گاڵتـەکردنو سـوکایەتیکردنە بەهەسـتی یـادەوەری ئەرمـەنیو قورسـاییەك دەخاتەسەر دەروونیان، کە ئەوەندە ئێشو ئازاری تێدایـە پێویسـتی بـەئازاری زیـاتر نییـە. نـاکرێ لـەهیچ لایـەنێکی کوردیـەوە هـیچ ئاماژەیـەك بکـرێ بـۆ بەکـەمگرتنی قـەوارەی ئـێشو ئـازاری گـەلێکی بـرای وەك گـەلی ئەرمـەن، بەتایبەتی ئەو خۆی تووشی هەمان ئێشو ئازار بووە وەك ئـێشو ئازارەکـانی ئەنفالو قەسابخانەو جەنگی قڕکردن بەدرێژایی دەیان ساڵ.

ڕێکــەوتی سیاســەتی نێودەوڵــەتی وای پێویســت کــرد، کەئەمــەش زۆر بەدەگمەن روودەدا، کە بەرژەوەندییەکانی هاوپەیمانـەکانی پێشـووی تورکیـای کەمالی کـە دەسـتی خسـتە دەسـت روسـیای بەلشـەفیو ئـەڵمانیای کۆمـاری کـە قەیسـەری ئـەڵمانیی لەسـەر حـوکم لادا، ئـەو قەیسـەرەی کەنوێنـەری بـیری عەسکەرتاریو لایەنگری عەسکەرتاریەتی تورك بوو.. ڕێکەوت وابوو کە لێك دووربکەونەوەو ناکۆکی بکەوێتە نێوانیان. بـەڵام ئـەم دوورکەوتنەوەیـە دوای جـەنگی جیهـانی یەکـەم لـەنێوان تورکیـاو ئـەڵمانیا بـەردەوام نـەبوو، چـونکە دوابــەدوای ئــەوە بــیری عەســکەرتاریەتی ئــەڵمانی، کــە خــۆی لەنازیــەتی هیتلەریدا دەنواند، دەسەڵاتی گرتەدەستو دوبارە لەگەڵ هاوپەیمانی پێشویدا ـ تورکیا ـ پەیمان ببەسـتێتەوەو دوبـارە خـولێکی دیکـەی وێرانکـاریو تێکـدان دەس پــێ بکەنــەوە لەجـەنگی جیهـانی دووەمـدا کـەزۆر لەجـەنگی یەکـەم ماڵوێرانکـەرتر بـووو بـووە هـۆی کارەسـاتو لەناوچـوونی قوربانیـەکی زۆری

خەڵکی. بەڵام ئەم دوورکەوتنەوە کاتییەی نێوان ئەڵمانیاو تورکیا هەلی بۆ ئەم دادگایە رەخساند بۆ ئەوەی لێپرسراوە راستەقینەکان، کە دەستیان لەرێکخستنو جێبەجێکردنی تاوانی قڕکردنی گەلی ئەرمەن هەبوو، ئاشکرا بکرێنو گەلی کوردیش بێتاوان دەرچێ لەو گشتە درۆو بوختانانەی پێیانکردبوو، گوایە دەستی سووربووە بەخوێنی برا ئەرمەنیەکانی. ناکرێ گەلان لەسەر هەوڵیان بۆ ئازادیو سەربەخۆیی لێپێچینەوەیان لەگەڵدا بکرێ، هەروەها ناکرێ، سزابدرێنو خوێنی ژنو منداڵو پیاوی پیریان برێژرێنرێو لەبەرئەو هۆیە لەناوببرێن. بێگومان هەوڵو چارەسەری دیکە هەبوون بۆ بنیاتنانی دەوڵەتێکی نوێ یان چەند دەوڵەتێ بێ کۆمەڵکوژی یان تواندنەوەی نەتەوەیەك لەلایەن نەتەوەیەكو دژ بەنەتەوەکانی دیکە، هەروەها بێ ئەوەی بیروباوەڕی سیاسی یان ئایینیی خەڵکی دیکە بە کوفر لەقەڵەم بدرێ.

بەدەرچوونی ئەم کتێبە (مەبەست کاتی دەرچوونی چاپی عەرەبیی کتێبەکەیە- وەرگێڕی کوردی) بەبۆنەی تێپەڕبوونی (٩٣) ساڵ بەسەر ئەو قەسابخانانەدا کە لەشەوی (٢٤) نیسانی (١٩١٥) روویاندا، دەمانەوێ رێز لە گیانی ئەو قوربانیو شەهیدە ئەرمەنییە بێتاوانانە بنێین، کەلەو قەسابخانانەدا تیاچوون، هەروەها گیانی شەهیدە کوردەکانمانو شەهیدانی هەموو گەلانی دیکە کە خوێنیان ڕژا بەدەستی شۆڤێنیەتی کوێرو بیرتەسكو سەرەڕۆی سیاسیو سووربوون لەسەر بڕوایەك.. هەرچی چەندێ رۆشنبیریو رەگەزو ئایینو تایەفە لێك جیاوازبن، دەبێ ئەم جیاوازییانە ببنە سەرچاوەیەکی دەوڵەمەندکردن نەك هۆیەك بۆ دووبەرەکیو ناکۆکیو سڕینەوەی ئەوی دیکەی جیاواز، لەڕاستیدا، جگە لەڕوخاندنو لەناوبردنی بەشێك لەخودو وێرانکردنی جوانی، هیچی ترنییە.

مەبەست لەوەرگێڕانو بڵاوكردنەوەی ئەم كتێبە گەڕانەوە بۆ رابردوو، ناڕەحەتكردنی گیانی قوربانییانی پرۆسەكانی بەكۆمەڵكوشتن نییە، كە سەبارەت بەئەرمەن كرا، هەروەها مەبەست دادگاییكردنی ئێسكو پروسكی ئەوانە نییە كە ئەو تاوانانەیان ئەنجام داو نەخشەیان بۆكێشاو بەرپرسن لە رووودانی.. مەبەست هیچ كام لەمانە نییە، بەڵكو بەپلەی یەكەم ئەوەیە كە ئەم دیمەنە خوێناوییە دڕندەیە جارێكی دیكە نە دژی گەلی ئەرمەنیو نە دژی هەرگەلێكی دیكە، دووبارەنەبێتەوە.

**مامۆستا جەعفەر**

**نیسانی ٢٠٠٨**

**تێبینی:**

مامۆستا جەعفەر ئەم پێشەكییەی بۆ چاپی عەرەبیی كتێبەكە بەزمانی عەرەبی نووسیوەو ئێمەش بەپێویستمانزانی بیكەین بەكوردی.

**وەرگێڕی كوردی**

# ڕۆژی یەکەمی
# دانیشتنەکانی دادگا

دەبێ لەم کێشەی تاوانەی ڕووبەڕووی تهلیریان کراوەتەوە، ئەم حوکمانەی یاسای سزای ئەڵمانی کە لە (مانگی ئایاری ١٨٧٠) دا دەرچوون، لەبەرچاوبگیرێن: ماددەی ٢١١: هەرکەسێك بەئەنقەست مرۆڤێ بکوژێو کوشتنەکەش پێشتر بڕیاری بۆدرابێ، سزای مەرگی بەسەردا دەدرێ.

ماددەی ٢١٢: هەرکەسێك بەئەنقەست مرۆڤێ بکوژێ، بەڵام کوشتنەکە پێشتر بڕیاری بۆنەدرابێ، ئەوسا تاوانبار بەهۆی ئەو دەسوەشاندنە کە بووە هۆی مردن، بەسزای بەندکردن، بەڵام نابێ لە پێنج ساڵ کەمتر بێ، حوکم دەدرێ.

ماددەی ٢١٣: ئەگەر کەسێك یەکێك بکوژێ بێئەوەی کوشتنەکە خەتای ئەوی تێدابێ، بەهۆی ئەوەی خۆی یان خزمێکی خراپ ڕەفتاری لەگەڵدا کرابێ یان تووشی سووکایەتیەکی گەورە هاتبێ لەلایەن کوژراوەوە، کە بووەتەهۆی ئەوەی ڕقی هەڵسێو پاڵی پێوەناوە ئەوکارە دەست بەجێ بکات، یان بارودۆخو هۆی دیکە هەبن کە سزاکە سووکتربکەن، ئەوسا سزا دەدرێ بەبەندکردن، بەڵام لەشەش مانگ کەمتر نەبێ.

ماددەی ٥١: هیچ سزایەکی کەتن نیە ئەگەر بکەر لەکاتی ئەنجامدانی کارەکەیدا هۆشی نەبووبێ، یان لەژێر کاریگەریی ناتەواوییەکدابێ لەتوانای مێشکیدا کەوای لێدەکا نەتوانێ ئازادانە بڕیاربدات.

### ١. سەرۆکی دادگا

ـ سەرۆکی دادگا: سەرۆکی دادگای ناوچەکە قازی دوکتۆر  لیمبرگ

قازییە یاریدەدەرەکان:

ئەندامی دادگای هەرێم قازی باتە

ـ راوێژکاری دادگای هەرێم دوکتۆر لاکس

ـ نووسەری دادگا

چاودێری مافپەروەر فارمبورگ

### ٢. نوێنەری داواکار

داواکاری گشتی یەکەم کولنیك

### ٣. سوێندخۆرەکان

بۆیاخچیی دیوار فیلهلیم کراو، ناون نزیك بەرلین،

بازرگان رۆدۆلف کرۆسر، بیرناو (مارك)

گەوهەرفرۆش کورت بارتل، بەرلین،

خانەنشین ئادۆلف لونە، بەرلین ـ بانکوف،

خاوەن موڵك ئۆتو ئیڤاڵد، شارلوتنبورگ،

وەستای سەربان ئۆتو فاگنەر، شارلوتنبورگ،

قفڵساز ئۆتو بیندە، شونیە،

وەستای بیناسازی ئۆتو راینیکەتیغل،

بۆیەچی ئۆجین دی بریزە، بەرلین ـ فینتر زدورف،

خاوەن کۆگەی بۆن فرۆشی ئەلبیرت بیلینگ، شارلوتنبورگ،

قفڵساز هێرمان کولده، شارلوتنبورگ،

خاوەن کارگەی قرمید روبرت هایزە، شارلوتنبورغ.

## ٤. سوێندخۆرە یەدەگەکان

شوققە بەکرێدەر یولیوس فورگ، شارلوتنبورغ،

گۆشت فرۆش ئۆگست بلیزیند، تیفل.

## ٥. بەرگری:

پارێزەر دوکتۆر ئادۆلف فون گوردون، بەرلین

پارێزەر دوکتۆر یوهانیس فیرتهاور، بەرلین

پارێزەر دوکتۆر نیمایر، پرۆفیسۆری یاسا لەزانکۆی کیل

**سەرۆکی دادگا قازی لیمبرگ سەرۆکی دادگای هەرێم دانیشتنەکەی لەکاتژمێر نۆو چارەك دەست پێکرد.**

دڵنیابوون لەئامادەبوونی تۆمەتبارو هەرسێ پارێزەری بەرگری، لەگەڵ هەردوو وەرگێڕ زاخار یانتیس و گیورگ کالوسیدیان و هەردووکیشیان سوێندیان خوارد.

سوێندخۆران لەرێی تیروپشکەوە هەڵبژێردران، هەریەکەش بەتەنها سوێندی خوارد، بەڵێنیشیاندا کە هەریەکێکیان بەپێی زانیاریو ویژدانی خۆی دەنگ بدا.

هەروەها دڵنیاشبوون لەئامادەبوونی شارەزایانی راوێژکار لەگەڵ شایەتەکاندا.

سەرۆك (بۆشایەتەكانو شارەزاكان): لەم مەسەلەیەدا وەك شایەتو شارەزا پرسیارتان لێ دەكرێت، بابەتی ئەم لێكۆڵینەوەیە لەلایەن ئێوەوە زانراوە، لێرەدا دەمەوێ ئاگادارتان بكەمەوە لەگرنگیو پیرۆزیی سوێندخواردن. ئاماژەش بەوە دەكەم كەیاسا سزای توند دەدا بەسەر ئەوانەدا كەشایەتییەكی هەڵە دەدەن جا بەدەستی ئەنقەست بێ یان لەئەنجامی گوێنەدان بێ، دوای سوێندخواردن، هەروەها دەبێ زانیارییەكان سەبارەت بەكەسەكانو پەیوەندییان لەگەڵ تۆمەتباردا راست بنو لەگەڵ راستیدا رێك بن. ئێستاش تكاتان لێدەكەم هۆڵی دادگا بەجێبهێڵنو چاوەڕێ بكەن تا بانگتان دەكەین بێنەژوورەوە. بێگومان بانگەوازەكە لەدەرەوەی هۆڵەكە دەبیسترێ، بۆیە هەندێ لەشایەتەكان دەتوانن ئەمڕۆ بچنە دەرەوە. تكاتان لێدەكەم لەم حاڵەدا بمێننەوە لەنزیك دەرگای هۆڵی دادگا.

## (شایەتەكان هۆڵەكە جێدەهێڵن)
## (لەسەر كورسی شارەزاكان هەریەك لەمانەی خوارەوە دانیشتوون)

- یاریدەدەری نوژداری ناوچەكە دوكتۆر "تیلیە" بەرلین - فریدناو.
- نوژداری فریاكەوتن راوێژكار دوكتۆر "شمیلینسكی" شارلوتنبورگ.
- نوژدار دوكتۆر "شلوس سانیتیت" فاخی ٧.
- نوژداری دادگاكان راوێژكاری نوژداری دوكتۆر "شتورمر" بەرلین.

ـ پرۆفیسۆری گرێبەست لەزانکۆی بەرلین راوێژکاری نوژداری دوکتۆر هوگو لیبمان، بەرلین، بەسیفەتی چارەسازی دەروونی.

ـ نوژداری دەمار دوکتۆر ریچارد کاسیرەر، پرۆفیسۆر لەزانکۆی بەرلین.

ـ نوژداری باڵا لەبەشی دەمار لەنەخۆشخانەی شاریتە پرۆفیسۆر دوکتۆر ئدموند فورستر، بەرلین، بەسیفەتی چارەسازی دەرونی.

ـ نوژداری دەمار دوکتۆر برنو هاکە، بەرلین.

ـ چەخماخسازی چەکی شاهانە باریلا، بەرلین، بەسیفەتی شارەزای چەك.

ـ پرۆفیسۆر دوکتۆر باول بفیفر، بەرلین، ـ فریدناو ـ بەسیفەتی وەرگێڕی زمانی فەرەنسی.

ـ سەرۆك (بەرەورووی دەستەی دادگاو پارێزەری بەرگری):

نیازم وایە دوای خوێندنەوەی بڕیاری کردنەوە گوێ لەقسەکانی تۆمەتبار بگرم بەئەوپەڕی توانای گوێ گرتن لەوردەکاری، پاشان گوێ لەشایەتی (خانم تەڵعەت) و بازرگان ینسن و خزمەتکار دیمبیکی و پۆلیس گناس و پۆلیس شولتز هەروەها راوێژکاری دادگای بەرایی شولتزە و نوژدار دکتۆر باریلا. دوای ئەمانە گوێ لەشایەتی ئەو شایەتانە دەگرین کە پەیوەندییەکی راستەوخۆیان بەتاوانەکەوە هەیە، دوایی و بەپلەی دووەم ئەو کەسانەی تۆمەتباریان ناسیوە کاتێ کە لەبەرلین ژیاوەو هەروەها کاتێ کە لەپاریس ژیاوەو پەیوەندییان لەگەڵیدا هەبووە، مەبەستیشم لێرە خانم شتیلباوم و خانم دیتمان و مامۆستا خانم لولا بایلنسون و هەریەك لە ئابیلیانو ئافتیانو ترزیباشیانەو لەو شایەتانەش کە لەدواییدا بانگکران ساموێل فوزگانیان.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** رازین.

**سەرۆك:** دوای ئەوە نیازم وایە پرسیارێك بوروژێنم، ئایا لەسێبەری بارودۆخێكی تایبەتیدا بەرگری رازی دەبێ واز لەهەندێ بەڵگەی دیكەی سەلمێنەر بهێنێت (بەراوردی ناونیشانی پاشكۆكە بكە).

**بەرگریكەر فون گۆردون:** ئەم خاڵە لەدواییدا بڕیاری لەسەر دەدەین.

بابەتەكە بەگشتی پەیوەندیی بەمەسەلەیەكی ئاڵۆزەوە هەیە، ئێمەش لەلایەكەوە پابەندین بەنوێنەرایەتیكردنی بەرژەوەندیی بریكارەكەمانو لەلایێكی دیكەشەوەو لەپێش هەموو شتێكیشەوە بەرژەوەندییەكانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی.

**سەرۆك:** ئەمڕۆ تەنها گوێ لەشایەتەكانی كۆمەڵی (١) و (٢) و ئەو شایەتانەش كەلەدوایدیداو بەپێی ئەو نامەیەی مێژووی (٣٠) ئایاری لەسەرە بانگكران، گوێگرتن لەشایەتیەكانیان دوادەخەم بۆ سەرلەبەیانی، بەمجۆرەو بۆ ئەمڕۆ (٦٩) شایەتمان دەمێنێ. پێشنیازدەكەم كاتێك بۆ پشوی نیوەڕۆ دیاری بكەین. بەڕێزان سوێندخۆران رایان چییە لەم بارەوە (سوێندخۆران رەزامەندی دەردەبڕن) پشوویەكی كورتمان بەسە تا نزیكەی سەعات یەكو نیو.

ئەو شایەتانەی تر لەدانیشتنی بەیانی گوێیان لێدەگرین، بەڵام ئەو پرسیارەی دەبێ وەڵام بدرێتەوە ئایا تا چ رادەیەك پێویستمان بەوە هەیە بەدوای بەڵگەكانی سەلماندندا بچین، پاشان لەدواییدا گوێدەگرین لەئیفادەی بەڕێزان شارەزا راوێژكارەكان، پرۆفیسۆر دكتۆر كاسیرەرو راوێژكار لیبمانو دوكتۆر شتورمرو پرۆفیسۆر فورستر.

**بەرگریكەر فۆن گۆردون:** تكا دەكەین گوێ لەئیفادەی دكتۆر (لیبسیوس) بگرن، بەسیفەتی شارەزا، هەروەها بەڕێز (لیمان فۆن ساندەرز)، تەنانەت

تكادەكـەين گـوێ لـەئيفادەی ئـەم دوو بـەڕێزە بگـرن وەك دوو كەسـی تـەواو شارەزا لەكاروباری ئەرمەنيدا. هەزاران شت باسدەكرێن، كە بۆ ئێمەو ئێـوەش بەتــەواوەتی نــامۆن. بــەڕێزان ســوێندخۆران لەبــەر ئــەم هۆيــە پێويســتمان بـەكليلێك هەيـە، بـەدياريكراويش پێويستمان بـەزانينی سروشـتی ئـەم گەلـە هەيە. بۆيە لەم روەوە كەس نييە لەپرۆفيسۆر دوكتۆر (ليبسـيوس) باشـتربێ، كـە ماوەيــەكی زۆر لــەوێ ژيــاوەو ئاگــاداری بارودۆخەكــە بــووەو بۆخــۆیو راســتەوخۆ توانيويــەتی بيرۆكەيــەك دەربارەيــان دروســت بكــا. بــەڵام بــەڕێز (ليمـان ڤـۆن سـاندەرز)، ئەوەنـدەی ئێمـەی لەبارەيـەوە بـزانين، نـەك تـەنها لەكاتی جەنگدا، بەڵكو پـێش جـەنگيش، سـاڵانێكی زۆر لـەتوركيادا بـووە. لـەم رووەشەوە بيرم لـەوە كـردەوە كـەڵك لـە كونسـوڵی پێشـووی ئـەڵمان لەحەڵەب بەڕێز (روسلر) وەك شارەزايەك وەربگرم، كە ئێستا لـە (ئيفـر) نيشـتەجێيەو بروسكەشــی بــۆكردم كەتــەنيا ئەگــەر وەزارەتــی دەرەوە رێــی بــدات دەتوانێــت ئامادە بێ. وەزارەتی دەرەوەش سەرەتا بەبروسكە رەزامەندييان پيشـان دابـوو كەلێرە ئامادەبێ، بەڵام دوێنێ ئێـوارە نامەيـەكيان نـاردووە كـە دەڵێن نـاكرێ رێ بدرێ بەكونسوڵی بەڕێز (روسـلر) وەك شـارەزا بێتـە ئێـرە سـەبارەت بـەو پرســيارانەی دەمانــەوێ لێــی بكــەين، هێشــتا مەســەلەكە پەيوەنــدداره بــەو راپۆرتانەوە كە ئەمڕۆ و لەكاتی دانيشتنەكەدا تاوتوێيـان دەكـەين. لەبەرئەمـە تكاتان لێدەكەم لـەبری بـەڕێز (روسـلر)، گـوێ لـەئيفادەی بـەڕێز (ليمـان ڤـۆن سـاندەرز)و دوكتـۆر (ليبسـيوس) بگـرن وەك شـارەزا لـەكاروباری مەسـەلەی ئەرمەنيداو ئەو پەيوەنديیانەی لەتوركيادا باون.

**داواكاری گشتی كولنيك:** دەمەوێ لەبەرانبەر ئەمەدا ئاماژە بەوە بكـەم كـە تاوانەكە لەئەرمينيا ئەنجام نەدراوە، بەڵكو لەبەرلين روويداوە.

من بڕوام وایه ئێمه پێویستمان بەمجۆره بەڵگه سەلمێنەرانه نییه. بەڵام که شارەزا راوێژکارەکان لەلایەن پارێزەری بەرگری بانگکراون، دەبێ ئیفادەکه بەپێی سیستێمی مەسەلەکانی تاوان بێ، کەواته ناتوانین ناڕازی بین لەم رووەوە، تەنها ئەوەندەیه تکادەکەم زیاد لەپێویست بەڵگەکانی سەلماندن فراوان نەکەین، چونکه من بڕوام وایه کەئەمه هیچ پەیوەندییەکی بەمەسەلەکەی ئێمەوه نیه.

**بەرگریکەر فون گوردون:** هەوڵ دەدەین بەپێی توانا بەڵگەکانی سەلماندن کورت بکەینەوه (پاشکۆکه بەراورد بکه). بەڵام تکاشمان وایه بەگشتیو رەها رەت نەکرێنەوه. بەڕێزان بڕوام پێبکەن، مەسەلەکه گرنگه بۆ بەرژەوەندیی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی.

سەرۆك: دادگا بڕیاریدا گوێ لەئیفادەی بەڕێز پرۆفیسۆر دوکتۆر (لیبسیوس) و بەڕێز جەنەراڵ (لیمان ڤۆن ساندەرز) بگرێت. ئەم دوو بەڕێزه بۆیان هەیه لەدانیشتنەکەدا ئامادەبن.

(هەردوو شارەزا دێنه ناو دادگا)، هەروەها تکادەکەم ئەو دوو بەڕێزه ئاگاداربن که وەك شارەزاو لەسەر داوای دەستەی بەرگری بانگ دەکرێن بۆ ئەوەی ئیفاده بدەن.

تکادەکەم ئەوه رابگەیەنرێت که گوێگرتن لەم شایەتانه سستەر توراڤۆن فیدلو سیستەر ئیفا ئیلفیرسو مژدەبەر خانم دیدسونو خانم سبیکرو (پاشکۆکه بەراوردبکه) نووسەر ئارام ئیندۆنیانو ملازمی یەکەم ئیرنست باراگوینو عەریفی یەکەم فرانتس کارل ئەندریسو بیشوفێ یاریدەدەر بالاکیان ئەکەوێته دانیشتنی سبەی بەیانی، بۆیه دەتوانن ئێستا بڕۆنو دەبێ بەیانی سەعات (٩) لەدادگا ئامادەبن. شایەتەکانی دیکه لێره دەمێننەوه.

بـەمجۆرە ئێسـتا دەسـت بەدانیشـتنەکە سـەبارەت بەکێشـەکە دەکـەین، گـوێ لەئیفادەی تۆمەتبار دەگرین و لەپەیوەندییە کەسییەکانی دەکۆڵینەوە.

ئایا راستە تۆ لەدایك بووی (٢) ی نیسانی(١٨٩٧) ی لەباکاریچ ؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سـەرۆك:** پیشـەی کەسـوکارەکانت چـیە؟ (مەبەسـت لێـرە پیشـەی باوکـە. وەرگێڕی عەرەبی)

**تۆمەتبار:** بازرگان.

**سەرۆك:** لەکوێ دەژیایت؟

**تۆمەتبار:** لەباکاریچ.

**سەرۆك:** ئەی دوای ئەوە؟

**تۆمەتبار:** کەتەمەنم دوو یان سێ ساڵان بوو گواستمانەوە بۆ ئارزینجان.

**سەرۆك:** چەند براو خوشکت هەیە؟

**تۆمەتبار:** دوو براو سێ خوشك.

**سەرۆك:** ئایا ئەم بـراو خوشـکەکانت هـەموو بەیەکـەوە لەگـەڵ کەسـوکارت ژیان تا ساڵی (١٩١٥)؟

**تۆمەتبار:** هەموو لەگەڵ خۆمان ژیان، تەنها یەك خوشـکم نـەبێ کەشـووی کردبوو.

**سەرۆك:** لەکوێ چویتە قوتابخانە؟

**تۆمەتبار:** لەئارزینجیان.

**سەرۆك:** چەند ساڵ؟

**تۆمەتبار:** نزیکەی (٨ ـ ٩) ساڵ.

سەرۆك: ئایا لەمەكتەب سەركەوتوو بوویت؟

تۆمەتبار: بەڵێ سەركەوتوو بووم.

سەرۆك: باری دارایی كەسوكارت باش بوو؟

تۆمەتبار: بەڵێ، زۆر باش بوو.

سەرۆك: ئایا بەهۆی جەنگی جیهانیەوە تووشی ناخۆشی بوون؟

تۆمەتبار: خێزانەكەمان تا روودانی قەسابخانەكە تووشی هیچ ناخۆشیەك نەبوون، ئەوەنەبێ كە بازرگانییەكەمان كەمێك رووی لەكزی كرد.

سەرۆك: ئایا هیچ كام لەبراكانت راپێچی سەربازی نەكران؟

تۆمەتبار: بەڵێ برای ناوەنجیم سەرباز بوو.

سەرۆك: لەكوێ شەڕی كرد؟ لەكام بەرە؟

تۆمەتبار: لەبەرە نەبوو، بەڵكو لە (خەرپووت) ی باشووری ئارزینجان سەرباز بوو.

سەرۆك: ئایا ئەم شارە دەكەوێتە ئەرمینیا؟

تۆمەتبار: بەڵێ، لەبەشی ئاسیایی توركیادا.

سەرۆك: ئایا لەساڵی (١٩١٥) لەماڵ بوو؟

تۆمەتبار: بەڵێ ساڵی (١٩١٥) كە قەسابخانەكە روویدا بەمۆڵەت هاتبوەوە ماڵەوە.

سەرۆك: ئایا قەسابخانەكە بۆ ئێوە لەئارزینجان شتێكی بەتەواوی ناكاو بوو، یان پێشتر ئاماژە هەبوو كەشتێكی لەوبابەتە روودەدا؟

تۆمەتبار: بڕوامان وابوو كە قەسابخانە روودەدا، چونكە دەنگو باس سەبارەت بەكوشتنی خەڵك و كردەوەی دیكەو رووداو باسدەكرا.

**سەرۆك:** ئایا هیچ بیرۆكەیەك هەبوو سەبارەت بە قەبارەی ئەو قەسابخانانە؟ خەڵكی چیان دەگوت دەربارەیان؟ بۆچی رویان دەدا؟

**تۆمەتبار:** هەر لەسەرەتاوە هەمیشە قەسابخانە رووی دەدا هەر لەرۆژی لەدایكبوونمەوە، كاتێ كەماڵمان گوازرایەوە ئارزینجیان،ماڵەوەمان باسی ئەوەیان دەكرد كە قەسابخانە روویداوە.

**سەرۆك:** لە رابووردودا؟ كەی قەسابخانە لەرابوردودا روویداوە؟

**تۆمەتبار:** ساڵی (١٨٩٤) لەم ناوچەیە قەسابخانە روویدا.

**سەرۆك:** ئایا هیچ شتێ هەبوو ئاماژە بەوەبدا كە ساڵی (١٩١٥) قەسابخانە روودەدا.

**تۆمەتبار:** (بەهەڵە لەپرسیارەكە گەیشت) ئەوسا من هێشتا لەدایك نەبوبووم.

**سەرۆك:** ساڵی (١٩١٥)؟

**تۆمەتبار:** هەمیشە دەترساین قەسابخانە رووبداو هۆیەكانیشیمان نەدەزانی !

**سەرۆك:** ئایا لەوجۆرە قەسابخانانە دەترسان؟

**تۆمەتبار:** ساڵانێكی دوورو درێژ زۆر دەترساین، ساڵانێكی دوورودرێژ پێش ئەوەش دەترساین قەسابخانە رووبدا.

**سەرۆك:** خۆت هیچت دەزانی، یان لەرێی قسەوباسی كەسوكارتەوە سەبارەت بەهۆیەكانی ئەو رووداوانە؟

**تۆمەتبار:** لەپرسیارەكە نەگەیشتم؟

**سەرۆك:** ئایا لەرێی ئەو قسەو باسانەی لەماڵتان دەكرا شتێكت دەربارەی هۆیەكانی ئەو قەسابخانانە دەزانی؟

**تۆمەتبار:** دەیانگوت حکومەتی تازەی تورکیا شتێ لەدژمان دەکات.

**سەرۆك:** ئایا پاڵنەری حکومەتی تورکیا ئەوەبوو کە دیگوت پێویستی سەربازی ناچاری دەکا وابکا؟ یان سەبارەت بەچی قسە دەکرا؟

**تۆمەتبار:** لەوکاتەدا من تاڕادەیەك منداڵ بووم.

**سەرۆك:** بەڵام تۆ لەوکاتەدا هەژدە ساڵان بوویت.

**تۆمەتبار:** پێیان دەگوتم کە هۆیەکان ئایینیو سیاسین.

**سەرۆك:** کەواتە واباشە ئەم پێشینەیەی کێشەکە لەڕووی پەیوەندی بەبارودۆخی کەسیی تۆمەتبارەوە روون بکرێتەوە.

**داواکاری گشتی:** من وای بۆ دەچم کە باشتروایە ئەوە پشتگوێ بخەینو بیر لەوە بکەینەوە ئایاباشتر وانیە بڕیاری کردنەوە بخوێنرێتەوە؟

**سەرۆك:** (دوای راوێژکردن لەگەڵ دەستەی دادگادا) دەمانەوێ گوێمان لەتۆمەتباربێ چیرۆکەکەمان بەتەواوی بۆ بگێڕێتەوە، کە چۆن قەسابخانەکە روویدا، خێزانەکەی لەچ بارودۆخێکدا بوون لەوکاتەدا. تۆمەتبار دەبێ چیرۆکەکەمان بڕگە بە بڕگە بۆ بگێڕێتەوەو وەریشدەگێڕدرێ.

**تۆمەتبار:** کەشەڕ ساڵی (١٩١٤) دەستی پێکردو ئەرمەنیەکانیان برد بۆ سەربازی، لەمانگی ئایاری (١٩١٥) هەواڵی ئەوە گەیشت، کەدەبێ قوتابخانەکان دابخرێنو کەسایەتیە ناسراوەکانی شارو مامۆستاکان رەوانەی سەربازگە بکرێن.

**سەرۆك:** ئایا بردیانن بۆ سەربازگەیەکی دیاریکراو، سەربازگەی گرتن؟

**تۆمەتبار:** نازانم، دەبوو کۆببنەوە، پاشان هەموویان بردن. من دەترسامو نەمدەوێرا لەماڵ بێمەدەر، کە ئەو کاروانەیان برد، دەنگۆ بڵاوبوەوە کە ئەوانەی پێشتر بران کوژراون. پاشان لەڕێی بروسکەیەکەوە زانیمان کە لەو

گوێزراوانەی ئارزینجیان تەنها یەك كەسیان لەمردن رزگاری بووە، ئەویش (مارتیروسیان) ە.

سەرەتای مانگی حوزەیران فەرمان هات، كەدەبێ هەموو دانیشتوان خۆیان بۆ بەجێهێشتنی شار ئامادە بكەن، هەروەها پێیان گوتین دەتوانین پارەو شتە گرانبەهاكان لای دەسەڵاتداران دابنێین، تاكو بیانپارێزێ. دوای سێ رۆژ بەرە بەیانییەكی زوو شارەكە لەدانیشتوان چۆڵ كرا.

سەرۆك: بەكۆمەڵی گەورە؟

تۆمەتبار: كە فەرمان هات دەبێ دانیشتوان شارەكە چۆڵكەن، لەوكاتەدا لەدەرەوەی شار كۆیان كردنەوە، پاشان ئەو خەڵكە بەكاروانو بەرِیز بەرِێكەوتن.

سەرۆك: ئایا رێیاندا خەڵكەكە شتو مەكەكانیانو پارەو سامانیان لەگەڵ خۆیان ببەن؟

تۆمەتبار: لەتوانادا نەبوو هەموو شتێ لەگەڵ خۆیان ببەن، مرۆڤ دەیتوانی تەنها ئەوەی لەبەریدایە لەگەڵ خۆی بیبات، چونكە ئەسپو شتی لەوبابەتە نەبوو.

سەرۆك: ئایا خێزانەكەت عەرەبانەیان هەبوو تاكو پێویستیەكانتان لەسەری باربكەن.

تۆمەتبار: پێشتر ئەسپمان هەبوو، بەڵام لەسەرەتای جەنگدا لێیان سەندین، دوای ئەوە كەرێكمان كرِی.

سەرۆك: توانیتان پێویستیەكانتانی لێ باربكەن؟ ئایا عەرەبانەشتان نەبوو؟

تۆمەتبار: گایەكیشمان هەبوو.

**سەرۆك:** چەن رۆژ بەڕێوە بوون؟

**تۆمەتبار:** نازانم، لەیەكەم رۆژی دەرچوونمان لەشار كەسوكارم كوژران.

**سەرۆك:** دەبایە بۆكوێ بڕۆن؟

**تۆمەتبار:** بەرەو باشوور.

**سەرۆك:** كێ لەگەڵ كاروانەكەدا بوو؟

**تۆمەتبار:** جەندرمەو سەربازی سوارەو سەربازانی دیكە.

**سەرۆك:** ژمارەیان زۆر بوو؟

**تۆمەتبار:** بەدرێژایی ئەمبەرو ئەوبەری رێگاكە بوون.

**سەرۆك:** بەدرێژایی رێگەكە لەپشتیشتانەوە؟

**تۆمەتبار:** لەپشتو لەپێشەوە.

**سەرۆك:** بۆ ئەوەی كەس نەتوانێ رابكا؟

**تۆمەتبار:** رێك وابوو.

**سەرۆك:** چۆن كەسوكارو خوشكو براكانت كوژران.

تۆمەتبار: كە كاروانەكە ماوەیەك لەشار دووركەوتەوە، داوایان لێكردین راوەستین.جەندرمە دەستیانكرد بەتالانكردنی كاروانەكەو گەڕان بەدوای پارەو شتە گرانبەهاكانی خەڵك.

**سەرۆك:** ئایا ئەو پاسەوانانەی كە لەگەڵ كاروانەكەدا بوون، خەڵكیان تالانكرد؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** چۆن ئەم رەفتارەی خۆیان پاساودا؟

**تۆمەتبار:** (بەهەردوو دەستی ئاماژە دەکا) لەم بارەوە هیچ قسەیان نەکرد، ئەمە لەهیچ شوێنێکی جیهاندا ڕاڤەناکرێ، لەئاسیای ناوەوەدا شتی لەمجۆرە ڕوودەدا.

**سەرۆك:** کەواتە شتی لەوجۆرە ڕوویدا بەبێ ڕوونکردنەوەی هۆیەکانی؟

**تۆمەتبار:** (بەزەردەخەنەوە) بەڵێ، ئەمە ڕوویدا.

**سەرۆك:** لەگەڵ گەلانی دیکەشدا؟

**تۆمەتبار:** لەنێو گەلانی تورکیادا ئەمە تەنیا لەگەڵ ئەرمەندا ڕوویدا.

**سەرۆك:** کەواتە چۆن کەسوکارەکەت کوژران؟

**تۆمەتبار:** کە تالآنییەکە ڕوویدا، لەپێشەوە تەقە لەکاروانەکە کرا، یەکێ لەجەندرمەکان خوشکەکەمی بردو دایکیشم دەستی بەهاوارکرد: "کوێراییم دایێ". لەتوانامدا نییە ئەو ڕۆژە بهێنمەوە بیری خۆم، نامەوێ بێتەوە بیرم. حەز دەکەم بمرم، بەڵام ئەو ڕۆژە ڕەشە لەوە زیاتر باس نەکەم.

**سەرۆك:** دەبێ سەرنجت بۆ ئەوە ڕاکێشم کە دادگا زۆر مەبەستیەتیو بایەخ دەدا بەزانینی ئەو شتانە لەتۆوە، چونکە تۆ تەنها کەسێکی کەبتوانی شتێکمان دەربارەی ئەم کێشەیە بۆ باس بکەیت.

**تۆمەتبار:** ناتوانم هەموو شتێ وەسف بکەم، چونکە ئەوسا جارێکی دیکەو هەمیشە هەست بە هەموو ئەو شتانە دەکەم.. هەموو شتێکیان برد، لەمنیشیاندا، پاشان بینیم چۆن سەری براکەمیان بە زەبری تەور لەتکرد.

**سەرۆك:** خوشکەکەتیان برد؟ ئایا جارێکی دیکە هاتەوە؟

تۆمەتبار: بەڵێ، خوشکەکەمیان بردو دەستدرێژییان کردە سەری.

**سەرۆك:** دوای ئەوە نەهاتەوە؟

**تۆمەتبار:** نا.

**سەرۆك:** كێ سەری براكەتی بەتەور لەتكرد؟

**تۆمــەتبار:** كــە جەندرمــەو ســەربازەكان قەســابخانەكەیان دەس پێكــرد، دزیش چوونە پاڵیـان. لێـرەدا سـەری بـرا بچووكەكەمیان لـەتكردو دایكیشـم كەوت.

**سەرۆك:** بەچی كەوت؟

**تۆمەتبار:** نازانم چی خستی، نازانم فیشەكی بەركـەوت یـان لەبـەر شـتێكی دیكە بوو.

**سەرۆك:** ئەی باوكت لەكوێ بوو؟

**تۆمەتبار:** باوكمم نەدی، ئەو پێشمان كەوتبوو، لەوێش قەسـابخانە روویـدا بوو.

**سەرۆك:** ئەی تۆ خۆت چیت كرد؟

**تۆمەتبار:** هەستم كرد شتێك بـەر سـەرم كـەوتو ئـیتر كـەوتم، دوای ئـەوە چی رویداوە... نازانم.

**ســەرۆك:** بەڕاكشـاوی لەهــەمان شــوێن مایتــەوە كــە قەســابخانەكە تێیــدا روویدا؟

**تۆمەتبار:** نازانم بۆماوەی چەند لەوێ كەوتم، رەنگە دوو رۆژ بـوو بـێ، كـە بـەئاگا هاتمـەوە زۆر تـەرمم لـەنزیك خـۆم بینـی، چـونكە هـەموو كاروانەكـە كوژرابوون، كۆمەڵ كۆمەڵ، ماوەیەكی درێژ تەرمم دەبینی، بەڵام نەمدەتوانی هەموو شتێ لێك جیابكەمەوە، چـونكە تاریكـایی داهـاتبوو. سـەرەتا نـەمزانی لەكوێم، دوایی بۆم دەركەوت، كە ئەوانەی من دەیانبینـم هەرهەموو تەرمن.

**ســەرۆك:** ئایـا ویسـتت بزانـی ئەنـدامانی خێزانەكـەت لـەناو تەرمەكانـدا بوون؟

**تۆمەتبار:** تەرمی دایکمم بینی بەڕووداکەوتبوو، تەرمی براکەشم کەوتبووە سەر من، لەمەزیاتر نەمتوانی کەس بناسمەوە.

سەرۆك: کەبەئاگا هاتیتەوە چیت کرد؟

تۆمەتبار: کە هەستام تەماشام کرد رانم بریندارەو باڵیشم خوێنی لێدەڕۆیشت.

**سەرۆك:** ئەی سەرت برینی پێوە بوو؟

**تۆمەتبار:** سەرەتا لەسەرمیاندا.

**سەرۆك:** دەزانی بەچ ئامرازێ سەرت بریندارکرا؟

**تۆمەتبار:** کە قەسابخانەکە روویدا، من سەرم نەوی کرد، نەمزانی ئامرازەکە چی بوو. تەنها گوێم لە هاوارێك بوو.

**سەرۆك:** گوتت پاسەوانەکان جەندرمەو سەربازی سوارە بوون، پاشان گوتت هەندێ دز هاتن. مەبەستت چیە لەو قسەیە؟

**تۆمەتبار:** دانیشتوانە تورکەکەی ئارزینجیان.

**سەرۆك:** ئایا لەوێ بوون؟ بەشدارییان لەقەسابخانەکەدا کرد؟

**تۆمەتبار:** ئەوەندە دەزانم، کە جەندرمە دەستیان بەکوشتن کرد، دانیشتوانە تورکەکە لەوێ بوون.

**سەرۆك:** کەواتە دوای رۆژێ، یان دووان کە هاتیتەوە هۆش خۆت، بۆت دەرکەوت تەرمی براکەت بەسەرتەوەیە، بەڵام تەرمی کەسانی دیکەی خێزانەکەتت نەدۆزییەوە؟

**تۆمەتبار:** تەرمی برا گەورەکەمم بینی بەسەرمەوە.

**داواکاری گشتی:** واتزانی برا بچووکەکەتە کەسەری بەتەور لەتکرابوو؟

**تۆمەتبار:** نا، تەرمی برا گەورەکەم.

سەرۆك: بەڵام تۆ چاوت لێ بوو كە لەدواوە تەورێ لەسەری برا بچوكەكەت درا.

تۆمەتبار: بەڵێ.

سەرۆك: لەورۆژەوە كەست لەكەسوكارەكەت نەبینیوە؟

تۆمەتبار: نەخێر.

سەرۆك:  براو خوشكەكانیشت؟

تۆمەتبار: نەخێر، ئەوانیشم نەدیوە.

سەرۆك: ئایا رزگاریان بوو یان دیارنەمان؟

تۆمەتبار: تا ئەمڕۆ شوێنەواری هیچ كامێكیانم نەدۆزیوەتەوە.

سەرۆك: كەواتە بێچارەبووی‌و هیچیشت نەبوو، ئەی دوای ئەوە چیت كرد؟

تۆمەتبار: پەنام بردە بەر گوندێكی شاخاوی. ژنێك  داڵدەی دام، كە برینەكانم چاك بوونەوە، پێیان گووتم لەوە زیاتر ناتوانن داڵدەم بدەن، چونكە حكومەت ئەوەی قەدەغەكردووەو هەركەسێك داڵدەی ئەرمەنیەك بدا، سزای ئیعدامە.

سەرۆك: ئەوانەی داڵدەیان دایت ئەرمەن بوون؟

تۆمەتبار: كورد بوون.

سەرۆك: لەوێوە چوویتە كوێ؟

تۆمەتبار: ئەوانە كەسانێكی باش بوون، كوردەكان ئامۆژگارییان كردم بچمە ئێران، جل‌و بەرگی كوردییان دامێ، چونكە جلەكانی خۆم هەمووی خوێن بوون، بۆیە سوتاندمن.

سەرۆك: بەڵام تۆ پارەت نەبوو، ئەی چۆن دەژیایت؟

تۆمەتبار: بەكۆمەك.

**سەرۆك:** چەندی ویست تا برینەكانت چاك بوونەوە؟

**تۆمەتبار:** نزیكەی بیست رۆژ تا مانگێ.

**سەرۆك:** لەم ماوە دوورو درێژەی مانەوەتدا كێ دالْدەی دایت؟

**تۆمەتبار:** سەرەتا كوردەكان.

**سەرۆك:** چەند لەوێ بوویت؟ قەسابخانەكە لەمانگی حوزەیرانی ساڵی ١٩١٥ دا روویدا.

**تۆمەتبار:** نزیكەی دوو مانگ لای كوردەكان لە دێرسیم مامەوە. دوو ئەرمەنیی دیكەش كەڕایان كردبوو، هاتنە ئەوێو لەوانەوە زانیم كە قەسابخانە لە (خەرپووت) یش روویداوە. پاشان هەرسێكمان رامانكرد بەنێو گوندو شاخاندا. هەندێ رۆژ، لەگژوگیا زیاتر هیچمان دەست نەدەكەوت بیخۆین. یەكێك لەو دوانەی لەگەڵمدا بوون، پێ دەچوو گیای ژەهراویی خواردبێ، بۆیە لەرێ مرد. دووەمیان لەوە دەچوو پیاوێكی رۆشنبیربێ، پێی دەگووتم ئەگەر راست بەرەو پێشەوە بڕۆین، دەبێ بگەینە ئێران، پاشان قەفقاسیا (چیاكانی قەفقاس). ئێمە دەمانویست بەناو گوندو شاخاندا بڕۆین تابگەینە ئێران. هەمیشە بەرۆژ دەخەوتینو بەشەو دەڕۆیشتین، نزیكەی دوو مانگ بەردەوام بووین بەمجۆرە تا گەیشتینە شوێنێك، كەیەكەی سەربازی رووسیمان بینی. ئێمە جلی كوردیمان لەبەردابوو، بەلاَم پێخاوسو سەرمان رووت بوو. گرتیانینو لێكۆڵینەوەیان لەگەڵداكردینو دەربارەی هەموو شتێ پرسیاریان لێكردین. هاوڕێكەم فرەنسیو ئینگلیزی دەزانی، هەموو شتێكی دەربارەی قەسابخانەكان پێگوتن: پێی گوتن كە من لەقەسابخانەكە رزگارم بووە. دوای ئەوە بەریانداین. سەرەتا دەمویست بچم بۆ قەفقاس، بەلاَم رێیان نەدام، بۆیە چووم بۆ ئێران، چونكە لەوێ جەنگ نەبوو. لەئێران نەخۆش

کەوتمو لە سەلما مامەوە، هاورێکەم لەوێوە رۆیشت بۆ تفلیس، منیش نزیکەی ساڵێ لە سەلما مامەوە.

**سەرۆك:** لەوێ چیت کرد؟

**تۆمەتبار:** کەگەیشتم، چوومە کەنیسەی ئەرمەنییەکان لەوێ، جلو بەرگو خواردنو پارەیان دامێ. پاشان هاورێکەم لێم جیابوەوەو ئامۆژگاریشی کردم کە بچمە لای یەکێ لەبازرگانە ئەرمەنییەکان. هەرواش بوو، ئەو بازرگانە ئەرمەنیە لە دوکانەکەی خۆیدا ئیشی دامێ وەك یاریدەدەری خۆی.

**سەرۆك:** چەند لەوێ مایتەوە؟

**تۆمەتبار:** ساڵێك، رەنگە زیاتریش.

**سەرۆك:** دوای ئەوە چوویتە کوێ؟

**تۆمەتبار:** هەواڵ گەیشت کە رووسەکان ئارزینجیانیان داگیرکردووە، منیش دەمویست بگەرێمەوە ئەوێ تاکو بگەرێم بەدوای خێزانەکەمدا، جگە لەوەش بەدڵنیاییەوە دەمزانی کە ماڵەکەمان پارەی تێدایەو دەمویست ئەو پارەیە بێنم، وەستاکەم دەیویست لای بمێنمەوە.

**سەرۆك:** کەی دووبارە گەیشتیتەوە ئارزینجیان.

**تۆمەتبار:** کۆتایی ساڵی (١٩١٦).

**سەرۆك:** کە گەرایتەوە چیت بینی.

**تۆمەتبار:** کەگەیشتم تەماشامکرد هەموو دەرگاکان شکێنراونو بەشێ لەماڵەکەش رووخابوو، کەچوومە ژوورەوە کەوتمە سەر زەوی.

**سەرۆك:** لەهۆش خۆت چوویت؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ لەهۆش خۆم چووم.

**سەرۆك:** زۆر بەبێهۆشی مایتەوە؟

تۆمەتبار: ناتوانم دیاری بکەم چەندی خایاند.

سەرۆك: بەڵام دوایی کە بەئاگا هاتیتەوە، ئەوسا چیت کرد؟

تۆمەتبار: کەهاتمەوە هۆش خۆم چووم سەردانی دوو خێزانی ئەرمەنیم کرد، کە ببوون بەموسوڵمان. تەنیا ئەم دوو خێزانە رزگاریان بووبوو.

سەرۆك: کەواتە دوو خێزانت لەدانیشتوانە پێشووەکانی ئەرمەن بینی کەببون بە موسڵمان. کە روس ئارزنجانیان داگیرکرد، گەڕانەوە سەر ئایینی مەسیحی، هەستیشیاندەکرد هەر مەسیحین؟ ئایا ئەمە هەموو ئەوانە بوون کە لەدانیشتوانی ئارزینجیان مابوون؟

تۆمەتبار: بەڵێ، تەنها دوو خێزان بوون، ناوەناوەش هەندێ کەس دەردەکەوتن، ژمارەکە گەیشتە (٢٠) کەس، بەڵام خێزانەکە هەر دووان بوون.

سەرۆك: لەماڵی خۆتان هیچی دیکەت دۆزییەوە؟

تۆمەتبار: ئامێری جۆراوجۆرم دۆزیەوە، جگە لەوە هەموو شتەکان، یان دزرابوون، یان سوتێنرابوون، بەڵام پارەکە مابوو، چونکە لەژێر زەوی شاردرابوەوە.

سەرۆك: ئایا کەسوکارت پێشتر شوێنی پارەکەیان پێ گووتبووی؟

تۆمەتبار: براکەمو باوکمو دایکمو من دەمانزانی پارەکە لەکوێیە، تەنها خوشکەکانم بەشوێنەکەیان نەدەزانی.

سەرۆك: چەند پارەت دۆزییەوە.

تۆمەتبار: (٤٨٠٠) لیرە زێڕی تورکیم دۆزییەوە (نزیکەی ملیۆنێك مارکی زێڕین).

سەرۆك: هەموو پارەکەت لەگەڵ خۆت برد؟

تۆمەتبار: بەڵێ.

**سەرۆك:** پاشان بۆ كوێ چویت؟

**تۆمەتبار:** ماوەیەك لەوێ مامەوە، چونكە بەئومێد بووم خەڵكێك بدۆزمەوە لەراگوێزراوەكان لەوانەی رزگارییان بووە، لەو بڕوایەشدا بووم كە رەنگە رێك بكەوێ یەكێ لەخزم‌و كەس‌و كارەكەم ببینم.

**سەرۆك:** چەند لەئارزینجیان مایتەوە؟

**تۆمەتبار:** نزیكەی مانگ‌و نیوێك.

**سەرۆك:** دوایی بۆ كوێ چوویت؟

**تۆمەتبار:** بۆ تفلیس.

**سەرۆك:** لەوێ چیت كرد؟

**تۆمەتبار:** لەوێ چوومە قوتابخانە تا فێری زمانی روسی بم.

**سەرۆك:** چ جۆرە قوتابخانەیەك؟

**تۆمەتبار:** قوتابخانەیەكی ئەرمەنی بوو نرسیسیانی  پێدەگوترا، لقێكیان تیایدا كردبووەوە بۆ راگوێزراوو رزگاربووەكان، كە دەیانویست شتێ فێربن.

**سەرۆك:** لەوێ فێری زمانی روسی بوویت؟

**تۆمەتبار:** بایی ئەوەندەی لە پێنج مانگدا بتوانم فێرببم، بەڵام نەمتوانی زیاتر فێربم، چونكە مێشك‌و بیرم ئاڵۆزو پەرت‌و بڵاوبوون.

**سەرۆك:** دوایی فێری زمانی فرەنسیش بوویت؟

**تۆمەتبار:** فێری بووم، بەڵام نەك بەو ڕادەیەی كە ئاواتم بۆ دەخواست.

**سەرۆك:** چەند لە تفلیس مایتەوە؟

**تۆمەتبار:** نزیكەی دوو ساڵ.

**سەرۆك:** كەی تفلیست بەجێهێشت؟

**تۆمەتبار:** سەرەتای ساڵی (١٩١٩)، رەنگە لەشوباتدا بووبێ.

سەرۆك: دوای ئەوە بۆ كوێ چویت؟

تۆمەتبار: چوومە ئەستەنبووڵ.

سەرۆك: لەوێ چیتكرد؟

تۆمەتبار: بانگەوازێكم لە رۆژنامەدا بڵاوكردەوە، بۆ ئەوەی بەدوای كەسوكارەكەمدا بگەڕێمو بیاندۆزمەوە، لەوانەی رەنگە رزگارییان بوبێ لەناوچەی میسۆپۆتامیا.

سەرۆك: لەو ماوەیەدا لەئەستەنبووڵ گۆڕانكاری گەورە روویاندەدا. چەند لەئەستەنبوڵ مایتەوە؟

تۆمەتبار: نزیكەی دوو مانگ.

سەرۆك: ئەی دوایی بۆ كوێ چویت؟

تۆمەتبار: بۆ سالونیك

سەرۆك: ئەی دوای ئەوێ؟

تۆمەتبار: بۆ سربیا.

سەرۆك: دوایی؟

تۆمەتبار: بۆ سالونیك.

سەرۆك: ئەی دوایی؟

تۆمەتبار: لەسالونیكەوە چوومە پاریس.

سەرۆك: هیچ نەخشەیەكت بۆ ژیانی خۆت نەكێشابوو؟ لەبەرچی ئەم هەموو گەشتەت دەكرد؟

تۆمەتبار: ئارەزووی خوێندنم هەبوو، بەڵام بیرم ئاڵۆز بوو، حەزم نەدەكرد بەردەوام لەشوێنێكدا بمێنمەوەو بژیم، چونكە هیچ پیشەیەكی دیاریكراوم نەبوو.

**سەرۆك:** ئایا لەسالونیكو سربیا چویتە قوتابخانە بۆ خوێندن؟

**تۆمەتبار:** نا، لەسالونیك لای خزمانم بووم بۆ چارەسەری نوژداری.

**سەرۆك:** چ نەخۆشیەكت هەبوو؟

**تۆمەتبار:** تووشی فێ دەبووم.

**سەرۆك:** چەندجار ئەو فێلێهاتنە دووبارە بووەوە، كە یەكەمجارو لەئەنجامی بینینی ماڵەكەی خۆتان تووشت بوو؟

**تۆمەتبار:** لەئارزینجیان دووجار فێم لێهات، بەڵام نەشمدەزانی چۆنە، چونكە هەر دیمەنی قەسابخانەكە بەبەرچاومدا تێدەپەڕی، تووشی دەبوومو فێم لێ دەهات.

**سەرۆك:** ئایا كە لەسربیاو ئەستەنبوڵو سالونیك بوویت، هەمان شتت تووش بوو؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** كەی چویتە پاریس؟

**تۆمەتبار:** ساڵی (١٩٢٠).

**سەرۆك:** سەرەتای (١٩٢٠)؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا لەئەستەنبووڵو سالونیكو سربیا زۆر تێكەڵی خەڵك دەبوویت؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ: تێكەڵ بەخزمان دەبووم.

**سەرۆك:** ئایا لەگەڵ خزمو راگوێزراوەكاندا باسی ئەو رووداوانەتان دەكرد، بەڕادەیەك كە لەو قسانەوە دووبارە ئەم شتانە لەگیانی تۆدا بەئاگا بێنەوە؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ، زۆر باسی ئەو بابەتەم كرد.

**سەرۆك:** خەڵكی تاوانی ئەو دڕندایەتیەیان دەخستە ئەستۆی كێ؟

**تۆمەتبار:** كە لەئەستەنبووڵ بووم‌و لەڕێی رۆژنامەوە بۆم روون بووەوە كێ بەرپرسە.

**سەرۆك:** پێشتر دەتزانی كێ بەرپرسە لەئەنجامدانی ئەو قەسابخانانە، یان لەماڵی خۆتان كێیان بەلێپرسراو دەزانی؟

**تۆمەتبار:** هیچ زانیاریەكم لەوبارەوە نەبوو.

**سەرۆك:** كەی باوەڕت هێنا كە تەڵعەت پاشا لێپرسراوە؟

**تۆمەتبار:** كە لەئەستەنبووڵ بووم، لەڕێی رۆژنامەكانەوە ئەوەم بۆ روون بووەوە.

**سەرۆك:** ئایا ئەوسا هیچت دەزانی دەربارەی ئەو شوێنەی تەڵعەت پاشای لێیە؟

**تۆمەتبار:** كە لەئەستەنبووڵ بووم نەمدەزانی. وامدەزانی لەئەستەنبووڵ دەژی‌و خۆی شاردۆتەوە.

**سەرۆك:** لەوكاتەدا بیری تۆڵەسەندنەوەت لەم پیاوە بەبیردا هات، كە وەك خۆت دەڵێیت هۆی ئەو چارەنووسە خەمناكەیە كە خێزانەكەت تووشی بوو؟

**تۆمەتبار:** نا.

**سەرۆك:** رەنگە وا باش بێ ئێستا بڕیاری گفتوگۆ وەك خاڵێكی داهاتوو بخوێنینەوە.

**پاریزەر فون گوردون:** دەمەوێت پرسیار لەتۆمەتبار بكەم، ئایا لەڕۆژنامەكاندا كە ئەو خوێندنیەوە، هیچی نەخوێندەوە دەربارەی سەپاندنی حوكمی ئیعدام بەسەر تەڵعەت پاشادا لەلایەن دادگای جەنگ لەئەستەنبووڵ بەهۆی ئەو كارەساتانەوە؟

**تۆمـەتبار:** ئـەوەم لەڕۆژنامـەدا خوێنـدەوە، لەئەسـتەنبووڵیش بـووم کـە ((کەمال))، کە یەکێك بوو لەوانـەی بەرپرسـی ئـەو قەسـابخانانە بـوو، ئیعـدام کرا.ڕۆژنامەکان ئەوسا بڵاویان کردەوە کـە تەڵعـەتو ئـەنوەر پاشـاش حـوکمی ئیعدام دراون.

**بەرگریکەر فۆن گوردون:** ژمارەی دانیشتوانی ئەرمەن لەشـاری ئارزینجیـان چەندبوو؟

**تۆمەتبار:** نزیکەی (٢٠) هەزار.

**بەرگریکەر فۆن گوردون:** ئایـا لەسـەرەتای حوزەیرانـدا فـەرمان یـان بڕیـار دەرچوو بەپێویستی ڕاگوێزانی هەندێ ئەرمەنی بەچـەند کاروانێـك کـە هـەر کاروانێك پێنج یان شەش ڕیز بێت؟

**تۆمەتبار:** ئەو فەرمانە دەرچوو.

**داواکـاری گشـتی:** ئایـا دەزانـی کـێ ئـەو بڕیـارەی دەرکـرد؟ ئایـا لەلایـەن والییەوە دەرچووبوو، یان بەڕێوەبردنی سەربازییەوە؟

**بەرگریکەر فۆن گوردوون:** ئەوسا حاڵەتی گەمارۆ هەبوو؟

**تۆمەتبار:** دەیانگوت فەرمانەکە لەئەستەنبووڵەوە هاتبوو.

**بەرگریکـەر فـۆن گـوردوون:** درێـژی کاروانەکـە چـەند بـوو؟ بەدرێـژایی سەعاتێك؟

**تۆمەتبار:** نازانم، ڕەنگە بەدرێژایی پێنج سەعات.

**سەرۆك:** ئایا هەموو دانیشتوانی شـاریان دەرکـردو ڕاگـوێزا. کـە گەڕایتـەوە شاری ئارزینجیان تەنها دوو خێزانو چەند کەسێکت تیادی؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**بەرگریکەر نیمایر:** تکادەکەم پرسیار لەتۆمەتبار بکرێ ئایا دەزانێ کە ئەرمەنییەکان لەشۆڕشی ساڵی (١٩٠٨) دا لەگەڵ کۆمەڵی (ئیتیحادو تەرەقی)و بەتایبەتیش لەگەڵ تەڵعەت پاشاو ئەنوەر پاشا، بەشدارییان کردو ئاواتێکی نەتەوەیی زۆریان بەو شۆڕشە هەبوو، بەڵام تووشی بێ ئومێدییەکی جەرگبڕ بوون کاتێ کە کۆمەڵی (ئیتیحادو تەرەقی) خراپتر لەسوڵتان عەبدولحەمید رەفتاریان لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا کرد؟

**تۆمەتبار:** ساڵی (١٩٠٨) لەوە منالتر بووم لەم کاروبارانە تێبگەم. بەڵام کە گەورە بوومو کەمێك زیاتر درکم بەشتەکان کرد، پێیان گوتم کە ئەرمەنییەکان هاوکاریی کۆمەڵی (ئیتیحادو تەرەقی)یان کردبوو، لەدواییدا تووشی نائومێدییەکی گەورەهاتن، کە قەسابخانەکە جارێکی دیکە ساڵی (١٩٠٩) لە ئەدەنە روویدا، (٤٠) هەزار کەسی تێدا لەناوچوون.

**سەرۆك:** کەواتە حەزدەکەم بڕیاری کردنەوە بخوێنرێتەوە.

**نووسەری دادگا:** (بڕیاری کردنەوە دەخوێنێتەوە) داوا دژی تۆمەتبار قوتابیی میکانیك کەناوی سۆگۆمۆن تهلیریانەو لەشارلوتنبورگ جادەی هاردنبرگ(٣٧) و لەخانووی خانم دیتمان نیشتەجێیە، تۆمار دەکرێت، کە ئێستا بۆ لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا لە (١٦) ئاداری (١٩٢١) ەوە گیراوە، کە لە (٢) ی نیسانی ساڵی (١٨٩٧) لەباکاریچی لەتورکیا لەدایك بووەو رەگەزنامەی تورکیی هەیەو سەر بە کەنیسەی ئەرمەنی پرۆتستانتییە.تۆمەتبار لەڕۆژی (١٥) ی ئاداری (١٩٢١) لەشارلوتنبورگ سەرۆك وەزیران تەڵعەت پاشای بەئەنقەست کوشتووەو کوشتنەکەش پێشوەخت بڕیاری بۆ دراوە. تاوانەکە بەپێی مادده (٢١١)ی کتێبی یاسای سزاکانە. گرتنەکەی، لەبەر ئەو هۆیانەی پێشوو، بەمەبەستی لێکۆڵینەوە درێژەی دەبێ.

**بەرلین (١٦) ی نیسانی (١٩٢١)**

**دادگای هەرێمی (٣) فەرمانگەی کەتن**

**سەرۆك (بۆ وەرگێڕ): ئاگاداری تۆمەتبار بکە کە بڕیاری کردنەوە بەرپرسیارێتیی کوشتنی تەڵعەت پاشا، کە پێشوەخت بڕیاری لەسەر دابوو، دەخاتە ئەستۆی.**

**تۆمەتبار: (بێدەنگە).**

**سەرۆك: ئەگەر لەسەرت بێ وەڵامی ئەم تاوانبارکردنە بە ئا یان نا بدەیتەوە، ئەوسا کامیان هەڵدەبژێری؟**

**تۆمەتبار: نا.**

**سەرۆك: لەبۆنەکانی پێشوودا بەجۆرێکی جیاواز لەئێستا رەفتارت کرد. خۆت دانت پێدانا کە ئەو ئیشەت کردووەو پێشوەختیش بڕیارت لەسەرداوە؟**

**تۆمەتبار: کەی من وام گوت؟**

**سەرۆك: دەتەوێ ئەمڕۆ بڵێیت قسەی وات نەگوتووە؟ دەمانەوێ ئێستا بگەڕێینەوە بۆ ئەوەی لەپاریس روویدا. تۆ لەبۆنەو کاتی جیاجیادا دانت بەوەدا ناوە، کە بڕیارت داوە تەڵعەت پاشا بکوژی.**

**بەرگریکەر ڤۆن گۆردون: تکادەکەم پرسیار لەتۆمەتبار بکرێ هۆی چییە کە خۆی بەتاوانبار نازانێ؟**

**سەرۆك: پرسیارەکەی لە تۆمەتبار کرد.**

**تۆمەتبار: خۆم بەتاوانبار نازانم، چونکە ویژدانم ئاسودەیە.**

**سەرۆك: هۆی ئاسوودەیی ویژدانت چییە؟**

**تۆمەتبار: مرۆڤێکم کوشت، بەڵام من بکوژ نەبووم.**

سەرۆك: گوتت هەست بەئازاری ویژدان ناكەیت؟ ئایا ویژدانت پاكژە؟ ئایا لۆمەی خۆت ناكەی؟ بەلاٌم دەشبێ پرسیارت لەخۆت كردبێ ئایا ویستت تەلعەت پاشا بكوژی؟

تۆمەتبار: لەپرسیارەكە نەگەیشتم، بەلاٌم من كوشتم.

سەرۆك: ئایا پلانت دانابوو؟

تۆمەتبار: هیچ پلانێكم نەبوو.

سەرۆك: كەی ئەو بیرۆكەیە لەناختدا سەری هەلٌدا؟

تۆمەتبار: پێش رووداوەكە بەدوو هەفتە هەستم كرد حالٌم خراپە. وێنەكانی قەسابخانەكان دووبارە هاتنەوە پێش چاوم. تەرمی دایكمم بینی، تەرمەكە هەلٌساو لێم هاتەپێشو پێی گوتم: تۆ بینیت تەلعەت لێرەیەو هیچ گوێت بەمە نەدا؟ تۆ چیتر كوڕی من نیت.

سەرۆك: (ئەوە بۆ سوێندخۆران دووبارە دەكاتەوە) ئەی دوایی چیت كرد؟

تۆمەتبار: لەپڕ بەئاگا هاتمەوە، بڕیارم دا كابرا بكوژم.

سەرۆك: كە لەپاریسو لەجنێڤ بویت، كە هاتیتە بەرلینیش، ئایا هێشتا ئەو بڕیارەت نەدابوو؟

تۆمەتبار: هێشتا بڕیارم نەدابوو.

سەرۆك: ئایا بەهیچ شێوەیەك دەتزانی تەلعەت پاشا لەبەرلین دەژی؟

تۆمەتبار: نا.

سەرۆك: ئایا هەموو سالٌی (١٩٢٠) ت لەپاریس بردەسەر؟

تۆمەتبار: بەلٌێ.

سەرۆك: لەوێ چیت كرد؟ ئایا فێری زمانی فەرەنسی بوویت؟

تۆمەتبار: بەلٌێ.

سەرۆك: ئەی جگە لەوە؟ ئایا هیچ لقێکی تەکنیکیشت خوێند؟

تۆمەتبار: نەخێر، هیچ چالاکییەکی دیکەم نەبوو.

سەرۆك: بەڵام تۆ پلانت دانابوو بۆ خوێندنی ئەمجۆرە لقە لەبەرلین؟

تۆمەتبار: بەڵێ.

سەرۆك: "جنێڤ" ت بۆ ئەوەبوو تا بتوانی بەئاسانی بێیتە بەرلین؟

تۆمەتبار: ویستیشم بۆ جارێك جنێڤ ببینم.

سەرۆك: لەپاریس بوویت لەگەڵ ئەرمەنییەکی دیکە، بۆمان باس بکە چۆن گەیشتیتە جنێڤو دوای ئەوێش بەرلین؟

تۆمەتبار: کەویستم بچم بۆ جنێڤ، دەبایە لە نوێنەرایەتیی کونسولگەری سویسری ڤیزە وەربگرم، لەوێ چاوم بەکەسێك کەوت، کە ژورێکی لەجنێڤ هەبوو رەگەزنامەی سویسریشی هەبوو، بەڵام ئەرمەنی بوو. لێم پرسی چۆن ئەتوانم ڤیزە وەربگرم؟ پێی گوتم بۆ ئەوەی ڤیزەت دەستکەوێ، باشترە ژورەکەی من لەجنێڤ بەکرێ بگری، چونکە ئەو خۆی دەیەوێ بڕوا بۆ ئەرمینیا. منیش وامکرد. تەزکیەم لەخاوەنماڵەکەی وەرگرتو ئەم تەزکیەیەم بەکارهێنا. بەو جۆرە لەپاریسەوە رۆژی (٢١)ی تشرینی دووەم چوومە جنێڤ. ماوەیەکی کەم لەجنێڤ مامەوە، پاشان لەسەرەتای کانوونی یەکەمی (١٩٢٠) هاتمە بەرلین.

سەرۆك: ئەو رێوشوێنانە چیبوون، کە دەبایە پەیڕەویان بکەی بۆ ئەوەی بگەیتە ئێرە؟

تۆمەتبار: ڤیزەم وەرگرتو پاسەپۆرتەکەم مۆرکرا.

سەرۆك: لەپێشدا بۆ ماوەیەکی کەم رێت پێدرا بمێنیتەوە؟

تۆمەتبار: سەرەتا تەنها هەشت رۆژ.

**سەرۆك:** كە هاتیتە بەرلین بۆ كوێ چویت؟

**بەرگریكەر نیمایر:** ئایا ڕێم پێدەدرێ پرسیارێك لە تۆمەتبار بكەم دەربارەی باری كەسیەتی گشتیی؟ ئایا دەزانی كامە ڕەگەزنامەت هەیە؟ بەتایبەتی لەڕۆژی (١٥) ی ئاداردا؟ ئایا دەزانی تەلعەت پاشا چ ڕەگەزنامەیەكی هەیە؟ ئایا دەزانی توركیا لەشوباتی (١٩٢١) ەوە لەحاڵەتی جەنگدایە دژ بە كۆماری ئەرمینیاو ئەم حاڵەتی جەنگەش لەماوەی نێوان (١) ی ئادار تا (١) ی نیساندا زۆر تەشەنەی سەند؟ بەڕادەیەك بەرەی ئەم جەنگە بەدرێژایی (١٢٠) كیلۆمەتربوو.

**تۆمەتبار:** بەڵێ، ئەوە ئەزانم.

**سەرۆك:** لەكوێوە ئەوەت زانی؟

**تۆمەتبار:** ڕۆژنامەكان دەربارەی جەنگیان دەنووسی.

**سەرۆك:** فراوانبوونی حاڵەتی جەنگ لەنێوان ئەرمینیاو توركیا لەسەرەتای (١)ی ئادارەوە دەستی پێكرد. تاوانەكە لە (١٥) ی ئادار‌دا ڕوویدا. ئایا ئەمەت لەڕۆژنامەكاندا خوێندەوە؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ، لەڕۆژنامەكاندا خوێندمەوە.

**سەرۆك:** لەكەیەوە بەگشتی جەنگ بەرپایە؟

**تۆمەتبار:** لەكۆتایی (١٩١٩) ەوە، تەنانەت توركەكان گەیشتنە تفلیس.

**سەرۆك:** مەبەستم ئەوەیە ئایا بەدوای ئەوەدا جاڕی جەنگ بەڕەسمی درا؟

**بەرگریكەر نیمایر:** بەتەواوەتی.

**سەرۆك:** كەواتە لە (١) ئادارەوە بەلشەفیەكانو كۆمەڵی (ئیتیحادو تەرەقی) شان بەشان لەجەنگدان دژی ئەرمینیا؟ ئەی تۆمەتبار ئایا دەزانی كە ئەنوەر پاشا لەمۆسكۆوە پشتگیری ئەم هێرشەی بەلشەفیو توركەكانی دژی

ئـەرمینیا کـرد، هـەر خۆشـی بـەجۆرێك لـەجۆرەکان لـەڕووی مەیدانییـەوە جەنگەکە دەگێڕیێ؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ ئەوەش دەزانم.

**شارەزای راوێژکار لیبمان:** تکادەکەم پرسیاربکرێ ئایا دایکی لەخەونەکانیدا دێتەبەرچاوی، یان لەوکاتەدا کە بەتەواوی بەئاگایە؟

**سەرۆك:** دوایی دێمەوە سەر ئەم خاڵە. کەواتـە سـەرەتا مـاوەی مانەوەکـەت تەنیا هەشـت رۆژ بـوو، ئایـا دوای ئـەوە ڤیـزەی نیشـتەجێبوونی هەمیشـەییت بەدەستهێنا؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ داواکاریم پێشکەش کرد.

**سـەرۆك:** کەواتـە دوای ئـەوە لەسـەرەتای کـانونی دووەمـەوە لـەجادەی ئۆگەسبۆرگ (١٥) دا نیشتەجێبوویت؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ لەکانوونی یەکەمدا.

**سـەرۆك:** نیشـتەجێبوونت لەسـەرەتای کـانوونی دووەمـدا تۆمـارکراوە، هاووڵاتت ئابیلیان لەگەڵتدا دەژیا؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** دوایی ماڵەکەت گواستەوە؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** کەی ئەمە روویدا؟

**تۆمەتبار:** نزیکەی پێش دوو هەفتە.

**سەرۆك:** لەڕۆژی (٥) ی ئادارەوە چوویتە شوققەی خاتو دیتمان. بۆچی؟

**تۆمەتبار:** کە دایکم هاتە پـێش چـاوم، ئەوکاتـە بڕیارمـدا تەڵعـەت بکـوژم. بۆیە ماڵەکەم گواستەوە.

**سەرۆك:** دەكرێ بڵێین تۆ خۆت بۆ تاوانەكە سازدەدا؟

**تۆمەتبار:** كە دایكم ئەم داوایەی لێكردم، رۆژی دواتر لەدڵی خۆمدا گوتم دەبێ بیكوژم.

**سەرۆك:** ئیتر لەوساتەوە ویستت ئەو بیرۆكەیە بكەی بەكردار؟

**تۆمەتبار:** كە گواستمەوە ماڵە تازەكەم، دیسانو تاڕادەیەك ئەوەم لەبیر چوو كە دایكم پێیگوتبووم.

**سەرۆك:** لەبیرت كرد؟

**وەرگێڕ زاخاریانتس:** ناكرێ ئەمە وەربگێڕدرێ، دەكری بگوترێ چاوی لێپۆشی یان وازی لەبیرۆكەكە هێنا.

**سەرۆك:** لەو بڕوایەدا بووم كە تۆ چویتە ماڵە تازەكەت، لەبەرئەوە بوو كە دایكت تۆی بەبێباك دانابوو .

**تۆمەتبار:** زەینم ئاڵۆز بوو، بەخۆمم گووت، من ئەوەنیم مرۆڤێك بكوژم.

**سەرۆك:** بەتەواوی لەمە تێناگەم، پێش چەندساتێك لەوەڵامەكەتدا گوتت كەلەو رۆژەوە بڕیارتدا ماڵەكەت بگوازیتەوە بۆ نیشتەجێبوون لەجادەی هاردنبرگ، كەواتە بەڵێ تۆ دەتزانی بەرانبەر ماڵی تەڵعەت پاشا نیشتەجێیت؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** كەواتە ویستت نزیك بیت لێیەوە؟

**تۆمەتبار:** كە دایكم ئەوەی پێگوتم.

**سەرۆك:** لێرەدا بڕیارێكتدا، ئەو بڕیارە چی بوو؟

**تۆمەتبار:** كە دەیكوژم.

**سەرۆك:** ئێستا پێم بڵێ، ئایا ئەمە راستە، تۆ پێش ئەم كاتە بۆت دەركەوتبوو كە تەڵعەت پاشا لە بەرلینە؟

تۆمەتبار: بەڵێ، پێش پێنج هەفتە چاوم پێی کەوت.

سەرۆك: لەکوێ؟

تۆمەتبار: لەگەڵ دوو پیاوی دیکەدا لەنزیك باخچەی ئاژەڵان دەڕۆیشت، گوێم لێ بوو یەکێك لەنزیکمەوە بەتورکی قسە دەکا، پیاوێکیش بەوشەی (پاشا) قسەی لەگەڵ دەکرێت، ئاوڕی دواوەم دایەوە، بینیم ئەو مرۆڤە تەڵعەت پاشایە. دوای کەوتم تا گەیشتمە سینەمایەك، بینیم لەبەردەرگای سینەماکە یەکێك لەپیاوەکان دەستی تەڵعەتی ماچکردو بەپاشا دەیدواندو پاشان ڕۆیشت، دووانەکەی دیکە چوونە نێوماڵێکەوە.

سەرۆك: ئایا بیرۆکەی کوشتنی تەڵعەت لەکاتی ناسینەکەدا ـ ئەگەر بشێ وا بگوترێ ـ لەناختدا سەریهەڵدا ؟

تۆمەتبار: ئەو بیرۆکەیە لەناخمدا دەرنەکەوت، تەنها هەستێکی خراپم لادروست بوو، کەچوومە نێو سینەماکەوە، هەموو وێنەکانی قەسابخانەکان بەبەرچاومدا تێدەپەڕین، بۆیە سینەماکەم جێ هێشتو گەڕامەوە ماڵەوە.

سەرۆك: ئەمە پێش (٤ـ٥) هەفتە لەگواستنەوەت بۆ جادەی هاردنبرگ روویدا وەك ئەمڕۆ گوتت؟

تۆمەتبار: بەڵێ.

سەرۆك: کەواتە ڕاست نیە کە تۆ پێش ئەوسا زانیوتە تەڵعەت پاشا لەبەرلین نیشتەجێیە؟

تۆمەتبار: نەخێر.

سەرۆك: بۆیە ئەو پرسیارەم کرد چونکە تۆمەتبار لەیەکێ لەکۆنووسەکاندا پێشتر گوتبووی، دەیویست لەبەرلین بخوێنێ، جگە لەوەش

بیستبووی کـه تەڵعـەت لەبـەرلین نیشـتەجێیە، هـەر لەبەرئـەم هۆیـەش هاتـە بەرلین.

**بەرگریکەر ڤۆن گۆردون:** ئەوەی ئەمڕۆ دەیڵێ، لەگەڵ ئەوەی کە لەدواییـدا دانی پێدانا ڕێکە، کەپێش ڕووداوەکە بە دوو هەفتە، لەڕێی دەرکەوتنی گیانی دایکییەوە، لەناخیدا بڕیاری کوشـتنی تەڵعـەت پاشا سـەری هەڵدا، لەدوایشـدا هـەروای گـوت کـە ئـەم بۆنەیـە بۆتـە هـۆی ئـەوەی ماڵەکـەی بگوازێتـەوە هاردنبورگ.

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سـەرۆك:** ئایـا لەوکاتـەوە خـۆت ئامـادەکرد بـۆ چـاودێریکردنی جووڵـەو ڕەفتاری تەڵعەت پاشا؟

**تۆمەتبار:** نەخێر. کە چوومە ماڵە تازەکـەم، دەمویسـت کاروبـاری ئاسـایی خۆم بکەم.

**سەرۆك:** کەواتە ئامادەبوویت بەدوای کاروباری ئاسایی خۆتدا بڕۆیـت وەك بەردەوامبوون لە خوێندن لای خانم بایلنسونو شتی لەو بابەتە؟

**تۆمـەتبار:** سـەرەتا هەوڵمـدا دەسـت بەخوێنـدن بکەمـەوە، کـە چـوومە سەردانی پرۆفیسۆر کاسیرەر، حاڵم زۆر خراپ بـوو، هەسـتم بـەلاوازی دەکـرد، نەمـدەتوانی زۆر ئـیش بکـەم، بۆیـە بـەخانم بایلنسـونم گـوت بـەم حاڵـەی ئێستامەوە ناتوانم بخوێنم، پێویستم بەماوەیەکی پشوو هەیە. بـەم دواییـەش هیچم نەخوێند.

**سەرۆك:** ئایا بەردەوام بوویت لەژیانی ئاسایی خۆتو لەپەیوەندیت لەگەڵ هاووڵاتیانت تا (١٥) ی ئادار؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

سەرۆك: ئایا دەرکەوتنی دایکت زۆر دووبارە بووەوە؟

تۆمەتبار: وێنەکانی قەسابخانەکانەکە لەبەرچاوم دووبارە دەبوونەوە، بەڵام دەرکەوتنی دایکم تا ئەو رادەیە نەبوو.

سەرۆك: لەچ کاتێکدا دەهاتە پێش چاوت؟ بەرِۆژ؟

تۆمەتبار: نا، بەشەو.

سەرۆك: ئەو هۆیانە چی بوون کە ئەوکاتە وایان لێکردیت بچیت سەردانی پرۆفیسۆر کاسیرەر بکەیت؟

تۆمەتبار: هەستم کرد نەخۆشم.

سەرۆك: لێرە لەبەرلینیش دیسانەوە جارێك فێت لێهاتەوە، وانیە؟

تۆمەتبار: چەند جارێك.

سەرۆك: یەکەمجار کەی بوو؟

تۆمەتبار: ناتوانم بەتەواوی ئەوە دیاری بکەم.

سەرۆك: ئەو جارەی کە فەرمانبەری بانکەکە هەڵیسانیتو لەجادەی قودسەوە تا ماڵەوە لەگەڵت هات، کەی بوو؟

تۆمەتبار: ئەوە یەکەمجاری فێ لێهاتنم بوو لەبەرلین.

سەرۆك: ئەوسا هێشتا لەشوقەکەی جادەی ئۆگۆسبورگ نیشتەجێبوویت؟

تۆمەتبار: بەڵێ.

سەرۆك: چۆن یەکەم (فێ)ت لێهات؟

تۆمەتبار: لەجادەی قودس دەرِۆیشتم، نازانم لەبەردەرگاکە کەوتم یان لەجادەکە. کە بەئاگا هاتمەوە، خەڵکی جۆراوجۆرم بینی دەوریان دابووم، یەکێکیان دەرمانی دامێ، یەکێ لەفەرمانبەرەکان لێی پرسیم لەکوێ

نیشتەجێم‌و لەگەڵم هات تا وێستگەی میترۆ. پاشان سواری شەمەندەفەرەکە بووم، کە گەیشتمەماڵەوە، دووبارە لەسەر قاڵدرمەکان کەوتم.

**سەرۆك:** بۆچی چوویت بۆلای پرۆفیسۆر کاسیرەر؟ لەبەر فێلێهاتنەکانت یان بەهۆی نەخۆشی دیکەوە؟

**تۆمەتبار:** بۆ چارەسەر.

**سەرۆك:** ئایا لەگەڵ ئابیلیانی هاووڵاتت باسی نەخۆشییەکەت کردو هەرئەویش رۆیشتنەکەتی بۆ لای پرۆفیسۆر کاسیرەر رێکخست؟ بەڵام ئێمە لەدواییدا کە ئیفادەی شایەتەکان وەردەگرین گوێ لەمەش دەگرین.

**بەرگریکەر ڤۆن گۆردون:** بەتەواوی لەوتێبینییەی کەپێش ماوەیەك باسکرا تێنەگەیشتم. ئایا ئەوەی من تێیگەیشتم راستە، کە تۆمەتبار دوای ئەوەی لەجادەی هاردنبرگ بەدوای شوقەیەکدا دەگەڕا بۆئەوەی بوو لەتەڵعەتەوە نزیك بێ، پاشان جارێکی دیکەو بۆ ماوەیەك وازی لەو بیرۆکەیە هێنایەوە (یان شتێکی لەم بابەتە کە وەرناگێڕدرێ)، چونکە ئەو بیریکردەوەو بەخۆی گوت: تۆ ناتوانی مرۆڤێك بکوژی؟ کەواتە بەیەك وشە: ئایا دوای دەرکەوتنی تارمایی دایکی ، بەهەمان هێز لەسەر ئەو بڕیارە مایەوە، یان بۆ ماوەیەك وازی لێهێناو خەریکی ئیش‌و کاری ئاسایی خۆی بوو، چونکە وەك خۆی بەخۆی گوت: تۆ ناتوانی مرۆڤ بکوژی؟

**سەرۆك:** ئاوای گوت: راڕایی لەبڕیارەکەیدا هەبوو.

**تۆمەتبار:** ئەم راڕاییە روویدا. هەرچەندە نەخۆش دەکەوتم، دەمویست وەسیەتەکەی دایکم بێنمەدی. کە جارێکی دیکە چاك دەبومەوە، بەخۆمم دەگوت: ناتوانی مرۆڤێ بکوژی.

**سەرۆك:** بەمجۆرە تۆمەتبار بەردەوام بوو لەئیشوكاری ئاسایی خۆیدا، بەلام ئـــەم ئیشـــانە تـــۆزێ بەلایـــەوە زەحمـــەتتربوون. هـــەروەها گۆڕانكـــاریش لەپەیوەندییەكانی لەگەڵ ناسیاوەكانیدا روویدا. ناسیاوەكان كێبوون؟

**تۆمەتبار:** تیرزیباشیانو ئیفتیانو كالودیانو ئابیلیان.

**سەرۆك:** (بۆ وەرگێڕ زاخاریانتس) جەنابیشت؟

**وەرگێڕ زاخاریانتس:** بەڵێ.

**سەرۆك:** كەواتە لەكانوونی دووەمەوە جگە لەخوێندن لای خـانم بایلنسـون چیی دیكەت كرد؟

**تۆمـــەتبار:** ســـەردانی خێزانـــە ئەرمەنیـــەكانم كـــرد، چـــوومە شـــانۆو ئاهەنگەكانی سەما.

**سەرۆك:** ئایا بەشداریشت لە خولی فێربوونی سەمادا كرد؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** كەی؟

**تۆمەتبار:** لەكانوونی دووەمەوە.

**سەرۆك:** ئایا ئەوە راستە كە لەكاتی یەكێ لەوانەكانی سەمادا فێت لێهات؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایـا راسـتە لـەكانوونی دووەمـیش فێـت لێهـات؟ ئایـا ئەمـە دووەم جاربوو، كە لەبانك گەڕایتەوە یان لەدواییدا بوو؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا جگە لەو دوو جـارەی لەوانـەی سـەماو لـەجادەدا فێـت لێهـات، جاری دیكە وات لێهاتەوە؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ، لەماڵەوە.

**سەرۆك:** تەنها لەماڵەوە، لە جادە، فێت لێنەهات؟

**تۆمەتبار:** نەخێر.

**سەرۆك:** چی دیکەت کرد؟

**تۆمەتبار:** سەردانی خێزانیی تیرزیباشیان، ئیفتیانو ئابیلیانم کرد.

**سەرۆك:** ئایا چویتە شانۆ؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ، بەڵام زۆربەی جار چوومە سینەما.

**سەرۆك:** رۆژانە چەند ئیشت دەکرد؟

**تۆمەتبار:** پێش نیوەڕۆ زمانم دەخوێند، چەند وانەیەکم لای خانم بایلنسۆنیش هەبوو.

**سەرۆك:** لەکوێ نانت دەخوارد؟

**تۆمەتبار:** لەچێشتخانەیەکی دیاریکراودا نانم نەدەخوارد.

**سەرۆك:** دوای نیوەڕوانیش وانەت هەبوو؟

**تۆمەتبار:** زۆربەی وانەکان دوای نیوەڕۆبوون.

**سەرۆك:** جگە لەوانەکانی زمان، خەریکی خوێندنی ئەندازەش بوویت؟

**تۆمەتبار:** نەخێر زۆربەی کات سەرقاڵی زمان خوێندن بووم.

**سەرۆك:** چ رۆژنامایەکت دەخوێندەوە؟

**تۆمەتبار:** رۆژنامەی ئەرمەنیم لای ئەرمەنییەکان دەبینیو دەمخوێندنەوە.

**سەرۆك:** ئەی جگە لەمانە، رۆژنامەی بیانی؟

**تۆمەتبار:** رۆژنامەیەك یان دووانی رووسی. ماڵەکەم گواستبووەوە بۆ خانووەکەی خانم دیتمان.

**سەرۆك:** جارێكی دیكە دەگەڕێینەوە ئادار. ئایا پێش ئەوسا پەیوەندیت لەگەڵ خانم شتلباوم، كە خاوەنی شوقەكەی پێشووت بوو، باش بوو؟

**تۆمەتبار:** پەیوەندیم لەگەڵیدا نایاب بوو.

**سەرۆك:** ئایا لەماڵی خانم دیتمان هەستت بەحەوانەوە دەكرد؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** چۆن شتەكان گەیشتنە تاوان؟

**تۆمەتبار:** چونكە دایكم داوای ئەوەی لێكردم، بیرم لەمەسەلەكە كردەوە، كە تەڵعەتیشم لە (١٥) ی ئاداردا بینی، ویستم...

**سەرۆك:** لەكوێ بینیت؟

**تۆمەتبار:** لەژوورەكەی خۆمدا دەهاتمو دەچوومو دەمخوێندەوە، "تەڵعەت" م بینی دەچێتە دەرەوە.

**سەرۆك:** تەڵعەتت بینی چووە دەرەوە؟

**تۆمەتبار:** سەرەتا لەبالكۆنی شوقەكەی خۆی بینیم، پاشان چووە دەرەوە، كەچووە دەرەوە دووبارە دایكمم بیركەوتەوە. كە ئەو پیاوەم بینی كە بۆتە هۆی كوژرانی براو خوشكەكانم جارێكی دیكە دایكمم بینی لەبەردەممدا بوو.

**سەرۆك:** خێزانەكەت بەخەیاڵتداهاتو بیرت لەوە كردەوە كە تەڵعەت هۆی كوشتنو خوێنڕشتنیان بوو، نەك هەر خوێنی ئەوان، بەڵكو خوێنی زۆر رۆڵەی دیكەی گەلەكەت. ئایا دەتزانی تەڵعەت پاشا دەچێتە دەرەوە؟

**تۆمەتبار:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئەی دوایی چیت كرد؟

**تۆمەتبار:** لەوكاتەی ئەو چووە دەرەوە، من دەمانچەكەم هەڵگرتو رامكرد بەدوایداو تەقەم لێكرد.

**سەرۆك:** دەمانچەكەت لەكوێ هەلگرتبوو؟

**تۆمەتبار:** لەجانتاكەم لەنێو جلەكانی ژێرەوەمدا.

**سەرۆك:** ئایا دەمانچەكە لەسەرپێ بوو؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**سەرۆك:** لەكەیەوە دەمانچەت هەبوو؟

**تۆمەتبار:** لەساڵی (١٩١٩) دا كە لە تفلیس بووم، كڕیمو لەگەڵ خۆمدا هێنام. ئەوسا بیستم، ئەگەر توركەكان گەڕانەوەو ئەڵمانەكان لەوێ نەبوون، جارێكی دیكە قەسابخانە رێكدەخەنەوە.

**سەرۆك:** كەواتە كە تەڵعەت پاشا چووەدەرەوە جارێكی دیكە ئەو خەیاڵەت بۆ هاتەوە؟

كە راتكرد بەرەو جانتاكە، ئایا بەپەلە ئەوەتكرد یان لەسەرخۆ؟

**تۆمەتبار:** ناتوانم بەتەواوی وەسفی ئەوە بكەم. كە بینیم، دایكم دوبارە هاتەوە بەرچاوم‌و یەكسەر دەرپەڕیمە دەرەوە.

**سەرۆك:** كە دەرپەڕیتە دەرەوە، ئایا تەڵعەت پاشات لەبەری ئەوبەری جادەكە دیت؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ لەبەری باخچەی ئاژەڵان.

**سەرۆك:** جادەی هاردنبرگت بڕیو لێی نزیكبوویتەوە؟

**تۆمەتبار:** لەسەر شۆستەكەی ئەوبەری جادەكە رۆیشتم تا گەیشتمە خاڵی هاوتەریبی ئەو، ئیتر لەجادەكە پەڕیمەوەو بەپەلە بۆ لای چووم.

**سەرۆك:** ئایا تەماشات كرد یان قسەت لەگەڵدا كرد؟

**تۆمەتبار:** قسەم لەگەڵی نەكرد، لەسەر شۆستەكە لێیتێپەڕ بووم، پاشان بەڕاستی تەقەم لێكرد.

سـەرۆك: ئایـا بەڕاسـتی لێیتێپـەڕبوویت؟ ئایـا لەپشـتەوە لەکاتێکـدا ئـەو لەپێشتەوە دەڕۆیشت تەقـەت لـێنەکرد؟ یـان لـەدواوە لێـی نزیـك بویتـەوە تـا گەیشتیتە تەنیشتیو پاشان لەدواوە تەقەت لێکرد؟

تۆمەتبار: کە گەیشتمە تەڵعەت پاشا، لەپشتیەوە بووم.

سەرۆك: ئایا لەپشتەوە تەقەت لێکرد؟

تۆمەتبار: بەڵێ.

سەرۆك: ئایا نات بەسەریەوە.

تۆمەتبار: زۆر لێینزیکبوومەوە.

سەرۆك: ئایا لولەکەت نا بەسەریەوە؟

تۆمەتبار: بەڵێ، بەتەواوی لێیمنزیککردەوە.

سەرۆك: ئەی دوایی چی روویدا؟

تۆمـەتبار: ئەوەنـدە ئـەزانم ، تەڵعـەت پاشـا کـەوتو خـوێنم بینـی لـەدەمو چاویەوە دەردەچووو خـەڵکیش دەوریـان دایـن. نـاتوانم ئـەوە بـەڕێكو پێکـی وەسف بکەم.

سەرۆك: کەست نەبینی یاوەری تەڵعەت پاشا بێ؟

تۆمەتبار: نا، کەسم بەرچاو نەکەوت.

سەرۆك: ژنەکەشی؟

تۆمەتبار: نەخێر.

سەرۆك: دوای تاوانەکە چیت کرد؟

تۆمەتبار: نازانم دوای تاوانەکە چیم کرد.

سەرۆك: راتکرد، هەڵاتی. ئایا نازانی کە راتکرد؟

تۆمەتبار: نازانم رامکردبێ، ئەوەندە ئەزانم خوێنڕژاو خەڵك دەوریاندابن.

**سەرۆك:** كەواتە ئەوەت بینی، پاشان راتكرد؟

**تۆمەتبار:** كە خەڵكم بینی دەوریان داین، زانیم دەیانـەوێ لێمبـدەن، بۆیـە رامكرد.

**سەرۆك:** ئایا لەنزیك تەرمەكەوە تۆیان گرت، یـان سـەرەتا راتكـردو پاشـان تۆیان گرت؟

**تۆمەتبار:** نازانم ئەوە چۆن روویدا.

**سەرۆك:** لەوەدەچێ ماوەیەكی باش راتكردبێ تا گەیشتیتە جادەی فازانن.

**تۆمەتبار:** ئەوە نازانم.

**سەرۆك:** پێدەچێ دەمانچەكەت لەڕێگە فڕێدابێ؟

**تۆمەتبار:** ئەوە نازانم.

**سەرۆك:** كە تەڵعەت پاشا مرد، هەستت بەچی كرد؟ ئەوكاتە بـیرت لەچـی كردەوە؟

**تۆمەتبار:** راستەوخۆ دوای ئەوە نازانم.

**سەرۆك:** بەڵام دوای تێپەڕبوونی كەمێك دەبێ بۆت روون بووبێتـەوە چـی روویدا؟

**تۆمەتبار:** كە منیان راپێچ كرد بۆ پۆلیسخانە، لەوێ زانیم چی قەوماوە.

**سەرۆك:** چۆن بیرت لەوە كردەوە كە روویدا؟

**تۆمەتبار:** لەدڵەوە هەستم بەڕەزامەندی كرد.

**سەرۆك:** ئەی ئەمڕۆ؟

**تۆمەتبار:** ئەمڕۆش هەست بە رەزامەندی تەواو دەكەم لەوەی روویدا.

**سەرۆك:** بەڵام دەشزانی، كە هیچ كەسێك لەبارودۆخی سروشتیدا ناتوانێ ببێ بەقازی بەسەر خۆیەوە، دیسانەوە، تەنانەت ئەگەر زوڵمی زۆریشی لێكرابێت؟

**تۆمەتبار:** ئەوە نازانم، دایكم گوتی پێویستە لەسەرم تەڵعەت پاشا بكوژم، چونكە ئەو بەرپرسی قەسابخانەكە بوو، گیانیشم وا لێم گۆڕابوو بەڕادەیەك كە نەمدەزانی دەبێ تاوانی كوشتن نەكەم.

**سەرۆك:** بەڵام دەتزانی كە یاساكانی ئێمە كوشتن قەدەغە دەكا، كوشتنی مرۆڤ قەدەغە دەكا؟

**تۆمەتبار:** ئاگام لەیاسا نییە.

**سەرۆك:** ئایا لەئەرمینیا نەریتی تۆڵەسەندنەوە باوە؟

**تۆمەتبار:** نا.

**بەرگریكەر نیمایر:** تۆ باسی ئەوەتكرد كە خەڵكەكە لێیان دەدایتو برینداریان كردی، ئایا لەبیرت نیە لەوكاتەدا چیت گوت، وەك دەستەواژەی بەرگری لەخۆكردنبوو لەبەردەم جەماوەر؟

**سەرۆك:** بەمجۆرە وەسفی هەڵوێستەكەی كرد: ئەو راینەكرد، خوێنی بینی دەچۆڕاو خەڵك كۆبوونەوەو گرتیان. ئێستا ئایا وای بۆناچیت كەیەكێ لەو خەڵكەی تەماشایان دەكردو بەڕاكردن گەیشتنە شوێنی رووداوەكە، زۆریان لێ كردی قسەبكەی، یان خۆت لەخۆتەوە شتێكت گوت وەك ئەوەی داوای لێبووردن لەوەی كردووتە، لەیەكێ لەوخەڵكە بكەی، چونكە تۆیان گرتو لێیاندایت؟

**تۆمەتبار:** گوتم من بیانیم، ئەوەش كە كوشتومە هەر بیانییە، ئەڵمان كاریان چیە بەسەر ئەمەوە؟

**سەرۆك:** پێدەچێ تۆ گوتبێتت: كە دەزانی چیت كردووەو ئەمەش زیان بە ئەڵمانیا ناگەیەنێ؟

**تۆمەتبار:** (قسەكانی پێشووی دووبارە دەكاتەوە).

**بەرگریكەر نیمایر:** ئایا دەزانی ئەمە لە ئەڵمانیا سزای لەسەرە ؟ دەمەوێ روونكردنەوەیەك دەربارەی ئەم خاڵە بدەم.

**سەرۆك:** ئەو خاڵە روون كرایەوە. تۆمەتبار بەمەبەستی لێكۆڵینەوە تا ئێستا گیراوە. قسەكانی پێشووی لە ناوەرۆكدا لەگەڵ ئەو ئیفادەیەی ئەمڕۆ دای، لەهەموو خاڵەكاندا رێك وەكو یەكن.

**بەرگریكەر ڤۆن گوردون:** ئەو شوقەیەی تیایدا دەژیت لەجادەی هاردنبرگ (٣٧) چەند قاڵدرمە بەرزە؟ لەبەرانبەریشدا تەڵعەت پاشا لە جادەی هاردنبرگ (٤) نیشتەجێیە، نزیك رووی بیناكەو لەپشت جادەی شیللەر.

**تۆمەتبار:** لەو شوێنەی تیایدا نیشتەجێبووم، قاڵدرمە نەبوو.

**بەرگریكەر ڤۆن گوردون:** كەواتە لە (١٥) ی ئاداردا تەڵعەت پاشات بینی لەبیناكە چووە دەرەوە، دەمانچەكەت هەڵگرتو شەبقەكەت كردەسەرو بەپەلە بەپلیكانەكەدا دەرپەڕیتە سەر جادەكە. لێرەدا دەبێ تەڵعەت پاشا ماوەیەكی باش پێشت كەوتبێ. بەپێی زانیارییەكانم جادەی (كنیسبك) ی بڕیبوو؟

**تۆمەتبار:** من گوتم رامكرد تا پێی گەیشتم.

**بەرگریكەر ڤۆن گوردون:** لەم حاڵەتەدا دەبێ لەباخچەكەوە لەجادەی هاردنبرگ پەڕیبیتەوە، ئایا لەپێشیەوە بوویت؟

**سەرۆك:** ئەو دەربارەی ئەم خاڵەی پرسیارەكە بە نا وەڵامی دایەوە. ئەو لەپشتەوە هاتبوو.

**بەرگریکەر ڤۆن گوردون:** کەواتە تکادەکەم جارێکی دیکە لەتۆمەتبار پرسیار بکرێ.

**سەرۆك:** دەربارەی ئەم خاڵە جارێکی دیکە زانیاریمان بدەرێ.

**تۆمەتبار:** دوای تەڵعەت پاشا کەوتم، پێشی کەوتم، دوای ئەوەی لەمن تێپەڕی، تەقەم لێکرد.

**سەرۆك:** ئەمە تاڕادەیەك ناوریایی تۆبووە، چونکە لەوانەبوو تەڵعەت پاشا لەوحاڵەتەدا بتبینێ، لەوانەبوو گومان بکاو دەرك بەوەبکا، کەنەخشەیەك لەدژی ئەو هەیە، ئەمە تا رادەیەکی زۆر رەفتارێکی سەرەڕۆیانە بوو. ئەی، رەنگە لەدواوە، لەتەڵعەت نزیك نەبوویتەوە؟

**تۆمەتبار:** بیرم لەم شتە نەکردەوە.

**سەرۆك:** هێشتا دوو ئەگەر هەیە. یان پێشتر بەتەنیشت تەڵعەتدا تێپەڕیبیت، یان لەدواوە زۆر لێی نزیك بوویتەوە. تا ئێستا بەتەواوەتی روون نەبووەتەوە ئایا تەڵعەت پاشا لێت تێپەڕیوە؟

**بەرگریکەر ڤۆن گوردون:** من لەوەسفەکە بەمجۆرە تێگەیشتم: تەڵعەت تێپەڕی. تۆمەتبار هەمیشە شتەکەی بەم جۆرە وەسفکرد، ئایا پێش ئەوە دەموچاوی تەڵعەتت بینی؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ، کە هێشتا لەسەر شۆستەکەی دیکە بوومو پێش ئەوەی بپەڕمەوە ئەوبەرەی تەڵعەت لێوەی دەڕۆیشت.

**سەرۆك:** بابببینین دوایی شایەتەکان دەربارەی ئەم خاڵە چی دەڵێن.

**داواکاری گشتی:** تۆمەتبار پێشتر وەڵامی پرسیارێکی یەکێ لەبەرگریکەرەکانی دایەوە، گوتی دەیزانی تەڵعەت پاشا لەئەستەنبووڵ حوکمی ئیعدام دراوە. ئەمە راستە، ئەم حوکمە دراوە، بەڵام دەمەوێ سەرنج

بۆ ئەوە رابکێشم کە ئەمە کاتێ روویدا، کە حکومەتێکی دیکەی بەتەواوی جیاواز لە ئەستەنبووڵ حوکمی گرتە دەست، دوای ئەوەی تورکیا هەرەسیهێناو ئەستەنبوڵیش کەوتە ژێر رەحمەتی تۆپەکانی کەشتییە ئینگلیزییەکان، من نرخی ئەم حوکمی ئیعدامە بۆ دەستەی دادگا جێ دێڵم‌و دەمەوێ ئەم پرسیارە ئاراستەی تۆمەتبار بکرێ: ئەو گووتی تەرمی براکەی دۆزییەوە، ئایا براکەی ناشت؟

**تۆمەتبار:** نەخێر.

**سەرۆك:** تۆمەتبار رایکرد، چونکە لەبارودۆخێکی ترسناکدا بوو.

**داواکاری گشتی:** پاشان تۆمەتبار گوتی خراوەتە بەر چارەسەری نوژداری، ئایا هیچ شوێنەواری برین یان لێدان بەلەشیەوە هەیە؟

**تۆمەتبار:** هەڵبەت.

**داواکاری گشتی:** تکادەکەم لەدواییدا ڕاستیی ئەم قسەیە جەختی لەسەر بکرێتەوە. هەروەها تکادەکەم پرسیار لە تۆمەتبار بکرێ چۆن یەکسەر زانیی کە ئەوکەسە تەڵعەت پاشایە، ئایا پێشتر دیبووی یان پشتی بەوێنە بەستبوو؟

**تۆمەتبار:** نەخێر نەمدیبوو، بەهۆی وێنەکانی ناو ڕۆژنامەکان ناسیمەوە.

**داواکاری گشتی:** گوترا قەسابخانەکە لەئارزینجیان روویدا، بەڵام من زانیاریم دەستکەوتووە کە دەڵێ کاروانەکە ئەرزینجیانی بەجێهێشت لەیەکێ لەدۆڵەکانی ناوچە شاخاوییەکاندا دزە کوردەکان هێرشیان کردەسەری. بەگوێرەی سەرچاوەکانی من جەندرمەکانی تورکیش کوژراون. تکادەکەم پرسیار لەتۆمەتبار بکرێ ئایا دزە کوردەکان ئەوکارەیان کردووە؟

**تۆمەتبار:** بەمنیان گوت کە جەندرمەی تورك تەقەیان کرد.

**بەرگریکەر نیمایر:** وەك بزانم، لەدواییدا ئەم چیرۆکەی دزە کوردەکان روون دەبێتەوە.

**داواکاری گشتی:** ئەوەی سەرنجی راکێشام، تەنیا ئەوە بوو کە تۆمەتبار وابەپەلە ماڵێکی لەجادەی هاردنبرگ دەسکەوت.

**بەرگریکەر نیمایر:** ئەوەی ئەو مەسەلەیەی پەیوەست بە کوردەکانەوە هەیە روون دەکاتەوە، من وای بۆ دەچم کە هۆی ئەوە دەگەڕێتەوە بۆ شێوازی بنەڕەتی قەسابخانە تورکیەکان، ئەویش بریتیە لە بەکارهێنانی دوژمنە سەرسەختەکانی ئەرمەن، کە جەندرمە کوردە شاخنشینەکانی نێو وڵاتن، بۆ پاسەوانیی ئەرمەنەکان.

**تۆمەتبار:** کورد هەمە چەشنەن، هەندێکیان دژی ئەرمەنن، هەندێکیشیان خەڵکانێکی باشن لەگەڵ ئەرمەندا.

**بەرگریکەر نیمایر:** تۆمەتبار روونی کردەوە کە کوردەکان داڵدەیاندا، کەواتە کوردی باشو کوردی خراپیش هەیە، هەروەها لەمەش زیاتر ئەوە روون دەبێتەوە کە تۆمەتبار ئەوەی باسکرد چۆن کورد زۆر باش رەفتاریان لەگەڵدا کردو یارمەتییاندا، بەڵام کوردیش هەیە هاوپەیمانە لەگەڵ حکومەتدا.

**تۆمەتبار:** ئەمانیش کەم نین.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** کە باوکت مرد، تەمەنت چەندبوو؟

**تۆمەتبار:** تەمەنی باوکم پەنجاو پێنج ساڵ بوو. دایکیشم (٥٢-٥٣) ساڵ، براکانم (٢٢، ٢٨) ساڵ، خوشکەکانم نزیکەی (٢٦، ٢٧) ، یەکێکیشیان تەمەنی (١٦,٥) و ئەوی تریان (١٥) ساڵ.

**بەرگریکـەر فیرتهـاور:** ئایـا خوشـکە شوکردووەکەشـت، خـۆیو منـاڵو مێردەکەی لەگەڵتان هاتن؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ لەگەڵمان بوو، بەڵام تۆزێ لێمانەوە دووربوو.

**بەرگریکـەر فیرتهـاور:** ئـەمڕۆ تۆمـەتبار دەڵـێ، جگـە لـە براکـەی کەسـی خێزانەکـەی بـەمردوویی نـەدی، بـەڵام پێشـتر شـتێکی جیـاوازتری پێگـوتم، لەوانەشە ئێمە بەباشی لێی تێنەگەیشتبین. من حەزدەکەم پرسیاربکەم، ئایا خوشکەکەی دی لەناو گژوگیاکاندا لەبەرچاو ون ببێو لەدواییـدا بگەڕێتـەوە لایان؟

**تۆمـەتبار:** دایکمـم بینـی کەکـەوت، براکـەمم بینـی مردبـوو، تەرمـەکانی دیکەشم بینی. کەڕۆیشتم نەمتوانی هەموو شتێ دیاری بکەم.

بەرگریکـەر فیرتهـاور: لـە ئـەرزینجیان (٢٠) هـەزار مەسـیحی ئەرمـەنی دەژیان، کێیتر لێینیشتەجێبوو، چەند کوردو تورك؟

**تۆمەتبار:** جگە لەوە لە ئەرزینجیاندا (٢٥ـ ٣٠) هەزار تورك هەبوون.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** ئایا دەستدرێژی کرایە سـەر ئەرمـەنو داوایـان لێکـرا ماڵەکانیان چۆڵ بکـەن، یـان بـە زارەکـی ئـەوە بڵاوکرایـەوە؟ یـان چۆن (٢٠) هەزار ئەرمەنی لەم ماوە کورتەدا ئاگادارکرانەوە؟ دەبێ کارەکـە تـەنیا لەیـەك بەیانیـدا کرابێـت. پـێش ماوەیـەکی کـەم واتێگەیشـتم کـە فەرمانەکـە بەیانییەکیان هاتو داوایان لێکرا شارەکە لە ئەرمەن چۆڵ بکرێ. چۆن توانرا ئەمە بکرێ؟

**تۆمـەتبار:** هـەموو خەڵکەکـە لـەناو شـارو لەدەوروبـەری شـار کۆکرانـەوەو راگوێزران، ئەوانەی لەشاردا مانەوە، دواتر راگوێزران.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** ئایا دەنگی دەهۆڵت لەبیرە کە بۆ کۆکردنەوەی خەڵك لێدەدرا، یان هەر دەنگێکی دیکەی بانگکردن؟ یان ئیشەکە بەشێوەیەك و جۆرێکی دیکە کرا؟

**تۆمەتبار:** گوێم لەدەنگی یەکێك بوو، کە بانگی خەڵکی دەکرد دەبێ شار چۆڵ بکەن.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** ئایا ئەوە فەرمانێکی حکومی بوو ؟

**تۆمەتبار:** بانگخواز جاڕیدەدا ئەوە فەرمانێکە لە تەڵعەت پاشاوەو لەئەستەنبوڵەوە هاتووە.

**سەرۆك:** ئایا ئەوسا ئەوەشیان گووت کە ئەو فەرمانە لە تەڵعەت پاشاوە دەرچووە؟

**تۆمەتبار:** وەك دەمگۆ ئەوە دەگوترا.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** تکادەکەم پرسیار لە تۆمەتبار بکرێ، ئایا ئەو کاتەی ئەو لەئەرزینجیان بوو، قوتابخانەکان لەمانگی شوباتدا تا مانگی ئایار دادەخران؟

**سەرۆك:** تۆمەتبار گوتی قوتابخانەکان مانگێك پێش ئەم مێژووە داخرابوون.

**تۆمەتبار:** (٢ـ ٣) مانگ پێشتر.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** تکادەکەم پرسیاری لێبکرێ ئایا ئەو پارەیەی تۆمەتبار دۆزییەوە زێڕین بوو، پارەی زێڕین بوو؟

**تۆمەتبار:** پارەی زێڕین بوو.

**سەرۆك:** ئایا تا ئێستا بەشی کردی؟ ئایا بەو پارەیە دەژیایت؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** (٤٨٠٠) لیرەی تورکی بوو. هەر لیرەیەك نزیکەی بەرامبەر (٢٠) پارچە مارکی زێڕینە.

**سەرۆك:** تائێستا بەوە ژیاوی؟

**تۆمەتبار:** بەڵێ.

**بەرگریکەر ڤۆن گۆردون:** کە خوشکەکەتیان برد ئایا گوێت لێ بوو هاواربکاو بگری؟

**تۆمەتبار:** گوێم لێ بوو هاواری دەکرد، دایکیشم بینیی، لێم نزیکبووەوەو هاواری کردو گوتی بریا کوێرایی دابهاتایە.

**سەرۆك:** ئایا پرسیاری دیکە هەیە ئاراستەی تۆمەتبار بکرێ؟

**داواکاری گشتی:** هێشتا خاڵێك ماوە، تکادەکەم بۆم ڕاڤە بکرێت. تۆمەتبار چۆن پارەکەی لەگەڵ خۆیدا هێنا بۆ ئەڵمانیا؟

**تۆمەتبار:** بەشێکیم خستە گیرفانمەوە، بەشەکەی دیکەش لەجانتاکەمدا بوو.

**سەرۆك:** ئەگەر پرسیاری دیکە نەماوە لە تۆمەتبار بکرێ، دەچینە سەر بەڵگەکانی سەلماندن.

## (شایەتی بازرگان نیکولاوس یسون لەشارلوتنبورگ. تەمەنی (٤٠) ساڵەو سەربە ئایینی مەسیحی پرۆتستانتیە).
## (دوای ئەوەی سوێندی خوارد)

**سەرۆك:** تۆ بەچاوی خۆت بینیت؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا دەتەوێ چیت بینی بۆمان بگێڕیتەوە ؟

**شایەت:** رۆژی سێ شەممە، (١٥) ی ئادار بوو، سەعات یانزە، من لەجادەی هاردنبرگ دەڕۆیشتمو دەمویست بچمە جادەی فیتنبرگ بۆ سەردانی هەندێ کڕیار. من وەك نوێنەری کارگەی بەرهەمەکانی گۆشت کاردەکەم. یەکێك لەپێشمەوە لەسەرخۆ دەڕۆیشتو قاتێکی بۆری لەبەردا بوو. لەپڕ ئەم بەڕێزەی لێرەیەو تۆمەتبارە هاتو بە چەند هەنگاوێکی بەپەلە لەمن تێپەڕیو دەستی خستە گیرفانی.

**سەرۆك:** لەکوێوە دەڕۆیشتیت؟ لەبەری راست؟

**شایەت:** بەڵێ لەبەری باخچەی ئاژەڵان.

**سەرۆك:** لەپشت ئەو پیاوە قات لەبەرە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** پاشان تۆمەتبار هاتە شۆستەکەو لەتۆ تێپەڕی؟

**شایەت:** رێك وابوو.

**سەرۆك:** دەمانچەکەی لەکامە گیرفانی دەرهێنا؟

**شایەت:** وابەوردی نازانم. وابزانم لەگیرفانی لای راستی سنگیەوە. بەهەرحاڵ دەمانچە بوو، هەڵیکێشاو لەمەودایێکی زۆر نزیك نای بەپشت

سـەری بەرێزەکـەوە، کەیەکسـەر رووەو پێشـەوە کەوتـە سـەر زەوی، کەللـەی سـەری شـەقبوو. تۆمـەتبار دەمانچـەکەی فڕێـداو رایکـرد، ئافرەتێـك کـە لەپێشیانەوە دەڕۆیشت کـەوتو لـەهۆش خۆیچوو. سـەرەتا مـن یارمەتیمـدا هەڵسێتەوە، چونکە وامزانـی ئـەویش بەریکـەوتووە. پاشـان رامکـرد بـەدوای تۆمەتبارداو لای جادەی فازانن گرتم، بێگومان خەڵکی دیکەش کۆبوونەوە کـە بەتوڕەییـەوە لـە تۆمـەتباریان دا، یـەکێك لـەپیاوەکان بـەردەوام بـەکلیلێك لەسـەریدەدا. دەنـگ بـەرزبووەوە: ئـەو دزە پیـاوکوژە بگـرن! پاشـان تۆمـەتبارم بـردە بەشـی پـۆلیس لەباخچـەی ئـاژەڵان. لـەوێ ویسـتی جگەرەیـەك بکێشـێ، لەوێش خەڵکێکی زۆر کۆبوونەوەو ویستیان دووبارە لێیبدەن.

سـەرۆك: ئایـا تـۆ بەتـەواوی دڵنیایـت کـە تۆمـەتبار لەپشـتەوە هاتـە سـەر شۆستەکەو لێت تێپەڕی؟

شایەت: ڕێك وابوو.

سەرۆك: لەپشتەوە هات؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: گوللەی نا بەپشتی سەری کابراوە.

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: ئەی کارەکە بـەمجۆرە نـەبوو: ئـەو لـەلاوە هـاتو جادەکـەی بـڕی، پاشـان هیچـی نـەکرد تـا تەڵعـەت پاشـا بەبەردەمیـدا تێپـەڕی، پاشـان لـەدواوە تەقەی لێکرد؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئایا لەپێشەوە تەماشای کرد؟

شایەت: نا، وانەبوو، تۆمەتبار بە چەند هەنگاوێکی بەپەلەو بەبێ ورتە تێپەڕیو دەمانچەکەی هەڵکێشاو نای بەپشتی سەری کابراوە.

سەرۆك: کابرا یەکسەر کەوت؟

شایەت: بەدەما کەوت.

سەرۆك: ئایا تۆمەتبار بەجۆرێك لەجۆرەکان راوەستا؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: یەکسەر بەپەلە رایکرد؟

شایەت: بەڵێ، بایدایەوە بۆجادەی فازانن رووەو جادەی کانت.

سەرۆك: ژنەکە لەکوێوە دەڕۆیشت؟

شایەت: ژنەکە لەپێش کابراوە دەڕۆیشت.

سەرۆك: لەتەنیشتی نەبوو؟

تۆمەتبار: نەخێر.

سەرۆك: ئایا ئەو ژنە هاوڕێی قوربانییەکەبوو؟

تۆمەتبار: نەخێر.

سەرۆك: بووڕایەوە؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: کەسیتر لەو ناوە هەبوو؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: تۆ یەکەم کەس بووی لای تەرمەکە؟

شایەت: رێك وابوو. ئینجا لەپێشدا ژنەکەم هەڵساندەوە.

سەرۆك: پاشان تەماشات کرد کابرا مردووە؟

شایەت: وابوو.

سەرۆك: لەوكاتەدا كەسی دیكەهات؟

شایەت: لۆرییەكی كۆنكریت گواستنەوە یەكسەر راوەستا، پاشان لەیەكێ لەڤێلاكانەوە پیاوێكو خزمەتكارێك هاتنە دەرەوە.

سەرۆك: پرسیاری دیكە هەیە لەشایەت بكرێ؟ نییە.

## (شایەتی خزمەتكار بولسلاف دیمبیكی لەجادەی شارلوتنبورگ، (٣٢)ساڵ. شایەت سوێندی خوارد)

سەرۆك: ئایا دەتەوێ وەك بینیوتە تاوانەكەمان بۆ باس بكەیت؟

شایەت: دەمویست لەكاتی حەوانەوەی نان خواردنی نیوەڕۆدا بڕۆم بۆماڵەوە. بەجادەی هاردنبرگدا رۆیشتم.

سەرۆك: بەكام لادا دەڕۆیشتیت؟

شایەت: رووەو باخچەی ئاژەڵان.

سەرۆك: لەبەری راستی جادەكە؟

شایەت: بەڵێ. لای سوچی جادەی فازانن، تۆمەتباری بەڕێز بەلامدا تێپەڕی.

سەرۆك: ئایا لەسەر شۆستەكە دەڕۆیشتی؟

شایەت: بەڵێ بەلامدا رۆیشت، لەدوری (٤ـ ٥) هەنگاو لەپشت ئەو پیاوەوە كە تەقەی لێكرد. لەپڕ گوێم لە دەنگی تەقەیەك بوو، وامزانی تایەی ئۆتۆمبیلێك تەقی. لەپڕ كابرام بینی لەبەردەمم كەوتو یەكێكی دیكەش دووردەكەوتەوە.

سەرۆك: یەكسەر دووركەوتەوە؟

شایەت: بەڵێ، یەکسەر، منیش دوای کەوتم، بایدایەوە بۆ جادەی فازانن رووەو چەپ. لە جادەی فازانن خەڵکی دیکە بەرامبەرمان هاتن، ئیدی تۆمەتبار نەیتوانی رابکا. ئەم بەرِێزەی ئێستا شایەتیی دەدا گرتی، لەوێشەوە بردمانە بارەگای پۆلیسی باخچەی ئاژەڵان.

سەرۆك: ئایا دەتزانی ئەوەی لە جادەکە بەلاتدا تێپەڕی، تۆمەتبارەکە بوو؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: ئایا لەپێشەوە تەماشای قوربانییەکەی کرد، یان لەدواوە لێی نزیك بووەوە؟

شایەت: راستەوخۆ لەدواوە لێی نزیکبووەوەو لوولەی دەمانچەکەی تێکردو تەقاندی.

سەرۆك: لەپشتی تۆوەهاتو لەسەر شۆستەکە لێت تێپەڕی؟

شایەت: بەڵێ. سوکە ئاوڕێکی دایەوە، تەماشای یەکێ لەبالکۆنەکانی سەرەوەی کردو تەقەی لێکرد.

سەرۆك: دوای رووداوەکە هیچ قسەیەکت لە تۆمەتبار بیست؟

شایەت: گوتی: ئەم پیاوە بیانییە، منیش بیانیم، ئەمە زیانی نییە.

سەرۆك: لەکوێ وایگوت؟

شایەت: پاشان لەپۆلیسخانە.

سەرۆك: راستەوخۆ نزیك تەرمەکە نەوەستا؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: دوای ئەوەی تەقەی کرد، چەکەکەی فڕێداو رایکرد؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: تۆش دوای کەوتی؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: ئافرەتێکت بینی نزیك قوربانییەکە بڕوات یان لەپێشیەوە بەماوەیەکی کەم؟

شایەت: نەخێر، تێبینی ئەوەم نەکرد.

سەرۆك: کەواتە کەس زۆر نزیك نەبوو لە قوربانییەوە؟

شایەت: نەخێر، کەس نەبوو.

سەرۆك: کەواتە سەرنجی ئەوەتدا کە ئەو بەڕێزە بەتەنیاو بەهەنگاوی لەسەرخۆ بەجادەکەدا دەڕۆیشت؟

شایەت: بەهەنگاوی لەسەرخۆ.

سەرۆك: کەس لەتەنیشتیەوە نەدەڕۆیشت؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: لەوێ تۆو بەڕێز یسون یەکەم کەس بوون کە هاتن، یان خەڵکی دیکەش هەبوون؟

شایەت: بەڵێ، ئێمە یەکەم کەس بووین کە هاتین.

سەرۆك: ئایا پرسیاری دیکە هەیە لەشایەت بکرێ؟ نییە.

(چاوپۆشیکرا لەشایەتیی شایەتەکەی دوای ئەو کە بێوەژنەکەی تەڵعەت پاشا بوو، چونکە روون بووەوە کە ئەو ژنەی لەشوێنی تاوانەکەو لەکاتی تەقەکردن لەتەڵعەت پاشا بورابوەوە، ئەو نەبوەو ئەو بۆچوونە هەڵە بوو).

## (شایەت (عەریفی یەکەم) لە پۆلیسی کەتن باول شولتز لەجادەی شار لوتنبورگ. تەمەن ـ٤٧ـ ساڵ، دوای سوێند خواردن)

سەرۆك: چیت هەیە دەربارەی تاوانەکە بیڵێیت؟

شایەت: لەو ڕۆژەی باسی لێوەدەکرێت، بەتەلەفۆن پێوەندیم پێوەکرا کە تاوانێکی کوشتن لە جادەی هاردنبرگ ڕوویداوەو ئەوەی تەقەکەی کردووە گیراوە. چوومە شوێنی تاوانەکەو لەوێ تەرمی کوژراوەکەم بینی کە لەسەر شۆستەکە کەوتبوو، شوێنی تاوانەکە لەلایەن پۆلیسی پارێزگارییەوە دەورەدرابوو.

سەرۆك: هیچ تێبینیت دەربارەی ڕووداوەکە هەیە؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئایا بایەخت بە تەرمەکە یان بە تۆمەتباردا؟

شایەت: بایەخم بەتەرمەکەدا، گیرفانەکانیم بەتاڵکرد، بەڵام تۆمەتبارم لەشوێنی تاوانەکەدا نەدی.

سەرۆك: کەواتە ئەو سەرنجانەی نووسیوتە، پشتت بەو زانیارییانە بەستووە کە لەو کەسانەوە وەرتگرت کە لەشوێنی تاوانەکەدا لەکاتی ڕوودانیدا لەوێ بوون.

بەم پێیە تۆ خۆت بەچاوی خۆت لەکاتی ڕوودانی تاوانەکەدا هیچت نەدی؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: پرسیاری دیکە هەیە لە شایەتەکە بکرێ؟

**بەرگریکـەر ڤـۆن گـۆردون:** تەرمەکـە لـەکوێ کـەوتبوو؟ لـەنێوان جـادەی فازانن‌و مەیدانی شتاین؟ یان لەنێوان مەیدانی شتاین‌و جادەی کنیزەبیك؟

**شایەت:** لەنێوان جادەی فـازانن‌و جـادەی یـواخیم، لەبـەردەم بینـای ژمـارە (١٧) لە جادەی هاردنبرگ، بەدیاریکراوی نزیکتر بوو لە جادەی فازاننەوە.

**سەرۆك:** پرسیاری دیکە هەیە لەشایەت بکرێ؟ نییە.

**سـەرۆك:** تکـا لـەوەرگێڕ دەکـەم بەتۆمـەتبار بڵێـت کـە ئـەو دوو شـایەتە وا ئیفادەیاندا، کە ئەو نەیهێشتووە کوژراو بەلایدا تێپەڕێ، بـەڵکو لـەدواوە بـۆی هاتووەو بە درێژایی شۆستەکەو چـەند کەسێکیشـی تێپەڕانـدووەو لـە تەڵعـەت نزیك بوەتەوەو تەقەی لێکردووە.

**تۆمـەتبار:** کارەکـە وەك وەسـفم کـرد روویـداوە، یەکـەمجار لێـی تێپـەڕیم، پاشان لەدواوە تەقەم لێکرد.

**سەرۆك:** بەڵام بەپێی ئیفادەی شایەتەکان ئەمە راست نییە.

**بەرگریکـەر ڤـۆن گـۆردون:** لەوانەیـە ئەوەنـدە هەڵچـووبێت بەڕادەیـەك نەزانێ بەتەواوەتی ئیشەکەی چۆن کردووە.

**سەرۆك:** رەنگـە بەتـەواوەتی نـەزانێ کارەکـە چـۆن روویـدا، بـەڵام شـایەتی دووکەس، هەریەکەشیان بەجیا، دەڵێن کە تۆ لە دواوە تەقەت لێکردووە.

**تۆمەتبار:** لەبەری ئەوبەری جادەکەوە پەڕیمەوەو لەدواوە تەقەم لێکرد.

**بەرگریکەر ڤۆن گۆردون:** دەمەوێ لە جەنابی سەرۆك بپرسـم ئایا شـایەت (ریش) تا ئێستا پەیوەندیی کـردووە، چونکە مـن زۆر پشـت بەشـایەتیی ئـەو دەبەستم.

**سەرۆك:** یەکێ لەسەربازەکان دەتوانێت بـڕواو دڵنیابـێ لـەوەی ئایـا شـایەت (ریش) هاتووە؟

هێشتا ریش نەهاتووە، سەرنجی ئەو دوو شایەتەی پێشوو یسونو دیمبیکی بۆ ئەوە رادەکێشم، کە تۆمەتبار بە پێچەوانەی وەسفەکەی ئەوان قسە دەکاو دەڵێ: لەوبەرەوە لەجادەکە پەڕیەوەو هێشتی تەڵعەت پاشا لێی تێپەڕ بێو لەشۆستەی دەستە راست لێی تێپەڕێت.

**شایەت یسون:** رەنگە تۆمەتبار لەسەر هەق بێ، بەڵام ئەو بەبیست مەتر پێش ئەو شوێنەی تەقەی لە تەڵعەت پاشا کرد لەمن تێپەڕی، لای پەیمانگەی باڵای مۆسیقا، رەنگە ژنەکەش تێپەڕیبێ.

**سەرۆك:** کەواتە تێپەڕینەکە زووتر بوو؟

**شایەت دیمبیکی:** تێپەڕینەکە سەرەتا لای جادەی فازانن روویدا، لەسەر شۆستەکە لەجادەی هاردنبرگ لێی نزیك بوەوە.

**شایەت یسون:** یەکسەر لەتۆمەتبارم پرسی بۆچی تەقەی لە تەڵعەت پاشا کرد، گوتی من ئەرمەنیمو ئەو تورکە، زیانی بۆ ئەڵمانیا نییە.

**سەرۆك:** وامزانی ئەو دوایی ئەو قسەیەی کردووە.

**شایەت یسون:** یەکسەر لێم پرسی، بۆچی تەقەی لێکردو گیرفانەکانیشی گەڕام، چونکە لەوە دەترسام بەردەوام بێ لەتەقەکردنو لەوانەشە خەنجەرێکی پێ بێ لەگیرفانەکانیدا. لێرەدا گوتی: من ئەرمەنیم، ئەو تورکە، زیانی بۆ ئەڵمانیا نییە. رەنگە دوای تاوانەکە بەپێنج چرکە ئەمەی گوتبێ.

**سەرۆك:** هێشتا ناڕوونییەك ماوە، بەڵام وتەکان تا ئەو ڕادەیەش دژ بەیەك نین، کە نرخیان پوچەڵ بکاتەوە.

**بەرگریکەر ڤۆن گۆردون:** بەگوێرەی من پرسیارەکە ناڕوون نیە، چونکە شایەت (ریش) بەپێچەوانەی شایەتی هەردوو شایەتەکە یسونو دیمبیکی

ئیفـادەی دا، قسـەکانی ئـەو نزیکـەی لەگـەڵ قسـەکانی تۆمـەتباردا ڕێـك وەك یەکن.

## (عـــەریفی کـــەتنکاری کـــەناس لـــە فەرمانگـــەی پۆلیســـی شارلوتنبورگ: دوای سوێند خواردن)

**سـەرۆك:** دەربـارەی تاوانەکـە چـی دەزانـی؟ ئایـا لێکۆڵینـەوەت کـردووەو تەرمەکەت وەرگرت؟

**شایەت:** نیوەڕۆی (١٥) ی ئادار سکاڵاییێکم بۆ هات، کـە هاووڵاتییـەکی تـورك لەجادەی هاردنبرگ کـوژراوە. تاوانبـاریش گـیراوەو لێـی دراوە. مـن تەرمەکـەم پشکنیو بینیم لەسەر چاوی ڕاستیەوە بەهۆی گوللەوە کونێك دروسـتبووە. کونەکـە ئەوەنـدە دەبـوو کـە مـرۆڤ پەنجەیـەکی تێبخـا. ئـەم کونـە گومـانی لا دروست کردم، هیچ برینێکم لەپشـت سـەریەوە نـەدیت، هەرچـەندە دەمزانـی کە خوێن هەبوو. لەکاتی نیوەڕۆدا تۆمـەتبارم بـانگکرد. بەداخـەوە نـەمتوانی زۆر بەزەحمـەت نـەبێ لێـی تێبگـەم. گـوتی ئـەو تاوانـەی کـردووە، چـونکە کوژراوەکە بۆتەهۆی مردنـی خێزانەکـەی. لـێم پرسـی ئایـا ئـەڵمانی دەزانـێو چۆن ئەو تاوانەی ئەنجامدا.

دەمانچەم گرت بەدەستمەوەو پێم گوت پیشانم بدە چۆن ئیشـەکەت کـرد. دەمانچەکەم لەپێشەوە خستە سەر سەرو لێم پرسـی ئایـا ئیشـەکەی بـەمجۆرە کـرد؟ ئـەو گـوتی نـا. پیشـانی دام کـە لـەدواوە تەقـەی کـردووە. لـەوە زیـاتر نەیدەویسـت هـیچ زانیارییـەکم بـداتێ. لەبـەردەم داواکـاری گشـتیدا دانـی بەتاوانەکـەی دانـا، چـونکە کـوژراو بـەرپرس بـووە لـە مردنـی خێزانەکـەی.

لێکۆڵینەوەکانی دواتر دەریانخست کە لەسەرەتای ئادار لە جنێفەوە هاتوەتە بەرلین ـ شونیە برگو لەجادەی ئۆگەسبورگ ژمارە (٥١) دەژی.

سەرۆك: لەکانوونی دووەمدا؟

شایەت: بەڵێ لەکانونی دووەمدا. لەئادار ماڵەکەی گواستەوە، هەوڵمدا هۆیەکانی ئەو ماڵ گواستنەوەیە بزانم، بۆم دەرکەوت کە هۆیەکی گرنگی لەپشتەوەیە. لەماڵە تازەکەیدا لە جادەی هاردنبرگ (٣٧) و لەقاتی یەکەم پەنجەرەکە دەڕوانێتە سەرجادەکە، کە کوژراوی تێدا دەژی، بەوجۆرە دەتوانێت چاودێریی شوقەکەی بکات. ئەو رۆژەی تاوانەکەی تێدا روودا شایەتێك پێوەندیی پێوەکردمو بەوردی پێی گوتم کە لەجادەی هاردنبرگ دەڕۆیشت، تۆمەتباریش لەبەری ئەو بەرەوە دەڕۆیشت. کە گەیشتە ئاستی پەیمانگای باڵای مۆسیقا، لەجادەکە پەڕیەوە. ژنێکیش لەبەردەم کوژراوەکەوە دەڕۆیشت. دەمانچەیەکی لەپاڵتۆکەی دەرهێناو بێ ئاگادارکردنەوە تەقەی کرد. دوای تەقەکردنەکە کوژراوەکە یەکسەر کەوت. تۆمەتبار نوشتایەوە سەری تا دڵنیابێ لەوەی فیشەکەکە کاری خۆی کردووە، پاشان رایکرد.

سەرۆك: تۆ ئەوسا لەگەڵ شایەت (ریش) کە ئەمڕۆ نەهاتووە، لێکۆڵینەوەت کرد. ئایا دەزانی داخۆ ئەوسا قسە لەسەر ئەم خاڵە کراوە، ئایا تۆمەتبار لە دواوە تەقەی لێکردووە یان لێگەڕا لەپێشا کوژراو لێی تێپەڕێ؟

شایەت: ناتوانم ئەوە بەبیری خۆم بێنمەوە، ئایا شایەت ریش ئەم زانیارییانەی داوە، یان تۆمەتباری دیوە لە جادەکە بپەڕێتەوەو لەپشتەوە یان لەپێشەوە بۆ کوژراو هاتبێ.

سەرۆك: ئەمە مانای چیە، لەپێشەوە یان لەپاشەوە؟

شایەت: لەپشتەوە تەقەی لە کوژراوەکە کرد.

**بەرگریکەر نیمایر:** لای من هەردوو دەربڕینەکە تەبان ئەگەر یەکێ لە جادە بپەڕێتەوە دەتوانێت بگاتە پشتی یەکێك کە لەوبەری جادەکەیەو دواییش بڕوا پێشی بکەوێ، تەنانەت ئەگەر شۆستەکەش پان بێ وەك ئەوەی جادەی هاردنبرگ. مرۆڤ دەتوانێت بەم شێوەیە یان بەشێوەیەکیتر ئەوە دەربڕێ، بەڕای من ئەو رۆیشتو کوژراوی تێپەڕاند.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** تۆمەتبار لە قاتی خوارەوەدا نەدەژیا. شوقەکەی قادرمەی هەیە بۆ ئەوەی بۆی سەرکەوێ.

**سەرۆك:** قالدرمەیەك بەرزدەبووەوە، پێشتر ئەوەی گوت، بێگومان ئەو مەبەستی قاتی یەکەم بوو.

## (شایەت دکتۆر شلوس، نوژدار لەمەڵبەندی فریاکەوتن ژمارە (٧) لە شارلوتنبورگ. تەمەن (٤٢) ساڵ)
## (دوای سوێند خواردن)

**شایەت:** مەڵبەندی فریاکەوتن ژمارە (٧) لەناوچەی باخچەی ئاژەڵان، ئاگادارکرایەوە دەربارەی رووداني تاوانێکی کوشتن لە(١٥)ی ئادار لەجادەی هاردنبرگ، کە مەڵبەندی فریاکەوتن لەوێیە. چوومە ئەوێ، ناوچەی تاوانەکە داخرابوو. پشتەسەری کوژراوەکە کونێکی تێبووبوو، قبوڵم نەکرد پشکنینی تەواوبکەم. کونەکە خەڵتانی خوێن بوو، بەڕادەیەك کە نەمدەتوانی بەجوانی چاوم لەشتەکە بێ، لەوە زیاتریش وتەی دیکەم نییە.

(شایەتەکە بەڕێکرا)

**(شایەت راوێژکاری فریاکەوتن دکتۆر شمولینسکی، لەشارلوتنبورگ، تەمەن (٦٣) ساڵ)**

**(دوای سوێند خواردن)**

**سەرۆك: لەگەڵ بەرێز دوکتۆر تیلە ئەو کونەتان پشکنی، کە لەسەری تەرمەکەدا بوو لەرۆژی ١٥ی ئادار. دەکرێت دادگا لە ئەنجامی پشکنینەکە ئاگادار بکەیتەوە؟**

**شایەت: لەپشتەسەریدا کونێکی گەورەمان دۆزییەوە، کونەکە خڕبوو، برینەکە وردە ساچمەی زۆری تێدابوو. مێشکەکە لەکاتی پشکنیندا بەتەواوی رەش هەڵگەڕابوو، خەڵتانی خوێنبوو بوو. لەراستیشدا کەللە سەرەکە بەتەواوی وردوخاشبووبوو. مێشکەکەش بەهۆی فشاری خوێنەکەوە تارادەیەکی زۆر گەنیبوو، بەرادەیەك مردنەکە یەکسەر روویدا بوو، زۆریش پێدەچێ دڵی وەستابێت.**

**(شایەتەکە بەرێکرا)**

**(شارەزای چەخماخسازی شاهانە بەرێز باریلا، بەرلین، شارەزای چەک. بەپشتبەستن بەو سوێندە پیشەییەی یەک جار بۆ هەموو کاتێ خواردوویەتی)**

**(شارەزاکە چەکەکە دەپشکنێ)**

**سەرۆك: تۆمەتبار ئایا ئەمە ئەو چەکەیە، کە تەڵعەتت پێ کوشت؟**

**تۆمەتبار: ناتوانم بیناسمەوە.**

**سەرۆك: بەڵام ماوەیەکی زۆر لەلات بووە، دەبێ بیناسیتەوە؟**

**تۆمەتبار: زۆر لەو دەچێ.**

**شارەزا باریلا:** ئەم دەمانچەیە عەیار (٨ـ٩) ) ملیمە. بەڕەسمی لەلایەن سوپای ئەڵمانیەوە بەکاردێ. ئەمە لەجۆری ئۆتۆماتیکەو دەکرێت هەشت فیشەکی پێ بتەقێنرێ. سەرچاوەکەی هی سوپایەو مێژووی دروستکردنەکەی ساڵی (١٩١٥) یە، کە لەلایەن "کارگەی چەك‌و فیشەکی ئەڵمانییەوە" دروست کراوە، فیشەکەکانیش هەر هی سوپان.

**سەرۆك:** ئایا دەکرێت بزانرێ ئایا ئەم پارچە چەکە زۆر بەکارهێنراوە؟

**شارەزا:** تاڕادەیەك تازەیە، لەهەموو حاڵەتێکیشدا هێشتا هەرباشە.

**سەرۆك:** ئەی تۆمەتبار، ئایا پێشتر هیچ ئەم چەکەت بەکارهێناوە؟

**تۆمەتبار:** نەخێر.

**(پرسیاری دیکە لەشارەزاکە نەکرا).**

## (شایەت خانم ئیلیزابیت شتلباوم، بەرلین، جادەی ئۆگەسبورگ، (١٥). تەمەن (٦٣) ساڵ، ئایین: پرۆتستانتی) (دوای سوێندخواردن)

**شایەت:** تۆمەتبار لای من نیشتەجێبوو. لەباشە زیاتر ناتوانم هیچی دەربارە بڵێم. زۆر بێ فیزو ڕەوشت بەرز بوو لەوماوەیەدا کە لای من بوو، من کارەکەرم نییەو ئیش‌و کاری ماڵەوە بەخۆم دەیکەم. ئەو ئەوەندەی بیتوانیبا، پشتی بەخۆی دەبەست. بۆ نموونە نەیدەهێشت پێڵاوەکانی پاك بکەمەوە. زۆر بە ڕەوشت‌و بێ فیز بوو لەهەموو ڕوویەکەوە.

**سەرۆك:** ئایا هیچ جارێك نەخۆشکەوت؟

**شایەت:** پێش جەژنی لەدایکبوون، چەند رۆژێك دوای ئەوەی لای من نیشتەجێبوو، هەرئەمەش هۆی ئەوە بوو کە لەکاروباری تۆمارکردن لای دەسەڵاتدارانی پێوەندار کەمێك دوابکەوێت. من لەرۆژەکانی سەرەتاوە یەکسەر تۆمارم کرد، بەڵام دەبایە خۆی بهاتبایە بۆ فەرمانگە، بەڵام لەبەر نەخۆشی نەیتوانی بچێت، بۆیە چەند رۆژێ دواکەوت تا ئەو ئیشەکانی تەواوکرد. بەچەند رۆژێك دوای ئەوەی گواستیەوە ماڵەکەم، جارێکیان من لە مەتبەق بووم، گوێم لەخشەخشێك بوو لای دەرگای پێشەوە.

وای بۆچووم لەوانەیە ئەو بەرێزەبێ، چونکە هێشتا تازەیەو رانەهاتووە لەسەر بەکارهێنانی کلیلەکە. کەچوومە ئەوێ شتێکی سەیرم بینی، وامزانی سەرخۆشە، سڵاوی لێکردم، بەڵام زانیم کە بەزۆر هەوڵ دەدا خۆی رابگرێ، رۆیشتە ژورەکەیو منیش چوومە ژورەکەم. گوێم هەڵخست، چونکە وامزانی کورەی غازەکە ئیش پێدەکات. پاشان گوێم لێ بوو سەتڵی ئاوەکەی بەکارهێناو لەدواییدا خۆی فرێدایە سەر چوارپایەکەو ئیتر دەنگی بەتەواوی برا. لەبەردەرگای ژورەکەی گوێم هەڵخست، تەواو بێدەنگبوو. رۆژی دواتریش گوێم لەهیچ نەبوو. پاشان بەرێز ئابیلیان، کە ئەویش لای من نیشتەجییێە ئاگادارم کردەوە کە بەرێز تهلیریان دوێنێ سەرخۆش بوو، دەبێ پێی بڵێی من خەڵکی سەرخۆشم ناوێ. لەئەنجامی ئەمەوە بەرێز ئابیلیان ناچاربوو راستیی ئەوەی لێی روویدابوو بۆی باس بکا.

**سەرۆك:** ئایا لەبۆنەی دیکەشدا نیشانەی نەخۆشیت لێبەدی کرد؟

**شایەت:** زۆر پەشێوبوو، قەتیش نەیدەتوانی بخەوێ، ئەگەر یەکێ پرسیاری لێبکردایە دەربارەی تەندروستی، خۆیشی هەروای دەگوت.

**سەرۆك:** ئایا دەتزانی کە دەچێ بۆ لای نوژدار؟

**شایەت:** بەڵێ، بۆلای بەڕێز دکتۆر کاسیرەر. من ناوی دکتۆرێکی دیکەی دەمارم دابوویێ، کە هەندێ ناسیاو بۆیان باسکردبووم، بەڵام بەڕێز دوکتۆر هاکە لەجادەی بوتسدامە، ئێستا ناتوانم بڵێم بەتەواوەتی لەکوێیە.

**سەرۆك:** جگە لەمە دەتوانی چی دیکە دەربارەی ژیانی بڵێیت. ئایا کەسێکی خاوەن سەرنج بوو؟

**شایەت:** زۆر.

**سەرۆك:** ئایا دەتزانی کە خۆی فێری سەما دەکرد؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئەرمەنی زۆر سەردانیان دەکرد؟

**شایەت:** تەنیا یەك کەس. بەڕێز لیون ئیفتیان.

**سەرۆك:** ئایا زۆر جار لەگەڵ بەڕێز ئابیلیان دەبوو؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** بەلاتەوە سەیر نەبوو، کە لەپڕ ماڵەکەی تۆی بەجێهێشت؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** کاردانەوەت چی بوو، چیت گوت؟

**شایەت:** دەیویست تا (١)ی ئایار لام بێ، بۆیە پێم گوت: وامزانی تا (١)ی ئایار لام دەمێنیتەوە؟ وەڵامی دایەوە کە دوکتۆر پێیگوتوە تیشکی غاز خراپە بۆ تەندروستیی ئەوو پێویستی بەتیشکی خۆر هەیە. بڕوام بەم قسەیە کرد، چونکە زۆر نیگەران دیار بوو، پاشان لە (٥)ی ئایاردا گواستیەوە. ژوورەکەی لەتەنیشت ژوورەکەی من بوو، هەموو شتێکم ئەبیست. نەیدەتوانی بەدرێژایی شەو بخەوێ مەگەر تەنیا بەنیگەرانییەوە خەوی لێکەوتبا.

سەرۆك: جگە لەوە ئایا بیری پەرتو بڵاوبوو؟ ئایا تێبینی ئەوەت کرد کە ناتوانێ بەشێوەیەکی سروشتی بیربکاتەوە؟

شایەت: نا، نا، هیچ کاتێو بۆ یەکجاریش نەبوو گەرموگوڕ نەبێت، هەمیشە نەرمو لەئەوپەڕی قسەخۆشیدابوو، جگە لە قسەی باش ناتوانم چیدیکەی دەربارە بڵێم.

سەرۆك: ئایا هیچ شتێك دەربارەی ئەو فێیەی لێی دەهات، دەزانی؟ دەڵێن جارێکیان کە هاتەوە ماڵ، لەبەردەرگا کەوت.

شایەت: بەڵێ، ئەوە ئەوجارەیە کە باسم کرد.

سەرۆك (بۆ وەرگێڕ): بەتۆمەتبار بڵێ کە شایەتەکە قسەی باشی دەربارەی کردو دەشڵێ کە جارێکیان زۆر نەخۆش بووە.

ئایا ئەوجارە دوای رووداوەکە بوو؟ پرسیاری دیکە هەیە لەشایەتەکە بکرێ؟

بەرگریکەر ڤۆن گۆردون: ئایا تۆمەتبار زۆر جار مۆسیقای دەژەند؟

شایەت: بەڵێ، گۆرانی خەماوی، بەدرێژایی کات ئەگەر لەماڵ بوایە (ماندولین)ەکەی بەدەستەوە دەبوو، لەژووری دانیشتندا دەهاتو دەچوو ئامێرەکەی بەدەستەوە.

بەرگریکەر فون گوردون: ئایا هەموو کاتێ کە مۆسیقای دەژەند، گڵۆپە غازییەکەی دەکوژاندەوە؟

شایەت: بەڵێ جارێکیان بەرێزەکەی دیکە لە ژوورەکەیدا دانیشتبوو، منیش شتێکم لێی ویستو چوومە ژورەکەی، دەرگاکەم کردەوە، هەردووکیان لەتاریکیدا دانیشتبوون جگەرەیان دەکێشاو مۆسیقایان دەژەند. گوتی دەنگی مۆسیقا لەتاریکیدا خۆشترە.

**سەرۆك:** كەش‌و هەواكە خۆشتربوو؟

**شارەزا ليبمان:** شايەتەكە گوتی تۆمەتبار پەشێوبوو، مەبەست چيبوو؟ ئايا مرۆڤێكی زۆر جيدی بوو؟

**شايەت:** بەڵێ، زۆر جيدی بوو، هەميشە.

**شارەزا:** خەمبار بوو زياتر لەوەی دڵخۆش بێ؟

**شايەت:** رێك وابوو.

**شارەزا:** ئايا وەكو هەموو لاوێك حەزی بەژيان نەبوو؟

**شايەت:** زۆر جار لام سەير بوو، بۆ بەو ڕادەيە داڕمابوو!

**شارەزا:** ئايا بەتەنيا دادەنيشت، ئايا بيری لای شتێكی دياريكراوبوو؟

**شايەت:** نەخێر، خۆ من زۆر تێكەڵی نەدەبووم.

**شارەزا ليبمان:** مەبەستت لەوشەی پەشێو چيە؟ ئايا مەبەستت زەين بلاوييە؟

**شايەت:** بەڵێ، هەميشە لەگەڵ خۆيدا قسەی دەكرد، بەڕادەيەك من وام دەزانی كەسێكی ديكەی لەگەڵدايە لەژورەكە.

**سەرۆك:** بەڕۆژيش؟

**شايەت:** نەخێر، بەشەو.

**سەرۆك:** بەڕێز شارەزا دەپرسێ ئايا زۆربەی جار هۆشی لای خۆی نەبوو؟

**شارەزا:** ئايا خۆی دەخواردەوە، تەنيا بوو؟

**شايەت:** زۆر بێدەنگ، زۆر جيددی بوو، هەميشە هەر كە دەگەڕايەوە ماڵەوە، ئامێرە مۆسيقيەكەی دەگرت بەدەستيەوەو دەستی بە ژەنين دەكرد.

**سەرۆك:** ئايا هيچ رۆژێ باسی دواڕۆژی لەگەڵدا كردی؟

**شايەت:** نەخێر.

سەرۆك: ئایا مەبەستت بوو بزانی بەڕاستی دەیەوێ لەبەرلین چی بكا؟

شایەت: دەیگوت دەیەوێ بخوێنێ، هەر یەكسەر بۆ رۆژی دوایی گەڕا بەدوای مامۆستایەكی زماندا.

سەرۆك: ئایا لەو ماوەیەی لەلات نیشتەجێ بوو، هیچ گۆڕانێكت لە میزاجیدا بینی، گۆڕانێك كە سەرنجڕاكێش بێ لەحاڵەتی هەستەوەری ئەودا (شایەت ئەمە رەتدەكاتەوە) یان گۆڕانێك لە تەواوی ژیانیدا؟

شایەت: نەخێر، هەمیشە لەهەمان حاڵەتدا بوو، جاری وا هەبوو فیكەشی لێ دەدا، چونكە ناكرێ هەمیشە بە خەمباری بمێنێتەوە. بەگشتی جیددی بوو... بەوجۆرە... رەفتاری سەیر بوو.

بەرگریكەر **فۆن گۆردون**: ئایا لەگەڵتدا باسی رابوردووی خۆی كرد، كە خێزانەكەی هەموو لەناوچوون؟

شایەت: نەخێر، تەنها كە لەماڵەكەم گواستیەوە، دوای چەند رۆژێ هات تا بەڵگەنامەی هەڵوەشاندنەوەی بەكرێگرتنەكە ببات، لێم پرسیو ئەویش بۆی گێڕامەوە چۆن ئەوسا گەڕاوەتەوە ماڵەكەی خۆیانو چۆن ماڵەكەی بەڕوخاوی بینیوە. پێی گوتم ـ ئێستا ناتوانێ جارێكیتر ئەو قسانە بەتەواوی بگێڕێتەوە ـ خوشكەكانیو برا گەورەكەیو باوكو دایكی، هەرهەموویان كوژران، تەنیا ئەو بەزیندوویی مایەوە. ئەمە هەموو ئەوە بوو كە بۆی باسكردم، پاشان لێیدا رۆیشت. زانیم كە نایەوێ باسی ئەو بابەتە بكا.

سەرۆك: ئایا هیچ پەرۆشیەكت لای ئەو هەست پێنەكرد ؟

شایەت: بەڵێ، بەڵێ، تەنیا لەبەرئەوەی من لێم پرسی، ئەو ئەمانەی بۆ گێڕامەوە.

سەرۆك: بێگومان ویستت بزانی بۆ گواستیەوە؟

شایەت: نا، نا، برادەرەکەی هێشتا لام نیشتەجێ بوو، گوتی دەیەوێ قسەی لەگەڵدا بکا، پاشان سەبارەت بە ژوورەکەی پێشووی قسەی لەگەڵدا کردبوو، بۆیە لێرەدا من لێم پرسی.

(پرسیاری دیکە نییە لەشایەت بکرێ)

## (شایەت خانم دیتمان لە شارلوتنبورگ جادەی هاردنبرگ (٣٧) )
## (دوای سوێند خواردن)

سەرۆك: تۆمەتبار چەند هەفتەیەك لەلات نیشتەجێبوو، ئایا دەتەوێ کەمێك باسی رەفتاری کەسێتیو جموجۆڵەکانی بکەیت؟

شایەت: گەنجێکی شایانو بە ئەدەب بوو، لەسەرخۆو پاكو هەموو شتێکی بەرێکوپێکی دەپاراست. لە رۆژی روداوەکە رۆژی (١٥) ی ئادار، پێش نیوەڕۆ کارەکەرەکە داوای لێکردم بچم تەماشابکەم، چونکە بەرێز لەژورەکەی خۆیدا دەگریا. گوتم: لەوانەیە یەکێ لە خزمانی مردبێ، لێیگەڕێ، من ناتوانم یارمەتیی بدەم، چونکە لێم تێ ناگا. پاش ماوەیەك لەماڵ چووە دەر.

پێشتر من چوومە ژوورەکەی کۆنیاکی دەخواردەوە، زۆرم لا سەیر بوو. دوای ئەوەی چوە دەرەوە، چوومە ژورەکەی، قاپە کۆنیاکەکە، کەلێی دەخواردەوە لەسەر مێزەکە بوو.

سەرۆك: ئایا دەزانی کەی کۆنیاکەکەی کڕی؟

شایەت: کارەکەرەکە گوتی ئەو بەیانییە.

سەرۆك: قاپەکە چەندی بەتاڵ بوو؟

شایەت: نزیکەی سێیەکی. قەوارەی قاپەکە  سێ چارەکە لیترێ  کۆنیاکی فرەنسی بوو. وای بۆچووم کە ئەو بەیانیە لێی خواردبێتەوە.

سەرۆك: ئەو بەیانیە جگە لەوە چی دیکەی خواردەوە؟

شایەت: وەك هەموو جارێ چا.

سەرۆك: ئایا بەمە نیگەران بووی؟

شایەت: هەرگیز، تا کچە کارەکەمان هاتەوە ماڵەوەو گوتی: خانمەکەم ئەو لاوەی لامان بوو، بەرێزێك کوشتی. گوتم کچێ ئەوە شێت بوویت. لەدواییدا زانیم کە ئەو بووە تەقەی لەیەکێکی دیکە کردووە، سەرەتا نەمتوانی بڕوابکەم.

سەرۆك: ئایا تۆمەتبار لەم رۆژەدا لەسەرخۆو هێمن بوو وەك جاران، یان هەندێ شێواوی‌و تێکچونت پێوەبینی؟

شایەت: یەکێ لە ناسیاوەکانی جارێکیان لامان بوو، ئەویش گوتی:  ئەم بەرێزە نەخۆشەو پێویستی بە ژورێك هەیە هەتاوی لێبدا.

سەرۆك: بەلاّم تۆ هیچی سەیرت لێ تێبینی نەکرد کە گواستیەوە ماڵەکەت؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: لەهەموو ئەو رۆژانەی لات نیشتەجێبوو، هەستت بەهیچ نەکرد؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئایا دەیخوێند؟

شایەت: بەدەگمەن لەماڵ دەردەچوو.

سەرۆك: ئایا میوانی دەهات؟

شایەت: هیچ کەس.

**سەرۆك:** لای تۆ مۆسیقای دەژەند؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** هەستت كرد بارگرژ بێت؟

**شایەت:** بەڵێ، زۆر.

**سەرۆك:** ئایا پێوەی دیاربوو كە بڕوای بەخۆی نەبێ.

**شایەت:** نەیدەتوانی تەماشام بكا، پێی شەرم بوو، زۆر دوو دڵو هەمیشە شەرمن بوو.

**سەرۆك:** ئایا شەرمن بوو؟

**شایەت:** شەرمن دیاربوو.

**سەرۆك:** هەستی دەكرد كە دالغەی قورس تەنگی پێ هەڵچنیبێت؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا لەكاتی پرسیاری سادەدا وەڵامی ناڕوون، ناڕاست یان پەرتو بڵاوی دەدایەوە؟

**شایەت:** ناتوانم وابڵێم.

**سەرۆك:** نیشانەی هیچ نەخۆشیەكت پێوەبینی؟

**شایەت:** ئەمەش نا، ئەو خۆی دەیگوت بارگرژو نەخۆشە.

**سەرۆك:** لەماڵەكەی تۆدا هیچ فێی لێهات؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** كەواتە تۆ بڕوانامەی رەوشت باشیی دەدەیتێ؟

**شایەت:** لاوێك بوو ئەوپەڕی رەوشت باش.

**سەرۆك (بۆ وەرگێڕ):** بەتۆمەتبار بڵێ كە ئەم شایەتەش شتێكی نەگونجاوی لەبارەیەوە باس نەكرد (جێبەجێكرا).

**سەرۆك:** ئێستا دەمەوێ بزانم تۆمەتبار لەگەڵ كێدا هات بۆ ئەوەی ژوور لەتۆ بەكرێ بگرێ؟

**تۆمەتبار:** لەگەڵ سەرۆكی كۆمەڵەی فوتابیە ئەرمەنەكان.

**سەرۆك:** ئایا ئەمڕۆ نەهاتووە؟

**تۆمەتبار:** نەخێر.

**شارەزا كاسیرەر:** تكادەكەم ئەوە جەخت بكرێتەوە داخۆ تۆمەتبار ئەو رۆژەی لەبیرە كە كۆنیاكەكەی تیاكرِی، بۆچیش دەگریا؟

**تۆمەتبار:** رۆژی پێشتر كریم، چونكە هەستم بەلاوازی دەكرد. ئێوارەكەی پێكێكی بچوكم خواردەوە، بۆ بەیانییەكەی پێكێكی دیكەی بچوكم لەگەڵ چا خواردەوە.

**سەرۆك:** ئایا ئەو بەیانییەی تاوانەكەی تێداڕوودابوو تۆمەتبار برِێكی زۆری خواردەوە؟

**تۆمەتبار:** نەخێر كەمێكم لەگەڵ چا خواردەوە.

**سەرۆك:** ئایا داوات كرد پەرداخت بۆ بێننە ژورەكەت؟

**تۆمەتبار:** داوای پەرداخێكم كرد بۆ ئەوەی برِی كۆنیاكەكەی بپێوم.

**سەرۆك:** ئایا تۆمەتبار سوورە لەسەرئەوەی كەبرِێكی كەمی خواردەوە. ئایا تۆمەتبار ئەو بەیانییە گریا؟

**شایەت دیتمان:** خۆم گوێم لێ بوو دەگریا.

**بەرگریكەر ڤۆن گۆردون:** لەوانەیە گۆرانییەكی خەمناك بوبێ.

**شایەت:** لەوانەیە، چونكە ئەوجۆرە گۆرانیانەیان هەیە، بەڵام من وامزانی گریانە.

سەرۆك: تۆمەتبار ئایا لەبیرتە ئەو بەیانییە ئەگەر نەگریایت، ئەدی گۆرانیت بۆ خۆت دەگوت؟

تۆمەتبار: لەبیرمە.

بەرگریکەر ڤۆن گۆردون: ئایا تۆ خۆت تۆمەتبارت بینی كۆنیاكی دەخواردەوە یان كارەكەرەكە بینیی؟ كەی بینیت؟ نزیكەی كەی؟ نزیكەی دەوروبەری سەعات حەوت یان هەشت؟

شایەت: دوای سەعات نۆ.

بەرگریکەر ڤۆن گۆردون: پاشان رۆیشت؟ كەی هاتەوە؟

شایەت: نەهاتەوە.

بەرگریکەر ڤۆن گۆردون: هەڵبەت جارێكی دیكە هاتەوە، تۆ خۆت نەتگوت كە دەوروبەری سەعات هەشت یان حەوت رۆیشت؟

سەرۆك: دەكرێت كاتەكە راست بێ.

شایەت: ئاوا، نزیكەی سەعات یانزە رۆیشت. دوای ئەوەی چای خواردەوە لەژوورەكەیدا مایەوە. من دوای ئەوە ژورەكەیم رێكخست.

سەرۆك: ئایا پێش رۆیشتنی تۆمەتبار هیچ دەنگێكی سەیرت گوێ لێ نەبوو، كە بەدەنگی گریانی بزانی؟ پاشان دوای رۆیشتنی تۆمەتبار چاوت بە قاپە كۆنیاكەكە نەكەوت كەسێیەكی بەتاڵ بوو؟ ئایا ئەمە راستە كە قاپە كۆنیاكەكە رۆژی پێشتر كڕدرابوو.

شایەت: ناتوانم ئەوە بڵێم.

بەرگریکەر ڤۆن گۆردون: ئایا ئاگاداری، كە قاپەكە ئەو بەیانییە سەریهەڵپچڕابوو؟

شایەت: كچە كارەكەرەكە دەتوانی ئەمە بەتەواوی دیاری بكا.

**سەرۆك:** ئەی تۆمەتبار ئایا ئەو قاپەت ڕۆژی پێشتر كڕیو لێتخواردەوە؟

**تۆمەتبار:** قاپەكەم هەر لەو شوێنە هەڵپچڕی كە لێمكڕی.

**سەرۆك:** بۆ ئێوارە كەمێكت لەگەڵ چا لێیخواردەوە؟

**تۆمەتبار:** ئێوارە كەمێكم لەگەڵ چا لێیخواردەوە.

**سەرۆك:** بەیانیەكەش، بەڵام نەك چەند پێكێك؟

**تۆمەتبار:** نەخێر.

**سەرۆك:** تۆمەتبار نكوڵی دەكا كە چەند پێكێك كۆنیاكی خواردبێتەوە. ئەمە ناكرێ ڕاڤە بكرێت.

**تۆمەتبار:** چەند جارێ ڕۆم كردە پەرداخەوە، پاشان لەگەڵ چا تێكەڵم كرد.

**بەرگریكەر فۆن گۆردون:** خانمی شایەت، تێبینی ئەوەتكرد كە تۆمەتبار ویستبێتی بەزمانی ئەڵمانی بخوێنێ، (ڕاهێنان) حەل بكا لە زمانی ئەڵمانیدا؟

**شایەت:** بەڵێ.

**بەرگریكەر فۆن گۆردون:** ئایا لای تۆ وانەی خوێند.

**شایەت:** نەخێر، بەڵام وانەی دەخوێند، یان هیچ نەبێ دەیگوت وانەی هەیە.

**دواكاری گشتی:** كە تۆمەتبار گواستیەوە ماڵەكەت، دەمانچەكەی لابوو؟

**سەرۆك:** دەمانچەكەت بینی؟

**شایەت:** نەخێر.

**شارەزا لیبمان:** ئایا تۆمەتبار وا دەردەكەوت كە خەمباربێ یان هەست بەدڵتەنگی بكا؟

**سەرۆك:** ئایا شەرمن بوو؟

**شایەت: بەڵێ، بەڵێ شەرمن بوو (بزەیەك دەیگرێ) هەمیشە بیرم دەكردەوە كە ئەم لاوە زۆر شەرمنە.**

**سەرۆك: شایەت خانم شتلباوم، ئایا كە تۆمەتبار لات نیشتەجێبوو، دەمانچەت لا بینی؟**

**شایەت شتلباوم: نەخێر.**

**سەرۆك: نەشتدەزانی كە دەمانچەكە لەجانتاكەدایە؟**

**شایەت شتلباوم: نەخێر.**

**سەرۆك: ئایا تۆمەتبار جانتای زۆرە؟**

**شایەت شتلباوم: نەخێر یەك جانتای هەیەو هەمیشە بەكراوەییش بەجێیدەهێشت.**

**سەرۆك: ئایا هیچ جارێك جانتاكەت كردەوە؟**

**شایەت شتلباوم: كرابوەوە، بەكراوەیی دەیخستە كەنتۆری جلو بەرگەكانی.**

**سەرۆك: ئەی تۆمەتبار، دەمانچەكەت لەكوێدا دەشاردەوە؟**

**تۆمەتبار: لەجانتاكەدا بوو.**

**سەرۆك: لای خانم شتلباومیش؟**

**تۆمەتبار: لەجانتاكەدا بوو.**

**شایەت شتلباوم: نەمبینی، ئەو تەنها جانتایەكی دەستیی بچووكی هەیە.**

**سەرۆك: ئەوەی سەرنج رادەكێشێ ئەوەیە كەتۆ چەند جارێك تەماشای ناو جانتاكەت كرد، كەچی دەمانچەكەت نەدی.**

**شایەت شتلباوم: راست نیە، كە من چەندجارێ تەماشای ناو جانتاكەم كردبێ.**

سەرۆك: خانم تۆ كە شایەتی دەدەیت سوێندت خواردووە ئایا بۆ جارێكیش دەمانچەكەت نەدی؟

شایەت شتلباوم: نەخێر بۆ یەكجاریش.

هیچ پرسیاری دیكە نیـە لەهـەردوو شـایەت خـانم شـتلباومو خـانم دیتمـان بكرێ.

## (شایەت وەستای هونەری خانم لولا بایلنسون لەبەرلینەوە. تەمەن (٢١) ساڵ)

## (دوای سوێند خواردن)

سەرۆك: وانەی زمانی ئەڵمانیت بە تۆمەتبار گوتوە؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: دەتوانی تۆزێ باسی بكەی بۆمان، كەسێكی چۆن بوو؟

شایەت: لە (١٨) ی كانوونی دووەمەوە دەرسم پێـی گوتـوە، سـەرەتا زۆر بـاش فێر دەبوو، بەڵام دوای ئەوە زەینی تێك چوو پەرتو بڵاوبوو.

سەرۆك: ئایا بەتۆی گوت نەخۆشەو دەچێتە لای نوژدار؟

شـایەت: دواتـر پێـی گـوتم، كـە لای پرۆفیسـۆر كاسـیرەر بـووەو ئـەویش دەرمـانی داوەتـێو تووشـی زەحمـەتی دێ لەخوێندنـدا. جارێكیـان لەیـەكێ لەوانەكاندا بۆم دەركەوت، كە لەپڕ چیدیكە نەیدەتوانی بخوێنێتـەوەو نەشـی دەزانی چی نووسیوە، دیاربوو نەخۆش بوو. پێمگوت بەردەوام بوون لەوانەكە كەڵكی نییە، ئیتر وانەكەمان راگرت.

سەرۆك: بەبۆچوونی تۆ ئەوە كەیبوو؟

شایەت: نزیكەی لەشوباتدابوو.

**سەرۆك:** له (١٨) كانوونی دووەم دەستی پێكرد، ئەی كەی وازی هێنا؟

**شایەت:** نزیكەی (٢٠) ی شوبات بوو، بەهەرحاڵ لەنیوەی دووەمی مانگی شوباتدا بوو.

**سەرۆك:** هاتەوە بۆ ئەوەی دووبارە دەست پێ بكاتەوە؟

**شایەت:** نەخێر، لەدواییدا جارێكیان هاتو گوتی تەندروستیی خراپە. مرۆڤ دەیتوانی بەجۆرێك لەجۆرەكان ئازارە دەروونییەكانی ببینێ. هەمیشە خەم بەدەمو چاویەوە دیاربوو.

**سەرۆك:** ئایا هۆی ئەو خەمبارییەی دركاند؟

**شایەت:** تەنیا یەك جار، كە دەربارەی نیشتمانەكەی پرسیارم لێیكرد. لێرەدا وەڵامی دامەوەو گوتی ئیدی نیشتمانی نیەو هەموو كەسو كاری كوژراون. سەدای خەمو ئازار ئەوەندە دیارو گەورە بوو لەوەڵامەكەیدا كە من چیتر حەزم نەكرد بەردەوام بم لەپرسیاركردندا.

**سەرۆك:** چیتر پرسیارت لێینەكرد؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا دوای ئەوە جارێكی دیكە چاوت پێیكەوتەوە؟

**شایەت:** بەڵێ له (٢٧) یان (٢٨) ی شوبات جارێكی دیكە هاتە ماڵەكەم.

**سەرۆك:** له خوێندندا چۆن بوو؟

**شایەت:** سەرەتا زۆر باش فێردەبوو، بەڵام لەو ماوەیەی دواییدا زەینی پەرتو بڵاوبوو. پێشی دەگوتم من هیچ تێناگەم.

**سەرۆك:** ئایا لەوانەیە وانەكان لەسەرەتای ئاداردا راگیرابن؟

**شایەت:** بەڵێ.

سەرۆك: رەنگە ماوەیەكی كەم پێش (٥) ی ئـادار، ئـەویش دوای ئـەوەی كـە ماڵەكەی گواستەوە.

شـایەت: لـە خـانووە تازەكەیـەوە نەدەهاتـە وانـە خوێنـدن، تـەنیا كـە لـە شەقامی ئۆگوسبورگ بوو دەهات.

سـەرۆك: پێدەچـێ شـتێ هـەبووبێ وای لـێ كردبـێ لـەپڕ ماڵەكـەی بگوازێتەوەو لەلاییێكی دیكەشەوە واز لە خوێندنیش بێنێ.

شـایەت: مـن بەپێویسـت وای بۆناچـم. لـەئادارەدا، پـێش تاوانەكـە بـە هەفتەیەك، بەتەواوەتی كاتەكەش نازانم، تەلەفۆنی لەگەڵ كردمو پێی گـوتم ماڵەكـەی گواسـتۆتەوەو دەیـەوێ سـەرلەنوێ، هەركـە تەندروسـتی بـاش بـوو، دەست بە وانەكانی بكاتەوە.

سەرۆك: كەواتە لەكۆتایی شوباتدا وازی لە خوێندن هێنا؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: ئەی تۆمەتبار كە وازت لە خوێندن هێنا لەبەر ئەو خەوەبوو، كـە بینیت یان باری تەندروستیت هۆی وازهێنانەكەت بوو؟

تۆمەتبار: نەخۆشو لاواز بووم، بۆیە وازم لەخوێندن هێنا. كـە ماڵەكەشـم گواستەوە بەتەلەفۆن پەیوەندیم كردو گوتم كە تەندروستیم باش بوو دەست بە خوێندن دەكەمەوە.

سەرۆك: كەواتە وازهێنان لە خوێندن پەیوەندیی بەخەونەكەوە نەبوو؟

تۆمەتبار: هۆیەكە تەنها باری تەندروستیم بوو.

سـەرۆك: كەواتـە لـەو ماوەیـەی كـە لای خـانم دیتمـان نیشـتەجێبوویت هەستت بەبێزاری دەكرد ؟

تۆمەتبار: بۆچی دەبێ هەست بەبێزاری بكەم.

**سەرۆك:** چونكە وانەت نەدەخوێند؟

**تۆمەتبار:** وانەكان  بۆ من مایەی خۆشی نەبوون.

**سەرۆك:** بەڵام ئەگەر بچوبایتایە بۆ وانە خوێندن شتێكت دەبوو خۆتی پێوە بخافڵێنی، دەمەوێ بزانم كە لەو ماوەیەی لەماڵی خاتو دیتمان بوویت چیت دەكرد؟

**تۆمەتبار:** زۆربەی جار سەردانی هاووڵاتییانی خۆمم دەكرد.

**سەرۆك:** ئەی هەوڵت نەدا خوێندنی زمانی ئەڵمانی تەواو بكەیت؟

تۆمەتبار: بەیانیان، كە لەخەو هەڵدەستام، لە كتێبەكەی خۆم دەخوێندو خۆم رادەهێنا.

**سەرۆك:** ئایا كتێبی خوێندنەوە بوو؟ هیچ كتێبی دیكەی ئەڵمانیت لەلابوو؟

**تۆمەتبار:** لەم كتێبە زیاتر چی دیكەم نەبوو.

**بەرگریكەر فون گۆردون:** ئایا تا ئەو رادەیە فێری ئەڵمانی بوویت بۆ نموونە بتوانی بەڵگەكانی ئەم داوایە بخوێنیتەوەو لێیتێبگەی، ئەگەر بەخۆماندووكردنیش بێ؟

**تۆمەتبار:** زەحمەتە ئەوەی بە دەستخەت نووسراوە بخوێنمەوە، بەڵام ئەوەی نووسینی تایپ یان چاپخانە بێت ئەوە بەئاسانی دەتوانم بخوێنمەوە.

(پرسیاری دیكە نییە لەشایەت خانم بایلنسون بكرێ).

## (شایەت ئیدوارد ئابیلیان، سکرتێری کونسوڵی گشتیی ئەرمەنی، بەرلین. تەمەن (٢٣)ساڵ، سەر بە کەنیسەی گریگۆری ئەرمەنییە)

## (دوای سوێند خواردن)

**سەرۆك:** لەگەڵ تۆمەتبار لەماڵی خانم شتلباوم لە جادەی ئۆگوسبورگ پێکەوە دەژیان‌و برادەریشت بوو؟

**شایەت:** بەڵێ. من پێش ساڵێك بەهۆی برادەرێکەوە لەمانگی کانوونی یەکەمدا ناسیم. بەمنی ناساندو لێی پرسیم ئایا ئەتوانم لەو شوێنەی کە خۆمی تیا نیشتەجێم خانووی بۆ دابین بکەم، چونکە ئەویش ئەرمەنیەو ئەڵمانیش نازانێ‌و دەشیەوێ تێکەڵ بە ئەرمەنەکان بێ. ئیتر منیش لەگەڵ خاوەن ژوورەکەم قسەم کرد، ئەویش گوتی ژوورێکم دەداتێ تا (١) ئایار، هەرچەندە ئەو ئەم ژورەی قەت بەکرێ نەدەدا. دوای ئەوەی رەزامەندیی ئەومان وەرگرت تۆمەتبار گواستیەوە ماڵەکە.

گواستنەوەکە کەوتە پێش جەژنی لەدایکبوون، لەمانگی کانوونی یەکەمدا. من مەشقی سەمام دەکرد لای مامۆستای سەما فردریش، ئیشەکەم وا رێك خست، کە تهلیریانیش لەگەڵما بێ بۆ وانەکانی سەما. خولەکە لەتشرینی دووەمدا دەستی پێکرد. خولەکە درەنگ دەستی پێکرد. هەموو رۆژانی سێ شەممەو هەینی‌و یەکشەممە، من‌و ئیفتیان‌و تهلیریان دەچووین. خولێکی تایبەت بوو نزیکەی سێ مانگی دەخایاند.

**سەرۆك:** جگە لەوە چیت دەکرد؟ تۆ خۆت سەرقاڵی ئیشەکەت بوویت لەکونسوڵخانە؟ ئایا هەموو رۆژێ دەردەچویت؟

**شایەت:** ئێواران.

**سەرۆك:** ئایا هەموو رۆژێ لەگەڵ تۆمەتباردا بوویت؟

**شایەت:** ئێمە بەیەکەوە دەژیاین. رۆژێکیان کە لەگەڵی بووم پێیگوتم: دەیەوێ بخوێنێو ببێ بە ئەندازیار. زۆر گوێم بەو قسەیە نەدا. جارێکیان لەکاتی وانەی سەمادا کەوتە سەر زەوی، پارمەتیم داو تۆزێ هاتەوە سەرخۆی. فێیەکە (٥-١٠) دەقیقەی خایاند، دوای ئەوە هاتەوە هۆش خۆیو ویستی بڕواتەوە بۆ ماڵ.

**سەرۆك:** ئەی دوای ئەوە لەوجۆرە (فێ) یەی تووش بوەوە؟

**شایەت:** بەڵێ، پاشان چووە لای بەڕێز دوکتۆر هاکە بۆ چارەسەر. ئیتر دوای ئەوە چی روویدا نازانم، چونکە من لەوێ نەبووم.

**سەرۆك:** ئایا جاری دیکە نەتدی فێی لێ بێتەوە، جگە لەو جارەی وانەی سەماکە؟

**شایەت:** چەند جارێ لەماڵ تووشی بوو، جارێکیان لەسەر پلیکانەکان، بەڵام ئەو جارە من لەوێ نەبووم، ئەو خۆی بۆی باسکردم.

**سەرۆك:** ئایا سەرئێشەی هەبوو؟

**شایەت:** بەڵێ دەیگوت ژانە سەرم لەگەڵدایەو برینێك لەسەریدا هەیە، ناتوانم دەست نیشانی بکەم ئەوە کەی بوو، نزیکەی لەمانگی کانوونی دووەمدا بوو، ئەمە پێش فێیەکەی وانەی سەماکە بوو.

**سەرۆك:** تۆمەتبار چی دەکرد، خەریکی وانەی زمان بوو؟ پاشان لەناوەڕاستی کانوونی دووەمەوە تا شوبات دەستیکرد بەوانە خوێندن لای خانم بایلنسون، چەند جار لەهەفتەیەکدا؟

**شایەت:** وابزانم سێ جار لە هەفتەیەکدا.

**سەرۆك:** جگەلەوە، لەماڵیشەوە دەیخوێند؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: هیچ دیاردەی دیكەی نەخۆشیت پێوەدی، وەك بارگرژی یان بێ ئاگایی؟

شایەت: بەڵێ، كە یەكێ قسەی لەگەڵدا دەكرد زۆر هەستیاربوو. كە دەربارەی شتێ دەمگوت "بەڵێ" لەكاتێكدا مەبەست "نا" بوو، ئیدی میزاجی تێكدەچوو، بەڵام سەرەڕای ئەمە ئێمە لەناوخۆماندا زۆر ڕێك بووین.

سەرۆك: هیچ دەربارەی ژیانی پێشووی دەزانی؟ ئایا باسی هیچی بۆ كردی دەربارەی ژیانی لە رابردوودا؟

شایەت: بەڵێ پێیگوتم خێزانەكەی لەدەست داوە.

سەرۆك: كەی ئەوەی پێگوتی؟

شایەت: لەڕاستیدا ماوەیەكی زۆرە، ناتوانم بەتەواوەتی بڵێم كەی بوو.

سەرۆك: ئایا باسی ئەوەتان كرد كە كێ خێزانەكەی لەناوبردووە؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئایا باسی بوونی تەڵعەتتان لە بەرلین كرد؟ كە دەبێ شتێكیشی لەدژ بكرێ؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئایا پێشتر ئاگاداری كردیتەوە، كە دەیەوێ لەماڵی خانم دیتمان بگوێزێتەوە؟

شایەت: نەخێر، ئاگاداری نەكردمەوە بۆ كوێ دەگوازێتەوە. بەڵام رۆژێكیان گوتی، كە دەبێ بەخانم شتلباوم بڵێم، كە دەیەوێ بگوازێتەوە، چونكە نوژدار پێی گوتووە گڵۆپی غاز زیان بە تەندروستیی دەگەیەنێ.

**سەرۆك:** كەواتە لای تۆش بـۆ گواسـتنەوە هـەمان پاسـاوی لەبەرچـاوگرتنی باری تەنـدروستیی هێنایەوە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا پێیگوتی كە ماڵێكی لەجادەی هاردنبرگ دۆزیوەتەوە؟

**شـایەت:** نـا، نەمـدەزانی لـەكوێ بـوو، لەوكاتـەدا پەیوەنـدیمان وەك جـاران نەمابوو.

**سەرۆك:** ئایا برادەری دیكەی هەبوو؟ كەسێكی دیكە سـەردانی دەكـرد وەك بەڕێز ئیفتیان بۆ نموونە؟

**شایەت:** بەڵێ ئێمە هەرسێكمان زۆربەی كات یەكترمان دەدیت.

**سەرۆك:** لەو ماوەیەی دواییدا ساردی كەوتە نێوانتانەوە؟

شایەت: بەڵێ.

**ســـەرۆك:** ئایـــا پـــێش ئـــەوەی بگوازێتـــەوە بەماوەیـــەكی كـــەم هـــیچ گۆڕانكارییەكت لەژیانو كەسایەتییدا هەست پێنەكرد؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** كە پێیگوتی دەیەوێ بگوازێتەوە، هیچ شتێكت هەسـت پـێ نـەكرد كە پەیوەندیی بەو بابەتەوە هەبێت؟

**شایەت:** لێم پرسی بۆ دەیەوێ بگوازێتەوە؟

**سەرۆك:** لێرەدا وەڵامی دایتەوە، بەهۆی باری تەندروستیی؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا دەتزانی، كە تۆمەتبار دەمانچەی هەیە؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** جانتای هەبوو.

شايەت: بەڵێ.

سەرۆك: ئایا سەیری ناو جانتاكەت نەكرد؟ ئەی رەنگ نیە دەمانچەكەی پێبووبێ لەوكاتەوەی كە لەجادەی ئۆگوسبورگدا نیشتەجێبوو لەجانتاكەشیدا بووبێ؟

شایەت: ئاگام لێی نییە.

سەرۆك: هیچ باسی ئەوەی نەكرد كەنیازی وایە تەڵعەت بكوژێ.

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئەی پێی نەگووتی، كە تەڵعەتی لەجادە بینیوە؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: بەڵام ئێوە زۆربەی كات بەیەكەوە بوون؟

شایەت: من بۆخۆم مەسەلەكەم بەلاوە سەیر بوو، بەڵام ئێمە دەربارەی سیاسەت قسەمان نەدەكرد.

سەرۆك: مەبەستم ئەوەیە بۆ ئەمە پێویست ناكا مرۆڤ سیاسی بێ. ئایا زانیت تەڵعەت پاشا لەجادەی هاردنبرگ نیشتەجێیە؟

شایەت: نەخێر، جگە لەوەش تهلیریان ناوی تەڵعەتی نەهێنا.

سەرۆك: قەت هیچی دەربارەی تەڵعەت پێنەگوتی؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: ئایا تۆمەتبار جگە لەتۆ پەیوەندیی لەگەڵ خەڵكی دیكەدا هەبوو، لەگەڵ ئیفتیانو ترزیباشیان.

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: نازانی چۆن تۆمەتبار بیری لەئیشەكەی كردەوەو لەتاوانەكەش، ناشزانی چۆن روویدا؟

**شایەت:** نەخێر.

**بەرگریکەر فون گۆردوون:** ئایا بەوەت زانیبوو کە تۆمەتبار لە جادەی قودس فێی لێهاتبوو؟

**شایەت:** بەڵێ.

**بەرگریکەر فون گۆردوون:** کەی بوو؟ لە کانوونی یەکەم یان دووەم، لەپێش یان دوای بەسەرهاتەکەی وانەی سەما؟

**شایەت:** لەوانەیە لە کانوونی دووەمدا بووبێ.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا تهلیریان ئەوەی پێگوتی؟

**شایەت:** بەڵێ.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا ئەمە نەریتە لەنێوان ئەرمەنیەکاندا کە قەت باسی ئەو قەسابخانە ترسناکانە نەکەن، کە دژی گەلی ئەرمەنی کراوە، یان زۆر کەم باسی ئەم بابەتە دەکەن؟

**شایەت:** باسی بابەتەکە دەکەن، بەڵام نەك زۆربەی کات.

**سەرۆك:** ئەم مەسەلانە ماوەیەکی زۆریان بەسەردا تێپەڕیوە.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** لەنێوان خۆتانا باسی چیتان دەکەن، ئەمڕۆ کە باسی ئەو قەسابخانانە دەکەن چی دەڵێن؟

**شایەت:** باسی ئەو هەموو ئێش و ئازارە ئەکەین، کە لەوڵاتەکەماندا روویاندا.

**سەرۆك:** بەڵام نەتزانی تەڵعەت لێرەیە، تۆمەتباریش باسی ئەم مەسەلەیەی نەکرد؟

**شایەت:** نەخێر، لەم بارەوە قەت قسەم لەگەڵدا نەکرد.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** کە تۆمەتبار پێیگوتی دەیەوێ بگوازێتەوە، لەوکاتەدا ژورە تازەکەی بەکرێ گرتبوو؟ ئایا لە قسەکانیەوە ئەمەت بۆ دەرکەوت؟ یان پێش ئەو کاتە تۆمەتبار گوتی نیازی ماڵ گواستنەوەی هەیە؟

**شایەت:** گوتی: رۆژی شەممە ئەگوازمەوە.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** بەڵام پێینەگوتی، بۆیە دەگوازێتەوە چونکە ئاسوودە نییە؟

**شایەت:** نەخێر ئەوەی نەگوت.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا ئەوسا هەستت نەدەکرد، کە ماڵێکی دیکەی هەیە؟ ئەگەرنا نەیدەگوت تا شەممە دەگوازێتەوە، ئاوای گوت، وانیە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** خانم دیتمان، کە تۆمەتبار ژوورەکەی لا بەکرێ گرتی، ژورەکە چۆڵ نەبوو؟ ئایا هەر ئەورۆژە گواستیەوە یان دوای ئەوە بەچەند رۆژێ؟

**شایەت:** بەیانی رۆژی یەکشەممە، چەند رۆژێ پاش دەست پێکردنی گرێبەستەکە، سێ یان چوار رۆژ، چونکە لەوکاتەدا ژوورەکە چۆڵ نەبوو.

**سەرۆك:** (بۆ وەرگێڕ) بە تۆمەتبار بڵێ، کە بەڕێز ئابیلیان شایەتی ئەوەیدا کە بیستویەتی سێ جار فێت لێهاتووە، تۆش بەبەڕێز ئابیلیانت گوتوە، کە هۆی ماڵ گواستنەوەکەت لە شوێنەکەی جادەی ئۆگسبورگ بەهۆی باری تەندروستیتەوە بوو.

**(وەرگێڕدرا)**

**بەرگریکەر فون گۆردون:** چەند کەس بەشداربوون لەخولی سەمادا؟

**شایەت:** ئابیلیان نزیکەی (٦٠-٧٠) کەس.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا هەوڵیدەدا لەگەڵ ژنە گەنجەکاندا قسە بکات؟ ئایا لەوانەکاندا شەرمن‌و لەسەرخۆ بوو، یان بوێر بوو؟

**شایەت:** بەشێوەیەکی گشتی بوێرنەبوو، ژنێکی دیاریکریکراو دۆستی نەبوو، بەڵکو لەگەڵ کچانی جیاجیادا سەمای دەکرد، هەوڵیدەدا قسەیان لەگەڵدا بکات، چونکە لەو باوەڕەدابوو لەو ڕێگەیەوە دەتوانێت فێری زمانی ئەڵمانی ببێت.

**شارەزا لیبمان:** ئایا بەلای تۆوە مرۆڤێکی داخراو نەبوو؟

**شایەت:** بێگومان زۆر داخراو بوو، وەك کەسێکی دیکە دڵخۆش‌و ئازاد نەبوو.

**شارەزا لیبمان:** ئەوەی سەرنج رادەکێشێ ئەوەیە، کە دەڵێیت ئێوە باسی قەسابخانەکانتان نەدەکرد، لەکاتێکدا ئەو خۆی زۆر بەو مەسەلەیەوە دەتلایەوە، کەچی قەت باسیشی نەدەکرد.

**شایەت:** جارێکیان قسەمان دەکرد بەیەکەوە هەندێ بڕگەم بۆ خوێندەوە لە کتێبەکەی دوکتۆر لیبسیوس دەربارەی ئەرمەن یەکسەر کتێبەکەی لەدەست دەرهێنام‌و گوتی: تکایە واز لەوە بێنە نامانەوێ برینە کۆنەکان بکولێنینەوە.

**شارەزا لیبمان:** کەواتە لەبابەتەکە رایدەکردو نەیدەویست بەبیری بێتەوە؟

**شایەت:** کتێبەکەی لێ وەرگرتم‌و گوتی: کتێبەکە لابدە بێ با تۆزێ دڵی خۆمان خۆش بکەین.

**شارەزا کاسیرەر:** ئایا شایەت دەیزانی کە لەوانەی سەمادا فێی لێهات هۆیەکی تایبەت لەپشت ئەو مەسەلەیەوە بوو؟

**شایەت:** نەخێر، تەنها ئەوەندەی پێ گوتم، کە نەخۆشەو دەبێ بڕۆین.

**شارەزا کاسیرەر:** ئایا کە فێی لێدەهات لەگەڵیدا هاواری دەکرد یان دەگریا، ئایا کە دەگریا وشەی لەگەڵدا دەگوت کەلێی تێ بگەی؟

**شایەت:** نەخێر، گریان بوو، نەك هاواری بەرز.

**شارەزا کاسیرەر:** ئایا لەکاتی فێ لێهاتندا تۆمەتبار دەلەرزی؟

**شایەت:** بەڵێ، کەفیش لە دەمیەوە دەردەچوو.

**شارەزا کاسیرەر:** کەفەکە ڕەنگاو ڕەنگ بوو؟

**شایەت:** نەخێر.

**شارەزا کاسیرەر:** ئایا لەرزینەکە بەیەك شێوە بەردەوام بوو؟

**شایەت:** نزیکەی دە دەقیقە.

**شارەزا کاسیرەر:** دوای ئەوە یەکسەر هاتەوە هۆشخۆی؟

**شایەت:** بەڵێ.

**شارەزا فورستر:** گوتت هیچ هۆیەك نەبوو ببێتە هۆی فێلێهاتنەکەی، ئەی نابێ تۆمەتبار پێش ئەوە بە ماوەیەکی کەم قەسابخانەکەی بیرکەوتبێتەوە، بێ ئەوەی تۆ پێی بزانی؟

**سەرۆك:** فێلێهاتنەکە چەند جارێ دووبارەبووەوە.

**شارەزا کاسیرەر:** شایەت دەڵێ هۆیەکەی نازانێ، بەڵام ئایا ناکرێ بڵێین هۆیەکی دیاریکراو هەبووە. ئایا ناکرێ بڵێین لەوانەیە پێش ئەوە بە ماوەیەکی کورت تۆمەتبار تەرمەکانی لەپێش چاوی خۆی دیبێ ئەمەش قەسابخانەکەی بیر خستبێتەوە؟ ئایا هیچ لەم بارەوە دەزانی؟

**شایەت:** نا، بەڵام ئەو هەمیشە دەیگوت، کە حاڵەتەکەم دەست پێدەکات لەپێشا بۆنێك ئەکەم، پاشان ئەکەوم.

**شارەزا شتورمر:** دەمەوێ بیرت بخەمەوە کە تۆ لە کونسولگەری ئەرمەنی بەمنت گوت، فێکە بە هاوارێکی بەرز دەست پێدەکات؟

**شایەت:** ناتوانم بڵێم هاوارو گریان بوو، بەهەرحاڵ ئەو لەپێشدا هەرچییەکی لەدەوربێ دەستی پێوەدەگرێ پاشان دەکەوێتە سەر زەوی. لەوەش زیاتر ناتوانم چیدیکە بڵێم.

## (شایەت لیسون ئیفتیان. لە بەرلینەوە. تەمەن (٢١) ساڵ. سەربە کەنیسەی گریگۆری ئەرمەنیە)
## (دوای سوێندخواردن)

**سەرۆك:** کەی لەپاریسەوە هاتیتە بەرلین؟

**شایەت:** لە شوباتی (١٩٢٠) .

**سەرۆك:** ئایا زۆربەی کات لای خزمەکانت مایتەوە؟

**شایەت:** لای زاواکەم تیرزیباشیان، کە لەجادەی ئورانیان (٧٥) دەژی.

**سەرۆك:** ئایا لەوێ دوکانی جگەرە فرۆشی هەیە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ژنەکەشی، خوشکەکەت، لەوێ دەژی؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا خوشکەکەشت خەڵکی ئارزینجیانە؟

**شایەت:** نەخێر خەڵکی ئەرزرومە.

**سەرۆك:** ئایا راستە، کە تۆ لە بەرلین زۆرجار چاوت بە تۆمەتبار دەکەوت؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئايا لەگەڵی دەچوويتە خولی سەما لای مامۆستای سەما فريدريش؟

**شايەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** لە شوققەكەی لەجادەی ئۆگوسبورگ سەرت لێدەدا؟

**شايەت:** دوو يان سێ جار.

**سەرۆك:** ئايا تۆمەتبار سەردانی خزمەكانتی لەجادەی ئورانيان كرد؟

**شايەت:** نزيكەی هەفتەی جارێ دەهات.

**سەرۆك:** ئايا لەوێ لەگەڵ خزمەكانت قسەی دەكرد؟

**شايەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئايا هيچ تێبينی ئەوەت كرد، كە فێی هەيە يان نەخۆشی ديكە؟

**شايەت:** هەميشە دەيگوت نەخۆشييەكی دەماريی هەيە، هەميشەش خەمبار دەهاتە پێشچاو.

**سەرۆك:** لەچی سكاڵای دەكرد، نەخۆشيەكەی چۆن لێی بەدياردەكەوت، ئايا مرۆڤ سەيری دەموچاوی بكردايە هەستی دەكرد، كە زەينی پەرتەو دڵتەنگو خەمبارە؟

**شايەت:** خەمبار بوو.

**سەرۆك:** ئايا لە خولی سەمادا جاروبار كەيف خۆش نەدەبوون؟

**شايەت:** لەبەرئەوە لەگەڵ خۆمان دەمبردە خولی سەما، جگەلەوەش هەلی ئەوەی بۆ دەڕەخسا فێری زمانی ئەڵمانی بێت

**سەرۆك:** بۆچی خەمبار بوو، ئايا ئەمە سروشتی خۆی بوو؟

**شايەت:** بەڵێ.

سەرۆك: ئایا هیچ قسەت لەگەڵدا كرد دەربارەی رابردووە قورسەكانی، دەربارەی لەدەستدانی خێزانو براو خوشكانیو دەربارەی قەسابخانەكەش؟

شایەت: خوشكەكەم هەمیشە دەیویست ئەو باسە بكاتەوە، بەلأم ئەم نەیدەویست.

سەرۆك: كەی خوشكەكەت هاتەوە؟

شایەت: پێش ساڵێك.

سەرۆك: تۆ بەهۆی قەسابخانەكەوە ژمارەیەكی زۆری خزموكەسانت لەدەست چوو؟

شایەت: كەسو كاری منیش لە قەسابخانەكەدا كوژران. من ئەرزرومم ساڵی (١٩١٢) بەجێهێشتو چوومە ئەستەنبوڵ، لەوێ تا ساڵی (١٩١٥) مامەوەو لە قوتابخانە دەمخوێند، پاشان شەڕ بەرپابوو، ئیتر نەمتوانی بگەڕێمەوە ماڵەوە، بەلأم دەنگو باسی راگواستن گەیشتە لامان، پاشان زانیم كە خێزانو كەسوكارم كوژراون، تەنها خوشكێكمو دوو برام رزگاریان ببوو.

سەرۆك: كەسوكارەكەت لەكامە قەسابخانەدا كوژران؟

شایەت: لە ئەرزروم.

سەرۆك: ئەوە بەتەواوەتی كەی روویدا؟

شایەت: لەنێوان ساڵانی (١٩١٥-١٩١٦)، مێژووەكە بەتەواوی نازانم.

سەرۆك: لە براكانتو خوشكەكەت ئەوەت بیست؟

شایەت: خوشكەكەم زۆر بەوردی ئەوە دەزانێ، چونكە لە ئەرزروم بوو.

سەرۆك: ئایا هیچ دەربارەی نەخۆشیەكەی تۆمەتبارو ئەو جارانەی فێی لێدەهات دەزانی؟

شایەت: بیستم، بەلأم بەچاوی خۆم نەمدی، بیستیشم كە .....

**سەرۆك:** ئایا هیچ حاڵەتی دیکەت تێبینی کرد جگە لەوەی وانەی سەماکە؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا خۆی پێیگوتی کە زۆر جار تووشی ئەو فێیە دەبێ؟

**شایەت:** بەڵێ، گوتی هەست بەلاوازی دەکا، شتی دیکەشم لێی بیست دەربارەی فێ لێهاتنەکەیو ئەوەش کە لەجادەکە روویدابوو، کەوتبووەسەر زەویش.

**سەرۆك:** ئایا ئەوەشت زانی کە دەیەوێ لەماڵی خانم شتلباوم بگوێزێتەوە؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا گواستنەوەکەی بۆ تۆ کتوپڕبوو؟ ئەو لەگەڵ هاووڵاتییەکەی تۆ ئابیلیاندا دەژیا؟

**شایەت:** گوتی دەیەوێ بگوازێتەوە، چونکە گڵۆپی کارەبایی تێدانییە.

**سەرۆك:** کەی ئەوەی بەتۆ گوت؟ لەبیرت ماوە؟

**شایەت:** پێش گواستنەوەی بەماوەیەکی کەم.

**سەرۆك:** دوایی یەکسەر گواستیەوە؟

**شایەت:** دوای مانگێ.

**سەرۆك:** سەرەتای ئادار گواستیەوە جادەی هاردنبرگ. کەی ئەم بابەتەی بۆ باسکردی؟

**شایەت:** سەرەتای شوبات.

**سەرۆك:** کە دەیەوێ بگوازێتەوە؟

**شایەت:** گوتی دەیەوێ بگوازێتەوە.

**سەرۆك:** هیچ شتێ دەربارەی تاوانەکە دەزانی؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا دەتزانی تەڵعەت پاشا لە بەرلینە؟

**شایەت:** هیچم لەمبارەوە نەدەزانی.

**سەرۆك:** هەرچەندە تۆ خۆت بەمەت نەزانیبێ، بەڵام دەبێ دەنگۆیەکت لەبارەیەوە بیستبێ؟

**شایەت:** لە ئەستەنبووڵ وایان دەگوت.

**سەرۆك:** لەکۆتایی کانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٠) لە پاریسەوە هاتیتە بەرلینو بەردەوام تیایدا مایتەوە؟

**شایەت:** لەساڵی (١٩١٨) دەگوترا ئاگربەست هەیەو تەڵعەت پاشا لە بەرلینە، بەڵام مرۆڤ بەتەواوەتی نەیدەزانی.

**سەرۆك:** (بۆ وەرگێڕەکە) بەتۆمەتبار بڵێ شایەت گوتی ئەو خۆی هیچ جارێ نەیبینیوە فێی لێهاتبێ‌و تۆمەتبار هەفتەی جارێك سەری لێدەداو بەشێوەیەکی گشتی باسی قەسابخانەکانیان نەکردووە.(وەرگێڕدرا).

**بەرگریکەر فون گۆردون:** (بۆ شایەت): ئایا خەڵك لای ئێوە وەك بەرپرسی یەکەمی قەسابخانەکانی ئەرمەن تەماشای تەڵعەت پاشا دەکەن؟ من تێناگەم بۆچی هیچ ئەرمەنییەك لێرە گوێ نادا بەوەی وردترین زانیاری بزانێ دەربارەی ئەو کەسەی بەیەکەم بەرپرسی ئەو قەسابخانانەی دەزانن، کە لە بەرلین دەژی؟ ئایا کەس بایەخی بەم مەسەلەیە نەدەدا؟ دەبێ ئەمە بایەخێکی زۆری هەبێت لای ئێوە، ئایا هیچ دەنگۆیەك بەم دواییە بڵاوبوەوە، کە تەڵعەت پاشا لە بەرلینە؟ ئایا تەنها سەرچاوەی ئەو دەنگۆیانەی بیستت تەنها ئەو هەواڵانە بوو کە لە ئەستەنبوڵەوە دەهاتن؟

**شایەت:** من نەمدەزانی، کە تەڵعەت پاشا لەبەرلینە.

**تۆمەتبار:** من خۆشم ئەوەم نەدەزانی.

**سەرۆك:** بەڵام تۆ ئەی تۆمەتبار چاوت بە تەڵعەت کەوت؟

بۆچی ئەم هەواڵە گرنگەت بە هاوولاتییەکانت نەگوت.

**تۆمەتبار:** وامزانی گاڵتەم پێدەکەن؟

**سەرۆك:** لەبەرچی؟ ئەگەر هەموو کەس تەڵعەت پاشا بە هۆی کارەساتەکان بزانن؟

**شایەت:** تیرزیباشیان هەمیشە دەیویست دەربارەی ئەم بابەتە قسەبکا؟ بۆچی پێت نەگوت؟

**تۆمەتبار:** من لەم بارەیەوە قسەم نەکرد.

**سەرۆك:** بۆچی مەسەلەکەت هەر لای خۆت هێشتەوەو بەکەست نەگوت؟

**تۆمەتبار:** زۆرم لامەبەست نەبوو لەو بابەتەوە بدوێم.

**سەرۆك:** بەڵام ئێمە بایەخ بەبابەتەکە دەدەین.

**تۆمەتبار:** ئەگەر باسم بکردایە، پرسیاری زۆریان لێدەکردم.

**سەرۆك:** نەتدەویست هاوولاتییەکانت نیگەران بکەیتو بەلێشاو پرسیارت لێبکەن؟

**تۆمەتبار:** لەبارێکدابووم حەزم نەدەکرد قسە لەو بابەتە بکەم.

## (شایەت راوێژکاری دادو راوێژکار لای فەرمانگەی دادگا بەرێز شولتزە، بانگکرا)

**شایەت شولتزە:** ئایا هەرگیز جێی بایەخە ئەمرۆ بەرِوونی ئەوەی تۆمەتبار لەیەکەم ئیفادەیدا گووتی، دیاری بکرێ ؟ من پێشنیاردەکەم گوێ بەوە نەدرێ.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** بەرگری رازییە.

**داواكـاری گشـتی:** تكادەكـەم رێمبـدەن لەگـەڵ بـەڕێز راوێـژكار شـولتزە لێكۆڵینەوە بكەم.

## (دەستەی دادگا راوێژ بەیەكدی دەكەن و رازی دەبن)
## (شایەت راوێژكاری داد شولتزە، لە فەرمانگەی دادگای شارلوتنبورگ، تەمەن (٣٥) ساڵ. ئایین مەسیحی پرۆستانتی)
## (دوای سوێندخواردن)

**سـەرۆك:** تـۆ بـەرپرس بوویـت لـە ئیفـادەی یەكـەمی تۆمـەتبار تكادەكـەم راپۆرتێ لەوبارەیەوە بدەی.

**شـایەت:** ئـەو زانیارییانـەی تۆمـەتبار دای تاڕادەیـەك بەشـێوەیەكی بـاش لەبیرمە. دانی بەوەدانا، كە تەڵعەت پاشای بەئەنقەستو بەبڕیاری پێشوەخت كوشتووە. كە دەربارەی هۆیەكان پرسیارمان لێكرد وەڵامی دایەوە، كە تەڵعەت ئـەو كەسـە بـوو كـە هـۆی كـوژرانی خێزانەكـەیو گەلەكـەی، یـان بەشـێ لـە گەلەكـەی لـە ئـەرمینیا بـووە. لەبـەر ئـەم هۆیـە بڕیاریـدا تۆڵـەی گەلەكـەی بكاتەوەو هاتە ئێرە، بۆ ئەڵمانیا، وردتر بۆ بەرلین.

**سەرۆك:** كەی ئەو بڕیارەی دا؟

**شـایەت:** لـە وڵات. دەمانچـەی كـڕی، گـەڕا بـەدوای شـوێنی نیشـتەجێبوونی تەڵعەتـدا. كـە تـوانی بیدۆزێتـەوە شـوقەقەیێكی لـە بەرانبـەر ئـەو گـرت، تـاكو بتوانێ لەوێوە چاودێریی بكاو ئاگای لەجوڵەی تەڵعـەت بـێ. لەپەنجەرەكـەوە چاودێریی دەكرد، ئەو رۆژە كە تەڵعەتی بینـی لـەماڵ دەرچـوو، دەمانچـەكەی هـەڵگرتو دوای كـەوت. بـۆ ئـەوەی دڵنیـاش بـێ كـە هـیچ هەڵەیـەك لـە

مەسـەلەکەدا نییـە، سـەرەتا لەجادەکـە بـەلای تەڵعەتـدا تێپـەڕی، پاشـان بـە پێچـەوانەی ڕێـڕەوی ئـەو گەڕایـەوە، واتـە ڕووبـەڕووی تەڵعـەتو بـە وردی تەماشـای دەمو چـاوی کـرد، کـە دڵنیـا بـوو تەڵعەتـە، لـە دواوە گوللـەیێکی نـا بەسەرییەوە، ئەمە وتەکانی ئەو بوون.

**سـەرۆك:** ئایـا لـەکاتی لێکۆڵینـەوەدا هەوڵتانـدا هـیچ خـراپ تێگەیشـتنێك ڕوونەداو زۆر بەئاگاو وریاییەوە کارەکەتان کرد؟

**شایەت:** هەڵبەت.

**سەرۆك:** وەرگێڕ چی دەڵێ، ئایا ئەم شایەتییە ڕاستە؟

**وەرگێـڕ کالوسـدیان:** بـەڵی، بـەڵام تۆمـەتبار لـەو کاتـەدا لـەبارو دۆخێکـدا نەبوو، کە بتوانێ بیربکاتەوە.

**سەرۆك:** لێکۆڵینەوەکە لە (١٦) ی ئاداردا بوو؟

**وەرگێڕ کالوسدیان:** هێشتا سەری بەسترا بوو.

**سـەرۆك:** ئـەی راوێـژکار ئـەوەی گووتـت لەگـەڵ خاڵـە سـەرەکییەکانی مەحزەرەکەدا کە لە (١٦) ئاداردا تۆمارت کردبوو، ڕێك دێتەوە.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا تۆمەتبار لەوکاتەدا هێشتا تای هەبوو؟

**شایەت:** گوتی خەڵك برینداریان کردووەو برینێك لەسـەریدا هەیـە، بـەڵام بەتەواوی هێمن دەهاتە پێش چاو.

**سـەرۆك:** تـۆ لـە (١٦) ی ئـاداردا دانـت بـەوەدانا کـە لـەو مێـژووەدا لەساڵی (١٩١٥) کـە ناچـاربوویت لـە ئارزینجیـان رابکـەیت، بڕیـاری کوشـتنی تەڵعـەت پاشاتدا.

**تۆمەتبار:** بیرم نایێ وامگوتبێ.

**سەرۆك:** كەواتە، تۆ نەتدەویست گوزارشت لەوەبكەیت كە مەسەلەكە پەیوەندە بە پلانێكی درێژخایەنەوە؟

**تۆمەتبار:** نەخێر، چۆن توانیومە شتی وا بڵێم.

**سەرۆك:** بەڵام تۆ دەبێ ئەوەت گوتبێ، ئایا قسەكانت لەڕێی وەرگێڕەوە كردبوو؟

**تۆمەتبار:** دەشێ شتێكی لەو بابەتەم گوتبێ، چونكە سەرم بریندارو بەسترابوو.

**سەرۆك:** كەواتە تۆ مەبەستتە بڵێیت لەوانەیە ئەمە وابێ چونكە سەرت برینداربوو، بەڵام جیاوازییەكە زۆر گەورەیە، لەنێوان ئەوەی من پێش (١٤) رۆژ بڕیارێكم دابێو ئەوەی كە چەندین ساڵ بێت بڕیاری وام لەگەڵ خۆمدا دابێ، هەر بەو نیازەشەوە هاتبمە بەرلینو پێش چەند ساڵێك دەمانچەیەكم كڕیبێت. ئەم جیاوازییە زۆر گەورەیە. ئایا نەتدەزانی شایەتیەكەت چی دەگەیەنێ؟

**تۆمەتبار:** هیچ نازانم دەربارەی ئەوەی ئەو رۆژە گوتومە، زۆر بەسادەیی بۆ هەموو شتێ دەمگووت "بەڵێ".

**سەرۆك:** بەڕێز راوێژكار شولتزە، ئایا دەكرێت بڵێین تۆمەتبار بەم مانایە پرسیاری لێكراوە ئەویش بە "بەڵێ" وەڵامی دابێتەوە؟

**شایەت:** نا، نا، ئەو لەخۆیەوە ئەو شایەتیەیدا. ئەو بەمانای وشە دانی پێدانا كە شوفقەیەكی بەكرێ گرت بەرانبەرماڵەكەی تەلعەت پاشا بۆ ئەوەی بتوانێ چاودێریی بكاو خۆی لێ مەڵاس بدات.

**سەرۆك:** تۆمەتباریش ئەمڕۆ هەروا دەڵێ، بەڵام ئەو دان بەوەدا نانێ کە پلانێکی درێژخایەنی بۆ ئەم کارە دانابێتو چەند ساڵێکیش ئەو پلانەی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێت.

**شایەت:** ئەوکاتە تۆمەتبار گوتی ئەو لەلایەکەوە هاتۆتە ئێرە بۆ خوێندن، لەلایەکیدیکەشەوە لەپێناوی شکاندنی تینوێتی خۆی بۆ تۆڵەکردنەوە، ئەمەش لە کۆنووسەکەدا وشە بەوشە تۆمارکراوە.

**سەرۆك:** ئایا پێویست دەکا کۆنووسەکە بخوێنینەوە؟

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئەمە پێویست نیە. دەمەوێ پرسیار لەتۆمەتبار بکەم، ئایا ئەوسا کە لە ترۆپکی هەڵچووندابوو لەئەنجامی ئەوەی کە کردبوی گوتی "من کردم، بەڵێ من کردم، چونکە سوێندم خواردبوو کە بیکەم"، ئایا رەنگە هەست بەرەزامەندبوونت لەناخی خۆتدا، بەچەند دەستەواژەیەکی زێدەڕۆییانە دەربڕیبێو باسی رووداوەکەت کردبێو بۆ هەموو شتێکیش بە (بەڵێ) وەڵامت دابێتەوە.

**تۆمەتبار:** ئەوە نازانم.

**بەرگریکەر نیمایر:** لێکۆڵینەوەکە، وەك بزانم، لەڕێی وەرگێڕەوە بوو. ئەمجۆرە لێکۆڵینەوەیە بەتەکنیکی جیاجیا دەکرێت، بەڵام کە بوار بۆ تۆمەتبار برەخسێنرێت تا لەخۆیەوەو ئازادانە چی دەڵێ بیڵێت، پاشان وەرگێڕ ناوەرۆکی قسەکانی تۆمەتبار ئازادانە کورت دەکاتەوە. پاشانیش وەرگێڕ ئازادانە ئەوەی تۆمەتبار گوتویەتی کورتدەکاتەوە، یان مرۆڤ پرسیاری بەجیاو ورد دادەڕێژێت، وەرگێڕیش، بەهەمان دیاریکردنو وردی وەریدەگێڕێ، بەهەمان شێواز وەرگێڕ وەڵامەکانی تۆمەتبار سەبارەت بەپرسیارەکان وەردەگێڕێ ـ ئەمڕۆ نموونەیەکمان هەیە دەربارەی تەکنیکی

لێکۆڵینەوە لەڕێی وەرگێڕەوە. ئەمرۆ لێرە هەمووشتێ بەئاسانیو بەپەلە دەڕوا بەڕێوە لەبەر لێزانیی وەرگێڕەکە بەڕادەیەك مرۆڤ واهەستدەکا کەگوێی لەخودی تۆمەتبارە قسەدەکا. دەڵێی بەڕێز زاخاریانتسە وشەکان لەزاری تۆمەتبارەوە دەخوێنێتەوە، من تا ئەمرۆ بەدەگمەن شتی وام لای وەرگێڕەکان نەدیوە. زۆربەی کات وەرگێڕانەکە هەنگاو بەهەنگاو دەکرێتو لەسەرخۆو بەداڕشتنێکی زۆر ورد. حەزدەکەم گوێم لەو شێوازەبێ کە ئەو کاتە بەهۆی وەرگێڕەوە لێکۆڵینەوە کرا.

**شایەت:** وەك بیرم بێت لێگەڕام تۆمەتبار لەسەرخۆ قسەبکا داخۆ چۆن روداوەکە روویدا. پاشان لەوانەیە راستەوخۆ هەندێ پرسیاری تایبەتم کردبێ. کاروبارەکان بەشێوەیەکی گشتی ئاوها بەڕێوەچوون. ئێستا ناتوانم قسە لەوردەکارییەکان بکەم. بەهەرحاڵ هەلم بۆی رەخساند لەسەرخۆ قسەبکا. بەوەرگێڕم گوت دەبێ پرسیارەکانی لێبکاتو وەڵامەکانی تۆمەتباریش وەربگێڕێ، هەروەها پرسیارم لەبارەی پاڵپێوەنەرەکانیشەوە لێکرد.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا دەتوانم رێ بەخۆم بدەم پرسیارێ بکەم: ئایا وەرگێڕی بەڕێز زۆر هەڵچووبوو؟ رەنگە ئەوەت لەبیربێ؟

**شایەت:** وەرگێڕەکە لەڕووی شێوازی جێبەجێکردنی ئیشەکەی خۆیدا زۆر بەدڵمبوو.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا رای خۆی دەربارەی تۆمەتبار بەشێوەیەکی خوێن گەرمانە دەرنەبڕی؟ بڵێی بتوانی جارێکی دیکە ئەوە وەسف بکەی، ئەگەر بکرێ؟

**شایەت:** وەرگێڕ بەتەواوی لەسەرخۆ بوو، بەڵام لەگەڵ خۆیدا شیرینیو چوکلێتو شتی لەو بابەتەی هێنابوو بۆ تۆمەتبارو داوای لێکرد لێی بخوا، منیش پێمگوت: "ئەمە چییە، ئایا دەتەوێ شیرینی بدەیتە پیاوکوژیش؟". لێرەدا وەڵامی دامەوەو گوتی: دەڵێی پیاوکوژ؟ ئەمە پیاوێکی گەورەیەو هەمووومان پێی سەرسامین".

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئەم شایەتیە زۆر گرنگە !

**سەرۆك:** هێشتا لەشایەتەکان بەڕێز تیرزیباشیانو خانمەکەیو وەرگێڕەکانیشمان ماوە. با گوێ لەوتەکانیان بگرین. ئەوانە چوار شایەتن، ئەگەر بەرگری دەست لەئیفادەکانی دیکە هەڵبگرێ.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** بەداخەوەم کە ئەمڕۆ ناتوانم بڕیار لەسەر ئەم خاڵە بدەم. ئێمە وای دەبینین، لەبەر بەرژەوەندیی تۆمەتبار، ئەمە ناکرێ. سبەی بەیانی دەربارەی ئەم مەسەلەیە راوێژ دەکەین.

**شارەزا شتورمر:** کارتێکی بانگهێشتم لەلایەن جێگری سەرۆکی دەستەی نوژداریەوە بۆ هاتووە تیایدا بانگم دەکا بۆ کۆبونەوەیەك، کە بەیانی دەکرێت. تکادەکەم ئەمە لەبەرچاو بگیرێ. دەبێ بەیانی لەسەعات دەی تەواو لێرەوە بڕۆم، جگە لەوەش من نەخۆشی دەرچوونی دیسکی بڕبڕەی پشتم هەیە کە لەمکاتەدا زۆر ئازارم دەداو پێشتر چوومە لای نوژدار تا دەرزییەکم لێبداو ئازارم کەم ببێتەوە، کە ئەگەر وانەبوایە نەمدەتوانی ئەمڕۆ لە دانیشتنەکەدا ئامادەبم، ئامادەبوونم سبەی مسۆگەر نییە.

**سەرۆك:** پێشنیازدەکەم ئیفادەکانی دیکە دوابخرێن تاکو سەرنجی خۆمان دەربارەی قسەکانی چوار شایەتەکەی کۆتایی، گەڵاڵەدەکەین.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** دەبێ داواکاریی بەڵگەکانی سەلماندن لای خۆمان بپارێزین، ئەگەر بمانەوێ هەوڵ بدەین تەگەرە نەخەینەبەر کێشەکە بەتوخمی ناچارکەری دادوەرییەوە.

**بەرگریکەر نیمایر:** ناکرێ بەڕێز راوێژکاری نوژداری شتورمر پێش وەخت بەتەنیا راپۆرتێکی نوژداریی دوورو درێژ پێشکەش بکات. ئێمە دەتوانین رێبدەین تەنها راپۆرتە نوژدارییەکان بەشێوەیێکی پەیوەستو بەیەکەوە بەستراو بخرێنەڕوو، ئەمەش بۆ ئەوەیە کە بتوانین سەرنجێکی یەکگرتوومان دەربارەی جۆری بیرکردنەوەی پێنج شارەزاکان سەبارەت بەکەسایەتی تۆمەتبار هەبێت.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** لەبەرئەوە دەبێ چالاکتر بین، چونکە گومانی تیانیە کە شارەزا بەڕێزەکان راپۆرتی دورودرێژمان پێشکەش دەکەن.

**سەرۆك:** بەڕێز راوێژکاری نوژداری، ئایا دەکرێت ئەمە جێبەجێبکرێت؟

**دوکتۆر شتورمر:** تا لێرە دانیشتبم، ئەرکی خۆم جێبەجێ دەکەم. بۆ بەیانیش، نازانم ئایا باری تەندروستیم رێم دەدا بتوانم ئەوە بکەم.

لێرەدا دانیشتنەکە بۆماوەی نیوسەعات راگیرا.

**(دانیشتنەکە دوای نانخواردنی نیوەڕۆ دەستی پێکرایەوە)**

**(شایەتی وەرگێڕ، ڤاهان زاخاریانتس لەبەرلینەوە ـ فلمر سدروف، تەمەن (٣٣) ساڵ. سەر بەکەنیسەی گریگۆری ئەرمەنیە، هیچ خزمایەتی و ژن و ژن خوازیی لەگەڵ تۆمەتباردا نییە).**

**(دوای سوێندخواردن)**

سەرۆك: تۆ ئەندامی لە دەستەی بەڕێوەبردنی کۆمەڵەی دۆستایەتی ئەڵمانی ـ ئەرمەنی، تۆمەتباریشت کاتێ ناسی، کە سەردانی کونسولگەری ئەرمەنیی کرد؟

شایەت: نەخێر، لە کونسولگەری فارسیدا. من فەرمانبەر بووم لە کونسولگەریی فارسیدا. رۆژێکیان لەگەڵ نوێنەری کونسولدا قسەم دەکرد سکرتێرەکە هاتو گوتی، پیاوێك هاتووە داوای ڤیزە دەکا بۆ پاسپۆرتەکەی، ئایا بوارم هەیە بزانم مەسەلەکە چیە. منیش پاسەپۆرتەکەم وەرگرتو بۆم دەرکەوت کابرا ئەرمەنییەو گوتی پێویستی بە ڤیزا هەیە تا بتوانێ لەئەڵمانیادا بمێنێتەوە. منیش پێمگوت دەبێ بچێ بۆ لای پۆلیس، پاشان سکرتێرەکە تەلەفۆنی لەگەڵ پۆلیس کرد.

سەرۆك: ئایا ئەوسا یارمەتی تۆمەتبارتدا؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: لەبۆنەی دیکەدا قسەت لەگەڵدا کرد؟

شایەت: بەڵێ، تۆمەتبار هەر لەوکاتەدا ناونیشانەکەمی وەرگرت.

**سەرۆك:** ئایا شایەت* لەوكاتەدا لەجادەی ئۆگسبورگدا نیشتەجێبوو؟

**شایەت:** مـن ماڵەكـەیم نـەدەزانی، قـەتیش سـەردانیم نـەكرد، پێیگـوتم نەخۆشەو پێویستی بە نوژداری دەمار هەیـەو لـەلای دوكتۆرێـك بـووە، بـەڵام ئەو بەدوای نوژدارێكی پرۆفیسۆردا دەگەڕێ.

**سەرۆك:** ئیتر تۆیش لەگەڵی چویتە نۆڕینگەی پرۆفیسۆر كاسیرەر؟ ئـەوە كەی بوو؟

**شایەت:** بەباشی نازانم، وابزانم پرۆفیسۆر كاسیرەر بوو.

**سـەرۆك:** پرۆفیسـۆر كاسـیرەر چـیی گـووت سـەبارەت بـەدیاریكردنی نەخۆشییەكەی؟

**شایەت:** تهلیریان تووشی (فێ) بووە، بەڵام ناشبێ ئەمەی پێ بڵێم.

**سەرۆك:** لەكاتی پشكنینەكەدا تۆ ئامادە بوویت؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا لەكاتی پشكنینەكانیتردا لەوێبووی؟

**شایەت:** دوو جار لەوێ بووم.

**سەرۆك:** ئایا تۆمەتبار پێیگوتی لەجادەدا جارێك فێی لێهاتووە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** پێمان بڵێ چی پێگوتی؟

**شایەت:** گوتی جارێكیان لەجادەی قودس‌و لەبـەردەم بانكێكـدا فێـی لێهـات، خەڵكەكە یارمەتییانداو بەمیترۆ گەیاندیانەوە ماڵەوە.

**سەرۆك:** ئایا دۆخەكەی خۆی زۆر بەوردی بۆ گێڕایتەوە؟

---

* ـ دەبێ مەبەست لێرەدا وەك لەوەڵامەكەی شایەتەكەوە دەردەكەوێ تۆمەتباربێ نەك شایەت. ڕەنگە هەڵەی چاپ بێ. وەرگێڕی كوردی.

**شایەت:** نەیتوانی ئەوەی بیربکەوێتەوە.

**سەرۆك:** ئایا تۆمەتبار باسی پەیوەندییە خێزانییەکانی خۆیشی بۆ کردی؟

**شایەت:** نا، بەڵام من لەوێ بووم کە بەپرۆفیسۆر کاسیرەری گوت ئەوکاتە یەکەم فێی لێهات کە ماڵە روخاوەکەی خۆیانی لە ئارزینجیان بینی.

**سەرۆك:** ئایا بەم بۆنەیەوە قسەت لەگەڵ کرد دەربارەی ئەو بابەتە؟

**شایەت:** قسەم دەربارەی قەسابخانەکان لەگەڵ کەسدا نەکردووە، بەتایبەتی کەسانێکی وەك ئەم، کە بەدەست ئازارەکانیەوە دەتلانەوە. نامەوێ ئازاری خەڵك بەرەو هەڵچوون بوروژێنم.

**سەرۆك:** ئایا لەگەڵ تۆمەتباردا باسی ژیانی کەسیەتی ئەوت کردووە، لەورووەوە کە ئایا کەسی ماوە لەئەندامانی خێزانەکەی؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا بۆ جارێکیش باسی قەسابخانەکەت لەگەڵیدا نەکرد؟

**شایەت:** نا، چونکە دەمزانی بەدەست ئەو مەسەلەیەوە دەتلێتەوە، منیش نەمویست ئازارەکانی بیربخەمەوە.

**سەرۆك:** چۆن بەمەت زانی؟

**شایەت:** چونکە ئەو بە پرۆفیسۆر کاسیرەری گوت لەو حاڵەتەدا تووشی فێ بووە.

**سەرۆك:** ئایا برادەرایەتیەکەت لەگەڵ تۆمەتباردا بەدرێژایی ژیانی لەجادەی ئۆگسبورگ باش بوو؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا بەڕێزان ئیفتیانو تیرزیباشیانت دەناسی؟

**شایەت:** بەڕێز تێرزیباشیانم پێشتر دەناسی.

**سەرۆك:** كەواتە تۆ دوو جار یارمەتی تۆمەتبارتدا، كە چووە لای پرۆفیسۆر كاسیرەر. بەڕای تۆ، هیچ جارێك فێلێهاتنی تۆمەتبارت نەدی؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا دەتزانی تەڵعەت پاشا لێرەیە لە بەرلین؟

**شایەت:** نەخێر، من شەخسی خۆم نەمدەزانی، بەڵام رۆژنامەكان نوسییان كە لەئەڵمانیادایە.

**سەرۆك:** كام رۆژنامە ئەوەی نووسیبوو؟

**شایەت:** ئێستا نازانم كامەیانبوو. من رۆژنامە ئەڵمانیو فەرەنسیو ئەرمەنیو روسیو فارسیەكان دەخوێنمەوە. لەڕێی ئەو رۆژنامانەوە زانیم تەڵعەت لە ئەڵمانیایە.

**سەرۆك:** ئایا ئەمە روداوێكی گرنگ نییە بەگوێرەی تۆ كەیەكێ لە ئەندامانی رەوەندی ئەرمەنی تەڵعەت پاشا یان توركێكی دیكە ببینێ، بەرادەیەك كە هەواڵەكە یەكسەرو بەپەلە دەگاتە هەموو تاكێكی رەوەندەكە؟ ئایا تۆمەتبار پێی نەگوتی تەڵعەتی بینیوە؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا تێبینی تایبەتی خۆت هەبوو سەبارەت بە بارودۆخی تۆمەتبار؟

**شایەت:** بۆم نەكرا زۆر چاوم پێی بكەوێ، دەمدیت كە زەینی لای خۆی نییەو بەنیگایەكی ساردەوە چاو دەبڕێتە شتەكان.

**سەرۆك:** جگە لەمە، پەیوەندیت لەگەڵیدا بەردەوامبوو؟

**شایەت:** جارێكیدیكەش كەمێ قسەمان لەگەڵ یەكدی كرد.

سەرۆك: ئایا لەگەڵیدا چوویتە گەشتو لەگەڵیدا لەدیدارە كۆمەڵایەتیەكاندا، یان شتی لەو بابەتە، بەشداریت كرد؟

شایەت: نەخێر.

پرسیاری دیكە نیە لە شایەت بكرێ..

سەرۆك (لەگەڵ وەرگێڕی دووەم بەڕێز كالوسدیان قسەدەكا): تكایە بە تۆمەتبار بڵێ شایەتەكە گوتی لەكونسولگەری فارسیدا ناسیویەتیو یارمەتیتی داوە بۆ ئەوەی بتوانی ڕێپێدانی مانەوە بەرلیندا بەدەستبێنیو لەگەڵتدا دوو جار چووەتە نۆڕینگەی پرۆفیسۆر كاسیرەر. هەروەها شایەت گوتی باسی وردەكارییەكانی قەسابخانەكە، كە هەموو ئەندامانی خێزانەكەتی تێداكوژرا، لەگەڵتدا نەكردووە.

( وەرگێڕدرا)

تۆمەتبار: ئەوسا لە نۆڕینگەكەی پرۆفیسۆر كاسیرەر گوتم من كە ماڵە وێرانكراوەكەی خێزانەكەمم بینی كەوتم، ئیتر لەوساوە (فێ) م لێدێ.

سەرۆك: شایەتیش گوتی. ئەو نەشیبینیوە فێت لێهاتبێت.

## (شایەت بازرگان و وەرگێڕ جورج كالوسدیان لە بەرلینەوە. تەمەن (٢٩) ساڵ. سەربە كەنیسەی گریگۆری ئەرمەنیە).
## (شایەت سوێندی خوارد)

سەرۆك: ئایا دەربارەی ڕووداوەكە، یان تۆمەتبار شتێك دەزانی؟

شایەت: تۆمەتبار هاتە دوكانەكەمو هەندێ شتی كڕی، ئیتر لەوساوە ناسیم.

**سەرۆك:** ئەمە کەی بوو؟

**شایەت:** نزیکەی سێ یان چوار هەفتە پێش رووداني تاوانەکە.

**سەرۆك:** دەربارەی شتی تایبەت هیچ قسەت لەگەڵداکرد؟

**شایەت:** خۆمم پێناساند، پێیگوتم نەخۆشە، منیش ئامۆژگاریم کرد کە چوکلێت بکڕێ. واشبوو هەندێکی کڕی. هەروەها گوتی کەچاك بوەوە دەیەوێ بخوێنێ.

**سەرۆك:** ئەمە کەی بوو؟

**شایەت:** پێش تاوانەکە بە نزیکەی سێ یان چوار هەفتە، لەوە زیاتر چیدیکە نازانم.

**سەرۆك:** ئایا پێتیگوت کاتێ فێی لێدێ لەهۆش خۆی دەچێ؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** پێشتر تۆمەتبارت نەدەناسی؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** کەواتە یەکەمجار لەدوکانەکەتدا بینیت؟

**شایەت:** بەڵێ وابوو، لەدووکانەکەمدا.

**سەرۆك:** ئایا دوای ئەوە چەند جارێك چاوت پێیکەوتەوە؟

**شایەت:** لەوانەیە جارێکی دیکە هاتبێتەوە دوکانەکەم.

**سەرۆك:** قەت نەچوویتە ماڵەکەی؟

**شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** هیچ دەربارەی پەیوەندییەکانی ئەزانی؟

**شایەت:** نەخێر. جارێکی دیکە ناسیمەوە، کە لەفەرمانگەی دادگادا، لەکاتی لێکۆڵینەوەی بەراییدا، وەرگێڕ بووم.

**سەرۆك:** ئایا ئەمە راستە، وەك یەكێ لەوانەی ئامادەبوون گوتی كە تۆ گوتبووت تۆمەتبار پیاوێكی مەزنە؟

**شایەت:** بە بۆچوونی من، پیاوێكی مەزنە.

**سەرۆك:** تۆش خزمو كەست لە قەسابخانەكەدا لەدەستدا؟

**شایەت:** كەس‌و كارم ساڵی (١٨٩٦) لە عینتاب كوژران.

**سەرۆك:** ئایا بۆخۆت ئەوەت بینی؟ ئەوسا تەمەنت دوو ساڵو نیو بوو؟

**شایەت:** ساڵی (١٨٩٦)من پێنج ساڵان بووم. لەرێی دووبارەبوونەوەی ئەو قەسابخانانەوە یادگارەكان بەزیندوویەتی لەیادەوەریمدا مانەوە.

**سەرۆك:** باوك‌و دایكت ئەوسا كوژران؟

**شایەت:** ئەوسا باوكم‌و دایكم‌و باپیرم‌و برایەكم‌و مامێكم هەموویان كوژران. هەموو كاتێ لەناو خێزانەكەماندا باسی ئەوە دەكرێت. من هەموو شتێكم بینی، بینیم چۆن باپیرەم كوژرا.

**سەرۆك:** ئەمە لەساڵی (١٨٩٦)دا بوو، ئایا یادگارییەكانی منداڵیت تا ئەم رابوردوە دوورە بڕدەكا؟

**شایەت:** بەڵێ، ئەو هەستە بەهێزەم هەیە.

**سەرۆك:** ئایا دەتوانی هەموو كاروبارەكان لێك جیابكەیتەوە؟

**شایەت:** بەهۆی گفتوكان لەوبارەیەوەو دووبارە بوونەوەی باسكردنەوە، وێنەی یادگارییەكان بەزیندویەتی لەبیرمدا ماونەتەوە.

**سەرۆك:** كەواتە تۆ لەناختدا هەستت بەرەزامەندیكرد لەوكارەی تۆمەتبار كردی. تۆ خۆشت پێت ئاساییە كە یەكێ بەو جۆرە رەفتاربكا؟

**شایەت:** ئەمە بەڵگە نەویستە.

سەرۆك: ئایا دان پیانانی تۆمەتبارت لەبەردەم قازیدا بەڕاستو راستەقینە زانی؟

شایەت: ئەوسا بەڕاستم نەزانی، لەبەر هۆیەكی ساكار، ئەویش ئەوە بوو كە تۆمەتبار لەكاتی لێكۆڵینەوەدا ناڕەحەت بوو، چونكە هێشتا سەری بەسترابوو، گووتیشی ئەمەو ئەوەی كردووەو كوشتویەتی. كە پرسیاریان لێكرد ئایا پێشتر بیری لەكوشتن كردبوەوە، وەڵامی دایەوە بەڵێ بیرم لێكردەوە.

سەرۆك: كەواتە ئەوەی تۆ ئەوە جەخت دەكەیتەوە كە لە تۆماری كۆنووسی لێكۆڵینەوەدا كە لە (١٦) ی ئاداردا كرا نوسراوە، بەڵام وایشی بۆدەچی كە تۆمەتبار ئەو قسانەی لەبەر ئەوە كردبێ هەر بۆ ئەوەی شتێ بڵێت، ئایا ئەوسا ئەم گومانەی خۆتت دەربڕی؟ ئایا ئەمە باسكرا؟

شایەت: لەبەر ئەم هۆیە كۆنووسەكەم ئیمزا نەكرد.

سەرۆك: (لە كۆنووسەكە ورد دەبێتەوە) راستە ئەم تۆمارە ئیمزای وەرگێڕی بەسەرەوەنیە.

**بەرگریكەر فون گۆردون:** تۆ بەڕاستی قبوڵت نەكرد تۆمارەكە ئیمزا بكەی؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: لەخوارەوەی كۆنووسەكە ناوی تهلیریانو هی دیكەش هەیە، بەڵام ناوی وەرگێڕەكە نیە.

شایەت: من گوتم لەوانەیە ئەم پیاوە بەتەواوی هۆشی لای خۆی نەبێو نەزانێ چی دەڵێو راستیش نیە ئەمڕۆ لێكۆڵینەوەی لەگەڵدا بكرێ.

**بەرگریكەر فون گۆردون:** ئایا تۆ وای بۆچوویت، كە تۆمەتبار تای لێهاتووە؟

**شایەت:** من نەمپشکنی، بەڵام لەلاپەڕەکەدا خوێندمەوە کە تای هەیە، جگە لەوەش سەری هێشتا بەسترابوو. من هەستم بەیەك شت کرد، ئەویش ئەوەیە کە تۆمەتبار لەناخیدا خۆشنوودبوو، بۆیە گوتی: من کوشتم.

**سەرۆك:** ئایا باسی ئەوەکرا کە تۆ رازی نەبوویت کۆنووسەکە ئیمزا بکەی؟ ئایا قازی پرسیی: "ئایا دەتەوێ ئیمزابکەیت؟"

**شایەت:** مـن بـە قـازیم گـوت کـە نـاتوانم کۆنووسـەکە ئیمزابکـەم، چـونکە بەتەواوی دڵنیانیم کـە تۆمـەتبار بـیری لەهـەموو ئـەو شـتانە کردبێتـەوە کـە گوتویەتی.

**سەرۆك:** ئایا گومان لەوە هەیـە کـە کۆنووسـەکە وەك کۆنـووس کاریگـەریی ماوە؟

**بەرگریکەر نیمایر:** من بەماقوڵی نازانم ئەم لاپەڕانە بە کۆنووس دابنـرێ، چـونکە ئـەوە کۆنووسـی لێکۆڵینـەوە نییـە، چـونکە نالّێ وەرگێـڕ قسـەکانی وەرگێڕاوە.

**سـەرۆك:** کەواتـە تـۆ لەدوکانەکەتـدا تۆمـەتبارت ناسـیو بۆخۆشـت هـیچ پەیوەندیەکت لەگەڵیدا نەبوو، جگە لەو دیدارەی کاتی لێکۆڵینەوەکە؟

**شایەت:** نەخێر.

**سـەرۆك:** ئایـا تۆمـەتبار ئـەوەی لـەبیرە کەشـایەت نەیویسـت کۆنووسـەکە ئیمزابکات؟

**تۆمەتبار:** ناتوانم بیری خۆمی بێنمەوە.

**سەرۆك:** پرسیاری دیکە هەیە لەشایەت بکرێ؟ نیە.

ئایا پێویستە گوێ لەشایەتیی مامۆسـتای سـەما بـەڕێز فریـدریش بگـرین، چونکە تۆمەتبار دەچوو ئامادەی وانەی خولەکەی ئەو دەبوو.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** زۆر بەروونی گوێبیستی کەوتنی تۆمەتبار لەوانەی سەمادابووین‌و باوەڕیشمان پێی هێنا، بەڕادەیەك كەدەتوانین گوێ لەشایەتییەکەی (مامۆستای سەما) نەگرین.

**(شایەت بازرگانی جگەرە تیرزیباشیان لە بەرلینەوە. تەمەن (٢٩) ساڵ. سەر بە کەنیسەی کاسۆلیکییە).**
**هیچ جۆرە خزمایەتیەک یان ژن و ژن خوازیی لەگەڵ تۆمەتباردا نییە.**
**(دوای سوێندخواردن)**

**سەرۆك:** تۆمەتبار دەناسی؟

**شایەت:** بەڵێ لە (١٩) ی کانوونی دووەمی (١٩٢٠) ەوە.

**سەرۆك:** ئەمە ئەوکاتە بوو، کە تۆمەتبار لە پاریسەوە هاتە بەرلین: ئەمە راستە؟

**شایەت:** راستە.

**سەرۆك:** لەجادەی ئورانیان (٧٥) دا دوکانت هەیە؟

**شایەت:** بەڵێ: دووکانی جگەرە فرۆشی.

**سەرۆك:** تۆخۆت ئەرمەنیت‌و ژنەکەشت هەر ئەرمەنیە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا بەشێکی قەسابخانەکەت بینیوە؟

**شایەت:** نا، من هیچم نەبینی.

**سەرۆك:** لەساڵەکانی رابوردوشدا هەر نەتبینیوە؟

**شايەت:** نا.

**سەرۆك:** ئەی باوكو دایكت؟

**شايەت:** باوكم لەئەستەنبولەو دایكیشم ماوەیەكی زۆرە مردووە، مردنێكی سروشتی، بەلام ناسیاوانو خزمو كەسم لە ئەرزروم هەر هەموویان تیاچوون.

**سەرۆك:** ئایا لەگەڵ تۆمەتباردا زۆر جار قسەت كردووە، ئایا سەردانی دەكردی لەماڵەوەو لەدوكاندا؟

**شايەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا باسی رووداوەكانی رابوردوتان دەكرد؟

**شايەت:** نەخێر، من لەوبارەوە هیچ قسەم نەكرد، نە من نە ژنەكەم بەرگەی ئەوە ناگرین باسی ئەو بابەتە بكەین.

**سەرۆك:** ئایا ئەو بەسەرهاتە كۆنانە ئازارێكی قورسی لەسەر دەروونتان دروست دەكرد كاتێ بەبیرتان دەهاتەوە؟

**شايەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** كەواتە لەبەر ئەم هۆیە باستان نەدەكرد؟

**شايەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئایا زانیت تەلعەت لە بەرلینە؟

**شايەت:** بەڵێ وەك خەڵكی دیكە.

**سەرۆك:** كەی بەوەتزانی؟

**شايەت:** (١٩١٩)، دوای جەنگ.

**سەرۆك:** ئایا بە تۆمەتبارت گوت كە تەلعەت لێرەیە؟

**شايەت:** بەهیچ جۆرێك باسی ئەم بابەتانەمان نەدەكرد.

**سەرۆك:** چی دەربارەی باری تەندروستیی تۆمەتبار دەزانی؟

شایەت: هاتە لامانو گوتی باری تەندروستیی زۆر خراپەو نەخۆشەو دەیەوێ بڕوا بۆلای نوژدار.

سەرۆك: ئایا سەردانی نوژداری کرد؟

شایەت: بەڵێ لەگەڵ برادەرێکیدا.

سەرۆك: پرۆفیسۆر کاسیرەر؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: هیچ جارێ تێبینی ئەوەتکرد فێی لێبێت؟

شایەت: نا، خۆی پێیگوتین کە زۆر نەخۆشە، چەند دجارێ ژنەکەم چێشتی بۆلێناو لەلای ئێمەش دەرمانی خوارد.

سەرۆك: کەواتە لەژێر چارەسەری پزیشکیدا بوو؟

شایەت: بەڵێ.

سەرۆك: ئایا جگە لەوە، هیچ شتێکی دیکەی تۆمەتبار سەرنجی رانەکێشایت؟

شایەت: نەخێر. ناتوانم ئەوە بڵێم.

سەرۆك: ئایا رووخۆشو کراوە بوو، یان خەمبارو دڵتەنگ؟

شایەت: هەندێ جار روخۆش بوو، هەندێ جاری دیکەش خەمبار، بەلام خەمبارییەکەی لەڕووخۆشیەکەی زیاتر بوو.

سەرۆك: ئایا باسی قوتابخانەی سەمای دەکرد؟

شایەت: کە هاتە سەردانمان ئیفتیانیشی لەگەڵدابوو، ئەویش بەشدار بوو لەخولی سەمادا.

سەرۆك: لەدەرەوەی ماڵەکەتدا چاوت پێیکەوت؟

شایەت: نەخێر، تەنها لەماڵەکەمدا.

سەرۆك: ڕەوەندی ئەرمەنی لە بەرلیندا بەنزیکی  چەندە؟

شایەت: نازانم.

سەرۆك: نزیکەی سەد کەس؟

شایەت: نزیکەی.

سەرۆك: کۆبوونەوەی کات بردنە سەرتان هەیە؟ یارمەتیی یەکتر دەدەن؟

شایەت: بەڵێ، بەلگەنەویستە کە ئێمە یارمەتی یەکتر دەدەین.

سەرۆك: کەواتە بەڵێ تۆ ڕەوەندەکە دەناسی؟

شایەت: چەند کەسێکیان دەناسم، بەڵام زۆربەیان ناناسم.

سەرۆك: ئایا تۆمەتبار پێیگوتی کە جارێکیان تەڵعەتی لە جادەدا بینیوە؟

شایەت: نەخێر، پێی نەگوتم.

سەرۆك: ئایا لەو ماوەیەی تۆمەتبارت ناسی هیچ جارێك تێبینیت کرد کەسایەتیی گۆڕانی بەسەردا هاتبێت؟

شایەت: نا، هیچم تێبینی نەکرد.

سەرۆك: ئایا پێیگوتی بۆچی گواستیەوە بۆ جادەی هاردنبرگ؟

شایەت: نەخێر.

سەرۆك: پرسیارت لێکرد؟

شایەت: بەڵێ، گوتی چیتر حەزناکا لە جادەی ئۆگسبورگدا نیشتەجێ بێ و نەخۆشە، بۆیە خانوویەکی باشتری دەوێ.

سەرۆك: پرسیاری دیکە هەیە لە شایەت بکرێ؟ ـ نیە.

**(شایەت خانم كرستینە تیرزیباشیان. كابانی شایەتی پێشوو. تەمەن (٢٦) ساڵ. وتەكانی لەڕێی وەرگێڕەوە وەردەگیرێ)**

**(دوای سوێندخواردن)**

**سەرۆك:** دەربارەی رووداوەكە، هیچ نازانی؟

**خانمی شایەت:** نەخێر.

**بەرگریكەر فون گۆردون:** تكایە پرسیار لەشایەت بكرێ دەربارەی قەسابخانەكانو پێش هەموو شتێكیش، ئایا لەكاتی جەنگدا لەنیشتمانی خۆیدا بوو، لەكوێش دەژیا؟

**خانمی شایەت:** لە ئەرزڕوم دەژیام.

**سەرۆك:** ئەوە وڵاتەكەتە؟

**خانمی شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** لەوێ راگواستن روویدا؟

**خانمی شایەت:** لەوێ لەمانگی تەمموزی (١٩١٥)دا هەموو دانیشتووان كۆكرانەوەو پێیان گوتن دەبێ شارەكە چۆڵ بكەن.

**سەرۆك:** ئایا لەوێ هیچ هێرشێك روویدا تا ئەرمەن ناچاربن كۆچ بكەن؟

**خانمی شایەت:** سەرەتا دەوڵەمەندەكانی شار بەهۆی جەندرمەو فەرمانبەرانەوە ئاگاداركرانەوە، پاشان گووتیان دەبێ ئێمەش شارەكە چۆڵ بكەین، لەبەر ئەوەی ناوچەی جەنگەو دەبێ دانیشتوانی سڤیلی لێ دووربخرێنەوە. دەوڵەمەندەكانی شار پێش ئەوە بەهەشت رۆژ ئاگادار كرابوونەوە، ئەوانی دیكە پێش راگواستن بەیەك سەعات پێیانگوترا، پاشان زانیمان مەسەلەكە هەڵخەڵەتاندن بوو و هیچیترو تەنیا دەبێ دانیشتوانە ئەرمەنیەكان راگوێزرێن.

**سەرۆك:** ئایا هەموو دانیشتوان بەیەكەوە لەشار دوورخرانەوە؟

**خانمی شایەت:** بەچوار جار.

**سەرۆك:** بەچوار كاروان؟

**خانمی شایەت:** چوار كاروانو بەهەشت ڕۆژ.

**سەرۆك:** ئایا ئەوانەی دەكەوتنە دواوە چارەنووسی ئەو كاروانانەی پێش خۆیانیان دەزانی؟

**خانمی شایەت:** نەخێر.

**سەرۆك:** ئایا بەكاروانەكان گووترا بۆ كوێیان دەبەن؟

**خانمی شایەت:** سەرەتا دەبایە رووبكەینە ئارزینجیان.

**سەرۆك:** تۆ لەگەڵ كام كارواندا دەبایە بڕۆیت؟

**خانمی شایەت:** دووەم.

**سەرۆك:** بۆمان وەسف بكە، ژمارەی كاروانەكە چەند بوو، شتەكە چۆن ڕوویداو تاكوێ چوونو چی ڕوویدا؟

**خانمی شایەت:** بنەماڵەكەم لە (٢١) كەس پێكهاتبوو، تەنها سیانیان لێ مایەوە.

**سەرۆك:** قەوارەی كاروانەكە چەند بوو؟

**خانمی شایەت:** پێنج سەد خێزان.

**سەرۆك:** چۆن ئەندامانی خێزانەكەت كوژران؟

**خانمی شایەت:** خێزانەكەمان (٢١) سەربوو. سێ عەرەبانەمان بەكرێ گرت كە گا رایدەكێشان. ئەوەی بۆمان باركرا بردمان لەگەڵ خۆمان لەخواردنو پارە، واماندەزانی دەچین بۆ ئارزینجیان. باوكمو سێ برامان لەگەڵدا بوو،

گەورەکەیان تەمەنی (٣٠) ساڵان بوو، لەگەڵ سێ کوڕ، بچوکەکەیان تەمەنی شەش مانگان بوو.

هەروەها خوشکە شوکردووەکەشم، خۆی و مێردەکەی و شەش منداڵ، گەورەکەیان تەمەنی (٢٢) ساڵان بوو. بەچاوی خۆم لەناوچوونی هەموویانم دی، تەنها سیانیان لێ مایەوەو رزگاریان بوو. من سوێند ئەخۆم کە ئەوانە بەو فەرمانەوە کە لە ئەستەنبوڵەوە هاتبوو، کوژران.

**سەرۆك:** بەچ رێگەیەك؟

**خانمی شایەت:** کە لەشار دەرچووین و گەیشتینە دەرگاکانی قەڵای ئەرزڕوم. جەندرمە هاتن و بەدوای چەك و چەقۆو چەتری باران و شتی لەو بابەتەدا دەگەڕان و بردیانن. لە ئەرزڕومەوە گەیشتینە بایبورت. کە شارمان تێپەڕاند تەرمێکی زۆرمان بینی بەسەریەکدا کەڵەکە ببوون. من ناچار بووم بەسەر تەرمەکاندا بڕۆم و قاچم خەڵتانی خوێن بوو.

**سەرۆك:** ئەو تەرمانە هیی ئەو کاروانەبوون کەپێش ئێوە لەئەرزڕومەوە هاتبوون؟

**خانمی شایەت:** نا، تەرمەکان هی خەڵکی بایبورت بوون. پاشان گەیشتینە ئارزینجیان. بەڵێنی شوێنی خەوتنیان دابووینێ، بەڵام نەیانهێشت بمێنینەوەو تەنانەت نەیانهێشت ئاویش بخۆینەوەو ناچاریان کردین گاکانیان بدەینێ و دایانە پێشخۆیان بەرەو شاخەکان.

**سەرۆك:** چۆن ئەو قەسابخانەیە روویدا کە کەس و کارەکەتی تێدا کوژران؟

**خانمی شایەت:** کە دەستمان کردەوە بەرۆیشتن (٥٠٠)گەنجیان لەکاروانەکە هەڵبژارد. برایەکی منیشی تێدابوو، بەڵام توانیبووی رابکاو بێ بۆ لام، منیش

جـلو بــەرگی کچـانەم لەبــەرکرد ئــیتر تــوانی لــەلام بمێنێتــەوە. هــەموو گەنجەکانی دیکەیان برد.

**سەرۆك:** ئەوانەی هەڵبژێردران چییان بەسەرهات؟

**خانمی شایەت:** هەموویان بەیەکەوە بەستەوەو فڕێیان دانە ناو ئاو..

**سەرۆك:** چۆن بەمەتزانی؟

**خانمی شایەت:** بەچاوی خۆم دیم.

**سەرۆك:** پیاوەکانیان فڕێدایە ناو رووبارەوە؟

**خانمی شایەت:** بەڵێ فڕێیان دانە رووبارەوەو تەوژمەکەش ئەوەندە بەهێز بوو بەڕادەیەك هەموو ئەوانەی فڕێدرابوونە ئاوەکەوە راپێچیکردن.

**سەرۆك:** ئەی ئەوانەی مانەوە چییان بەسەرهات؟

**خـانمی شـایەت:** هاوارمـان کـرد، گریـاینو نەمانـدەزانی چـی بکـەین، بـەڵام ئەوان رێیان نەداین بشگرێین، بەڵکو بەلێدان پێشخۆیانیان داین.

**سەرۆك:** کێ وایکرد؟

**خانمی شایەت:** سی جەندرمەو فەسیلێکی سەرباز.

**سەرۆك:** ئایا لەو کاتەدا لێیاندان؟

**خانمی شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** دوای ئەوە خزمەکانت چییان بەسەرهات؟

**خــانمی شــایەت:** بەوشــتانەوە کــە توانیبوومــان بەپشــت هــەڵیانبگرین گەیشتینە مەلاتیا. لەوێوە راپێچیانکردین بەرەو شاخو پیاوەکانیـان لەژنـەکان جیاکردەوە. ژنەکان ماوەی دە مەتر لـە پیاوەکانـەوە دوور بـوونو دەیـانتوانی بەچاوی خۆیان ببینن چی لەپیاوەکان دەکەن.

**سەرۆك:** پیاوەکان چییان بەسەرهات؟

**خـانمی شـایەت:** بەتـەور کوشـتیانن، پاشـان لـە رێگەکـە دووریانخسـتنەوەو فڕێیان دانە ئاوەوە.

**سەرۆك:** ئایا بەڕاستی ژنو پیاوەکانیان بەمجۆرە کوشت؟

**خـانمی شـایەت:** تـەنها پیاوەکـان بـەو جـۆرە کـوژران. کەشـەو داهـات جەندرمـەکان هـاتنو جـوانترین ژنو کچیان هەڵبـژاردو لەگـەڵ خۆیـان، وەك ژنی خۆیان، بردیانن.

جەندرمەیەك هات بۆ منو دەیویست ژنێـك بـۆ خـۆی ببـات. ئـەو ژنانـەی نەیانویسـت مـل کـەچ بـنو خۆیـان نـەدا بەدەسـتەوە بەسـونگی لێیـان دەدانو رانیان شەق دەکردنو لەیەکیان جیـادەکردەوە. تەنانـەت ئەوانـەش کـە زگیـان هەبوو زگیان دەدڕینو منداڵەکەیان دەردەهێناو فڕێیان دەدانە سەر زەوی.

(هەرایەکی گەورە لە دادگادا دروستبوو)

## (شایەت دەست بەرزدەکاتەوە): سوێند دەخۆم کە راستی دەڵێم.

**سەرۆك:** تۆ چۆن دەرباز boویت؟

**خـانمی شـایەت:** سـەری براکـەمیان لـێ کـردەوە، کـە دایکـم ئـەوەی بینـی کەوتو یەکسەر مرد. پاشان تورکێك هاتەلامو ویستی بمکا بـەژنی خـۆی. کـە قبوڵم نەکرد منداڵەکەمی لێ سەندمو فڕێیدا.

**سەرۆك:** چۆن لەو گێژەنە دەرچوویت؟

**خـانمی شـایەت:** لـەدوورەوە دوکـەڵێکم بینـی بـەرز دەبێتـەوە بـۆی چـووم. لێرەدا براکەمو براژنەکەمم بینی، براژنەکەم زگی پڕبوو، لەسەر منداڵ بوون

بـوو. پێیـان ڕاگەیانـدین کـە دەبـێ پـێش ئـەوەی تاریکـدابێ شـوێنەکە بـەجێ بهێڵین. بۆیە دەبایە براژنەکەم لەوێ بەجێ بهێڵین چونکە زگی پڕ بوو.

سەرۆك: پاشان گەیشتنە سامسیك؟ ژمارەتان چەند بوو؟

**خانمی شایەت:** نزیکەی (٦٠٠) کەس.

سەرۆك: ئەی لە خێزانەکەت؟

**خانمی شایەت:** باوکم‌و دوو برام‌و من.

سەرۆك: کەواتە تۆ خۆت گەیشتیتە سامسیك؟

**خانمی شایەت:** بـەڵێ، لێـرە بـاوکم نەخۆشـکەوت. لێـرەدا فـەرمان هـات کـە نەخۆش نابـێ لەگـەڵ خۆمـان ببـەین‌و دەبـێ فـڕێ بدرێنـە ئـاوەوە. باوکمیـان لەڕەشماڵەکە دەرهێنا، بەڵام پاشـان براکـەم هێنایـەوە، کەچـی هـەر ئەوشـەوە مرد.

سەرۆك: ئەی دوو براکەت؟

**خانمی شایەت:** بەزیندویەتی مانەوە.

سەرۆك: ئایا ئەمە هەمووی ڕاستیە؟ خەیاڵ نییە؟

**خانمی شایەت:** ئـەوەی گێڕامـەوە هێشـتا کـەمترە لەڕاسـتی، ئـەوەی ڕوویـدا زۆر خراپتربوو.

سەرۆك: کەواتە لە سامسیك مایتەوە؟

**خانمی شایەت:** نەمدەتوانی لە سامسیك بمێنمەوە، دەبایە بچینە سوریچ. دواجار هەموومانیان ڕاپێچی شاخ کردو هەرچیمان پێ مابوو لێیانسەندین.

سەرۆك: ئەوسا لێپرسراویەتی ئەم کارەساتەتان دەخستە ئەستۆی کێ؟

**خـــانمی شــایەت:** ئەمـــە بەفـــەرمانی ئـــەنوەر پاشـــاکراو ســـەربازەکانیش ڕاگوێزراوەکانیان ناچار دەکرد بێنە سەرچۆڵ‌و هاواربکەن "بژی پاشا"چونکە پاشا ڕێیدان بەزیندوویەتی بمێنن (جوڵەیەك لەهۆڵی دادگادا).

**بەرگریکەر نیمایر:** ئەو جوڵەیەی لەم هۆڵەی دادگادا روویدا واپیشان دەدا، کە ئەوەی دەیبیستین‌و شایەت دەیگێڕێتـەوە خەریکە مـرۆڤ بـڕوای پێنـەکا. بەڵام هەزاران راپۆرتی جیا جیا هـەن دەربـارەی ئـەم شـتە خراپانـەی کـراون. بـەڵام مـن دەمـەوێ داوابکـەم، بـۆ ئـەوەی هـیچ گومـانێکی بچوکیش نـەمێنێ دەربارەی راستگۆیی خانمی شایەت، ئـەویش بـەوەی ئێسـتا پرسـیار لەهـەردوو شـایەتی شـارەزا بـەڕێز لیبسـیوس‌و سـەعادەتی بـەڕێز (لیمـان فـون سـاندرز) بکرێ دەربارەی سروشـتی پێکهاتـەی پۆلیسـی تـورکی‌و سـوپای تـورکی‌و ئەمـە لەوکاتەدا چۆن بووە؟

**بەرگریکەر فون گۆردون:** منیش لەوبڕوایـەدام دوای بیسـتنی ئـەم شـتانەی رایانچـڵەکاندم‌و پێشـتر هـیچ بۆچـونێکم دەربارەیـان نـەبوو هـیچ نـەبێ بـەم وردەکارییانەوە. لەو بڕوایەدام ئێمە دەتوانین واز لە ئیفادەی شـایەتەکان، کـە لە دەرەوەی هۆڵی دادگا چاوەڕێ دەکەن، بهێنین، رەنگە ئێوەش لەگەڵمدابن بۆ گوێ گـرتن لـەڕاپۆرتی هـەردوو شـارەزا. جگـە لەمـەش تکادەکـەم گـوێ بگـرن لەئیفادەی کەسایەتیی کەموێنە کە لە مانچستەرەوە لە ئینگلتـەرە هـاتووە بـۆ بـەرلین، ئـەویش جێگـری بیشـۆف بـەڕێز بالاکیانـە کـە خـۆی بەشـێوەیەکی شەخسـی دوچـاری هـەموو ئـەم شـتە خراپانـە بـووەو بینیویشـیەتی. ئێمـە دەتوانین لێی ببیستین، ئایا هەموو گەلی ئەرمەنی تەلعەت پاشا بەلێپرسـراوی ئـەو شـتە خراپانـە دەزانـن، جا ئەگـەر ئـەو بـۆ خـۆی بەڕاسـتی تاوانبـار بـێ، ئەمەیان پرسیارێکی دیکەیە.

**داواکـاری گشـتی:** منـیش وای بـۆ دەچـم کـە هـەردوو شـارەزا ئاگـاداری بـارودۆخی گشـتیی جەندرمـەو سـوپای تـورکن، بۆیـە پـێم باشـە گـوێ لـە ئیفادەکانیان بگرین.

**سـەرۆك:** بـەرێز وەرگێـڕ، تکایـە بەتۆمـەتبار بڵـێ کـە خـانمی شـایەت تیرزیباشیان لەقسەکانیدا بە دوورو درێژی باسی قەسابخانەکانی کرد.

**وەرگێڕ زاخاریانتس:** لەهەموو شتێ گەیشت.

**سەرۆك:** (زەردەخەنەی بۆ دەکا) سروشتییە (بەدڵنیاییەوە).

## (شارەزاو دانەر دکتۆر یوهانیس لیبسیوس، تەمەن (٦٢) ساڵ ئایین پرۆتستانتی)
## (دوای سوێندخواردن)

**سەرۆك:** تۆ دەزانی بابەتەکە چییە؟  تکادەکەم راپۆرتەکەت زۆر بە درێژی بـاس مەکـە، تـەنیا بـەکورتی باسـی ئەمانـە بکـە: ئایـا  ئـەم کارەسـاتانە بـەو قەبارانـە لـە قەسـابخانەکانی ئەرمـەن سـاڵی (١٩١٥) روویانـداوە؟ ئایـا ئـەوەی شـایەتەکان لەوبارەیـەوە باسـیانکردو ئـەوەی تۆمـەتبار گێڕایـەوە دەربـارەی ژیانی لەنێو ئەو کارەساتانەدا، بەگوێرەی توێژینەوەو شارەزایی خۆت کـەکۆت کردووەتـەوە، دەشـێ بـڕوای پـێ بکـرێ؟ کـردەوەی چـاودێریکردنو پاراسـتنی کاروانی راگوێزراوان چۆن بەڕێوە چوو؟ (پرسیاری دوایی جەنەڕاڵ لیمان فون ساندرز وەڵامی دەداتەوە. بڕوانە پاشکۆکە).

**شارەزا لیبسیوس:** بڕیـاری کـۆچ پێکردنـی گشـتی درا. فەرمانـەکان لەلایـەن سـەرکردایەتی "ئیتحـادو تـەرەقی"و لـەرێی تەڵعـەت پاشـاوە وەك وەزیـری

نـاوخۆ، دران، (لەلایـەکی دیکـەوە لـەڕێی ئـەنوەر پاشـاوە بەسـیفەتی وەزیـری جـەنگ)، بـەهاوکاریی ڕێکخـراوی سـەرکردایەتیی "ئیتیحـادو تـەرەقی"ش جێبەجێکرا. ڕاگوێزان، واتە دەرکردن بـەزۆر، کـە لەنیسانی (١٩١٥) دا بڕیـاری لەسـەر درا، زۆربـەی دانیشـتوانە ئەرمەنەکـەی تورکیـای گرتـەوە، جگـە لـە هەندێکی زۆر کەم کەلەدواییدا دێمـەوە سـەری. ژمـارەی دانیشـتوانی ئەرمـەن لـەتورکیادا پـێش جـەنگ (١٨٥٠٠٠٠) بـوو، هەڵبـەت سـەرژمێریی وردو بـێ مشتومڕ لە وڵاتێکی وەك تورکیادا نییە. بەڵام ئەمە ئەو ژمارەیەیە کە لـەنێو کەرەسـتە سـەرژمێرییەکانی بەردەسـتدا هـەن، کـە لەگـەڵ خەمڵانـدنی پـەتریارکیی ئەرمەنیشـدا ڕێکـە. پـێش جـەنگ دانیشـتوانە ئەرمەنیـەکان لـەتورکیای ئەوروپیـدا دابەشـبووبوون بەسـەر (ئەسـتەنبوڵ، ئـەدریانیبول‌و ڕودوسـتو)، هـەروەها لـەتورکیای ئاسیاییشـدا (ئـەنادۆل، کیلیکیـاو بـاکوری سـوریاو میسـوپوتامیا). بەشـی هـەرەزۆری ئەرمـەن لەڕۆژهـەڵاتی ئەنـەدۆڵ، دەژیـان لەناوچـە شـاخاوییە بـەرزەکانی ئەرمەنیـدا، کەنیشـتمانی کـۆنی ئـەم گەلەیە، لەویلایەتەکانی ئەرزڕوم، وان، بتلیس، دیاربـەکر، سیوازو خـەرپوت، دەژیـان. ڕۆژاوای ئەنـەدۆڵ بەشـێکی بـەهێزی دانیشـتوان پێکـدێنێ لـەو ناوچـەیەی بەرانبـەر ئەسـتەنبوڵە، باشـوری ئەنـەدۆڵ، لـەکیلیکیاو پشـتی چـیاکانی تـۆرۆس‌و ئـەو ناوچـانەی هاوسـنووری بـاکوری سـوریان لـەنزیك کەنداوی ئەسکەندەرۆنە.

هـەموو دانیشـتوانە ئەرمەنیـەکانی ڕۆژهـەڵاتی ئەنـەدۆڵ بەفـەرمانی بـاڵا کۆچیان پێکرا بـەرەو سـنوری بـاکوورو ڕۆژهـەڵاتی بیابـانی میسـۆپۆتامیا، بـۆ دیرلـزورو ئەلڕەقـەو مسـکنەو ڕەئسـولعەین تـا موسـڵ. نزیکـەی (١٤٠٠٠٠٠) ئەرمەنی کۆچیان پێکرا. ئەم کۆچ پێکردنە زۆرەملێیە چی دەگەیەنێ؟

لەیەکێ لەفەرمانەکاندا کەبەناوی تەلعەتەوە بوو دەڵێ "ناوچەی ئامانج لەڕاگواستن هیچە ". بەئیلهاموەرگرتن لەم فەرمانە هەوڵیاندا تەنها (١٠٪) ی ئەو ئەرمەنیانەی بەزۆر کۆچیان پێکرا لە ویلایەتەکانی ڕۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵەوە بگەنە باشوورو ئەو (٩٠٪)ەی دەمێنێ، لەڕێگە کوژران، ئەگەر ژنوکچەکان لەلایەن جەندرمەکانەوە نەفرۆشرابانو لەلایەن تورکو کوردەکانەوە نەفرێنرانایە، ئەوا ئەوانیش لەبرساو لەهیلاکیا دەمردن. زۆربەی ئەرمەن لەڕێی برسیکردنی نەخشە بۆکێشراو قەسابخانەیەك لەدوای یەکەکاندا فڕکران، ئەوان لە ڕۆژاوای ئەنەدۆڵو کیلیکیاو باکوری سوریا راپێچکرانە ناوچەی بیابان، ئەو کۆمەڵە خەڵکە بەسەدان هەزار راپێچکرانە سەربازگەکانی بەندکردن، هەرکە ئەو سەربازگانە پڕدەبوون بەکاروانی نوێو چیتر کەسی دیکەی نەدەگرت، ئیدی بەتاڵیان دەکردنەوە لەڕێی ناردنی کاروانی مرۆڤ بۆ بیابانو لەوێش دەیانکوشتن. تورکەکان دەڵێن ئەوان بیریان لەوە دەکردەوە کە سەربازگەی بەندکردن دروستبکەن وەك ئەوەی ئینگلیزەکان بەگەلی (بور)لە باشوری ئەفریقیادا کردیان. بەڕەسمی لێدوانیاندا کە ڕێوشوێنی راگوێزانی زۆرەملێ بریتییە لەڕێو شوێنی خۆپارێزیو چیتر نا، بەڵام کەسانی فەرمانده لەفەرمانگە تایبەتیەکانیانداو بەڕاشکاوی دەڵێن مەبەست لەم ڕێوشوێنانە فڕکردنی گەلی ئەرمەنە.

ئەوەی لێرە پێتاندەڵێم، سەرچاوەکەی ئەوبەڵگەنامانەن کە من لەفایلەکانی باڵوێزخانەی قەیسەریی ئەڵمانیو لەوەزارەتی دەرەوە دەرمهێناون. ئەم بەڵگەنامانە بەپلەی یەکەم راپۆرتی کونسوڵە ئەڵمانیەکانن لەناوەوەی وڵاتو لەباڵوێزی ئەڵمانیەوە لە ئەستەنبوڵ. لێرە گوێتان گرت لەدوو راپۆرتی تهلیریانو خانم تیرزیباشیان دەربارەی راگوێزانی خۆیان.

سـەدان راپـۆرتی لـەم جـۆرە هـەن بەوردەكارییـە واقیعیەكانیـەوەو بەهـەموو هێماكانی ئازارو تلانەوەی خودی ئەو كەسانە، كە لەرۆژنامەكاندا چاپكراون‌و بەشـێكی زۆریشـیان لەرۆژنامـەكانی ئەڵمانیـدا، بەشێكیشـی لەڕۆژنامـەكانی ئەمریكاو بەریتانیادا. ئەو واقیعە بۆ خۆی  بواری گومانكردنی تێدانیە. ئـەو ڕێ‌و شـوێنانەی پـەیڕەوكران لـەجێ بـەجێ كردنـی راگـوێزانی زۆر ملێـدا لەهـەمو شـوێنێكداو هـەمان شـتن لەگـەڵ ئـەوەی تهلیریـان‌و تیرزیباشـیان وەسفیان كرد. لەلایەكی دیكەوە مرۆڤ پرسیار دەكا چۆن تـوانرا لەماوەیـەكی وا كورتدا یەك ملیۆن مرۆڤ بكوژرێ. ئەمە تەنها لەو كاتەدا تـوانرا بكـرێ كـە تونـــدو تیـــژترین شـــێوازو رێگـــە بـــەكارهێنرا، بـــەو هـــەڵس‌و كەوتانـــەی لەدانیشـتنەكانی دادگـاییكردنی تەڵعـەت پاشـاو هاوڕێكـانی لـەدادگای جـەنگ لەئەستەنبول باسیانلێوەكرا. ئەم دادگایە پێكهات لەجەنـەڕاڵێكی جـەنگ وەك سـەرۆك‌و سـێ جەنـــەراڵی دیكـــەی سـوپا، كـــە لەناویانـــدا فەرماندەیـــەكی بەناوبانگی سوپا هەبوو لەكاتی جەنگدا لەگەڵ یەك ئەفسەردا.

خـاڵی یەكـەم لەخاڵـەكانی بانگهێشـتنەكە تایبـەت بـوو بەقەسـابخانەكانی ئەرمەنەكان. لە (٥) تەمموزی ساڵی (١٩١٩) دادگا فەرمانی دا بەئیعـدام كردنـی تەڵعـەت‌و ئـەنوەرو جـەماڵ‌و دوكتـۆر نـازم بەسـیفەتی ئـەوەی لەهـەموو ئاســـتەكاندا بـــاڵاترین لێپرســـراون  لـــەجێ بـــەجێ كردنـــی ڕێ‌و شـــوێنە ترســـناكەكانی قڕكردنـــی ئەرمـــەن، هـــەر لەئەســـتەنبوڵەوە تـــا هـــەموو ویلایەتـــەكان، لـــەوانیش بـــەدواوە موتەســـەڕیف‌و قایمقامـــەكان، ئەمـــەش لەتوركیـــدا مانـــای ســـەرۆكەكان‌و ســـەرۆك حكومەتـــەكان‌و ئەنجومەنـــە ناوخۆییەكان، واتە  ئەو فەرمانبەرانە دەگرێتەوە كە رازی نـەبوون ئـەو ڕێ‌و شوێنانە جێ بەجێ بكەن، بۆیە دەركران. بۆ نمونە والی حەلـەب جـەلال پاشـا

قبوڵی نەکرد ڕێو شوێنی کۆچپێکردن لەویلایەتەکەی خۆیدا جێ بەجێ بکا، یەکسەر تەڵعەت پاشا لەپۆستەکەی لابردو گواستیەوە بۆ قونیە، لەوێش هەروەك حەلەب ڕەفتاری کردو یارمەتی ئەرمەنیەکانی داو پاراستنیانیو داڵدەی کۆچ پێکراوەکانی دا، سەرئەنجام جارێکی دیکە گواسترایەوەو دواجاریش بێ پۆست مایەوە. ئەو والیە لەهەموو والیەکان گرنگترو لەهەموشیان دادپەروەرتر بوو، لەوانەی خزمەتی تورکیایان کرد. لەکاتێکدا والیەکی دیکە (بای) دیاربەکر، کە ڕەشید پاشایە، دوو قایمقامی ئیعدام کرد، چونکە رازی نەبون ڕێو شوێنی کۆچ پێکردن جێ بەجێ بکەن.

هەموو جۆرە توندوتیژیو تۆقاندنێك دژی هاووڵاتییە تورکەکان، ئەوانەی هەریەکەو بەجۆرێك پابەندی ڕێنماییەکانی حکومەت نەبوون، پێڕەوکرا، هەروەها دژی فەرمانبەرانو ئەوانەی لەسوپاشدا بوون. فەرمانێك لەفەرماندەی سوپای (سێ)وە دەرچوو: "هەرکەسێك یارمەتی ئەرمەنەکان بدات دەبێ لەبەردەم ماڵەکەی خۆیدا بکوژرێو ماڵەکەشی بسوتێنرێ". کە فەرمانبەرێ "تاوانی" یارمەتیدانی ئەرمەنیەك دەکا یەکسەر دەردەکرێتو دەدرێتە دادگای سەربازی.

نزیکەی (١٤٠٠٠٠٠) ئەرمەنی لەکۆی دانیشتوانی ئەرمەن، کە ئەوسا (١٨٥٠٠٠٠) بوون، کۆچیان پێکراو لەوانە (٤٥٠٠٠٠) یان مانەوە. لەمانەش تەنها نزیکەی (٢٠٠٠٠٠) لە کۆچپێکردن بەخشران، ئەوانیش، بەپلەی یەکەم، دانیشتوانی شارەکانی ئەستەنبوڵو سمیرناو حەلەب بوون. بۆ مانەوەی ئەرمەنیەکانی حەلەب کونسوڵی ئەڵمانی بەڕێز روسلر هەوڵێکی زۆریدا، هەر ئەویش بوو، کە ڕۆژنامە ئابڕووبەرەکان بەوە تاوانباریانکرد، کە شەخشی خۆی ئەو قەسابخانانەی ڕێکخستووە. لەسمیرنا جەنەڕاڵ لیمان فون ساندرز،

که زۆر گومانلێکراوە، ڕێگەی لەکۆچ پێکردنی ئەرمەنیەکان لەو شارە گرتو هەر بۆخۆیشی بەسەرهاتەکەتان بۆ دەگێڕێتەوە. جەنەڕاڵی جەنگ مارشاڵ فون دیرکولتز کارێکی لەو جۆرەی کرد، کەهاتە بەغدا زانیی، کە ئەرمەنیەکانی بەغدا ڕەوانەی موسڵ دەکرێن، لەوێشەوە لەگەڵ ئەرمەنیەکانی موسڵدا ڕەوانەی فورات دەکرێن، ئەمەش مانای وایە بۆ مردن بەڕێدەکرێن. فون دیرکولتز والیەکەی موسڵی قەناعەت پێ هێنا، کە ڕێ نەدات ئەرمەنیەکان کۆچ پێ بکرێن.

فەرمانێکی دیکەی تازە بۆ والی هاتەوە، کە دەبێت کۆچیان پێبکرێت ئەوجا ئەنوەر پاشا خۆیدابەدەستەوە، ئەمەی لەو نامەیەدا نووسی، کە بۆ فون دیرکولتزی نوسیبوو "دەسەڵاتی ئەو وەك فەرماندەی گشتی ڕێی پێ نادات دەستوەرداتە کاروباری ناوخۆی ئیمپراتۆریەتی تورکیەوە".

لەئەستەنبوڵیش باڵوێزەکان توانییان ڕێ لە کۆچپێکردنی ئەرمەنیەکان لەئەستەنبوڵ بگرن. ڕەنگە لێرەدا بتوانم تێبینییەکی راگوزاری بدەم: زۆربەی جار مرۆڤ ئەوە دەخوێنێتەوە، کە قەسابخانەکانی ئەرمەن بەرەنجامی چەوساندنەوەی بازرگانە تورکەکانبوو لەلایەن ئەرمەنەکانەوەو دانیشتوانی تورك لەبەر ئەم هۆیە هەست بەناڕەحەتی دەکەن، هەر بۆیە بەشێوەیەکی ڕەمەکی دژی ئەرمەن راپەڕین. یەکەم، ئەوەی ئیسپات بوو کە قەسابخانەکانی ئەرمەن لەساڵانی (١٨٩٥ــ١٨٩٦) هیچ پەیوەندییەکی بەبزاڤێکی میللیی ڕەمەکییەوە نەبوو، وەکو ئەم قەسابخانانەی دوایی، کە ئەوانیش ئەمە هۆیەکەی نەبووە. چینی بازرگانانی ئەرمەنی لەمەڵبەندە بازرگانیە سەرەکیەکاندا لەئەستەنبوڵو سمیرناو حەلەب، نە لەڕابردوودا و نە ئێستاش کۆچپێکردن نەیگرتنەوە، چونکە ئەوان واتە بازرگانەکان لەبارێکدان، کە

دەتوانن ئازادی خۆیـان بـەجۆرێك لـەجۆرەكان بكرێنـەوە. كەچـی  لەبەرانبـەر ئەمەشـدا هـەموو جوتیارەكـانی ئـەنادۆڵ، كـە لـە (٨٠٪)ی ڕێـژەی دانیشـتوانی ئـەرمـەن  پێكـدەهێنن، لەگـەڵ پیشەوەرەكانیشـدا، واتـە زۆربـەی دانیشـتوانی ئـەرمـەن، كـە ژمارەیـان دەگەیشـتە نزیكـەی (٢٥٠٠٠٠) كـەس لەویلایەتـەكانی ڕۆژهەڵاتدا، دەربـازبوون بـەهۆی داگیركردنـی ویلایەتـە سنورییەكان لەلایـەن هێزەكـانی روسـیاوە، كـە گەیشـتنە بـەری ڕۆژئـاوای دەریاچـەی (وان)، كـە هێزەكـانی روسـیاش كشانەوە ئەرمەنیـەكانیان لەگـەڵ خۆیـان بـرد، ئەمـەش لەبەرخاتری ئەرمەنیەكان نەبوو، چونكە روسەكان، كە جارێكی دیكە دووبارە ئەو ویلایەتانەیان داگیركردەوە ڕێیان نـەدا ئەرمەنیـەكان بگەڕێنـەوە وولاتـی خۆیان..

جەنـەڕاڵی ئـەركان (یانوشـكیفیچ فـون نیكـولای نیكـولایفیچ)، كـە ئەوسـا فەرمانـدەی سـوپای روسـیا بـوو لـە قـەفقاس گـوتی روسـیا دەیـەوێت كـوردو قەوقازییـــەكان لـــەو شـــوێنە نیشـــتەجێ بكـــات كـــە ئەرمەنیـــەكانی لێگواسترِاونەتەوە، ئەمەش بۆ ئەوەی پشتێنەیەكی پان لەدژی توركیا دروست بكرێت. بەڕێز میلیكوف سەركردەی حیزبی (كادیت) ی رووسی لەوكاتـەدا لـە دۆمای روسیدا هەڵیدایەو رەخنەیەكی توندی گرتو گوتی: حكومـەتی روسـیا ڕێك ئەو شتە دەكات، كـە پێشتر توركـەكان كردیـانو ئەرمینیایـەكی دەوێـت بـەبێ ئەرمـەن". سـەرەڕای هـەموو شـتێك پێشـڕەویی سـوپای روسـی ژیـانی (٢٥٠٠٠٠) ئەرمەنیی رزگاركرد. كشانەوەی سـوپای رووسـی بـووە هـۆی ئـەوەی ئەم ئەرمەنیانە وڵاتی خۆیان لەكیس بچێتو تـا ئێستاش لەناوچـەیەكی زۆر تەسـكدا لەقـەفقاس دەژیـنو سـاڵەهایە بەدەسـت برسـیەتیو نەبونییـەوە دەناڵێنن.

دەبێـت مـرۆڤ، بـەبێ زۆر لـەخۆکردن، لـەخۆی بپرسـێت: چـۆن دەبێـت ڕووداوی لــەمجۆرە، لــەڕووی مێژووییــەوە، ڕووبــدات؟ هــەوڵ دەدەم، زۆر بەکورتی، وەڵام بدەمەوە.

مەسەلەی ئەرمـەنی مەسـەلەی دانیشـتوانە ڕەسـەنەکەی نیـە، بـەڵکو ئەمـە دیپلۆماسـیەتی ئـەوروپی خوڵقانـدی. گـەلی ئەرمـەنی بـووە قوربـانیی بەرژەوەندیە سیاسیەکانی ڕووسیاو بەریتانیا. ململانێی نێوان ئـەم دوو هێـزە لەڕۆژهەڵاتدا دەگەڕێتەوە بۆ سـەردەمی جـەنگی (کـریم Krim) و کۆنگرەی بـەرلین. ئەرمەنییـەکان بوونـە سـەرباز لـەیاریی شـەترەنجی دیپلۆماسـیەتی نێوان لەندەنو پیترسـبورگ، جارێـك بـۆ پێشـەوە دەبرێـتو جارێکی دیکـەش دەکرێن بەقوربانی. هۆیە مرۆییەکانی وەك "پاراسـتنی مەسـیحیەکان" تـەنها بیانوویەك بوو بۆ لەخشتەبردن. کاتێك عەبدولحەمید ساڵی (١٨٩٥)، بەفشاری بریتانیـاو ڕوسـیاو فرەنسا، بەرنامـەی چاکسازیی ئیمزاکـرد، وەڵامـی ئەمـەی بەزنجیرەیـەك قەسابخانە دژی ئەرمەنیـەکان دایـەوە، لـۆرد سـالیزبوری گـوتی مەسەلەی ئەرمەنی بـەلای بـەریتانیاوە کۆتـایی هـات. مـیر لوبـانوفیش، بـەبێ گرێ سوڵتانی تێگەیاند، کـە پێویست بەدڵـەڕاوکێ ناکـات، چـونکە ڕوسـیا زۆر بایەخ بەمەسەلەی جێبەجێکردنی چاکسازییەکان نـادات. سـوڵتانیش کۆتـایی بە ئیشەکە هێنـا. قەسـابخانەکەی ساسـۆن، کـە نەخشـەدانەری چاکسـازییەکان لەساڵی (١٨٩٤) کردی، بووەهۆی لـەناوبردنی (١٠٠٠) ئەرمـەنی. قەسـابخانەکانی ساڵانی (١٨٩٥-١٨٩٦)، کە دوابەدوای ئەوەی نەخشـەدانەری چاکسـازییەکان هـات، قوربانییــەکانی (١٠٠٠٠٠) ئەرمــەنی بــوون. قەســابخانەی (١٩١٥ــ١٩١٨)، کــە نەخشــەدانەری چاکســازییەکان ســاڵی (١٩١٣) پــێش ئــەوە قەســابخانەیەکی کردبوو، بووە هۆی مردنی یەك ملیۆن قوربانی.

ئـەم هێڵکارییـە: (١٨٩٤، ١٩١٨، ١٩١٥: ١٠٠٠ـ ١٠٠٠٠٠ـ ١٠٠٠٠٠٠) وەرچـەرخانێکی هەژێنــەری ئەوتۆیــە، کــە لەمێــژووی قەســابخانە مێژووییــەکانی جیهانــدا زەحمەتە وێنەیان هەبێت. لێرەدا قەسابخانەکەی سلیزیای کەمە کە لـەماوەی نێــوان ئــەم قەســابخانانەدا، لــە ســاڵی (١٩٠٩)دا روویــداوە، کــە ژمــارەی قوربانییەکانی (٢٥٠٠٠) ئەرمەنی بوو.

ئەمە هەمووی سەرەڕای ماددەی (٦١) ی کـۆنگرەی بـەرلین، کـە هـەر شـەش هێزە مەزنەکە ئیمزایان کرد، سەرەڕای رێکەوتننامەی قوبرسی ساڵی (١٨٧٨)، کەتیایدا بریتانیـا پاراسـتنی مەسـیحییەکانو چاکسازییەکانی ئەرمـەنی کـرد بــەگرەنتی، ســەرەڕای ئــەوەی ســوڵتان لــەژێر ئیمزاکــەی ئینگلیــزو روسو فەرەنسـا لەسـەرپلانی چاکسـازی ئیمـزای کردبـوو، کەچـی هیچکام لـەهێزە مەزنەکان نـەجوڵان بـۆ پاراسـتنی ژیـانی ئەوانـەی بڕیاریانـدابوو بیانپـارێزن، یـان هـەرهیچ نـەبێت بکوژەکـە سـزابدەن. تـا ئـەمڕۆ ئەرمەنیـەکان تـەنها دەســتاوێژێکن بــۆ بــەدیهێنانی ئامانجــەکانی بریتانیــاو روســیاو فەرەنســا لەگەمەی سیاسەتدا. لە کۆنگرەی بەرلینەوە هەڵوێستی ئـەڵمانیا لەمەسـەلەی ئەرمەندا مایەی تێگەیشتنو کاریگەریی باشی هەبوو، ئەمەش بەڵگەو قەواڵـە ئەڵمانیـە چـاپکراوەکان پشتڕاسـتی دەکەنـەوە. بـەهۆی ئـەم هەڵوێستەشـەوە لەهـەموو لایـەکی جیهانـدا تووشـی گاڵتـەپێکردن دەبێـتو وەهـاش تەماشـا دەکرێـت، کـە ئـەو لەپشـت هـەموو رەفتـارە شـەڕەنگێزییەکانی سـوڵتانو حکومەتی تورکیشەوەیە.

گەمـە دیپلۆماسـییەکانی بریتـانیو روسـەکان بـووە هـۆی ئـەوەی سـەرەتا سوڵتان، پاشـان کۆمەڵـەی "ئیتیحـادو تـەرەقی" وایـدابنێن، کـە ئەرمەنیـەکان مەترسیدارترین رەگەزی میللین سەبارەت بە دروسـتبوونی دەوڵـەتی تورکیـاو

بەردەوام بوونی. سولتان عەبدولحەمید گەیشتە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: "بەهۆی دەستتێوەردانی ئەوروپا لەپێناوی بولگاریادا، من بولگاریام لەدەستچوو، ئێستاش هاتوون باسی ئەرمەن دەکەن، بەمەش دەیانەوێت رۆژهەلاتی ئەنەدۆلّم لەدەست دەرکەن تا پارچە لەدوای پارچە لەتورکیا بکەنەوە". قەسابخانەکانو شێتگیریی راوەدوونانی ئەرمەن لێرەوە سەرچاوە دەگرێت.

سەرەڕای ئەمەش چاکسازییەکانی ئەرمەن لەنێو پرۆگرامی سیاسی زلهێزەکاندا مایەوە. لەساڵی (١٩١٣)دا کەوتەوە ناو لیستی بایەخ پێدراوەکان. هەردوو باڵوێزی روسیو ئەڵمانی وتووێژیان کرد، بەلام باڵیۆزی بریتانیا بێدەنگەی لێکرد. ئەنجامی وتووێژەکە پلانێکی چاکسازی لێکەوتەوە کە بابی عالی ئیمزای لەسەر کردو ئەرمەنیەکانیش پێیڕازیبوون. دەبایە جێبەجێکردنی ئەم چاکسازییانە لەلایەن چاودێرانی بالای ئەوروپییەوە چاودێری بکرێت. ئەمە نەکراو جەنگ هەلگیرساو چاودێرەکان رەوانەی مالەوە کران. من لەساڵی (١٩١٣) لەئەستەنبوڵ بووم. ئەندامانی (ئیتیحادو تەرەقی) لەکاتی وتووێژدا لەئەوپەڕی توڕەییدا بوون، چونکە زلهێزەکان دووبارە بایەخیان بەچاکسازییە ئەرمەنیەکان دایەوە، داخەکەیان دوو ئەوەندە بوو لەئەنجامی رێکەوتنی ئەڵمانیاو روسیا لەسەر شێوەیەك، کە لەگەڵ ئاواتەکانی ئەرمەنیدا دەگونجا. ئەوکاتە لێدوانێك لەلایەن "ئیتیحادو تەرەقی" پیەوە درا، کە دەیگوت "ئەگەر ئێوەی ئەرمەنی دەستتان لەچاکسازییەکان دوورنەخەنەوە شتێك روودەدات، بەبەراورد لەگەڵ قەسابخانەکانی عەبدولحەمید، قەسابخانەکان وەك یاری منداڵان دێتەبەرچاوتان".

ئیتیحادو تەرەقیو ئەرمەنـەکان بەیەکـەوە شۆڕشیان کـرد، سـەرکردەکانی هـــەردوولا دۆســـتبوونو یارمـــەتی یـــەکتریان دەدا لەهەڵبژاردنەکانـــدا، لەمانگەکانی سەرەتای جەنگیشدا هەموو کارەکان لەنێواندا وا دەهاتە پێشچاو کـــە ئاشـــتیانەبن. لـــەپڕ لەشـــەوی (٢٤) لەســـەر (٢٥) ی نیســـانی (١٩١٥)دا ئەســـتەنبوڵ هـــەموو سەرســـام بـــوو بـــەگرتنی باشـــترین (٢٣٥) رۆشـــنبیری کۆمەڵگـەی ئەرمـەنیو لەبەندینخانـەیان قـایمکردن، پاشـان گوازرانـەوە بـۆ ئاسیای بچوك. رۆژانـی دوای ئـەوە چـەند سـەد کەسـی دیکـەیان بـەدواداگیرا، بەڕادەیەك، کە ژمـارەی گیراوەکـان گەیشـتە (٦٠٠) کـەس، لەهـەموو ئەمانـەش تەنها (١٥) گیراویان لـەمردن دەربـاز بـوون. ئـەم گیراوانـە عـەقڵی ئەرمـەنییان لەئەسـتەنبوڵ پێکـدەهێنا. ئەنـدامی پەرلـەمان فـارتیکس، کـە برادەرێکـی شەخسـیی تەڵعـەت بـوو، هێشـتا نـەگیرابوو، چـوەلای تەڵعـەتو لەڕاسـتیی مەسەلەکە پرسیاری لێکرد. تەڵعەت بەفارتیکسی گوت:" لـەڕۆژانی لاوازیمانـدا بەداخوازی چاکسازییە ئەرمەنیـەکانتان ویستتان بمـانخنکێنن، بۆیـە ئێمـەش ئێستا کـەڵك لـەم بارودۆخـە لـەبارەی تیایـداین وەردەگـرین تـاکو گەلەکـەتان بەجۆرێك بڵاوە پێبکەین تا زاتی ئەوە نەکەن ماوەی پەنجا ساڵی دیکـەش بـیر لـە چاکسازی بکەنـەوە". فـارتیکس وەڵامـی دایـەوە "کەواتـە نیـازی ئـەوەتان هەیە ئیشەکەی عەبدولحەمید تەواوبکەن". تەڵعەت وەڵامی دایـەوە "بـەڵێ". بەڵێنەکە چۆن بوو، جێبەجێکردنەکەشی وابوو. دانیشتنەکانی دادگای جەنگ لەئەسـتەنبوڵ بەڵگـە بەدەسـتەوە دەدەن. بـەگوێرەی رۆژنامـەی (جەنـەرال ئۆفیتسـیل) بڕیـاری بـەزۆر کۆچـپێکردن لەلایـەن سـەرکردایەتی "ئیتیحـادو تـــەرەقی"یـــەوە دراوە، تەڵعـــەت پاشـــاش گیـــانی ئـــەو ســـەرکردایەتیەبوو، بەهێزترین کەسـیش بـوو لەناویانـدا. ئـەو فـەرمانی قڕکردنـی دا، بـۆ ئـەوەی

تووشی راچڵەکین نـەبن، خـۆی ئـەو کـارەی نـەکرد. هـەموو ئەمانـە دەتـوانین بەڵگەی سەلمێنەریان دەربارە پێشکەش بکـەین، بـە پشتبەسـتن بەبەڵگەنامـەو قەواڵە تورکیو ئەڵمانیەکان.

من ئەو روونکردنەوانەم پێشکەش کرد بۆ ئەوەم بـوو بیخەمـە بەرچـاوتان کـە گەمـەی دیبلۆماسـیی زلهێزەکـان بـووە هـۆی وورووژانـدنی مەترسـیەکان، سـەرەتا هـی عەبدولحەمیـد، دوای ئـەویش کۆمەڵـەی "ئیتیحـادو تـەرەقی" دەرهەق بەئەرمەن بەڕادەیەك، کە گەیشتنە ئەو باوەڕەی ناتوانن هیچ شـتێك لەگەڵ ئەرمەندا بکەن لەقڕکردنیان باشتر بێت.

ئـەم قڕکردنــە هــەزاران، بــەڵکو دەیــان هــەزار جـۆرو شـێوەی وەرگـرت، هەرئێستاش، لەو شایەتانەی بەچاوی خۆیـان شـتەکانیان بینیبـوو، چـەندین نموونەتان گوێ لێ بوو.

**بەرگریگەر فیرتهاور:** تۆ گوتت گەمەی دیپلۆماسیی نێوان روسیاو بەریتانیا بووە هۆی قڕکردنی ئەرمەن. هۆیەکەی چیبوو؟

**شارەزا لیبسیوس:** چونکە ئەوە تورکەکانی ترساند لەوەی، کە ئەرمەنیەکان داوای سـەربەخۆیی بکـەن، ئەمـەش هەڕەشـە لەقـەوارەی دەوڵـەتی تورکیـا لەئاسیادا دەکات.

**بەرگریکـەر فیرتهـاور:** پێشـتر گوێمـان لێـدەبوو، کـە هۆیەکـەی ئەوەیـە تورکـەکان محەممـەدینو ئەرمەنیـەکان مەسـیحینو ئـەو رقو کینەیـەی نێوانیشیان دەگەڕێتەوە بۆ هەزاران ساڵ.

**شـارەزا لیبسـیوس:** ئـەو بۆچـوونە خەیاڵییـە دەگەڕێتـەوە بـۆ "ئیتیحـادو تـەرەقی" و ئـەنوەر پاشـا، کـە مەبەسـتی بـوو ئیمپراتۆریـەتێکی تـورکیی ئیسلامیی پەتی دروستبکرێت، کەجێگەی مەسیحییەکانی تێدانەبێتەوە.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** کەواتە وەك ئەڵمانو روسو تورك بەرەوانی دەیڵێن، دەیانەوێت هەمووشتێك لەناوبەرن، هەموو شتێك، کە تورکیی پەتی نەبێت؟

**شارەزا لیبسیوس:** بەڵێ.

**بەرگریکەر نیمایر:** ئایا شتەکە بەمجۆرە نییە: ئەرمەن دوا گەلی مەسیحی چەوساوە بوون لەسەر خاکی ئەوانو تا ئێستا تورکیا بەهیوایە کۆنترۆڵیان بکات. هەموو گەلانی بەلقانو گەلانی دیکەی ژێردەسەڵاتی تورکیا، لەڕووی تورکیادا، راست بوونەوەو یەك لەدوای یەك لێی جیابوونەوە. بۆ ئەوەی نەهێڵن ئەرمەن کردەوەی لەو بابەتە بکات بڕیاریاندا لەناویان بەرن. ئایا ئەمە ڕاستە؟

**شارەزا لیبسیوس:** بەڵێ. میر مترنیخ، کە لەساڵی (١٩١٨) باڵوێزی ئەڵمانیا بوو لەئەستەنبوڵ لە (٣٠) ی حوزەیران لەیەکێك لەڕاپۆرتەکانیدا نوسیبووی: "ئەرمەن کۆتاییان هات. چەتەکانی "ئیتیحادو تەرەقی" ئارامیان لەبەر بڕاوەو خۆیان ئامادە ئەکەن بۆ ئەو پلانەی کە تیایدا یۆنانیەکان دژی تورکیا رادەپەڕن. ژیاریی یۆنان رەگەزێکی رۆشنبیریی تورکیا پێکدێنێت. ئەم رەگەزە لەو کاتەدا لەناودەبرێت، رێك وەك رەگەزی ئەرمەنی". میر مترنیخ کارەکەی بەمجۆرە دەبینی.

**(شارەزا جەنەراڵ ئۆتولیمان فونساندرز، تەمەن (٦٦) ساڵ. سەربە کەنیسەی پرۆتستانتیە. دوای سوێندخواردن بەسیفەتی شارەزا):**

دەمەوێت ئەوەی بەڕێز لیبسیوس پێشکەشی کرد، لەدیدی سەربازییەوە، کەمێکی بخەمەسەر.

بەڕای من هەموو ئەوەی لە ئەرمینیا روویداو هەموو ئەوەشی، کە لەژێر ناوی "قەسابخانە"دا کورت دەکرێتەوە دەکرێت بیکەین بەدوو بەشەوە، بەشی یەکەم بەڕای من، بڕیاری حکومەتی "ئیتیحادو تەرەقی"بوو دەربارەی کۆچپێکردنی ئەرمینیەکان ، بەرپرسیاریەتی ئەوەش مرۆڤ دەتوانێت بیخاتە ئەستۆی حکومەتی "ئیتیحادو تەرەقی". سەبارەت بەدەرکردنی بڕیارەکە ناکرێت جگە لەبەشێك لەلێپرسراویەتی زیاتر بخەینە ئەستۆی. بەڵام بەشی دووەمی ئەم لێپرسراویەتیە دەکەوێتە ئەستۆی ئەو شەڕانەی لەئەرمینیادا روویاندا، چونکە ئەرمەنیەکان یەکەم شت ویستیان خۆیان رزگاربکەن‌و ملکەچی فەرمانەکانی حکوومەتی تورکیا نەبوون سەبارەت بەوەی کەدەبێت چەکەکانیان دامالن. دووەمیش لەبەرئەوەی تاڕادەیەك لایەنی روسیان گرت دژ بەتورك، ئەمەش بێگومان سەلمێنرا. هەڵبەت ئەمە بووەهۆی شەڕ هەڵگیرساندن‌و وەك بۆتە نەریتیش بووەهۆی پلیشاندنەوەی لایەنی لاواز. من وای بۆ دەچم، دەبێت مرۆڤ هەندێك شت هەن لێکیان جیابکاتەوە. حکومەت کاروباری راگوێزانی راییکرد، جا لەڕێی راپۆرتەکانی دەزگا باڵا سەربازییەکان یان مەدەنیەکانەوە بووبێت، کە لەبەر هۆی سەربازی وا پێویستبوو رۆژهەڵاتی ئەنەدۆڵ لەئەرمینیەکان چۆڵبکرێت.

دەمــەوێت لێــرەدا جــەخت لەوەبکــەم، کــە فەرمانــدەی ســوپاو جەنەراڵــە فەرمانــدەکان لەقــەفقاس تــورك بــوون، چــونکە زۆر شــتی هەڵــەو ناڕاســت سەبارەت بەئەڵمانەکان لەم کێشەیەدا گوترا.

ئــەم فەرماندانــەی ســوپاو دامو دەزگــا مەدەنیــەکانیش، وەك ئێســتا گــوتم، راپــۆرتی خۆیــان رەوانــەی ئەســتەنبوڵ کــرد. جێبــەجێکردنی فەرمانــەکانی چۆڵکردن، کــە گەیشتەدەست کەسانێك کــە لەوپــەڕی خراپیــدابوون ! لێــرەدا دەبێت جــەخت لــەوە بکــەین، کــە جەندرمــەی تــورك پــێش جــەنگ زۆر بــاش بوون. ژمارەیان (٨٥٠٠٠) جەندرمەبوو، دەکرێت بەتیپێکی تایبەتیان دابنــێین، بەڵام دوای ئەوە لەزۆرینەی بەشەکاندا جەندرمەی یاریدەدەر دروستکرا، ئــەو کەسانەی ئەمەیان لــێ پێکهێنــرا تــوخمی بــاش نــەبوون، بەشــێکیان دزبــوونو بەشێکی دیکەیان بێکاربوون. زەبتوڕەبت لای کەسانێکی وا  لە ئاستێکی نزمدا دەبێت. مرۆڤ دەبێت ئەو بارودۆخە لەبەرچاوبگرێت، کە دەیەوێت باسی ئــەو خراپەکاریانە بکا، کە لەگەڵ کاروانی ئەرمەنیە راگوێزراوەکانــدا کــرا. ئەمانــە سەربازی تورك نەبوون، بەڵکو جەندرمەی یەدەگو توخمی زۆر خراپ بــوون، کە ئەو کاتە لەبارودۆخێکی نائاساییدا پێکهێنران. دوایی دەبێت مــرۆڤ ئاگــای لــەوەش بێــت کــە تورکیــا لــەو قۆناغــە زۆر خراپــەی، کــە پیایــدا دەڕۆیشــت، بەڕادەیەك نــەك تــەنها ئەرمــەنی تێــدا کــوژرا، بــەڵکو زۆر ســەربازی تــورکیش بـــەهۆی کـــەمی خواردەمـــەنیو بڵاوبوونـــەوەی نەخۆشـــیو بـــەهۆی خـــراپ رێکخستنی ئیمپراتۆریەتی تورکیشەوە مردن. هەزاران ســەربازی تــورك لــەوێ مــردن، تــەنها لــەو ســوپایەی، کــە مــن خــۆم فەرمانــدەی بــووم، دوای هەڵمــەتی غالیبولی هەزاران کەس  کە لەبەر کەمخۆراکی شەکەتبووبوون، مردن.

مـن وای بـۆ دەچـم، کـە پێویسـتە هـەموو ئـەم شـتانە لەبەرچاوبگیرێت. هــەروەها دەبێــت ئــەوەشمان لەبەرچــاوبێت، کــە یــاوەرانی کاروانەکانــدا کەوتبوونە ژێر کاریگـەری بۆچـوونێکی شـێواو لـەبارەی "جـەنگی پـیرۆز"ەوە، کـە تیایـدا ئەرمەنییـەکانیان وەك مەسـیحی لەبـەردەم خۆیانـدا دەدیـتو وا تێگەیشـتبوون کـە شایسـتەی ئـەو رەفتـارە دڵڕەقانەیـەن. لەوانەیـە چـینی خـوارەوەی فەرمانبـەرانیش هـانی ئـەمجۆرە بۆچـوونانەیان دابێـت. باسـی ئەوەشـکرا کوردەکـان، کەهەمیشـە لەگـەڵ ئەرمەنـدا دوژمنایـەتیان هـەبوو، ئەوکاتە هێرشیان کردە سەریانو تالآنیان کردبوون.

حکومەتی ئەڵمانی، ئەوەندەی من بیزانم، هەموو توانایەکی لەچوارچێوەی ئەو بارودۆخەی ئەوسا لەئارادا بوو بەکارهێنا، بەڵام کارەکە بۆ ئەو لەوپـەڕی زەحمەتیدا بـوو. مـن بەتایبـەتی دەزانم (مـیر مترنـیخ) بەوپـەڕی توندییـەوە نـاڕەزایی دەربـڕی دژی ئـەو رەفتارانــەی دژ بەئەرمەنــەکان کــرا. دەربــارەی خۆمـان - ئێمـەی ئـەڵمان - دەتـوانم بڵێم- وەك بـەڕێز دکتـۆر لیبسیوسـیش بەسوپاسـەوە ئامـاژەی پێکـرد، جێگـەی گومـانێکی گەورەیـە- یـەك ئەفسـەری ئەڵمانی هەرگیز بەشداریی لەکردەوەکانی دژی ئەرمەنیەکان نەکردووە.

بەپێچەوانەوە ئەوەندەی پێمان کرابێت دەخالەتمان کـردووە تـا سنوور بـۆ ئەو کردەوانە دابنـێین. یـان بڵێم مـن خـۆم هـەرگیز فـەرمانێکی ئیمزاکـراوم لەتەڵعـەت پاشـاوە دەربـارەی ئەرمـەن پێنەگەیشـت. ئـەو فەرمانانـەی پـێم دەگەیشتن لـە ئـەنوەر پاشاوەبوونو سروشـتێکی بێگرێیـان هـەبوو. هەنـدێك جـار ئـەو فەرمانانـە بەتـەواوی پوچـبوونو نـەدەتوانرا جێبـەجێ بکـرێن، بـۆ نموونـە جارێکیـان فـەرمانێك هـات کـە دەبێـت هـەموو یەکـە سـەربازییەکان لـەجووو ئەرمـەنی پـاك بکرێنـەوە. گومـانی تێدانییـە، کـە ئـەم فەرمانـە

جێبـەجێ نـەکرا، چـونکە ئێمـە پێویسـتمان بەئەرمـەنو جـوو، وەك وەرگێـڕ هەبوو. مرۆڤ زۆرجار لەوێ لەمجۆرە فەرمانە پوچانەی بۆ دەهات.

لەشـوباتی (١٩١٦) دا هـەلم بـۆ ڕەخسـا دەخالـەت بکـەم، کاتێـك والیـی ئـەدریانوبل ویسـتی ئەرمـەنو جووەکـان راگوێزێـت. هەواڵەکـەم لـەملازمی یەکـەمی بـایری فیلمـەرەوە پێگەیشـت. چـوومە ئـەوێو لـە بارودۆخەکـەم کۆڵییـەوە: کونسـوڵی نەمسـایی نوێنەرایـەتیی ئێمـەی دەکـرد. راسـتبوو والی فـەرمانی راگواسـتنی دابـوو. بەپەلـە چـوومە ئەسـتەنبوڵو لـەوێ تـوانیم لەڕێگەی بـاڵوێز مـیر مترنـیخو بـاڵوێز مـیر بالافیچییەوە فەرمانەکـە رابگـرم. جارێکی دیکە هاتمە سمیرنا. والی فەرمانی دەرکردبوو (٦٠٠) ئەرمەنی بەشەو، لەماڵەکانیانـەوە بهێـنن‌و بیانخەنـە فارگونـەکانی شـەمەندەفەرەوە بـۆ ئـەوەی رایانگوێزێت. دەخالەتم لەمەسەلەکەدا کردو گوتم بە والی بڵێن ئەگـەر یـەك ئەرمەنیی دیکە راگوێزێت من رێدەدەم بەسـەربازەکانم جەندرمـە بدەنەبـەر گولله، سەرەنجام کردەوەکە نەکرا. ئەم رووداوانە لەکتێبەکـەی بـەڕێز دکتـۆر لیبسیوسدا هەن، هەروەها ئەمەی تێدا باسکراوە.

ئەمانە تاڕاددەیەك خۆم تیایاندا ژیام. دەمەوێت جەخت لەوە بکەم کە من پـێم نەناوەتـە نـاو ئـەرمینیاوە، لەسنورەکەشـی نزیـك بوومەتـەوە، لەلایـەنی تـورکیش هـیچ سـزایەکم دژی ئەرمـەن نەبیسـتووە، پرسیاریشـم لەوبارەیـەوە نەکردووە. بەپێچەوانەوە هەموو شتێکیان لێدەشاردینەوە بـۆ ئـەوەی ئاگامـان لەبارودۆخی سیاسەتی ناوخۆییان نەبێت.

گـەورەترین هەڵبەسـتنە کـە رۆژنامەگـەریی بێگانـە دەڵـێن گوایـا ئێمـەی ئەفسـەرە ئەڵمانیـەکان - وابـزانم دەتـوانم بـەناوی هـەموو فەرمانبـەرە ئەڵمانیەکانیشەوە قسەبکەم - بەجۆرێك لەجۆرەکان پەیوەندیمان بەکردەوەی

سـزادانەکانەوە هـەبووبێت، بەپێچـەوانەوە ئێمـە ئـەرکی خۆمـان، ئەوەنـدەی هەلومەرجەکە ڕێگەی پێماندابێت، بەتەواوەتی بەرامبەر ئەرمـەن بـەجێهێنا. لەناوچـەکەی منـدا ژمارەیـەکی کـەم ئەرمـەنیی لێبـوو، ڕووداوی لـەوجۆرەی ئێسـتا بـاسمکرد هـەبوون، ئەمانـە ئـەو حاڵەتـە دەگمەنانـەبوون کـەمن پـێم زانیبوون. تا چ ئاستێك تەڵعەت بەشەخسی خۆی هاوبەشـی لـەم فەرمانانـەدا کردووە، من نـاتوانم بڵێم- فـەرمانی سـەرەکیی کۆچـپێکردنی ئەرمەنیـەکان - ئەوەندەی من ئاگاداربم- لە (٢٠)ی ئایاری (١٩١٥) دا دەرچوو. بەهەر حـاڵ ئـەم فەرمانانــە دەســتەیەکی ڕۆشــنبیر دایانڕشــتبوو، هەڵبــەت بــەکۆی دەنگــیش لەلایــەن ئەنجومــەنی وەزیرانـــەوە ڕەزامەنـــدی لەســـەردرا. وەك گوتیشـــم جێبەجێکردنەکەی لەئەستۆی والییـەکانو فەرمانبـەرانی خـوارەوەو لـەپێش هەمووشیانەوە لەئەستۆی جەندرمەی ڤێزەوندابوو.

بەهەر حاڵ ئەرکی سەرشانمە لێـرە شایەتی بـدەم، کـە مـن لـەماوەی ئـەو پێنـج ساڵەی لەتورکیابووم هیچ ئیمزایەکی تەڵعـەت پاشـا یـان هـیچ سـزایەکم دژ بە ئەرمەن نەدی، نەشمبینی ڕوویدات.

سـەرۆك: ئێسـتا گـوێ لەشـایەتیی جـەنابی بیشـۆفی ئەرمـەنی گریگـۆریس بالاکیان دەگرین، کەلە مانچستەرەوە بۆ شایەتیدان هاتووەتە بەرلین.

## (شایەتەکە تەمەنی (٤٢) ساڵەو سەربە کەنیسەی نەتەوەیی ئەرمەنییە)

## (بەهەندێک هەڵەی ڕێزمانیەوە، بەئەڵمانی قسەدەکات، بەڵام پێویست بەوەرگێڕ ناکات. دوای سوێندخواردن)

**بالاکیان:** ناتوانم زانیاری دەربارەی تاوانەکە یان زانیاریی کەسی دەربارەی تۆمەتبارەکەش پێشکەش بکەم، چونکە پێشتر قەت نەمناسیوە.

کە جەنگی جیهانی لەساڵی (١٩١٤) دا دەستی پێکرد من لەبەرلین بووم، پاشان لەمانگی ئەیلولی ساڵی (١٩١٤)دا بەرلینم بەجێهێشت بۆ ئەوەی یەکسەر بگەڕێمەوە ئەستەنبوڵ.

لەوێ دوای (٦ـ٧) مانگ لەلایەن پۆلیسەوە گیرام، لەڕۆژی (٢١) نیسانی (١٩١٥)دا ئێمە (٢٨٠) گیراوی ئەرمەنی بووین. هەموومان لەڕۆشنبیرەکان بووین. ئێمەیان رەوانەی تاراوگە کرد. (٣٦) سەعاتمان لەناو شەمەندەفەردا بەسەربرد تا گەیشتینە نزیک ئەنکورا. لەوێوە نزیکەی (٩٠) کەسیان لەکاروانەکەمان ناردە تاراوگەی ئەیاش. ئەوانی دیکە، کە نزیکەی (٢٩٠) گیراو دەبوون بۆ تاراوگەی چانك نکیری، کە (٢٤) سەعات لە ئەنکوراوە دوورە، نێردران. بە لۆری ئێمەیان گواستەوە. ئەم کۆمەڵەیە دووبارە بە چەند کاروانێکی بچووك، کە هەرکاروانەی نزیکەی (٢٥ـ١٥ـ١٠ـ٥) کەس دەبوون بۆ ئەنکورا گوازرانەوەو لەوێش کوشتیانن. تەنها (١٦) کەس لەکۆی (١٩٠) کەس دەربازبوونو نەکوژران.

لەچانکیری نزیکەی (٤٠) ماڵە ئەرمەنی هەبوون، کە نزیکەی (٢٥٠) کەسی تێدا دەژیاو هەر هەمووشیان تورکییان دەزانی، ئەوانە بازرگان بوونو کاریان

بەسەر سیاسەتەوە نەبوو. دەبایە ئەم (٢٥٠) ئەرمەنییە لەگەڵ (١٦) ی دیکە، کە لەئەستەنبوڵەوە هێنرابوون، بگوازرێنەوە بۆ دیرلزور لەبیابان، ئەمەش بەپێی ئەو فەرمانانەبوو کەبەبروسکە لەلایەن وەزیری ناوخۆوە لەئەستەنبوڵ دەرکرابوون، بەڵام والیی کاستاموونی (رەشاد پاشا) ملکەچبوون بۆ بروسکەکەی وەزیری ناوخۆی رەتکردەوە. لەئەنجامی ئەمەشەوە یەکسەر دەرکرا. ئەوەی دوای ئەوهات ویستی فەرمانەکە جێبەجێ بکاتو رامانگوێزێت. ئێمەش (٨٠٠) لیرەی زێڕی تورکی پارەمان دایێ، ئەو خۆی سکرتێری (لیژنەی ئیتیحاد) یونس بای بوو، ئیدی نەگوازراینەوەو تا نزیکەی شوباتی (١٩١٦) ماینەوە. پاشان والی (ئەنکورا) یان نارد، کە بیستبوومان (٨٢٠٠٠) ئەرمەنیی لەژنو منداڵو پیاو لەویلایەتی ئەنکورادا کوشتبوو. ئەویان نارده جێی رەشاد پاشا لەکاستامونی. ئەم والیە تازەیە فەرمانی وەزیری ناوخۆ تەڵعەت پاشای جێبەجێ کردو ئێمەی راگواست بۆ دیرلزور. ئەمەی کرد سەرەڕای ئەوەی ئەرمەنیەکان زۆر هێمن بوون، تەنانەت بەزمانی دایکیشیان قسەیان نەدەکرد، چونکە لەزمانی تورکی بەولاوە بەهیچ زمانی دیکە نەیاندەتوانی قسەبکەن، بەڵام ئەوان، لەبەر هۆی سیاسی، مەبەستیان بوو ئاسیای بچووك لەهەموو ئەرمەنییەك چۆڵ بکەن.

سەرەتا پیاوەکانیان راگواست. (٤٨) پیاوبوون. دەبایە ژنو منداڵەکانیش لەگەڵ ئێمە راگوێزرابان. لێمانیان پرسی داخۆ دەمانەوێ ژنو منداڵەکان لەگەڵ خۆماندا ببەن یان نا؟ لەوبارەیەوە من ئامۆژگاریمکردن، کە لەگەڵ خۆماندا نەیانبەین. پاشان زانیمان هەموویان کوژراون. ئێمەیان بە ـ چوروم ـ یوزکاد ـ بووکازیان ـ قەیسەرییە ـ تورمارسا ـ هادجین ـ سیس ـ قارس ـ بوسار ـ عوسمانییە ـ حەسان بیزلی ـ ئیسلاحییەدا راگواست. ئەم رێگەیە خوێناوی

بوو. تەنیا لەنێوان یوزکادو بوکازیاندا نزیکەی (٤٣٠٠٠) ئەرمەنییان بە ژنو منداڵەوە کوشت. ئێمەش دەترساین بمانکوژن، چونکە ناوە رەسمیەکە (راگوێزان) بوو، بەلاّم لەواقیعدا سیاسەتێکی قڕکردنی ڕێکخراو بوو. لەبەر ئەوەی لەوکاتەدا پارەمان پێبوو، کە نزیکەی (١٥٠٠٠ـ١٦٠٠٠) لیرەی زێڕ دەبوو، بیرمان کردەوە، وەك ئەوەی لەڕۆژهەڵاتدا باوە، کە مرۆڤ دەتوانێت هەمووشتێك لەڕێی بەرتیلەوە بەئەنجام بگەیەنێت، ویستمان بەوجۆرە ژیانی خۆمان رزگاربکەین. هیوامان هەبوو، هەموو ئەو شتانەی نەمانتوانیوە لەڕێگەی دیکەوە بیکەین دەتوانین بەپارە بەدیبێنین. بیرکردنەوەکەمان هەڵەنەبوو. بوونی من لێرەو بەزیندوویەتی بەهۆی ئەو بەرتیلەوەیە.

بەڵگەنەویستە کە ڕەفتاریان لەگەڵماندا زۆر خراپ بوو. برسیمان بوو، کە ئاو یان رووبارێکمان دەدیو دەمانویست تینویەتی خۆمان بشکێنین، نەیاندەهێشت. دوو رۆژمان بەبێ یەك پارچەنان بەسەربرد. نەیانهێشت بەپارەی خۆشمان نان بکڕین. هەرگیز خەومان نەبوو. سەرەڕای هەموو ئەمانەش ئێمە رازی بووینو وا بیرمان دەکردەوە ئەگەر نەمانکوژن ئەوا بەختمان یارە.

کە گەیشتینە یوزکاد، کە یەکێکە لەناوچە هەرە خوێناوییەکان، لەو دەوروبەرە نزیکەی چوارسەعات لەدووری شار، لەدۆڵێکدا سەدان کەللەسەری قژدرێژمان بینی، ئەو سەرانە هی ژنو کچان بوون. لەگەڵ ئێمە ـ رەقیب ـ یەکی جەندرمە هەبوو ناوی شوکری بوو، سەرکردایەتی دەکردین. (ئێمە نزیکەی ٤٨ پیاوبووین. (١٦) جەندرمەی سوارەشمان لەگەڵدابوو). لە (رەقیب) ەکەم، پرسی: بیستوومە پیاوە ئەرمەنیەکان دەکوژن، نەك ژنانو کچان. گوتی بەڵێ ئەگەر تەنها پیاوان بکوژین، ژنانو کچان نەکوژین، ئەوا ژمارەی

ئەرمەنیـەکان دوای (٥٠) سـاڵیتر دووبـارە دەگاتـەوە چـەندین ملیـۆن. بۆیـە دەبێت ژنـانو منـداڵانیش بکوژین بـۆ ئـەوەی جارێکی دیکـە تووشـی پشـێوی نـاوخۆییو دەرەکـی نەبینـەوە (داوای لێبـوردن دەکـەم مـن (٤ـ٥) سـاڵ دەبێـت یـەك وشـە قسـەم بەئـەڵمانی نـەکردووە، بۆیـە نـاتوانم بـەڕەوانی بەئـەڵمانی قسـەبکەم. مـن لـە سـاڵی(١٩٠١) ەوە پیـاوێکی ئـاینیی ئەرمەنیشـم. ئاگـام لەبارودۆخی ئەرمینیاو بارودۆخی گەلەکـەم هەیـە، زانیـاری تەواویشـم هەیـە دەربارەی سیاسەتی تورکی.

پرسـیم بۆچـی ژنو منـداڵ دەکـوژرێن؟ (رەقیـب) زۆر بەسـادەیی گـوتی: هەمووومان کوشتن، بەڵام لەناو شـار نـا، چـونکە قەدەغـە بـوو، عەبدولحەمیـد لەسـاڵی (١٨٩٥ـ١٨٩٦) فەرمانیـدا هـەمووان لەشـاردا بکـوژرێن، ئـەوەبوو گـەلانی ئـەوروپیو هـەموو جیهـانی شارسـتان بەمـەیانزانیو نەیاندەویست رێ بەمـە بـدەن. ئێسـتاش نابێـت کـەس بەزینـدوویـەتی بمێنێتـەوە تـا لـەدادگادا نـەبێت بەشایەت.

بەڵام سوپاس بۆخوا هێشتا کەسانێك ماون شایەتی بدەن.

(رەقیـب) ەکـە پێیگـوتم: دەتـوانم راسـتیەکەت پـێ بڵـێم، چـونکە لەهـەموو بارێکـدا تۆدەچـیتە بیابـانو لـەوێش لەبرسـان دەمریـت. بـەڵام هـەلت بـۆ رێکدەکـەوێت رۆشـنایی بخەیتـە سـەر راسـتی. ئیـدی باسـی وردەکارییـەکانی بۆمانکرد. سەرەتا (١٤٠٠٠) پیاویان بردە دەرەوەی شاری یوزکـادو دەوروبـەری، هەرهەموویان لەدۆڵەکاندا کوشتن، کەچی خێزانەکانی ئـەو پیاوانـەی کـوژران پێیان گوترابوو پیاوەکان بەسەلامەتی گەیشتنە حەڵەبو حاڵیان لـەوێ باشـە، داواشـیان لـە حکومـەت کـردووە رێبـدا خێزانەکانیشـیان بچـنەلایان، ئـەوان ماڵیشیان بۆ خێزانەکانیان ئامادەکردووە، حکومەتیش رەزامەندیی لـەمبارەوە

دەربڕیـوەو دەبێـت هەرچیـەکیان هەیـەو دەتـوانن هـەڵیبگرن لەگـەڵ خۆیـان ببـەن.. بـەو پێیـە خێزانـەکان هەرچـیەکیان هـەبوو لـە خشـڵی زێـڕو زیـوو فەرش‌و شتیتر، کە دەتوانن هـەڵیبگرن لەگـەڵ خۆیـان بردیـان. (رەقیـب)ە کـە فەرمانــدەیی کاروانەکــەمانی دەکــرد ئەمــەی بۆگێڕامــەوەو گــوتی بۆخــۆی فەرمانی کوشتنی نزیکەی (٤٠٠٠٠) ئەرمەنیی داوە لەنێوان یوزکادو بوکازلیان بەسیفەتی فەرماندەی جەندرمە. کەواتە ژنـەکان وایـان دەزانـی مێردەکانیـان زیندووون‌و خۆیان ئامادە دەکرد بۆ ئەوەی بچنەلایان. نزیکەی (٨٤٠) عەرەبانە دەبــوون، کــە (٣٨٠) یــان گــا رایدەکێشــان، ئــەوانی دیکــە وڵاخ. زۆر ژنــیش ناچاربوون لەگەڵ منداڵەکانیان بەپێ بڕۆن. سەرجەمیان دەگەیشتنە نزیکەی (٦٤٠٠) ژن‌و منداڵ، کە دەیانویست ئەوانیش بچنە حەلەب.

لە (رەقیب) مکەم پرسی بۆچی واتـانکرد؟ وەڵامـی دامـەوەو گـوتی: ئەگـەر ژن‌و منداڵـەکانمان لەشـاردا بکوشـتنایە ئەوسـا نەمانـدەتوانی بـزانین ئـەوەی هەیانە لـەکوێیان شـاردۆتەوە؟ ئایـا خسـتویانەتە ژێـرزەوی یـان لـەجێی دیکـە دایاننــاوە؟ بۆیـە رێمانـدا هەرچـیەکیان هەیـە لەخشـڵ‌و زێـڕ لەگـەڵ خۆیـان ببــەن. دوای چــوار ســەعات لەڕۆیشــتنی کاروانەکــە (بــەمجۆرە  ـ رەقیبەکـە بـەمجۆرە درێـژەی بەحەکایەتەکـەدا) گەیشـتینە دۆڵێـك کـە سـێ ئاشـی ئـاوی لێبوو.  (٢٥ـ٣٠) ژنی تورکمان لەگەڵدابوو، دەستیانکرد بەپشکنینی جلوبـەرگی ژن‌و کچە ئەرمەنیەکان‌و هەرچیەکیان لەخشڵ‌و پارەو زێـڕ پێبـوو هـەموویان لـێ سەندن. لەبەرئەوەی ژمـارەی ژن‌و کچـەکان زۆر بـوو، دەگەیشـتە نزیکـەی (٦٤٠٠). ژنە تورکەکان چوار رۆژیان پێچوو تا کارەکەیان تەواوکرد.

دوای كۆتاییهاتنی پشكنین. رەقیبەكە بەژنە ئەرمەنیەكانی گوت، فەرمانێكی تازە لەحكومەتەوە هاتووە، كە "بەخشین " ەو بەوپێیە ژنەكان دەتوانن بگەڕێنەوە هەوارو ماڵەكانی خۆیان.

لەگەڕانەوەدا، دوای نزیكەی سەعاتە رێیەك بانێكی گەورە هەبوو، عارەبانەو عارەبانچیەكان پێشتر دوورخرابوونەوە. كە ژنەكان پرسیان بۆچی عارەبانەكان دووردەخەنەوە پێیان گوترا بەخشین دەرچووەو رێیانپێدەدرێ بگەڕێنەوە ماڵەكانی خۆیانو ئیتر پێویستیان بەعەرەبانە نییەو یوزكاد تەنها چوار سەعات بەپێ دوورە.

(رەقیبەكە خۆی ئەمەی گێڕایەوە. ئەو بەو جۆرە قسەی نەدەكرد، كە من لێرەدا قسەتان بۆ دەكەم، بەڵكو من هەمیشە پرسیارم لێدەكرد بۆ ئەوەی وەڵامم دەست بكەوێت. بیرم لەوە دەكردەوە، رەنگە ئەوەی لەوەوە دەیبیستم رۆژێك پێویستم پێیبێت).

لەو كاتەی ژنەكان دەیانویست بگەڕێنەوە (یوزكاد) بەهۆی دەرچوونی (بەخشین) ەوە، جەندرمە رەوانەی گوندەكانی ناوچەكەكرانو جوتیارەكان بانگكران بۆجیهاد لە"جەنگی پیرۆز"دا. نزیكەی (١٢٠٠٠ـ ١٣٠٠٠) جوتیار كۆبوونەوە، هەریەكەیان تەورو ئامێری كانزایی جیاجیایان هەڵگرتبوو، رێگەیاندان هەمووان بكوژن، تەنها كچە جوانەكانیان هێشتەوە بۆ ئەوەی بیانكەن بەژنی خۆیان.

**بەرگریكەر فون گۆردون** (قسەكەی پێ دەبڕێ): لێرە گوێمان لەزۆر شت بوو، ئێستا من پێویستم بەوەیە گوێم لەشتی گرنگتربێت.

**شایەت:** بەئارەزووی ئێوە، فەرموون پرسیاربكەن.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** کە ئەوسا لەچانکیری بوویت لەگەڵ یەکێك لەمامۆستاکانی زانکۆ، لەگەڵ پرۆفیسۆرێکدا چویتە لای والیو داوات لێکرد یارمەتیتان بدات؟ ئایا والی بروسکەیەکی پیشان نەدان، کە تەڵعەت پاشا تیایدا پرسیارێکی دیاریکراوی لەوالی کردبێت؟

**شایەت:** ئەگەر رێم بدەی هەر ئێستا بەدوو خولەك لەقسەکانم دەبمەوە، ئەوسا وەڵامەکەت دەدەمێ.

کەواتە هەمووان بێرەحمانە کوژران. ژنو منداڵو هەمووان. لە رەقیبم پرسی ئایا هیچ هەستی بەئازاری ویژدان نەکرد؟ ئایا لەبەردەم خوادا، لەبەردەم مرۆڤایەتیو لەبەردەم شارستانیەتدا خۆی بەلێپرسراو نازانێت؟ من لێپرسراونیم، رەقیبەکە وەڵامی دایەوەو گوتی من فەرمانم لەئەستەنبوڵەوە پێگەیشت. من تەنها رەقیبێکی جەندرمەم. فەرمانمان بۆ هات هەموو پیاوەکان بکوژین، چونکە ئێمە جاڕی جەنگی پیرۆزمان داوە ـ هەرئێستا لێدەبمەوە ـ .

رەقیبەکە درێژەی بەقسەکانیداو گوتی کە مرۆڤ یەکێك لەجەنگدا دەکوژێت، تاوانبارنیە، منیش وام رەفتارم کرد. دوای ئەوەی لەکوشتن بوومەوە نوێژەکەمم کرد، ئیتر بەو جۆرە لەگوناح پاکبوومەوە. بەڵێ، من وامگوت، بەڵام دەبێ مرۆڤ دژی پیاوان بجەنگێت، نەك دژ بەژنو منداڵانو جاڕی جیهاد دژیان بدات.

**(گەڕانەوە بۆ پرسیارەکەی بەڕێز فون گۆردون)**

کاتێك لەگەڵ بەڕێز کیلیکیان سەرنووسەری رۆژنامەی (سابات)ی تورکی دووام، کە لەهەمان کاتیشدا پرۆفیسۆرێکی تورکە لەزانکۆی تورکی لەئەستەنبوڵ، دیران کیلیکیان ئەفەندی پێیگوتم: ناتەوێت لەگەڵ مندا

سەردانی جێگری فەرمانڕەوا عەساف بای بکەیت؟ پێم گوت باشتر وایە خۆمان بشارینەوە، نەك خۆمان دەربخەین. ئەویش پێیگوتم: نا، نا، پێویستت بەترس نییە، ئەو قوتابیی منەو دەستم ماچ دەکاتو زۆر ڕێزم دەگرێت، زۆرجارانیش لەمبارەوە قسەمان کردووە تا لەهەموو بارودۆخە خراپەکان ئاگاداربین.

بەمجۆرە سەردانی عەساف بای جێگری پێشووی فەرمانڕەوای عوسمانی لەویلایەتی کیلیکیامان کرد، زۆر بەگەرمی پێشوازیی لێکردینو پرسیارمان لێکرد، دەتوانین چی بکەین بۆ ئەوەی خۆمان رزگاربکەینو بگەینە ئەستەنبوڵ. وەڵامی دایەوەو گوتی: مامۆستای خۆشەویستم، هەرچیەکت دەوێت بیکەیت دەبێت پەلەی تێدا بکەیت، چونکە دوایی درەنگ دەبێت.

پرسیارمان لێکرد بۆچی کات درەنگ دەبێ، گوتیشمان ئێمە نازانین ئایا قەسابخانەکان لەئاسیای بچوکدا دەستیانپێکردوە. ئێمە ئەمەش نازانین. تەنانەت ئێمە نازانین لەدووری دوو سەعات لەئێمەوە چی روودەدا. عەساف بای وەڵامی داینەوە: ڕێگەم پێنادرێ هیچ شتێ بەخەڵکی بڵێم، بەڵام بەرێز کیلیکیان تۆ مامۆستامیو (ئاوڕی لەمن دایەوە) تۆ قەشەو پیاوی ئایینیتو نهێنی دەپارێزی. من زۆر ڕێزی پایە ئایینیەکەت دەگرم. ئێستا بروسکەیەکتان پیشان دەدەم - بروسکەیێکی پیشانی بەرێز کیلیکیان داو منیش لەگەڵ ئەو خوێندمەوە، چونکە ئەو ڕێی لێ نەگرتم. من ناتوانم بەوردی جەخت لەسەر ناوەرۆکی بروسکەکە بکەم، هەروەها ناشتوانم رادەی راستیی بروسکەکەش بزانم، من تەنها بەلاچاو تەماشامکرد. لەماوەی داهاتودا کتێبێکم دەردەچێ کەتیایدا هەرچی پەیوەندی بەم بابەتەوە هەبێ، تۆمارمکردووە. بەڵام هیچ هۆیێکم بەدەستەوە نەبوو بمخاتە سەر گومانکردن

لەڕاستیی ئەو بروسکەیەی کە جێگری فەرمانڕەوایەك پیشانی دام کە خەریکی جێبەجێکردنی ئەرکەکانی خۆیەتی. بروسکەکە بەم مانایەبوو "یەکسەر بروسکەمان بۆ بکەن، چەند ئەرمەنی تائێستا کوژراونو چەندیش هێشتا بەزیندویەتی ماون. ئیمزا :وەزیری ناوخۆ تەلعەت".

سەرەتا نەمزانی ئەمە مانای چییە. بەلامەوە نامەقوڵ بوو بیر لەوە بکەمەوە کە گەلێك بەتەواوی لەڕێی قەسابخانەوە لەناوببرێت: ئەمە هەرگیز لەمێژوودا رووینەداوە. بەڕێز کیلیکیان لە عەساف بای پرسی: ئەمە یانی چی؟ من لێی تێناگەم. بەلاَم تۆ زۆر زیرەکیت، عساف بای وایگوت، تۆ سەرنوسەری.... بروسکەکە مەبەستی ئەوەیە بۆچی چاوەڕێ دەکەن؟ دەبێ دەست بەکوشتو بڕ بکەن!

بەڕێز کیلیکیان دەستی بەگریان کردو گوتی من منداڵەکانم نەگەیاندوەتە قۆناغێ، کەبتوانن ئەرکی ژیانی خۆیان بەجێ بگەیەنن! هیچم بۆ نەماوەتەوە جگە لەوەی تۆ (مەبەستی من بوو) لەگەڵم بێیت بۆ کەنیسە تاکو لەوێ لێخۆشبوون(غفران) م پێببەخشی.

عەساف بای گوتی: دەبێ بەجیددی کاربکەیت. دەبێ بەهێمنی کاربکەیتو لەماوەی دوو هەفتەدا رۆحی خۆت رزگاربکەو بچۆ ئەستەنبوڵ. من تەنها (١٥) رۆژی دیکە لێرە دەمێنمەوەو دوای ئەوە پۆستەکەم بەجێ دێڵم.

لەساڵی (١٩٠٩) لە عوسمانییەبووم کە ئەوسا قەسابخانەیەکی گەورە لە ئەدەنە روویدا. ئەوسا منیان بەوە تاوانبارکرد، کە رەفتاری خراپم لەگەڵ ئەرمەنیدا کردووە. زۆر بەزەحمەت خۆمم رزگارکرد، بۆیە جارێکی دیکە نامەوێ بەشداری لەقەسابخانەکانی ئەرمەندا بکەم، چونکە کاتێ دێت، دوای جەنگ، کەهەموو بەرپرسە گەورەکان رادەکەنە دەرەوەی وڵات، ئەوسا ئێمە

بەرپرسیارێتیی ئـەم قەسابخانانە دەخەنـە ئەسـتۆمانو لەوانەشـە ئیعـدامـمان بکەن.

**سوێندخۆرێك:** لەخواری بروسکەکەوە ئیمزای کێی بەسەرەوە بوو؟

**شایەت:** بروسکەکە ناوی (تەڵعەت) ی بەسەرەوە بوو. ئەوەم بەچاوی خـۆم دی.

**بەرگریکـەر فـون گـۆردون:** لـەڕێی کێـوە خـۆت رزگـارکرد؟ لـەڕێی بەریتانیەکانەوە یان روس یان فەرەنسیەکان، لەڕێی کێوە؟

**شایەت:** ئەمە چیرۆکێکی خراپـە. مـن دەتـوانم تـەنها بـە چـەند مانگێـكو چەند هەفتەیەکی درێژ باسی ئەو پێنج ساڵەی ژیانم بکەم.

**بەرگریکـەر فـون گـۆردون:** ئێمـە لێـرەدا دەمانـەوێ، بـەڕوونی، تـەنها گوێبیستی پوختەکەی بین.

**شایەت:** لە "ئیسلاحیە" وە رامکـردە ئێـران ـ باکریـە. گەیشـتمە چیاکانی ئەمانۆس، کە ئەندازیارانی ئەڵمانی لەوێ تونێلێکیان لێـدەدا. ئـەم ئەنـدازیارە ئەڵمانیانە کەزانییان من لەئەڵمانیا خوێندوومـەو ئـەڵمانی ئـەزانم، زۆر بـاش بوون لەگەڵم. پێیانگوتم دەبێ ریشم بتاشمو جلو بەرگە ئاینییەکەم دانـێمو بەجلو بەرگو شـەبقەی ئـەوروپی راسـتەقینەوە خـۆم دەرخـەم. لێـرە چـوار مانگ مامەوە. هەردوو ئەندازیار مـورفو کلاوس بەتایبـەتی یارمـەتیان دامو لەگەڵمدا یەکجار باش بوون. لەچیاکانی ئـەمانۆس نزیکـەی (٨٠٠٠) ئەرمـەنی کاریان دەکردو ئەڵمانیەکان دەیانپاراستن. کە فەرمان هـات بـەڕاگوێزانی ئـەو ئەرمەنیانـــەو کوشـــتنیان لـــەنێوان باکریـــەو مەرعەشـــدا، جـــارێکی دیکـــە رامکردەوە چیاکانی تۆرۆسو لـەوێش ئەنـدازیارانی ئـەڵمانیم بینـی تونێلیـان لەو شاخانەدا لێدەدا. لەوێ سەرۆکی ئەندازیاران بەڕێز لویتنبرگر بەتایبـەتی،

یەکجار لەگەڵم باشبوو. کەفەرمانبەرە تورکەکان زانییان من ئەرمەنیم‌و ناوێکی خوازراوم هەیەو پیاوی ئایینیی ئەرمەنیم، دووبارە دەبایە رابکەمەوە. ئیدی گەیشتمە ئەدەنە. لێرەش بۆ ماوەی پێنج مانگ لای ئەندازیارە ئەڵمانیەکان مامەوە. لەوێ سەرۆکی ئەندازیاران بەڕێز فینکلر پاراستمی. جلوبەرگی سەربازیی ئەڵمانیان دامێ‌و فێری سلاوی سەربازیی ئەڵمانی بووم‌و وەك سەربازێکی ئەڵمانیش رەفتارم دەکرد.

من لێرە دەمەوێ زۆر سوپاسی ئەندازیارانی ئەڵمانی بکەم، لەگەڵ ئەو سوپاسەی لەناخی دڵمەوە هەڵدەقوڵێ، ئەو یارمەتیەشم لەبیرە کە لەو بارودۆخە ناخۆشەمدا ئەندازیارە ئەڵمانییەکان پێشکەشیان کردم. کە سەربازەکانی هاوپەیمانان دیمەشقیان داگیرکردو بەردەوام بوون لەهێرشبردن بەرەو حەلەب، تورکەکان لەئەدەنە بەئەرمەنییەکانیان گوت: نامانەوێ ئێوە بەزیندوویەتی بەجێ بهێڵین، بۆ ئەوەی دوایی لەگەڵ دوژمنەکانمان لەهاوپەیمانان پێمان پێنەکەن‌و بەخراپ ناومان نەبەن: دەیانویست هەزاران ئەرمەنی بکوژن لەوانەی لەناوچە شاخاوییەکانی نێوان شاری سیس‌و یادجین دەژیان. هەرچی توانایەکم مابوو خستمەگەڕ بۆ ئەوەی دواجار لەم کارەساتە جەرگبڕانە رزگارم بێت‌و بگەمە ئەڵمانیا.

ئەفسەرێکی ئەڵمانیم دۆزییەوە، دەستێك جلی سەربازیی دامێ. بەجلوبەرگی سەربازێکی ئەڵمانیەوە لەگەڵ چەند ئەفسەرێك‌و چەند جێگر ئەفسەرێك و سەربازانی ئەڵمانی توانیم بەسواری شەمەندەفەر بگەمە ئەستەنبوڵ.

چوار رۆژ دوای ئەوەی گەیشتمە ئەوێ، رێککەوتننامەی شەڕراگرتن لەنێوان بولگاریاو وڵاتانی هاوپەیماندا راگەیەنرا. بیرم لەوە کردەوە کە ئیدی

پێویستم بەدرێژەدان بەسەفەرنیە، چونکە جەنگ کۆتایی هات. بەڵام هەربەدزییەوە مامەوە لەماڵی ناسیاوەکانم و ئەم ماڵ و ئەو ماڵم دەکرد تا ساڵی ١٩١٨ لەمانگی تشرینی یەکەمدا لێخۆشبوون دەرچوو. لەمانگی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٨) تورکیام بەجێهێشت و چوومە پاریس و لەگەڵ خۆمدا ئەو راپۆرتانەشم برد، کەباسی ئەو کارەساتانەیان دەکرد کە بەسەر ئەرمەندا هێنرابوون، تا لەوێ راستییەکان روون بکەمەوە.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** سەعادەتی بەڕێز لیمان فون ساندرز ئێمەی خستە بەردەم قەیرانێکی گەورەی ویژدان. ئەو لێرە ئەوەی باسکرد کە بەرپرسیارێتیی ئەو خراپەکارییانە ناکەوێتە ئەستۆی تەڵعەت، بەڵکو دام و دەزگاکانی خوارتر، کە دەبایە فەرمانەکانی کۆچپێکردن جێبەجێ بکەن. ئەمەش پێچەوانەی ئەو راگشتییە کە لەنێو ئەرمەنیەکاندا باوە. هەروەها پێچەوانەی قەناعەتی بەڕێز دوکتۆر لیبسیوسیشە. من دەمەوێ پرسیارێکی دیکە لەشایەتەکە بکەم: ئایا قەناعەتی رەها لەنێو ئەرمەنیەکاندا هەیە تەڵعەت خۆی بەرپرسیارە بەرانبەر بە قەسابخانەکان؟

**شایەت:** ئەمە نەك هەرقەناعەتی گشتیی زاڵە، بەڵکو ئەمە راستیشە. من ئەندامی کۆنگرەیەکی کەنیسەیی پەتریارکیی ئەرمەنی بووم لە ئەستەنبوڵ و بۆ ماوەیەکی درێژ هەلم بۆ رێکەوت ئاگام لەبارودۆخی تورکیا هەبێ و شارەزاییم. هەڵبەت من ناسیاوی شەخسیم لەگەڵ تەڵعەتدا هەبوو. ئەو دەسەڵاتێکی تەواوی هەبوو. هەمووشتێکی بەئەوپەڕی بڕوابوون بەخۆیەوە دەکرد. ئەگە لە پەتریارکیەتی ئەرمەنییەوە شتێکمان پێویستبایە پێیدەگوتین: "پێویست ناکا بچنەلای وەزیرەکانی دیکە، یەکسەر وەرن بۆ لای خۆم. پێویستیشتان بەوەنییە داواکارییەکانتان بنووسن، دەتوانن هەموو شتێ

بەخۆم بلێن، منیش بۆتانی جێبەجێ دەکەم ". بەجۆرێ رەفتاری دەکرد، کە دەربکەوێ هەموو بەرپرسیارێتییەك هەڵدەگرێو پێویستیشی بەڕوونکردنەوە یان راڤەکردن بۆ هیچ کەسێك نییە.

**بەرگریکەر نیمایر:** ئەی شایەت، ئایا ئەو وتەیەی تەڵعەت دەزانی، کە ئەرمەنیەکان لەناوخۆیاندا دەیڵێنەوە "ئەوەی من بەرۆژێك کردم بۆ چارەسەرکردنی مەسەلەی ئەرمەنی، زیاتر بوو لەوەی عەبدولحەمید پێشتر بە سی ساڵ (٣٠) کردبووی"؟

**سەرۆك:** ئەم وتەیە دەزانی؟

**سەرۆك:** (وتەکە دووبارە دەکاتەوە).

**شایەت:** نەك تەنها بە (٣٠) ساڵ، بەڵکو ئەوەی تەڵعەت کردی لەماوەی (٥٠٠) ساڵیشدا نەکرابوو. کە لە ساڵی (١٩١٥)دا لەچانکیری بووم، لەمانگی ئەیلولدا خەریکبوو هەموو ئەنەدۆڵیان لەئەرمەن چۆڵدەکرد، ئەرمەنیەکانیان دەکوشت. رائیدێك لە ئەرزەڕوومەوە، لەبەرەی جەنگی روسی ــ تورکیەوە هات، دەیویست بڕوا بۆ ئەستەنبوڵ. ئەم رەقیبە زۆر بەشانازییەوە پێیگوتین: ئەوەی سوڵتانەکانی پێشوو پێیان نەکرابوو، ئێمە کردمان. ئێمە گەلێکی مێژووییمان بەدوو مانگ لەناوبرد.

**سەرۆك:** ئایا ئەم بڕوایە لەنێو ئەرمەنو تورکەکانداو لەهەموو شوێنێکدا باوە؟

**شایەت:** بەڵێ.

**سەرۆك:** ئەی ئەو راستیەی دەڵێ، تەڵعەت ئەوەندەی ئەرمەن لەناوبرد، کە زیاتر بوو لەوەی لەساڵانی دوورو درێژدا تووشی ببوون، ئایا ئەمە راستە؟

**شایەت:** بەڵێ، بەڵام ئەو قسەیەی لەبارەیەوە پرسیارم لێکرا، من نەمبیستووە تەلعەت بۆخۆی گوتبێتی.

**بەرگریکەر فون گۆردون** (بۆ سەعادەتی لیمان فون ساندرز): سەعادەتت گوتت، بەشێوەیەکی ئەرێنی نا، بەڵام تۆ وات دەربڕی گوایا بەرپرسیاریەتی قەسابخانەکان دەکەوێتە ئەستۆی فەرمانبەرانی پلە نزم؟

بۆ وەڵامی ئەمە بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم هیچ نەبێ، پێنج بروسکەی رەسەنت لە دام و دەزگاکانی خوارەوە لە حەلەب پێشکەش بکەم.

(بڕوانە پاشکۆکە، بروسکەکانی ژمارە ـ٣، ٨، ١٣، ١٩، ٢١)

(بەرگریکەر فون گۆردون بروسکەکان لە سەر مێزەکە لەبەردەم دادگا دادەنێت): دەمەوێ دوو بروسکەیان لێ بخوێنمەوە، جگە لەوەی هەرهەمووشیان پێشکەش دەکەم وەك بەڵگەی سەلمێنەر. بەڕێز پرۆفیسۆر لیبسیوس ئەم بروسکانەی پشکنیوە.

**سەرۆك:** تۆ بەمجۆرە ئەگەر ئەو دوو بروسکەیە بخوێنیتەوە، بەڵگەکان پێشدەخەی.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** بەڵام دەبێ بڵێم، چی لەم دوو بروسکەیەدا هەیە. هەردووکیان دەیسەلمێنن کە تەلعەت شەخسی خۆی لەم بروسکانەدا فەرمانی داوە دەستدرێژی بکرێتە سەر هەموو ئەرمەنییەکان، بەمنداڵانی ئەرمەنیشەوە. سەرەتا فەرمان دەرچوو بەبەخشینی مناڵەکان بەتەنها، چونکە لەبارودۆخێکدا بوون ناتوانن ئەوەیان بەبیردابێتەوە کە بەسەر کەسوکاریاندا دێت. لەدواییدا، لەئاداری (١٩١٦)دا فەرمانەکە توندکرا، بەجۆرێ کەدەبایە هەموو ئەوانەی لەخانەی هەتیوانیشدا دەژین، لەناوببرێن،

چـونکه لـەداهاتوودا لـەم منداڵانـە کەسـانێك پەیـدادەبن  زیـان بـە تورکیـا دەگەیـەنن. بـەڕێز ئەنـدونیان دەتوانێـت شـایەتی لەسـەر ڕەسـەنێتیی ئـەم بروسکانەبدات، چـونکە ئـەو خـۆی ڕاسـتەوخۆ لـەدەزگاکانی خـوارەوە دەسـتی کەوتبوو، کەوەفدی ئەرمەنی دوای داگیرکاریی بەریتانی دەستی کەوت. من بۆ خـۆم لـەو بڕوایـەدام کـە دەشـێ، بـەڵکو تەنانـەت ڕاستیشـەو ئومێـد دەکـەم سوێندخۆرەکانیش هەمان قەناعەتیان ببـێ، کـە قەناعـەتی تۆمـەتبار لەبـەرد ڕەقـتر بـوو، نـەك بـەبێ هۆیـەکی مـاقوڵ، بەشـێوەیێکی لاوەکـیش نـا، بـەڵکو لەناخی دڵییەوە، کە تەڵعەت لێپرسراوو هۆی ئەو خراپەکارییە ترسناکانەیە، کەبەسەر ئەرمەنەکاندا هاتن. تەنها ئەگەر قەناعـەتتان بەمـە هـەبوو، ئەوسـا مـن دەتـوانم واز لـەوەبێنم کـە ئـەو بروسـکانە بخرێنـە سـەر بەڵگـەکانی سەلماندن.

**داواکـاری گشـتی:** تکادەکـەم ئـەو داوایـە قبـوڵ نـەکرێت. سـەرۆکی بـەڕێز ڕێگەی ئەوەیدا کە وتو وێژێکی زۆر فـراوان سـەبارەت بـەم بابەتـە بکـرێ  کـە ئایـا تەڵعـەت هـۆی ئـەو کارەسـاتانەیە کـە بەسـەرئەرمەندا هـاتن، بـەڵام ئـەم پرسـیارە هـەرگیز بنـبڕ نیـە، چـونکە بـەبڕوای مـن قـەت نـاکرێ گومـان لـەوە بکرێ، کە تۆمـەتبار قەناعـەتی هـەبوو بـەوەی تەڵعـەت بەرپرسـیاریەتی ئـەو خراپەکارییانەی دەکەوێتە ئەستۆ. بـەمجۆرە پاڵپێوەنـەرەکان بەتـەواوی ڕوون دەبنەوە، هەروەها من وای بۆ دەچم کە هیچ پێویست ناکات دادگا بایـەخ بـە ڕاڤەکردنی پرسیارێ بدا سەبارەت بە گونـاهی تەڵعـەت، چـونکە مێـژوو دەبـێ حوکمی خـۆی لـەم بارەوەبـدا، دانـی ئـەو حوکمـەش پێویسـتی بـە کەرەسـتەی بەتەواوەتی جیاواز هەیە لەوەی لەبەردەستی دادگادایە.

**بەرگریکەر نیمایر:** لەم بۆنەیەدا دەمەوێ ئاماژە بەوەبدەم کە تەڵعەت لەنێو هەموو فەرمانبەرەکانی حکومەتدا بالأترین لێپرسراوە. بێگومان ئەو گەورەترین وەزیر بوو، کە سروشتی کۆمپانیایەکی گشتی هەیە. تەڵعەت بەرپرسیاری هەموو شتێ بوو. مرۆڤ ناتوانێ لەوە زیاتر هیچ بڕوایەکی دیکەی هەبێت.

**بەرگریکە فون گۆردون:** دوای ئەم باسکردنەی داواکاری گشتیو ئەو سەرنجەی لای بەڕێزان سوێندخۆرەکان بەجێی هێشت، من وای بۆ دەچم کە ناچارمو زۆر بەپەلە داواکارییەکەم بکێشمەوە.

**سەرۆك:** بەمجۆرە بابەتی داواکارییەکە هەرلەخۆیەوە کۆتایی هات.

**سوێندخۆر ئیفالد:** دەمەوێ پرسیارێ لەبەڕێز شایەت بالاکیان بکەم. گوتت تۆ چویت بۆ لای والی: ئایا ئەو، وەك دەڵێن، حاکم بوو یان پارێزگار؟ ئایا بروسکەکەش لە تەڵعەت پاشاوە بوو؟

**شایەت:** بەڵێ، من بەچاوی خۆم بینیم.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** پلەی والی هاوشانی سەرۆکی بالأیە، واتە گەورەترین فەرمانبەرە لەویلایەتەکەدا.

**سەرۆك:** ئەمەوێ پرسیارەکە دووبارە بکەمەوە، ئایا بەرگری دەست لەبەڵگەکانی دیکەی سەلماندنی شایەتەکانی دیکە هەڵدەگرێ (بڕوانە پاشکۆکە)؟

**بەرگریکەر فیرتهاور:** تکادەکەم ئەمڕۆ گوێ لە راپۆرتەکانی شارەزا نوژدارییەکانیش بگیرێت.

**شارەزا شتورمر:** زۆر سوپاسگوزار دەبم، ئەگەر ئەمڕۆ گوێ لەئیفادەکەم بگرن، پێشتان رادەگەیەنم کە من ئەوەندەی  بکرێ، زۆر بەکورتی قسەدەکەم.

**بەرگریکەر نیمایر:** لەم حاڵەتەدا تکا دەکەم ئـەمڕۆ گوێ لەهـەموو شـارەزا نوژدارییەکان بگرین.

**سەرۆك:** کەواتـە پێویسـتە لەتۆمـەتبار بپرسـین ئایـا چـیتر دەیـەوێ دادگا گوێ لەئیفادەی شایەتەکان بگرێ؟

**تۆمـەتبار:** ئومێـد دەکـەم گـوێ لـەئیفادەی دانـەر ئـارام ئەنـدونیان بگـرم (بڕوانە پاشکۆکە).

**سـەرۆك:** دەسـتـەی سـوێندخۆران بـڕوات پێدەکـەن، کـە تـۆ لەوکاتـەدا کـە ئیشـــەکەت کـــرد، قەناعـــەتت هـــەبوو کـــە تەڵعـــەت پاشـــا لێپرســـراوە لەقەسابخانەکان. تۆمەتبار رایدەگەیەنێ کە رەزامەنـدە چـیتر گـوێ لەشـایەتی شایەتەکان نەگیرێ.

گوێ لەئیفادەی شارەزا نوژدارییەکانو راپۆرتەکانیان دەگیرێ.

## (شارەزاو راوێژکاری نوژداری دکتۆر روبەرت شتورمر. تەمەن (٥٧) ساڵ. پروتستانتی. شوێنی نیشتەجێبوون: بەرلین)
## (بەپشتبەستن بەوەی کە جارێک سوێندی خواردووە وەک شارەزایەکی یەدەک)

**شـارەزا شـتورمر:** بـەڕێزان لەسـەر داوای داواکـاری گشـتیو بـەڕێز قـازیی لێکۆڵینـەوەو بەیارمـەتیی وەرگێـڕە ئەرمەنیەکـە، کـە ئـەمڕۆ لێـرە وەرگێـڕی دەکا، پرسیارم لە تۆمـەتبارکرد دەربـارەی ژیـانی پێشـووی، هـەروەها فەحسـی نوژداریی تەواوو وردی لەشیم کرد. بەوردی لێکۆڵینەوەم کـرد لەهـەموو ئـەو

پرسیارانەی کە پێویستم پێیان بوو بۆ گەیشتن بەڕاپۆرتی کۆتاییو لەبار  کە بتوانم لێی رازیبم.

ئەو باوەڕەم لادروست بوو کە تاوانبار فێی هەیە. هەڵبەت ئەم دۆخەش رۆڵی گەورەی خۆی هەبوو لەکاتی بەئەنجامگەیاندنی کردەوەکەیدا.

دەمەوێ زۆر بەکورتی ئەوەی پێی گەیشتم دەربارەی ژیانی رابردووی دووبارە بۆتان باسبکەمەوە. تۆمەتبار کوڕی خاوەن کۆمپانیایەکی بازرگانییە لە ئەرزینجیان. لە منداڵییدا هیچ شتێ نییە سەرنجڕاکێش بێ لەڕووی نوژدارییەوە. تاساڵی (١٩١٥)، کە ئەو قەسابخانەیەی بەچاوی خۆی بینی کە ئەمڕۆ بەدرێژی باسی لێوە کرا، هیچ نیشانەیەکی نەخۆشیی جدیی نەبووە. زۆر ئازارەوە باسی ئەوەی بۆ کردم  کە باوكو دایکیو براو خوشکەکانی هەر هەموویان کوژراون. ئەو بەترسو بیمێکی تۆقێنەرو لەڕادەبەدەرەوە باسی ئەوساتە دەکا، کە تەوری تورکی کێشرا بەسەری براکەیداو کردی بە دوو لەتەوە. خۆیشی ئەوسا بریندار بوو. سەری بریندار کرا، راستە زۆر کاریگەر نەبوو، بەڵام برینبوو، هەروەها باڵو ئەژنۆشی بریندار بوون. ئاسەوارە ترسناکەکانی ئەم  کوشتارە هاوکات لەگەڵ برینە جەستەییەکانیو هەلومەرجی پڕشەکەتبوونیش، هەموو ئەمانە بوونە هۆی لەدەستدانی هۆشی. سێ رۆژ بێ هۆش کەوتبوو، کە بەئاگاش هاتەوە، تەرم دایپۆشیبوو، بۆنی ناخۆشی ئەو تەرمانە، بەئاگای هێنایەوە. ئەو بۆنەی تا هەتایە کاری تێکردو لە ناو ناخی گیانیدا ئۆقرەی گرت. بەمنی گوت هەر کاتێ شتێ دەربارەی رووداوی ترسناكو خوێناوی بخوێنێتەوە، پێش هەموو شتێکیش، هەرکاتێ ئەو قەسابخانەیەی بیربکەوێتەوە، ئەو بۆنە دەچێتە ناخیەوە. کە ئەو بۆنە دەچێتە ناخیەوە ناتوانێ لێیدەربازبێت.

دوای قەسابخانەکە، تۆمەتبار بەسەرلێشێواوی لەشوێنێکەوە دەچووە شوێنێکی دیکە، تاکو دالدەیەکی لای کوردان لەشاخەکاندا دەستکەوت. ئەو دەڵێ لەساڵی (١٩١٦) یەکەمجار تووشی فێ بووە، بەڵام بەتەواویش کاتەکەی نایێتەوەبیر، پێناچێ زۆر دوورتر لەوکاتە رویدابێ، چونکە بەباشی رووداوەکەی بەبیرنایەتەوە. ساڵی (١٩١٧) گەڕاوەتەوە ئەرزینجیان، شارەکەی بە وێرانی بینیووەو ماڵەکەی خۆشیان بۆتە کەلاوە. ئیتر لەوکاتەدا تووشی یەکەمو خراپترین فێلێهاتن بووە. داوام لێکرد وردەکارییەکانی ئەو فێلێهاتنەم بۆ باس بکا، یەکسەر هەستی بەماندووبونێکی لەپڕو ناکاو کردو هێزی لەبەربڕاو لەهۆش خۆیچوو.

کە بەئاگا هاتەوە، تاقەتی نەبوو، نەشیدەزانی چیبکات، هەستی بەتینوویەتیەکی زۆردەکرد، هەستی دەکرد هێشتا پێویستی بەخەوە. لەڕاستیدا هەموو فێلێهاتنەکان بەمجۆرە بوونو تاڕادەیێك وەك نموونەی (ف) بوون. هەروەها ئەوەشی پێگوتم کە ئەو پارەیەی لەژێر زەویدا شاردبوویانەوە، لەژێر داروپەردووی ماڵەکەیاندا دەریهێنا. پارەکە بڕێکی زۆر بوو، کاتی خۆی کەسوکاری لەوێ شاردبوویانەوە. پاشان بەم پارەیە چووە ئەوروپا، بەڵام پێشتر لەساڵی (١٩١٨) لەتفلیس چووبووە نەخۆشخانە، چونکە تووشی نەخۆشی هەوکردنی گەدە ببوو، کە بەلای زۆرییەوە بەرەنجامی تووشبوونی بەنەخۆشیی تای تیفۆسەوەبوو. جا ئەگەر تیفۆس بووبێت، ئەوە من نایزانم، چونکە مرۆڤ ناتوانێت پاشان بەمە بزانێت، چونکە ئەو خۆیشی ئێستا ناتوانێ بەوردی باسی نیشانەکانی ئەو نەخۆشییە بکات کە تووشی ببوو. ئەو رووی لە ئەوروپاکردو لەکانوونی دووەمی ساڵی (١٩٢٠)دا لەڕێگەی جنێفەوە گەیشتە پاریسو لەوێشەوە بۆ بەرلین. لێرە لەسەرەتادا لەشەقامی

ئۆگسبۆرگ، ژمـاره (٥١) لای خـانم شـتلباوم نیشـتەجێبوو. پاشـان لەسـەرەتای ساڵی (١٩٢١)دا گواستیەوە بۆ شەقامی هاردنبورگ، ژماره (٣٧). خۆم لەنزیکەوە ئەو خانووەم پشکنی تا بزانم ئایا دەکرێت لەو باڵکۆنەوە ئـەو ماڵـەی تەڵعـەت پاشای تێدایە چاودێری بکرێت.

لەتۆمەتبارم پرسی کە بەتـەواوی چـەند جـار فێیلێهـاتووە، داواشـم لێکـرد، ئەوەنـدەی پێیـدەکرێت، باسـی هـەر جـارێکی فێلێهاتنەکـەم بـەجیا بـۆ بکـات. گوتی ناوه ناوه فێیلێدێت، هەندێ جار چـەند مانگێـك فێلێنـەدەهات، هەنـدێ جـاری دیکـەش دوای چـەند هەفتەیـەك فێیلێـدەهات. بۆتـە نـەریتێك پـێش فێلێهاتنەکە جۆرێك لەهەستکردن بەمانـدووبوونو گێـژبوونی تووشـدەبێت. لەپاریس لەماوەی (١٠) مانگدا چوار جار فێیلێهات، بـەڵام ئـەیتوانی لەوکاتـەدا کـە خـەریك بـوو فێیلـێدەهات، لـەکاتێکی گونجـاودا زوو خـۆی بگەیەنێتـە شـوێنێکی بـاش، چونکە هەسـتی بـەدۆخی خـۆی دەکـرد، بـۆ ئـەوەی لـەجادە نەکەوێ یان تووشی زیان نەبێ.

کـە هەسـتی بـە مانـدووبوون دەکـرد، هەمیشـە بـۆنی تەرمـەکان دەچـووە لوتیـەوە. لەلایـەکی دیکـەوە پێیـانگووتبوو لـەکاتی لەخۆچـوونیدا لـەرزی لێـدەهات. تۆمـەتبار کـە فێلێهاتنەکـەی نزیکـدەبووەوە، یـان فێلێهاتنەکـە لـە چ قۆناغێکبایە، هەستدارییەکی زۆری لا دروستدەبوو.

وەك قۆنـاغێکی پـێش فێلێهاتنەکـە هەسـتی بـەبۆنی تەرمـەکان لەلوتیـدا دەکـرد، پاشـان قۆنـاغی دووەم دێ کـە فێلێهـاتنی تـەواوەو هـەموو لەشـی دەکەوێتـە جووڵـەو لنگـەفرتێ، لەدواییـدا لەهۆشـخۆی دەچـێ. قۆنـاغی سـێیەمیش ئاسـەواری فێلێهاتنەکـەو ئـەو ئازارانەیـە کـە بەدوایـدا دێـنو لەچوارپەلیدا هەستیان پێـدەکا. هەست بـە خاوبونـەوەی لەشـیو بێتاقـەتی

دەکا، ئـەوجا دەکەوێتـە بـاری هەسـتکردن بـە تینوویـەتیو خـەوێکی قـووڵ. لـەپاریس چـوارجار تووشـی بـوو، لـەجنێڤ تووشـی نـەبوو، بـەڵام لـە بـەرلین چەندجارێ تووش بوو، یەکێکیان ئەوە بوو کە لەجادەی قودسدا تووشی بـوو، کاتێ لەوێ سەردانی بازرگانێکی دەکرد. رووداوەکـە لـەنزیك وێسـتگەی مـیترۆ روویـدا، فەرمانبـەرێکی بانـك بردییـەوە ماڵـەوەو یارمەتییـدا بەپلیکانەکانـدا سـەربکەوێ. پاشـان تۆمـەتبار سـەرکەوتە سـەرەوە بـۆ شـوققەکەی. خـاوەن شوققەکە خانم شـتلباوم وایزانـی سەرخۆشـە، وەك لەشـایەتیەکەیدا وایگـوتو ئاماژەشی بەوەکرد کە برینێکی لەڕوومەتیـدا بینـی. لەدواییـدا دەرکـەوت کـە سـەرخۆش نـەبووەو بـۆنی عەرەقیشـی لـێ نـەهاتووە. دوای ئـەوە لەسـەر جێگەکەی راکشاو ئەوشەوە هەستیکرد دەیەوێ بڕشێتەوە.

دەبێ ئـەم وردەکارییانـە بـاس بکـەم، چونکە لەسـەر ئەمانـە شـیکردنەوەی خـۆم بـۆ فێلێهاتنەکـە دەکـەم. جگـە لەمـەش بـاری جەسـتەیی تۆمـەتبار لاوازیشـە، چـونکە پێشـتر تووشـی هـەوکردنی چـەندجارەی سـییەکان بـووە، هـەروەها لـەکاتی پشکنینیشـیدا بـۆم دەرکـەوت لەرزەیـەکی بـەهێزو دیـاری لەهـەموو لەشـیدا هەیـە. هـەموو ئەمانـە سـەرەڕای ئـەوەی قسـەکردنی نێـوان منو وەرگێڕەکە لەئەوپەڕی هێمنـی دابـوو، بـێ ئـەوەی هـیچ هەڵچوونێك نـە لەلایـەن مـنو نـە لەلایـەن ئـەوەوە رووبـدات. بەتـەنیا لـەژوورێکی بچـوکدا بووینو کەسیشی لێنەبوو، کە ببێتە هۆی نارەحەتکردنمان.

کاردانـەوە جەسـتەییەکانی تۆمـەتبار هەسـتپێکراو بـوون، بـەڵام گلێنـەی چاوی کاردانەوەیان نەبوو. پشکنینی میز دەریخست، کە بڕێکی زۆری سپێنەی هێلکەی تێدایە.

ئەمانە هەموو کار لەئیرادە ناکەن، بەڵام ڕێی ئەوەش دەدەن کە بڵێین، تۆمەتبار لەڕووی لەشەوە مرۆڤێکی نەخۆشە. وەرگێڕی بەڕێز ئەوپەڕی لوتفی نواند کاتێ هەموو پرسیارەکانم، کە سروشتێکی نوژدارییان هەبوو، بەئەوپەڕی وردیەوە بۆ تۆمەتباری وەرگێڕا، بەڕادەیەك هیچ گومانێکم لانەما کە توانیومە ژیانی دەروونیی تۆمەتبار بپشکنم. کە تۆمەتبار باسی قەسابخانەکە دەکاو هەروەها ئەو زیانانەی بەر گەشەکردنی قۆناغی لاویەتیی کەوتن، هەروەها ئەو ڕاچڵەکانە دەروونیەش کەتووشی بووو تیایدا دەژیا، بەم شێوەیە لەکاتی هەموو ئەم پشکنینانەدا ئەو سەرنجەم لا دروستبوو کە ئەوەی ئەو دەیلێ، لەناخی دڵیەوە هەڵدەقوڵێ. دەشتوانم بڵێم تۆمەتبار تووشی هەژانێکی توندی دەروونی بووە، کە دەکەوێتە ناو ئەو کەش و هەوایەی دڵەڕاوکێوە، کە هەردوو خانمە شایەت خاوەن شوققەکان، باسیان کرد، کاتێ کە پەنا دەباتە بەر مۆسیقاو تاریکی، واتە لەبێتاقەتییەکی دەروونیدایە. ئەمەش تایبەتە بە حوکمدان لەسەر سەرجەم حاڵەتەکە، ئەگەر پێویست بێت حوکمێکی دادپەروەرانە بدرێ. ئەمانە یادگارێکی ترسناکی ڕووداوەکان یان کوشتنی براکەی نین، بەڵکو هەستکردنێکی دادپەروەرانەیە بەسۆزو بەزەیی، ئەوەی کە خۆی هەستی پێدەکا. لاویەتیو بڕوابوونی بەمرۆڤایەتی، ئیمانی بە دادپەروەریی ڕەها، ئەمانە هەر هەمووی لەناخیدا دووچاری ڕاچڵەکاندن بوون .

تۆمەتبار، بەبڕوای تەواوی من نەخۆشیی فێی هەیە، کە هەموو ئەندامە دەروونییەکانی گرتوەتەوە. نیشانەکانی خاوبوونەوەی ویستو کەمتەرخەمی لەڕواڵەتەکانی نەخۆشیی فێن لەبواری دەروونیدا، بەجۆرێ کە دەگمەنە مرۆڤ لەحاڵەتی دیکەدا بیبینێ. ئێستاش پوختەی ئەنجامەکەتان پێشکەش دەکەم:

بیرکردنەوە لەپلانێك‌و بڕیاردان، خۆئامادەکردن بۆ وردترین لایەنەکانی ئـەم پلانە تا قۆناغی جێبەجێکردن، ئەمە هەمووی تایبەتمەندییـەکانی پێکهاتـەی ئـەم نەخۆشـیەن. ئـەمجۆرە نەخۆشـانە ئـەوەی دەیانـەوێ دەیکـەن، سـەرەڕای هـەموو بـارودۆخ‌و زەحمەتیـەك کەدەبێتـە ڕێگـر لەبـەردەم ئـەوەی دەیانـەوێ بیکـەن. بـەمجۆرە روون دەبێتـەوە کـە چـۆن تۆمـەتبار هـەموو هـەوڵێکی دا بەگشت ڕێ‌و شوێن‌و ئامرازێ تاکو ئەو دوژمنـەی ڕقـی لێیـەتی بیدۆزێتـەوە، بیر لەباشترین ڕێگاش بۆ جێبەجێکردنی پلانەکەی بکاتەوە.

لێـرەدا ڕووداوێـك هەیـە، کـە لەجێبـەجێکردنی تاوانەکـەدا ڕۆڵـی بینـوە. تۆمـەتبار گـوتی جـارێکی دیکـە دایکـی هاتۆتـەوە خـەونی، خەونەکانیشـی پەیوەندییان بەم شتانەوە هەیە. جارێکیان دایکی بەقەوارەی جەستەیی خۆی لەخەویدا هاتۆتە خەونی‌و لەبەردەمیدا وستاوە، پێی گوتووە: "چیە، دەتەوێ هەر کوڕم بیت‌و تەڵعـەت پاشـاش لەبـەرلین بێـت، کەچـی تـۆ هـیچ ناکـەی بـۆ کوشتنی تا تۆڵەم بۆ بکەیتەوە؟". هەڵبەت لەخۆمم پرسـی بڵێـی ئەمـە تـەنها وەهمێکــی وڕێنــەیی نــەبێ ، بــەلآم مەســەلەکە بــەلای منــەوە وانــەبوو. لەوتووێژێکی پێشووماندا کە وەرگێڕ دیسانەوە وردترین لایەنـەکانی بـەرزی‌و نزمیــی بیرکردنــەوەی تهلیریــانی وەردەگێــڕا، گەیشــتمە ئــەو بــاوەڕەی کــە تۆمەتبار لـەوەهمی وڕێنـەدا نـەژیاوە، بـەڵکو بەڕاسـتی لەحاڵـەتی زیندوێتیـدا لەگەڵیدا ژیاوە، کە زۆربەی کات ئەمە لەحاڵەتی (فێ)دا ڕوودەدا. کەواتە ئێمە کاریگـەری نەخۆشـییەکە بەسـەر تۆمـەتبارەوە دەبیـنین، نـاتوانین نـەیبینین، بـەلآم ئەگـەر مـرۆڤ ویسـتی بڵێـت کـە "ئـیرادەی بڕیـاردان" ی ئـازاد نـەبووە، ئەوسا لەم حاڵەتەدا دەبێ پەیوەندییەکی ڕاستەوخۆ هەبێ لەنێوان تاوانەکـەو نەخۆشیەکەدا. مـن نـاتوانم ئـەو پەیوەندییـە بدۆزمـەوە، بـەلآم دەتـوانم ئـەو

کاریگەرییە بدۆزمەوە، کە نەخۆشیەکە لەسەر سەرجەم کەسایەتیی عەقڵیی تۆمەتبار هەیبووەو بوەتە هۆی پێداگیریو مکوڕبوونی لەسەر جێبەجێکردنی ئامانجەکەیدا. بەڵام "ئیرادەی بڕیاردان" ی ئازاد ون نەبوو، چونکە تۆمەتبار لەکاتی تاوانەکەدا لە (١٥) ی ئادارو لەکاتژمێر یازدەی پێش نیوەڕۆدا، لەبارێکی گرژیی فێلێهاتندا نەبوو، هەروەها لەبارێکی تەمومژاویشدا نەبوو.

ناتوانرێ بەدرێژایی کات باسی ئەم جۆرە حاڵەتە بکرێ. هەوڵەکانی منیش بۆ سەلماندنی شتێ لەم رووەوە هیچی لێ نەهاتە بەرهەم. نابێ ئەوەشم لەبیربچێ کە تۆمەتبار لەئەوپەڕی هەڵچوونی دەروونیدا بوو، هەروەها لەدۆخێکدابوو ناخیشی تێکشکابوو، کۆنیاکیشی خواردۆتەوە بۆ ئەوەی ئازایەتی بداتەبەر خۆی. دوای ئەوەی لەژوورەکەی خۆیەوە چاودێرییەکەی تەواوکرد، چەکەکەی هەڵگرتو دەرپەڕییە سەر جادەکە. بەباشی بۆی باسکردم: کە زۆر چاك دڵنیابووە ئەو پیاوە تەڵعەت پاشایە، بەڵام لەدواوە تەقەی لێکرد، چونکە ئەگەر لەپێشەوە بۆی بهاتایە، ئەوسا تەڵعەت دەمانچەکەی دەبینیو کردەوەی کوشتنەکە سەرینەدەگرت. "بۆیە چوومە پشتیەوە". پێیگوتم، بەوردی تەماشای جلوبەرگی کردووەو رووی چەکەکەی کردۆتە ئەو شوێنەی دەکەوێتە نێوان شەپقەو پاڵتۆکەی. من وای دەبینم ئەمە جێبەجێکردنی بڕیارێکە، کە ماوەیەکی زۆر پێشتر ئامادەکاری بۆ کراوە. ئەوەی سەرنجی راکێشام بۆ ئەمە، ئەوەیە کە ناتوانرێ پەیوەندییەکی پتەو لەنێوان فێیەکەو ئەوەی لە (١٥)ی ئاداردا روویدا، بسەلێنرێت، ئەمەش سەرەڕای هەموو ئەو ژیانە کارەساتبارەی لە ئەرمینیا تیایدا ژیابوو، کەناکرێ نادیدە بگیرێت. بەڵام ئەم ئەنجامە مانای ئەوەنیە

کاریگەریی ئەو حاڵەتە گەیشتە ئەوەی پلەی (ئیرادەی بڕیاردان)ی ئازادی لەدەستدابێت.

**سەرۆك:** ئایا تۆمەتبار وا دەڵێ ئەو وێنانەی دەهاتنە پێشچاوی وێنەی زیندووبوون.

**تۆمەتبار:** مـن تەرمەکەم لەقەوارەیەکی زیندووی راستەقینەدا بینیو لەبەرچاوم وەستابوو.

**سەرۆك:** ئایا دەتەوێ بڵێیت تۆ لەکاتی جێبەجێکردنی تاوانەکەدا ئاگات لەخۆت نەبوو؟

**تۆمەتبار:** کە تەڵعەت پاشام بینی لەبیناکە هاتەدەرەوە، ئەوەی دایکم پێیگوتبووم، هاتەوە بیرم.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا تۆمەتبار دەیەوێ ئەوە رەتبکاتەوە کە بێ بڕیاری پێشوەخت رەفتاریکردووە.

**سەرۆك:** هەڵبەت. تکا لەوەرگێڕی بەڕێز دەکەم تۆمەتبار ئاگاداربکات، کە شارەزای بەڕێز بەبەرپرسی ئەنجامدانی تاوانەکەی دەزانێت.

(ئەوە کرا)

**بەرگریکەر فون گۆردون:** ئایا تۆمەتبار دانی بەوەدا ناوە کە کۆنیاکێکی زۆری خواردەوە؟

**شارەزا شتورمر:** ئەو دانی بەوەدا نەنا، تەنها خاوەن شوققەکە خانم دیتمان ئەوەی گوت.

**سوێندخۆرێك :** ئایا دەکرێت تووشی بێهۆشی بووبێ لەئەنجامی ئەو وێنە کارەساتبارانەی تیایاندا دەژیا، بەرادەیەك لەبیرکردنەوە کەوتبێتو حاڵەتی نەخۆشی بەسەریدا زاڵ بووبێ؟

**شارەزا شتورمر:** هەموو ئەم شتانەم بەخۆم گوت. بێگومان کەئەو بەیانیـە هەلی بۆ رێککـەوت کردەوەکـەی بکـات لـەژێر کاریگـەریی ئـەو حاڵەتـەدا بـووە کەپێی دەڵێن "سروش"، ئەمەش مایەی تێگەیشتنە، بەڵام مانـای ئـەوە نییـە، وەك لەپزیشکی دەروونیدا هەیە، تووشی وەهمی ورێنەیی بووبێت.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** بەڵام ئەگـەر ئـەو بەیانیـە تووشـی فـێ بهاتایـە، هـەر ئەم رایەت دەبوو؟

**شارەزا شتورمر:** هەموو شتێکم تاقیکردەوە تا لەم روانگەیـەوە لەبابەتەکـە وردببمەوە.

پرسـیارم لێکـرد ئایـا شـەوی پێشـوو خـەوی زڕابـوو، یـان عـارەقی زۆری کردبووەوە...

**بەرگریکەر فیرتهاور:** ئەمە پرسیارەکەم نیە. ئەگـەر کـرا ئـەوە بسـەلمێنرێ کـە تۆمــەتبار ئەوشــەوە فێیلێهــاتووە، ئایــا بــەڕای تــۆ لــەم بارەشــدا هــەر بەبەرپرسی تاوانەکە دادەنرێت؟

**شـارەزا شـتورمر:** ئەگـەر پـێش ئەوکاتـە فێیلێهاتبـێ ئەوسـا "ئـیرادەی بڕیاردان" ی ئازاد کەوتۆتەژێر کاریگەرییەوە، بەڵام ئەمە مانـای ئەوەنیـە کـە بەتەواوی لەدەستیدابێت.

**سوێندخۆرێك:** ئایـا نابـێ، تۆمـەتبار بـەهیچ جۆرێ نـەیزانیبێ کـە شـەوی پێشتر فێیلێهاتووە.

**شـارەزا شـتورمر:** هەڵبـەت ئەمـە دەشـێت. لـە نەخۆشـخانە عەقڵییەکانـدا ئەمە دەبینین کە نەخۆش بەفێلێهاتنەکەی خۆیان نازانێت.

**سەرۆك:** کەواتە لەحاڵەتی (فێ) شدا، ئەمە مەحاڵ نییە؟

**قــازیی یاریــدەدەر دکتــۆر لاکــس:** ئایــا لــەماوەی نێــوان فێلێهاتنەکانــدا لێپرسراویەتی نامێنێ، یان سوکتردەبێ؟

**شارەزا شتورمر:** بەڵێ، بەرپرسیارێتیەکە سووکتردەبێ. پـێش چـەند ساڵێ کـە هــەمان پرســیارم لەدانیشــتنێکی دادگــای ســوێندخۆراندا لێکــرا، ئــەم بــەراوردەم کــرد: کەســێکی فێلێهــاتووم بــەگرکان بــەراورد کــرد، هــەموو نیشـانەکانی فێلێهـاتن لـەهێماکانی گرکـان دەچـن، هـەر لەراچـڵەکانەوە بـۆ لەهۆشخۆچوونی تەواو، لەگەڵ گریانی بەکوڵو تلانەوە بـەملاو ئـەولادا. ئـەم نیشانانە هەموویان لە تەقینەوەی گرکان دەچن. ئـەو قۆناغـەی کـە فێلێهـاتن لەئەوپــەڕی خراپیــدا دەردەکــەوێ، ئەوکاتەیــە کــە هەســتکردن بــەدارمانو کەوتنە دوای بیرۆکەیەك بەسەریدا زاڵ دەبـێ، ئەمـەش لـەقۆناغی ناوەڕاسـتی گرکان دەچێ.

**قازی یاریدەدەر دکتۆر لاکس:** ئایا ئـەو کەسـەی تووشـی (فـێ) بـووە، جگـە لەماوەکانی فێلێهاتندا، لەبارێکی دەروونیی خراپدا نابێ؟

**شـارەزا شـتورمر:** زۆر بەدەگمـەن. ئـەو فێلێهاتنانــە، لای پێــنج نــەخۆش بەلایەنی زۆرەوە، دەبێتە هۆی زیانی دەروونیو عەقڵی.

**قازی یاریدەدەر دکتۆرلاکس:** بەڵام تۆ خۆت گوتت، ئێمـە لێـرەدا لەبـەردەم راچڵەکینی دەروونیی گەورەداین، بەڕادەیەك کە دەبێتەهۆی ئازاری دەروونی.

**سـەرۆك:** شـارەزا ئـەوەی گـوت، بـەڵام ئەنجامـەکانی ناباتـە سـەر ئـەوەی لـە (١٥)ی ئاداری ساڵی (١٩٢١) دا روویدا.

**بەرگریکــەر فیرتهــاور:** ئــەوەی لای ئێمــە ســاغبۆتەوە تــەنها ئــەو (فــێ) دەرونیەیە کە هەیە.

**بەرگریکەر نیمایر:** شارەزای بەڕێز ناتوانێ پێمانبڵێت باری دەروونیی تۆمەتبار لەکاتی ڕوودانی ڕووداوەکەدا چۆن بووە.

## شارەزاو ڕاوێژکاری نوژداری دکتۆر هۆگۆ لیبمان، پرۆفیسۆری گرێبەستی فەرمییە لەزانکۆ.
## تەمەن (٥٨) ساڵ. نیشتەجێی بەرلین.
## (دوای سوێندخواردن)

**هۆگۆ لیبمان:** من ڕاپۆرتی خۆم، لەسەر دانیشتنی ئەمڕۆو ئەو سێ پشکنینەی تاوانبار کە هەفتەی پێشوو لەبەندیخانەدا کردم، بنیات دەنێم.

دەمەوێ بڵێم: تۆمەتبار ڕاشکاوییەکی دەگمەنی بێ زۆر لەخۆکردنی هەیە، بگرە زۆر هێمنیشە. جۆرێك لەنائومێدی دەروونی داگیرکردووە، هەروەها بەدانپێدانانەوە گوتی: "چی دەبێ بابێ، چیتر ژیان بەلامەوە گرنگ نییە". بەڵام ئەمە لەناخیەوە سەرهەڵنادا، بۆیە مرۆڤ دەبێ هەمیشە پرسیاری لێ بکاو وازنەهێنێ تا بتوانێ شتێکی لێ دەربێنێ.

زۆر ڕوونە، کە ئێمە بەهۆی کەسێکەوە، کە شێتبووە، لێرەین. ئەم کردەوەیەش لەدۆخێکی تەمومژاویی وەك فێلێهاتندا دەکرێت. ئەمە مایەی قبوڵکردن نییە کە وشەی جادووگەرانە بریتیبێت لە فێلێهاتن و کلیلی ژیانی دەروونیی تۆمەتبار بێت. دەبێ مرۆڤ لێرەدا هەوڵبدا بچێتە ناوچەیەکەوە کە زۆر نەناسراوە، بچێتە نێو زانستی نەخۆشییە دەروونییەکان. من کە بەم ڕێڕەوەدا دەڕۆم، دەبێ بڵێم کێشەکە بەجۆرێ ڕاڤە دەکەم، جیایە لەوەی هاوڕێم بەڕێز شتورمر کردی.

بابەتەکە پەیوەندیی هەیە بەجیاکردنەوەی ئاسەواری دوای راچڵەکینە توندە دەروونیەکانەوە، کە تایبەتن هەم بەو کەسانەی مایەی تووشبوونن‌و هەم بەفوتابخانەی (زێدەرۆیی لەبیروباوەڕدا)ی نەخۆشییە دەروونییەکان. ئەگەر کەسێکی خۆڕاگر تووشی شتێك بوو، کە هەموو لەشی بهەژێنێ، یان تووشی هەڵوێستێکی شەرمەزارکەر یان نائومێدبەخشبوو، ئەوا لەناخەوە دەکوڵێ، هەندێکیش زوو هەڵدەچن. مەسەلەکە لای هەندێك بە (٨) رۆژ کۆتایی دێ، لای هەندێکی دیکە پاش چەند مانگێك. هەڵچوونەکە بەهەموو شێوەیەك کۆتایی دێ.

بەڵام کەسانی واش هەن کە خاوەن هەستێکی قوڵن، بەڕادەیەك ئەگەر تووشی شتێکبوون کە هەموو ناخیان بهەژێنێ، ئەم تووشبوونە لەڕێ لایاندەبات. لەم جۆرە کەسانەدا ئەو هەڵچوونە کۆتایی نایەت، بەڵکو لەناخیدا جێگیردەبێ کە ئەنجامی بەدوادا دێت. بیرکەوتنەوەی ئەمجۆرە تووشبوونە پێی دەگوترێ (زێدەڕۆیی لەبیروباوەڕدا ) کە لەناخی ئەو کەسەدا شوێنی خۆی دەکاتەوەو وردە وردە بەسەریدا زاڵ دەبێ‌و رۆڵی خاوەن دەبینێ‌و هەمیشە ئامادە دەبێ‌و بەرەو پێشەوە دەڕواو ئەو کەسە ناچاردەکا لەگەڵ تەوژمەکەیدا بڕوا. هەرئێستاو بەدوورودرێژی دەیسەلمێنم کە تهلیریان لەناو تەوژمێکی یادگارەکانیدا دەژیا. یەکەمجار دەمەوێ ئاماژە بەوەبکەم کە ئەو ژیانە ترسناکەی کە هەموو خێزانەکەی لەناوبرد "ئەوی لەڕێ لادا".

ئەم ژیانە وەك برینێکی دەروونی وابوو، هەر بەهۆی ئەوەشەوە نەیتوانی جارێکی دیکە هاوسەنگیە دەرونییەکەی بەدەست بێنێتەوە. بیرلەوەبکەنەوە ئەم کابرایە لەتەمەنی حەڤدەساڵیدا بەمشێوەیە "لەڕاستەڕێ لادرا"، شەش ساڵی دوای ئەوە (١٩١٥- ١٩٢١) بێ ئارام‌و بێ رەگ ژیا، ژیانێکی کۆچەری. لای

کوردان بوو، پاشان ماوەیەکی درێژ لەبەتلیس ژیا بێ ئەوەی ئیشێکی دیاری هەبێ. هەوڵیدا بخوێنێ، بەڵام، وەك گوتی، نەیتوانی خۆی کۆبکاتەوە. جارێکی دیکە گەڕایەوە هەواری خۆی. پاشان چووەوە بۆ بەتلیسو ئەستەنبوڵ، رۆیشت بۆ سالۆنیكو پاریسو بۆ بەرلین. ژیانەکەی دوور لە هێمنیو بێ کارێکی رێكو پێکبوو. دەتوانین بڕوای پێبکەین کە دەڵێ: نەمتوانی خۆم کۆبکەمەوە، یادەوەریشم وەك جاران نەماوە. دەتوانین بڵێین لەبارێکی نەخۆشیی دەروونی ئەوتۆدابوو کاری کردبووە سەر ژیانی هەستەکییو هەروەها ژیانی زەینیشی. پێش هەموو شتێ لەلایەن ئەم بیرۆکەیەوە، لەلایەن زێدەڕۆیی لەبیروباوەڕدا دەروونی داگیرکردبوو. من بڕوای پێدەکەم کە دەڵێ لەناو کۆڕی برادەرانو کەشو هەواکەیاندا ژیانی کارەساتباری لەبیردەچووەوە، بەڵام کە تەنیا دەبێ، ئەو یادگارە تۆقێنەرانە پەیدا دەبنەوەو پاڵەپەستۆ دەخەنە سەر گیانی. منیش بڕوای پێدەکەم کە ئەو یادگارانە شێوەیەکی زیندوو وەردەگرن بەرادەیەك کە ئەو دیمەنانە بەبەرجەستەیی بەشێوەیەکی زیندوو لەبەردەمیدا دەبینێو وادەزانێ بۆنی تەرمەکانی کەسوکارەکەی دەکا.

بەڵام من بەلامەوە گرنگ نییە ئەو وێنانە تا چ رادەیەك بەزیندوویی دەردەکەوتن. ئەنجامی توێژینەوەکانی دەیان ساڵی رابردوو دەریخستووە کە وەهمی وڕێنەیی لای ئەوانەی نەخۆشیی عەقڵیی توندیان هەیە، هەموو کاتێ لەشێوەی وێنەی زیندوی تەواو بەدەرناکەوێ. گرنگتر ئەوەیە، کاریگەریی ئەم وێنانە لەسەر میزاج چییە؟

کەواتە کاریگەرییەکانی دیکەی ئەو هەژانە دەروونییانە بەسەر تۆمەتبارەوە چین؟ ئەوە هەژانەکانن، ناتوانم ئەم هەژانانە بەشێوەیەکی بنبڕ

بە (فێ) وەسف بکەم، بەڵام تەنها بەجۆرێکی نەرم دەتوانم وا بڵێم. لەو ڕواڵەتانەی تایبەتن بە نیشانەکانی فێلێهاتنی ڕاستەقینەو لای تۆمەتبار نین: زمانو لێوگەستن. هەروەها تووشی میز ڕانەگرتنیش نەبووە. خۆیشی بەلێدان برینداری و خوێناوی نەکردووە، وەك باوە لای ئەوانەی نەخۆشی "فێ " یان هەیە.

ئەم هەژانانە بەبڕوای من هەژانی فێ نەبوون، بەڵکو هەژانی نەخۆشیی دەروونیبوون. ئەم هەژانانە بەهۆی جوڵانی جەستەیی لەمێشکدا روونادەن، بەڵکو بەهۆی هەژاندنی دەرونییەوەبوون. چەند چرکەساتێك هەن کە هەموو گومانێك دەڕەوێننەوە سەبارەت بەوەی لێرەدا ئێمە لەبەردەم هەژانی دەروونیی نەخۆشیدابین، کە دواجار دێمەوە قسەی لەسەر دەکەم. بۆیە نەگەیشتمە ئەو ئەنجامەی کە هاوڕێم بەڕێز شتورمر پێی گەیشتبوو، بەوەی کەلای تۆمەتبار دوو ڕەگەزی هاوتەریب هەن! فێلێهاتنی جەستەیی لەلایەکەوەو ژیانێکی دەروونی لەلایەکی دیکەوە. ئەم هەژانانە بریتین لەهەژانی توندی دەروونی، هەژانی نەخۆشیی دەروونین. بەم جۆرە گرنگە ئەم هەژانانە گوزارشت لە برینی زۆر توندی دەروونی دەکەن.

کەواتە کە لەهەموو یادگارییەکانیدا زێدەڕۆیی دەکاو کاتێ کەهەموو ئەو شتانەی دی کە کەماونو هەموو هەستەکانی دیکەش نامێنن، بەمجۆرە هەمان بیرۆکە کە دەرکەوتنی دایکە، بەجۆرێکی تایبەت، کە زێدەڕۆییەکی تەواوە، ڕادەگەیەنرێ. لەو شتانەی لەتۆمەتبارمان پرسی لەکاتی لێکۆڵینەوە لەگەڵیدا دەربارەی تاوانەکە، ئەوەبوو ئایا ئەو وایزانیوە ڕێپێدراوە یارمەتییەکی خودی پێشکەش بکاتو لەڕێی کوشتنەوە ڕۆڵی قازی ببینێ، کە هەمیشە دەیگوت: دایکم ئەوەی بەسەرمدا سەپاند، ئەمەش بەلای ئەوەوە کۆتایی

بەئیشەکە دەهێنێ. لێمپرسی ئایا باوەڕە مەسیحییەکەی ڕێی لێ نەگرت؟ وەڵامی دایەوە: من دەزانم ئاینی مەسیحی فەرمان دەدا کەنابێ کەس بکوژرێ. بەڵام دوای ئەوەی گیانی ـ ڕۆحی ـ دایکی هاتە خەونی، ئەوسا زانیی کەڕێی ڕاستی گرتووە. ئیتر دەرکەوتنی دایکی بەلای ئەوەوە شتێکی نائاسایی بوو، هەموو مشتومڕێکی دیکەی دەسڕییەوە.

دوای ئەمە هەمووی دەبێ بڵێم: نەخۆشییێکی دەروونییەو لەژێر پاڵەپەستۆیەکی دەروونیدا هەڵسوکەوتی کردووە. لەناخەوە لەچەند چرکە ساتێکی نەخۆشیدا دەژیا، کە فشاریانخستبووە سەری و تارادەیێکی زۆریش ئازادیی بڕیاردانیان لەلای سنووردار کردبوو. من دەڵێم "پاڵەپەستۆ" نالێم "زۆر لێکردن".

من هاتووم بۆ ئێرە، بەلایەنی کەم سەبارەت بەخۆم ( کە ئەمەش بڕیارێکی ڕاستو یەکجار سەختە)، تا بڵێم: ویستی بڕیاردانی ئازاد لەلای تارادەیەکی زۆر سنووردار بووە، بەڕێز تهلیریان لەهەموو ڕوویەکەوە نەخۆشێکی دەروونییەو بەدەست هەژانی دەروونیو زێدەڕۆیی لەبیروباوەڕدا، نالاندوویەتی.

بەداخەوە هێشتا قانونی سزادانی تایبەت بەچەمکی توانای جیاکاری نەچۆتە بواری جێبەجێکردنەوە. من گەیشتمە ئەم ئەنجامەی خوارەوە: توانای جیاکردنەوە لای تۆمەتبار سنووردارە، چونکە نەخۆشێکی دەروونییەو لەبەر ئەوەش کە لەژێر کاریگەریی زێدەڕۆیی لەبیروباوەڕدایە.

بەڵام کە لەسروشتەکانی ڕادەمێنم، وەك شایەتەکان باسیان لێوەکرد، وا نایەتە بەرچاوم کە بەتەواوی توانای جیاکاریی نەبێتو کەوتۆتە ژێر زۆرلێکردنێکی بێپسانەوەوە. بۆیە ئەو لەدۆخێکدا نییە مادە (٥١) بیگرێتەوە،

بـەڵام زۆر لەدۆخەکـەوە نزیکـە، چـونکە پێویسـتی بەبەربەسـتێکی ئاکـاریو بەرگرییەکی بەرز هەیە، تا بتوانێ لەفشارەکە دەربازی بێت.

سەبارەت بەوەی ئایا هەڵسوکەوتەکەی بەهۆی بڕیارێکی پێشوەخت بـووە ؟ ڕێگە بـەخۆم نـادەم بڕیـار لەسـەر مەسـەلەیەکی قـانونی بـدەم. بـەڵام هەسـت بەلێپرسراوێتیی وەسفکردنی ئەوە دەکەم کە بەڕای من تۆمەتبار خـۆی لـە چ دۆخێکـدا دەبینـی. دەبـێ بشـڵێم: لای هـەموو نەخۆشـەکانی زێـدەڕۆیی لـەبیروباوەڕدا کەچـاودێریی بارودۆخەکـەیان کـراوە- لەوکاتـەوە کـە دکتـۆر فیرنیکیـە تێبینیـی ئەمـەی کـردووە- دەرکـەوتنی بیروبـاوەڕی پێوەسـتدار هەمیشە بەسـتراوە بەوروژانـدنێکی تونـدی میزاجـەوە. هەرچـەندێکی وێنـەی قەسـابخانەکانو بیرکردنـەوە لەتەڵعـەت بێنەبەرچـاوی، ئـەو تەوژمـە هەسـتە پەیـدا دەبێـت، بـەجۆرێك ئیـدی ئـەوەی پێیـدەگوترێ مشـورخواردنی بـەدەر لەسۆزی هۆو ئەنجامەکان لەدەستدەچێت.

ئێستا ئەوەم بەزەیندا دێت، کە لەبیرمچـوو ئـەو هـۆ سـەرەکییە بـاس بکـەم کـە هانیـدام ئەگـەر بمانـەوێ لەسـەر ئـەو چەشـنە مکوڕبوونـە بمێنینـەوە کـە تـەنیا پێیـدەگوترێ "فێلێهـاتنی ویـژدانی"، فێلێهـاتن نییـە، بـەڵکو چـەند هەژانێکی ویژدانین.

بەمشـێوەیە فێلێهـاتنی یەکـەم، کـە بـەرەنجامی ئـەو هەژانـە دەروونییـە توندەبووە کە بەهۆی سەردانی ماڵی کەسوکارەکەیو بینینی ئەو کاولکارییەی بەسەریدا هـاتبوو، تووشـی بووبـوو، ژیـانێکی دەروونیـی درێژخایـەنی خراپـی تووشـکرد. سـەرەڕای ئـەو شـتانەی خـۆی گێڕایـەوە، هـەر هـەژانێك بەوێنـەی قەسابخانەکانو بۆنی تەرمەکان دەستیپێدەکرد، واتە بەروونییەوە بریتیبـووە

لەژیانێکی ویژدانیی تەواو. بۆیە ئەمە بارێکی "فێلێهاتنی ویـژدانی"یـەو ئـەو هەژانانەش کە لێیدەکەونەوە هەژانی ویژدانین.

کەواتـە لێـرەدا ورێنـەی بـۆن لەراسـتیدا پەیوەنـدی نییـە بـەمانای دیـاردەی وروژانـی جێگەییـەوە لەراسـتیدا وەك ئـەوەی لەهـەژانی فێلێهـاتنی راستەقینەدا هەیە.

## (شارەزاو پرۆفیسۆر دکتۆر ریچارد کاسیرەر. تەمەن (٤٣) ساڵ. ئایین جوو)
## (شارەزا سوێندی شارەزایان دەخوا..)

**دکتـــۆر کاســـیرەر:** راپۆرتەکـەم، بەپشتبەسـتن بـەدوو تاقیکردنـەوە، کـە لەمانگی شوباتی ئەمساڵدا، واتە پێش رووداوەکە، بـۆ تۆمـەتبار کـردم، جگـە لەو سـەرنجانەی لەئـەنجامی ئامـادەبوونم لـەم دانیشـتنەدا لـەلام دروسـتبوون، پێشـکەش دەکـەم. لـە دوا سـەردانی بـۆ نورینگەکـەم تـا دانیشـتنی ئـەمرۆ، تۆمەتبارم نەمدیوەتەوە.

تۆمـەتبار یەکـەمجار لـە (٥)ی شـوباتو دووەم جـاریش لـە (١٨) ی شـوباتدا هاتە نۆرینگەکەم. لەرێی وەرگێـڕەوە باسـی نیشـانەکانی نەخۆشـیەکەی خـۆی بـۆ کـردم. ئـەو لەبنەماڵەیـەکی تەندروسـتە کـە هـیچ نەخۆشـیەکیان نیـە، هەروەها هیچ کامێکیشیان تووشی هەژانی (فێ) نەبوون. هیچ شتێکی گرنگـی ئەوتۆی پێنەگووتم دەربارەی هەڵچوونی توندی دەروونی کـە لەگەڵیـدا دەژیـا. پێیگـووتم یەکـەمجار لەسـاڵی (١٩١٧) دا فـێ گرتـیو جـاری دووەمـیش دوای

ساڵێك، ئیتر دوای ئەوە (٣ـ٤) مانگ جارێ تووشی دەبوەوە، پاشان بەردەوام زیادی دەكرد، هەر لەبەر ئەوەش هاتە نۆرینگەكەم.

هەروەها گوتی سەرەتا دەكەوێتە دۆخێكی شڵەژانەوەو دەلەرزێو هەست بەبۆنێكی ناخۆشی تەرمەكان دەكا، دوای ئەوەش لەهۆش خۆی دەچێ. ئەمە چەند خولەكێك بەردەوام دەبێ، دوای ئەوە كفت دەبێ. هەر لەسەرەتاوە پێیگوتم هەرگیز زمانی خۆی نەگەستووە، میزیشی بەخۆدا نەكردووە. هەروەها پێیگوتم خەڵك دەڵێن لەكاتی هەژانەكاندا كەف لەدەمیەوە دەردەچێ.

ئەو پشكنینەی من كردم، بەپێی تێگەیشتنی سیستمی دەمارەكان، ئەنجامەكانی بابەتی نەبوون. هەروەها خوێنو میزەكەشی پشكنران، دیسانەوە ئەنجامەكان نەرێنی بوون. من ئەوسا گومانم هەبوو كە حاڵەتەكە (فێ) بێ، ئەمەش لەبەر رۆشنایی ئەو ئەنجامانەی بەدەستم هێنا كە تەنیا پشتیان بەچەند پشكنینێكی سنوردار دەبەست. بەوپێیە ئەوەم دەستنیشانكرد كە هەژانەكان وردە وردە زیادیان دەكرد، بۆنێكی پیس دەچووە لوتیەوە، ئەمەش بەزۆری لەحاڵەتی (فێ) دا روودەدا، دەرمانم بۆ تۆمەتبار نووسی، ئەگەر لەبیرم مابێ، كارێكی خراپ دەكاتەسەر چالاكی زەینی. لەجاران پتر هەستی بەماندووبوون دەكرد. بۆیە تارادەیەك لەبەر ئەم هۆیە ناچاربوو دەرسەكانی راگرێ.

ئێستا چیتر ناتوانم، دوای ئەو شتانەی لەم دانیشتنەدا گوێم لێبوون لەوە زیاتر سووربم لەسەر ئەم دەستنیشانكردنی حاڵەتی (فێ) راستەقینەیەی كە ئەنجامی ئەو پشكنینانەبوون كە لەنۆرینگەكەمدا كران. من ئێستا زیاتر مەیلم بەلای ئەوەدا دەچێ، كە ئێمە بەرانبەر حاڵەتێكی راستەقینەی (فێ)،

یـان کاریگەرییـەکی سروشـتی جەسـتەیی، نـین. بـەڵکو ئەمانـە هـەژانێکی گەرماوگـەرمن‌و پەیوەنـدییان بـەژیانی دەروونـی نەخۆشـەکەوە هەیـە. ئێمـە لـەکاتی جەنگـداو لەئـەنجامی شـارەزایی نوژداریمـان لەنزیکـەوە سروشـتی ئـەمجۆرە هەژانانـەمان ناسـی. بینیمـان چـۆن ئـەم هەژانانـە هەڵچـوونی دەروونیی نائاسایی‌و شڵەژان لای کەسانی بارگرژو هەلگری توانـای تووشـبوون دەوروژێنن، ئێمە بەو هەژانانە دەڵێین هەژانی ویژدانی.

هەمان ئەو هۆیانەی بەڕێز راوێـژکار لیبمـان باسـیان لێوە دەکـات، منیشـی گەیاندە ئەو باوەڕەی کە تۆمەتبار تووشی هـەژانی ویـژدانی بـووە. گـرنگترین هـۆی ئـەو بـاوەڕەم ئەوەیـە کـە تێکـڕای سروشـتی کەسـایەتیی دەروونیـی تۆمەتبار بەجۆرێکی نەخۆش ئاسا گۆڕا. ئەم گۆڕانـە نـەخۆش ئاسایەی بـاری دەروونـی بەتـەنیا لـەکاتی هەژانەکانـدا لای نەخۆشـەکە بەدەرناکـەوێ، کـە زۆربەی جار لەگەڵ هەڵچوونەکاندا یەکدەگرێ، بەڵکو لەچرکەساتی دیکەشـدا دەردەکەوێت. دیاردە دەروونییـە ریزپـەڕەکان، بەتایبـەت لەدەرکـەوتنی دایـك لەخەونەکەدا، لەسەر ئەم بنەما دەروونییە لەقە، وەك لەبەردەممانـدا باسیان لێوەکرا، بەدەرکەوتن. مەسەلەکە بەدڵنیاییەوە پەیوەندیی بە وڕێنـەوە نییـە، بـەڵکو زاڵبـوونی دیتنـی تەماوییـە بەسـەر هۆشـەوە، ئـەو حاڵەتـەی کـە وەك نەریتێك لەحاڵەتی بەئاگاییـدا نییـە. لێـرەدا دەبـێ ئەوەشـی بخەینەسـەر کـە میزاجی تۆمەتبار هەمیشە بەرەو خراپی دەچوو وەك لەشایەتەکان بیستمان. تۆمەتبار بەشێوازێکی جیاواز ئەوەی دەربڕی کاتێ گوتی کە بارودۆخم خراپ دەبێـت وێنـەی دایکمـم دێتەبەرچـاو. ئەمـە مانـای وایـە ئەوکاتـەی یادگـارو بیرەکـانی مێشـکی پـڕ دەکـەن وێنـەی دایکـی دێتەبەرچـاوی. ئـەم بـارەی دەرکەوتنی دایکی لەبەرچاویدا، حاڵەتێکی نەخۆشیی دەروونیی تەواوە.

بەپێی هەموو ئەمانە دەگەمە ئەم ئەنجامە كە تۆمەتبار نەخۆشیەكی زۆر توندی دەروونیی هەیە. كاریگەریی هەژانە دەروونییە توندەكان، لەئەوپەڕی توندیدا كە مرۆڤ زەینی بۆی بچێ، تۆمەتباریان گەیاندۆتە ئەم بارە. ئەم نەخۆشییە بەشێوەی نەخۆشیی ویژدانیی هەمیشەیی دەركەوتووەو شێوازی هەژانی فیلێهاتنی ویژدانیی وەرگرتووە. ئەمجۆرە هەژانانە خۆی لەخۆیدا ئاماژەن بەو زیانە گەورەیەی بەر هاوسەنگیی دەروونی دەكەوێ. پاشان لەسەر ئەم زەمینەیە، ئەو ژیانەی كە تاوانەكەی لێكەوتەوە كاریكردە سەر ئەو نەخۆشەی كە توانای تووشبوونی هەڵگرتووەو پاشان بكوژی خێزانەكەی دیت، ئینجا بیرۆكەی تۆڵەكردنەوە لەلای دروستبوو. لەڕێی ئەو زیانە دەروونییە گەورەیەوە لەدواییدا بەربەستی زۆر پەیدابوون، كە ڕێگری لەمرۆڤی ساغ دەكەن تاوانی وانەكا. ژیانی ویژدانیی زۆر سەخت ئەم كاریان تێیكردو گەیاندیانە ئەو كۆتاییە. زنجیرەیەك پاڵنەری سروشتی یارمەتیی سەرهەڵدانی بیرۆكەی ئەم تاوانەیاندا لەناخی تۆمەتباردا، بەڵام لەپاڵ ئەم پاڵنەرە سروشتیانەشدا، زنجیرەیەك پاڵنەری نەخۆشیی زۆر گرنگ هەن وایانكرد تاوانەكە ببێت، كە ئەگەر هەر پاڵنەرە سروشتییەكان هەبان، نەدەكرا ڕوویدات. من بەم بۆنەیەوە دەڵێم دڵنیام ناكرێ باسی بارێكی تەماوی بكرێ.

من لەو باوەڕەدام چەند ساتێكی گرنگی نەخۆشی ڕۆڵێكی گرنگیان هەبووە لەوەی تۆمەتبار تاوانەكەی بكا، هەرچەندە نامەوێ بڵێم بەجۆرێ ڕەفتاری كردووە كە لەبارێكدابووە بەرپرسیارییەتی تەواوی لە سەرشان لابرێت بەڕادەیێك كە دەكرێت ماددەی (٥١) ی بەسەردا پێڕەو بكرێت.

بـەڵام تاوانبـار زۆر لـەم ماددەیـەوە نزیکـە، سـنوریش بـۆ ئێمـەی نـوژداران دەبێ بەئەوپەڕی توندیو روونییەوە دابنرێ.

**بەرگریکـەر فـون فیرتهـاور:** ئایـا گومـان هەیـە پاسـاوی ئـەوە بـدات داخـۆ تۆمەتبار "بەئیرادەی بڕیاردان" ی ئازادو هۆشمەندەوە رەفتاری کردووە؟

**شارەزا کاسیرەر:** من هیچ جۆرە گومانێکم نیـە کـە "ئـیرادەی بڕیـاڕدان"ی ئازاد بەتەواوی لەدەستچووبێت.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** تۆ بەتەواوی دڵنیایت کە لەدەستنەچووە؟

**شارەزا کاسیرەر:** من دەڵێم بەتەواوی لەدەستنەچووە.

**بەرگریکـەر فیرتهـاور:** دەمـەوێ پرسـیاربکەم، ئایـاهیچ گومانـێ هەیـە کـە لەڕووی نوژدارییەوە لەدەستچووبێت؟

**شارەزا کاسیرەر:** نا.

**بەرگریکـەر فیرتهـاور:** بـەدەربڕینێکی دیکـە "ئـیرادەی بڕیـاردان"ی ئـازاد هەبووە.

**بەرگریکەر نیمایر:** ئایا دەتوانم هەمان پرسیار لەشارەزای بەڕێز بکەم، کـە لەشـارەزای یەکـەمم کـرد: ئایـا مـرۆڤ دەتوانێـت بزانـێ بارودۆخەکـە لـەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا چۆن بووە؟

**شارەزا کاسیرەر:** مرۆڤ ناتوانێ بزانێ، تەنها دەتوانێ بیخەمڵێنێ.

**(شارەزاو پرۆفیسۆر نوژدار ئیدمۆند فورستر، سەرۆکی نوژدارانی نەخۆشخانەی دەماریی زانکۆی بەرلین، نوێنەری نوژدارو سەرۆک پرۆفیسۆر دکتۆر بونهوفر. تەمەن (٤٢) ساڵ. ئایین پروتستانتی) (دوای سوێندخواردنی شارەزایان)**

**دوکتـۆر فورسـتر:** دەتـوانم بڵـێم پشـتگیریی زۆربـەی راپۆرتـەکانی هـاوڕێم بەڕێز راوێژکارو پرۆفیسۆر دکتۆر لیبمان‌و پرۆفیسۆر دکتۆر کاسیرەر دەکەم‌و هەردووکیشیان شارەزای گەورەی ئەم بوارەن. بەڵام هێشتا وای دەبینم هەندێ خاڵ هەن پێویستیان بەوە هەیە روناکییان بخرێتەسەر. کـە مـرۆڤ گوێبیستی بەســـەرهاتی تۆمـــەتبار دەبێـــت، بەتونـــدی هەســـت بـــەئازار دەکـــاو بەلگەنەویستیشـە تەڵعـەت بکوژێ کـە بـەبکوژی دادەنـێ. ئێسـتاش پرسـیاری یەکەم ئەوەیە ئایا مرۆڤێکی ئاسایی ئەو کارە دەکا؟

بەپێویسـت ئەمـە روونـادات، چـونکە ئەگـەر مرۆڤێکـی ئاسـایی لـەبارێکی وەهادا بـیر بکاتـەوە، کەدەمـەوێ بکوژەکـە بکـوژم. بەمشـێوەیە جێبـەجێکردن یـــان کردنـــی ئـــەم بیرۆکەیـــە بـــە کـــردار، شـــتێکە بەتـــەواوی جیـــاوازە. ئەرمەنیەکانیتر کەهـەمان کارەساتیان بەسـەرداهات، رەنگـە بیریـان لەتۆڵـەش کردبێتەوە، بەڵام بەکردار تاوانەکەشیان ئەنجام نـەدا، شـتێکی بەلگەنەویسـتە کـە ئـەم کـردارە بەتـەنیا خـۆی، تەنانـەت لـەنزمترین پلەیشـیدا، نەیسـەلمێنێ ئەوەی کارەکەی ئەنجامدا، لەحاڵەتی نەخۆشیدابووە.

پرسـیاری دووەم ئەوەیـە ئایـا ئەگـەر یـەکێك تووشـی ئـەمجۆرە کارەسـاتە ترسناکە بووبـێ، بـەهۆی ئـەوەوە تووشـی نەخۆشـی عـەقڵی دەبێـت؟ شـتەکە دیسانەوە وانیە. رەنگە بتوانم بەباشی حوکم بـدەم بـۆ ئـەم حاڵەتـە. چـونکە

من خۆم لەکاتی جەنگدا بەشداریم کردو لەناوچەی مەترسیداریشدابووم. تاقیکردنەوە سەلماندوویەتی، مرۆڤ دەتوانێت بەشێوەیەکی باوەڕپێنەکراو بەرگەی ئەو شتە خراپو کارەساتبارانە بگرێ کە بەسەریدا دێن، بێ ئەوەی تووشی نەخۆشی عەقڵیش ببێ. ڕەنگە ئەمە بۆ کەسانی ناپسپۆڕ شتێك بێ مایەی باوەڕپێکردن نەبێ، بەڵام ئامارە بابەتییەکان دەریانخست کە نەخۆشییەکانی دەمار لەکاتی جەنگدا زیادیان نەکردووە، تەنها ئەو کەسانەی توانای هەڵگرتنی تووشبوون بەنەخۆشیی دەروونییان هەیە، نیشانەکانی نەخۆشیی دەروونییان لێدەرکەوت. منیش وەك شارەزاکانی پێش خۆم دەڵێم ئێمە، سەبارەت بە تۆمەتبار، لەبەردەم کەسایەتییەکی خاوەن نەخۆشیی دەروونیدابن. ئەمەش وایکرد کاردانەوەی نەخۆشییە دەروونییەکەی ئازاری زۆری لێبکەوێتەوە. بۆم دەردەکەوێ، هەروەك لای پرۆفیسۆر لیبمانو پرۆفیسۆر کاسیرەریش وابووە، کە مەسەلەکە پەیوەندیی بە (فێ) ی ڕاستەقینەوە نیە، بەڵکو بە (فێ) ی ویژدانیەوە هەیە. ئەو دوو پشکنینە هەمەلایەنەی کەمن کردمو ئەو شایەتیانەی گوێم لێیان بوو، ئەو باوەڕەیان لاچەسپاندم، کە ئەو هەژانانەی تووشی تۆمەتبار بوون، هەژانی ویژدانین. پێش ئەوەی تۆمەتبار لەم ژیانە ویژدانییە تەواوەدا بژی تووشی ئەم جۆرە هەژانانە نەبوو بوو. ئێستا ئەو بەڕوونییەکی تەواوەوە دەڵێ: کە وێنەی ئەو ژیانە کارەساتبارەی تیایدا ژیام، دێتەوە بەرچاوم، تەرمەکان لەبەردەممدا بەرجەستەدەبنو هەست بەبۆنی تەرمەکان دەکەم. دوای ئەوە هەژانەکان ڕوودەدەن. بەڵام ئەمە هاوارێکی سادەو ڕەقبوونی چوار پەلو هەموولەشی بەدوادا نایەت، وەك لەحاڵەتی (فێ)ی ئاساییدا ڕوودەدا، بەڵکو تەنها لەرزەیە، بێ هاوار، بەڵکو گریانو پاشان دەکەوێتە سەر زەوی. میکانیزمی ئەو

هەژانانــە بــەم جۆرەیــە: ئــەو کارەســاتە خراپانــەی بەســەریدا هــاتوون بەزیندویەتی دێنەوە بەرچاوی، بەڕادەیەك دوای ئەوە لەهۆش خۆی دەچێ.

ئەوەی بەڕاستی تیایدا ژیا، بەزیندوویەتی دێتەوە بەرچاوی، بەجۆرێك ئەو ئازاری ویژدانەی پێشتر هەستی پێکرد، دەگەڕێتەوە. ئەمە میکانیزمێکە وەك هەستی ئەو برسیەی لیکاو بەدەمیا دێتەخوارەوە کەبیر لەپارچە گۆشتێکی برژاو دەکاتەوە. لێرەشدا هەمان کاریگەرییە، وەك برسیەکە پارچەگۆشتە برژاوەکەی لەواقیعدا خواردبێ. بەڵام مەرج نیە هەموو کەسێك کەلەم کارساتانەدا ژیابێ، تووشی ئەمجۆرە هەژانانە ببێ. تەنیا ئەو کەسانەی توانای تووشبوونی نەخۆشیی دەروونییان هەیە تووشی دەبن، تەنها ئەو کەسانەش کە نەخۆشی دەرونییان هەیە، بەهۆی یادگارییەکانو (بیری زێدەڕۆیی) تووشی دەبنو گۆڕانکاری لەکەسایەتیاندا روودەدا. من لەگەڵ رایەکەی پرۆفیسۆر لیبماندام کە دەڵێ: کەسایەتی تۆمەتبار تووشی گۆڕان بووە لەڕێی (بیری زێدەڕۆییەوە)، ئەمەش بەگوێرەی راڤەکردنی کارل فارنکیە دکتۆری دەروونیی بلیمەتی ئەڵمانی.

مرۆڤ کە بیر لەنەخۆشیەکی دەروونیی زادەی "زێدەڕۆیی لەبیردا" دەکاتەوە کەلەسەرەتادا نیشانەکانی لەبەرچاوی تووشبووەکەدا دەردەکەون، مرۆڤی ناپسپۆڕ بەئاسانی ئەو نیشانەیە دەبینێ کە بەردەوام سوکایەتیپێکردنی تازەی لێدەکەوێتەوە، بۆ ئەوەی بەدوای ئەو مافەی خۆیدا کە داوای دەکات، بگەڕێ. لای تۆمەتبار کاریگەریی "بیری زیدەڕۆ" جیاوازەو چیتر ناتوانێ "مافی خۆی" بدۆزێتەوە. کەسوکاری هێشتا مردوون. پێیگوتم لای ئەو ژیان هیچ مانایەکی نەماوە. منیش وەڵامم دایەوە کە دەتوانێت ژن بهێنێو فێری پیشەیەك ببێ. وەڵامی دامەوە لەپێناوی چیدا ژن بێنم. ئەو

نایەوێ حەق سەربخات، نایەوێ تۆڵەبکاتەوە. ئەو زۆرلێکردنەی کە ئەنجامی بۆچوونە دەرونییە نەخۆشییەکەیەتی، هەمیشە سەرلەنوێ سەرهەڵدەداتەوەو داواکارییەکەی دایکیشی هەمیشە نوێ دەبێتەوە، چونکە ئەم تاوانە پێچەوانەی سروشتی ئەوە. هەمیشە ئەوەی دووبارە دەکردەوە: من پیاوکوژنیم، بەڵام دایکم پێیگوتم دەبێ ئەمە بکەم. گۆڕانکارییەکی تەواو بەسەر کەسایەتییەکەیدا هات.

من گومانم نیە کە ئێمە لەراست کەسایەتیەك وەستاوین، کە بەدەست نەخۆشیەکی دەروونییەوە دەناڵێنێت، لەژێر کاریگەریی نەخۆشیدا ژیانێکی خاوەن مۆرکی ویژدانیی بەهێزی بردۆتەسەرو لەئەنجامی ئەم کاریگەرییانەشەوە ئەو کارە تاوانکارییەی کردووە.

**ئێستا هەمان پرسیار دووبارە دەکرێت: ئایا مەرجەکانی ماددەی (٥١)** بەسەر ئەم حاڵەتەدا جێبەجێ دەکرێت؟ ئایا بەدڵنیاییەوە پاڵپێوەنەرە نەخۆشییەکان هەن؟

مرۆڤ لەحاڵەتی نەخۆشی دەروونیی زادەی "زێدەڕۆیی لەبیردا"دا، سەبارەت بەپرسیاری نەخۆشیی عەقڵیی هەیە یان نییەتی؟ ناتوانێ بەئاسانی بڵێت بەڵێ یان نا.

هەموو دەمارگیرێ، تەنانەت هەموو مرۆڤێك کە دوای بیرۆکەیێك کەوتبێت، جۆرێ لەنەخۆشیی دەروونیی هەیە، کە بەدەست نەخۆشیی "زێدەڕۆیی لەبیردا" دەناڵێنێت. بەپێچەوانەی نەخۆشیە عەقڵییەکان، کە لەتەسکترین مانادا باسکران، بابەتەکە لێرەدا پەیوەندیی بەجیاوازییە راستەرێکانەوە هەیە.

پرسـیاری ئـەوەی ئایـا ئـەو گۆڕانکارییـە نەخۆشـییانەی کـە بەسـەر تۆمـەتباردا هـاتن ئەوەنـدە بـەهێز بـوون کـە مـاددەی (٥١) بیگرێتـەوە، وەڵامەکـەی زەحمەتـە. بێگومـان دیـاریکردنی سـنوری ئـەم ماددەیـە قسەهەڵدەگرێ. من بۆخۆم مەیلم بۆ ئەوە دەچێ کە سنووری ئەم ماددەیە، مەبەستم مـاددەی (٥١) ە، تەسك بکرێتـەوە. لەبەرئـەوەی یاسـا لێـرەدا داوای حاڵەتی لەدەستدانی (ئیرادەی ئازادانەی بڕیـاردان) دەکـا، لـەم حاڵەتـەدا ئێمـە ئاماژەی بەهێزمان هەیە بۆ کاریگەریی نەخۆشیی "زێدەڕۆیی لەبیردا" لەسەر تۆمـەتبار بەڕادەیـەك مـرۆڤ ناچـارە، بەلایـەنی کەمـەوە، لەمەرجـەکانی ماددەی (٥١) نزیکبۆتەوە، تەنانەت من مەیلم بۆ ئـەوە دەچێ بڵێم "ئـیرادەی بڕیاردان" ی ئازاد لای تۆمەتبار لەدەستچووە.

**پرسیار: ئایا هیچ گومانێکی بەپاساوت هەیە؟**

زۆر لەبارنیە، هیچ گومانێکی بەپاساو نیە دەربـارەی شـێوەی نەخۆشـیەکە، تـەنها دەربـارەی چـۆنیەتی ڕێکخسـتنی بڕیـاری پزیشـکیمە لەبـەر سـێبەری چوارچێوە یاساییەکەدا. بـەڵام ئەمـە ئـەرکی مـن نییـە، ئەمـە زیـاتر ئـەرکی سوێندخۆرەکانە، کە بڕیـارە نوژدارییەکـەی مـن لەگـەڵ ئـەو پرسـیارانەدا کـە فۆرمە یاساییەکە دەیانخاتەڕوو بگونجێنن.

**بەرگریکـەر فـون گـۆردون:** پرسـیار: ئایـا لەواقیعـدا دەکرێـت دوای ئـەو تەقینەوەیەی لەڕێی تاوانەکەی تۆمـەتبارەوە ڕوویـدا، ئـەم (فـێ) یـە یـان ئـەم (فێ) یە ویژدانیە نـەمێنێ و جارێکی دیکـە هـەژانی دیکـە سـەرهەڵنەدەنەوە، وەك بڵێیت بتوانین بڵێین کە جۆرێ لەکۆتایی پێهێنانی بابەتەکە هاتەدی؟

**شـارەزا فورسـتر:** مـن وای بۆنـاچـم، هـیچ نـەبێ مـرۆڤ ناتوانـێ پـێش ئـەوە بەدڵنیاییەوە وابڵێت. بەڵام ئەزموون فێریکردووین کە ئەمجۆرەی "زیدەڕۆیی

لـەبیردا" نامێنــێ، ئەگـەر مـرۆڤ چـووە ژینگەیـەکی دیکـەی تـەواو جیـاواز کەتیایــدا لەگــەڵ ئــەو هۆیانــەی "زێــدەڕۆیی لــەبیردا" دروســت دەکــەن، پەیوەندیی نەمێنێ. دەشێ بۆ کەسێك کارێکی لەبەرلین کردبێ پاشان کۆچی کردبـێ بـۆ باشـووری ئـەمریکا، هـەر بـۆ نموونـە، لـەوێ دەسـتی بەئیشـکردن کردبێ رەنگە لەبواری کشتوکاڵیدا، وردە وردە شـتەکانی لەبیربچێتەوە، بـەڵام هەر کە ناسیاوێکی دەبینێو بابەتە کۆنـەکان دەوروژێنێتـەوە، دۆخـە کۆنەکـە جارێکی دیکە سەرهەڵدەداتەوە.

## (شارەزا دکتۆری دەمار نوژدار برونو هاکە لە شونەبرگ)
## (دوای سوێندخواردنی شارەزایان)

دکتۆر برونو هاکـە: بـەهۆی ئـەو راپۆرتـە دووروودرێژانـەی لێـرەدا گوێمـان لێگـرتن زۆر کـورتی دەکەمـەوە. مـن لـە (٤) ی شـوباتی ئەمساڵدا تۆمـەتبارم لەنۆڕینگەکەی خۆمدابینی لەگەڵ بەرێزێکدا، کـە لێـرەدا زانـیم نـاوی بـەرێز ئیبیلیانە. ئەوسا ئەو رایەم لادروست بوو کە من لەبەرانبەر حاڵـەتێکی (فـێ) دام، هـەر لەسـەر ئـەم بۆچوونەش لـەتۆماری نۆڕینگـەدا تۆمـارم کـرد، بـەڵام منــیش ئــەمرۆ رایەکــەم وای لێهــات کــە ئێمــە لەئاســت حاڵــەتێکی (فێــی ویـژدانی)دایـن، کـە زادەی پاڵەپەسـتۆی راچـڵەکانە دەرونیەکانـە، بـەڵام مـن دەمەوێ بڵێم کە ئەو کەسەی تووشـی "فێـی ویـژدانی" بـووە، وەك تۆمـەتبار، بـەبڕوای مـن، کـە دەکەوێتـەژێر زۆرلێکردنـی ئـەو بۆچـوونانەوە، ناتوانـێ خـاوەنی "ئـیرادەی بڕیـاردانی" ئازادبـێ. بۆیـە مـن تـۆزێ دوورتـر دەڕۆم لـەو

بەڕێزەی پێش مـن قسـەی کـردو وەڵامـی پرسـیاری ئایـا "ئـیرادەی بڕیـاردان" ئازاد نەبووەو لەدەستداوە، دەدەمەوەو دەڵێم بەڵێ.

## (پرسیاری دیکە نیە کە لەشارەزای نوژداری بکرێ، هەروەها بەپێویستیش نەزانرا گوێ لەشارەزا پرۆفیسۆر بفیفر ـ بەرلین ـ فریدناو،کە وەرگێڕی فەرەنسییە، بگیرێ).

**سەرۆك:** ئایا هەمووان هاوڕان کەوازبێنین لەداوای سەلماندنی زیاتر؟

**بەرگریکەر فیرتهاور:** رای بـەڕێز ئەنـدامی دووەمـی ئەنجومـەنی تـاوان کـە لـەدادگای ئیمپراتۆریەتـدا بەرپرسـی کێشـەکەمانە، ئەوەیـە ئەگـەر بەگشـتی داوای پێویستنەکردنی داواکـاریی سـەلماندن کـرا، ئـەوا هـەموو داواکارییـەکانی دیکەش دەگرێتەوە، بەوانەشەوە کە ڕەتکراونەتەوە.

بۆیـە مـن هـەرگیز بەگشـتی دەسـتبەردارنابم. تـەنها لەحاڵەتێکـەوە بـۆ حاڵەتێکیتر ، بەگوێرەی بەڵگەی پەیوەندار بەپرسیارەکەوە، وازی لێدێنم.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** منیش لەگەڵ ئەو رایەدام.

**تۆمەتبار:** منیش رازیم.

بەمجۆرە دانیشتنەکە  بۆ رۆژی پێنج شەممە سەعات نۆی بەیانی دواخرا.

## رۆژی دووەمی

## دادگاییکردنەکە

هەینی (٣) ی حوزەیرانی (١٩٢١) کاتژمێر نۆو چارەکی پێش نیوەڕۆ.

(قـازی دوکتـۆر لیمـبرگ سـەرۆکی دادگـای ناوچـەکە دانیشـتنەکە دەسـت پێدەکات.

سـەرۆك: ئێسـتا جـارێکی دیکـە دانیشـتنەکە دەسـت پێدەکەینـەوە. ئـەو کەسانەی پێویستن بۆ پێکهاتەی دادگاکە، جێی خۆیان گرتووە).

هـەموو ئـەو بەڵگانـەی پێویسـتن بـۆ سـەلماندنی تۆمـەتبارکردن، بەتـەواوی وەرگیران، بەڵگەکانی تری سـەلماندن لەلایـەن بەشـدارانی دادگـاوە چـاویان لـێ پۆشرا. دوای تەواوبوون لەتاوتوێکردنی بەڵگەکانی سەلماندن، دەچمەسەر ئـەو پرسانەی دامڕشتوون.

١ـ ئایـا تۆمـەتبار سـۆگۆمون تهلیریـان گوناهبـارە بەکوشـتنی مرۆڤێـك، کـە (تەڵعەت پاشا)یە لەمێژووی (١٥) ی ئاداری (١٩٢١)دا لە شارلوتنبورگ ـ بەرلین، ئـەوەش بەئەنقەسـت بـووە؟ ئـەم پرسـیارە دەربـارەی لێـدان کوشـندە بـوو، ئێستاش پرسـیار دەربـارەی تـاوانی کوشـتنەکەیە، ئەمـەش لەپرسـیاری (٢) دا داڕێژراوەو تەنیا پێویستە ئەو کاتە وەڵام بدرێتەوە ئەگـەر وەڵامـی پرسـیاری ژمارە (١) بەڵێ بوو.

٢ـ ئایا تۆمەتبار کوشتنەکەی بەبڕیاری پێش وەخت بووە؟

ئێستاش پرسیاری ژمارە (٣) دێت، وەڵامەکەشی بەندە بە وەڵامی پرسـیاری ژمـارە (١)ی تایبـەت بـە لێـدانی کوشـندەوە، بـە بـەڵێو هـەروەها وەڵامـی

پرسیاری ژماره (٢) ش به نا، که تایبەتە بەجێبەجێکردن بەبڕیاری پێشوەخت.

٣. ئایا دۆخی سوککردن هەیە؟

ئایا هیچ پێشنیاری دیکەی تەواوکەری ئەم پرسیارانە هەیە؟ ئەگەر وەڵام بە نا بێ ئەوسا رێ دەدەم بەبەڕێز داواکاری گشتی کە پرسیاربکا سەبارەت بە گوناهبار.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** هەموو ئەو شایەتانەی ئێمە بانگمانکردبوون ئامادەن‌و پێویستیشە بەڕەسمی ئاگاداربکرێنەوە، کە بەپێویست نەزانرا گوێ لەشایەتەکانیان بگیرێ، جگە لەمەش بەڕێز فوزغانیان لە سربیاوە هاتووەو سەبارەت بەبارودۆخی شەخسی‌و خێزانیی تۆمەتبار ئیفادە دەدا، من لەو بڕوایەدام کە بەڕێزان سوێندخۆران باوەڕی تەواویان هەیە، کە ئەو زانیارییانەی تۆمەتبار پێشکەشی کرد راستن. هەروەها پێشم راگەیەنرا کە ئەو شایەتەی داوامانکردبوو بەڕێز ئارمین ت. فیگنر کە لەکاتی روودانی رووداوەکەدا یەکسەر چەند وێنەیەکی گرتبوو، ئەویش ئامادەیەو ئێستا لە بەردەستی دادگایە.

بەڵام منیش ئەوەی ئێوە بەڕاستی دەزانن، هەمان بۆچوونم هەیە کە دەڵێم: ئێمە پێویستمان بەهیچی دیکە نیە، چونکە ئەوەی پێویستە بیزانین، دەیزانین.

**سوێندخۆرێك:** جەنابی سەرۆك، تەنها یەك پرسیار: لەنێو ئامادەبووانەدا کەسێکی هیندی هەیەو گوتی: هۆی ئەم جەنگ‌و کوشتارە ئابووری نییە، بەڵکو هۆیەکەی ئایینییە.

**سەرۆك:** بەڕێزان ماوەمدا مشتومڕ لەسەر ئەم مەسەلانە زۆر بەدرێژی بكرێتو بوارێكی فراوانیشم بۆ رەخساند، هەرچەندە پەیوەندییەكی راستەوخۆشیان بە تاوانەكەوە نیە. مەبەست لەو شتە تەنیا ئەوەبوو لە قوولێی پاڵپێوەنەرەكان، ئەو ئاسەوارە بنبڕەش كە زادەی ئەم ژیانە ترسێنەرەبوو، دڵنیابین. بۆیە من وای بۆدەچم ئێمە ئەمڕۆ پێویستمان بەوە نیە لەوە زیاتر بایەخ بەم شتانە بدەین.

**بەرگریكەر فون گۆردون:** ئەگەر سوێندخۆرە بەڕێزەكان حەزیان لێیە، هێنانەدی ئەم حەزە زیانی نییە. تكادەكەم رێ بدرێ بە بەڕێز دكتۆر لیبسیوس وەك شارەزایەك دەربارەی ئەم خاڵە قسە بكات.

**سەرۆك:** پێشتر بەڕێز دكتۆر لیبسیوس هەلی بەدرێژی قسەكردنی بۆ رەخسا.

**سوێندخۆرێك:** بەشێوەیەكی گشتی ئێمە بەتەواوی باوەڕمان هەیە، تەنها دەربارەی ئەم خاڵە، پێمان باشە تۆزێكی دیكە بۆمان راڤەبكرێ.

**سەرۆك:** نامەوێ سەرلەنوێ بچینەوە سەر راڤەكردنی بەڵگەكانی سەلماندن، بەبۆچوونی من ئەمە ئەمڕۆ پەیوەندیی بە كێشەكەمانەوە نیە.

**بەرگریكەر فون گۆردون:** بیستوومانە كە هەندێ سوێندخۆری بێگانە لەگەڵ ئەم سوێندخۆرە یان سوێندخۆرێكی دیكەدا دەربارەی ئەم مەسەلانە قسەیان كردووە، جا ئەگەر سوێندخۆرە بەڕێزەكان واهەست دەكەن كە پێویستیان بە راڤەكردن هەیە، زیانی نیە رێی پێبدرێ.

**سەرۆك:** پاڵنەرە ئایینیەكان یان هەر پاڵنەرێكی دیكە - ئەمە یەكێ لەشایەتەكان راڤەی كرد، كە دەوڵەتی توركی هەندێ شتی پێویستی هەیە پێش هەموو شتێكی دەخا، ئێمە لێرەدا بۆ كێشەكەمان پێویستمان پێی نییە.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** بەڵام رەنگە رێم بدەی لەمبارەیەوە وشەیێکی دیکەی لەمبارەیەوە بخەمەسەر.

**سەرۆك:** تکایە ئەوە لەدوتوێی هەڵدانە"مرافعە" کەتدا بکە. سوپاسی ئەو شایەتانە دەکەم، کە ئەمرۆ ئامادەبوون. دەستەی دادگا دەستبەرداری شایەتیەکانتان دەبێت. هەڵبەت دەتوانن گوێ بگرن لەوەی لەدانیشتنی ئەمرۆدا دەگوترێ.

ئێستا رێگای قسەکردن دەدەم بەداواکاری گشتیی یەکەم بۆ ئەوەی مەسەلەی تاوانبارکردنەکە پێشکەش بکا.

**داواکاری گشتی:** سوێندخۆرە بەرێزەکان، ئەوەی گرنگیی جیاواز بەم کێشەیە دەدا، لایەنە یاساییەکەی نیە، ئەو بەشدارییە گەورەیەش راڤە دەکات کە بووە هۆی ئەوەی هەموو چاوەکان لەناوەوەی وڵاتو لەدەرەوەیدا روبکەنە هۆڵی ئەم دادگایە. بارودۆخی دیکەش هەیە کە لەم کێشەیەدا کاریگەرن. هۆکارە دەروونیەکانی ئەم کێشەیە دەگەرێنەوە بۆ سەردەمی جەنگی جیهانی، کە لەنێو پێشینەی پڕ لەرووداوی خوێناوی دڕندانەوە لەئاسیای بچووکی دوورەوە، سەرهەڵدەداتو گوێی ئێمە واهەست دەکات کە ئەو گرمەو ناڵەیەی لەجەنگی جیهانیدا روویدا، دەبیستێت. کەسایەتی قوربانیی کێشەکەمان لەوێوە هاتووە، ئەم بارودۆخەش وای لێکرد بکەوێتە بەرچاوی هەمووان. دەستی مرۆڤێك لەنێو کۆی نەناسراوەکانەوە کەناویان نازانین، گەیشتە یەکێك لەرۆڵەکانی گەلێك لەسەردەمی توندوتیژترین ململانێی نێوان گەلاندا، کە دەیویست نیشتمانەکەی رزگاربکا، بەسیفەتی هاوپەیمانێکی دڵسۆزی ئەڵمانیاش، پایەیەکی بڵندی لەمێژوودا بەدەستهێنا.

بەڵام سوێندخۆرە بەڕێزەکان، لەسەرمانە ئێمەی داواکارو قازییانی کەتن، کە ڕێگە نەدەین ئەم بۆچوونو یادگارانە کە لەدەروونماندا سەریانهەڵدا، کاربکەنە سەر ڕۆیشتنمان بە ڕێگەیەکی تەنگەبەردا، کە سروشتی بینینی کێشەکەو تۆمەتبار لەڕوانگەی کەتنەکەوە، کە ئەمەش قانون بۆی دیاریکردووین، بەسەرماندا دەیسەپێنن. لەڕووی یاساییەوە هێنانەدی ئەم مەسەلەیە بۆ ئێمە هیچ زەحمەتییەکی تێدانیە. تهلیریان لە (١٥ی ئاداری ١٩٢١) لەجادەی شارلوتنبورگ بەگوللەی دەمانچە تەلعەت پاشای کوشت.

گوللەکە جێی مەبەستی گرتبوو، بۆیە یەکسەر مرد. گومانیشی تێدانیە کە تۆمەتبار ئەم مردنەی دەویست. بەبڕیاری پێشوەختیش ئەمەی کرد. بەڵێ، ئەو گوتی ئێستا هەست بەخۆشنودی دەکا، چونکە توانی ئەو ئیشە بکا. بەپێی یاسای ئەڵمانی کوشتنی مرۆڤێك تاوانەو بکوژ دەبێ سزابدرێ. کە مەسەلەکە، بەوپەڕی سادەییەوە، پەیوەست بێت بەکوشتنی مرۆڤێکەوە، ئەمە تاوانە. جا ئەگەر قوربانییەکە ئەڵمانی بێ یان بێگانە، ئەمە هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ. هەروەها ئەگەر کەتنکەر بێگانەبێ، ئەوەش هیچ لەمەسەلەکە ناگۆڕێ. بەپێی ماددەی سێ لەیاسای سزاکانی ئیمپراتۆریەت یاساکانی سزای تایبەت بە ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانی، هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە کە لەناوچەکانی ئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیدا روو دەدەن. بەڕێزان هاواری تۆمەتبار لەکاتی گرتنیداو لەکاتێکدا کە هەستی بەهەڕەشەی چەپۆکی خەڵکە تووڕەکە کرد، لەچەند روویەکەوە گرنگیی هەیە "ئەڵمانیا زەرەرمەند نییە، من ئەرمەنیم، ئەو تورکە، کەواتە ئێمە هەردووکمان بێگانەین، هیچ پەیوەندییەکی بە ئەڵمانەوە نییە، ئەڵمانیا هیچ پەیوەندییەکی بەمەوە نییە..." ئەم قسانە لە یاسای سزاکانی تاواندا

جێگەیان نابێتەوە. ئەو راستیەی کە تۆمەتبارو کوژراو بێگانەن، هەرگیز کار لە یاساکانی سزای تاوان ناکات. لێرەوە، کەواتە تۆمەتبار بەپێی یاساکانی ئێمە سەرپێچییەکی کردووە کە یاسا سزای دەدات، بەدەر لەو بارودۆخەی لە دواییدا قسەی لەسەر دەکرێتو سزاکەی سەبارەت بەتاوان رەنگە بگۆڕێ. بەلام دەبێ دوای ئەوەش لەوە بکۆڵینەوە ئایا تاوانەکە "تاوانی کوشتنە" یان "زەبرێکی کوشندەیە"؟چونکە یاسا جیاوازی دەکات لەنێوان ئەم دوو جۆری کوشتنە، ئێوەش دەزانن "تاوانی کوشتن" سزاکەی توندترین سزادەبێو بەپێی ئەو یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت، بکوژ سزای لەسێدارەدان دەدرێ. لەکاتێکدا "زەبری کوشندە" کە تاوانبار لەژێر چەند کارتێکردنێکی دیاریکراودا دەیکا، یاسا بەشێوەیەکی سوککراو رەفتاری لەگەڵدا دەکا. دەتوانم پێشوەخت بڵێم وەك زانراوە "تاوانی کوشتن"ەکە لەو جۆرە کوشتنانەیە، کە بەبڕیاری پێشوەخت دەکرێت، ئەم بڕیارە پێشوەختەش کارێکی لەسەرخۆو روونو عەقڵانییە، کەتنکەر لەکاتی تاوانەکەدا لەبارودۆخێکی عەقڵانیدایە. کەتنکەر لەمبارەدا دەزانێ کارەکەی مانای چییەو چی پاڵی پێوەدەنێو هۆیەکانو چۆنیەتی بەکارهێنانیانو ئەنجامەکانی کارەکەی، هەموویان دەزانێ. لەوانەشە بەربەستە رەوشتیەکانو بیانووەکانی رێلێگرتن کە لەوانەیە رێی لێ بگرن لەوەی ئەوەی ئیشەکە بکات، ئەمانەش بزانێو روونبن لەلایو لای خۆیەوە بەراورد لەنێوان بیانووە لایەنگرو رێگرەکان بکاو لەدواییشدا دوای ئەو بەراوردکارییە بڕیاری خۆی دەدا.

ئێستاش کە ئەم پرسیارە دەکەم: ئایا تهلیریان بەبڕیاری پێشوەخت تەلعەت پاشای کوشت، لەخۆمەوە دەگەمە ئەوەی ئەم پرسیارە بکەم، بە هۆی چ پاڵپێوەنەرێکەوە تهلیریان ئەم کارەی کرد؟ گومانی تێدانییە کە ئێمە

لەبـەردەم کردەوەیـەکی سیاسـیدابن. پاڵپێوەنـەرە بزوێنـەرەکانی ڕەفتارەکـەی تۆمەتبار رك‌و کینەی سیاسی‌و تۆڵەی سیاسین. لێرەدا ئـەو ڕووداوانـە خرانـە پێشچـاوتان کـە لەشـوێنی دووردا ڕوویانـدابوو، بێگومـان ڕووداوەکـان تۆقێنـەربوون، گەلی ئەرمـەن دووچاری کـردەوەی تۆقێنەرانـەبوو، گومـانیش لەوەدانیـە کـە تۆمـەتبارو بنەماڵەکـەی تووشـی کـاری زۆر خـراپ بـوون‌و قـەدەریش تاسـەر ئێسـقان برینـداری کـردو هـەموو بنەماڵەکـەی دووچـاری مەرگێکی ترسناك کرد، هەر قـەدەریش بەسـەریدا سـەپاند کـە مردنـی ئـەوان بەچاوی خۆی ببینێ. لێرەوە لەناخی تۆمەتباردا بیرۆکەی سەندنەوەی تۆڵەی بنەماڵەکـەی چـەکەرەی کـرد. کـەی ئەمـە ڕوویـدا، لەدواییـدا باسـی ئەمـەش دەکەم.

هـەروەها گومـانیش لەوەدانیـە کـە تۆمـەتبار لەشەخسـی تەلعـەت پاشـادا هۆکـاری سـەرەکیی ئـەو چارەنووسـە ترسـناکەی بینـی، کـە بنەماڵەکـەی دووچاری بوون، لەگەڵ زۆرانی دیکەی ڕۆڵەکانی گەلەکەی.

تۆمـەتبار پێیوانـەبوو شەخسی تەلعـەت پاشا تـەنها وەزیرێکی ناوخۆیـەو بەڕواڵـەت لـەڕووی سیاسـیەوە بەرپرسـە لەهەمووشـتێ کـە لـەماوەی لێپرسراوێتییەکەیدا ڕوویانـداوە، بـەڵکو بـەهۆکاری شەخسی‌و ڕەوشـتیی ئـەم تاوانانەی زانیوە. بـەڕێزان باوەڕهێنـان بـەم هۆکـارە پاڵپێوەنەرانـە بەتـەواوی بەسە بۆ حوکمدان لەسەر ئەم کردەوەی تاوانەدا.

بەڵام بەڵگەکانی سەلماندن بەرەو پرسـیارێکی دیکـە چـوو، ئـەویش ئەوەیـە ئایا تەلعەت پاشا بە کردەوە هۆکاری شەخسـی‌و ڕەوشـتیی ئـەم تاوانانـە بـوو؟ من ئەم پرسیارە بەپێویست دەزانم، هەرچەنـدە لەو بڕوایەشدام ئایا تەلعـەت پاشـا هۆکـاربووە یـان نـەبووە، گرنگییـەکی ئـەوتۆی نییـە، هـەروەها ئـەو

بۆچوونەی تۆمەتبار بڕوای پێی هەبوو، ئەویش گرنگ نیە ئایا بەگوێرەی ئەم تاوانە تەڵعەت پاشا هۆکار بووە یان نەبووەو لەگەڵ واقیعدا دەگونجێ یان نا. سەرەڕای هەموو ئەم بۆچوونانەش من وای بەپێویست دەزانم کە ئەم ڕووداوانە بخرێنە نێو بەڵگەکانی سەلماندنەوە.

بەڕێزان، مایەی گومان نیەو لەبەڵگەکانی سەلماندنیشدا چەسپێنراوە کە ئەرمەنەکانو دۆستەکانیان باوەڕیان وایە کە تەڵعەت پاشا لەپشت ئەم کارەساتانەوەیە، بەڵام بەڕێزان ئەمە ڕای بەشێك یان لایەنێکە کە لەئەرمەنو دۆستەکانیان پێکهاتووە. بۆ ئێوەش ئاسان بوو دەستەیەکی تەواوی شایەتان ئامادەبکەن، کە لەبارەی ئەم ڕووداوانەوە ڕای تەواو جیاوازیان لەگەڵ ئەرمەندا هەیە. من بۆخۆم لەگەڵ چەندین بەڕێزی ئەڵمانی قسەم کرد کە لەوکاتەدا لەتورکیادا بوونو زۆریش نزیك بوون لەڕووداوەکانەوە، ئەوان ڕایەکی تەواو جیاوازیان لەو بارەیەوە هەبوو. ئەوان گوتیان  هەرگیز ناشێت باسی ئەوە بکرێت حکومەتی ئەستەنبوڵ نیازی قڕکردنی ئەرمەنی هەبووە. لەوانەیە کارەکە لەچەند هۆیەکی پەیوەست بەکاروباری دەوڵەتو سوپا تێپەڕ نەکات- لەوانەشە هەڵە بێت-، کە وایکرد فەرمانی کۆچپێکردنی زۆرەملێ لەهەندێ ناوچە دەرچووبێ، بەڵام ئەنجامی زۆر خراپیشی لێکەوتەوە.

سەرۆك (قسەکەی پێ دەبڕێ): تکادەکەم زێدەڕۆیی نەکرێت لە وردەکارییەکانی خاڵێکدا، کە بەبەشێ لە وردەکارییەکانی بەڵگەکان دانانرێ، یان باسی شتێ بکەیت کە پێشتر لەلایەن کەسانی دیکەوە باسکراونو ئێرەش جێی دووبارە باسکردنیان نییە.

**داواکاری گشتی** (بەردەوام دەبێ لەقسەکانیدا): بەڵام مافی خۆمە ئەو ناکۆکییەی لەڕاپۆرتی هەردوو شارەزای بەڕێزدا دەرکەوتن، سەبارەت بەم

خاڵە هەڵسەنگێنم. من دەتوانم ئەوە بسەلمێنم کە قسەکانی بەڕێز پرۆفیسۆر دوکتۆر لیبسیوس هەرچەندە گرنگ و هەمەلایەنە بوون، بەڵام بەلای منەوە هەڵەی تێدابوو. وەك من لێی تێگەیشتم روداوەکان بەپێی بەرنامەیەکی گەورەو نەخشە بۆدانراو روویاندا. مرۆڤ دەتوانێت ئەوە ببینێ کە بەڕێز لیبسیوس ئاگای لەم بەرنامەیە نەبووە وەك ئەنجامێکی ئەزموونی راستەوخۆی کەسیی خۆی لەوکاتو شوێنەی رووداوەکانی تێدا قەومان، بەڵکو ئەمەی لەراپۆرتەکانی دواییەوە هەڵێنجاوە.

بۆیە لەو بڕوایەدام کە مافی خۆمە زیاتر پشت ببەستم بەراڤەکردنی بەڕێز شارەزاکەی دیکە جەنەڕاڵ لیمان فون ساندرز کە لەکاتو شوێنی رووداوەکاندا پلەیەکی بالاّی هەبووە، سەرەڕای ئەوەی زۆر بەوردی ئاگای لەوردەکارییەکانی ئەو رووداوانەبووە، بەوردی بۆچوونی حکوومەتی ئەستەنبوڵی دیاریکردووە کە فەرمانیدا بەکۆچ پێکردنی ئەرمەنیەکان، چونکە چەندین راپۆرتی لابوو سەبارەت بە نیازی ئەرمەنیەکان‌و سووربوونیان لەسەر خیانەتکردن لە ئەستەنبوڵ‌و هاوکاریکردن لەگەڵ وڵاتانی هاوپەیمان کەدوژمنی تورکیان. نەخشەی ئەرمەنیەکان ئەوەبوو کە لەگەڵ دەسپێکردنی کردەوە جەنگییەکاندا ئەمانیش هێرش بکەنەسەر تورکیا تا سەربەخۆیی بەدەست بهێنن. ئەمانە ئەو هۆیانەن کە لەو راپۆرتانەدا باسکرابوون، کە گەیشتنە دەستی حکومەتی ئەستەنبوڵ، چونکە حکوومەتی تورکیاش هەوڵ دەدا هەیبەتی خۆی بسەپێنێ‌و بۆ مەبەستی کۆنترۆڵکردنی سەربازیی پێویست، بڕیاری کۆچ‌پێکردنی زۆرەملێی ئەرمەنیەکانی دا، بەڕادەیەك کە مرۆڤ دەبێ ئەو بڕیارەو هۆیەکانی لەڕێوشوێن‌و شێوازی جێبەجێکردنەکەی جیابکاتەوە.

بـەڕێزان: مـرۆڤ دەبـێ بۆچـوونێکی روونـی هـەبێ لـەوبارەوە کـە ئاسـیای بچووك وەك زەوی جیاوازە لەو شوێنانەی دیکە کـە پەیوەندییـە ژیارییـەکان تێیدا زاڵن وەك ئەوەی لای ئێمە هەیە ـ دەمەوێ قسـەکانم زۆر بـەوردی روون بکەمـەوە. مـن لەهـەموو بارێکدا باسـی ئـەو پەیوەندییانـە دەکـەم کـە پـێش جەنگ لەسەری راهـاتبووین. کەلـەپووری زاڵـی ئاسـیای ناوەڕاسـت خوێنـاوی‌و دڕندانەیە. شارەزای بەڕێزیش ئاماژەی بەوەدا کە جاڕی "جەنگی پیرۆز" درا. کە گەل بەهەموو رەگەزو ئاینەکانیەوە بینییـان چۆن تورکـەکان بەزۆرەملـێ ئەرمەنیەکان کۆدەکەنەوە، ئەمەیان بەهەل‌و بیانوویەك زانی بۆ هێرشـکردنە سەر ئەرمەنیەکان. ئیتر لێرەدا هەموو رەوشـتە خراپـەکانی سروشـتی بەشـەر وەك دزی‌و کوشتن بەدیارکەوتن. شارەزای بەڕێز ئاماژەی بەوەشـکرد کـە ئـەو جەندرمانەی دایاننابوون بۆ ئەو ئیشە، لەو ئاستە باشەدا نـەبوون کـە جـاران وەك هێزی تایبەت هەیانبوو. ئەمانە بریتـی بـوون لەکۆمەڵـە کەسـانێکی دزو جەردە کە بەشێوەیەکی ئاسایی کۆکرابوونـەوەو لەخۆیانـەوە ئـەو تاوانانـەیان کرد.

دەبـێ لێرەشـدا درێـژەی پێبـدەم تـا بەپێویسـت بیسـەلمێنم کـە بەڵگـەکانی سـەلماندن لەڕاسـتی دووردەکەونـەوە کاتـێ دەڵـێن "بەپرسـیاریەتی کەسـی‌و رەوشــتیی تەڵعــەت پاشــا وەك ئەنجامــدەری ئــەو تاوانــە خوێناوییانــە، سەلمێنراوە".

ئەو بەڵگانەی پێشکەش بـەدادگا کـراون، نـاتوانن، وەك داواکـارێکی گشـتی، هەڵمبخەڵـەتێنن. بـۆ نموونـە مـن دەزانم کـە لـەکاتی پشـێویی شۆڕشـگێڕیدا لـەوڵاتی ئێمەشـدا هـەمان چەشـنی ئـەم نووسـین‌و بەڵگەنامانـە کـە ئیمـزای کەسـانی ناسـراویان پێـوە بـوو، بـەدیار کـەوتن، لەدواییشـدا دەرکـەوت کـە

هەڵبەستراون. هەروەها ڕێ بەخۆشم نادەم بەو حوکمەی لەئەستەنبوڵ دژی تەلعەت پاشا دەرچوو بوو، لێرەدا لەم دادگایەدا باسکرا، هەڵمخەڵەتێنن. ئاگام لەوەنیە ئایا لەوێ ڕاستیی بابەتییان دەستنیشانکردووە یان نەء، لەوانەیە ئەوەکرابێ، بەڵام لەبەرانبەر ئەوەشدا دەبێ بەجددی بیرلەوە بکرێتەوە کە لەدوای داڕوخانی ڕژێمی کۆنی سیاسی، دوورنییە هەموو ئەو تاوانانەی کەسانی سەر بە ڕژێمە تازەکە دەیکەن بەوانەی ڕژێمە داڕووخاوەکەی بلکێنن.

بەڕێزان: رووخانی ڕژێمی سیاسی زۆر بەپەلە روویدا، بەڕادەیەك کە لەخەیاڵی هەمووان بەدەربوو، کاتێ حکومەتی (ئیتیحاد)یەکانی هاوپەیمانی (هێزەکانی ناوەڕاست) ئەڵمانیاو هاوپەیمانانی لەسەرکار لابران و حکومەتێکی نوێ دامەزرا، کەدەبایە بەپێچەوانەوە ناچاربێ لەگەڵ دوژمنانی هێزەکانی ناوەڕاست، کە هاوپەیمانیەتی فەرەنساو بەریتانیاو روسیا بوو، هاوکاری بکا. کەواتە وەك پێشتر گوترا، ناتوانین دڵنیابین لەوەی ئایا گەیشتن بە ڕاستیە بابەتیەکان، بۆیە دیسانەوە دووبارەی دەکەمەوە: بەو بەڵگانەی سەلماندن کە لەبەردەستماندان، ناتوانین دڵنیابین کە تەلعەت پاشا بەرپرسیارییەتی کەسیو ڕەوشتیی ئەو تاوانانەی دەکەوێتە ئەستۆ.

ئێستا دووبارە دەگەڕێمەوە بۆ کێشەکە. بۆتانم روونکردەوە کە ئەو هۆیەی پاڵی بەتۆمەتبارەوەنا، تۆڵەسەندنەوە بوو لەو پیاوەی کە ئەنجامدەرو بەرپرسی ئەو تاوانانەبوو. تۆمەتبار لەو باوەڕەدابوو کە قوربانییەکە تاوانبارە. بەڕێزان گومانی تێدانیە کە ئەم پاڵپێوەنەرە بەدەر نییە لەمایەی ڕێزگرتن ئەگەر ڕادەی تۆقێنەریی ئەو تاوانانەی کە کران، ئەوە هۆیێکە

مـرۆڤ دەتوانێت درکی پێبکاو تێبگات کە هۆیـەکی مرۆڤدۆستانەیە. مـادام مرۆڤ هەیە رق‌و خۆشەویستیان لەدڵدایە.

ئەگــەر لەپرســیارەکەم بــەردەوام بم: ئایــا تۆمــەتبار بەبیرکردنــەوەو هۆشمەندییەوە رەفتاری کرد، بەمجۆرەو لەئـەنجامی پاڵنـەری پێشتر باسکراو دەردەکـەوێ کـە تۆمـەتبار بەبیرکردنـەوەو هۆشمەندییـەوە رەفتـاری کـردووە. ئەگـەر بیرلـەوە بکەنــەوە کـە چـۆن تۆمـەتبار بەدرێـژی‌و پـانی ئـەوروپادا سـەفەری کـردووەو دوای ئـەوەش کەلەسـەر دارو پـەردوی مـاڵی بنەماڵەکـەی لەئـەرزینجیان راوەسـتا، تـا گەیشـتە بـەرلین، لێـرەدا ئـەو هەسـتە لای مـرۆڤ دروســت دەبــێ کــە بیرۆکــەی تۆڵەســەندنەوەی دەمارگیریانــە لەدەروونیــدا جێگیربووەو وەك بڵێیت تەوژمێکی موگناتیسی رایدەکێشێ تابـەردەرگای ئـەو ماڵـەی قوربانییەکـەی لەبـەرلین  تێـدادەژی. بۆیـە ئـەو قسـەیەی لـەئیفادەی یەکەمیــدا کــردی، هــەمان قســە بــوو کــە لەبــەردەم دادگــای بەراییــدا لەشارلوتنبورگدا کردی. بەلای منیشەوە هەرگیز گومانم نییە کە ئەمە لەگەڵ راسـتیدا نایەتـەوە. چـونکە ئـەو رۆژە گـوتی "دوای ئـەوەی دارو پـەردووی ماڵەکەمانم بۆجارێکی دیکە بینـی، یەکسـەر بـیرم لەتۆڵەسـەندنەوە کـردەوەو ویستم ئەو تۆڵەیە جێبەجێ بکەم، ئیتر ئەو رۆژە دەمانچـەکەم کـڕی". بـەلآم بەڕێزان، من لێرەدا ناچمەناو وردەکارییەکانەوە، رەنگە مرۆڤ بتوانێ گومـانی دەربـارەی ئـەم خاڵـە لادروست ببـێ، تۆمـەتباریش بۆخـۆی پاساوی کارەکـەی هێنایـەوە، لـەژێر کاریگـەریی هەڵچووندا لـەکاتی تاوانەکـەدا ئـەوەی گوتـووە. بــەلآم مــن پشــت بــەو قســەیە دەبەســتم کــە تۆمــەتبار لەبــەردەم قــازی لێکۆڵینەوەدا کردی، کە لەگەڵ ئەوەی لێرەدا دەگوترێ رێـك دێتـەوە، ئـەویش ئەوەیە کە بڕیاری کوشتنی تەلعەت پاشا رۆژێ پێش تاوانەکـە دراوە، ئێمـەش

وای دەبینین تۆمەتبار بەپێی نەخشەو بیرکردنەوەی پێش وەخت بەرەو تاوانەکە هەنگاوی ناوە. دەبینین چۆن شوفقەکەی تەسلیم کردو پاساوی پەیوەست بەتەندروستی خۆیەوە بۆ ئەم کارەی هێنایەوە، پاشان چۆن توانیی ئەو شوفقەیە بەکرێ بگرێ کە بەرانبەر شوفقەکەی تەڵعەت پاشایەو چۆنیش چاودێریی کرد. لەوەش دەچێ (دەبێ ڕێ بدرێ بەمرۆڤ پێشبینیی ئەوە بکات) کە ئاگاداری کاتەکانی دەرچوونی تەڵعەت پاشا لەشوفقەکەی بووە، چۆنیش لەپانزەی ئاداردا دوای کەوت، دوای ئەوەی دەمانچەکەی لەگەڵ خۆیدا بردو چۆنیش چووە سەر جادەو کەمێك پێش قوربانییەکە کەوت، بەبۆچوونی من بۆ ئەوە لێی نزیك بووەوە تا دڵنیابێ ئەو کەسە بەڕاستی تەڵعەت پاشایە. پاشان لەجادەکە دەپەڕێتەوە شۆستەی بەرانبەر بۆ پشتەوەی تەڵعەت پاشا. قسەی شایەتەکان بەڕای من دژبەیەك نین، چونکە پێ دەچێ بەهێڵێکی کەوانەیی گەورەدا ڕۆیشتبێ. ئەو شایەتەی گوتی تۆمەتبار لەدواوە هات، لەوانەیە تێبینی ئەوەی نەکردبێ کە لەشۆستەی بەرانبەرەوە هات، ئەو کەهاتو جادەی بەکەوانەییێکی گەورە بڕیو لەپشت شایەتەوە لێی تێپەڕیو پاشان تەقەی کوشندەی لێکرد. فیشەکەکە زۆر بەباشی تەقێنرا بەڕادەیێك کەیەکسەر بووە هۆی مردن.

ڕاستیی ئەوەی کە تۆمەتبار بەبیرکردنەوەوە ڕەفتاری کردووە، بەڕوونی لەوەوە دەردەکەوێ کە لەدواییدا لەبەشی پۆلیسدا گوتی، کە پۆلیسەکە لێی پرسی: بۆچی لەپێشەوە هێرشت نەکردەسەر قوربانییەکە؟ ئەو وەڵامی دایەوە: "بەڵێ، کرداری کوشتنەکە سەرنەدەکەوت، چونکە ئەوسا هەوڵی دەدا بەرگری لەخۆی بکا، بۆیە نەمدەتوانی لەو حاڵەتەدا دڵنیابم کە فیشەکەکەی بەردەکەوێ".

بەڕێزان: دوایی دەبینین کە تۆمەتبار زۆر بەخەمساردیو وریاییەوە ڕەفتاری کردووە. دەمانچەکەی فڕێداوەتە دوورو رایکرد، کاتێ کە دەستگیریش دەکرێتو لێی دەدرێ هاواردەکاو دەڵێ "ئەو کەسەی تەقەم لێکرد ئەڵمانی نییە، منیش ئەڵمانی نیم، ئێوەی ئەڵمان پێویست ناکات لەبەر ئەم ڕووداوە هەڵبچن، ئەمە هیچ پەیوەندییەکی بەئێوەوە نیە".

بەڕێزان: هەموو ئەم بارودۆخە دەبێ مرۆڤ بگەیەنێتە ئەوەی بڵێت تاوانەکە بەئەوپەڕی دەمار ساردیو بەبیرکردنەوەو لەسەرخۆ ئەنجام دراوە، ئەمە سەرباری تەبیعەتی تۆمەتبار خۆی، ئایا تۆمەتبار کەسێکی جرپن بووە، هی ئەوەبووە بەئاسانی هەڵبچێ؟ بەپێچەوانەوە ئەو مرۆڤێکی خۆخواردوو، هێمنو دڵتەنگە، ئەوجۆرە مرۆڤەنیە کەخۆی بداتەدەست خۆشیەکی هەمەلایەنەوەو یان لەپڕ تووڕە ببێتو بتەقێتەوە، ئەو مرۆڤێکە بیروبۆچوونی خۆی بۆخۆی هەڵدەگرێ تا لەمێشکیدا پێدەگا، ئەمەش بەڕای من پشتگیری ئەوە دەکا کە تۆمەتبار تاوانەکەی بەئەنقەست کردووە.

بەپشتبەستن بەمە، من بەشێوەیێکی بابەتی تەواو، وای بۆدەچم کە ڕووالەتەکانی نموونەیی تاوانی کوشتن سەلمێنران، بەلام هێشتا ئەمە بەس نییە کە تۆمەتبار سزابدرێ، دەبێ لەوە بکۆڵرێتەوە ئایا، وەك پێشتریش گوتم، بارودۆخێکی وا هەیە کە بتوانێ سزای تاوانەکە سەبارەت بەم تاوانە هەڵبگرێ. لێرەدا چاودەبڕینە ماددەی (٥١) ی یاسای سزادان لەئیمپراتۆریەتی ئەڵمانیدا کە دەڵێ: کردەوەی تاوان لەم حاڵەتانەدا نییە کە تۆمەتبار دەگرێتەوە: ئەگەر لەحاڵەتی ناهۆشمەندیدا کارەکەی ئەنجامدابێ، یان لە حاڵەتێکدا تۆمەتبار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا لە وەزعێکدا بووبێ، کەتوانای ئەوەی نەبێ بڕیاربدا، ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی زیانێکی

نەخۆشی لەتوانستە عەقڵانییەکەیدا هەبێ، کەواتە وەك پێشتر ئاماژەم بۆ کرد، یاسا بەهیچ جۆرێ دان بەوەدانانێ، کە کردارێکی تاوانکارانە هەیە ئەگەر تۆمەتبار نەخۆشییەکی عەقڵی هەبوو، بەڵکو لەم بارەدا تەنیا وەك ڕووداوێك، کە تووشی کەسێك بووە، مامەڵەی لەگەڵدا دەکات. ڕێك وەك ئەو کەسەی تووشی زەبرێکی کوشندە دەبێ لەئەنجامی لەقەی ئەسپێکەوە.

لێرەدا کەسێك نییە بەرپرسیاریەتی یاسایی لەئەستۆدابێ، کە ئەنجامەکەشی بەوە دەشکێتەوە کە کردەوەیێکی تاوان بوونی نیە. ئێستا دەبێ بپرسین، ئایا ئەم مەرجانە هەن، یان یەکێ لەم مەرجانە لای تۆمەتبار هەیە.

بەڕێزان: شتێکی بەڵگە نەویستە کە دادگا ڕای شارەزا پسپۆڕەکانی وەردەگرت ئەگەر رایێکی یەکگرتویان لەبەردەم دادگادا دەربڕیبایە، بەڵام بەداخەوە ئەم یەکڕاییە لای بەڕێزان شارەزا پسپۆڕەکان نەبوو، ئەمەش دادگای خستە بەردەم هەڵوێستێکی نالەبار کە نەتوانێ بۆخۆی بریاربدا ئایا مەرجەکانی ماددەی (٥١) لەیاسای سزادان لەم کێشە تاوانیەدا هەیە؟

گوێتان لێ بوو کە سێ شارەزای پسپۆڕ گوتیان مەرجەکانی ماددەی (٥١) ی نیە. راستە تۆمەتبار بەدەست نەخۆشیی فێلێهاتنەوە دەناڵێنێو لەم سۆنگەیەشەوە تووشی فێلێهاتن دەبوو، بەڵام ئەمە بەسە بۆ ئەوەی بگوترێ ئەوکەسەی (فێ)ی هەیە، توانا عەقڵییەکەی خۆی تەنها لەو کاتەدا لەدەست دەدا کەتووشی فێلێهاتنەکە دەبێ، لەوە بەولاوە وەکو هەر مرۆڤێکی سروشتی وایە. بۆیە شارەزا پسپۆڕەکان دەپرسن، هەروەها دادگاش دەپرسێ، بەڵێ، ئەگەر تۆمەتبار تووشی فێ بووە، ئایا لەو کاتەی تاوانەکەی کرد تووشی فێلێهاتن ببوو؟ یان ئایا پێش ماوەیێکی کەم تووشی فێلێهاتنەکە ببوو؟ ئەگەر وەڵامەکە نەرێنی بوو، لەوحاڵەتەدا دەبێ مرۆڤ وا تەماشای تۆمەتبار بکا،

کەمرۆڤێکی ئاساییە. هەرسێ شارەزا پسپۆڕەکەی یەکەمجار رایان وەهابوو، بەڵام شارەزا پسپۆڕەکانی دیکە گوتیان ئەوان وای بۆ دەچن کە تۆمەتبار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا بەتەواوی عەقڵی لای خۆی نەبووە.

بارەکە ئاوایەو دەبێ دادگا بۆخۆی بڕیار بدا. لێرەدا مەسەلەکە پەیوەندیی بەکەسایەتی تۆمەتبارو حوکمدان بەسەر رەفتاریدا لەکاتی دانیشتنەکانی دادگادا هەیە. من وای بۆ دەچم کەئەو بۆچوونەی لادروست کردین، کە مرۆڤێکە خاوەن توانای تەواوی عەقڵیی خۆیەتی.

وەڵامەکانی حازربەدەست بوونو کرۆکی بابەتەکەی دەپێکا، هەروەها دەیزانی کامە گرنگە. بەڵام ئەو گۆڕانکارییانەی بەسەر ژیانیدا هاتوون، وەك بۆ ئێمە دەرکەوت، دەبێ کەسایەتیەکەیشی بۆ ئێمە دەربخا، ئەمەش مەسەلەیێکی زۆر دیارنیەو شتێکی ئەوتۆشی تێدانییە کە سەرنج ڕاکێش بێ. تۆمەتبار ژیانی وەك گەنجانی دیکە بەسەربردووە. ئەو بارودۆخەی تیایدا ژیاوە، ناچاری نەکردووە لەسەر خوێندن بەردەوام بێت یان فێری پیشەیێك ببێ، برادەری هەبووە، سەردانی هاووڵاتییانی خۆی کردووەو بەشداریشی لەوانەکانی فێربوونی سەماو زماندا کردووە. خانمانی خاوەن ئەو شوققانەی لەلایان بووە، شایەتی ئەوەی بۆ دەدەن کە رەفتاری باشو بەڕەوشتو هێمن بووە. ئێمە وای بۆ دەچین کە رەفتاری، بەدەر لەو فێڵێهاتنانەی تووشی دەبوو، عەقڵانیو بەتەواوی ڕێکوپێك بووە.

بۆیە بەڕێزان دەبێ ئێمە هاوڕابین لەگەڵ رای بەڕێز شارەزای پسپۆڕ کە قبووڵ ناکا ماددەی (٥١) جێبەجێ بکرێ.

بەڕێزان: یاسای سزای داهاتوو دەبێ لاتان زانراوبێ، لەچاکسازیی داهاتوودا یاسای سزای نوێ پێڕەو دەکرێت. رەشنووسی ئەم یاسایە کۆتایی هاتووەو

یاسای سزای داهاتوو سزای ـ ئیعدام ـ ی تێدایە لەحاڵەتی تاوانی کوشتندا، بەڵام لەهەمان کاتیشدا ئەوەشی تێدایە کە ئەم سزایە سووکتر دەکا، لەوحاڵەتانەدا کە بارودۆخە سووککەرەکە بسەلمێندرێ سزای (ئیعدام) جێبەجێ ناکرێ، بەڵکو تەنها سزای بەندکردن جێبەجێ دەکرێت. ئەو یاسایەی ئێستا کاری پێدەکرێت، دان بەم بارودۆخە سووککەرەدا نانێ لەحاڵەتی تاوانی کوشتندا. منیش دەتوانم لەوەبگەم، کەهەندێ کەس ئەمە بە دڵڕەقی دەزانن، بەڵام من ناچارم داوای بڕیاری تاوانبارکردن بکەم سەبارەت بەتاوانی کوشتنەکە.

بەڵام بەڕێزان مرۆڤ دەبێ تەنها تاوانبار لەبەرچاو نەگرێت، بەڵکو دەبێ قوربانییەکەش بخاتەپێشچاوی. مرۆڤ دەبێ دەرك بەوە بکا کە ژیان لەمرۆڤێك سەندرایەوە، مرۆڤێك لەهەرەتی پیاوەتی ژیانیدا بوو، لەدوای خۆیشی بێوەژنێك تووشی کارەسات بوو، کە لەگەڵ ئەندامانی بنەماڵەکەیدا هەست بەنەمانی ئەکەن. ئەم مرۆڤە، سەرەڕای هەموو شتێ، ڕۆڵەکانی گەلەکەی‌و براکانی لەبڕوادا بەمرۆڤێکی نیشتمانپەروەرو راستگۆی دەزانن‌و ناوو ناوبانگێکی باشی لەناویاندا هەیە.

لەکۆتاییدا بەڕێزان بەپێی ئەو یاسایەی تا ئێستا کاری پێدەکرێت، ئەو بارودۆخە لەلایەن دادگای لێبووردنەوە لەبەرچاو دەگیرێ کە بەفراوانی لەبەرژەوەندیی تۆمەتباردایە.

سوێندخۆرانی بەڕێز لەسەر ئەم بنەمایە داوادەکەم وەڵامی ئەو پرسیارەی کە لێتانکراوە، ئایا تۆمەتبار تاوانبارە، بەبەڵێ بدەنەوە.

سەرۆك: تکا لە بەڕێز وەرگێڕ دەکەم تۆمەتبار تێبگەیێنێ کە بەڕێز داواکاری گشتی داوای لەسوێندخۆران کرد بە (بەڵێ) وەڵامی ئەو پرسیارە

بدەنــــەوە، کـــە ئایـــا تۆمـــەتبار گوناهبـــارە بـــەتاوانی کوشـــتن؟ (وەرگێـــڕ وەریدەگێڕێ).

**بەرگریکەر فون گۆردون:** سوێندخۆرە بـەڕێزەکان: بـەڕێز داواکاری گشتی سـەرنجی ئێـوەی راکێشا بـۆ لای ئـەو (لێبـوردن) ەی سـەرۆکی ئیمپراتۆریـەت بەدڵنیاییـەوە دەری دەکـات. ئەمـەش لەحاڵەتێکـدا ئەگـەر دەنگتانـدا بـەوەی تۆمەتبار تهلیریان گوناهبارە، ئیدی حوکمی ئیعدامیشی بەسەردا دەسەپێنرێ. بەڕای ئەو بڕیارەکەی ئێوە ئەوەندە خراپ نیە.

ئەمە شێوازێکی گونجاو نیە بۆ ئـەوەی کارتـان لـێبکرێ. ئەگـەر بڕیارتانـدا تاوانبـارە، ئـەوا حـوکمی ئیعـدامی بەسـەردا دەسـەپێنرێ، دوای ئـەوە، ئێمـە هەموومان نازانین بڕیاری سـەرۆکی بـاڵای ئیمپراتۆریـەتی ئـەڵمانی سـەبارەت بە داواکاریی لێبوردنەکە چۆن دەبێ. ئێوە دەبـێ حەقبێـژ بـن، حـوکم بـدەن، نەك چاوەڕوانی بڕیاری لێبوردن بن.

زۆرم پێخۆش بوو دەسخۆشی لەبەڕێز داواکاری گشتیی یەکـەم بکـەم، وەك هاوپیشەیەكو وەك پارێزەرێکیش، بەڵام ئەو بەرگری لـەتهلیریان ناکـا، بـەڵکو لەتەڵعـەت پاشـای دەکـا. ئەمـەش بەداخـەوە بـەهۆی هەنـدێ روداوەوە، کـە هەندێ لەبەڕێزان بۆیان باسکردووە.

بەڕێزان من لەم مەسـەلەیەدا بەدوایـدا ناچـم، بـەڵکو بەهۆشـیاریەوە ئـەوە دەدەمە دواوە. لێرەدا ژمـارەیێکی زۆری بروسـکەم لەلایـە (بڕوانـە پاشـکۆکە)، هەروەها شایەتێکیشم هەیە کە لێرە دانیشتوەو دەڵێ "ئەم بروسکانە راسـتنو بەدەستی خۆم گەیشتوون". لەدانیشتنەکانی دادگادا ئاماژەم بەهەموو ئەمانە کرد. داواکاریەکم پێشکەش کرد، پاشان لێی پەشیمان بوومەوە، چـونکە ئەمـە لێـرەدا بـۆ ئێمـە بنـبڕ نییـە، چـونکە ئەوەنـدە بەسـە کـە تهلیریـانو هـەموو

گەلەکەشی باوەڕیان وابوو، کە تەڵعەت پاشا هۆی هەموو ئەو تاوانانە بووە، ئێوەش پێتان ڕاگەیاند کە لەم ڕووەوە بڕوای پێ دەکەن. ئەمە بەسە، ئەگەر لەدانیشتنەکانی دادگادا ساتێکی بابەتیی دیکە هەبێ لەم بارەوە، ئەوە شایەتیە کەموێنەکەی بیشۆف بالاکیان بوو، کە گوتی: "من لەگەڵ پرۆفیسۆرەکەم، کە بەیەکەوە بەزۆر کۆچمان پێکرابوو، لای والی بووین، لای سەرۆکی بالاّ لەچانکیری بووین، داوامان لێکرد شتێکمان بۆ بکا، لەوساتەدا بروسکەیێکی پیشان داین، کە تیایدا تەڵعەت پاشا دەپرسێ: چەند کەس بەهۆی گواستنەوەوە مردوون، چەند کەسیش تا ئێستا زیندوون؟ ئێمە هەموومان تێگەیشتین ئەمە مانای چیە." ئەمە تاکە چرکەساتبوو کە نیشاندرا لەبەلگەکانی سەلماندندا دەربارەی بەرپرسیاریەتی تەڵعەت پاشا لەو تاوانانە. دەستمان لەهەموو شتێ هەلگرت. ڕاستی سادە بەسە، کە هیچ مشتومڕێ هەڵناگرێ، ئەویش ئەوەیە کە ڕاگوێزانی زۆرەملێ لەچەند مانگێکی کەمدا دژ بە ملیۆنێك و چوار سەد هەزار کەس لەکۆی ملیۆنێك و هەشت سەد هەزار ڕوویداوە، لەدواییشدا یەك ملیۆن کەس لەم ڕاگوێزراوانە کوژران، ئەم بەستەزمانانە بەکاروان لەناوچە جیاجیاکانەوە برانە هەمان شوێنی کۆکردنەوە، بێ ئەوەی هیچ جۆرە پارێزگاریەکیشیان بۆ دابین بکرێ. تکایە خۆتان بیربکەنەوە: ئایا شتی وا لەخۆیەوەو (بێ ڕێکخستنێکی ڕێك و پێك، ئیدارەیەکی ڕێك و پێك) ڕوودەدا؟ ئایا حکومەتی تورکیا تا ئەو ڕادەیە لاواز بوو کە نەیتوانی هیچ شتێ بکا تا ڕێ بگرێ لەوەی ڕوویدا؟ ئایا دەکرێت بڕوا بەشتی وا بکەن؟ ئەگەر ئێوە بە (بەڵێ) وەڵامتان دابێتەوە، ئەوا من بە بەڵێ وەڵامی ئەم پرسیارە نادەمەوە !

سـێیەمین تێبینیـی کـورت: بەکـەمێ گومـانو دۆشـدامانو دڵـەڕاوکێی شەخسیەوە بـەڕێز داواکاری گشتی گەڕایـەوە سـەر ئـەو قسانەی وا پێدەچێ تۆمەتبار لە ١٦/ی ئادارردا کردبـوونی سـەبارەت بـەو ساتەی یەکـەمجار تیایـدا بڕیاریدا. وا پێدەچێ راستەوخۆ لـەدوای روودانـی قەسابخانەکانی ئـەرمینیا، واتە پـێش چـەند ساڵێك، ئـەو بڕیـارەی دابێـت .. هتـد. بـەڕێزان نابێ ئێمـە بگەڕێینەوە سەر ئـەو قسانە. لێرەدا لەبـەردەمتان وەرگێـڕی پێشـوو، کـە بـۆ وەرگێـڕان بـانگ کـرا لـەکاتی لێکۆڵینـەوەی یەکەمـدا، دانیشـتووە، کـە ئـەو بەئەوپەڕی دڵگەرمیەوە تۆمەتباری بەمرۆڤێکی مەزن دانـا، ئـەویش ئەوەنـدە ئـەو ئیشـە کـاری تێکردبـوو، بـەو ڕادەیـەی هەسـت بکـا کـە ئـەوەی روویـداوە کارێکی گـەورە بـووە. گوێتـان لێبـوو لەبەردەمتانـدا دەڵێ تهلیریـان لەوکاتـەدا لەحاڵـەتێکی وادا بـوو، کـە هەسـتی بەتێکشـکانو خاوبوونـەوەو تـا دەکـرد. هەروەها لەژێر کاریگەریی ئەو رەفتـارە خراپەشـدابوو کـە لـەژێر کاریگـەریی بڕیـارە خودییـە ترسـناکەکەی خـۆیو جێبـەجێکردنی تاوانەکـەدا، لەگەڵیـدا دەکرا. ئەو لەحاڵەتێکدا بـوو کـە هـەر پرسـیارێکی لێکرابـا بەناچاری وەڵامـی بە (بەڵێ) دەدایـەوە، (بـەڵێ) هـەر وازم لـێ بێـنن، مـن دەزانم چـیم کـردووە، ئەوەی کردم باش بوو، من نامەوێ چیتر هەراسانم بکەن. ئەمە ئەو قسانەبوو کە وەرگێڕەکە کردی، ئەو وەرگێـڕەی لەوکاتـەدا بـانگ کرابـوو تـا ئـەو قسانە وەربگێـڕێ کـە تۆمـەتبار دەیانکـات. وەرگێـڕ، رێـك گـوتی: "ئەگـەر پرسـیاری پێچەوانەشـتان لـێ بکردایـە، هـەر بـە (بـەڵێ) وەڵامـی دەدایـەوە. کاتـێ پێویستبوو کۆنووسی لێکۆڵینەوەکە ئیمزا بکا، وەرگێڕەکە وەڵامی دایەوە: مـن ئیمـزا ناکـەم، ئەمـە بەتـەواوی ناڕاسـتەو وردیـش نییـە. بـەم جـۆرە دەگەینـە

ئەوەی کە بەڕێز سەرۆکی دادگا هەر کاتێ هەلی بۆ بڕەخسایە، ئاماژەی بۆ دەکرد، تەنها دەگەیشتینە دانیشتنێکی سەرەکیی زارەکی.

تهلیریان لەباکارتیش لەدایك بووە، لەچوارساڵیدا چۆتە ئەرزنیجیان لەئەرمینیا. ئەرزنیجیان یەکێکە لەشارە گەورەکانو نزیکەی (١٥٠-٢٠٠کم) لەرۆژاوای ئەرزڕومەوە، کە وەك پایتەختی ناوچەکە وایە، دوورەو دەکەوێتە سەر یەکێ لەلقەکانی فورات، کە تا ئەرزڕوم دەڕوا، ئەوە دۆڵێکە کە رێگاکە تیایدا بەرەو باشور دەکشێ تا فوراتی ناوەند، کە تیایدا راگوێزانی زۆرەملێی ئەرمەن بەرەو بیابان ئەنجامدرا.

تهلیریان لەتەمەنی چوار ساڵیدا چۆتە ئەرزینجیان، لەوێ نزیکەی (٢٠) هەزار ئەرمەنی دەژیانو ژمارەییێکی تۆزێ زیاتریش لەتورك لەنێوان (٢٥-٣٠) هەزار. بنەماڵەکەی لەچینی ناوەندبوو، باوکی بازرگانێکی مام ناوەندی بوو، بارودۆخی بازرگانیەکەی بەشێوەیەکی گشتی تارادەیەك خراپ نەبوو، بنەماڵەکەی توانیبوویان سامانێکی بەرچاو پێکەوە بنێن، نەبووبوون بە دەوڵەمەندێکی گەورە، بەلام رێیشی بۆ باوکە خۆش کرد، کە وەك بازرگانێك ببێتە خاوەن خێزانێکی بەڕێز. بنەماڵەیەکی بێوەیو منالیان زۆر بوو، بەهۆی جەنگەوە تووشی هەندێ ئازار بوون، بەلام هەموو کاروبارەکانیان باش بەرێوەدەچوو. بەمجۆرە مانەوە تا مانگی حوزەیرانی شومی ساڵی (١٩١٥) هات. ئیتر پڕوپاگەندە لەئەستەنبولەوە داکەوتو لەسەرانسەری ولاتدا بلاوبووەوە، کە ئەرمەنیەکان بەزۆر رادەگوێزرێن. پاشان بانگەوازدەری سەربازی هاتو هاواری کرد دەبێ لەماوەی چەند رۆژێکی کەمدا هەرچیتان بۆ هەڵدەگیرێ لەکەلو پەل، ئامادەی بکەن، چونکە رادەگوێزرێن.

راگـوێزان لـە (١٠)ی حوزەیرانـدا دەسـتی پێکـرد. سـەرەتا دەوڵەمەنـدەکان بەسواری ئەسپو عەرەبانەوە هاتن، ئەوە یەکـەم کـاروان بـوو، کـاروانی دووەم هەموو بنەماڵەکەی تهلیریانی تێدابوو. قەوارەی ئەم کاروانە چەند بوو، ئەمە شتێکە تهلیریان ناتوانێ دەستنیشانی بکا. دوای ئەو کاروانە چـەندین کـاروانی دیکە هاتنو بەگەڵ کاروانەکە کەوتن. تهلیریـان نەیـدەتوانی سـەرەتاو کۆتـایی کاروانەکە ببینێ. لەناوەڕاستدا دەڕۆییو لـەنزیك خوشـکە بچوکەکەیەوە، کـە تەمەنی پانزە سـاڵ بـوو، خوشـکەکەی دیکـەی لەتەمـەنی شـانزە سـاڵیدا بـوو. هـەروەها وەك مـن بـزانم لەگـەڵ خوشـکێکی دیکەیانـدا بـوون، کـە لەتەمـەنی بیستو شەش ساڵیدا بوو، مناڵەکەشی پێبوو. جگە لەمانە براکەشی لەگـەڵیان بوو، کە تەمەنی بیستو دوو ساڵ بوو، لەگەڵ برایەکی دیکەی بیسـتو شـەش سـاڵان، دوایـین کەسـیش بـاوکی بـوو کـە نزیکـەی لەتەمـەنی (٥٠)و (٥٥) ساڵیدابوو. بەمجۆرە خێزانەکە بەعەرەبانەیەك کە گا رایدەکێشا، راگوێزران.

هێشـتا بۆیـان نـەکرابوو زۆر دوور بکەونـەوە کـە هێرشـیان کرایـە سـەر. لەلایەن کێوە؟ لەلایـەن جەندرمـەوە، کـە بـەڕێزو پایەبـەرز جەنـەراڵ لیمـان فون ساندرز بۆمـانی باسـکرد. بـەڵام بەهـەرحاڵ لەلایـەن دزو جـەردەوە ، کـە لەوکاتـەدا بەهـەموو شـوێنێکدا دەسـوڕانەوە، لەلایـەن کـوردو تـورکو هـەر کەسـێکی دیکـەش بەرێکـەوت لـەوناوەدا بوایـە، هێرشیانکرایەسـەر. سـەرەتا هەرچـی چـەکێ لای کاروانەکـەبوو بردیـان، تەنانـەت ئـەو چـەترانەیش کـە لـەباران دەیپاراسـتن، ئەوانیشـیان بـرد. پاشـان جلـەکانیان پشـکنینو بـەدوای پـارەو زێـڕو خواردەمەنیـدا دەگـەڕان. هەرچیەکیان پـێ بـوو لێیـان سـەندن. ئەوجا کەوتنەڕابواردن لەگەڵ ژنەکانی کاروانەکە. خوشکەکانیان برد، کچانی پانزە ساڵو شانزە ساڵیان بردە پشت دارەکانو دەبایە کەسو کاریو براکانیان

گوێیـان لـەهاوارو نـزای کچـەکان بـێ، کـە لەیـەکێ لەچـاڵەکانەوە بـەرگوێیان دەکـەوت. ئیـدی ئـەو کچانـە جـارێکی دیکـە هـەرگیز نەبینرانـەوە. کاتـێ کـە تۆمەتبار هاتەوە هۆش خۆی تەرمی یەکێ لەدوو خوشکەکەی بینی.

ئەی براکەی چیی لـێهات؟ ئەو برایـەی تەمـەنی (٢٢) سـاڵ بـوو؟ -ئەمـەیان کارەساتترین سەرنج بوو- سەریان بەتەورێکی تیژی بریسکەدار لەتکرد، کە تـا ئێستاش تۆمەتبار لەکاتی هەڵچونیدا ئـەو وێنـە ترسـناکە دێتـەوە بەرچاوی. دایکەکەی بەبەرچاویەوە کوژرا، پێدەچـێ گوللـەی بەرکـەوتبێ، ئـەوانی دیکـە دیارنـەمانو هـیچ شوێنەواریشیان بـەدیار نەکـەوت بیسـەلمێنێ کـە زینـدوون، هەرچەندە تۆمەتبار هەوڵی زۆریداو ریکلامی زۆری بڵاوکردەوە تا سۆراخیان بزانێ. تۆمەتبار لەوە زیاتر چیی دیکەی نەدی، چونکە خۆیشـی بـەئامێرێکی رەق لەپشـتی سـەری درا. نوژدارەکـان ئـەمڕۆ توانییـان شـوێنی ئـەو لێدانـەی سـەری دیـاری بکـەن. تـەنیا ئـەم لێدانـە تۆقێنـەرەی لـەبیر مـاوە، چـونکە کـە لێیانـدا، کـەوتو لـەهۆش خـۆی چـوو، دوای مـاوەیێکی زۆر کـە هاتـەوە هـۆش خۆی، نزیکی ئێوارە بوو، خۆی بینی لـەنێو هـەزاران تەرمـدا کـەوتووە، زانیـی دوو برینی پێوەیە، یەکێکیان هی گوللەیەو بەر باڵی کەوتووە، ئەوی دیکەیان هی چەقۆیەو بەر ئەژنۆی کەوتووە، شوێنەواری ئەم دوو برینـەش تـا ئـەمڕۆ دەتـوانرێ ببینـرێن، پاشـان هـەوڵی دا لـەو تاریـكو روونـەدا تـەرمی کـەسو کارەکەی بدۆزێتەوە. بەڵام کەسی بەزیندویەتی نەدۆزیەوە. ئیتر تەکانی دایـە خۆیو ویستی بەڕاکردن خۆی رزگار بکا.

پەنای بردە بەر ئەو ناوچە شاخاوییانەی کە شارەزایی هـەبوو دەربارەیـان. ژنە کوردێکی بەتەمەنو دڵنەرم شاردیەوە تا برینەکانی چاك بوونـەوە. ئـیتر دوای ئــەوە رۆیشــت. دوای نزیکــەی مانگــێ لەڕۆیشــتن گەیشــتە ناوچــەکانی

روس. لەوێ لەپێشدا گرتیان، بەڵام زوو بەرەڵلایان کردو ناوەندە ئەرمەنیە روسەکان میوانداریانکردو یارمەتییاندا، بەرادەیەك کە توانیی بەردەوام بێ تا گەیشتە ئێرانو لەوێ لەپیشەیەکدا ئیشیکرد تا خۆی بژێنێ.

بەرێزان: بەڵێ ئەم قەسابخانە ترسناکە مایەی باوەڕکردن نییەو سەرەتاش لەدەروونماندا ئەو هەستە دەبزوێنێ، کە کێ دەزانێ ئایا سوێندخۆرە بەرێزەکان بڕوای پێ دەکەن. هەرواش بوو، چونکە پێش چەند رۆژێ پەخشنامەیەك بڵاوکرایەوە لەلایەن لایەنێکی دوژمنەوە، ئەو پەخشنامەیە سروشتێکی بازرگانیی هەبوو، ناونیشانەکەشی ئەمەبوو "نهێنی غافڵکوژیی تەڵعەت پاشا" ـ هەڵبەت مەسەلەکە هیچ نهێنییەکی تێدانییە ـ چونکە کێشەکە روون بوەوە، بەڵام ئەمە بریتییە لەشێوازێك لەقسەکردنو هیچی دی نیە. لەو پەخشنامەیەدا گوتراوە "ئەو کوڕە ئەرمەنیەی کە خۆی وەك بکوژی تەڵعەت پاشا پێشکەش کرد، تەنها ئامرازێکە کە رەنگدانەوەی ئەو تورەییە بەربەریەیە کە لەرەگەزەکەیدایە. ئەو نازانێ بێئاگایانە چیی کردوە. شتێکی سروشتیە کە ئەو بەو حەکایەتە وتارئامێزەی دەربارەی کۆچپێکردنی بنەماڵەکەی لەلایەن تورکەوە دەیەوێ هاوسۆزیی قازیەکە بەدەستبێنێ". (هەروەها لەم پەخشنامەیەدا ئاماژە بەوەش کراوە کە هێزێکی مەزن لەپشت هەموو ئەم کێشەیەوە وەستاوە). ئەگەر نووسەری ئەو پەخشانامەیە دوێنێ لەم هۆڵەدا ئامادە بوایەو گوێی لەشایەتیەکەی خانم تیریزیباشیان بوایە، بەدڵنیاییەوە هەڵدەستاو هۆڵەکەی بەجێ دەهێشتو هەستی پاشگەزبوونەوە لەو بیروباوەڕانەش بەسەریدا زاڵدەبوو.

ئێمە دەمانویست بەڵگەی زیاتر لەمڕووەوە، کە رووناکی بخاتە سەر ئەم لایەنە، پێشکەش بکەین. دوو سستەری ئەڵمانی لەدادگا ئامادەبوون،

هەردووکیشـیان ئەوکاتـە  راسـتەوخۆ لـە ئـەرزینجیان بـوونو راپۆرتیشـیان دەربارەی ئەوەی لـەوێ روویـدەدا، رەوانـەی وەزارەتـی دەرەوەمـان دەکـرد. مـن وازم لەوەهێنا کـە ئـەم شـایەتیانە بخەمـە سـەر بەڵگـەکانی سـەلماندن، چـونکە ئەوەم بەسە کە خانم تیریزیباشـیان دوای سـێ هەفتـە لەئەرزەڕوومـەوە هـات، واتە لەڕۆژهەڵاتەوە هاتووەو بە ئەرزینجیاندا تێپـەڕیوە، هـەروەها دەربەنـدی (کیماخ)یشی لەدۆڵی فورات بڕی لەگەڵ ئەو کاروانە گەورەکەیەدا کە کۆچـیان پێکرابوو. خانم تێریزیباشیان باسی ئەو رووداوە ترسناکانەی بـۆ کـردین، کـە من لێرە نامەوێ یەك وشەی دووبارە بکەمـەوە. خـانم بەچـاوی خـۆی تـەرمی کوژراوەکانی ئەو کاروانانەی بینی، کەپێش کاروانەکەی ئەوان بڕابوون. چاوی لـێ بوو چۆن منداڵانو پیاوان فڕێ درانە رووبارەکەوە. ئەمـەش بـەڕوونی ئـەو راستییانەی کە تهلیریان گێڕایـەوە، دەسـەلمێنێ- بۆیـەش دیسـان بـاسمکردەوە-. گێڕانەوەکەی تهلیریان بەتەواوی راستەو "حەکایەتێکی وتارئامێز" نییە.

لەســاڵی ١٩١٧ ســوپای رووســی هێرشــی هێنــا تــا ئــەرزەڕوومو گەیشــتە ئـەرزینجیانیش. تۆمـەتبار کـە خـەریکی ئـیش بـوو لـەئێران ئـەم هێرشـەی بیست، بۆیە بڕیاریدا بگەڕێتەوە بۆ هەواری خۆی لە ئەرزینجیانو تا بـەدوای ئـەم یـان ئـەو کەسـوکارەکەی کـە بەزیندوویـەتی مـاون، بگـەڕێتو بشـزانێت کاروبار لەوێ چۆن بەڕێوە دەچێت. کە گەیشتە ئەوێ، ماڵەکەی خۆیانی بینی نیمچـە وێـران ببـوو، بـەڵام هـەموو شـتێ لـەجێی خۆیـدابوو، ئەمـەش ئـەو خۆشەویسـتانەی بەبیرهێنایـەوە کـە لەسـاڵانی رابـوردوودا لەگەڵیانـژیابوو، منداڵیشـی لەگـەڵ ئـەوان بەسـەربردبوو. هـەموو شـتێ هێشـتا وەك خۆیبـوو، ئەمەش ئەو ماڵە ئاسودەیەی بەبیرهێنایەوە کەلەم خانووە نیمچە وێرانەیەدا لـەڕابردوودا تیایـدا ژیـابوو. کەماڵەکـەی بـەو چـۆڵییە بینـی، کـە وێنـەی

قەسابخانە ترسناکەکەی هاتەوە بیر، وەك بڵێیت لەوساتەدا لەمێشکیدا روودەدات، وەك رۆڵەیەکی ئەو خێزانە بووڕایەوەو بۆ یەکەمجار تووشی فێڵلێهاتن بوو، کە پاشان هەموو جارێ دووبارە دەبووەوە، لەگەڵیشیدا بۆنی تەرمەکان بەردەوام لووتو گەروویان دەچووزاندەوە، هەروەها وێنە ترسناکەکانی قەسابخانەکە لەگەڵ تێکچوونو هەڵچوونی دەروونیو پاشان کرژبوونی ماسولکەکانیو کەوتنیو لەهۆشخۆچوونی.

لە ئەرزینجیان چیی بینی؟ دوو خێزانی ئەرمەنی لەکۆی ژمارەی هەموو دانیشتوانی ئەرمەن کە (٢٠) هەزار کەس بوون. ئەم دوو خێزانە توانیبوویان لەڕێگەی بوون بە موسوڵمانبوونەوە، خۆیان رزگاربکەن. ژمارەیەك ئەرمەنیی دیکەی لێرەو لەوێ بەپەرتوبلاوی بینی، کە نزیکەی (٢٠) ئەرمەنی دەبوون لەکۆی (٢٠) هەزار. بەڕێزان، ئەمانە چەند سەرنجێکن کە مرۆڤ بەدرێژایی ژیانی ناتوانێ لەبیریان بکات.پاشان تۆمەتبار بیری کەوتەوە کە بنەماڵەکەی ئەو سامانەی  بەزەحمەت کۆیانکردبووەوە، لەماڵەکەدا شاردوویانەتەوە. گەڕا بەدوای پارەوپوڵی خێزانەکەدا، بۆی دەرکەوت کە زۆربەیان نەماون، هەرچی شتی بەنرخ هەبوو لەماڵەکەدا، هەمووی دزرابوو، بەڵام ئاڵتوونەکەی دۆزییەوە کە چوار هەزار لیرەی زێڕی تورکی بوو، بەتەقەتی لەنێو ماڵەکەدا نێژرابوو. ئەم پارەیە بەبەراورد بەپارەی ئێمە سامانێکە کە دەگاتە نزیکەی (١) ملیۆن مارکی ئەڵمانی. پارەکەی برد، بۆ خۆیو بۆ خێزانەکە، لەبارێکدا ئەگەر هەریەکێك لەئەندامانی خێزانەکەی لەناویانا بەزیندوویی مابێ. پارەکەی لای خزمێکی لە سربیا شاردەوە، ئەویش بانگ کرا بۆ ئەوەی شایەتی دەربارەی پەیوەندییە خێزانییەکانی تهلیریان بدا، بەڵام دادگا پێویستی بەوەنیە گوێ لەشایەتیەکەی بگرێ. بەمجۆرە مانگێکی لە ئەرزینجیان

بەسـەربرد، پاشـان شـاخەکانی روسـیای بـڕی بـەرەو شـاری تفلـیس. وەك زانراویشـە، روسـەکان هـەرزوو ناوچـەکەیان چـۆڵکرد. دیسـانەوە لـەتفلیس کەوتەوە ئیشکردن لەبواری بازرگانیو شتی لەو بابەتە. لەوێ لەساڵی (١٩١٨)دا دەمانچەکەی کـڕی، سـەردانەکەی بـۆ ئـەرزینجیان، وەك گوتم، لەسـاڵی (١٩١٧) دابـوو، کەواتـە دوو سـاڵ دوای قەسـابخانەکەبوو. تـا سـاڵی (١٩١٩) لـە تفلـیس مایـەوە. پاشـان لەسـاڵی (١٩١٩)دا دوای ئـەوەی بـارودۆخی تورکیـا گـۆڕا، چـووە سالونیكو لەوێشـەوە بـۆ سـربیا. ئـەم گەشـتەی بـۆ خۆشـی، یـان بـۆ سـەردانی خزمەکانی نەبوو، بەڵکو بەمەبەستی بازرگانیو ئیشو کاری دیکەبوو، پاشـان گەڕایـەوە سـالونیك. لەسـەرەتای سـاڵی (١٩٢٠) دا چـووە پـاریس تـا زمـانی فەرەنسی بخوێنـێ، چونکە زمـانێکی گرنگـە لـەتورکیادا. لـەوێ زۆر بەجـددی خوێندیو ماوەی دە مانگ ئیشی کرد.

وایلێهـات کـە بتوانـێ بـەڕەوانی ڕۆژنامـە فەرەنسـییەکان بخوێنێتـەوەو قسـەبکات وەك هەریـەکێکی دیکـە کـە ماوەیـەکی کـورت زمـانی فەرەنسـی خوێندبێت. پاشان بیری کردەوە، ئـەم ژیانـە قەرەجییـەی کـە هەیـەتیو نـاوە ناوە  سەرقاڵ بوون بەئیشوکاری بازرگانییـەوە بەکـەڵکی نایـێ. بـەخۆی گـوت دەمەوێ فێری پیشەیەکی میکانیکی بم، لقێك لە لقەکانی ئەندازە بخوێنم، بۆ ئەوەی لەدواییدا بتوانم لە ئەرمینیا کاربکـەمو بەشـداربم لەئاوەدانکردنـەوەی نیشـتمانەکەمدا. باشـترین هـەل بـۆ هێنانـەدی ئـەوەش چوونبوو بـۆ بـەرلین. کەواتـە بڕیاریـدا لەپاریسـەوە راسـتەوخۆ  بچـێ بـۆ بـەرلین، بـەڵام پێیـانگوت وەرگرتنی ڤیزەی چوونە ناو پاریس زۆر زەحمەتە.

کابرایـەکی ئەرمـەنیی بەتەمـەن ئامۆژگـاریی کـرد کـە باشـتروایە بچـێتە جنـێڤ، چـونکە ئـەو پیـاوە لـەوێ شـوقەیەکی هـەبوو دەیویسـت بگەڕێتـەوە

ئەرمینیا، دەتوانێت شوققەکەی بۆ بەجێ بهێڵێ تاکو تیایدا نیشتەجێ بێت، ئەوکاتەش کونسولگەریی ئەڵمانیا ڤیزەی چوونە ئەڵمانیای دەداتێ. بەمجۆرە چووە جنێڤو ڤیزەکەی وەرگرت، هەرچەندە بۆ ماوەی سێ رۆژیش بوو. پاشان چووە بەرلین، لێرەش، وەك پێشتر پێیگوترابوو، بەئاسانی توانیی ماوەی مانەوەی لە ئەڵمانیا درێژ بکاتەوە. کە گەیشتە بەرلین چەند ناونیشانێکی پێ بوو لەوانە ناونیشانی کونسولگەری ئەرمینیاو هی دیکەش. ناسیاوەکانی ئامۆژگارییان کردبوو کە لەئوتێلی باخچەی ئاژەڵاندا دابەزێ، ئیدی چەند هەفتەیەك لەوێ مایەوە. پاشان چووە سەردانی ئەو هاووڵاتیەی خۆی، کە لەپاریس ناسیبووی‌و ناوی بەرێز ئیفتیان بوو، کە دادگاش وەك شایەت بانگی کرد. تهلیریان ناونیشانی ئەوی پێبوو. کە چووە ئەوێ، خوشکی ئیفتیانی بینی، خانم تیرزیباشیان‌و بەرێز تیرزیباشیانی جگەرە فرۆش، خانوویەکیان بۆی دۆزییەوەو بەبەرێز ئابیلیانیان ناساند، کە لەجادەی ئۆگوسبۆرگ نیشتەجێبوو. ئابیلیان زۆری پێخۆشبوو هاووڵاتییەکی خۆی لە شوققەدا لەگەڵی بژی‌و یارمەتیشی بدا، چونکە زمانی ئەڵمانیی نەدەزانی. خانم شتلباوم، کە خاوەنی شوققەکەبوو، لەسەرەتای مانگی ئایارەوە بەخۆشحاڵیەوە ژوورێکی بۆ رێکخست. چووە شوققەکەو وەك هەر گەنجێکی دیکە تیایدا دەژیا، بەشێوەیەکی سەرەکی ویستی فێری زمانی ئەڵمانی بێ‌و لێرەو لەوێش بەدوای ناسیاوەکانیدا، ئەوانەی هاووڵاتیی ئەرمەنی بوون، دەگەڕا. کەمێك بیرو زەینی سەرقاڵ بوو، ناسیاوەکانی ویستیان تۆزێ ئەو سەرقاڵییەی لەبیرببەنەوەو لەهەمان کاتیشدا هەلێکی لەباری فێربوونی زمانی ئەڵمانیی بۆ برەخسێنن. لەگەڵ دووان لەهاووڵاتییەکانیدا دەچووە وانەی سەما. بەلایەوە گرنگ نەبوو ژن بناسێ، بەپێچەوانەوە وەك بیستتان

بەمەبەستی بەهێزکردنی زمانە ئەڵمانییەکەی لەگەڵ ژناندا بەئەوپەڕی دڵپاکیو ڕەوشت بەرزیو ئەدەبەوە قسەی دەکرد. لەو ماوەیەدا زیاتر مەیلی بەلای شەرمنیدا دەچوو. کاتی دەستبەتاڵیی خۆی بەمۆسیقا ژەنین بەسەردەبرد. ئامێری (ماندۆلین) ی دەژەنیو گۆرانیی خەمۆکیی دەچڕی، لەو گۆرانییانەی کە گەلی ئەرمەنی بەدبەخت دەیچڕێت.

بەکورتی مرۆڤ ناتوانێ بڵێت کە لەفێربوونی زمانی ئەڵمانی بەولاوە، بۆئەوەی بتوانێ لەوانەکانی پەیمانگەی بالا تێبگاو بەردەوام بێ، هیچ ئامانجێکی دیکەی هەبووبێ. ئەو خانمە مامۆستایەی شایەتییدا، گوتی لاوێکی بەتەواوی پابەندو حەزی بەخوێندن بوو، کەمێکیش شەرمن بوو. پاشان حاڵەتەکەی بەرەو خراپی چوو، بەڕادەیەك کە چیتر نەیتوانی دەسەڵاتی بەسەر بیرو هۆشی خۆیدا هەبێ، بۆیە بەهۆی کرژبوونی دەمارو ئەو فێلێهاتنەوە کە تووشی دەبوو چەند جارێك سەردانی نۆڕینگەی پرۆفیسۆر کاسیرەری کرد. ئەویش دەرمانی دایێو خواردنی ئەو دەرمانانە کاری کردە سەر هێزە عەقڵییەکەی، بەهۆی کاریگەریی لاوەکیی دەرمانەکەشەوە بەگشتی هەموو هێزی لێدەبڕاو تووشی ئیفلیجی دەبوو. دوای ئەوە بەردەوام بوو لەوانەکانی زمانی ئەڵمانیدا تا (٢٦) ی شوبات، پاشان بەتەنیا بەردەوام بوو لەخوێندندا. هەموو بەیانییەك کتێبەکانی راهێنانی ئەڵمانیی دەخوێند. بەکورتی، بەئەوپەڕی پابەند بوونو دڵگەرمییەوە لێرە بەردەوام لەهەوڵدابوو بۆ بەدیهێنانی ئامانجەکەی کە خوێندن بوو .

ئەوەی سەرنجڕادەکێشێ، وەك شایەتەکانیش گوتیان، تۆمەتبار نەیدەویست ئەو رووداوە ترسناکانەی تیایدا ژیابوو باسیان بکات. بۆتە نەریت ئەو کەسانەی لەرووداوێکی تا ئەو ڕادەیە کاریگەردا ژیابن زۆربەی کات حەزناکەن

باسـی بکـەن. بـەمجۆرە ئـەو واقیعـە لـەناکاوە دەبیـنین، کـە زۆر کـەم نـەبێ هــەرگیز باســی ئــەو بابەتانــەی لەگــەڵ ئابیلیــانو ترزیباشــیاندا نــەکرد. کەناچــاربوایە باســی بکردایــە زۆر بــەکورتی باســیدەکرد. لەوکاتــەدا کــە پرۆفیسـۆر کاسـیرەر چارەسـەری دەکـرد، بـەکورتی باسـیکرد. هـەروەها زۆر بەشــێوەیەکی راگــوزاری لای خــانم شــتلباوم خــاوەن شــوققەی یەکــەمیش بەسـەرپێیی باسـیکرد، بـەڵام نـەك لەوکاتـەی کـە لەشـوققەکەیدا بـوو، بـەڵکو دوای ئـەوەی گواسـتییەوەو چووە شـوقەیەکی دیکـەو لەوکاتـەدا کـەجارێکیان خانم شتلباوم هاتبووە سەردانیو لەبارەی ئـەو بابەتـەوە قسـەی لەگەڵداکردو لێی پرسی بوو بۆچیماڵەکەی گواستەوە. لەم بۆنەیەدا زۆر بەئازارەوە گوتی: من خزمو کەسم نەماوە... جارێکی دیکە باسی بابەتەکـەی کـرد، کـە دەقێکـی وەردەگێڕا وشەی "نیشتمان"ی تێدابوو، لەوکاتەدا پەلو پۆی شکاو گوتی: من نیشـتمانم نـەماوە، هـەموو کـەسو کـارم لـەوێ کـوژران. بـەڵام بەشـێوەیەکی سـەرەکی لەگـەڵ تاقـە هاوڕێیـدا، خـانم ترزیباشـیان، کـە ئـەو خۆیشـی لـەو هەلوێسـتە تۆقێنـەرەدا ژیـابوو، کـەباش لێیتێدەگەیشـت ئـەو بابەتانـەی بـاس دەکرد.

وەك دەبینین، بەگشتی جۆرێـك لەخۆخواردنـەوەی هـەبوو. کـە کتێبەکـەی پرۆفیســۆر دوکتــۆر لیبسیوســی بەدەســت بــەڕێز ئابیلیــانی هاوڕێیــەوە لەشـوققەکەدا دیـت، لەدەسـتی رفانـدو هـاواری لێکـرد واز لـەبرینی رابـردوو بێنە، دەبێ لەماڵ بچینەدەرەوە.

بەڕێزان وەك دەبینن ئەم لەو مرۆڤانە نییە، کە هـەموو کاتـێ خـۆی بـەو باسانەوە ببەستێتەوە، بەپێچەوانەوە هەوڵی دەدا لـەبیرخۆی بباتـەوە، ئـەوەی

پێیکرا کردی بەکەمترین رادە تا باسی بکات، بەڵام لەناخیدا چەندقاتی ئەوە بەدەستیەوە دەتلایەوە.

لەوکاتەدا رووداوێك روویدا وەك لێدانی بروسکە وابوو بۆ ژیانە بێ وچانەی کە تۆمەتبار بەسەریدەبرد. ئەو رووداوە ئەوە بوو کە لەجادەی هاردنبورگ سێ پیاوی بینی بەزمانی تورکی قسەیان دەکرد، دووانیان لەگەڵ سێیەمدا، کە لەبەینیاندا دەڕۆیشت، بەنازناوی "پاشا" قسەیان لەگەڵدا دەکرد. ئەو سێ پیاوە سەرنجیانڕاکێشاو بەوردی تەماشای پیاوەکەی کردو دەموچاوی ناسیەوەو گەیشتە ئەو باوەڕەی کە پیاوەکە بەدڵنیاییەوە تەڵعەت پاشایە. چاویشی لێ بوو چۆن پیاوێکیان لەگەڵ تەڵعەت پاشا چووە ژوورەوە بۆ خانووی ژمارە (٤). کابرای سێیەمیش بەئەوپەڕی رێزەوە خواحافیزی لێکردو رۆیشت، ئەمەش تۆمەتباری دڵنیاکرد کە تەڵعەت پاشا لەوماڵەدا دەژی. ئەمە لەدەوروبەری ناوەڕاستی کانوونی دووەمی ئەمساڵدا بوو. تهلیریان دەڵێ (پێنج هەفتە پێش ماڵ گواستنەوەکەی). پێشتریش گوتبووی: ناوەڕاستی کانوونی دووەم. ئەوەی ئێستا جێگەی سەرنجە ئەوەیە، کە تۆمەتبار بەهیچ جۆرێو لەبەردەم هیچ کەسێکدا باسی ئەم رووداوەی نەکرد. تۆمەتبار نایەوێ تووشی هەڵچوون بێتو پێویستیشی بەوە نەبوو ئەم بابەتانە باس بکا. ساتی ئەو دیتنە هانینەدا تا بڕیاری کوشتنی تەڵعەت پاشابداو هیچیشی بۆ ئەو مەبەستە نەکرد. ئەم دیتنە تێپەڕیو رووداوە کۆنەکانیش بەهێمنی لەناخیدا مانەوە. هیچ ئارەزوویەکی بۆ تۆڵەسەندنەوە لا دروست نەبوو. وەك جاران لەژیانیدا بەردەوام بوو. تەنانەت پێش رێکەوتەکە بەپێنج یان شەش هەفتەو من بەئەستەم دەتوانم بەتەواوی ئەو شەوە دیاری بکەم، کە ئەو خەوە لەناکاوەی دیت. زیندەخەو بوو، دایکی وەك

ئـەوەی راسـتی بـێ، هاتـە پـێش چـاوی. تـەرمی دایکـی بینـی لەبەردەمیـدا کەوتبوو، چاوی لێی بـوو هەڵسا، تۆمـەتبار پێیگوت "تەڵعـەت پاشـام بینـی"، دایکیشی وەڵامی دایەوە "تۆ تەڵعەت پاشات بینیو تۆڵەی دایكو بـاوكو بـراو خوشکەکانت لـێ نەکردەوە، چیتر تۆ کوڕی مـن نییـت" ئـەوە ئـەو ساتە بـوو، کە هەستیکرد "لێرە دەبێ شتێ بکەم، دەمەوێ ببمەوە بە کوڕی دایکم، دەبـێ دایکم لێم بێبەری نەبێ کە لـەئاسمان دەچـمە لای. دەبـێ سـەرلەنوێ بچـمەوە باوەشی ". بەمجۆرە، وەك نوژداران باسیانکرد، ئـەو خەونـە دیـدارە لەگەڵیـدا چووە ئاگایی ئەوەوە.

وەك زانـراوە، ئـەم دیـدارە خەونانـە ڕۆڵێکـی جیـاواز لای ڕۆژهەڵاتییـەکان دەبینـن کـە زینـدووترن وەك لـەوەی لای ئێمـەی ئـەوروپی هەیـەو ئێمـە ئـەم شتانە بەچاوی فەلسەفیو نوژداری دەبینین. دەقەکانی چیرۆکەکانی تـەورات ـ العهـد القـدیم ـ بهێننـەوە بـیری خۆتـان کاتـێ کـە گـەنج بـوون، کـە بـەردەوام گوزارەی "فریشتەیەك هاتەخەونی"و شتی لەو بابەتەیان تێدایە. ئەمە تەنها خەون نییە، بـەڵکو ئـەم خەونـە دیدارانـە باسـی ڕووداوی دیـاریکراوی گـرنگ دەکـەن، ئـەو جـۆرە دیدارانـە کـە تهلیریـانیش بینیویـەتی، کـە زیندەخـەون بوونو کاریگەریەکی زۆریان لەسەری هەبوو.

ئیتر بەیانیی ڕۆژێکی دیکە بێ ئـەوەی تەنانـەت شـتێك بەبـەڕێز ئابیلیـانی هاومـاڵو هاوڵاتییشـی بڵێـت، ڕۆیشـتو لێپرسـراوی قوتابییـە ئەرمەنییـەکانی هێنـا کەلـەو باشـتر ئـەڵمانیی دەزانـی. هێنـای تـا یارمـەتیی بـدا خانوویـەك لەجادەی (هاردنبورگ)دا بگرێـت بـۆ ئـەوەی ئێسـتا بەهۆشـی تـەواوەوە ـ نـەك وەك ئەوەی بەڕێز داواکـاری گشـتی بـەجۆرێکی مـەجازی باسـیکرد " کـە وەك موگناتیس بەرەو ئەوێ راکێشرا" ـ بـەدوای خانوویەکدا بگـەڕێت کـە لـەوێوە

بتوانێ چاودێری تەڵعەت پاشا بكات. خانووی ژمارە (٣٧)ی لەنهۆمی دووەمـدا، لەجادەی هاردنبورگ دەسكەوت.

ئێستاش لێرەدا خاڵێكی دیكە هەیە كە دەبـێ بـاس بكـرێ، ئـەویش ئەوەیـە كــە بــەهۆی نەخۆشــییەكەیەوە پێویســتی بەخانوویــەكی روونــاكتربوو، خانوویەك هەتاوی بەربكەوێ‌و بـەكارەبا روونـاك بكرێتـەوە، نـەك بـە گڵۆپی غاز. ئەمـەش هـەمووی لـەوخانووەدا هـەبوو كـە لـەجادەی هـاردنبورگ ژمـارە (٣٧) بوو. ئیتر بەپەلە بۆ بـەیانی ئـەو شـەوەی (خـەونی دیـداری) تێـدا دیـت، خانویەكی تازەی گرت. بـەڵام شـوققەكە، وەك خـانم دیتمـانی خـاوەنی گـوتی، لەو كاتەدا بەتاڵ نەبوو، چونكە كرێچییەكە، دوای چـەند رۆژێ بـەتاڵی كـرد. گرێبەستی بەكرێگرتنەكە رۆژی پێنج شەممە (٣) ئادار مۆركرا.

كەواتە لەشەوی یەك لەسەر دووی ئادار (خەونە ـ دیدارەكەی) دیـت، بـەڵام توانی لە (٥) ی ئاداردا بچێتە ماڵە تازەكەی.

لەئەنجامی ئەمەشەوە دەبایـە لەماڵـە كۆنەكەیـدا بـۆ دوو رۆژ یـان سـێ رۆژ بمێنێتەوە.

دوای ئـەوەی خـانووە تازەكـەی گـرت، چـووە لای بـەڕێز ئابیلیـان هاوماڵـە كۆنەكەی‌و پێیگوت "گوێ بگرە من رۆژی شەممە لەم ماڵە باردەكەم"، دیـارە لەوكاتەدا پێیوابووە گرتنی خانویەكی تـازە شـتێكی ئەرێنییـە. یەكسـەر وازی لەكرێی مانگێكی تەواو هێنا، چونكە دەبوایە ئەم مانگە دوو كرێ بـدات. ئـەم قوربانییــەی بۆیــەدا تــا ئــەم خــانووەی دەســتكەوێ. لــەدڵی خۆیــدا گــوتی: بڕیارمداوە تەڵعەت بكوژم، بۆیە دەبێت لێینزیكببمـەوە (لەمسـاتەدا) (حـەزی دەكرد) تەڵعـەت بكوژێـت. بـەڵام مـن بەتـەواوی لەگـەڵ باسـكردنەكەی بـەڕێز داواكاری گشتی ناكۆكم، لەم رووەوە كە: ئێـوە گوێتـان لـێ بـوو، كـە سـەرۆكی

دادگا لەتۆمەتباری پرسی دەربارەی قسەیەك كە كردبووی، ویستی جارێكی دیكە بیلێتەوە تابزانێت مەبەستی چیبوو. تهلیریان وەڵامی دایەوە، كە چووە خانووە تازەكەی، بەمێشكیداهات كە مرۆڤێكی مەسیحییە - ئەرمەنەكان پێڕەوی مەزهەبێكی كۆنی مەسیحی دەكەن - كەیەكێك لە (دە ئامۆژگارییەكە) دەیگرێتەوە، كەدەڵێت"نابێت كەس بكوژێت". لێرەدا لەناخەوە مرۆڤێكی بێوەیە گەڕایەوە بۆ خودی خۆی. مرۆڤێكی گەنجەو حەز بەتوندو تیژی ناكاتو بڕیاری كوشتنەكەشیدا، پاشان ئەو دوودڵیەی لەبڕیاردانەدا بەمجۆرە باسكرد "حاڵم خراپ بوو، ئەو خەونو خەیاڵانە كاسیانكردم، پاشان بڕیارمدا تەڵعەت بكوژم، دواتر كە باشتردەبمو هەست دەكەم تەندروستیم نیمچەباشەو دەتوانم هەستەكانم كۆنترۆڵ بكەم، ئیدی بۆم دەرئەكەوێت كەنابێت بیكوژم" بەمجۆرە تۆمەتبار لەپشێویدا دەژیا. قسەكانی بەهیچ جۆرێك ناماقوڵ نین، هەموو نوژدارەكان گوتیان: لەناخی تۆمەتباردا چیدیكەی تێدا نییە زیاتربێت لەوەی زانیتان ئێمەی هەر سێ بەرگریكەرەكە پێتان دەڵێین بەرێزان تۆمەتبار جگە لەئاسودەكردنی ژیانی خۆی شتێكی دیكەی نەگوتووە. زۆر زەحمەتە بچینەناو جیهانە دەروونییەكەی، بەتایبەتیش كە مەسەلەكە پەیوەندیی بەو شتانەوە هەبێت كە لەبەرژەندیی ئەودایە، بۆیە دەبێت بڕوا بەقسەكانی بكەن.

بەڵام بارودۆخە دەرەكییەكەش ئاماژە بەوەدەكات، كە تۆمەتبار دوای ئەوەی گواستییەوە خانووە تازەكەی، ئەو بڕیارەی كە لەمێشكیدا دابووی، لەسەرەتادا نەكەوتە جێبەجێكردنی. بەدرێژایی ئەو ماوەیە هیچ شتێكی كردارەكی لەمبارەوە نەكرد. تەنانەت لەدەرگاوانی بیناكەشی نەپرسی كەی تەڵعەت لەماڵ دەردەچێت، تەنانەت جەختی لەو راستییەش نەكردەوە كە

ئایا تەڵعەت بەڕاستی لەو بینایەدا دەژی. بەکورتی خەریکی ئیشوکارەکانی پێشووی خۆی بوو، بەردەوام بوو لەوانەکانی زمانی ئەڵمانیو مۆسیقاژەنین، پەیوەندی بەو خانمە مامۆستایەوە کرد، کە ناچاربوو چیتر لای نەخوێنێت، چونکە هەستی کرد تەندروستیی لەئەنجامی خواردنی ئەو دەرمانانەی پرۆفیسۆر کاسیرەر بۆی نوسیبوو، بەرەو تێکچوون دەچێت. پێی گووت کە ئاواتەخوازە پاش چەند رۆژێك بتوانێت بەردەوام بێت لەخوێندن. هیچ شتێك نییە ئاماژە بەوەبکات، کە تۆمەتبار لە دە رۆژی سەرەتای چوونە ناو خانووە تازەکەی هەرگیز ئامادەکاریی بەهیچ شێوەیەك دژی تەڵعەت کردبێت.

ئێستا رۆژە گەورەکە دێت، پانزەی ئادار، خانمی خاوەن ماڵ گوتی تۆمەتبار بەیانی چای خواردەوە، هەر لەو کاتەشدا تۆزێك لەجاران زیاتر کۆنیاکی خواردەوە. رۆژی پێشتر ئەو بوتڵە کۆنیاکەی کڕیبوو. سەبارەت بەبڕی ئەو کۆنیاکەی ئەم بەیانییە خواردیەوە، دەبێت پرسیار بکەین ئایا رۆژی پێشتر چەندی خواردبووەوە. پاشان کارەکەرەکە بوتڵەکەی هێنا، لەنێوان سێیەك بۆ چارەکێك کەمی کردبوو، ئەمەش مانای وایە کە سێیەکی لیترێکی نەخواردبووەوە (قەوارەی شوشەکە ٧٥٠ سەنتیلیترە - وەرگێڕی عەرەبی). بەمجۆرە، دواجار ئەم مەسەلەیە روونبوەوە. ئەو بیرۆکەیەی کە شارەزای پسپۆڕ بەڕێز شتورمر باسیکرد گوایا تۆمەتبار بڕێکی زۆری کۆنیاکی خواردۆتەوە بۆ ئەوەی ورە بەبەبەرخۆیدا بکاتەوە، بەتەواوی هەڵەیە. تۆمەتبار کۆنیاکی لەگەڵ چایدا خواردەوە لەبەرئەوەی لەگەدەیدا هەستی بەناڕەحەتی دەکرد. کە کۆنیاکی کردە پەرداخە بچوکەکە، دەیویست ئەو بڕە بپێوێت کە دەیەوێت بیخواتەوە دوای ئەوەی لەگەڵ چاییدا تێکەڵی دەکات،

ئەو ئاگای لەتەندروستی خۆی بوو. ئەو بیرۆکەیەی دەڵێت لەسەعات نۆی ئەم بەیانیەوە کۆنیاکی خواردەوە بۆ ئەوەی ورە بەبەر خۆیدا بکاتەوە، بەتەواوی پێچەوانەی راستیە. چونکە ئەو لەکوێ بزانێت کە تەڵعەت ئەم بەیانیە دێتە باڵکۆنەکەیو لەماڵیش دەردەچێت لەکاتێکدا دە رۆژ بوو چاوی پێی نەکەوتبوو، چۆن دەیتوانی پێشبینی ئەوەبکات؟ هیچ جۆرە پەیوەندییەك لەنێوان ئەم دوو بابەتەدا نییە. لێرەدا تۆمەتبار سەعات یانزەی تەواو تەڵعەت دەبینێت لەباڵکۆنی ماڵەکەی خۆیداوەتە بەرهەتاو، پەنجەرەی ژووری تۆمەتبار کرابووەوە، لەژوورەکەی خۆیدا دەهاتو دەچوو، خەریکی وەرگێڕانو خوێندنەوەی کتێبی راهێنانی زمانی ئەڵمانی بوو. کە تەڵعەتی بەبەختەوەری بینی، خۆیدابووە بەر هەتاو، ئا لەو کاتەدا هاتەوە بیری چۆن کەسوکارەکەی سەردەبڕی. لەوساتەدا خوێن وروژمی بۆسەری هێنا. بەڵام تەنانەت لەم ساتەشدا هێشتا بڕیاری نەدابوو تەڵعەت پاشا بکوژێت.

تەڵعەت باڵکۆنەکەی بەجێهێشتو چووە ژورەوە. بەمجۆرە، وەك دەردەکەوێت، رووداوەکە لەو رۆژەدا کۆتایی هات. پاش چارەکە سەعاتێك لەپڕ تەڵعەت پاشا لەماڵ دەچێتەدەر. تۆمەتبار لەنزیك پەنجەرەکە وەستابوو، چاوی لێبوو تەڵعەت چووە دەرەوە. لێرەدا بیرۆکەکانی لەبارەی قەسابخانەکەوە هاتنەوە یادی. بیری لەباوكو دایکی کردەوە، یەکسەر چوو بۆ جانتاکەو دەمانچەکەی دەرهێنا. پاڵتۆکەی لەبەرکردو شەپقەکەی کردە سەریو بەبازدان لەپلیکانەکان چووە خوارەوەو بەپەلە بەماوەیەکی درێژ لەپشت تەڵعەتەوە رۆیشت، لەجادەکە پەڕییەوە بەرەو ئەوو تەقەی لێکرد.

وردەكارییەكان چۆن بوون، ئایا لەپشتەوە بۆی هات یان لەپێشەوە، ئەمە بەلای منەوە گرنگ نییە، بەڕێزان ئەمە هەمووی دەبێت، بەپێی بۆچوونی بەڕێز داواكاری گشتی وتووێژی لەسەربكرێت. من خودی خۆم وای بۆدەچم، كە لەوساتەدا گێژاوێك لەهەست دەروونی تۆمەتباری داگیركردووە.

دوای ئەوە دەمانچەكەی فڕێ نەدا، وەك بەڕێز داواكاری گشتی گوتیو وەك ئەو كەسانەش كە دەیانەوێت گوومان لەخۆیان دووربخەنەوە، وادەكەن، بەڵكو دەستی لەدەمانچەكە بەرداو كەوتە خوارەوە، وەك بیەوێت بڵێت: "ئێستا ئەركی خۆمم بەجێ هێنا"، هەڵبەت شوێنەكەی بەجێهێشت بۆ ئەوەی لەخەڵكەكە دووربكەوێتەوە، بەڵام پێنج چركە دوای تاوانەكە گیرا، ئەوسا گوتی "ئەمە كاری بەسەر ئەڵمانەوە نییە، ئەو بێگانەیە، منیش بێگانەم" ئەم گوزارەیەی چەندجارێ گوتەوە. من لەهەموو ئەم شتانەی باسكردن هیچی ئەوتۆ نابینم پێویستی بەڕاڤەكردن هەبێ.

بەڕێزان! ئەمە تاوانەكە بوو، ئەمەش ئامادەكارییەكانی تاوانەكەبوون، ئەمەش پیاوەكەیە، منیش لەلای خۆمەوە ئێستا لەوەڵامە یاساییەكە نزیك دەبمەوە دەربارەی پرسیاری **"چۆن حوكم بەسەر ئەم تاوانەدا بدەین؟"**.

دەمەوێ سەرەتا چاوپۆشی لە پرسیارە سەرەكییەكە بكەم: ئایا لەتەواوی توانای عەقڵیی خۆیدا بوو یان نەء؟ پاشان پێویستە پرسیاریش بكەم، چونكە ئێمە لەبەردەم نیەتێكی روونی كوشتنداین: ئایا تاوانەكە بە بڕیاری پێشوەخت بوو؟

بەڕێزان: لێرەدا بەڕێز داواكاری گشتی شتێكی وەك پێویست بۆم روون نەكردەوە، كە پێشتر جەختی لەسەر كردبوو. نەك وەك جارێ كە بەڕێز داواكاری گشتی بەكورتی گوتی (ئەوەی بەئەنقەست یەكێك بكوژێ....) بەڵكو

مادده‌كه ده‌ڵێ "ئه‌گه‌ر تۆمه‌تبار تاوانه‌كه به‌بڕیاری پێشوه‌خت بكا، ده‌بێ...." لێـــره‌دا دادگـــای ئیمپراتۆریـــه‌ت به‌ســـووربوونێكی پاشـــوه‌ختو زۆره‌وه وه‌ك له‌به‌رگی هه‌شته‌می بڕیاره‌كانیدا ده‌ڵێ له‌م حاڵه‌ته‌دا جیاوازییه‌كی مه‌به‌ستدار هه‌یه له‌نێوان یاسای سزای ئێمه، كه ئێستا كاری پێده‌كه‌ینو یاسای پێشووی پروسی، كـه لێوه‌ی وه‌رگیراوه‌و یاسا جیاوازه‌كانی دیكه‌ش كـه "بڕیـار"ه‌كـه له‌به‌رچـاو ده‌گـرن، لـه‌و رووه‌وه ئایـا ئـه‌و بڕیـاره پێشـوه‌خت وه‌رگـیراوه. به‌دڵنیاییـه‌وه بـه‌ڕێز سـه‌رۆكی دادگـا ئـه‌م قسـه‌یه‌تان پێـده‌ڵێ له‌چوارچێوه‌ی راڤه‌كردنی یاسایی دادگـادا بـۆ هۆیـه‌كانی ئـه‌و حوكمـه‌ی كه‌ده‌یـدا. بـه‌گوێره‌ی یاساكانی پێشوو مرۆڤ ده‌یتوانی به‌ئاسانی بڵێت له‌وحاڵه‌تانـه‌ی پـێش چوارده رۆژ بڕیاردرابـێ پاشـان جێبـه‌جێ كرابـێ، تاوانه‌كـه به‌گشـتی بـه‌بڕیاری پێشـوه‌خت كـراوه، ئه‌مـه ئێسـتا گـۆڕاوه، به‌پێچـه‌وانه‌ی ئه‌مـه‌وه دادگـای ئیمپراتـۆری به‌شـێوه‌یه‌كی تایبـه‌تو زۆر به‌توندییـه‌وه بایـه‌خ ده‌دا بـه‌هۆی پاڵپێوه‌نه‌ره‌وه، به‌جۆرێ كه ئێستا، ته‌ماشای كاتی جێبـه‌جێكردنی تاوانه‌كـه، وه‌ك هۆیه‌كی بنبڕ، ده‌كرێت (بۆیه گرنگ نییه كه‌ی بڕیاره‌كـه دراوه). كه‌واتـه لێـره‌دا پێویسـته لـه‌جیاتی پرسـیاری ئایـا بـیر له‌ئه‌نجامـدانی تاوانه‌كـه كراوه‌تـه‌وه؟ ئـه‌م پرسـیاره بكرێـت: ئایـا ئـه‌م بیركردنه‌وه‌یـه له‌سـاتی جێبه‌جێكردنی تاوانه‌كه‌دا هه‌بووه؟ یان لێشاوێك له‌هه‌ستو خـه‌یاڵو خـه‌ون تۆمه‌تباریان كاسكرد؟ یان به‌هێمنی بیری كردۆته‌وه؟

من نامه‌وێ هه‌رگیز وه‌ڵامێك بده‌مه‌وه، به‌ڕای مـن وه‌ڵامه‌كه، بـه‌جۆرێ كـه قابیلی مشتو مڕ نه‌بێ، له‌سروشتی كێشه‌كه‌ماندایه.

ته‌نها ده‌مه‌وێ ئاماژه به‌وه‌بكه‌م، كـه دادگای ئیمپراتۆریـه‌ت زۆر بـه‌ڕوونیو به‌وپه‌ڕی رێزه‌وه روونیكردۆتـه‌وه كـه ئایا "بیركردنـه‌وه" چییه‌و هه‌ڵچوونی

ویژدانی چییە. لێرەدا پێم باشە ئاماژە بەدادگای ئیمپراتۆریەت بکەم لەبری قسەکانی خۆم، ئەمە سەرەڕای ئەوەش کە بەڕێز سەرۆکی دادگا لەکاتی راڤەکردنی یاسایی حوکمدانەکەدا ئەوەتان بۆ ڕووندەکاتەوە. لەبەرگی (٤٢) و لاپەڕە (٢٦١) ی یاسای ئیمپراتۆریدا ئەمە هاتووە: "تەنها ئەگەر تاوانبار لەکاتی جێبەجێکردندا سەرکەوتنی لەئامانجی ئەو کوشتنەی مەبەستیەتی، هۆیە پاڵپێوەنەرەکانو بەربەستەکان جگە لەجێبەجێکردنی ئامادەکاری پێویست بۆ بەدیهێنانی سەرکەوتنە چاوەڕوانکراوەکەی بەپێی پێویست زۆر بەڕوونی لەبەرچاوگرتبێت. تەنها لەم حاڵەتەشدا لەوانەیە تۆمەتبار ئیشەکەی بەبڕیاری پێشوەخت کردبێت. بەڵام ئەگەر لەکاتی هەڵچوونی ویژدانیدا تاوانەکەی کردبێت، ئەوسا لەوحاڵەتەدا کەهەڵچوونەکە بەرز دەبێو سنوری سروشتی خۆی دەبەزێنێ لای ئەو کەسەی دەیەوێ یەکێك بکوژێ، بەرادەیەك وایلێدەکات نەتوانێ ئەو هۆیانەی پێشتر باسمانکرد، لەبەرچاوبگرێ، بەشێوەیەك هەڵچوونە هەستیەکەی هەڵسوکەوتی کۆنترۆڵ دەکا. بەڕێزان بەپێویستم زانی گفتوگۆ بکەم لەسەر "مەسەلەی پێش وەخت بڕیاردان"، لێرەشدا کە ناخی ویژدان پاڵپێوەنەرە هەرچەندە حەزیش ناکەم ئەوە بکەم، چونکە ئێمەی بەرگریکەران لەناخی دڵمانەوەو بەقەناعەتەوە، داواتان لێدەکەین وەڵامی پرسیاری تاوانبارکردن بە (نەء) بدەنەوە.

ئێوە دەزاننو بەڕێز سەرۆکی دادگاش پێتان دەڵێ، پرسیاری یەکەم بەوشەی "ئایا ئەو تاوانبارە...؟" دەست پێدەکات.

پرسیارەکە دەربارەی هۆیە نائاساییەکان یان تێکچوونی باری عەقڵیی نەخۆشو شتی لەو بابەتە، بەڵکو وشەی "تاوانبار" وەڵامی ئەم پرسیارە لەخۆدەگرێت. ئایا ئێوە پێتانوایە لەکاتی تاوانەکەدا تۆمەتبار بەرپرسە یان

نـەء. ئێمـە لێـرەدا گوێمـان لـە کۆمـەڵێك شـارەزای پسـپۆڕ گـرت. لـەڕووی یاسـاییەوە مەسـەلەکە پەیوەنـدیی بەکەموکوڕییـەکی نەخۆشـیی توانـای عەقڵییـەوە هەیـە، بەڕادەیـەك، کـە توانـای "بڕیـاردانی ئـازاد" ناهێڵـێ. زۆر گرنگ بوو بەڕێزان کە شارەزا پسپۆڕەکانمان لێرە، لەبـەردەم خۆمانـدا بینـی. من دەمەوێ بڵێم کە ئەوان لەکاتی لێکۆڵینەوە لەکێشەکە شـارەزایی خۆشـیان پەرەپێدا، بەڕێز راوێژکاری نهێنیی نوژداری (شتورمر)ی لێدەرچێ، کە پێشتر رای خۆی لەڕاپۆرتێکی نووسراودا دەربڕیبوو. ئەو بەڕێزانـەی دیکـە، کـە لـەم جۆرە حاڵەتە تازە بوونو لەدەروونی خۆیاندا لە ململانێدا بوون.

بـەڕێزان لـەو بڕوایـەدام ئێـوەش هەسـتتان بەمـەکرد. بـەڕێز راوێـژکاری نهێنیی نوژداری لەهەموو شارەزاکانمان شارەزایی لێرە شارەزایی زیاترە، بـەڵام پسـپۆڕی دەروونـی نییـە، بـەپێی قەناعـەتی بـەڕێز شـتورمر، لێـرە ئێمـە حاڵەتێکی (فـێ)ی جەسـتەییمان هەیـەو لەسـەر ئـەم بنەمایـەش راپۆرتەکـەی بنیاتناوە.

بـەڕێزان گومـانی تێدانییـە، کـە ئێـوە هـەمووتان دەزانـن نەخۆشـی (فـێ) تاڕادەیـەکی دیـاریکراو کاردەکاتـە سـەر چـالاکیی عـەقڵی، بـەڵام ئـەم کاریگەرییەش بەپلەیێ یان پلەیێکی دیکە سنوردارە. پاشان بـەڕێز راوێـژکاری نوژداری شتورمر گەیشتە پرسیاری: ئایا ئـەم (فـێ) یـە لەوجۆرەیـە، کـە کـار لەحاڵەتی دەروونی دەکات تا ئەو ڕادەیەی وزەی "بڕیاردانی ئـازاد" بەتـەواوی نـەهێڵێ؟ وەڵامەکـە ئەوەیـە، کـە بەشـێوەیەکی یـەکجار زۆر کـەمی دەکاتـەوە، بەڵام بەتەواوی نایسڕێتەوە.

بەڕێز پرۆفیسۆر لیمان رایەکی دیکەی هـەبوو، کـە زۆر بـەوردی باسـیکرد. کاتێ گوتی (فێ) لەم حاڵەتەدا (فێ) یەکی جەسـتەیی نییـە، هـەروەها لەسـەر

ئـەو بنەمایـەش نەوەسـتاوە، کـە مەڵبەنـدی دەزگـای دەمـار (مرکـز الجهـاز العصبی) یان یـەکێ لـە دەمارەکـان تووشـی کـەموکوڕی بووبـێ، بـەڵکو کارەکـە پەیوەنـدیی بەلێکدانـەوەی تونـدی دەرونییـەوە هەیـە، کـە بـووە هـۆی دروستکردنی ئەم حاڵەتـە جەستەییە، کـە لـە حاڵـەتی (فـێ)و فێلێهاتنـەکانی دەچێ، کە دەبنەهۆی رەق بوونی لەش. بۆچوونی سەرەکی، کە ئەو رووداوانە دروسـتیانکرد، کـە دوای دیتنـەوەی جارێکیدیکـەی ماڵەکـەیان تاڕادەیـەکی دیاریکراو بووە زادەی جەستەیەکی نەخۆش لای تۆمـەتبار. پرۆفیسۆر لیمان گـوتی، کـە ئـەم بیرۆکەیـە، بـەو هـەموو یادگارییانـەو ئەنجامەکانیشـیانەوە، هـەروەها دەرکـەوتنی دایکـیو داواکارییەکانیشـی، لـەدەروونی تۆمـەتباردا جێگیربوو. لیمان گوتی تهلیریـان لـەژێر پاڵەپەسـتۆیێکی هەمیشـەییدا دەژیـا، هـەرکاتێ کـە حاڵەتەکـەی خـراپ ببایـە، هەسـتی پێـدەکرد، هـەرکاتێ وێنـەی یادگارییـەکان بهاتبانـەوە بەرچـاوی، هـەرکاتێ هەسـتی بـەبۆنی تەرمـەکان بکردایـە، هەسـتی بەپاڵەپەسـتۆیەکی مـەزن دەکـرد. تۆمـەتبار لـەڕووی دەروونییـەوە هێـزی عـەقڵیی سـنورداره، بـەڵام ئـەم شـیکەرەوە دەروونییـە خاوەن ئەزمونە وریایە گەیشتە ئەو ڕایەی، کە حاڵەتی تۆمەتبار لەدەسـتدانی تەواوی (بڕیاردانی ئازاد) ە. هەروەها گوتی "هیچ نـەبێ سـەبارەت بـەخودی خۆم ناتوانم ئەم دوا بڕیارە بدەم". ئاماژەی بـەوەکرد کـە ئـەو وەك نـوژدارێ پێشـبینی ئـەنجامی ئـەرێنی دەکـاو ناتوانـێ بڵێـت: مـن لەمـە وازدێـنم، مـن چـاوەڕێی ئەگـەری دیکـەی زۆر دەکـەم، دەبـێ رووداوی نـوژداریی ئـەرێنی لەبەردەسـتدابێ تـاکو پشـتی پـێ ببەسـتێ. لەبـەر ئـەم هۆیـە ناتوانـێ وەك شیکەرەوەیەکی دەروونی، لەم مەسـەلەیەدا بڕیاربـدا. ئـەو بەوریاییـەوە دەڵێ (من خودی خۆم ناتوانم ئەم دوا بڕیـارە بـدەم، هەرچـەندە کـە کـەمترین رادە

سنوور جیادەکاتەوە لەنێوان ئەم حاڵەتەو نەهێشتنی تەواوی (بڕیاردانی ئازادی ئیرادە). پرۆفیسۆر کاسیرەریش پشتگیری ئەم بۆچوونە بەشێوە جەوهەرییەکەی دەکات. شارەزا پسپۆرەکانیتر هەمان بۆچوونی بەڕێز راوێژکاری نوژداری نهێنی شتورمریان هەیە، کە قسە لێرەدا دەربارەی فێی جەسـتەییە، کە لەوانەیە لەئەنجامی کاریگەرییەکەیەوە ببێتەهۆی دروستبوونی سەرەتای بەرکەوتنی زیانی دەروونی. هەمووانیش هاوڕان کە لایەنی دەروونی، هەڵچوونی ویژدانی کاریگەری لەسەر هۆشی هەبووە، بەڕێز پرۆفیسۆر ناوی دەنێت "تەمگرتنی خەونئامێزی هۆشی"، هەروەها ئاماژە دەکا کە هەمیشەو هەرچەند حاڵی تۆمەتبار تێکچووبێت، دووبارە یادگارییەکان دێنەوە بیری‌و بەسەریدا زاڵ دەبن. پرۆفیسۆر لەکۆتاییدا باسی ساتە جەوهەرییەکانی نەخۆشییەکە دەکات، کە ئەویش رۆڵی گێڕاو نزیک بوەوە لە ماددەی (٥١). ئەو ماددەیەی باسی بەرزکردنەوەی توانای (بڕیاردانی ئازادانەی ئیرادە) دەکات: جیاوازی بەلای ئێمەی نوژدارە دەروونییەکانەوە زۆر کەمە. لەسەر ئەم بنەمایە دەگاتە ئەوەی ئاماژە بکا، کە ئەو وەك نوژدارێکی دەروونی ناوێرێ لەوە زیاتر بڵێت، چونکە لەو حاڵەتەدا مەسەلەکە دەچێتە دەرەوەی پسپۆرییەکەی‌و سنوور دەبەزێنێ‌و دەچێتە سنووری پسپۆریی قازی‌و سوێندخۆرەکانی ئێرە، کە لەوەلامی پرسیارێکی هاوپیشەم فیرتهاوردا، وابزانم رێك‌و رەوان دەڵێ "من ناتوانم ئەو بەرپرسیارییە نوژدارییە لەمڕووەوە بخەمە ئەستۆی خۆم"، پاشان دەڵێ: "تەنها ئەوەیە کە مرۆڤ دەتوانێت پێشبینی حاڵەتی تۆمەتبار لەکاتی تاوانەکەدا بکات".

ئێستاش نۆرەی وەچەی بچووکترە کە ئەویش لەڕووی دەروونییەوە (کەمبایەخ نییە): بەڕێز پرۆفیسۆر فورستر نوێنەری راوێژکاری نهێنی

بونهوفر لەنەخۆشخانەی زانکۆیی، بەشی نەخۆشییە عەقڵییەکان. ناوبراو وەك نوژدارێکی دەروونی شارەزایەکی زۆر زیرەکە. سەرەتا رەزامەندی خۆی دەربارەی ئەوەی هەردوو پرۆفیسۆر لیمانو پرۆفیسۆر کاسیرەر، پێشکەشیانکرد دەربڕی، بەڵام بەهۆی شارەزایی خۆیەوە سەبارەت بە دیاردە دەروونییەکان لەکاتی جەنگو شتی لەو بابەتە، بەچاوی گومانەوە تەماشای شتەکان دەکات، ئەویش وەك من لەبارەیەوە دەزانم، لەو نوژدارانەیە کە تەواوی مەیلی بەلای ئەوەدایە ماددەی (٥١) ی یاسای سزاکانی تاوان لەحاڵەتی وادا زۆر بەتوندی جێبەجێ بکرێ، سەبارەت بەکێشەکەی ئێمەش گووتی: "لێرەدا نەخۆشییەکی تووندیش رۆڵی گێڕاوە"، هەروەها گوتی: "زەحمەتە نوژداری دەروونی لێرەدا بتوانێ وەڵامی دواپرسیار بداتەوە، چونکە ئێمەی نوژدارە دەروونییەکان وەك زانای سروشتی مرۆیی، ناتوانین دان بەوەدا بنێین کە وزەی "بڕیاردانی ئازادانەی ئیرادە" هەرگیز بوونی نییە. بەڵام هەر لێرەدا وردترین جیاوازییەکانی هەڵسەنگاندن رۆڵی بنبڕ دەگێڕن. پرسیارە قورسەکە لێرەدا ئەوەیە ئایا مرۆڤ وەڵامی پرسیاری نەبوونی وزەی "بڕیاردانی ئازادانەی ئیرادە" بە بەڵێ یان نەء بداتەوە.

من دەڵێم (لێرەدا ئەو ململانێیەی لەناخیدایە دەردەکەوێ) مەرجەکانی ماددەی (٥١) لەحاڵەتی نەبوونی وزەی "بڕیاردانی ئازادی ئیرادە" هەیە، هەروەها دەڵێ "من مەیلم بەشێوەیەکی زۆر هەیە، من بەهەرحاڵ گومانێکی پاساودەرم هەیە"

رێك سەرنجی دوا وشەبدەن، من هەر ئێستە دەگەڕێمەوە سەری. پاشان نوژداری دەماریش هات، دکتۆر هاکە، کە تۆمەتبار لەرۆژی (٤ ی شوباتی ١٩٢١)دا راوێژی پێکردبوو. بەگشتی لایەنگری ئەو قسانە بوو کە سێ

راوێـژکاره پسـپۆڕەکان پـێش خـۆی کردبوویـان، بـەڵام لەدواییـدا گـوتی: "مـن دوورتـر دەڕۆم، لێـرەدا هەڵسـوکەوتێکی هەڵچـوونی ویـژدانی هەیـە! لێـرەدا تاوانبار تاوانەکەی لەژێر فشاری خـەیاڵو خەونەکانیـدا کـرد. مـن وایـدەبینم تاوانبار بەتەواوی خاوەنی هێزی عەقڵیی خۆی نەبووە.

بـەڕێز داواکـاری گشـتی دانـی بـەوەدانا کـە ئـەم خسـتنە ڕووەی شـایەتەکە، کەمن پێشکەشم کرد، بەتەواوی راستە.

وەك گـوتم ئێـوە دەبیـنن ـ نـەوەی بچووکتر ـ (بـەڕێز پرۆفیسـۆر دوکتـۆر فورستر کە تەمـەنی چلو دوو ساڵە) کـەمێ دوورتـر دەڕوا، نـەوەی گـەورەتر هەندێ ورياترە "مەسەلەکە زۆر زەحمەتە، ئێمە هەمووومان دوو دڵـین لـەوەی شتێ بڵێین لەوە زیاتربێ، کە بتوانین وەك نوژدار بەرپرسیارێتیەکەی بگرینە ئەسـتۆ، بـەڵام ناشمانـەوێ بەشـێوەیەکی بنـبڕ رادەربـڕین، دەکرێـت هەمیشـە گومان هەبێ". ئەمەش هەر ئـەو قسـەیەیە کـە بـەڕێزان، لەنـەوەی گـەورەتر، وەك نوژداری دەروونی دەیلێن. بەمەش، وەك شتێکی رەوا، بەرپرسـیارێتیەکە دەکەوێتە ئەستۆی ئێوە.

بـەڕێزان رێگـەم بـدەن تێبینییـەکی گشـتی دەربـبڕم: هەمیشـەو بـەردەوام راوێـژی نـوژداری، وەك هـەر راوێـژێکی پسـپۆڕیی دیکـە، تـەنها ئەوەیـە کـە یارمەتیی قازی دەدات. راوێژ یارمەتیماندەدا تا ئێمـە بتـوانین حوکمـەکانمان بدەین، بەڵام قازی دوایین بڕیاردەرە.

لەبـەر رۆشـنایی ئـەوە، کێشـەکە هـەنگاوێکی دیکـە دەچـێتەپێش. بـاڵاترین دەسـتەی دادگـایش وەك دادگـای ئیمپراتۆریــەت، کــە دادگــای ســەربازیی ئیمپراتۆریەتـە، دوو حـوکمی زۆر گرنگـی لـە حاڵـەتی لـەم چەشـنەدا داوە. لەیەکێکیاندا، لەبەرگی چواردە، لاپەڕە (١٠٩) دا رێك دەڵێ "لەحاڵەتی ماددەی

(٥١)ی یاسای سزاکاندا راوێژی نوژداری ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات بەپێشکەشکردنی راپۆرتو راڤەکردنی حاڵەتی عەقڵیی نەخۆشەکە، بەڵام ئەرکی ئەو ئەوەنییە حوکم بدا ئایا ئەو نەخۆشە " ئازادیی ئیرادەی بڕیاردان"، یان شتێکی بەو مانایە هەیە، لەو رووەوە کە ئایا تۆمەتبار بەرپرس نییە لە کردەوەکانی، یان "نەتوانرێت حوکمێك لەدژی بدرێت". بڕیاردان لەسەر ئەمە تەنها پەیوەستە بەدادگاوە.

بەهەمان شێوەی دارشتن لە لاپەڕە (٢٨٢)ی بەرگی یازدەدا هاتووە دەبێ راوێژکاری نوژداری لەوە بکۆڵێتەوە ئایا حاڵەتی عەقڵیی تۆمەتبار لەکاتی روودانی تاوانەکەدا، نەخۆش بووە یان نەخۆش نەبووە. بڕیاردان لەسەر بوونی هێزی عەقڵی خۆی لەخۆیدا بابەتێکی یاساییەو لەلایەن قازییەوە بڕیاری لەسەر دەدرێ". بەڵام ئێمە لەڕاستیدا پێویستمان بەمجۆرە بڕیاردانە نییە، چونکە وەك پێشتر گوتم، ئێوە بەشێوەیەکی رەها ئازادن لەو بڕیارەی دەیدەن، تەنانەت سەبارەت بە نەخۆشیە عەقڵیەکەش، ئێوە دەتوانن بەهیچ جۆرێ پابەند نەبن بەراپۆرتەکانی راوێژکارە پسپۆڕەکانەوە.

لێرەدا شتێکی دیکە، سەرەڕای ئەو پرسیارەی تاوتوێ دەکرێ، دێتەپێش لەو رووەوە کە ئایا "بڕیاردانی ئیرادە" ئازادە یان نییە، ئەم پرسیارەی کە راوێژی نوژداری وەڵامەکەی زەحمەت کرد، کە راوێژکاری پسپۆڕ پرۆفیسۆر فورستر بەدیاریکراوی ئاماژەی پێکرد کە گوتی "زانستە نوژدارییەکان بەهیچ جۆرێ لە ـ ئازادی ئیرادە ـ نازانێ" .

ئەوەی زانراوە، ئەوەیە کە ئازادی ئیرادەی مرۆیی یەکێکە لەو پرسیارانەی مشتومڕێکی زۆر هەڵدەگرێ، نەك تەنها لەڕووی مانا فەلسەفیەکەیەوە، بەڵکو لەبواری لاهوتیشدا.

لەبەرانبەر ئەم پرسیارەدا، کە دەکەوێتە دەرەوەی بواری ئەزموونی ئێمەوە، هەڵبەت یاسای سزاکان هیچ هەڵوێستێك وەرناگرێ. "بڕیاردانی ئیرادە" کە یاسای سزاکان لەوەوە سەرچاوەی گرتووە، لەڕوانینی ژیانی عەمەلییەوە وەرگیراوە. یاسا لەسەرەتاوە گریمانە دەکات، دەبێ لەسەرەتاوە لەپێناو بەرژەوەندیی سیستمی دادپەروەریدا، مرۆڤی پێگەیشتوو، خاوەن عەقڵێکی ساغ، دایبنێت وەك لەڕاپۆرتە زانستییەکاندا هاتووە کە دەڵێ "ئەو کەسەی ئەوەندەی توانای ئیرادەی هەیە کە بتوانێ رێ لە غەریزەکانی خۆی بگرێ رەفتارێ نەکا پێویستی بە سزادان بێ، بۆ ئەوەش کە رەفتارەکەی لەگەڵ هۆشیاری گشتیی یاسادا بگونجێ".

بۆیە جارێکی دیکە دەگەڕێمەوە سەر ئەوەی کە پێشتر پێمگوتن، لەبیری نەکەن. پرۆفیسۆر فورستر بەپێی رای تایبەتیی خۆی گوتی "بەهەرحاڵ گومانێکی پاساودەر هەیە"، لێرەدا زۆر بەتوندی جەخت دەکەمەوە لەسەر ئەوەی کە دادگای ئیمپراتۆریەت حوکمی لەچەندین کێشەدا داوە، ئەمەش بەشتێکی بەڵگە نەویست دادەنرێ، مرۆڤ هەرگیز گومان لەو حوکمانە ناکات: ئایا بەشێوەیەکی ئەرێنی ئەم جۆرە (زیانە)مان هەیە، کە (ئیرادەی بڕیاردان) لاوازبکا، بەڵکو بەپێچەوانەوە دەبێ مرۆڤ بگاتە ئەو باوەڕە ئەرێنییەی پیاوەکە لێرەدا لەتەواوی بەرپرسیارێتیدایە، کە هەر لەگەڵ بوونی کەمترین گومان، لەکاتی تاوانەکەدا، ئەم ئازادییە، مەبەستم "ئازادیی ئیرادەی بڕیاردان"ە، بەڕاستی بوونی هەیە، ئەم گومانەش بەسە بۆ دەرکردنی حوکمی بێتاوانی. ئەگەر پێویستیش بێ حوکمەکە پاسا بدەین، وەك ئەوەی بۆ نموونە لە فەرمانگەی تاواندا دەکرێت، ئەوا تەنها ئەو راپۆرتە نەرێنییە بەس نییە کە دەڵێت هەندێك سات دەرنەکەوتووە کە بشێت تیایدا ئازادیی بڕیاردانی

ئـیراده جێگـەی گومـان بێـت، بـەڵکو دەبێـت راپۆرتەکـە بەپێچـەوانەوە بێـت: پیاوەکە بەرپرس بوو.

بەڕێزان بـەمجۆرە وەك بـۆم دەردەکـەوێ  دادگـای ئیمپراتۆریـەتیش پشکی هەیـە لەڕوونکردنـەوەی چـوون بـەرەو  پرسـیارە ئەسـڵییەکە: کـەی ئـازادی "بڕیاری ئیرادە" نامێنێ، ئەمەش بەجۆرێکی زۆر روون، وەکـو چـۆن نـوژداری بـەهیچ جـۆرێ دان بـەبوونی "ئـازادی ئـیرادە" دا نانێـت. لەبـەر سـادەییەکەی چـەند بڕگەیـەکتان لـە سـەرنجەکانی دادگـای ناسـراوی ئیمپراتۆریـەت بـۆ دەخوێنمـەوە کـە راسـتەوخۆ پشـت بـە دەسـتەی دادوەریـی بـاڵای دادگـای ئیمپراتۆریەت دەبەستێ، ئـەم حوکمـەش یـەکێك لەکەموێنـەترین ئەنـدامانی دادگـای ئیمپراتۆریـەت داویـەتی کـە دکتـۆر ئیبرمـایرەو ئێسـتاش کـراوە بـە داواکـاری گشـتیی بـاڵای ئیمپراتـۆری. ئـەم سـەرنجەش لەلایـەن ئەنـدامی ئەنجومەنی دادگای ئیمپراتۆریەتەوە دکتۆر لوبـە، کـە بەیـەکێك لەنوێنـەرانی لوتکـەی ئـەدەب لـەدادگای ئیمپراتـۆری دادەنـرێ، فـراوانو گەشـەی پێـدراوە. ئێسـتاش ئـەو رسـتانەتان گـوێ لـێ دەبـێ، کـە دەڵێـی پارچـەیەکی ئـەدەبیی کلاسیکە:

"لـەژێر زاراوەی ـ بڕیـاری ئازادانـەی ئـیرادە ـ بـەپێی مـاددە (٥١) ی یاسـای سـزاکان، بۆمـان دەردەکـەوێ کـە سـامانی مرۆڤـە ئـارەزووە جیاوازەکـانی بـۆ دەهێنێتە بەرهەم کە رەوتی پێشوەختی ئیرادە دیاریدەکات، سەرەڕای پێکهاتـە وێنەییەکانی هەستو خـەیاڵ، کـە یـان پشـتیوانن یـان رەتکـەرەوە، بـەجۆرێك لەکۆتاییـدا دەگاتـە "بڕیـار" دان، ئـەم بڕیـارەی کـە بریتییـە لـەناوەرۆکی سـنووردارو یەکپارچـەو روونو نـوێی ئـیرادە، لەهـەمان کاتیشـدا گوزارشـتە لەزاڵبوونی تێکڕای کەسایەتی بەسەر بەشێك لەڕێڕەوەکانی دەروونـدا.

لـه بـاری بێتوانـایی یـان شـتی لەوبابەتـەدا، کـە تێکـڕای وزەی عـەقڵیو دەروونـی بـۆ پێـداگیری ئامـادە دەکـات، ئەمـەش تـا ئـەو رادەیـەی ئـارەزووە تاکــەکان بــەجۆرێکی هۆشمەنــدو نــاوەرۆکێکی تــازەوە پوخــت دەکــرێنو بەشــێوەیەکی تــاکو یەکپارچــە دادەڕێژرێتــەوە، ئەمــەش دەبێتــە مایــەی وونبوونی بڕیـاری خـودی، بەهـەمان رادە کـە "بڕیـاری ئـیرادە" دەدرێ، ئەمـە چیتر ئەنجامی دەسەڵاتی (من) ی تاك نییە بەسەر ئارەزووەکانو داڕشتنیاندا، بـەڵکو لەبەرئەوەیـە کـە ئـارەزووە تاکـەکان دەسـەڵاتی باڵایـان بەدەسـتەوە گرتووە، رەگەزەکانی ئەم ئارەزووە تاکانەشن کـە "ئـیرادەی بڕیـار"ی ملکەچی دەســەڵاتی "مــن" پێکــدەهێنن. لەیــەکێ لــەبڕیارەکانی هــەمان دادگــای ئیمپراتۆریەتدا هاتووە: "- بڕیاری ئازادانەی ئیرادە - نامێنێ کاتێ بۆچوونو هەسـتی دیـاریکراو یـان کاریگـەریی لایـەنێکی سـێیەم کـە بـەهۆی ئاسـەواری نەخۆشییەوە دروست دەبێت، بەسەر ئـیرادەدا زاڵ دەبـێ، ئـیتر لـەو حاڵەتـەدا ناکرێ باسی ئەوەبکرێ، کە وزەی ئیرادە هەڵقوڵاوی مەسەلە عەقلانییەکانە".

کەواتـە "تـەنها لەحاڵەتێکـدا کـە هـەموو وزە رۆحیـەکانو تـەواوی (مـن) دروستکەری بڕیارەکـەبن، دەتـوانین لـەرێی ئـەم دروسـتکردنەوە کـە ئـەنجامی ئەوەیـە (مـن) بەسـیفەتی تـەواوەتی حیسـابی بـۆکراوە" سـەرەڕای ئەمـەش "کەبۆچـونێکی زاڵ بەشـێوەیەکی تـەواو دەسـت بەسـەر پێوەسـتدارەکاندا دەگرێ، هەرخۆیشی هۆی تاوانەکەیەو هەموو شـتێکی دیکـە بـەرەو لـەرێلادان دەبـات، ئەوکاتـە تێکـڕای (مـن) ئەنجامـدەری تاوانەکـە نییـە، بـەڵکو بەشـێکی نەخۆشی ئەو (من)ەیە ئەوەی کردووە".

ئێستاش تکاتان لێدەکەم لەم خاڵەوە پرسیار لـەخۆتان بکـەن: ئایـا بڕواتـان وایە کە بەدڵنیاییەوە دەتـوانن بڵێن تۆمـەتبار لەوسـاتەدا کـە تەڵعـەت پاشـای

لـەخوارەوە بینـی لـەدەرگای بیناکـەوە دەچـێتە دەرێ، ئـا هـەر لـەو سـاتەدا بڕیاریدا دەمانچەکە لەجانتاکە دەربێنێو بەپەلە بچێتە خـوارەوە بـەرەو لای ئـەو، ئایـا لـەو بڕوایـەدان کـە ئـەو لەوسـاتەدا لەبارودۆخێکـدا بووبێـت، کـە بەتەواوی بتوانێ هێزی رۆحیی پێویست بداتە بەرخۆی بۆ بڕیـاردان، یـانیش هــەر تــەنها دایکــی ســتەملێکراو، بۆچــوونە ترســناکەکانو یادگارییــەکانی دەربـارەی ئـەو تاوانـە گەورانـەی دژ بـە گەلەکـەی کـرانو شـتی لـەو بابەتـە وایــانلێکرد مێشــکی کــاس بێــتو دەمانچــەکە بگــرێ بەدەســتەوە؟ مــن وای بۆدەچـم کـە مەحاڵـە مـرۆڤ بتوانـێ وەڵامێکـی ئـەرێنیی پێچـەوانەی ئـەوە بداتەوە. نـوژداران بـێ ئومێـدییان کـردن کاتـێ بەرپرسـیارێتییەکەیان خستە ئەستۆی ئێوە. دوو نوژدار گوتیان نەء، مرۆڤ ناتوانێ بڵێت تۆمەتبار بەرپرس بووە.

مـن وای بۆدەچـم بـەپێی پێویسـت قسـەکرا، بەمەبەسـتی ئاسـانکاری بـۆ بڕیارەکـەتان سـەبارەت بـەم پرسـیارە لـەڕادە بـەدەر زەحمەتـە، چـونکە مـن بەتەواوی دەزانم کە مرۆڤ دەتوانێت بەگشتی بڵێـت مایـەی خـەمو پەژارەیـە، کە لەسەر خاکی ئەڵمانیدا میوانداری کەسێك بکەین، پاشـان ئـەو کەسـە لێـرە بکوژرێ. لەم سـەردەمەی ئێسـتاماندا کـە لەهـەموو شـوێنێکدا جـەنگ هەیـەو تائێسـتاش ململانێـی نێـوان ئەرمـەنو تـورك تـا ئـەمڕۆش تونـدەو هـەردوولا لەهـەموو شـوێنێکدا خوێنیـان لەبـەردەڕژێ- بـەڕێز داواکـاری گشـتی خـۆی ئامـاژەی بـۆ ئەمـە کـرد- بەهـەرحاڵ پێویسـتە مـرۆڤ بـەجۆرێك لـەجۆرەکان لەگەڵ ئەم رووداوانـەدا رابـێ. دەبـێ هەسـتێك دەروونـی مـرۆڤ دابگرێـت کـە حکومەتی تەڵعەت پاشا، لەهەموو حاڵەتێکـدا، بـووە هـۆی رژانـدنی دەریایـەك لەخوێنی بەلایەنی کەمەوە ملیۆنێك ئەرمەنی لە منـداڵو ژنو پـیرو پیـاوانی

بەرگریکەر ـ جا ئەگەر لێرەوە لە جادەی هاردنبورگ دڵۆپێ خوێن خرایەسەر ئەو دەریا خوێنـە، دەبێ بـەوە دڵخۆشـی خۆمـان بدەینـەوە، کـە چارەنووسـی ئێمە وایکردووە لەسەردەمێکی خوێناویی ناهەمواردا بژین.

من دەبێ خۆم لـەوە بـەدووربگرم کـە حـوکمێکی کۆتـایی لێـرەدا دەربـارەی تەڵعەت وەك مرۆڤێك بدەم. لەسەرەتاوە من گوتم مرۆڤ دەتوانێـت بابەتیانـە قسەبکات، بەڵام من شتێکی دیکەش دەڵێم: تەڵعەت وەك برادەرەکـانی دیکـەی دەیویسـت گـەلی ئەرمـەنی لەناوبـەرێ، ئەمـەش بەمەبەسـتی بنیاتنـانی "دەوڵـەتێکی گـەورەی تـورکی". هەرچـەندە بـۆ هێنانـەدی ئـەم مەبەسـتەش رێوشـوێنی وای بـەکارهێناوە، کـە ئێمـەی ئەوروپییـەکان نـاتوانین لەسـەری رەزامەند بین.

شتێکی نادادپەروەرانەیە ئەگەر بڵێین لەئاسیا مـرۆڤ ئـەو جـۆرە تاوانانـە قبوڵ دەکات، بەجۆرێك نرخی ژیان لەوێ لەوەی لای ئێمە، کەمترە.

لەوێ لەنێو ئەو گەلانەدا چەندین گروپ دەژین، بیروبۆچوونی جیاوازیـان هەیە لەوانە (بوزاییەکان) کـە بـە ئەوپـەڕی خۆشەویستییەوە لەگـەڵ مـرۆڤو تەنانــەت لەگــەڵ ئاژەڵانیشــدا رەفتاردەکــەن. بــەڵام مــن لەڕوانگــەی ئایــدیا باڵاکانەوە نامەوێ لێپرسراویەتی شەخسی بخەمە ئەستۆی پیاوێك، کـە ئێسـتا لەژێر خاکدایـە ـ ئـەوەی هـەردوو بلیمـەتی فەرەنسـی گوسـتاڤ لۆبـونو هنـری باربوس دەربـارەی رووداوە خوێناوییـەکانی جـەنگی جیهـانی گوتیـان، بەسـەر تەڵعەتدا جێبەجێ دەبێت (لەپشت ئـەم پیـاوە تـاك تاکانـەو کردەوەکانیانـەوە جنۆکـەو شـەیتان هـەنو بـەرێوەیان دەبـەن، ئـەم پیاوانـە تـەنها ئـامرازن بـۆ بیرۆکەی هەقو ناهەق، بۆ هەڵچوونی بەکۆمەڵ کە مرۆڤ وەك داشی شەترەنج لەپێش خۆیەوە رادەماڵێ، ئـەوان وادەزانـن راسـتییان دەوێ، بـەڵام هەرئـەوان

بەناچاری هەڵسوکەوت دەکەن). هەروەها ناشمانەوێ خۆمان بچوك بکەینەوە بەوەی لۆمەی کەسانێکی کڵۆڵ بکەینو بەرپرسیاریەتی ئەو خوێنڕشتنە بخەینە ئەستۆیان. ئێمە تووشی چارەنووسێکی ترسناك بوین، بەشێکی بچووکی ئەم چارەنووسە ترسناکەش ئەو تاوانەیە، کە لەجادەی هاردنبورگدا روویدا.

بەڵام کارێکی ترسناکیش دەبێ ئەگەر دادگای ئەڵمانی برینێکی دیکەی دادپەروەریی سەقامگیرو هێمنی بخاتە سەر ئەم چارەنووسەو دژی ئەم مرۆڤە، کە تووشی چارەنووسێکی دڵڕەقی دەگمەن بوو، بەکاربێنێ. سوێندخۆرە بەڕێزەکان، ئومێد دەکەم ئەم بیرۆکانە لە دەروونتانا قبوڵ بکەن. ئێمە تەنها ئەو ئەرکە بچوکەمان هەیە. دەمەوێ بڵێم تاڕادەیێك دەتوانم بڵێم ئەرکی ئێوە لەوکاتەی کە بڕیارەکەتان دەدەن، وەك ئەرکی مامانە لەکاتی منداڵبووندا، ئەوە بڕیارێکی زۆر زەحمەتەو بارێکی زۆر قورسیشە بەسەر ویژدانتانەوە.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** سوێندخۆرە بەڕێزەکان! ئێستا فۆرمی پرسیارتان بەسەردا دابەش دەکرێت، سەرەتا پرسیاری تایبەت بە کوشتنی تێدایە. داخۆ وەڵامەکەتان بۆ ئەو پرسیارە بەڵێ یە یان نەء، ئەمە دەبێتە بابەتی دادگا. کە ئێوە پرسیاری "بڕیاری پێشوەخت" رەتدەکەنەوە، ئیدی پێویست ناکا قسەی لەسەر بکەم. تەنها پێویستە باسی ئەوە بکەم کە ئێوە بە (نەء) یان (بەڵێ) وەڵامی پرسیاری (کوشتن)ەکە دەدەنەوە.

فۆرمی پرسیارەکان رێگایەکی مسۆگەری حاڵەتی وەڵامدانەوە بە (نەء) دەدا بەدەستەوە، چونکە لە فۆرمەکەدا ئەم پرسیارەی تێدا نییە: ئایا تۆمەتبار تەڵعەت پاشای کوشت؟ بەڵکو فۆرمەکە ئەم پرسیارەی تێدایە: ئایا

تۆمـەتبار تاوانبـارە بـە کوشـتنی تەڵعـەت پاشـا؟ ئـەم جیاوازییـە تـا ژووری سـوێندخۆرەکان لەگەڵتانـدا دەبـێ، کـە لـە ژوورەکـەش دێنـە دەرەوە، خـۆی بەسـەر وەڵامەکەتانـدا دەسـەپێنێ، لەهـەموو قۆناغـەکانی وتوێژەکانیشـتاندا لەگەڵتان دەبێ. ئەمەش دەربڕی یاسای ئەڵمانییە.

یاسای ئەڵمانی لەم خاڵەدا باشە، یاسایەکی کۆنەو تەمـەنی لـە پـەنجا ساڵی تێپەڕاندووە، لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا باشە. ئەو قسە خراپانـەی سەبارەت بـە جێبـــەجێکردنی یاســـای تـــاوان دەکرێـــت، تـــەنها هـــەڵقوڵاوی شـــێوازی جێبەجێکردنی ئەم یاسا "باشە" ن. بەڕای من یاساش پێویستی بە گۆڕانکاری نییە، ئومێدیشم بەوە نییە ئەو چاکسازییەی بەڕێز داواکاری گشتی ئاماژەی پێکرد گوایا شتێك باش بکات. من پێموایـە ئەگـەر هـەر تاکێـك ئـەرکی خـۆی رابیـەڕێنێتو ئـەوەی لەسـەریەتی بیکـات ئـەوا ئـەم یاسـایەی ئێسـتا کـاری پێدەکرێت بـە پێـی پێویست یاسـایەکی باشـە. لـە قووڵایی هەسـتی هـەموو مرۆڤێکدا پێویستییەك هەیە، کـە دەڵێ دەبـێ حـوکمی "بـێ تـاوانی" بەسـەر تۆمەتباردا بدرێ. بەڵام لەوانەیـە زەحمەتیەکـە تـەنها لـەم قسـەیەتاندا بێـت: ئایا ئەمە لەڕووی یاساییشەوە راستە، ئایا پێویست نییـە لەسـەرمان تاوانبـاری بکـەین، چـونکە پیـاوێکی کوشـتوە؟ ئێمـە قازییـەکانی یاسـای ئـەڵمانیین، سوێندیشمان خواردووە دادپەروەری بەدیبێنین، بۆیە نابێ حوکمی بێ تـاوانی بـدەین بەسـەر ئـەو کەسـەدا کـە یـەکێك دەکـوژێو لـە ئاسـەواری سـزا یاسـاییەکانیش دەربـازی بکـەین. بۆیـە دەبـێ پێیـان بڵـێم: نـەء، ئەمـە ئەنجامگیرییەکی هەڵەی ماناکانی ئاسـەواری سـزا یاسـاییەکانە! بـەپێی یاسـای ئەڵمانیمان دەبێ ئێوە حوکمی بێ تاوانی بدەن بەسەر تۆمەتباردا، ئەمەش کە لەگەڵ هەستی هەموو مرۆڤێکدا جووتـە بەڕێکـەوتیش لەگـەڵ ئـەوەی یاسـای

ئــەڵمانیمان داوای دەكــات جووتــە، ئــەوەی هەیــە زۆر بەســادەیی ئەوەیــە مەســـەلەكە پەیوەنـــدیی بـــەوەوە هەیـــە كـــە بەســـادەییو بێگـــرێ بۆتـــان روونبكردێتەوە.

بەهیچ شێوەیەك بەرگری مەبەستی نییە بەناوی یاسای ئەڵمانییـەوە، كـە ئێوە نوێنەرایەتی دەكەنو هەروەها ئێمەش وەك ئێوە نوێنەرایـەتی دەكـەین، یەك وشە بڵێت كە لەڕێگەی حوكمێكی نادادپەرانەوە دەتانەوێ یاسا لەكـەدار بكەن. جیهان چاوی بڕیوەتە ئێمـەو ئـەو حوكمـەی ئێـوە دەیـدەن ڕەنگـە بـۆ ماوەی هەزار ساڵی دیكەش كـاری پێبكرێـت . بۆیـە پێویسـتە لەسـەر دەسـتەی بەرگریكەر ئەركی مرۆڤانەی خـۆی جێبـەجێ بكـات، نـەك ئاراسـتەیان بكـات بـەرەو دەركردنـی حـوكمێكی نادادپەروەرانـە. بـەڵام ئەگـەر بـەبڕوای خۆیـان ئەم پیاوەیان بەبێتاوان داناو ئەگەر بوونی یاساناسـێك بـۆ ئەوەیـە كـە پێتـان بڵێـت ئـەوەی بەتـەواوی لەگـەڵ توونـدترین مافەكانـدا بگونجێـت، ئـەوا تـەنیا جێبەجێكردنی ئەركە لەپێناوی ئەو زەحمەتییانەی بە ڕەواڵەت هەن.

كە پێتان دەڵێم فۆرمی پرسیارەكان ئەو پرسیارەی تێدایە: (ئایـا تۆمـەتبار تاوانبـارە؟)، دووبـارەی دەكەمـەوە كـە وشـەی (تاوانبـار) چـەند چركەسـاتێك دەگرێتەخۆی، كە تێكڕایان لەیاسای سزای تاواندا هەن.

یاسای سزای تاوان لای ئێمە دەكرێت بە دوو بەشەوە: بەشی گشتیو بەشـی تایبەت. بەشە تایبەتەكە پەیوەندیی بەتاوانـە تاكەكەسـییەكانەوە هەیـە وەك تاوانەكانی كوشتنو گزیو دزیو شتی لەو بابەتە. لێرەدا لـەماددەكانی یاسـادا هاتووە: ئەو كەسەی مولكی گوازراوی كەسێكی نامۆ.... دەبـات، خـۆی بـە دزی تاوانبـــار دەكـــات. لـــەمادەیێكی دیكـــەدا: ئـــەو كەســـەی بەئەنقەســـت یـــەكێك دەكوژێ.... هتد، خۆی بەتاوانی كوشتن تاوانبار دەكات. بەڵام بەشـێكی گشـتی

هەیە لەبەردەم ئەم تاوانە تاکەکەسییانەدا هەڵوەستە دەکاتو بەسەر هەموو کێشە دیارەکانیشدا جێبەجێ دەبێت، بۆیە لەهەموو حاڵەتێکی تاکەکەسیدا دووبارە نابێتەوە.

ئەمە بەشێکی گشتییەو لەماددەی (٢) یدا بڕیارێك هەیە: کە ناکرێ سزای هیچ کەسێك بدرێ ئەگەر پێشتر سزای کردەوەی لەو جۆرە بڕیاری لەسەر نەدرابێ. ئەو سزایەی ئەنجامدانی کارێکی دیاریکراو دیارییدەکات، لەبەشی گشتیو بەشی تایبەتییەوە سەرچاوە دەگرێ. بەشی گشتی تەنها چەند ماددەییێکی تێدایە کە گرنگییەکی تایبەتییان هەیە سەبارەت بە حوکمی دادگاکەی ئەمڕۆی ئێمە، بەدیاریکراویش ئەو بۆچوونانەی پێشتر گوێتان لێبوو کە تا ئێستا هەر بەبەرهەڵستی ماونەتەوە، کە هەر ئەوانەش ئەو تاکە خاڵانەن، کە لەبەرچاوی دەگرن.

ماددەی (٥١) لەم بەشە گشتییەدا بەدەق تیایدا هاتووە کە لەهەندێ حاڵەتی دیاریکراودا بەهیچ جۆرێ کاری تاوانکاری نییە بەڕادەیێك کە پێویستی بە سزادان بێ. هەروەها بەگوێرەی بەشی تایبەتیش کاتێ یەکێ شتێ لە یەکێکی دیکە دەدزێ یان یەکێ دەکوژێ یان هەرکردەوەیێکی دیکە دەکات.  ئەمە ئەو ماددەیەیە، کە پەیوەندیی بەئاستی عەقڵیی تاوانکەرەوە هەیە. ئەو دوو ماددەیەی دوای ئەم ماددەیەدێنو هاوشێوەی ئەون، باسی بابەتی بەرگری لەخۆکردن دەکەن. باسی بەرپەرچدانەوەی ئەو هێرشە دێ کە دەکەوێتە سەر مرۆڤ، بەڵام بڕگەی (٣) دەڵێ تەنانەت ئەگەر حاڵەتی بەرگری لەخۆکردنیش لەئارادا نەبووبێت کەسی مەبەست لەحاڵەتی ترسو

دارماندا بووبێ‌و سنوری بەرگری لەخۆکردنی بەزانـد بێت، سەرەڕای ئـەوە دووچاری سزای تاوانکاری نابێ.

دووبارە گەڕامەوە بۆ ئەو دوو ماددەیە، چونکە لەواقیعدا تاقە ماددەن کـە جەوهەری ئەو بڕیارە پێکدێنێ کە ئێوە دەیدەن. پێشتر جەختمانکردە سـەر ئـەوەی بڕگـەی یەکـەمی مـاددەی (٥١) دەڵـێ: کردەوەیـەك نییـە پێویسـتی بەسـزای تاوانکـاری هـەبێ، ئەگـەر تاوانبـار لـەکاتی ئەنجامـدانی کردەوەکـەدا لەحاڵـەتی بـێ ئاگاییـدابوو. پاشـان لەڕسـتەیێکی دیکـەی سـەربەخۆدا دەڵـێ: یـانیش لەحاڵـەتی تووشـبوونی هێـزە عەقڵییـەکانی بـە تێکچـوون بـەهۆی نەخۆشییەوە ئەو کارە دەکات. کەواتـە لێرەدا دوو بابـەتی بەتـەواوی جیـاواز لەیەك بڕگەدا تێکەڵکراون. جاری یەکەم بێ ئاگـایی تـەواو، جـاری دووەمـیش تووشـبوونی هێـزە عەقڵییـەکان بەتێکچوون بـەهۆی نەخۆشـییەوە. بێگومـان حاڵەتی دیکەش هـەن، کـە هـەردوو بابەتەکـە ئەگرنـە خۆیـان. ئـەم حاڵەتـەی ئێستا لەبەردەستماندایە وەك دەردەکەوێ، یەکێکە لەوحاڵەتانە.

دەمەوێ بڵێم کە حاڵەتی ئێستا ڕێگە بەیەك بێتاوانی نـادا بەتـەنها، بـەڵکو دوو بێتاوانی. ماددەی (٥١) زۆر بەڕوونی ئەم دوو حاڵەتەی تێدایە.

لەسەرەوە ئامـاژە بـەوەکراوە کـە دەشـێ گوومـان دەربـارەی ئـەم پرسـیارانە دروسـت ببـێ. پرسـیارەکە ئەمەیـە: "یاسـا" ێکـی نووسـراو هاتەکایـەوە، کـە لـەرابوردوودا ئیمـزا کرابـوو، مـرۆڤ بـەخۆی تیایـدا نـەژیابوو. ئایـا هـەموو کەسێك دەتوانێت بە (بەڵێ) یان (نەء) وەڵام بداتەوە، یان هەر لەخۆوە باسی ڕاستی بکات، من نازانم. ئەگـەر کەسـێك بـۆ نمونـە پرسـیاری لێکـرا ئایـا شـتێ داهێنراوە، بەمجۆرە دەتوانێت بە (بـەڵێ) وەڵام بداتـەوەو بڵێت مـن ئەمـەیان بەتەئکیـد دەزانم، کەسـێکی دیکـەش دەتوانێـت بڵێـت ئـەوە بەتەئکیـد ڕاسـت

نییە، سێیەمیش دەبێ دان بەوەدا بنێ، کە ئاگای لێنییە. لەبەر ئەم هۆیە من بایەخم بە بابەتەکە نەدا، چونکە لێرەدا رێك ئەم حاڵەتە هەیە بەگوێرەی هەر یەکێك لە ئێمە.

دەبێ هەمیشە ئەوە لەپێش چاوتان دابنێن، کە هەڵسوکەوتکردن لەگەڵ مافەکاندا شتێکی نهێنی نییە، بەڵکو بریتیە لەبەکارهێنانی راستو دروستی تێگەیشتنی مرۆیی، کە مرۆڤ لەمە تێدەپەڕێنێو ئەوەی پێیدەڵێن "مافەکان" بەکاردێنێ، ئەوسا دەگاتە چەند رێگەیێك، کە بەرەو کوێرەڕێی دەبەن. هەرچی چەندێ سادەییو روونیمان لەم کێشەیەدا پاراست، ئەوەندە زیاتر دەتوانین بڕیاری لەسەر بدەینو بەئاسانیش. تاوانی ئەم پیاوە گەنجە لە (١٥)ی ئاداری (١٩٢١) دا روویدا، ئەو پرسیارەش لەئێوەکرا، ئایا دەکرێت ماددەی (٥١) جێبەجێ بکرێ، ئەمەش مانای وایە کە یەکێك لەحاڵەتەکانی بێئاگایی یان حاڵەتی تێکچوون بە نەخۆشی هێزە عەقڵییەکان، لەوکاتەدا لەئارادا بووە. تۆمەتبار قسەی خۆی کرد، شارەزاو راوێژکارە پسپۆڕەکانیش قسەی خۆیانکرد، کەواتە ئێوە گوێتانگرت لەهەموو ئەو کەسانەی ئەم کێشەیەیان مەبەستە، ئەوجا دەبێ بڵێن کە تۆمەتبار لەتەواوی تەندروستیدا بوو، لەوانەشە بەشێکتان بڵێن لەتەواوی تەندروستیدا نەبووە، بەڵکو عەقڵی دووچاری کاریگەریی نەخۆشی ببوو.

بەڵام دەشێ بەشێکی دیکەتان بڵێت، ئێمە نازانین هێشتا بابەتەکە بەگوێرەی ئێمە مایەی گومانە، پێشتر بڕیارێك هەبوو، کە دادگای ئیمپراتۆریەت دابووی، لەحاڵەتێکدا کە لەم کێشەیەی ئێمە دەچێ. دادگای ئیمپراتۆریەت دەکرێت بڕیاری باشبدا بەهەمان رادەی ئەوەش کە لەوانەیە بڕیارەکانی هەڵەبێ، بەڵام ئەگەر ناوەڕۆکی حوکمەکە راست بێ، ئەوسا مرۆڤ

دەتوانێت وەك بەڵگە بیهێنێتەوە، نەك لەبەر ئەو دەسەڵاتەی کە دادگای ئیمپراتۆریەت هەیەتی، چونکە لەبواری هەقدا هیچ جۆرە دەسەڵاتێك نییە جگە لەدەسەڵاتی راست لەبواری هەقدا. بەڵام ئەگەر دادگای ئیمپراتۆریەت گوتبووی، ئێمەش دەتوانین لەڕاستیو دروستی بکۆڵینەوە. هەروەها ئەگەر تێگەیشتنی تەندروستی مرۆیی ئێمەش لەکاتی لێکۆڵینەوەدا پێی گووتین راستە، کەواتە بڕیارەکە بەشێوەییێکی بابەتی راستە. ئەوسا دەتوانین زۆر لەسەرخۆ ئەو بڕیارە بەکاربهێنین بەو (اعتبار) ەی ساتێکی جەوهەرییە.

بەپشتبەستن بە حوکمە دادوەرییەکانی دادگای ئیمپراتۆریەت لەکتێبی سزا تاوانییەکان کە (ئولهاوزن) داینـاوە (چاپی پێنجەم ـ بەرگی (١) لاپەڕە (١٨٦) تێبینی ژمارە (١٠)، لەوێدا دەڵێت: ئەگەر بێتوانایی لەجیاکردنەوەدا مانای ئیلغاکردنی هۆیەکانی سزادانە، ئەگەر سەلماندنی نیەت بەشێوەیەکی گشتی بەسبێت، دەبێت پاساوەکانیش تەئکیدبکرێن بەپێی ماددەی (٢٦٦) لەیاسای لێکۆڵینەوەی تاوان. ئەمە پێویستی بەتەئکیدی حەرفی ئەوە هەیە، کە تاوانبار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا لەیەکێك لەو حاڵەتانەدا نەبووە، کە ماددەی (٥١) دیاری کردووە، سەلماندنی ئەوەی دانیشتنی سەرەکیی دادگا خاڵی پشت پێ بەستن نییە بۆ قبوولکردنی کەم توانایی لەجیاکردنەوەدا، ئەمە بەس نییە، بەڵکو دەبێت شتێکی زۆر لەوە زیاتر بسەلمێنرێت ئەویش ئەوەیە، کە تۆمەتبار لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا لەهیچکام لەو حاڵەتانەدا نەبووە، کە لەماددەی (٥١) دا باسکراوە و دادگای ئیمپراتۆریەتیش لەیاسای تاوان بەرگی (٢١) لەلاپەڕە (١٣١) دیاریکردووە.

کەواتە دەبێت بەئیجابیانە بسەلمێنرێت، کە کاریگەرییە رێگرەکان بوونیان نەبووە، ئەگەر گومانێکی مابێت، دەبێت بە (بێ تاوانی) حوکمی تۆمەتبار بدرێت.

کەواتە ئەمە ئەو حوکمە بنبڕەیە، کە بەهیچ جۆرێكو لەهیچ لایەکەوە گومانی نەخراوەتە سەر، چونکە لەگەڵ تێگەیشتنی تەندروستی مرۆڤدا تەبایە. ئەگەر گومانێکتان لەلابوو لەئەنجامی ئەوەی لەدانیشتنەکانی دادگادا هاتبێتەکایەوە، ئایا تۆمەتبار لە (١٥/ ی ئاداری/ ١٩٢١)دا و لەسەعات یانزەی تەواودا و لەوساتەی تەقەی کرد، خاوەنی بڕیاردانی ئازادی ئیرادە بوو. ئەگەر وەڵامتان دایەوە، کە ئێوە گومانتان لەوە هەیە، جا بەهۆی تێکچوونی هۆشیەوەبێت، یان بەهۆی تێکچوونی نەخۆشبوونی عەقڵەوەبێت، کە بەدەستیەوە دەیناڵاند، ئەگەر تاقە گومانێکتان هەبێت سەبارەت بەم خاڵە، دەبێت لەو حاڵەتەدا حوکم بەبێ تاوانی تۆمەتبار بدەن، ئەگەر هەندێکتان گووتتان "بەتەواوی دڵنیانین کە وزە عەقڵییە پێویستییەکانی نەبووە" هەندێکی دیکەشتان بڵێت "گومانمان لەوە هەیە، کە وزە عەقڵییە پێویستییەکانی هەبووبێت. ئەوسا ئەو دەنگانە یەکدەگرن، ئەمەش بەتەواوی بەسە بۆ ئەوەی حوکم بەبێ تاوانی بدرێت. تەنها ئەو کەسانە دەتوانن بە (بەڵێ) وەڵامی پرسیارەکە بدەنەوە، کە بەسەر خۆیاندا سەردەکەونو دەڵێن "ئێمە بڕیار دەدەین کە تۆمەتبار لەوساتەدا توانای تەواوی جیاکردنەوەی هەبووە بەپێی ماددەی (٥١) و هیچ شتێك رێگرنەبووە جا بێئاگایی بێت یان تێکچوون بەهۆی نەخۆشیەوە بێتو خاوەنی تەواوی هێزە عەقڵییەکەی بووە" دەمەوێت لێرەدا بۆ ئەوەی بڕیاردانی حوکمەکە بۆ ئێوە ئاسان بکەم، ئاماژە بەشتێك بکەم، کە راوێژکارە نوژدارییەکان تائێستا باسیان نەکردووە.

زۆر گرنگە لەوە بکۆڵینەوە، کە ئایا تهلیریان لەکاتی تەقەکردنیدا ئەو هەستە دەروونییانە چی بوون، کە هەستی پێدەکرد. گرنگە لەئاست ئەم ساتەدا بوەستن‌و بەڕوونی بیری لێبکەنەوە: ئەو رەفتارە لەشی‌و دەروونییە چی بوو، یان بەوشەیەکی دیکە، لەکۆتاییدا تێکچوون بەهۆی نەخۆشییەوە بۆ حاڵەتە عەقڵییەکەی‌و بێ ئاگاییەکەی خۆی حەشاردابوو؟ ئەمڕۆ هەمووان رێکین، کە دەبایە نوژدارە پسپۆڕەکان ئەوەتان بۆ راڤەبکەن، کە ئەو هەڵسوکەوتەی لەسەر ئیرادە بەندەو لەو بۆچونانەوە سەرچاوە دەگرێت، کە لەسەری کەسی دیاریکراودایە، ئەم بۆچوونانەش لەو شوێنەدایە، کە پێی دەڵێن توێکڵی گەورەی مێشك. لەڕێی ئەوەی پێی دەڵێن رێی ئەهرامات، فەرمانەکە دەگوازێتەوە بۆ مەڵبەندی دڕکەپەتك، بۆ ئەوەی لێرەوە هەڵسوکەوتەکە دەست پێبکات‌و لەدەرەوە دەربکەوێت. ئەگەر من بمەوێت کەسێك بکوژم، ئەوسا دەبێت لەمێشکی گەورەمدا ئیرادەم هەبێت. دەبێت ئەم ئیرادەیە بروسکە ئاسا لەڕێی دەمارەکانەوە "رێی ئەهرامات" رەوانەی مەڵبەندی دڕکەپەتك بکەم. ئەم ئیرادەیەش دەست وەریدەگرێت، دەبێت چاویش ببینێت‌و دەست والێبکات پەنجە بنێت بە پەلەپیتکەداو تەقەبکات. ئەمە رێڕەوە سروشتیەکەیە، ئەگەر ئیرادەی سروشتی لەبەر هەرهۆیەکی تێکچوون بەهۆی نەخۆشییەوە زیانی پێکەوت، یان ئەگەر بەئاگابوون راوەستا لە "توێکڵە گەورەکەی مێشکدا" بۆ یەك ساتیش بێت، یەك سات بەسە، کە هۆشیاری نامێنێت یان رێی لێ دەگیرێت، ئەوە بەسە بۆ نەمانی "بڕیاری ئیرادەی ئازاد". لەم حاڵەتەدا نەبوونی بەئاگایی یان تێکچوونی هێزە عەقڵییەکان بەهۆی نەخۆشییەوە "بڕیاری ئیرادەی ئازاد" رادەگرێت.

ئەمە ئەو شتە بوو، کە بەڕێز خاوەنی شارەزایی فون گۆردون بۆمانی خوێندەوە. دەمەوێت جارێکی دیکە ئاماژە بە گرنگترین بڕگەی بکەم، تەنها ئەوەندەیە رێ بەخۆم نادەم وشەی "وەسیقەکان" بەکاربهێنم. هیچ جیاوازییەکیش نیە ئەگەر مرۆڤ لەبری هۆیە بزوێنەکە وشەی پاڵنەر بەکاربێنێت. ئەمە دیاردەیەکی ئەڵمانی رووتە. ئەم ویستە بۆ بەکارنەهێنانی زاراوەی عەقڵانیو شتی (شیئ) و تەکنیکیو گۆڕینیان بەوشەی شێواوی دەستکرد. مرۆڤ نابێت بەدوای ئەم ویستەدا بچێت. بۆیە لەم بۆچونەمدا من دەڵێم پاڵنەر یان هۆی بزوێنەر نەك ئارەزووەکان. مرۆڤ بێگومان مانای وشەی (شۆڕش) یان کولان دەزانێت. بەڵام رستەیەك، کە ئاماژە بەوشەی وەك "ئارەزووەکان" بکات زەحمەتە لێی تێبگەیت کەواتە لێرە من دەمەوێ بڵێم "هۆی بزوێنەر" یان "پاڵنەر". بڕگە گرنگەکەی کتێبەکەی - گیرمایر - "تەعلیق دەربارەی یاسای تاوانی ئیمپراتۆری" لەلاپەڕە (١٨٣) دەڵێت: لەژێر زاراوەی "بڕیاری ئیرادەی ئازاد" و بەپێی ماددەی (٥١) لەیاسای تاوان دەڵێت ئەوە سامانی مرۆڤە، کە لەویستە جیاوازەکانەوە بەرهەم دەهێنرێتو رێژەی پێشوەختی ئیرادە دیاری دەکات، لەگەڵ پێکهاتەی وێنە هەستییەکانو خەیاڵی پشتگیری یان قبوڵ نەکردنی، ئەمەش لەکۆتاییدا دەگاتە "بڕیار"دان، ئەم بڕیارە کە بریتییە لە ناوەرۆکی ئیرادەیەکی دیاریکراوی یەکگرتووی روونو تازە، لەهەمان کاتیشدا رەنگدانەوەی زاڵ بوونی کەسایەتیە لەسەر بەشێك لە رێڕەوەکانی دەروون. ئەم وزەیە دەبێت بەتەواوەتی نەمێنێت، ئەوە بەس نیە کەمبێتەوە یان پشێوی بۆ نموونە بەهۆی بزوێنەری تاکڕەوی خاوەن وزەی هەڵقوڵیو لەهەستو خەیاڵەوە، کە بەزەحمەت دەکرێت دەسەڵاتی کۆ بەسەریدا زاڵ بێتو دایڕێژێت لەکۆی ئیرادەی "من" دا. تەنها لاوازی ئیرادە

شیمانەی بوونی "بڕیاری ئازادی ئیرادە" ناداتە دواوە مادامەکی خەیاڵو شتی لەو بابەتە هێشتا بەجۆرێکی سروشتی کاردەکەن وەك پاڵنەری بزوێن، نەك لەئەنجامی پشێوی نەخۆشی هێزە عەقڵییەکەوە بێت بەپێی شێوازی هۆیە میکانیکییەکان، کە ئەو کاریگەرییە دەشارێتەوە کە وەك (ئیرادەی بکەر) دەردەکەوێت. ١٩١٧/٤/٢٣ R. G. Z. V، کە توانا کەم دەبێتەوە، ئەو توانایەی هەموو وزە دەرەکییەکان چڕ دەکاتەوە بەجۆرێك وای لێدەکات پوختەی پاڵنەرە تاکڕەوەکان بێت لەئیرادەی یەکگرتوو و خاوەن ناوەڕۆکی نوێی خولقێنەر.

ئەمە روونادات چونکە (من) بەسەر پاڵنەرە تاکڕەوەکاندا زاڵ بووەو کورتی کردوەتەوە، بەڵکو لەبەرئەوە روودەدا چونکە پاڵنەرە تاکڕەوەکان وزەی بەهێزتری پێیەو لەگەڵ بنەماکانی بڕیاری ئیرادە کە زاڵە بەسەر (من)دا.

بێگومان لێرەشدا ئالییەتی پێکهێنانی بڕیاری ئیرادە، کە بڕیاری خودیی تیایدا پێکدێت (بینندیك "رەوشت" بەرگی دووەم ل ٨١) جیاوازییەکە لەوەدایە کە (من) چیتر دەسەڵاتی نەماوە وەك کورتکەرەوەو یەکێتی هەموو وزە دەرونییەکان. ئەویش نییە، کە ناوەڕۆکی بڕیاری ئیرادە دیاریدەکات، بەڵکو رەگەزی ئیرادەی تاکڕەوە، جا وزەی هەستەکان بێت یان وێنە خەیاڵییەکان، ئەمەیە کە بەهێزترین وزەی هەیە. کەمو کورتی لە "بڕیاری ئازادی ئیرادە" دا کاتێك روودەدا کە بەتەواوی زاڵ دەبێت بەسەر ئیرادەدا، ئەمەش لەئەنجامی پشێوی بەهۆی نەخۆشییەوەو بۆچوونی دیاریکراو یان هەستەکان (یان بەهۆی کاریگەریی هۆی سێهەم) بەڕادەیەك، کە توانای بڕیاردان لای ئیرادە بەپێی (إعتبارات) ی عەقڵانی بەتەواوی نامێنێت، تەنها

ئەگـەر وزە دەرونییـەکانو (مـن) بەتـەواوی خولقێنـەری بڕیـاربن، ئەوسـا دەکرێت ئەم وزەیە، کە بووە هۆی تاوانەکە لەگەڵ (مـن) یشدا وەك بەشێك لـەم یەکگرتنـەوە تاکەدا (إعتبـار) بکرێـت. بـەمجۆرە یـەکێك لەکێشـە هـەرە زەحمەتـەکانی نـوژداری - تـەکنیکیو یـەکێك لەکێشـە یاسـاییە هـەرە زەحمەتەکانیشم چارەسەرکرد. بەڵام من لەو بڕوایـەدام کـە مـرۆڤ دەتوانێـت لـەم زەحمەتیانـە بـەم شـێوازە بکۆڵێتـەوە، بەشـێوازێك، کـە هـەموو مرۆڤێـك خاوەن وزەی عەقڵی راست بێت رەزامەنـدیی لەسـەر دەربڕێـتو لێـی تێبگـاو بەدوایدابچێت. وەك بینیتان، کە مافەکان بەتەواوی لەگەڵ ئەوەدا جووتە، کە خاوەن عەقڵانییە راستەکان دەیڵێن، جـا ئەگـەر لـەتوێکڵی مێشکدا بێت یـان لەو (اهرامات)انەدابێت، کە لە مێشکدان لەدەزگای ناوەندی دەماردا.

شـتێك تووشـی کاریگـەریی نەخۆشـی بـوو، یـان ئەگـەر لـەتوێکڵی مێشـکدا بۆچوونی ناعەقڵانی نامۆ هـەبوو، کـە زۆر لەپێکهاتـەی ئـیرادە دەکات، ئەوسـا ناکرێت بگوترێت، کە ئەم مرۆڤە خاوەن "بڕیاری ئازادی ئیرادە"یە.

پاشان - تصورات - یان هێڵی بـەهێزی نەخۆشـی هـەبوو لەمێشـکیدا، کـەوای لەتۆمـەتبار کـرد توانـای جیاکردنـەوەی عـەقڵانی بەتـەواوەتی نـەبێت، بۆیـە ناکرێت بەرپرسیارێتی ئەو تاوانەی ئەنجامیدا، بخرێتە ئەستۆی.

دوای ئــەم راڤەکردنــە یاســاییە دەتــوانن لەدۆخێکــدا بــن، کــە توانــای تەماشـاکردنی ئـەم کێشـەیەی بـەردەمتان بـەبێ زەحمـەتی هـەبێت. شـتەکە وادێتە پێش چاو کـە مـرۆڤ پـەتێك بـە پـەتێکی دیکـەوە گـرێ دەدا تـا پیایـدا سـەربکەوێت. دوای ئــەوەی فەرمانــدەی ســەرکەوتووەکان پەتەکــە لەســەر شـاخەکە دەچەسـپێنێت، ئـیتر هـەموو کەسـێکی بـەئاگاو لەسـەرخۆ دەتوانێـت

سـەربكەويّت لەگـەلّ هەنـدێ شـيمانەی گـەورەی گەيشـتنی زاتـی خـۆی بـۆ سەرەوە.

دەمـەوێ شـتێکی ديکـە لەمبارەيـەوە بلّـێم گـەل مەبەسـتی چـی بـوو، کـە هـەزاران سـالّە لـە پەنـدە ميلليەکـەدا دەلّێـت (رەنگـی سـوور بەرچـاوی مـرۆڤ دەگرێـت) ئەمـە مانـای ئەوەيـە لەوسـاتەدا شـتێك رووبـدا، کـە مـرۆڤ روونـی هۆشياری ئازادی خۆی لەدەست دەدات، ئەوسا شتێك دەکات ئەگـەر وانەبايـەو لەوساتەدا روينەدايە، ئەوەی کردی نەيدەکرد.

لێـرەدا تکادەکـەم رێمبـدەن لـەپێناو پشـتگيريی ئـەوەی گـووتم برِيـارێکی ديکـەی دادگـای ئيمپراتۆريتـان بـۆ بهێنمـەوە. يـەکێك لـە کەنيسـەکە خـاوەن سروشـتێکی بەرهەلّسـتکارە. قەشـەکە لـەکاتی وەعزدانيـدا شـتێك دەلّێـت، کـە لەگـــەلّ قەناعـــەتی ئەوکەســـەدا بەتـــەواوی دژە. کـــابرا کـــە خـــاوەن خوێنگەرمييـــەکی زۆرە، تـــوورە دەبێـــت بەرادەيـــەك خـــۆی لـــەبيردەکاتو بەدەنگێکی بەرز هاواردەکات "وسبە، هەرچييەکی دەيلێيت هەلّەيـە". شـکات لەو کەسە کرا بەتۆمەتی "تەگەرە خستنە بەر نوێژکردن لە کەنيسەدا" بەلاّم (تبريە) دەرچوو، چونکە هۆشی بەهۆی ئـەوەی کـە بيسـتی، تێکچوو. خـوێنی گەيشـتە قۆنـاغی کـولاّنو هەلّچـوون، لەوسـاتەدا کەسـێکی ئـازادی خـاوەن دەسـەلاّت نـەبوو بەسـەر برِيـاری ئيرادەيـدا، تـا ئـەو رادەيـەی کـە جۆرێـك لەنەمانی هۆشمەنـدی زالّ بـوو بەسـەريدا، لەبەرئـەوە نـەيتوانی وانـەکات، کـە تەگەرە بخاتە وەعزەکەی کەنيسە، سەبارەت بەتۆمـەتبار، لەهـەمان دانيشـتندا ئەمـە هـەمووی بەتـەواوی باسـکران، ئـەوەی خزمـەتتان دەکـات وەك خـالّی پالّپشـت لـەپێناو برِيـاردان، کـە ئايـا تۆمـەتبار لـە (١٥) ی ئـادارو لەسـەعات يانزەدا خاوەن "برِياری ئازادی ئيرادە" بوو.

هەروەها دەكرێت دابەشیش بكرێت بۆ رێزی لەساتە بابەتییەكان ـ زۆر گوێ بەململانێی راوێژكارە پسپۆڕەكان مەدەن، چونكە ئەو حوكمەی بەخودی خۆتان دەیدەن، دەبێت پەیوەندیی هەبێت بە بابەتی دانیشتنی ئازادەوە بێ خۆبەستنەوە بەوەی نوژدارەكان گووتیان ـ ئەگەر ویستتان حوكم لەسەر "بڕیاری ئیرادە" و رێڕەوە دەروونییەكان لای تۆمەتبار لەساتی ئەنجامدانی تاوانەكەیدا بدەن، دەبێت ئەوە لەبەرچاو بگرنو بابەتیانە تەماشای ئەوە بكەن، كە تۆمەتبار رۆڵەی گەلێكی باشورییە، ئەوەی زانراویشە، كە سروشتی گەلە باشورییەكان سروشتێكە، كە زوو هەڵدەچن بەجۆرێكی زۆر جیاواز لەوەی لای گەلە باكورییەكاندا هەیە، كە خاوەنی سروشتێكی ساردترن. هەروەها دەبێت لەلایەكی دیكەوە ئەوەش لەبەرچاوبگرن، وەك پێشتریش داواكاری گشتی باسیكرد، كە ئەو وڵاتانە كەلەپورێكی خوێناوییان هەیە. وەك دەزانین توركەكان بۆ هەرلایەك بچن، لەهەموو شوێنێك ئاڵای خوێن بەرزدەكەنەوە، تەنانەت ئێمە خۆشمان لەساڵی (١٦٨٣) توركەكانمان لەبەردەم (ڤیینا) دا بینی، ئەگەر ئەوسا بەردەوام بونایە بەرێگەكەیاندا تا ئێرە، ئەوسا لێرەش لەئەڵمانیا زۆركەس لەوێرانكاریو ماڵوێرانی رزگاری نەدەبوو. لای گەلە باشوورییەكان، كە لەوێ دەژین كەلەپورێكی خوێناوی هەیە، نەك تەنها لای توركەكان بەڵكو لای ئەرمەنیش. بیستتان كە تۆمەتبار پێش ماوەیێكی دوور تووشی نەخۆشی (تیفوس) ببوو. ئێوەش دەزانن، كە ئەو كەسەی تووشی نەخۆشی ـ مەلاریا ـ و ـ تیفوس ـ دەبێت زۆربەی كات وەك كەسێكی ناسروشتی بۆ ساڵانێكی زۆر تەماشا دەكرێت.

تۆمەتبار ماوەییێکی زۆر بوو لەسەر ئەوە راهاتبوو برِێکی نائاسایی کۆنیاك بخواتەوە، چونکە هەستی بەئازاری گەدە دەکردو بۆ هۆی دیکەش، لەبەر ئەم هۆیە لەم لایەنەشەوە خاوەنی هاوسەنگی دەروونی سروشتی نەبوو.

سەرباری ئەمەش پێشتر بیستمان، کە ئەرمەنو تورك سەرلەنوێ لەحاڵەتی جەنگدان، وەك ئەوساش هەروابوو، کە جەنگ بەرەسمی لەنێوانیاندا جاردرابوو، لەهەرکوێ ئەم دوو گەلە بەیەك بگەیشتبان، وەك دوژمن سەیری یەکتریان دەکردو وەهاش رەفتاریان دەکرد، کە هەردوولایان رێگەیان پێدراوە رووبەرووی یەکتر ببنەوە وەك جەنگاوەر؟ کە تۆمەتبار گووتی "من بێگانەم، ئەویش بێگانەیە ئەڵمانیا پەیوەندی بەمەوە نییە ـ دەبایە ئەوەش بڵێت کە ـ جگە لەمەش ئێمە لەحاڵەتی جەنگو تۆڵەسەندنەوەداین!.." ئەمەش توانای حوکمدانی بۆ ئەو خەڵکە روون دەکردەوە یەکسەر تێی بەربوونو دەستیان کرد بەلێدانی. ئێوە پێشتر گوێتان لێبووە، کە حوکمێك بە ئیعدام کردن دژی تەلعەت دەرچووبوو، مرۆڤ دەبێت یان دان بنێت بەحوکمدانی ئیعدام دا یان دانی پێدانەنێت، بەلام یەکێك نەیەوێ دان بەحوکمێکدا بنێت دادگایەکی دیکە دەری کردبێت، ئەوسا ناتوانێت داوابکات بۆ نموونە، کە حوکمی ئیعدام دژی تەلعەت پاشا لەلایەن دادگایەکی جەنگەوە دەرچوو، من بەهیچ جۆرێك حەزم لەدادگاکانی جەنگو دادگا سەربازییەکان نییە، من رێزی دادپەروەری گشتی دەگرم ئەگەر باش بوو بەجۆرێك کەوا بکات هیچ کەسێك پێویستی بەمجۆرە دادگا تایبەتیانە نەبێت. بەلام لەهەر کوێیەك دادگای جەنگو دادگای سەربازی وەك ئەمری واقیع هەبێت، دەبێت هەندێك قازیی راستگۆو باشیشیان تێدابێت، کە حوکمی راستەقینە دەدەن. من یەك زەرە گومانم نییە، کە ئەو قازییانەی خاوەن پلەو پایەو رۆشنبیرییەکی بەرزنو لەدوای

لێکۆڵینـەوەی زۆر ورد حـوکمی خۆیـان دژ بـە تاوانبارەکـان لـە ئەسـتەنبوڵ ڕاگەیاند، هەروەها حوکمەکەشیان ڕاست بـوو، چـونکە مـرۆڤ ناتوانێت بڵێت ئەو حوکمە لەژێر هەڕەشەی کەشتیگەلی بەریتانیدا دەرچوو. قـەت گـوێم لـێ نـەبووە قازییـە بەریتانییـەکان کاریـان کردبێتـە سـەر ئـەم کێشـە دادگاییـەو بـەمجۆرە بەپێچـەوانەوە، مـرۆڤ دەتوانێـت لەگـەڵ بـەریتانیادا بێـت یـان دژی بێـتو هەرچیشـی بوێـت پێـی بڵێـت، بـەڵام دادگـای بـەریتانی نموونـەی چاولێکراو بووە لەهەموو کاتێـكو هـەموو وڵاتێکدا. لەبـەر ئـەم هۆیـە ڕاسـت نییـە بگوترێت دادگـای جـەنگ ئـەو حوکمانـەی لـەژێر هەڕەشـەی تۆپـەکانی کەشـتیەکانی بەریتانیـدا دەرکـردوە. دەبایـە مـرۆڤ بـەدوای ئـەو هۆیانـەدا بگەڕێت، کە بوونە هۆی دەرکردنی ئەو حوکمە، ئەوسا دەیبینی چۆن یـەکێك لەشایەتەکان گوتبووی "قەسابخانەی ئەرمەنیـەکان سـەلمێنرا. جگـە لـە چـوار خـاڵی دیکـەی سـەربەخۆ، حـوکمی ئیعـدامکردنی تۆمـەتبارەکان لەگـەڵ ئـەو تۆمـەتبارەی لـە ئەسـتەنبوڵ بـوو ئیعـدامکرا، مـن ڕقـم لـەحوکمی ئیعدامـە هـەروەك ڕقیشـم لـەتاوانی کوشـتنی مرۆڤـەو بەڕاستیشـی نـازانم مـرۆڤ وا بیربکاتەوە، کـە لـەڕێی دەرکردنـی حـوکمی ئیعدامو جێبەجێکردنیـەوە دادگا بەسەر تاوانەکانی کوشتندا سەرکەوێت، بەڵام مـن لەگـەڵ ئـەوەدام، کـە مـرۆڤ نابێـت بـەهیچ جۆرێـكو بـەهیچ شـێوەیەك مـرۆڤ بکوژێـت، بـەڵام کـە لـەوێ حـوکمی ئیعدامـدرا، دەبایـە تەڵعـەت ڕابکـاتو خـۆی بشـارێتەوەو نـاوێکی خـوازراو بـەکاربهێنێت تـاکو ئیعـدام نـەکرێت. مـن کـەمترین گومـانم نیـە لەدادپـەروەری ئـەو حوکمـەی دژی دەرچـووەو لەهۆیەکانیشـی، چـونکە دوای ئـەو حوکمـە دەرکـەوت کـە تەڵعـەت تاوانبـارە لەهـەموو ئـەو تۆمەتانـەی دراونەتـەپاڵی، بـەڵام ئـەم حوکمـە کاریگـەریی بەسـەر ئەرمەنیشـەوە هـەبوو،

تەنانـەت ئەرمەنییـەکی دادپـەروەر، کـە بـەجۆرێکی دروسـت بـیر دەکاتـەوە، بـەخۆی دەڵێـت: ئـەم پیـاوە حـوکمی ئیعـدام درا چـونکە تـاوانی ئەنجامـداوە، کەواتە (شایەنی) سزای ئیعدامە، لێرەدا مرۆڤ بیری بۆ ئەو پرسـیارە دەچـێت، کە ئایا زاراوەی بەرگری لەخۆکردن مانای چییە؟

ئــەم کەســانە وەك ئــەنوەرو تەڵعــەت پاشــا لەئــەڵمانیاداو لــەژێر نــاوی خوازراودا ژیـان، مـرۆڤ دەڵـێ گوایـا ئەمانـە "میـوان" ی ئـەڵمانیان، کـەدەبێت لێـرەدا بەتونـدی ئەمـە بدەینـە دواوە. مـن لـەو بڕوایـەدانیم، کـە حکوومـەت ڕێگـە دەدا بـەمجۆرە لـەتاوانباران، کـە لـەوڵاتی خۆیـان رایـان کـردووە، لێـرە خۆیان بشارنەوە وەك "میوان" و بەناوی خوازراوەوە. یەکێك لەمانـە لێـرەش رایکـرد، کـە ئـەنوەر پاشـایە کـە ئێسـتا دووبـارە دانیشـتووە وەك لەڕۆژنامـە ڕۆژانەکاندا نووسراوە، لەگەڵ بەلشەفیکەکانی روسیاداو پلانـی نـوێ دادەنێـت بۆ جاڕدانی جەنگ دژبە ئەرمەنو لـەپێناو فڕکردنیانـدا، ئەگـەر بـۆ تەڵعـەت پاشاش ڕێکەوتایـەو خـۆی بگەیاندبایـە ئـەنوەر، لـەماوەی هەشـت بـۆ چـواردە ڕۆژدا قەسابخانەی نوێ دژی ئەرمەنیەکان رویدەدا.

یـەکێك دێـتو بـەو سـیفەتەی، کـە رزگارکـەری گەلەکەیـەتی، ئـەم کەسـە بکوژێـت کـە دڕندانـەترینو خوێنـاویترین تـاوانی دژ بـە گەلەکـەی کـردووە، گومــانی تێدانییــە، کــە بــیری کردوەتــەوەو بــەخۆی گووتــوە ئــەم پیــاوە خەتـەرترین دوژمنـە بـەگوێرەی گـەلی ئەرمـەنی، ئەگـەر بتوانێـت ئـەڵمانیا بــەجێ بهێڵێــت لەگــەڵ ئــەنوەر پاشــاو بەلشــەفیکەکان دووبــارە پــەیمان دەبەستێتو جارێکی دیکە ژنو منـداڵمان سـەردەبڕدرێنەوە. لەبەرئەمـە لای تۆمەتبار هۆکاری بەرگری لەخۆکردن هەیە بـەمانا فراوانەکـەی ئـەو وشـەیە، با ئەو بەرگرییەش نەچێتە چوارچێوە یاساییەکەشیەوە.

دڵنیام کە تۆمەتبار جارێکی دیکە تەڵعەت پاشای بینیەوە، ترس کەوتە دڵیەوە. ئەمەش بابەتیانە پێشکەش کرا بۆ نزیکبوونەوەی زیاتر لەگەڵ راوێژکارە پسپۆڕە نوژدارییەکاندا.

ئێوە ئاگاتان لە ململانێی پسپۆڕە راوێژکارەکان بوو، کە باسی نەخۆشی - فێ - کرا؟

راوێژکارە پسپۆڕەکان یارمەتیی قازی دەدەن، هەرئەوانیش لەڕاستیدا دوا قسەیان لەلایە، چونکە یاسا کە حوکم دەدا پشت بەشارەزایی پسپۆڕی ئەوان دەبەستێتو یارمەتیی دەدەن. ئەگەر مرۆڤێك بەهۆی رووخانی بینایەکەوە کوژرا، یەکسەر مرۆڤ زەینی بۆ ئەوە دەچێت، کە ئەو کەسەی بیناکەی کردووە، تاوانبارە بەکوشتنی ئەو مرۆڤە، بەلام بڕیاردان لەسەر ئەم کێشەیەو لەسەرئەوەی ئایا ئەو کەسەی بیناکەی کردووە تاوانبارە، نادرێت بەڕاوێژکارە پسپۆڕەکان تاکو لێی بکۆڵێتەوە، چونکە ئەمە بواری شارەزایی راوێژکاری پسپۆڕ نییە، ئەو تەنها ئەتوانێت ئەوەندە بڵێت، کە بیناکە خراپ دروستکرابوو یان بەگوێرەی رێو شوێنی راست نەبوو.

دەشێ رووخانی بیناکە پەیوەندی هەبێت بە هۆو بارودۆخی دیکەوە، بۆیە راوێژکاری نوژداری ناتوانێت بڕیاربدا ئایا دەتوانین ماددەی (٥١) لەبەرچاو بگرین لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا، چونکە پرسیارەکە ئەوەیە ئایا هۆشمەندی لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەدا ون بوو، ئەمەش پرسیارێکە نوژداری دەروونی وەڵامی دەداتەوە، نەك راپۆرتەکانی راوێژکارە پسپۆڕە نوژدارییەکان. تەنها ئەوە لەبەرچاو دەگرێت، کە ئایا بابەتەکە پەیوەندیی بەتێکچوونی نەخۆشیەوە هەیە، کە دووچاری هێزە عەقڵییەکە بووبێت. شارەزایی نوژداران لەدیاریکردنی نەخۆشیەکاندایە، نەك لەکاریگەرییان

لەساتێکی دیاریکراودا. کە ئیشەکە پەیوەندی بەنەخۆشیەوە هەبێت دەبێت لەنوژدار پرسیاربکەین، لێرەدا دەبێت باشترین زانیاری، کە بەهۆی ئەو زانستانەوە فێری بووەو، خوێندویەتی، بەمن بڵێت، بەڵام ناشبێت دەستوەرداتە ئەوەی کە پەیوەندی بەکاری یاساییەوە هەیە. پرسیارەکە ئەوەیە ئایا جێبەجێکردنی ماددەی (٥١) دەشێت یان ناشێت، ئەمە ئیشی راوێژکارە پسپۆڕە نوژدارییەکان نییە. من دان بەوەدا دەنێم کە دادگاکانمان زۆر جار پرسیار لەنوژداران بۆ هۆکاری عەمەلی دەکەن ئایا دەتانەوێت راپۆرتەکەتان پێشکەش بکەن، نەك تەنها دەربارەی کام نەخۆشی کە تۆمەتبار تووشی ببوو، بەڵکو لەبەرئەوەش، کە ئایا ئەم نەخۆشیەی کاریگەریی بەسەر یەکلاکردنەوەی ئیرادەیدا هەیە؟ ئایا پێتان وایە ماددەی (٥١) قەت جێبەجێ بکرێت؟ ئەم دوا پرسیارە ناکەمو ئەگەر وەزیری دادیش لێی پرسیم، کە ئەو پلەیە وەردەگرێت، دەبێت چیبکات، پێی دەڵێم: ڕێ مەدەن پرسیار لەڕاوێژکارە نوژدارییەکان بکرێت ئایا دەکرێت ماددەی (٥١) جێبەجێ بکرێت یان نەکرێت، ڕێگەش مەدە راوێژکارە نوژدارییەکان وەڵامی ئەو پرسیارە بدەنەوە.

نوژدار تەنها ئەوە ئیشیەتی، کە هەرچی زانستێك هەیەتی، بەکاری بهێنێت بۆ فەحسکردنی وردەکارییەکانی نەخۆشییەکەو تەفسیلاتەکانی، بەڵام ئەو پرسیارەی کەدەبێت ئێمە لێرە وەڵامی بدەینەوە، ناتوانێت هیچ بکات، بۆیە لێرە نابێت هیچ بڵێت. گوێشتان لێبوو، کە راوێژکارە پسپۆڕەکان حەزناکەن لەم پرسیارە نزیك ببنەوە، تەنها راوێژکاری بەڕێز ئەندامی ئەنجوومەن دکتۆر شتورمر نەبێت. چونکە نوژدارەکان رایەکی جیاوازیان لەڕای یاساییەکان سەبارەت بەئیرادەو دیاریکردنی ئیرادەو شتی لەو بابەتە هەیە.

بەڵام هەمووشیان لەکۆتاییدا وەڵامیان دایـەوە، بـێ ئـەوەی ئـەرکی هـەڵگرتنی بەرپرسیاریەتی یاسایی بگرنە ئەستۆ. هەندێکیان گوتیـان (بـەڵێ)، هەنـدێکی دیکەیان گووتیان (نەء)، تەنها راوێژکاری پسپۆڕی یەکـەمی دادگـا نـەبێت، کـە زۆر بەوردی ئەوەی دیاریکرد، کە نابێت ماددەی (٥١) بەکاربهێنرێت.

من دژی راوێژکاری دکتۆر شتورمر هیچ ناڵێم، من رێزم بـۆی هەیـە، بـەڵام راپۆرتەکەی بەکەڵکی ئـەوە نایـەت بـەکاربهێنرێت، ئەوخاڵـەی لێـوەی دەسـتی پێکردبـوو، هەڵـە بـوو. ئـەو (فێـی جەسـتەیی) ی دیـاریکردبوو لەکاتێکـدا ژمارەیەکی زۆر لەبەرێزان هەروەها ئێمەش لەوەدا لەگەڵیانداین، کە بابەتەکە پەیوەندیی بە (فێی دەروونی) یەوە هەیە. ئەو بەتەواوی بەدوای هۆکارەکانی فێی دەرونیدا نەچووبوو لەبەرئەمـە رایەکـەی بەتـەواوی هەڵـە بـوو، مـن دان بـەوەدا دەنـێم، کـە راپۆرتەکـەی زۆر بـەوردیو بـەئاگاوە نوسـرابوو، بـەڵام ئەمەش رێم لـێ ناگرێت بڵێم راپۆرتەکەی راست نیە، دەکرێت کەسێك بایـەخ بەشـتێك بـدات بەبـەردەوامیو لەگـەڵ ئەوەشـدا لـەدەربڕینی ئـەو شـتەدا هەڵەبکات، کەسێکی دیکـە نیوسـەعاتێك بایـەخ بەهـەمان شـت دەدات، کەچـی دەتوانێت بەشێوەیەکی راست دەری ببڕێت.

هەڵەی راپۆرتەکەی شارەزا دکتۆر شتورمر لەلایەن بەرێزان راوێـژکارەکانی دیکـەوە ئامـاژەی بـۆ کـرا، بـەڵام بـەجۆرێکی زۆر بـەرێزو راسـتەوە. ئـەم راوێـژکارەو شـارەزایانی دیکە گووتیـان تۆمـەتبار بەدەسـت فێـی دەرونییـەوە دەتلایـەوە، ئەمـەش مانـای وایـە پێکهاتـەی لەشـەکە لەسـەر پشـێوی دەروونـی دەوەستێت، هەرئەمەش دەبێتە هۆی لێهاتنی فێ.

پێشـتر چـەندجارێك باسـی ئـەوە کـرا، کـە ئێمـە نـاتوانین دڵنیـابین لـەوەی تۆمەتبار لەو  شەوەدا یـان لەبـەیانی رۆژی تاوانەکـەدا تووشـی (فـێ) بووبێـت

وەك ئەو (نوبات) انەی دێتو دەڕوات بەبێ ئەوەی نەخۆش هەستی پێبکات، تەنها هەست بەشەکەتی دەکات یان شتی لەو جۆرە، بەڕێز شارەزا شتورمر وەڵامی پرسیارەکەمی بەمجۆرە دایەوە (ئایا دەزانی، کە تۆمەتبار لەشەوی پێشتر تووشی ـ نوبە ـ بووبێت) گووتی (نا... ناتوانم بزانم، تۆمەتبار نەیگووت تووشی ـ نوبە ـ بووە، منیش نازانم تووشی بووە یان نەء، بەڵام لەوانەشەو سروشتیشە تووش بووبێت). بەمجۆرە ئەوەی بەڕێز قازیی یاریدەدەر گووتی وەك خستنەسەرێك لەبواری نوژداریدا بایەخێکی زۆر وەردەگرێت. گووتی: دەکرێت ئەم جۆرە ـ نوبە ـ اتانە ڕووبدەن بەبێ ئەوەی کەسە نەخۆشەکە هەستی پێبکات. ئەوکاتەی ـ نوبە ـ کە ڕوودەدا، دەشێت دەنگدانەوە دەرونییەکەی بۆ ماوەیەکی درێژ بەردەوام بێت، لەوانەیە چەند ڕۆژێك بخایێنێت.

لەسەرشاری ئەم خاڵەوە پێویست ناکات شەوی پێشتر یان بەیانی ئەو ڕۆژە ئەو (نوبە)یە ڕاستەوخۆ ڕوویدابێت. هەموومان ئەوەمان بیست کە ئەکتەرێك تووشی ــ فێ ـ ببوو، لەپڕ دوا دەکەوت لەئامادەبوون بۆ پیشاندانی شانۆگەرییەکە، سەفەری دەکردو دیارنەدەماو کەسیش نەیدەزانی لەکوێیە، بەڵام بلیتی سەفەرەکەی، کە کڕیبووی تاکو سەفەربکاتو خەوتنی لەیەکێك لەئوتێلەکاندا ئەوەی دەسەلماند، بەڵام ئاگاشی لەهیچ شتێك نەبوو کە ڕوویدابێت، ئەمەش لەئەنجامی ـ نوبە ـ ی فێیەوە بوو کە تووشی ببوو. کۆمەڵێك ڕێڕەوی زۆری عەقڵیو دەروونی لا کەم ببووەوە، ئەمەش زۆر بەڕوونی ئەنجامی پشێویە نەخۆشییەکەیە، کە کار لەهۆشی دەکات. پرسیاری بەڕێز قازیی یاریدەدەر کە لەشارەزا شتورمری کرد جەوهەری کێشەکەی

پێکاو خاڵی ناوەندیشی دیاریکرد پرسیارەکە ئەوە بوو "ئایا دەزانی پێش ئەنجامدانی تاوانەکە ـ نوبە ـ رویدابوو...؟"

شارەزای بەرێز وەڵامی دایەوە (من نازانم) بەمجۆرە راپۆرتەکەی لای من بێکەڵك بوو، راوێژکارە پسپۆڕەکانی دیکە لە راپۆرتەکانیاندا زیاتر هەمەلایەنە بوون، لێرەدا مەبەستم لەلایەن هەوڵدانەوە نییە، بەڵکو لەلایەن ئەوەوە، کە شارەزایی زانستی تیایدا بەکارهێنراوە، ئێوە دەزانن، کە تۆمەتبار لەو رۆژەدا زەبرێکی بەهێز بەرسەری کەوت، بەیانی ئەو رۆژەش کۆنیاکی خواردەوە، چونکە هەستی بەناساغی دەکرد. نوژدارەکان دەڵێن فێی دەروونی هەیە، تووشی "نوبات"ی لەشیش بووە. بەم زاراوە سەیرانە مرۆڤ ناتوانێت کەس قەناعەت پێبکات، بەڵام ئەوەی دەبێت بگوترێت لەلایەنە ناوەکیەکەوە راستە راوێژکارە پسپۆڕەکان دەڵێن تۆمەتبار، کە بەئاگاهاتەوە دوای ئەو بێ ئاگاییەی تووشی ببوو لەکاتی قەسابخانەکەی (١٩١٥) داو تیایدا کەسوکاری لەناوچوون، بۆنی تەرمەکانی کرد، دوای ئەوەش هەرکاتێك وێنەی یادگارییەکانی ئەو سەعاتەی بهاتایەتە پێشچاو هەستی بەبۆنی ئەو تەرمانە دەکردەوە، ئەمەش ئاماژەیە بەوەی دەروونی تۆمەتبارو گیانی تێکچووبوون، بەرادەیەك، کە ئەو وێنانەی دێتە پێش چاو دەسەڵاتی بەسەر ئیرادەیدا نامێنێت، کە من خاوەنی ئیرادەی خۆم بمو بۆنی شوشەی مەرەکەبەکەم بکەم، ناکرێت هەست بەبۆنی تەرم بکەم، بەڵام ئەگەر زانیم لەوانەیە پێشتر یەکێك بەو شوشەیە کوژرابێت، ئەوسا کەبۆنی شوشە مەرەکەبەکە دەکەم، هەست دەکەم بۆنی تەرم دێت بەلووتمدا، ئیتر لەو کاتەدا دەسەڵاتم بەسەر ئیرادەی ئازادمدا نامێنێت.

وەك زانراوە لەلاتان، شتێك هەیە لە (نوبەی ناڕاست) دەکات.

کەسانێك هەن زۆر بەئاسانی واهەست دەکەن، کە تووشی سەر سوڕانەوە بوون، ئەگەر بەشاخێکدا سەربکەون، دەبێت دەست بەشتێکەوە بگرن، هەرچەندە مەترسی کەوتنیشیان نەبێ، بۆچوون هەیە، کە مرۆڤ ناتوانێت دەستی بەسەردابگرێت، بۆ نموونە یەکێك لەپەنجەرەوە تەماشا دەکاتو لەوساتەدا ئەو بیرۆکەیەی لەمێشکدایە "دەبێت لێرەوە بازبدەی" باشتروایە مرۆڤ لەپەنجەرە دووربکەوێتەوەو دایبخات، چونکە هیچ کەسێك ناتوانێت بڵێت ئەو کەسە نەخۆشیی دەروونی نییەو لەوانەشە بەهۆی فشارێکەوە، کە ناتوانێت بەرەنگاری ببێتەوە، لەپەنجەرەکەوە بازبدات. بەرێزان راوێژکارە شارەزاکان ئەمەیان بۆمان لێکدایەوە بەجۆرێك، کە توانیمان زۆر بەسادەییو هێمنی بەدوایدا بچینو لێی تێبگەین، ئێستا پرسیارەکە ئەمەیە لەو کاتەدا چی روویدا لەگەڵ تۆمەتباردا؟ چی بوو ئەو وێنە زۆر بۆهێنەرانە، کە مێشکیان جەنجاڵ کرد. خۆی باشترین زانیاری داینێ سەبارەت بەو ساتە: دیمەنی تەڵعەت، کەهاتە بەرلین بیری لە تەڵعەت نەکردبووەوە، بەڵکو تا تێپەڕ بوونی چوار هەفتە لەژیانی لە بەرلیندا، بەڵام کە جارێکیان بەجادەی هاردنبێرگدا تێپەڕیو سێ تورکی بینیو چاوی لێ بوو چۆن یەکێکیان نوشتایەوەو گووتی "پاشا"، پاشان، کە لەدواییدا رۆژنامەکەی بینیو ئەو وێنەیەی ناسیەوە، کە تیایدا بوو، بەخۆی گووت ئەمە وێنەی "تەڵعەتە" هەرئەویش "تەڵعەت" خۆی بوو، کە بۆ تۆمەتبار هەمان ئەو رەنگە سورە بوو کە بەرچاوی کەسێك لەکاتی وروژانیدا لێڵ دەکات. پاشان ئەو پیاوەی جارێکی دیکە بینییەوە لەو بەیانییەی باسی دەکەین، دابەزییە جادەکە. چ جۆرە بۆچوونێك بەمێشکیدا دەهاتو دەچوو، کە دەستی برد دەمانچەکەی

هـەلگرتو دابـەزیو لەدواییـدا تەقـەی لێکـرد؟ ئەوانـە بۆچـونێکن لەگـەڵ کەسایەتی تەڵعەتدا لێك دەئاڵێن.

من حەزناکەم باسی سیاسەت بکەم لەهۆڵی دادگادا، بـەڵام ناشـتوانم ئامـاژە بەوە نەکەم، کە داواکاری گشتی ئەمەی کرد لەڕێی ئـەو قسانەی کـە کردنـیو لەبەرژەوەندی تەڵعەتدا بوو. ئەگەر ئەوە رووینەدابێت، مـن ناچـار نـەدەبووم قسەیەك بکەم لەبەرژەوەندیی ئەودا نـەبێت. گـوترا، تـاوانی کوشـتنەکە لێـرە کـراو دژ بـە "هاوپـەیمانێکی ئـەڵمانیا". ئەمـە راسـت نییـە، ئـەوو ئەنـدامانی لیژنەکەی هاوپەیمانی حکومەتی سەربازیی پروسی ئەڵمانیی پێشوو بوون.

ئەم کەسانە بەهیچ شێوەیەك هاوپەیمانی گەلی ئـەڵمان نـەبوون ، سـەرەڕای ئەمە لێرە گوترا کە تەڵعەت هاوپەیمانی ئەڵمانیا بوو. من ئـەم هەڵـە لـەکیس خۆم نادەمو ئەوەی بەئەرکی سەرشانی خۆمی دەزانم، دەیڵێم، کە هاوپـەیمانی گـەلی ئـەڵمانی هـیچ کاتێكو بـەهیچ جۆرێـك جەماعـەتی کۆمەڵـەی "الاتحاد والترقی" ی تورك نەبوون.

بـەڵام ئـەوان حکومەتـە کۆنەکـەی تورکیایـان روخانـدو دەسـەڵاتیان گرتـە دەسـت بـۆ مـاوەی نزیکـەی دە سـاڵ، لـەڕێی رژانـدنی دەریایـەك لـەخوێن. راستیشە کە حکوومـەتی ئـەڵمانی پێشـوو پـەیمانێکیان لەگـەڵیان مۆرکردبـوو، ئەو پەیمانی لەگـەڵ لیـنینو تروتسکیش ئیمزاکـرد، کـە ئەمانـە بەئـەڵمانیادا تێپەڕین تاکو لەڕوسیا شۆڕش بکەن، ئێمە لە حکومەتەکەی پێشوومان پرسـی ئایا دەزانێت لەکام وڵات شۆڕشگێڕو ئاژاوەچی دیکە هەیە، کە مـرۆڤ بتوانێـت هانیـان بـدات بـۆ شـۆڕش. مـن بـەهیچ جـۆرێ نـاتوانم دان بـەوەدا بنـێم، کـە تەڵعەت پاشا دۆسـتی گـەلی ئەڵمانییـە. دەشـێت تەڵعـەت پاشـا پیـاوێکی خـۆش مەشرەب بووبێت، بەڵام ئەندامیش بوو لە لیژنەیەك، کە لەپیاوانی سـەربازی

پێکهـاتبوو، هەرچـی دژی یاسـاییە، ئـەوە عەسـکەرتاریەتە. ئەمـە ئـەوەش ناگەیەنێت، کە ئەو کەسەی پیشەکەی سەربازی بێت، دەبێت بۆچوونەکانیشی سـەربازییانەبن، دەکرێـت یـەکێك ئەفسـەربێت یـان سـەربازبێتو بـەرگی سەربازیش بەدرێژایی رۆژ لەبەردابێتو لەگەڵ چەکدا سەواو مامەڵە بکات، بـەڵام پێویستی بەوەنییـە بیرکردنەوەشـی سـەربازی بێـت، دەکرێـت لـەناخی خۆیــدا بنـــەماو مەبدەئـــەکانی دادپـــەروەریو یاســـای حەشـــاردابێتو لەهەمانکاتیشــدا پیشــەکەی خــۆی بــەو جــۆرەی ئەرکەکــەی بەســەریدا دەسەپێنێت هەڵسورێنێت، بـەڵام لەلایـەکی دیکەشـەوە ژمارەیـەکی زۆرهـەن ـ مــن دەڵــێم نزیکــەی هــەموو ـ لەوانــەی بیروبۆچــوونی عەســکەرتاریان هەڵگرتووەو جلی سەربازییان لەبەردانییە، بەڵام پلەوپایەی ئیدارییان هەیـە، یـان وتـار دەڕازێننـەوەو نوێنەرایـەتی توندوتیـژی خوێنـاوی دەکـەن. بـیری عەســکەرتاری نوێنەرایــەتی مرۆڤــی توندوتیــژ دەکــا، کــە دژی مرۆڤــی دادپەروەرانە دەوەستێت مرۆڤی دادپـەروەر، داد لەسـەرو هـەموو (اعتبـارات) ێکی دیکەی گەردونەوە دادەنێت. ئەگەر بڕوای بـەئایین هـەبێت، دادپـەروەری بۆ ئەو یەکسەر لەخواوەیە، پاشان ئەو مرۆڤەی، کە ئاینـدارە، مـرۆڤ لای ئـەو کەسێکی پیرۆزەو پێش هەموو شتێك دەکەوێت.

بـەگوێرەی خـاوەن بـیری عەسـکەرتاری کارەکـە جیـاوازە، ئـەو مرۆڤـی توندوتیژییە، ڕێگە بەیاسا دەدات کاری خۆی بکات تـا ئـەو ڕادەیـەی، کـە بـەو زاراوە کلێســە ســووکە وەســفی دەکــەن "ڕێــك " بێــت لەگــەڵ پێویســتیە سـەربازییەکاندا، عەسـکەرتاریەتەکان بـەهیچ گـەل یـان سـنور یـان نەتـەوەوە پەیوەست نین، ئەوان لەهەموو شوێنێکداو لەنێوان گشت گەلانی گۆی زەمیندا هـــەن. ئەمانـــە کۆمـــەڵێکی یـــەکگرتوو پێکـــدەهێنن، کـــە کۆمـــەڵی

عەسکەرتارییەکانە، کۆمەڵی پیاوانی توندوتیژی لەبەرانبەر کۆمەڵی پیاوانی دادپەروەراندا. ئێمە خۆمان دەناڵێنین بەڕادەیەکی لەتوانا بەدەر لەژێر دەسەلاتی عەسکەرتاریەکاندا، ئەوانەی لەوەدەچێت هەندێك دەسەلاتیان هەیە لەرۆخی ئەوبەری روباری رایندا. کێ دەزانێت چی زیاتر بەسەر دێت بەدەست ئەوانەی بانگەوازی توندوتیژی دەکەن. ئێمە لەوجۆرانەمان هەبوو، کە بانگەوازی توندوتیـژییان دەکـرد، خەڵکمان رەوانـەی تورکیا کـرد بـۆ گەشەپێدانو تازەکردنەوەی سوپا لەوێ، ئەمەش کارێکە هیچ پەیوەندییەکی بەئێمەوە نییە، عەسکەرتارییەکانمان لەڕوسیا بینی، ئیستاش نۆرەی بەلشەفیکەکانە، کە عەسکەرتاریی فیعلین تاکو لەوێ حوکم بگرنە دەست. عەسکەرتار لەهەموو شوێنێکدا هەیەو هەر لەشێوەی بەشەردانو مێشکیان هەیە، بەلام لەمێشکیاندا ئەو ئامێرەی هەستی دادپەروەری پێکدێنێت، تێدانیە، رێك وەك چۆن ئاژەڵی پێشکەوتوو هەیە، بەلام قەت ناتوانێت دڵی هەبێت، کە هەستی مرۆڤایەتی تێدابێت، بەمجۆرە بەتەواوەتی هەڵوێستی عەسکەرتاریەکانیش وایە، بەلام گەلانی دیکە، ئەوانە جەنگو توندوتیژییان دەوێت، ئەمانەی پیاوانی توندوتیژی هەرئەوان بوون، کە گەلی ئەرمەنییان قڕکرد، نەك گەلی تورك، فەرمانـدان بـەڕاگوێزانی گەلێك بەتـەواوەتی خـراپترین رەواڵـەتی بیرکردنـەوەی عەسـکەرتاری بـوو، کـە لەوانەیـە سەرهەڵبداتەوە، ئەگەر ئەو قسانەی لێرەدا کران، کەدەڵێت لیژنەی "الاتحاد والترقی" قەناعەتی هەبوو کە پیاوە باشەکانی جەندرمە فەوتان، کەواتە لێرەو لەم حاڵەتەدا تەنها پیاوخراپو دزو جەردە هەیە لەڕیزەکانی جەندرمەدا. لەم حاڵەتەدا دەبایە فەرمانی راگوێزان دەرنەچێت، بەلام کە

ئەم فەرمانە هەبێتو داوا کراوە جێبەجێ بکرێت لەڕێی ئەمجۆرە کەسانەوە، ئەوسا بەرپرسیارییەتی دەکەوێتە ئەستۆی ئەو فەرمانەی بۆ دەرکردن.

ئێستا بیرۆکەکە بەتەواوی پێچەوانە دەکەمەوە: من تاوانەکە ئەخەمە ئەستۆی ئەو جەندرمانەی ئەو هەموو خراپەکارییەیان کرد لەڕێ، بەڵام نەك بەقەد ئەوەی ئەو کەسانە تاوانبارن، کە لە ئەستەنبوڵ دانیشتوونو فەرمانی جێبەجێکردنی ڕاگواستنیان خستە بەردەستی ئەمجۆرە کەسانە. لێپرسراویەتی تەواو دەکەوێتە ئەستۆی حکوومەت، کە فەرمانەکانی دەرکرد بە ڕاگوێزانو جێبەجێکردنی دایەدەست ئەمجۆرە کەسانەی جێی گومانن.

من لەگەڵ ئەو ڕایەدام، کە تاکەکەس ناتوانێت بەتەنها خۆی بڕیاربدا، کە ئایا دەچێت بۆجەنگ یان ناچێت. کاتێك جەنگ ڕادەگەیەنرێت، خەڵکی تێوە دەگلێنرێت، پاشان دەبێت بەشداریی تێدابکات، کە پارسەنگی جەنگەکەش بەدژی گەلەکەیدا دەشکێتەوەو بۆخۆیشی بەدیل دەگیرێت، ئەوسا دەبێت دوژمنەکەی ئەوە بزانێت کە دیلەکە بەخۆی جەنگی بەرپانەکردووە، بەڵکو ئەو ئەرکی خۆی جێبەجێ دەکات وەك یەکێکی گەلەکەی. هەموو دیلێك پیرۆزە، چونکە نوێنەری گەلەکەیەتیو لەپێناو نیشتماندا چوەتە جەنگەوە، بەڵام لەبەدبەختی خۆی بەدیل گیرا، هەرکەسێك جنێو بەدیلێك بدات یان وشەی ناشرینی لەڕودابکات، یان دەستی هەڵبڕێت بۆ لێدانی، من بۆ خۆم ئەو کەسە لەبازنەی کەسە بەڕێزەکان تا هەتایە داوێمە دەرەوە: چونکە من ڕێزم هەیە بۆ هەموو دیلێك، لەبەرئەوەی نوێنەری گەلەکەیەتیو هەرئەویش لەپێناو نیشتمانەکەیدا قوربانی دەداو تووشی ناخۆشی دەبێ کاتێك کە بەدیل دەگیرێت.

دەبێت حکومەتی ئەستەنبوڵ لەمە تێبگات، تەنانەت ئەگەر ئەرمەنیش لەگەڵ گەلانی دیکە پەیمانیان بەستو تەنانەت ئەگەر فەرماندەیەکی کوێریش خیانەتی کردو چووە پاڵ روسەکان. دەبێت کۆمەڵی "الاتحاد والترقی" ئەوە بزانن، کە هەزاران ژنو منداڵ هەن ئەم چیرۆکانەیان نەبیستووە، ئەوەش بزانن کە یەکێك لەمەرجەکانی راگوێزان رێکخستنی وردی پێویستیەکانی منداڵو ژنو پیاوەکانە، کە هیچ پەیوەندییەکیان بەو خائینانەوە نییە. ئەگەر من بەشێوەیەکی رەها دژی حوکمی ئیعدام نەبام، ئەم سزایەم بە دادپەروەرانە دەزانی، کە جێبەجێ بکرێت بەسەر ئەو کەسەی فەرمان دەردەکات لەبەر پێویستە سەربازییەکان، بێئەوەی گوێ بە ئەنجامەکانی ئەو فەرمانانە بدات کەدەبێتە هۆی ئێشو ئازاری کەسانی بێتاوان، من ئەوەی لەدەرەوەی هۆڵی دادگا دەگوترێت، بەشتی پڕوپووچ دەزانم، وەك ئەوەی دەگوترێت گوایا بۆیە ئەرمەنییەکان راگوێزران، چونکە پەیمانیان لەگەڵ روسەکان بەست، یان لەبەر پێویستی سەربازی. ماوەیەکی زۆرە خەڵکی هیچیان نەماوە لەموڵكوماڵو وابزانم دەتوانم بڵێم هیچیان نەماوە بیخۆن، ئەگەر هەندێك گوندی نێو شاخیش تاکە تاکە مابنو رۆڵەکانی ئەم نەتەوە یان ئەو نەتەوەی تێدا بژین، ئەمە بەهیچ جۆرێك پەیوەندیی بە پێویستی سەربازییەوە نییە. ئەگەر تەماشایەکی نەخشەی چیاکانی قەفقاسو چیاکانی ئارارات بکەن، دەبینن لەوێ پێوانەی فراوانی وا هەیە، کە لەپێوانەی ئەڵمانیا زیاترە، بەڵام چەند گوندێکی کەمی تێدایە. لەوێ (٢٠٠٠) ساڵە گەلێکی بەدبەخت دەژی. لەلایەکەوە لەخوارویەوە دەشتێکی بەپیت هەیە، کە هەمیشە مایەی چاوتێبڕینی ئەو گەلانە بووە، کە تینووی هێرشو تاڵانین، لەلایەکی دیکەوە بیابانێکی وشكو برینگ هەیە، کە

لەبیابانی گەورەی ئەفریقیا دەکاتو لەسەروشیەوە ڕێڕەوە شاخاوییەکانە، کە هی ئەرمەنییەکان نین، بەڵکو هەمیشە لەژێر دەسەڵاتی هێزە نامۆکاندا بووە، هەرکەسێك دەست بەسەر ئەم ڕێڕەوە شاخاوییانەدا بگرێت، بانەکە دەکەوێتە ژێر دەسەڵاتی ئەو. گەلی ئەرمەنی کە لەم بانـەدا دەژیو خـەریکی کشـتوکاڵە، هەمیشە لەڕاستو چەپەوە هێرشی کراوەتەسەر.

(١٥٠٠) سـاڵە ئـەرمینیا کـراوە بەسـێ بەشـەوە، بەشـێکی هـی روسـیایەو بەشێکی هی تورکیایەو بەشی سێیەمیش هی وڵاتانی فارسە.

گەلانی نامۆ یەك لەدوای یـەك هێـرش دەکەنـە سـەر ئـەرمینیا، وەك چۆن تورکیا هەنگاریای وێران کردو گەیشتە روباری راین، لەئـەرمینیاش کەسـێکی خوێن ڕێژ لەشێوەی کەسایەتی (ێتیلا) دەرکـەوت. ئـەو کەسـایەتییە ئێسـتاش لـەبیری منـداڵانی لای ئێمـەدا دەژیو هێشـتا هـەر لەژیانمانـدا مـاوە، وێنـەی ئەمانــە خــەڵکیان لــەوێ تۆقانــدووەو هەرەشــەی فڕکردنیــان لــێ کــردوون، حکوومــەتی کۆمــەڵی "الاتحـاد والترقـی" هــەڵی کوتایــە ســەر ئــەم گەلــە کشتوکاڵکەرو کرێکارو هەژارە.

"الاتحاد والترقی" لەواقیعـدا تورکیـای کۆنـە، تورکیـای کـۆن مانـای مرۆڤـی توندوتیژ، مانای عەسکەرتاریە. هۆیەکان تـەنها ئـایینی نـەبوون، بـەڵکو هـۆی سیاسیش بوون. ئێمە لێرە گوێمان لەهۆیـە سیاسـیەکان بـوو. دوای ئـەوەی لـە (١) ی ئابیساڵی (١٩١٤) جەنگ هەڵگیرسا، لیژنەی "الاتحاد والترقی" گووتیـان: ئێستا ئێمـەش دەتـوانین شـتەکە لەگـەڵ ئەرمەنـدا کۆتـایی پـێ بهێـنین، هـیچ هێزێکی مەزن نییە لەسەر رووی زەوی بتوانێت یارمەتییان بـدات. پێشـتر لـە دکتۆر لیبسیوسمان بیست، کە ئەم هێزی مـەزن یـان ئـەو هەمیشـە یارمـەتیی پێشکەش بەئەرمەنـەکان دەکـردو ڕێککەوتننامـەی نێودەوڵـەتیش مـۆرکرا بـۆ

چاکترکردنی بارودۆخی ئەرمەنییەکانو مسۆگەرکردنی مافی خۆیان تاکو ببن بەگەلێك.

بەڵام ئێستا جەنگی گەورە بەرپا بوو، وەك بیستمان، کە ئەو دوو تاقە خێزانە ئەرمەنییەی لە ئارزینجیان مانەوە، بەناچاری بوون بە موسوڵمان تاکو نەکوژرێن (دەکرێت بەمجۆرە بەشێوەیەکی ناڕاستەوخۆ وەڵامی ئەو پرسیارە بدرێتەوە کە یەکێك لەسویندخۆرە بەڕێزەکان کردی). دووژمنایەتیو دەمارگیری ئایینی هەبوو، مرۆڤ دەیویست مەسیحییەکان سەربڕێتو ئەرمەنییان تەنها وەك موسوڵمان دەویست، چونکە وای بۆ دەچوون، کە بتوانن بیری توندوتیژی کۆنی تورك لەچوارچێوەی قورئاندا بەشێوەیەکی باشتر جێبەجێ بکەن.

ئیمپراتۆریەتی توركی لەهەموو داگیرکارییەکانیدا پشتی بەتوندوتیژی سەربازی بەست. ئەم بیری سەربازییەش ڕێك نایێتەوە لەگەڵ ڕێنماییەکانی (تەورات) و (ئینجیل)، لەگەڵ قورئانیشدا ئەگەر مرۆڤ بەباشی لێی تێبگات. ئەم بیروبۆچوونانە لەناوەرۆکدا لەگەڵ مەبدەئی "ئەوی دیکەت خۆش بوێت وەك چۆن خۆتت خۆش دەوێت" دژ دەوەستێتەوە، لەبەر ئەم هۆیە کۆمەڵی "الاتحاد والترقی" هەڵەکەی قۆزتەوە بۆ فڕکردنی ئەم تاقە گەلە مەسیحییە، کە لەنزیك سنوری دوریدا دەژی. نەیانوێرا ئەمە دژی ئەو ئەرمەنیانە بکەن، کە لەئەستەنبوڵدا دەژین. لێرە هەرخۆیان وەزیری جولەکەو مەسیحییان دانا، بەڵام بەگوێرەی سنوری دوور کۆمەڵی "الاتحاد والترقی" بروسکەی دەنارد، کە ئێستا لەبەردەستماندایە، بۆ والیەکان (فەرماندە هەرێمییەکان) کەتیایدا فەرمانیان پێکراوە " گەلی ئەرمەنی دەبێت نەمێنێت" لەوانەیە لێرەدا مەبەست لە "نەمێنێت" نەمانی فیکری یان بیابان بێت، یان وەك

مرۆڤ سەبارەت بەمە زاراوە فرەنسیە کە (LE DESERT) بەکاردێنێت. ئەو والییانەی نەرمییان لەگەڵ ئەرمەنییەکاندا دەنواند، دەگوازرانەوە، ئەگەر گواستنەوەش کەڵکی نەبایە لەگەڵ ئەمجۆرە والییانەدا، لەپۆستەکەیان دەردەکران، لێرەدا تاوانی کوشتنی گەلێکمان لەبەردەمدایە، کە بەرپرسیاریەتییەکەی دەکەوێتە ئەستۆی لیژنەی "الاتحاد والترقی" و بەتایبەتیش وەزیری هەرە گرنگەکەیان تەلعەت.

لەسەعات یانزەی بەیانی (١٥) ی ئاداری ساڵی (١٩٢١) بیری هەزاران ساڵەی تلانەوەو ناڵەی گەلەکەی بە مێشکی تۆمەتباردا گوزەری کرد. ئەو ناڵەو ئازارەی هەر لەمنداڵییەوە، کە لە قوتابخانەی ئامادەیی بوو (خرایە مێشکییەوە)، جگە لەمەش داخستنی قوتابخانەکەی لەمانگی شوباتی هەمان ساڵدا، ئیتر بەمجۆرە بێ ئیش و کار دەسوڕایەوە، تا مانگی ئایار، بەمجۆرە توانی راگواستنی ئەرمەنییەکان ببینێت، بەڵام تورکەکان هێڵرانەوە، لەودۆخەدا ژیاو بینی چۆن کاروانی ئەرمەنییەکان دوای نیو سەعات لەدەرچوونییان لەشار فڕکرد، ئەو خوێن رشتنە کاریگەریی خۆی لەدەروونی تۆمەتباردا هێشتەوە. ئەمە ئەوە بوو، کە ئەو بەیانییە هاتەوە پێش چاوی.

با نموونەی حاڵەتی (ڤیلهلم تیل*) وەربگرین، میر گیسللەر گاڵتەی لەگەڵ دەکردو بەکۆیلەی کردبوو (ڤیلهلم تیل) ی ناچار دەکرد تەقە لە سێوێك بکات کەلەسەر سەری منداڵەکەی ڤیلهلم دانابوو. ئەم بیرۆکانەی وای لە - ڤیلهلم - کرد راچڵەکێت، بەزەینی تهلیریاندا گوزەرییان کرد، کامە لیژنەی سوێندخۆر لەهەموو جیهاندا دەتوانێت ڤیلهلم بەتاوانبار دابنێت، چونکە تەقەی کردو میری دەرەبەگی زۆرداری کوشت؟ من پرسیاردەکەم ئایا لەمەی

* - فیلهلم تل - گەورەپیاوێکی - نبیل - سویسری بوو کە دژی مەلیك شۆڕشی کرد (وەرگێڕی عەرەبی).

ئێستا بۆ ئێمە باسکرا مرۆڤانەتر هەیە؟ ئەو مرۆڤەی تۆڵەی ملیۆنێك کوژراوی کردەوە، تۆڵەی گەلێکی هەر هەموو بەتەواوی کردەوە، لەبەردەم ئەو کەسەدا بەرپرس بوو لەکوشتنی گەلەکەیدا رادەوەستێت، ئەو کەسەی بەرپرسە لەگشت ئەو ئێشو ئازارو تلانەوەیە، ئایا ناشێت ئەمە هەموو فشارێکی دەروونی بێت؟ ئایا ئێمە پێویستمان بەوێنەی دایك هەیە تاکو بۆچوونی نوژداریی زۆرەملێی دەرەکیمان هەبێت؟

ئێستا ئێمە وێنەی ئەم دایکەمان هەیە، تۆمەتباریش بەو سیفەتەی نوێنەری بنەماڵەکەیەتی، رەفتاردەکات وەك نوێنەری دایك، دایکی پێی دەڵێت (بێجگە لەمە چیتر کورم نیت). هەموو ئەم بیروبۆچونانە سەری جەنجاڵ کردبوو، کە دەمانچەکەی هەڵگرتو دابەزییە خوارەوە. کەواتە کە رایکردە خوارەوە، دەیویست بەجۆرێك لەجۆرەکان بەرگری لەگیانی دادپەروەری بکات دژی مەبدەئی توندوتیژی، ئەو کە دابەزی بەو سیفەتەی نوێنەری مرۆڤایەتیە دژی نوێنەری نامرۆڤایەتی، بەو سیفەتەی نوێنەری یاسای گەشە دژی زوڵمی تاریك. ئەو وەك نوێنەری هەموو چەوساوەکان هات دژی نوێنەری چەوسێنەرەکان! لەپێناو یەك ملیۆن کوژراو هات بۆ رووبەرووبوونەوەی ئەو کەسانەی لێپرسراون لەم تاوانانە! وەك نوێنەری باوکی هات، کە لەتەمەنی پەنجاو پێنجساڵیدا بوو، دایکی، کە لەتەمەنی پەنجاو دوو ساڵیدا بوو ـ من لێرە کە باسی تەمەن دەکەم، چونکە پێشترو هەرلێرەش باسی تەمەنی تەلعەت پاشا کرا وەك کەسێك، کە لە (تەمەنی پیاوێکی توندو تۆڵدابوو) وەسفکرا. وەك نوێنەری خوشكو زاواو براو لەکۆتاییشدا وەك نوێنەری کوڕی خوشکەکەی، کە تەمەنی دوو ساڵان بوو.

نیـوەی تەمـەنی نەتـەوەی ئەرمـەن، کـە دوو هـەزار سـاڵەو تـا بچـوکترین منــداڵی لەپشــتیەوە وەســتابوو، بــەجۆرێك لــەجۆرەکان ئــاڵای مرۆڤایــەتی هەڵگرتبوو، ئاڵای تۆڵە سەندنەوە بۆ شەرەفی خوشکەکانو خزمەکانی. ئەمە بـیرو بۆچـونەکانی بـوون. ئـەم بیروبۆچـونانەی لەمێشـك دا بـوو کاتێـك ئـەو کەسەی بینی کە بووە مایەی لەککەدارکردنی شەرەفی بنەماڵەکـەیو بوەهـۆی قڕکردنی هەرهەموویان، بووە هۆی قڕکردنـی گـەلێك بەتـەواوەتی. تۆمـەتبار لەڕووی عەقڵییەوە لاواز بوو، مرۆڤێك، کەنەخۆشـی دەروونـی هەیـە. ئێـوەش سـوێندخۆرە بـەڕێزەکان، دەبێـت لـەم مەسـەلەیە بکۆڵنـەوە - دادگـا کـاتی پێویستی بۆ ئەم مەبەستە دانـێ ـ چـی لەمێشـكو عـەقڵی ئـەم مرۆڤـە دابـوو لەکاتی ئەنجامدانی تاوانەکەیدا، ئایا خۆی خاوەنی "بڕیاری ئیرادەی ئـازاد" ی خۆی بوو؟

بەڕێزان، من قەناعەتێکی بەهێزم هەیە، کـە ئێـوە پـێش ئـەوەی مـن یـەك وشە بڵێم راتان وابوو، کە ئەم پیاوە خاوەنی "بڕیاری ئـیرادەی ئـازادی" خـۆی نەبوو. ئەگەر ئەم وشە لاوازانەی من شـتێکی خسـتبێتە سـەر بابەتەکـە، ئـەوا جگە لـەوەش ویسـتی بنـەما یاساییەکان پێشـکەش بکـات تـاکو ئێـوەش بـزانن چۆن بەپێی یاسا حوکم دەدەن.

بەڕێزان بیر لەوەش بکەنەوە، کە چاوی مـرۆڤایەتی بڕاوەتە ئـەو حوکمـەی ئێـوە دەیـدەنو چـاوی دادپـەروەری لەگـەڵ هەسـتە مرۆڤایەتیـەکان لەیـەك ڕێڕەوی بەهێزدا چاوەڕێتان دەکەن! زۆر بەسادەیی:

ئەو تاوانبار نییە! جگە لەوەش چیترمان لا گرنگ نییە.

**بەرگریکەر نیمایر:** سوێندخۆرە بەڕێزەکان دەبێت ئێمە تەنها وەڵامی یەك پرسیار بدەینـەوە، چونکە تـەنها ئەم پرسیارە، یەکەمەو ئەوەی لەبەردەممـاندا

وەستاوە دوای ئەودێت. پرسیارەکە ئەمەیە ئایا تهلیریان تاوانبارە بەتاوانی کوشتن، ئایا دەبێ ملی بکرێت بەپەتەوە لەبەرتاوانی (١٥)ی ئادار.

هەر یەکێك لەئێوە دەبێت دوو مەسەلە بەتەنیا راڤەبکات. مەسەلەی یەکەم ئەوەیە کە هەریەکێك لەئێمە دەبێت لەواقیعی ئەوکارەی، کە زیاتر جووتە لەگەڵ راستیدا، بژی، بەتەبا بوون لەگەڵ ناوەرۆکی ماددەکانی یاسای سزاکان.

مەسەلەی دووەمیش دەبێت بیر لە مانای ئەرکە دادوەرییەکەتان بکەنەوە، ئەمەش شتێکی دوو لایەنەیە، یاسای سزاکان جگە لەو مادده دیاریکراوانەی تا ئێستا باسمانکردن، ماددەی دیکەی زۆری تێدایە، ئەو ماددانە لەبڕگە پێك دێنو بڕگەکانیش لەڕستەو رستەکانیش لە بەشە رستەو بەشە رستەکانیش لەوشەو وشەکانیش لە بڕگە، هەر ماددەیەك لەگەڵ ئەوەی دیکەداو لەگەڵ خۆیدا بەهێڵی بێ کۆتایی لەگەڵ شتی دیکە دەبەسترێتەوە، ئەمەش ئەوەیە، کە ئێمەی یاساناسان پێی دەڵێین (تۆپەڵی دەزوولەکان). ئەگەر ئەم ئیشانە یاسایی بن، ئەگەر بۆ ئێمەش وەك گوزارەو وەك سیستەمی خزمەتی دادوەری بێتە بەرچاو، ئەوسا مرۆڤ ئەگەر قەناعەتی هەبوو ناتوانێت خۆی لێ لابدات وەك پەندەکەش دەڵێت "شەیتان بۆخۆیشی دەتوانێت پەنابەرێتە بەر ئینجیل".

بەدەگمەن شێوازێك یان ئاماژەیەك بۆ یاسا دادوەرییەکان یان مادده یاساییەکان هەیە، کە مرۆڤ نەتوانێت لەڕێی هەر هۆیەکی ژێر بەژێرییەوە بەرگری لێ نەکات.

ئەگەر مەسەلەکە لێرە پەیوەندیی تەنها بەمەوە هەبێت، لەو حاڵەتەدا من شەرەفی ئەوەم نەدەبوو لێرە راوەستمو نەشمدەتوانی بەرگری بکەم بەو

بڕوایەی هاوەڵانم لەدەستەی بەرگری‌و دۆستەکانی تۆمەتبار بەمنیان داوە. تاقە مانای ئەرکی من لێرە ئەوەیە ئەو ئەرکە جێبەجێ بکەم، کە کەوتە ئەستۆی یاسادارێژەرو ئەستۆی دادگای سوێندخۆران لێرە. لەئەرکەکانی زانستی ماف زانینی پەیوەندییەکان‌و گەشەپێدانی ماددە مردووەکانە تاکو مانایەکی زیندوو وەربگرێت.

زۆربەی جار دەتوانین ئەمەبکەین بەجۆرێك، کە لەگەڵ مانای ژیاندا تەبابێت، مانای دەوڵەت‌و یاسا، مانای کۆمەڵ، مانای ژیانی هاوبەشی مرۆڤایەتی، دادگای سوێندخۆران کۆنترین دادگایە لەجیهاندا. هەموو کەسێك لەگەڵ دادگای سوێندخۆراندا دەستی پێکردووە، ئەڵمان‌و رۆمان‌و بەریتانییەکان. قازییەکانی رۆمان‌و سوێندخۆرە ئەڵمانییەکان هەموویان قازی بوون. تاکە یاساناسی پسپۆر تەنیا سەرۆکی دانیشتنی دادگا بوو. راستە تێگەیشتنی دروست ئەوەیە، کە کاریگەریی ژێر بەژێری توندی‌و بنبڕی‌و یەکجارەکی وەك چەقۆ وایەو دوو دەمی تیژی هەیە لەزاراوەو ماددە یاساییەکانداو ناکرێت دەستیشی لێ هەڵگیرێت لەتەکنیك‌و لێك گەیشتن‌و ئامادەکردن‌و دووبارە بنیات نانەوەدا، بەڵام ناکرێت ئەوە ببێت بەدواشت‌و یەکجاری، ئەوەی حوکمەکانی دادوەری دیاری دەکات، بیری بنەڕەتی دادگای سوێندخۆرانە، ئەمەش بە پەیوەست بوون لەگەڵ هەردوو رووی ئەرکەکە: رووی یەکەم رێزگرتن لە رووداوەکە بەپێی خەملاندنێکی ئازادو دابڕاو، ئازاد لەبنەماکانی بەڵگە شەکلییەکان‌و لەلایەکی دیکەوە رێزگرتن لەمانای دادوەری، ئەمەش مانای وایە رێزو ئامانج‌و پەیوەستەکانە، کە کێشەی پێوەندەو کار لەبڕیاریش دەکات.

ئێستاش ئەگەر لێرە بچمە سەر پرسیارە تەقەنییە تاکەکان، ئەوا زۆر بەکورتیو بایی پێویستی زۆر ئەمە دەکەم. بەشێوەیەکی سەرەکی دەمەوێت باس لەو پەیوەندیانە بکەم کە مەسەلەکەیان پێوەبەندە بەتەنها، من باسی مەسەلەی (بڕیاری پێش وەخت) ناکەم، هەروەها باسی ئەوەش ناکەم کە پەیوەستە بە (باردۆخە سوککەرەکان).

من کەمێك باسی ئەوە دەکەم، کە پەیوەندیی بەو هۆیانەوە هەیە، کەیارمەتی دەدا بۆ لێبوردن کەجێی ئەو هەڵەیە دەگرێتەوە، رەنگە ئێمە لێرە بیکەین، من باسی ئەو ساتە ناکەم، کە تیایدا بیر لەتاوانەکە کرایەوە. بەگوێرەی من هیچ گومانێك نییەو بەهیچ جۆرێك، کە لەو ساتەی تاوانەکەی تیاکراو هەموو شتێکی دیکەش تەنها لەسەر ئەوە وەستاوە، هیچ جۆرە بیرکردنەوەیەك نەبووە، تەنانەت ئەگەر لەوەپێش تۆمەتبار بەزۆریو تا ئەوپەڕی بیری لەبابەتەکە کردبێتەوە، کە بە (نەء) وەڵام دەدرێتەوە بۆ پرسیاری ئایا پێش وەخت بڕیار هەبووە بۆ ئەو کارە، ئەوسا دەکرێت باسی دۆخی ئاسانکردنەوە  بکرێت، نابێت ئەوە هیچ رۆڵێك بگێڕێت سەبارەت بەپرسیاری سەرەکی، چونکە ئەوسا کارەکە دەبێتە پەنابردنەبەر ئیسراحەتو خۆدزینەوە ـ بەڵێ دەبێت خاڵ لەسەر پیتەکان دابنێین ـ کە ئەنجامی کەم بایەخدانە کاتێك مرۆڤ لێپرسراویەتییەکە دەهێڵێتەوە بۆ قۆناغەکانی دواترو لەبەرپرسیارییەتی خۆی دەدزێتەوە بەوەی بیخاتە ئەستۆی لایەنی دادوەریی دیکە، باشتر وایە، کە وەڵامی پرسیاری تاوانی کوشتنەکە یان بە (ئا) و یان بە (نا) وەڵام بدرێتەوە.

پرسیاری ئەوەی ئایا تۆمەتبار خاوەنی تەواوی هێزە عەقڵییەکانی بووە، ئەمە بەڕای من لەوانەیە روونی بکاتەوە، پێش هەر بۆچوونێکی دیکە لەبەر

دوو هۆ: یەکەمیان ئەوە بوو، کە شارەزا پسپۆڕەکانو بەتایبەتی ئەو شارەزا پسپۆڕە، کە دژی تۆمەتبار لەهەمووان زیاتر قسەیکرد، دکتۆر شتورمر باسی (حاڵەتی هێزە عەقڵییەکانی کرد لەساتی ڕوودانی تاوانەکەدا) و گوتی "من نازانم، مرۆڤ ناتوانێت ئەوە بزانێت" پرۆفیسۆر کاسیرەر ڕێك هەمان شتی گوت. ئەگەر مرۆڤ لەبابەتەکەی نەزانی دەبێت لەم حاڵەتەدا وا بڕیارنەدا، کە دەزانێت.

هۆی دووەم: نەبوونی پلانە لەو شێوازەی تاوانەکەی پێ جێبەجێ کرا، دەبوو تۆمەتبار بەردەوام بێت لەچاودێریکردنی تەڵعەتداو لەوانەیە هەلێکی باشتری بۆ بڕەخسایە، باشتر لەوەی لەجادەی هاردنبورگ بۆی ڕەخسا، بەڵام نامەوێت لەمڕووەوە درێژەی بدەمێ. من وای بۆدەچم، کە بەتەواوی ڕوون بووەتەوە، کە ئەوساتە بڕیاری پێشوەختی تێدانەبووە، بەڵکو "بڕیاری ئازادی ئیرادە" ش دیسانەوە نەبووە، بەڵام من بایەخی زۆرتر بە (إعتبار) ی دووەم دەدەم: ئەو ماددەیەی دەبێت ئێوە پشتی پێ ببەستن لەحوکمدانەکانتانا "ئەوەی مرۆڤێك بەعەمدی بکوژێتو ئەگەر کوشتنەکەی بەبڕیاری پێشوەخت جێبەجێ کرد، بەهۆی تاوانی کوشتنەکەوە حوکمی ئیعدام دەدرێ. وادابنێین ئێوە بە (بەڵێ) وەڵامتان دایەوە واش دابنێن کە سەری تهلیریان کەوتە ژێر تەوری جەللادەوە، هەروەها وادابنێین، کە لەبارودۆخی دیکەی جیاوازدا یەکێك تۆمەتی کوشتنی خستە پاڵ جەللادەکە "ئەوەی مرۆڤێك بەعەمدی بکوژێتو کوشتنەکەشی بەبڕیاری پێشوەخت جێبەجێکرد، بەهۆی تاوانی کوشتنەکەوە حوکمی ئیعدام دەدرێت" ئایا سوێندخۆرە بەڕێزەکان دەکرێت جەللادەکە بە ئیعدامکردن سزابدەن؟ ئایا حوکمی دژ دەردەکەنو دەڵێن: بەڵێ، ئەو بەکوشتن تاوانبارە. کەسێك لێرە بوو لەبەرلین پێش چل

ساڵ، مامۆستا بوو لەدادوەریدا، ئەمە بەجیددی رای ئەو مامۆستایە بوو. کێشەیەکی بچووك هەیە پەیوەندیی بەم باسەوە هەیەو ئاوڕی لێنەدراوەتەوە، ئەویش ئەوەیە لەزۆر ماددەی یاسای سزادانی تاواندا دەقێکی راشکاو نییە بڵێت سزادان پەیوەستە بەنایاساییی‌و ئاگادار بوون لەنایاسایی ئەمەش بخەنە سەری "ئەوەی بەبێ یاسایی دەکوژێت..." ئەوسا ئەوە راست دەبێت. هەمووشی رێکن، کە نایاسایی داوادەکرێت هەمووکاتێك بۆ رووداوی دووچاربوونی سزا، لەپاڵ داواکاریی نایاسایی، جگە لەمە داواکاری ئاگای نایاسایش هەیەو رایەکی راستیشە.

لەوە بەدەرکەوێت کە تۆمەتبار کە بەشێوەیەکی بابەتی بەجۆرێکی نایاسایی رەفتاریکرد، بەڵکو بەشێوەیەکی پێچەوانەی یاساش، بەڵام ئەمە هەموو شتەکە نیە بەتەواوەتی، کە بێگومان بێت، چونکە بێگومان نابێت بەتەواوەتی ئەگەر جەنگ لەنێوان تورك‌و ئەرمەن هەبووبێت، بەمجۆرە دەتوانین تەماشای هەردوولا بکەین، بەپێی یاسای گەلان، بەسیفەتی دوژمن، هەروەها ئایا دەبێت ماددەی چواری دەستووری ئیمپراتۆری لەبەرچاو نەگیرێت لەم حاڵەتەدا، چونکە بەپێی ئەو ماددەیە بنەما بنەڕەتییەکانی مافەکانی گەلان دیاری دەکرێت کە بەگشتی دانی پێدانراوە ئەو بنەمایانەی یاسای ئەڵمانی پێکدەهێنن، هەروەها بنەما بنەڕەتیەکانی مافەکانی گەلان، کە لەچەند دەوڵەتێکی دیاریکراودا کاری پێدەکرێت، ئەمە دەکرێت لەم بارەوە تەماشابکرێت وەك بنەمای بنەڕەتی دانپێدانراوی مافی گەلان. بەڵام من پێویستم بەوەنییە بچمە ناو وردەکارییەکانی ئەم بابەتەوە.

گرنگترین هۆ لەمبارەوە ئەوەیە، کە ئاگابوون لە نایاسایی لای تۆمەتبار لەوە دەچێت تاڕادەیەك لەژێر کاریگەریی هەستی نەتەوەیی بێت بەیاسایی

یان نایاسایی رەفتار لای گەلە رۆژهەلاتییەکان، کە شێوازێکی جیاوازی هەیە لەوەی لای ئێمە هەیە. دەبێت ئێمە، کە حوکم بەسەر حاڵەتی دەروونی تهلیریاندا دەدەین و بەشێوەیەکی تایبەتیش، کە بەشێوەیەکی نایاسایی حوکم بەسەر هۆشیدا دەدەین، سەرشارمان ئەوەبێت، کە بەگوێرەی رۆژهەلاتییەکان و ئەرمەنیش هەرچەندە (٣٠٠) ساڵ لەدوای مەسیحەوە مەسیحین، عادەت و ئایین بەتەواوی یەك شتە. هەموو تایەفەیەکی تورکی یاسای جیاوازی هەیە، فارسی شیعە یاسای شیعەگەرییان هەیە و تەنها قورئان لای ئەوان کاری پێدەکرێت (وەك ئینجیل لای پرۆتستانت بێ دابونەریت). شتەکە لای سوننەکان (داب و نەریت) جیاوازە: لای حەنەفییە تورکەکان لەپاڵ قورئاندا سوننەت هەیە و کاری پێدەکرێت. بەمجۆرە هۆشیاری یاسایی لەبەر ئەم هۆیە جیاوازە، چونکە ئەوان تایەفەو ئایینی جیاجیایان هەیە. شتەکەش بەو جۆرەیە بەگوێرەی مەسیحییەکانی رۆژهەلاتیش. ئایین بووە ـ لەهەمان کاتدا ـ هۆو کارلێکەر لەکێشەکەماندا وەك راستیی و وەك واقیع، بەتەواوەتی بەپێچەوانەی ئەو ژیانەی ئێمە لێرەدا دەژین. ئیسلام زۆر بەهێزە، هەر ئەویش وەك جۆری ژیانی واقیعی، لەوێ واقع و راستی بەرجەستە دەکات زیاتر لەوەی مەسیحیەت لەهەموو سەردەمەکاندا کردی، تەنها چەند تایەفەیەکی مەسیحی نەبێت، کە ئایین و ژیان لەواقیعدا یەك شتە بەگوێرەی ئەوان.

ئەرمەن گەلێکن بەجۆرێکی دیار پەیوەستن بەئایینەوە، تەقسەکانیان و پەیوەندییە توندەکانیان، هەروەها سەبارەت بەخوو ڕەوشتە ئایینییە رۆژانەکانیشیان. ئەمەش وەك تەقسەکانی دەستنوێژ و نوێژ وایە لای ئیسلام. ئەرمەنی لەژێر کاریگەریی تەواوی ئایینیدا دەژی، منیش ناتوانم ئەم قسەیە

لەبەرژەوەندی ئەرمەندا نەڵێم: هەندێ پەندی خراپ، کە وەك پارەی پەنجا بفنیك (ـ نیومارکی ئەڵمانی ـ وەرگێڕ) دەستاودەست دەکاو بوە هۆی ئەوەی ناوبانگێکی خراپ بۆ ئەرمەنی دروست ببێت "یۆنانی سێ جولەکە دەفرۆشێتو ئەرمەنیش سێ یۆنانی" و گەلێك پەندی دیکەش. بەڵام پەندێکی فارسی دەڵێت، فارسیش لەهەموو کەس زیاتر شارەزای ئەرمەنن، "نانەکەت لەکورد وەربگرە، بەڵام لەماڵە ئەرمەنیدا بخەوە"، ئەمەش مانای وایە کە فارسی موسڵمان رێنادا نان لەئەرمەنی وەربگیرێت، بۆیە لەکوردی وەردەگرێت، بەڵام میوانداری هاوئایینەکەی خۆی قبوڵ ناکات، بەڵکو دەچێتە میوانداری ئەرمەنییەکە، چونکە ئەرمەنی دزی ناکات. پاراستنی موڵکیەتی تاکەکەسیو رێزگرتن لەهیچ شوێنێك وەك لای ئەرمەن بەباشی پەیڕەو ناکرێت. گوێمان لێبوو تۆمەتبار، کەوەڵامی پرسیاری سەرۆکی دادگای دایەوە، کە ئایا دان بەتاوانەکەیدا دەنێت گووتی (نەخێر)، کە بەڕێز سەرۆکی دادگا لێی پرسی بۆچی دان نانێت بەوەی کە تاوانباری؟ تۆمەتبار وەڵامی دایەوە "ویژدانم ئاسوودەیە". لای تۆمەتبار جیاوازی نییە لەنێوان مانای رەوشتی راستو پابەندبوونی راستەقینە بەیاساوە. ئەو ناتوانێت بیرلەوە بکاتەوە کە شتێك لەڕووی رەوشتیەوە راستو باش بێت، لەوانەیە لەڕووی یاساییەوە هەڵەبێت.

ناتوانێت بەتەواوی بیرلەوەبکاتەوە منیش بەتەواوی قەناعەتم هەیە، ئێوەش دەبێت وەك من بن، کە ویژدانی زیندوی تۆمەتبار گومانی تێدانییەو هەیەتی، لەکاتی نەبوونی ـ وقائع ـ ە هەست پێکراوەکان بەتەواوی، سەرزەنشتی دەکات، بەڵام ئەو لەیەکەم ساتەوەو لەهەموو دۆخێکدا پێیەتی. ئەم ویژدانە زیندووە لەدارشتنی یاساییدا مانای رەفتاری هۆشمەند دەدا، کە

وەك بەرد رەقە لەچاودێریکردنی یاساداو لەهیچ کاتێکدا شتێك نەکرێت، کەڕاست نەبێتو تەنها خۆبەستنەوە بەیاسای راستەقینەوە باروذۆخی دەروونی تۆمەتبارو کاریگەری قوڵی ئەو رووداوانەی تیایاندا ژیا، پاشان ئەو وێرانکارییە تەواوەی کاری لەعەقڵو میزاجی کرد لەساتەکانی ژیانو بیرکردنەوەیدا، ئەمەش لەلایەکی دیکەوە بەتوندی پەیوەستە لەگەڵ هەستی توندی ئەرمەن بەپەیوەندیە خێزانییەکانەوە. یەکێك لەخزمانی تۆمەتبار دوێنێ هاتو دەبایە ئەمڕۆ گوێ لەشایەتیەکەی بگرین، بەڵام بەداخەوە ناکرێت گوێی لێ بگیرێ سەبارەت بەبابەتەکە، بەڵام ئێوە گومان لەوەناکەن، بەڕێزان شارەزا پسپۆڕەکانیش، کەلێرەن، پشتگیری قسەکەم دەکەن بەجۆرێکی قەناعەتهێن، کە ژیانی خێزانی لای ئەرمەنییەکان بەتەواوی سروشتێکی تایبەتی هەیە، ئەگەر ئەو گوزارەیەتان لەبیربێت، کە تۆمەتبار لەوەڵامی پرسیارەکەدا گووتی، ئایا ژیانی لەگەڵ بنەماڵەکەیدا باش بووە ـ نازانم ئەگەر ئێستا لەبیرتانبێت ــ دەموچاوی راچڵەنینێکی سەیری پێوە دەرکەوت ـ وەرگێڕەکە لەقسەکردن وەستا... من لەو بڕوایەدام، کە ئەم پەیوەندییە توندوتۆڵەی لەڕوویدا دەرکەوتو تۆمەتبار بەئەندامە کوژراوەکانی خێزانەکەیەوە دەبەستێت، کار لەناخی دڵ دەکات.

ئێستا پەیوەندیی تۆمەتبار بەگەلەکەیەوە باس دەکەین، ئەو گەلەی، کە بۆ ئەو بریتیە لەبەردەوامبونێکی دیکەی خێزان. ئەرمەن بریتین لەخێزانێکی گەورە، کە ئیمپراتۆریەتێکی گەورەیان پێك دەهێنا. لەئیمپراتۆریەتی عوسمانیدا تەنها بریتی بوون لەخێزانێکی گەورەی بەسەبر. کە گەلان دەستیانکرد بەدەرهێنانی ئازادییەکانیان لەچنگی تورکیا، گەلی یۆنان ساڵی (١٨٢٠) بەیارمەتی ئەوروپا رزگاری بوو، کە میسریش

لەچلەكاندا سەربەخۆیی بەدی هێنا (مەبەستی چلەكانی سەدەی نۆزدەیە - وەرگێڕی عەرەبی) پاشان میرنشینەكانی رووباری راین، دوای ئەوە بولگارو رۆمانو سربو مۆنتیگمەرییەكان و ئەلبان. لەوكاتەدا ئەرمەن بێدەنگو بەسەبر بوون. ئەرمەن هیچ جۆرە پشێوییێكیان بەهیچ جۆرێك بۆ دەوڵەتی عوسمانی دروست نەكرد، ئەرمەن رانەپەڕین كە لەساڵی (١٨٦٠) (قەسابخانە دژیان بەشێوەیەكی زۆر فراوان لەسایەی دەوڵەتی عوسمانیدا كرا - وەرگێڕی عەرەبی) چونكە بەشێكی (ملتزم) و دڵسۆزی ئیمپراتۆریەت بوونو نوێنەری نەتەوەیی خۆیان رەوانەی (ئەنجوومەنی نیشتمانی) كرد لەئەستەنبوڵ، كە نموونەی دارِمانی كەنەسیو سیاسی نەتەوەكانی رۆژهەڵات بوو. راستە ناوی ئەنجومەنی نیشتمانی بوو، بەڵام وەك شێوە كە ئەنجومەنێكی كەنەسی دەكرد، كە گەلانی بەلقان لەهەموو شوێنێك كۆتو بەندی خۆیان پچڕاند، ئەرمەنیەكان سەبریان گرت، چونكە هیوایان وابوو كە چاكسازییەكان گەرەنتی ژیانو موڵكدارییان بۆ مسۆگەر دەكات، هەروەها رێگەشی بۆخۆش دەكات هاوبەشی بكەن لەبەڕێوەبردنی ئەو كاروبارانەی تایبەتە بەخۆیان. لەوكاتەدا بێدەنگ بوون. سەرەتا لەدوای كۆنگرەی بەرلین ساڵی (١٨٧٨)، كە هەموو كەس بەشی خۆی وەرگرتو كە دابەشكردنی توركیای ئەورووپی مسۆگەر بوو، شتەكان گۆڕان. لێرەدا توركەكان لەوەترسان كە ئەرمەنییەكان، كە ئێستا بەتەنیا ماونەتەوە، مەترسی دروست دەكەن، لێرەوە توركیا قەناعەتی هێنا، بێ ئەوەی ئەرمەن هیچ بەهانەیەكیان بداتێ، یەكەم زنجیرەی هێرشو قەسابخانە دژبە ئەرمەن دەست پێبكات.

لێرەوە ئەرمەنیەکان دەستیان کرد بەخۆڕێکخستن، لەپاریسو جنێڤ لیژنـەیان پێکهێنا بۆ بەدیهێنانی ئەو چاکسازییانەی کە ماددەی (٦١) ی کۆنگرەی بەرلین بڕیاری لەسەردابوو.

پاشان کارەکان هەر جارەو بەلایەکدا دەچوون. من نامەوێت بەتەفسیل هەموو شتەکان هەریەکەو بەجیا روون بکەمەوەو بەدوایاندا بچم. ساڵی (١٨٩٩) دووجار چوومە ئەستەنبوڵ. ئەو حەکایەتانەی لەوێ بیستم لەو کەسانەی بەچاوی خۆیان قەسابخانەکانیان دیبوو، کە لەمانگی ئابی ساڵی (١٨٩٦) دا روویاندابوو، لەدەروونی مندا هەستی زۆر بەئازاری بەجێهێشت، کە لە (١٦) ئازاریشدا لەڕۆژنامەکاندا ئەوەی لەجادەی هاردنبێرگدا رویداوە، خوێندمەوە، لەبەردەممدا سێ وێنە دەرکەوتنو ناتوانم لەبیری خۆمیان ببەمەوە، هیچ کام لەو سێ رووداوە بەخۆم دەرکم پێ نەکردن، بەڵام ئێستا لەبەردەممدا وەستان، وەك بڵێیت بەزاتی خۆم دەرکم پێکردن.

لە (٢٦) ی ئابی ساڵی (١٨٩٦) دا، کە ئەرمەنییەکان خۆیان بۆ کودەتا ئامادەکرد، ئەم کودەتایەش لەلایەن پۆلیسی حکوومەتی تورکیاوە ئاشکراکرا، لێرەدا حکوومەتی تورکیا، سوڵتان عەبدولحەمید، هیچی نەکرد بۆ رێگرتن لەو کودەتایە، لەکاتێکدا دەیانتوانی زۆر بەئاسانی ئەوەبکەن، بەڵام لەبری ئەوە پێشوازیی لەکودەتاکە کرد. چەند پیاوێك چەکدارکران بەدارو تێڵا و پێیانگوترا هەر ئەرمەنێك لەجادە ببینن لەنیوەڕۆی رۆژی (١٦) ی ئاب بەدواوە، تامردن دارکاریی بکەن. من گوێم لەژنو منداڵی ئەڵمان بووە کەباسی ئەو کوشتنانەیان دەکرد، چونکە بەچاوی خۆیان دیبوویان. وێنە نمونەییەکە چۆن بوو: پیاوە تێڵا بەدەستەکان دەسوڕانەوەو نیوەی سەرەوەی لەشیان رووت بوو پانتۆڵی پانو پۆڕیان لەبەردابوو. پۆلیسی تورکیان لەگەڵ

بــوو، کــە چــاویان بەئەرمەنییــەك دەکــەوت، هێرشــیان دەکردەســەری. ئەرمەنیەکان لەسەر چۆك دەچەمانەوەو دەستیان بەرزدەکردەوە وەك ئاماژە بـۆ نوێـژی موسـوڵمانان. لەهەمانکاتـدا کـە سـەریان نـەوی دەکـرد بـەداروتێڵا تێیـان بـەردەبوون تـا دەمـردن. (٩٠٪) ئەوانـەی مـردن، بـەم ڕێگەیـە سـەریان بـەتێڵا لێـدرابوو. وێنـەی دووەم: چـۆن تەڵعـەت پاشـا سـاڵی (١٩٠٨) گەیشـتە حکوومەت؟ لەگەڵ چەند هاوڕێیەکدا، لەسیاسەتدا هاوڕێی یەکدی بوون، هاتە وەزارەت، بۆ نوسینگەی سەرۆك وەزیران، کـە چاوەڕێی دەکـردو جگەرەیـەکی بەدەمـەوە بـوو. پاشـان دەسـتی دەخاتـە گیرفـانیو شـتێکی لـەم بابەتـەی پـێ دەڵێــت "ئێســتا چــی دەکــەن؟ ئێــوە دەزانــن ئێمــە حــەز بــەوە ناکــەین". هەرلەوسـاتەدا تەقەیـەك لەتفەنگێکـەوە کـراو ئـەو کەسـەی تەڵعـەت پاشـا دەیویست لەسەرکار لای ببا، گوللەیەك بەر ملی کەوتو یەکسەر مرد.

پاشــان دیمــەنی ســێیەم دێ لــە (١٥) ی ئــاداری ســاڵی (١٩٢١)، کــە ئێمــە هەمووماں دەیزانین. ئەم دادگایەی ئێرە وەك هەر دادگایەکی دیکە نیە، خۆی لەخۆیەوە چوارچێوەی هۆڵی دادگا هەڵئەتەکێنێتو ناچارمان دەکات تەماشای پەیوەندییە دوورەکان بکەینو بایەخ بەوەبدەین، کـە هـەوڵ بـدەین لەگـەڵانی دیکەو خەڵکانی دیکەو بارودۆخی دیکە بگەینو داوامـان لێـدەکات لەگەڵیانـدا دادپــەروەربین. ئێمــە ناچـارین بڕیـاری دادگـای سـێو دادگـای سـوێندخۆران جێبــەجێ بکــەین بــەفراوانترینو گەشــترین گیــانی زانیارییــەکانی دەزگــای دادوەری، هەروەها بەپێی ئەرکە مرۆڤایەتیەکانو پەیوەندییەکانی، کـە ئەمـە دەبێت ئەوسا من لەو بڕوایەدام، کە ئێوە تهلیریان بەتاوانبار دانانێن بەتاوانی کوشتن، کە ئەوەشتان کرد، ئەوسا هـەمووماں دەزانـین، وەك مـن بـۆی دەچـم، دوای ئەوە چی ڕوودەدا؛ ئەوسا سەری کوڕەکە سەری پاڵەوانەکە دەخاتـە سـەر

میقسەلە بەئاسودەییەکی ناوەکیو ویژدانێکی ئاسوودە تا ئەوپەڕی، هەروەها بەهەمان عزەتی نەفسەوە کە هەستی پێکرد کاتێك بڕیاریدا لەوەزیاتر یەك وشەی دیکە نەڵێتو پارێزگاری لەپاکژی روحی خۆی بکات، کە هیچ شتێك لەسەررووبەوە دانانێت.

تەنانەت لەو ساتەشدا، کە هەستی بەفشارکرد لەناخی خۆیدا کەدەبێت قسەبکات، گووتی نامەوێت قسەبکەم، نامەوێت جارێکی دیکە لەوەدا بژیمەوە، من هەر ئێستا مردنم لاباشترە ـ بێ هەڵچوون ئەمەی گووت ـ من دەڵێم ئەو هاواردەکات: کەواتە بابمرم! ـ لەوکاتەدا دایکی دێتە بەرچاویو لەتەنیشتیەوە رادەوەستێو لەسەرخۆو بەهێمنی دەمرێت. مرۆڤ خەریکە ئاواتی ئەوەی بۆ بخوازێت، حوکمی بێ تاوانی تەندروستیەکەی بۆ ناگێڕێتەوە، چونکە ئەو قەت ناگەڕێتەوە جارێکی دیکە وەك خەڵکی تر ببێتەوە.

لەکۆتاییدا قسەکانی بەڕێز بەرگریکەری یەکەم دووبارە دەکەمەوە، ناتوانین بڵێین تهلیریان بەرپرسە، ئەو رەفتارەی بەو جۆرەکرد، کەناچاربوو بیکات. ئەوەیکرد، کەنەیدەتوانی وازی لێ بێنێت، لەوانەیە بڵێین ئەم ناچاریەی زاڵ بوو بەسەریدا زیاتر شەیتانییە یان رەوشتیە لەوەی چاکەو باشە یان کاریگەریی فێی دەروونی یان فێی تەنی یان تێکچونی جەستەیی نەخۆشیە. بەڵێ من لەو بڕوایەدام، کەدەبێت هەموو ئەم بۆچوونانە بەتاکە تاکە لەبەرچاو بگیرێت. بەلام دوای ئەوەی لێی ورد دەبینەوە، ئەوسا پێویستە جەخت لەسەر بەیەکەوە گرێدراوی هەموو شتەکان بکەین، ئەوسا پرسیاربکەین: چۆن کار لە حوکم دەکەن؟

ئەو کاریگەریە چیە کەدەیهێننەدی؟ مەبەست لێرە لەرووی سیاسیەوە نیە، یان شتی دیکەی لەمجۆرە، بەڵکو چ کاریگەریەکی دەبێت لەبواری

بـالآترين دادپەروەريـدا، لـەبواری بـالآترين (بـەها) دا، کـە ئێمـە لەپێناويـدا دەژينو ژيانيش لەو پێناوەدا زێتر پڕبايەختر دەکات.

**داواکـاری گشـتی:** سـوێندخۆرە بـەڕێزەکان. شـتێك هەيـە، کـە بەرگريکـەرە بەڕێزەکان پێتانيان نـەگووت، هـيچ نـەبێت بەڕاشـکاوانە نـەيانگووت، ئـەويش ئەوەيـە قـازيی سـزا دەبێـت حـوکم بـەگوێرەی ياسـابدات. قـازيی سـزا ناچـارە (لۆجيکی تاوتوێکردن بەکاربهێنێت)و فەرمانی يەکلاکەرەوەو بێ مشتومڕەکە بـەکاربێنێت، ئـەرکی ئەوەيـە تـەنها وردبێتـەوە ئايـا ئـەم فاکتانـەی لێـرەدا خرانــەڕوو، لەگــەڵ ڕووداوە ياســاييەکەو بڕيــاری ســزا ياســاييەکەيدا يــەك دێتەوە؟ ئەگەر ئەمە حاڵەتەکە بێت، ئەوسا قازی ناکارێت بڵێت بـەڵێ لەگـەڵ ڕووداوە ياساييەکەدا يەك دێتەوە، بەڵام من سزام ناوێـت، چونکە لەپلەيـەکی بالآتر لەوە دەوەستێت.

شـتێکی سروشـتيە، کـە جاروبـار کێشـەيەکمان بێتـە بـەردەم، کـە مـرۆڤ لەبەرامبەريدا بڵێت: ياسـا لێـرەدا ناتـەواوە، ئـەوە لـەدووتوێی خۆيـدا دڵڕەقـی حەشاردراوە. من لەگەڵ بەڕێز بەرگريکـەری يەکەمـدا، کـە بڕيـاری پێشـوەخت لـەکاتی جێبـەجێکردنی تاوانەکـەدا هـەبووەو بەڕاستيشـی دەزانێـت. ئـەوەی گومانيشـی تێدانييـە، ئەوەيـە کـە هەرچـەندە پلانـی دارێـژراو بـۆ تاوانەکـە پوختـەو تـەواوبێت، تـاوان نييـە ئەگـەر لـەکاتی جێبـەجێکردنی تاوانەکـەدا بڕيـاری پێشـوەخت نـەبووبێت. مـن دان بەوەشـدا دەنـێم، کـە بەپشتبەسـتن بەڕاپۆرتی بەڕێز شارەزای پسپۆڕ دەکرێـت ئـەو بيرۆکەيـە قبـوڵ بکرێـت، کـە تۆمـەتبار لەبەرئـەوەی نەخۆشـيی فێـی دەروونـی هەيـە، دووچـاری نەخۆشـی عەقڵی بووە، کە پەيوەسـتە بەسـاتە دەروونيەکانـەوەو لـەڕێی تەماشـاکردنی -

گوایا ـ قەدەری خۆی وروژان روویدا. ئەگەر ئێوە مەبەستتان ئەوەبێت، ئەوسا دەبێت وەڵامی پرسیاری زەبری کوشندە بەبەڵێ بدەنەوە.

بەڕێز بەرگریکەری دووەم هەندێك روونکردنەوەی پێشکەش کردنو منیش لەگەڵ هەندێکیاندام، بەڵام دەشبێت دژی هەندێکی دیکەیان بوەستم.

ئێوە هەمووتان شاعیری گەورە (هاینرش هاینە) دەناسن؟ ئەم شاعیرە داوای ئەوەی دەکرد مرۆڤ بەدەنگ حەزە گەورەکانەوە بچێت لەژیاندا بەپێچەوانەی بۆچوونە دیاریکراوەکانی دوژمنی ژیان، کە هۆکەی دەگەڕاندەوە بۆ رێنماییەکانی مەسیحییەتو بەرەیەکی لەدژیدا کردەوە، لەبری ئەوەش بەشکۆمەندییەوە دەیڕوانییە شادی ژیانی پڕ لەپێکەنینی لای ژیاری کلاسیکی گریك، یەکێك لە رەخنەگرە بەناوبانگەکان گووتی: کە چووە ساڵەوەو پیربوو، بوو بەڕادیکاڵ. لەوکاتەدا لەجیهاندا چیدیکەی نەدەدی جگە لە ـ ناسری ـ یەکی (بەناوی شاری ناسرەی پیرۆز لەئینجیل دا ـ وەرگێڕی عەرەبی) لاوازو گریکییەکی قەڵەو. دەبایە من بیر لەم بەراوردە بکەمەوە کاتێك گوێم لەبەرگریکەری دووەم بوو باسی عەسکەرتاریاو مرۆڤی یاسای دەکرد. لەوەدەچێت بەڕێز بەرگریکەری دووەم جیهانی بەتەنها دابەش کردبێت بۆ عەسکەرتارییەکان، کە شەیتان ئەو بەشەی عەقڵیان، کە پەیوەندییان هەیە بەهەستی دادپەروەریو سۆزو مرۆڤایەتییەوە راکێشابێتو دەرهێنابێت، بۆ بەشێکی دیکەش کە ئەم بەشانەیان هەیە، من وای بۆدەچم، کە ئەم رایە رادیکاڵیو زۆر یەك لایەنەو دەستکردە. هەروەها وای بۆدەچم، کە پێکهاتەی هەمەلایەنەی ژیان رێمان پێنادات کە ئەمجۆرە دابەشکردنە لاوازەبکەین، بەڵام ئەم تیۆرییەی بەڕێز بەرگریکەر بەتەواوی بۆخۆی بەجێدێڵم، بەڵام دەبێت لەخاڵی دیکەدا زۆر بەتوندی دژی بوەستم.

ئەو پێی ناخۆشـە، کـە مـن غـەدر لێکـراوم بەهاوپـەیمانێکی دڵسۆزی گـەلی ئەڵمانی وەسفکرد. دەبێت من دووبارەی بکەمەوە، کە گەلی تورك شـان بەشـان لەگەڵ گەلی ئەڵمانیدا تێکۆشاو دەکرێتو بەبێ هـیچ گومانێـك بەهاوپـەیمانی گـەلی ئـەڵمانی وەسـف بکرێـت. مـن بـەڕەوای نـازانم مێـژوو بـەمجۆرە ئینکـار بکرێـت. بیروبۆچـوونی هەنـدێ کـەس لـەڕووی سیاسـیەوە هەرچـۆنێك بێـت، دەبێـت بەتونـدی نـاڕەزایی خـۆم دەربـڕم دژی ئـەو شـێوازە پڕسـوکایەتیەی بەڕێز بەرگریکەر بەکاری هێنا کاتێك کە نوێنەرانی سیاسەتی تورکی تەڵعەت پاشاو ئەنوەر پاشای بەتاوانباری راکردوو لەووڵات وەسفکرد.

سەبارەت بەوەی ماوە، من پشتگیری بەڕێز بەرگریکـەری دووەم دەکـەم زۆر بەخۆشـییەوە سـەبارەت بەهەنـدێك خـاڵی دیکـە، لەوانـە، کـە گـووتی: هـۆی یەکلاکەرەوە بۆ دادوەر تێگەیشتنی مرۆیی دروستەو هـەرواش دەمێنێـت. مـن ئومێد دەکەم، کە ئێـوەی سـوێندخۆرانی بـەڕێز بـڕوای مـن بـە ئێوەتـان لایـە. ئـەم سـیفەتە سـەردەکەوێت سـەرەڕای سـاتەکانی تێکچـوون، کـە لێـرە بـەرەو رووتان بووەوە، سەبارەت بەزانستەکانی نوژداریو یاساییو تەکنیکی. من لـەو بڕوایەشـدام ئەگـەر پشـت بەتێگەیشـتنی دروسـتی مرۆڤانـە ببەسـتن، ئەوسـا بڕیاری راستو دادپەروەرانە دەدۆزنەوە.

**بەرگریکەر فون گۆردون:** بەڕێزان رێم بـدەن تـەنها چـەند وشـەیەکی کـەم بڵێم. بەڕێز داواکاری گشتیی یەکەم رەخنەی لەئێمـە گـرت بـەوەی، کـە ئێمـە شـتێك هەیـە پێتانمـان نـەگووتوە، ئـەویش ئەوەیـە، کـە قـازیی تـاوان دەبێـت بەپێی یاسا حوکمبدات.

بەڵێ بەڕێزان من هەست بەشەرمەزاری دەکەم، کـە ئـەم شـتەتان پێـدەڵێم: چـونکە ئـەم شـتە هـەر بۆخـۆی وایـە (پێکـەنین لەهۆڵەکـەدا). پاشـان بـەڕێز

داواكاری گشتی یەكەم دەڵێت ناكرێت مرۆ باسی ئەو سزای ئیعدامە بكات. ئەمە بەهیچ جۆرێك راست نییە، لەسەرشاری ئەوەوە، كە یاسای ئێمە پشت بەجۆرێكی دیاریكراوی كردار دەبەستێت بۆ ئەوەی بڕیاری سزای ئیعدام بدات، دەبێت ئێوە بگەڕێنەوەو بزانن دەبێت ئەمە چ جۆرە تاوانێك بێت، ئایا زانستی یاساییە یان باسێكی پشتگوێ خراوە، ئەویش ئەو یاساییە، كە لەلایەن دادگای ئیمپراتۆریەتەوە لەكاتی جەنگدا دەرچوو.

ئەمە زاراوەی زانستی مافە. دادگای ئیمپراتۆریەت پێش جەنگ هەزاران زاراوەی یاسایی تاوانكاریو مەدەنی راڤەكردو بەوریاییەوە رستەی لێ پێك هێنا، پاشان جەنگی توندوتیژ هاتو هەموو ئەم زاراوانەی فڕێدا، لێرەدا دادگای ئیمپراتۆریەت وانەیەكی درایەو لێیەوە فێربوو. دەتوانم یەكێك لەبڕیارەكانتان بۆ بخوێنمەوە، كە باڵاترین دەستەی دادوەری زۆر بوێرانە شایەتی دەداو دەڵێت "دادگای ئیمپراتۆریەتیش پێشتر هەندێك زاراوەی دیاریكراوی راڤەكردبوو بەجۆرێكی تەسكبینانە، ئەو لەهەندێك بارودۆخی دیاریكراوەوەو لەرووداوی مێژوویی‌و لەژیانەوە فێربوو" بەمجۆرە ئێوەش سوێندخۆرە بەڕێزەكان دەبێت هەمیشە لەبیرتان بێت، كە رێتان پێ نادرێت حوكمێك بدەن ئەگەر لەناختانەوە هەڵنەقوڵابێتو ویژدانتان قبووڵی نەكات... بۆ؟ چونكە مەعقول نییە نایاسایی لای ئێمە یاسابێت. رێ نادرێت گەمە بەزاراوەكان بكرێتو ببێتە هۆی ئەوەی حوكمی دادوەری بەسەر شتێكدا بدرێت، ئەوەش كارێكە هەموو كەسێكی عاقڵ دەزانێت كە ناشەرعیەتێكی روونە.

ئێستا دێمە سەر خاڵی سێیەم، كە بەڕێز داواكاری گشتی باسیكرد. بەشە گرنگەكەی جێ دێڵم بۆ دراوسێی بەڕێزم (بەڕێز ئەندامی ئەنجومەنی

دادوەری دکتـۆر فیرتهـاور)، بـەڵام مـن لـەلای خۆمـەوە ئـەم خاڵـە بـەکورتی باسدەکەم. بەڕێز داواکاری گشتی باسی ئەوەی کرد، کە نابێـت ئێمـە ئینکاری مێژوو بکەین، ئەو مێژووەی دەڵێت "گەلی تورك شـان بەشـانی ئێمـە خـەباتی کرد". لێرە من دەست درێژدەکەمو دەیخەمە ناودەستی تۆ وەك لایەنگرییـەك بۆ ئەم قسەیەت، بەڵام گەلی تورك ئەم قەسابخانانەی ریسوا نەکردو نـاڕەزایی خۆی دەرنـەبڕی وەك ئـەوەی هـەر مرۆڤێکـی خـاوەن کـەمترین رادەی هەسـت دەیکات. ئەم قڕکردنە بەکۆمەڵو رێکخراوە لەشۆڕشـێکی جـەماوەری هەڵچـوو سەرچاوەی نەگرتبوو، بەڵکو بریتی بوو لە (اجرئات) ێك کە پێشتر پلانـی بـۆ دارێژرابوو لەلایەن کەسانی خاوەن دەسەڵاتی سیاسی جێبەجێکردنەوە.

"اجرئات" ێك لەلایەن دزو جەردە لەوانەی ناوی جەندرمەی تورکیـان لـێ نـراوەو لێرەش بەجۆرێکی باش وەسـفکرا، جێبـەجێکرا. گـەل لـەوە گـەورەترە کـاری وابکـاتو هەمیشـە بەدڵسـۆزییەوە بـیری لێدەکەینـەوەو لەوکاتـە ناخۆشانەش کەتیایدا ژیا، بەڵام ئەمە بابەتی ئێمە نییە لێرەدا.

**بەرگریکەر فیرتهاور:** ماددەی (١٩٠) لەیاسای سزاکان دەڵێت ئەو رووداوانەی دەربـارەی هەڵسوکەوتی تاوانکـاری باسـدەکرێن، لەکاتێکـدا، کـە ئـەو کەسـەی سوکایەتی پێکراوە لەبـەر ئـەو رەفتارانـە تاوانبـارکرا بـەحوکمێك کـە قـابیلی تانەلێـدان نییـە، ئەمـە ئەوسـا سـەلماندنە بـۆ ڕاسـتی ئـەو بۆچـوونانەو بـەو چاوەوە تەماشا دەکرێت کە راستین. سەلماندنی راسـتی لەبەرامبـەردا مـومکین نییـە ئەگـەر ئـەو کەسـەی سـوکایەتی پێکـرا بـەبێ تـاوان حـوکم درا لـەو هەڵسوکەوتەی باسدەکرێت، ئەم حوکمەش قابیلی تانە لێدان نییە.

تەڵعـەت پاشا بـەپێی حوکمێك کـە قـابیلی تانەلێـدان نییـە حـوکم درا لـە (١٠/ی حـوزەیرانی سـاڵی ١٣٣٥) بـەپێی رۆژ ژمێـری تـورکی (مەبەسـت رۆژ

ژمێـری کۆچـیە. وەرگێـڕی عـەرەبی)، ئـەم حوکمـەش لەدادگایـەکی ئاشـکراوە دەرچـوو کـە لەچـەند قازییـەك پێکهـاتبوو لەوانـەی شـایەتی بـۆ باشـیو شارەزاییان دەدرێت. لەگەڵ ئەویشدا ئەنوەرپاشاو جەمالو نازم حـوکم درانو هەرهەموو بەتاوانبار دانران بـەتاوانی ئـەو قەسابخانانەی دژی ئەرمەنیـەکان کران. تاوانی سزادانی کەسانی بێتـاوان، ئـەم حوکمـە قـابیلی تانەلێـدان نییـە، ئـەوە راسـت نییـەو دژی یاسـاکانی ئەڵمانیشـە، کـە خـۆم بەسـووکایەتی کـردن تاوانبار بکـەم، کاتێـك بـەتاوانبار نـاوی ئەوانـە دەبـەم، کـە حـوکمێکی بـەکۆی دەنگ دژیان دەرچوو قابیلی تانـە لێـدانیش نیـە وەك تاوانبـارکردن بـەتاوانی کوشتن. کەواتە ئەمە بـێ ئاگاییو نەزانینـە بـەدادو یاسـای ئـەڵمانی تۆمـەتی ئاوا ئاراستەی من بکرێت.

من ئاگام لەوەنیە ئایا ئەم تاوانبارانە، کـە لـەوڵاتی خۆیـان رایـان کـردووەو لێرە بەناوی خوازراوەوە دەژین، هیـچ جۆرە عەسـکەرتاریەتێکیان دۆزیوەتـەوە یارمــەتییان بــدەن، نــاتوانم هــیچ شــتێك لــەم بــارەوە بڵــێم، چــونکە مــن بەپێچـەوانەی قسـەکانی بـەڕێز داواکـاری گشـتی نامـەوێت سیاسـەت تێکـەڵ بەکێشەکەمان بکەم.

پاشـان بـەڕێز داواکـاری گشـتی بەهـەمان شـێواز گـووتی گـەلی تـورکی وەك هاوڕێیەکی چەکی دڵسۆز شـان بەشـان لەگـەڵ گـەلی ئەڵمانیـدا راوەسـتا. ئەمـە هەر لەخۆیەوە مرۆڤ لێی تێدەگات، کەسیش نیەتی ئەوەی نیـە بیداتـە دواوە. تورکەکان سەربازی ئازان، ئەم گەلی تورکە لێپرسراو نیە لەجەنگو ناکەوێتـە ئەسـتۆی ئـەو، هـەروەها وەك گـەلی ئـەڵمانیش لەهەمانکاتـدا لەوجەنگـە لێپرسراونیە. بەپێی دەستورە کۆنەکانی هەردوو دەوڵەت "تورکیاو ئـەڵمانیا"

کاریگەرییان بەسەر جاڕدانی جەنگەوە نەبووە، کە بەبێ راوێژی گەل کرا، گەلان تەنها ناچارن ئەرکی خۆیان جێبەجێ بکەن.

کەسانی وەك ئەنوەر پاشاو تەلعەت پاشاو کەسانی دیکە کەلێرە باس ناکرێن لەسەر مەسەلەی جاڕدانی جەنگ، بەڵکو لەبەرئەوەی کاری بەزۆر راگوێزانیان کردووە، لەبەرئەوەی قێزەوەنترین تاوان کە تائێستا مرۆڤایەتی بەدرێژی مێژووی خۆی بینیوویەتی، دژی گەلی ئەرمەنییان کرد.

پێشتر سوێندخۆرە بەڕێزەکان پێم گووتن: ئەو حوکمەی دەیدەن، پاش هەزاران ساڵ مایەی چاوتێ برین دەبێ بەهۆی ئەم تاوانە خوێناوییانەوە. من لای خۆمەوە لەوە ناگەم چۆن مرۆڤ دەتوانێت لێرە سیاسەت تێکەڵ بکات، (لەجیهانی ـ نالەباریدا) لەڕاستیدا هەموو سیاسەتێك دەوەستێ. من تێ ناگەم چۆن مرۆڤ دەتوانێت وشەیێك لەقازانجی ئەم فەرمانانەی گواستنەوەی زۆرەملێیە بڵێت، گەلی ئەڵمانیش بەناهەق بەوە تاوانبار دەکرێت کە ئەم جۆرە فەرمانانەی راگواستنی بەزۆرە ملێیەی دەرکردووە.

تاوانبارکردنی ئەم جۆرە فەرمانە تاوانباریانە ئەو رێزەمان بۆ مسۆگەردەکات، کە ئێمە داوای دەکەین. جگە لەمەش، کە گووتم، عەسکەرتارییەکان پیاوانی توندوتیژن، بەلام تەبانین لەگەڵ کەسە سەربازییەکان، ئەمانە لەناو هەموو نەتەوەکانداو لەگشت جیهاندا بلاون، لەهەموو سوچێکی گۆی زەویدا هەن. ئەمە شتێکی تازەنیە. من سەرم سوڕماوە لەوەی بەڕێز داواکاری گشتی ئەوەی من دەیڵێم، بەشتێکی تازە دەزانێ، کێ وەك گەلی ئەڵمان بەدەست رەفتاری عەسکەرتارییەکانەوە دەناڵێنێ، کە لەشوێنی دیکەشدا دەسەلاتیان هەیە. دەبێ دان بەوەدابنێ، کە عەسکەرتارییەکان لەمبارەوە تاوانبارن، هەروەها دەبێ دادپەروەربێ و رقی

لەعەسکەرتارییەکان لەهەمموو شوێنێك ببێتەوەو هەوڵی لەناوبردنیان بدا. گومانی تێدانییە کە مەبەست لەلەناوبردن فڕکردنی عەسکەرتارییەکانو توندوتیژی بەکارهێنان نیە، چونکە من پێشتر گووتم پیرۆزی کە لەشێوەی خوا دروستکراوە، لەلایەن ئەوانەی بیروبۆچوونی عەسکەرتاری توندیان هەڵگرتووە، بەخراپی رەفتاریان لەگەڵدا دەکرێت. عەسکەرتارییەکان لەدەرەوەی ریزەکانی گەلدا دەوەستن، نەنیشتمانیان هەیە، نەنەتەوە، نەهەستی مرۆڤانەش.

تەنها هەستی توندوتیژییان هەیەو ئەم توندوتیژییەش لەپێشێلکردنی یاسادا بەدەردەکەوێ.

ئێمە لێرە ئەوەمان بینی، ئەویش لەکاتی بەیەك گەشتنی نوێنەری ئەم دوو ڕا دژ بەیەکە، نوێنەری توندوتیژی لەلایێکەوەو لەلایێکی دیکەوە نوێنەری چەوساوەکان کە رێی دادپەروەریی گرتوەتە بەر، ئەمە ئەوە بوو، کەڕێم بەخۆمدا بۆتانی باس بکەم، چونکە کاتێ نوێنەری دادپەروەری لەبەردەم نوێنەرەکەی دیکەدا وەستا "رەنگە سوورەکە بەرچاوی لێڵ کرد" بەڕادەیێك کە چیتر نەیدەزانی چی کردوە.

دەبێ دادگا دادپەروەرانە حوکم بداو دادپەروەریش بۆ تۆمەتبار بگەڕێنێتەوە. ئێمەی بەرگریکەر دوپاتمان کردەوە بەجۆرێ کە بەس بێ، کە ئێمە لێبوردن سواڵ ناکەین، شتی لەبابەتی وروژاندنی سۆزمان ناوێ، بەڵکو ئێمە جێبەجێ کردنی یاسای سزامان دەوێ، بەڵام جێبەجێکردنی یاسای سزا لەم حاڵەتەی لەبەردەممانـدا ئەوەیە پرسیاری تاوانبارکردن بدرێتە دواوە، چونکە تۆمەتبار لەوساتەی دابەزیە جادەکەو رووی دەمانچەکەی کردە قوربانیەکەی، لەو حاڵەتەدا تاوانبار نەبوو، تاوانبار نەبوو چونکە "بڕیاری

ئیرادەی ئازاد"ی باش‌و ساغ نەبوو. ئـازاد نـەبوو، لـەژێر کاریگەریشـدا نـەبوو. پێشتر پێم گوتن کە لەپێناو بەکارهێنانی نمونەی: زاتی ئەو دانەبەزیە جادە، بەڵکو لەگەڵیدا ناخی‌و سەدان ساڵ‌و ملیۆنەها غەدرلێکراو دابـەزین بـەجۆرێ لەجۆرەکان لەپێشەوە ئالآی زەلیلکراوەکانی هەلگرتبوو، ئالآی بنەماڵەکەی کـە شەرەفی شکێنرا.

چەند جـار ئێـوە لەبـەردەم ئـەو پرسـیارەدا وەسـتان، حـوکمی ئـەو پیـاوەی دەگەڕێتـەوە ماڵـەوەو ژنەکـەی لەگـەڵ پیـاوێکی دیکـەدا دەبینـێ لەحاڵـەتی خیانـەت لـێکردندا، ئـیتر ئـەویش تەقـە لەژنەکـەی دەکـاو دەیکـوژێ. کـێ بەبیریدا دێ لەم حاڵەتەدا ئەو پیاوە تاوانبار بکا؟

بەڵام کێشەکە لای تاوانبار بەخیانەتی هاوسەریەوە پەیوەست نییـە، بـەڵکو لەککـەدارکردنی شـەرەفی براکـان‌و خوشـکەکانیەتی، کوشـتنی بـاوك‌و دایـك‌و براکانیـەتی‌و فڕکردنـی (چـرۆکان)ی بنەماڵەکەیـەتی. چـاوی بـەو تاوانبـارەی هەموو ئەم تاوانانەی کردوە، کەوت. ئـەو کەسـەی پلانەکەی دانـاو جێبـەجێ کـرد، ئـا لێـرەدا هۆشـی لەدەسـدا، رووی دەمانچـەکەی تێکـردو تەقـەی لێکـرد، بەداخەوە لێرەشدا جارێکی دیکە مرۆڤێ مرد.

ئەمـە ئـەو شـتەیە، کـە دەبـێ لەبـەر رۆشـنایی زانسـتە نوژداریەکانـدا لێـی وردببنـــەوە، لـــەپێش هـــەموو شتێکیشـــەوە لـــەرێی هەســـتە مرۆڤایەتیـــە دروستەکانتانەوە. لەبەر ئەم هۆیە تەنها یەك ئاواتمان هەیـە، رەنگـە بتـوانین بەمە لەگەڵ داواکاری گشتیدا رێك بکەوین. لێگەڕێن باهەسـتەکانتان شـتەکان بەچاکی هەڵسوڕێنین لـەرێی قەناعـەتی یاسـایی دادپەروەریـەوە، کـە لەهـەمو هۆکـارو هۆیـەکانی کۆڵیوەتـەوە. ئەگـەر لێـرە بڵـێن "ئـا" یـان "نـەء"، ئەوسـا هەمومان بەوە رازی دەبین، تەنها یەك شت هەیـە دەبـێ خۆمـانی لـێ بـەدوور

بگرین، ئەویش ئەوەیە کە بڵێین چونکە کەسێکی کوشتوە، کەواتە دەبێ بکوژەکە ئیدانە بکرێو بەتاوانبار دابنرێ.

بەمەش دوور دەکەونەوەو لەزۆربەی بەشی گشتیی یاسای سزاکان تێدەپەڕێنن.

ئەو نمونەیەی بەڕێز داواکاری گشتی دەربارەی شاعیر (هاینریش هاینە) هێنایەوە، بەسەر مندا جێبەجێ ناکرێ، چونکە من لەبەڕێز داواکاری گشتی کەمتر شاعیرم (پێکەنین لەهۆڵەکەدا). قسەکردن سەبارەت بەو حکوومەتەی لەگەڵ تەڵعەت پاشاو ئەنوەر پاشا هاوپەیمانی پێکهێناوە، ئەویش بەسەرمندا جێبەجێ ناکرێ، چونکە پێش پێکهێنانی ئەو هاوپەیمانیە پرسم پێ نەکراوە، ئەمەش وەك ئەو دوای گەلی ئەڵمانی. ئەمە هەموی بوون بەڕابردو، تەنها شتێ کە لەلام گرنگە، ئەوەیە کە شتێکی هەڵە لەجێی شتێکی راست دادەنێن، کە دەپرسن "ئایا تۆمەتبار کوشتنی ئەنجام داوە؟" نەك وەك ئەوەی ئێمە دەیڵێین "ئایا تۆمەتبار تاوانبارە چونکە کەسێکی کوشتوە؟" ئەمە ئەوەیە کە بەڕێز داواکاری گشتی دەیەوێ کە پرسیار بکەن "ئایا تۆمەتبار کوشتنی ئەنجام داوە؟" بەڵام ئێمە دەمانەوێ بپرسین "ئایا تۆمەتبار تاوانبارە چونکە کەسێکی کوشتوە؟" تکاتان لێدەکەین لەم خاڵەدا لەگەڵمان بن.

بەرگریکەر نیمایر: من دەمەوێ شتێ بخەمە سەر لایەنە سیاسیەکە، کە بەڕێز داواکاری گشتیی یەکەم ئاماژەی پێ کرد. بەڕێز سەرۆکی دادگا لەڕۆژی یەکەمی دانیشتنەکانی دادگادا گوتی: ئێمە نامانەوێ لەگەڵ ئەم کێشەیەدا بەشێوەیەکی جیا لەهەر کێشەیێکی دیکە رەفتار بکەین، ئەمەش مانای وایە کە دەبێ بەهەمان باشی رەفتاری لەگەڵدا بکەین وەك لەگەڵ کێشەکانی

دیکـەدا دەیکـەین، ئەمـەش سـەرلەنوێ مانـای ئەوەیـە، ئـەم دادگایـە نابـێ دادگاییێکی سیاسی بێ. من ئومێد دەکەم ئەم ئیشە بـۆ بـەرگری بکـەن بـەوەی چـەندی بۆتـان بکـرێ، نـەهێڵن ئـەم دادگایـە بکرێتـە دادگـاییێکی سیاسـی بـەو جۆرە شێوازە خراپە، کە زانراوە، ئەگەر نا، ئەوسا ئـەو رەفتـارە بـۆ پاراسـتنی دادپەروەری نابێ‌و لەبەرژەوەندی گەلی ئەڵمانیشدا نابـێ. مـن لـەو بڕوایـەدام کە واقعیەتی خۆمان پاراست. ئەگەر بـزانن بـڕی ئـەو شـتانەی بـۆ ئێـوە لێـرە ئامادەمان کردوە، ئەوسا شـایەتی ئـەوەمان بـۆ دەدەن کـە ئێمـە کارەکـەمان تـا ئەوپـەڕی ئـەوەی ویـژدانمان بەسـەرماندا دەیسـەپێنێ کردومانـە. بـەڵام رێـم بدەن شتێ بڵێم کـە بـەڕێز داواکـاری گشـتی یەکـەم هێنایـەوە بـیرم‌و ناچـاری کردم باسی بکـەم. لـەکاتی جەنگدا لەگـەڵ تورکیـا دام‌و دەزگـا سـەربازیەکانی ئەڵمانیا لەگەڵ دام‌و دەزگاکانی دیکەدا ئەوپەڕی توانایان بەخەرجدا لـەپێناو بێ دەنگ بوون لەشاردنەوەی قەسابخانەکان دژ بەئەرمـەن ـ تـا ئـەو رادەیـەی لەگوێنەدان نزیك کەوتەوە. راستە مرۆڤ هەوڵیدا تاڕادەیەك ئەو قەسابخانانە راگرێ، بەڵام جەماوەری تورك بەخۆیان گوت، ناکرێ ئەمە رووبدا بێ ئـەوەی ئەڵمان ئیرادەی لەسەر بێ، چونکە ئەڵمانەکان بەهێزن.

کەواتە ئێمـەی ئـەڵمان لەڕۆژهـەڵاتو لەهـەموو لایێکـی جیهـان بەشـێ لـەو بەرپرسـیاریەتەی قەسابخانەکانی ئەرمـەن خرایـە ئەسـتۆمان. نووسـینی زۆر هەیـە لەئـەمریکا، لەفرەنسـا، لەڕۆژهـەڵات کـە دەگەنـە ئـەنجامی ئـەوەی کـە ئەڵمانـەکان خۆیـان "تەڵعـەت" ە (ئاماژەیـە بـەناوی تەڵعـەت ـ وەرگێـڕی عەرەبی) راستەقینەکان بوون لەتورکیا.

کـە دەگـوترێ سـۆگۆمون تهلیریـان (تبریـە)کـرا ئەوسـا ئـەو قسـەو رایانـە سـەبارەت بەئەڵمانـەکان لەهـەمولاییێکی جیهانـدا جێیـان نابێتـەوە. جیهـان

پێشـوازی لـەو (تبریـە)یـە بەخۆشـیەوە دەکـا وەك بەشـێ لەدادپـەروەریی ڕاستەقینەی باڵا.

**سـەرۆکی دادگـا** (بـۆ وەرگێـڕ): بەتۆمـەتبار بڵـێ کـە بەرگریکـەرەکان داوای (تبریە)ی ئەویان کـردو لێیشـی بپرسـە ئایـا دەیـەوێ شـتێ بڵێـت (وەرگێڕەکـە قسەکان وەردەگێڕێ)

**تۆمـەتبار:** مـن لـەوەی بـەڕێز بەرگریکـەر، گـوتی تـێ نەگەشـتم، بـەڵام قەناعەتم هەیە ئەوەی جەنابت گوتت بەسە. هیچ قسەشم نیە.

**سـەرۆکی دادگـا:** کەواتـە ئێسـتا مـن بەئـەرکی سەرشـانی خـۆمی دەزانم کـە ڕاوێـژی یاسـایی پێشـکەش بەسـوێندخۆرە بـەڕێزەکان بکـەم. دەشمـەوێ ئـەم ئەرکـە بـەکورتی ئـەنجام بـدەم. یاسـای سـزاکان لای ئێمـە لـەو خاڵـەوە دەس پێـدەکا، کـە مرۆڤـی سروشـتی خـاوەنی "بڕیـاری ئـازادی ئیرادەیـە". مـاددەی (٥١)ی یاسـای سـزاکان دەڵـێ کـارێ نیـە یاسـا سـزای بـدا ئەگـەر تاوانبارەکـە لەحاڵـەتی بـێ هۆشـیدا بـوو یـان لەحاڵـەتی پشـێوییەکی کاتیـدابوو بـەهۆی نەخۆشیەوە، لـەهێزە عەقڵیەکەیـدا، کـە دەبێتـە هـۆی نـەمانی توانـای ئـەوەی "بڕیاری ئیرادەی ئازاد" بدا. توانای "بڕیاری ئـیرادەی ئـازاد" لەمرۆڤـدا دەبـێ ئەگەر مرۆڤەکە لەحاڵەتێکدا بوو بتوانێ دەسەڵاتی بەسەر ڕەفتـار (غریـزە)و ئارەزووەکانیدا هەبێ لەڕێی کردنی چالاکیەك یان هەرکارێکی دیکە.

کردنـی ئیشـێکی دیـاریکراوو توانـای بەربەسـتکرنی ئـەو ئـارەزوە لـەڕێی عەقڵیەوەو لەڕێی کەسایەتیە عەقڵیەکەیەوە. ئەگەر مرۆڤ ئەمەی دایـە دواوە بەشێوەیێکی فراوان، ئیتر ئەو مرۆڤە ئەگـەری "دروسـتبوونی ئـیرادەی ئـازاد" دەداتە دواوە. کەواتە یاسا داوا دەکا دەبێ ئـەو حاڵەتـەی دیـاریی دەکـەن نـەك بەشێوەیەك بێ تەگەرە بخاتە بەر "پێکهێنانی ئیرادە" یان خاوی بکاتەوە، یان

سووکی بکا، بەڵکو نەیهێڵێ لەو حاڵەتەدا دەبێ پرسیار بکەن، کە ئایا ئەو "فێ" یەی لای تۆمەتبار دەسنیشان کراوەو ساتەکانی دیکەش کە لەڕاپۆرتەکانی شارەزا پسپۆڕەکانەوە ئاگاداری بوون، لەگەڵ ئەوەی دەبێ ئاگاتان لەکەسایەتی تۆمەتبارو ئەوەی تیایدا ژیاوە، ئایا لەکاتی تاوانەکەدا شتێکی لەو جۆرەی لەناخیدا خولقاند بەڕادەیێك، کە چیتر نەتوانێ دەسەڵاتی هەبێ بەسەر هەمو بەشەکانی هۆشیداو بەسەر هەمو بەشەکانی هەستو جیهانی بیرکردنەوەو ـ تصورات ـ یدا. کە لە(١٥)ی ئاداری ساڵی (١٩٢١)دا تاوانەکەی کرد، وای دابنێن کە بەشێکی زۆر لەهۆشی تووشی تێکچون بوو، یان هەندێ لایەنی کەسایەتی عەقڵیی، بەڕادەیێك کە تۆمەتبار چیتر لەبارودۆخێکدا نەبوو بتوانێ ئیرادەی ئازادی خۆی پێك بهێنێ. دوای ئەوە دەبێ بەهۆی ماددەی "٥١"ەوە ئاگاداری لەبەرپرسیاریەتی دەربارەی یاسای سزا بدەنە دواوەو تۆمەتبار (تبریە) بکەن. ئەمە تاقیکردنەوەی یەکەمە، کە دەبێ لەم حاڵەتەدا بیدەن، چونکە پرسیارەکە بەم وشانە دەس پێدەکا "ئایا تۆمەتبار تاوانبارە؟". بەڵام ئەگەر نەگەیشتە قەناعەتی بوونی جۆری لەنەبونی بەئاگایی یان ئەو جۆرە تێکچونە نەخۆشیانەیەی چالاکیی هێزە عەقڵیەکان، چونکە تاوانەکە بەگوێرەی ئێوە بەگشتی وادەرناکەوێ کە ئەوەی تێدایە ڕێتان پێ بدا حوکمێ بدەن، وای دابنێن کە دەسەڵاتێکی لاواز هەبوو بەسەر هێزە عەقڵیەکاندا ـ ئەوسا دەبێ بەدوای ئەوەدا بگەڕێن ئایا نیشانەی دیکە هەیە بۆ رووداوەکە ئاماژە بکا بەهەبونی تاوانی کوشتن بەبڕیاری پێشوەخت. من پێویستم بەوشەی زۆر نییە دەربارەی ئەوە.

دەبێ لەخۆتان بپرسن. ئایا تۆمەتبار دەیویست تەڵعەت بکوژێو ئایا دەیزانی کە مرۆڤێ دەکوژێ. مەزەندە لێرەدا بەهیچ جۆرێ رۆڵی نییە. ئەگەر

لێـرەدا پرسـیارێك هـەبێ، لـەو حاڵەتـەدا دەبـێ وەڵامـی پرسـیاری تـاوان بـە (بەڵێ) بدەنەوە، ئەگەر وای بۆچوون کە ماددەی (٥١) ناکرێ جێبەجێ بکرێ.

بەڵام پەیوەنـدیی لـەنێوان بڕیـاری پێشـوەخت کـە هۆیـەکانی حـوکم روون دەکاتـەوە، بـەتاوانی کوشـتنەوە نییـە، ئەمـە کـارێکی فـراوانترە، ئەوسـا دەبـێ قەناعەتتان لادروست بێ بەوەی کە لەوساتەی تاوانەکەی تێدا ئەنجامـدا، کـە فیشەکەکەی تەقاند، بـەبڕیاری پێشـوەخت رەفتـاری کـرد. تـەنها ئـەوە ئەوسـا دەتوانن بکەن کە دەڵێن: ئەگەر لەحاڵەتی وروژاندنی ناوەکیدا نـەبوو، هێشـتا لەدۆخێکدا بوو، کە ئاگای هەبێ لەوەی دەیکا.

بەڵام ئەگەر ئەوەتان قبوڵ کرد کە وروژانێکی ناوەکیی نەبوەو ناکرێ ئەوە لەبەرچاو بگیرێ، لەوکاتەدا دەبێ وەڵامەکەتان بەبێ هیچ گومانێ بە (نـا) بـێ دەربارەی پرسیاری پێشوەخت لەکاتی جێبەجێکردنی زەبرە کوشندەکەدا.

مایـەوە ئـەو پرسـیارەی خراوەتـەڕوو ئایـا تۆمـەتبار هۆشـیاریی کـەم بـوە سەبارەت بەوەی نایاساییە. بەڕێزان مـن لـەو بڕوایـەدام کـە ئێـوە پێویستتان بەوە نیە بایەخ بەم خاڵە بدەن.

بــەئاگا بــوون لــەوەی نایاســاییە لــەکاتی زەبــری کوشــندەو بــەبڕیاری پێشوەخت، وەك ئاماژەیێ یـان نیشـانەیێك دیـاری نـەکراوە بـۆ کـارێکی تـاوان، ئـەو لەمەرجـەکانی نیـە. دەبـێ ئێـوە لـەوە بکۆڵنـەوە ئایـا دەیزانـی کەیـەکێ دەکوژێ، ئایا دەیویست بیکوژێ؟

ئەوەی ماوە دەمەوێ ئاماژە بەوە بکەم کە حوکمی ئیعدام تـەنها لەحاڵـەتی "تـاوانی کوشـتن"دا هەیـە، بـەڵام "زەبـری کوشـندە" لەبـەر سـێبەری بـوونی بارودۆخی سووککردنەوە بەبەندکردن  سزا دەدرێ، کە کەمترین ماوەی شەش مانگە.

ئێستا تکاتان لێدەکەم وەڵامی ئەو پرسیارانە بدەنەوە، کە لەپێشتاندایە، دوای ئەوەی وەك عادەت وایە سەرۆکێ لەنێو خۆتان هەڵدەبژێرن و ئەرکی بەڕێوەبردنی راوێژکردن و دەنگدان دەگرێتە ئەستۆ. ئێوە دەزانن لەپێناو حوکم "بەتاوانبار کردن" دەبێ زۆرینەی دوو لەسەر سێی دەنگەکان هەبێ. یاسا داوای وەڵامی "بەڵێ" دەکا، ئەمەش بەبوونی حەوت دەنگ زیاتر، کەواتە دەبێ هەشت کەس بەلانی کەمەوە دەنگ بدا بە "بەڵێ". کارەکە لێرەدا بەستراوەتەوە بەلێپرسراویەتی دادوەری جەزایی کە دەکەوێتە ناو بڕیارەکانی ماددەی (٥١). ئەگەر بەبەڵێ وەڵامتان دایەوە سەبارەت بەبونی ئەم مەرجە، دەبێ دەنگ بدەن بە: "بەڵێ" بەزیاتر لەحەوت دەنگو هەمان شت دەکرێت ئەگەر وەڵامی پرسیاری "بڕیاری پێشوەخت" تان دایەوە بە "بەڵێ" بەپێچەوانەی ئەوە، ئەگەر بڕیارتان بەبوونی دۆخی سووککەرەوەدا، ئەوسا تەنها زۆرینەیێکی کەمی دەوێ‌و ئەوەندە بەسە وەڵامەکە "بەڵێ" بێ‌و تەنها بەشەش دەنگیش یان بە "بەڵێ"یێکی ئاسایی.

من ئێستا پرسیارەکان ئیمزا دەکەم. ئێستاش داوا لەسوێندخۆرە بەڕێزەکان دەکەم بکشێنەوە بۆ راوێژ کردن (دوای راوێژ کردن بۆ ماوەی یەك سەعات سەرۆکی دەستەی سوێندخۆران رایگەیاند): "بەشەرەفو ویژدانەوە پوختەی حوکمی دەستەی سوێندخۆران رادەگەیێنم: ئایا تۆمەتبار سۆگۆمون تهلیریان "تاوانبارە" بەئەنجامدانی تاوانی کوشتن لە (١٥)ی ئاداری (١٩٢١) لەجادەی شارلوتنبرگ، دەرهەق بەتەلعەت پاشا؟).

وەڵام: نەء

ئیمزا: ئوتو راینیکە، سەرۆکی دەستەی سوێندخۆران

(چەپڵەرێزان لەهۆڵی دادگاو دەنگە دەنگی بڵندی جەم‌و جۆڵ).

سەرۆكی دادگا: من حوكمەكە ئیمزا دەكەمو تكاش لەسكرتێر دەكەم هەمان شت بكاو حوكمەكە رابگەیێنێ لەرێی خوێندنەوەیەوە بۆ ئامادەبوان.

سەرۆك: كەواتە ئەم حوكمەی ئیستا درا رادەگەیێنرێ "بڕیاردرا كە تۆمەتبار بێ تاوانەو خەزێنەی دەوڵەت پارەی تێچوی دادگا دەخاتە ئەستۆی خۆی".

(شەپۆلێ چەپڵەو دەنگە دەنگ لەهۆڵەكەدا)

"دوای دەنگدانی دەستەی سوێندخۆران لەسەر حوكمەكە، تۆمەتبار چیتر تاوانبار نیە بەو تۆمەتەی ئاراستەی كراوە".

پاشان بڕیارەكە راگەیێنرا "فەرمانی گرتنی تۆمەتبار هەڵدەگیرێ".

پارێزەرانی بەرگریو دۆستانو هاووڵاتیانی تۆمەتبارو جەماوەر تەوقە لەگەڵ تۆمەتباردا دەكەنو پیرۆزبایی لێدەكەن.

(دەستەی داواكاری گشتی داواكاریی پیاچوونەوەی دژی حوكمی (تبریە) كردن پێشكەش كرد، بەڵام لەدواییدا داوای پیاچوونەكەی كێشایەوەو بەمجۆرە حوكمەكە بوە خاوەن هێزێكی یاساییو قابیلی تانەلێدان نیە.

# پاشكۆ

ئەمــە ئــەو بەڵگانــەی ســەلماندنن، كــە دەســتەی بــەرگری لــەتهلیریان كۆیـانكردەوەو پێشكەشـیان كـردو دوایـیش بـەرگری دەسـتی لـەوە هـەڵگرت بخرێتـە نـاو فـایلی كێشـەكەوە لەبـەر رۆشـنایی ئامۆژگـاریی سـەرۆكی دادگـا، چونكە رای دادگاو دەستەی سوێندخۆران ئەوە بـوو، كـە لەبـەر رۆشـنایی ئـەو بەڵگانەی تا ئێستا هەن‌و لەبەردەستدان، وایـان لـێ دەكـا توانـای حوكمـدانیان هەبێ بێ ئەوەی پێویستیان بەبەڵگەی دیكە هەبێ.

# أ

# چەند وێنەیێک لەقەسابخانەکانی

# ئەرمەن (١٩١٥ ـ ١٩١٨)



**قوربانی (الضحیه):**

**تەڵعەت پاشا**



**تۆمەتبار:**

**سوگۆمۆمون تهليريان**


Soromon Tehlerjan mit seinen Kindern (40er Jahre in Belgrad)

## تۆمەتبار:

## سۆگۆمون تەلیریان و منداڵەکانی ساڵی ١٩٦١




# تۆمەتبار:
# سۆگۆمون تەلیریان
















THE BASES OF CIVILIZATION
IN THE NEAR EAST ARMENIAN
CRANES IN OURFA
1914 — 1919




























- ب -

## ئەم کەسانەی ناویان دێ وەک شایەت بانگ کران

١. هەردوو سستەر (تورافون یارلیسبرگ)و (ئینا ئیلفرز).

شوێنی نیشتەجێبونیان: بەرلین ـ شاری سیمنس، نوننداما ٩٧

ئەم دوو سستەرە کاتی راگوێزانی زۆرەملێی ئەرمەنیەکان لەشاری ئەرزنیجیان ئەوەیان بینیو تیایدا ژیان، چونکە ئەوسا لەو شارەدا دەژیانو کاریان دەکرد. وەسفی ئەو دووانە رێك بوو لەگەڵ ئەوەی تهلیریان وەسفی کرد.

تێبینیەکانی خۆیان بەناونیشانی (راپۆرتێ دەربارەی روداوەکان لەئەرزنیجیاندا لەحوزەیرانی ساڵی (١٩١٥) پێشکەشکردو ئامادەش بوون ئەو راپۆرتە وەك شایەتیی رەسمیی خۆیان لەبەردەم دادگادا دابنێن. لەم راپۆرتەدا کە لای دادگا بوو، ئەمە نووسرا بوو "لەمانگی تشرینی یەکەمی (١٩١٤) تا نیسانی (١٩١٥) ئێمە سەربازە تورکەکانمان تیمار دەکرد لەئەرزەروم".

پاشان لەخاچی سووردا کارمان کرد کە لەئەرزنجیان بوو.

خاچی سوور نەخۆشخانەیێکی رێکخست، کە چوار نوژداری ئەڵمانی کاریان تێدا دەکرد، لەگەڵ کۆمەڵێ سستەرو برینپێچ. سەرەتای حوزەیران سەرۆکی نێردەی خاچی سوور سەرۆکی نوژداران دکتۆر کولی ئاگاداری کردین، کە ئەرمەنییەکان لەشاری وان دژی حکومەت راپەریونو فەرمانیش هاتووە بەراگوێزانی ئەرمەنیەکان لەو شوێنانەی زۆرینەی تێدا پێك دێنن بەرەو دەشتەکانی میزۆمۆتامیا (نێوان دوو روبارەکە)، بەلام هیچ قەسابخانەیێك رووی نەدا، رێنماییەکان ئەوە بوو کە ئەرمەنییەکان کۆبکرێنەوە لەگەڵ شتە پێویستەکانیان. بۆ مسۆگەرکردنی ئاسایشیان بڕیارە چاودێری سەربازییان

لەگەڵدا بێ. فەرمانەکە وای داوا دەکرد، کە نابێ ئێمە بەهیچ جۆرێ لەگەڵ ئەرمەنــە راگوێزراوەکانــدا هــیچ جــۆرە پەیوەندیــەکمان هــەبێ، هــەروەها ئەوەشیان لێ قەدەغە کردین کە بگەڕێین یان پیاسە بکەین، بەپێ بێ یان بەسواری ئەسپ، لەو ناوچەیەدا. ئەو ئەرمەنیانەی لەئەرزنیجیان دەژیان، چــەند رۆژێ مۆڵــەتیان درایــێ بــۆ ئــەوەی شــتەکانیان بفرۆشــنو پــێش رۆیشتنیش دەبایە کلیلی ماڵەکانیان بدایە بەدەسەڵاتە رەسمیەکان.

لەحەوتی حوزەیراندا کاروانی یەکەمی راگوێزراوان رۆیشت، ئەم کاروانە بەپلەی یەکەم لەخەڵکە دەوڵەمەندەکە بوون، کە توانیان عەرەبانە بەکرێ بگرن، ئەمانە دەبایە بگەنە شاری خەرپوت کە قۆناغی دووەمی گەشتەکە بوو، لە(٨، ٩، ١٠) حوزەیران کۆمەڵی دیکە شاریان بەجێهێشت، بەگشتی نزیکەی (٢٠ ـ ٢٥) هەزار کەس... دوای ئەوە دەمگۆی ئەوەمان بیست، کە کوردەکان هێرشیان کردۆتە سەر ئەو خەڵکە بێ چەکەو بەتەواوی تاڵانیان کردوون. ئەم دەمگۆیە چێشتکەرە تورکەکەمان تەئکیدی کرد. ئەم ئافرەتە بەچاوی پڕ گریانەوە بۆی گێڕاینەوە کە کوردەکان دەستدرێژییان کردوەتە سەر ژنانو کوشتویانو منداڵەکانیشیان فڕێداونەتە رووباری فورات.

هێــزی ســەربازی نیزامــی لــە (١١)ی حوزەیرانــدا رەوانــە کــرا تــاکو ســزای کوردەکان بدا، بەڵام لەبری ئەوە ئەو هێزانە هێرشیان کردەسەر خەڵکە بێ چەکەکە، کە زۆربەشیان ژنو منداڵ بوونو لەناویان دان. دەبایە لەدەمی سەربازە تورکەکانەوە ببیسین، کە خۆیان لەو کارەدا بەشدارییان کرد بوو، چــۆن ژنــان بەچــۆکدا دەهــاتنو داوای بــەزەییان دەکــرد، چــۆن هەنــدێکیان بەخۆیان منداڵەکانیان فڕێ دایە رووبارەکەوە. لەوەڵامی ناڕەزایی ئێمەشدا کە دەمانگوت: چۆن تەقە لەژنو منداڵ دەکەن، وەڵامیان دەداینەوە چی بکەین،

فەرمانمان پێ کرابوو. یەکێکیان گوتی "بینینی ئەو شتانە وای لەمرۆڤ دەکرد بێزی بێتەوە. من تەقەم نەکرد، بەڵکو وام پیشان دەدا کە تەقە دەکەم" هەستی خەمو پەژارە دەروونی داگیر کردین بۆ ئەو گەنجانە کە بەمجۆرە رێو شوێنە رێکخراوە دەیانکەن بەپیاوکوژو شەیتان... سەربازەکان گێڕایانەوە... کە پێویستیان بەچوار سەعات بوو تاکو هەموویان بکوژن، پاشان ئەو عەرەبانانەی گا رایدەکێشان، ئامادە بوون بۆ گواستنەوەی تەرمەکان تافرێ بدرێنە ناو رووبارەکە. بۆ ئێوارە مرۆڤ ئەو جەنگاوەرانەی دەبینی کە دەگەڕانەوە ماڵەوە بەبارێ لەو شتانەی تاڵانیان کردبوو. ئایا ئێمە کارەکەی خۆمان بەباشی ئەنجام نەدا؟

هەندێ لەوانە کە رووی قسەیان لەدەرمانسازی ئەڵمانی بەڕێز غیلزن بوو، ئەمەیان گوت، چونکە ئەویش لەتورکی تێدەگەیشتو وەك ئێمەش لەو کردەوانە ناڕازی بوو. بەداخەوە رای ئەرمەنیەکان وەك رای تورکەکان وابوو کە ئەڵمانەکان لەم کارانە رازین... ئێوارەی (١٨)ی حوزەیران، لەگەڵ برادەرەکەمان بەڕێز غیلزن پیاسەمان دەکرد لەبەردەم ماڵەکەی خۆماندا. هەر لەوێ جەندرمەییێکمان بینی قسەی بۆ کردین، کە بەدووری دەخولەك بەپێ لەنەخۆشخانەکەوە کۆمەڵێ ژنو منداڵی راگوێزراوی ناوچەی بایبورت خەوتوون. ئەو بەخۆی بەشداری کردبووو لەگەڵیان بوو لەکاتی راگوێزانەکەداو یارمەتیشی دابوون. بەداخو پەژارەییێکی زۆرەوە باسی ئەو ناخۆشیو کارەساتەی کرد کە لەڕێ تووشی هاتبوون. سەربڕین، دوای سەربڕین، بەمجۆرە گەییێنرانە ئێرە.

رۆژانە (١٠ ـ ١٢) پیاو دەکوژرانو تەرمەکانیان فڕێ دەدرایە دۆڵە قووڵەکان. ئەو منداڵانەی نەیاندەتوانی لەگەڵ کاروانەکەدا بڕۆن سەریان پان دەکرایەوە.

ژنەکانیش لای هەر گوندێ تاڵان دەکرێن‌و دەستدرێژی دەکرێتە سەریان. من خۆم تەرمی سێ ژنی رووتم ناشت، خوا لەسەر ئەم کارەم حیسابم لەگەڵ دەکا. بەمجۆرە راپۆرتەکەی کۆتایی پێ هێنا کە مرۆڤ دەتۆقێنێ... بۆ بەیانیی رۆژی دوایی گوێمان لەدەنگی کاروانەکە بوو کە بەرەو مەرگ دەڕۆیشت. لەپیاوەکان تەنها دوو کەس مابوون‌و هەندێ لەژنەکانیش شێت ببوون. یەکێکیان هاواری دەکرد: دەمانەوێ ببین بەمسوڵمان، دەمانەوێ ببین بەئەڵمان، دەمانەوێ ببین بەوەی کە ئێوە دەتانەوێ، تەنها رزگارمان بکەن، ئێستا دەمانبەن بۆ (کیماك)و لەوێ سەرمان دەبڕن... کە لەشار نزیك بووینەوە، سوارەی زۆری تورك هاتن منداڵ یان کچی منداڵو جوانیان برد.

پاش چەند ساتێ لای دەروازەی شار، کە ماڵی نوژدارە ئەڵمانەکانیشی لێ بوو، لەوێ ئەو کۆمەڵە راوەستان پێش ئەوەی بڕۆن بۆ کیماك.. ئەوێ بازاڕی کۆیلەفرۆشتن بوو... بەڵام بێ ئەوەی پارەش بدەی.

لە (٢٠)ی حوزەیران ئێمە ئەرزینجیانمان بەجێهێشت. لەرێ کاروانێکی گەورەمان تووش بوو کە لەو راگوێزراوانە بوون پێش ماوەیێکی کەم گوندەکانیان جێ هێشتبوو..

هەرگیز ئەو دیمەنە لەبیر ناکەین... ژمارەییێکی کەمی پیاو، جگە لەوە هەر ژن بوون‌و لەگەڵ ژمارەییێکی یەکجار زۆری منداڵ. زۆریان پێستی سپی‌و چاوی شینی گەورەیان هەبوو، بەچاوی پڕ ترسی مردن تەماشای ئێمەیان دەکرد... دەتگوت مەلایکەتی بەهەشتن.

بەبێ دەنگیەکی ترسناك رۆیشتن.. بێ دەنگ نەگەورەو نەبچوك، کەس دەنگی نەبوو جگە لەژنێکی بەساڵاچوو، کە دەیانویست لەسەر کەرێ داینێن‌و رایگرن تانەکەوێ... ئەمانەیان هەموو دابووە پێش، هەموویان بەیەکەوە

بەسترا بوون، پاشان لەسەر بەردە بەرزەكانەوە فڕێیان دەدانە روباری فورات تا بخنكێن، یان فڕێیان دەدانە دۆڵەكانی كیماك بوكبازی. ئێستا بەمجۆرە كارەكە دەكەن، عەرەبانەچیەكی یۆنانی گوتی مرۆڤ تەرمەكان لەخوارەوە بەدرێژایی هەردوو رۆخی رووبارەكە دەبینێ. دڵی مرۆڤ وەك سەهۆڵی لێ هاتووە. جەندرمەی هاوڕێمان پێی گوتین كاروانێكی بینی نزیكەی (٣٠٠٠) ژنو منداڵ بوون بەمجۆرە دەبران، لە (ماماخاتون)ەوە دەبران بۆ ئەرزەڕومو لەوێشەوە بۆ كیماك.

٢. نوژدار فون شویبنر ـ ریختر، میونخ، جادەی لیوبولد ٥٨:

دادگا ئەم شایەتەی بانگ كرد، بەڵام ئەو داوای لێ بوردنی كرد، كە ناتوانێ ئامادەبێ، پاساوی ئەوەشی هێنایەوە كە لەبری شایەتیەكەی ئامادەیە راپۆرتەكانی كونسولگەریەكەی رەوانە بكا، كە لەوانەیە مەبەست بپێكێ. ئەم راپۆرتانە لەو سەرچاوەیەدا بلاوكرایەوە، كە ناوی "ئەڵمانیاو ئەرمینیا ١٩١٤ ـ ١٩١٨" بوو لەخانەی تیمبل لەبوتسدام ساڵی (١٩١٩) بلاوكرایەوەو دوكتۆر بوهانیس لیبسیوس پێشەكی بۆ نوسیبوو.

لەو راپۆرتەدا كە نێردرا بوو بۆ كونسولگەری ئەڵمانی لەئەستەنبول بەمێژووی (١٨)ی حوزەیرانی ساڵی (١٩١٥) "ئەرمەنییە راگوێزراوەكانی دەشتی ئەرزەروم لەرێی ئەرزنیجیانەوە بۆ خەرپوت لەڕێگە لەلایەن كوردەكانو دزو جەردەی دیكەوە هێرشیان كرایە سەر. زۆربەی پیاوو منداڵەكان كوژرانو ژنەكانیش تالانكران. حكومەت ناتوانێ یان نایەوێ هیچ شتێ بكا بۆ پاراستنیان. ئەو هەنگاوانە چین، كە من دەتوانم بیكەم لەم مەسەلەیەدا بۆ رێگرتن لەوەی قەسابخانەی دیكە روونەدا.

بروسـكەی (٣٠) حـوزەیران کـە بـۆ باڵوێزخانـەی ئـەڵمانی لەئەسـتەنبول نێردراوە ـ لەکتێبەکەی لیبسیوس لاپەڕە ٩٣ ـ ئەمە دەقەکەیەتی:

"ژمارەی ئەو ئەرمەنیانەی لەڕێ کوژران سێ هەزار کەسن".

راپۆرتی (٢٨)ی تەمموزی (١٩١٥)، (لەکتێبەکەی لیبسیوس لاپـەڕە ١١٣) کـە بـۆ بـاڵوێزی ئـەڵمانی رەوانـەکراوە لەئەسـتەنبول بـەڕێز ـ فـرایهیرن فـون فانگنهایم ـ ئەمەی تیا نووسراوە:

"تائێستا لەئەرزەروم، بەپێچەوانەی شارەکانی دیکە، کاروبارەکان سـەبارەت بەڕاگوێزراوەکان بەجۆرێکی میانڕەو دەکرێت...

ئـەم رەفتـارە مرۆڤانەیـەی منـیش داوام کـرد بکـرێ.... لـەپڕ بـەهۆی کاریگەریی لیژنەییێکەوە راگیرا... ئێستا مـەحموود کامـل پاشـا فـەرمانی داوە بـەڕاگوێزانی بـێ دواکـەوتن بـێ ئـەوەی گـوێ بـەهیچ جیاوازیـەك بـدرێ بـۆ هـەموو ئەرمەنیـەك. ئەمـە لەکاتێکـدا روویـدا کـە مـن لای والی بـووم لەئەرزینجیان.

وەك مـن بـزانم والیـی پێشـوو تەحسـین بـەگ راییێکـی دیکـەی مـرۆڤ پەروەرانـەی هـەبوو سـەبارەت بـەڕەفتار کـردن لەگـەڵ ئەرمەنیەکانـدا، بـەڵام هەردوو دەستیشی بەسترا بوو لەگەڵ توندڕەوەکاندا هیچی بۆ نەدەکرا.

ئـەم بۆچـوونەی ئـەو کەسـانەی بڕوایـان پێیـەتی نایشـارنەوە کـە ئامـانجی کۆتاییان لەم چالاکیانە دژی ئەرمەنیەکان ئەوەیە کە بەتـەواوی قڕیـان بکـەن لەتورکیا "دوای جەنگ لەتورکیا ئەرمەنی نامێنێ" ئەمـە ئـەو قسـەیەیە، کـە یەکێ لەکەسایەتیە دەسڕۆیشتووە تورکەکان کـردی. ئەگـەر ئـەم ئامانجـە بـەم قەسـابخانە جۆراوجۆرانـە بێتـە دی، مـرۆڤ بەئومێـدە کـە رێگـەی زەحمـەت

بەرەو میزۆپۆتامیا زۆربەیان لەناو ببات، ئەوەندەشی کە دەمێنن، ئاوو هەوای ئەوێ کە لەگەڵی ڕانەهاتوون، دەیانکوژێت.

پێ دەچێ ئەم چارەسەرە بۆ کێشەی ئەرمەنی لای پەیڕەوانی بۆچوونی رادیکالی کە زۆربەی فەرمانبەرە سەربازیو ئیدارییەکانی گرتوەتەخۆ... نمونەیترین چارەسەربێت.

گەلی تورك بۆ خۆی لەگەڵ ئەم چارەسەرەی مەسەلەی ئەرمەندا نیە بەهیچ جۆرێ لەجۆرەکان.

کونسوڵ ف. روسللر کە ئێستا لەئیگەر نیشتەجێیە، وەزارەتی دەرەوەی ئەڵمانی رێی پێ نەدا شایەتی بدا وەك شارەزاییێکی پسپۆڕ لەپەیوەندیەکانی تورکی - ئەرمەنیدا. بەڵام ڕێی پێدا بەشێوەیەکی پوختی بابەتی باش سەبارەت بە رووداوەکان شایەتی بدا. ئەو زانیاریانەی لایەتی لەڕاپۆرتەکانی لیبسیوسدا چاپکراون.

لەو راپۆرتەی بۆ راوێژکاری ئیمپراتۆریی ئەڵمانی لە (٢٧) تەموزی (١٩١٥) - لیبسیوس لاپەڕە (١٠٨) - نێردراوە. ئەمە نووسراوە:

٣. فڕێدانی تەرمەکان بۆ ناو رووباری فورات ماوەی (٢٥) رۆژ بەردەوام بوو. ئەمەش بەگوێرەی راپۆرتی چاودێرەکان، کە لە (١٧)ی ئەم مانگە پێمگەیشت لەناوچەکانی (رومکالە)و (بیرجیك)و (جرابلس). هەموو تەرمەکان دەستیان بەسترا بوو، دوو دووش بەپشتی یەکدیەوە بەسترا بوون.. بەستنەوە بەمجۆرە کە هەموو وەك یەك بەسترا بوون، دەری دەخا کە مەسەلەکە پەیوەندیی بەهێرشی دزو جەردەوە نیە... بەڵکو ئەمە تاوانێکی رێکخراوە لەلایەن دەسەڵاتە رەسمیەکانەوە وەك لەدواییدا لەڕاپۆرتەکەدا باس دەکرێت... ئەم راگوێزانی زۆرەملێیە دوای راوەستانی چەند رۆژێ بۆ

پشـــوودان دووبـــاره دەس پێدەکاتـــەوە بـــەجۆرێکی زۆر تونـــدتر. ئـــەمجارە ڕاگوێزانە زۆرەملـێکە تەنها ژنو منداڵی گرتەوە.

٦. بەڵگە زۆرە کـە ئامـاژە بـەوە دەکا جڵـەوی ڕاگـوێزانی زۆرەملـێ لـەدەس حکومەت دەردەچێ، جا بەدەسـتی ئەنقەسـت بـێ یـان نـەء، بەمـەش کارەکـەو بەئەنجام گەیاندنی ئەو ئەرکە گرنگە جێ دێڵێو بۆ چەرکەسو کوردەکان.

٧. ئەرمەن لەڕێی (رأس العين) کە دوا وێستگەی ئیستەیە لەهێڵی بەغدا لە (خـەرپوت)و (ئـەرزڕوم)و (تبلـیس)ەوە تـازە دەگـەن. ئـەو ئەرمەنیانـەی لـە خەرپوتـەوە هـاتوون، دەڵـێن کـە لەیـەکێك لـەو گوندانـەی نزیکـەی چـەند سەعاتێ بەپێ لەباشـورەوە لەشـار دوورە پیـاوان لـەژنان جیاکرانـەوە. هـەموو پیاوەکان کوژرانو لاشەکانیان فڕێ درایە ئەمبەرو ئەوبەری ڕێگاکە، هەر ئەو ڕێگایەی کە دەبوو لەدواییدا ژنەکان پیایدا بڕۆن".

بروسـکەیێك کـە بـۆ باڵوێزخانـەی ئـەڵمانیا لەئەسـتەنبول نێردرابـوو لـە (٢٧)ی تەمموزی (١٩١٥) (کتێبەکەی لیبسیوس لاپەڕە -١١٢-) گەیشت، دەڵێ:

"هـەواڵی بـاوەڕپێکراو کـە دەگاتـە ئێـرە سـەبارەت بـەقڕکردنی ئەرمـەن لەڕۆژهـەڵات مایـەی بێـز لـێ هاتنەوەیـە، رووبـاری فـورات دووبـارە تـەرمی کوژراوەکان زیـاترو زیـاتر لەگـەڵ خـۆی دەبـات. زۆربـەی تەرمـەکان هـی ژنو منداڵن، ئایا ناکرێ ئەم خوێنڕێژیە ڕاگیرێ؟ تکایـە وەزارەتـی دەرەوەی بـەڕێز ئاگادارکەنـــەوە ڕێ نـــەدەن ڕەتکردنـــەوەی ڕەسمیـــی تـــورکی بڵاوبکرێتـــەوە سەبارەت بەم قەسابخانانە لەڕۆژنامەکانی ئەڵمانیدا، بۆ ئەوەی وا دەرنەکـەوێ کە ئەڵمان لەم قەسابخانانە ڕازین).

٤. ئەفسـەر ئیرنسـت بـاراکوین - میـونیخ، جادەی رومـر ژمـارە (٢). شـایەت هاتـە دادگـاو ئامـادەیی خـۆی دەربـڕی بـۆ ئـەوەی ئـەو زانیاریانـەی هەیـەتی

سەبارەت راونـانی ئەرمـەن لەموسڵو ئـەزرینجیان، پێشکەش بـەدادگای بکـاو پێش هەمو شتێکیش لەکاتی داگیرکردنی شاری (باکۆ)دا.

٥. نــەقیب ف.س. ئەنــدریا، کـاوتینگ نزیـك میـونیخ شـایەت ئامـادەبوو شـایەتی بـدا، چـونکە قەناعـەتی هەیـە کـە لەئـەنجامی زنجیرەیـەکی تـەواوی رووداوی بابەتییــەوە پێــی گەیشــتووە، کــە تەڵعــەت دەیویســت بەتــەواوی‌و بەعەمدی گەلی ئەرمەنی قڕ بکا.

٦. خانمی مژدەبەر م. دیدزون. نیـدرلوبنیتس نزیـك کوتشـنبوردا، ڕێگـەی گراد ژمارە ٣٣.

ئاگاداریيەکانی پەیوەندییان بەناوچەی کیلیکیـاوە هەیـە (باشـوری ڕۆژاوای تورکیا ـ وەرگێڕی عەرەبی) لەیەکێ لەنامەکانیدا ئەوەی دەتوانێ وەك شایەتی بیدا، وەسفی دەکـاو دەڵـێ: دەبایـە دانیشـتوانی ئەرمـەن لەشـاری (هـادجین)ی نزیك (ئەدەنە) ماڵو زەوییان بەجێ بهێڵن لەماوەی سێ ڕۆژدا. ئـەم خەڵکـەی بەپێی ڕای پارێزگارە تورکەکە هیچ ڕەواڵـەتێکی دوژمنکارییـان دژی دەوڵـەتی تورکیا لـێ دەرنەکەوت، لەگەڵ ئەوەشدا ناچارکران ناوچەکانیان بەجێ بهـێڵن بەڕێگـەیێك کـە هـیچ بـەزەیی‌و ڕەحمـی تێـدا نـەبوو. نـەخۆش‌و پەککەوتـەو کوێرەکان بـەتێلا لێیـان دەدرا بـۆ ئـەوەی لەناوچـەکەیان دوور بخەنـەوە، ئـەو ژنانــەش کــە پــێش چــەند ســەعاتێ منــداڵیان ببــوو، بەتونــدی‌و بــێ ڕەحــم ڕاگوێزران‌و لەیەکەم بەرزاییدا کە پیایـدا سـەرکەوتن، مـردن. دوای پشـکنینی شارەکە مـاڵ بـەماڵ بـۆ شـتە بەنرخـەکان لەلایـەن فەرمانبـەرە تورکەکانـەوە، هەرچـیەکی بەکـەڵکیان دەس دەکـەوت، بردیـان، لەهـەمان کاتیشـدا ئاگریـان لەشارەکە بەردا. گەڕەکە موسڵمانەکەی شار لەئاگر پارێزران، لەکاتێکدا بەشـە ئەرمەنیەکـەی کـە نزیکـەی (٢٥٠٠) مـاڵ دەبـێ، بەتـەواوی سـوتا. ژمـارەیێکی

زۆری منـداڵ لـەکچو کـوڕ کـە لەخانـەی هـەتیوانی ئەمریکیـدا بـوون، لەگـەڵ ئەوانی دیکەدا راگوێزران.

٧. خاتو م. سبیکر، روسلبن لەسەر رووباری ئونستروت.

ئەم شایەتە بۆی رێککەوت کاتـێ کـە لەگـەڵ مێـردە مردووەکەیـدا بـوو کـە ئەوسا لەشاری حەلەب مامۆستا بوو، چاودێریی قافڵەی کۆچکەرانی ئەرمـەنی بـێ کـە لـەوێوە تێپـەڕین، ئەوسـا حەلـەب وێسـتگەیێکی گشـتی بـوو ئـەم کاروانانـەی پێـدا تێدەپـەڕین. مێـردی شـایەتەکە ئـەم بۆچـوونانەی خـۆی لەراپۆرتێکدا کە لەمانگی تشرینی یەکەمی ساڵی (١٩١٥)دا نووسـیبووی، تۆمـار کردبـوو، دەسـتەی بـەرگریش بەدەسـتی کـەوتبوو. لـەم راپۆرتـەدا، بـەپێی گێڕانـەوەی هاتوچـۆکەرە مسـوڵمانەکان، رێگـەکان بەکـەڵکی هاتوچـۆ نـایێن بەهۆی ئەو ژمارە زۆرەی تەرمەکانەوە کـە لەمبـەرو ئەوبـەری رێگاکـەدا فـڕێ دراون بێ ئەوەی بنێژرێنو لەبەر ئەو بۆگەنەش کـە لەئـەنجامی بۆگـەنبوونی تەرمەکانەوە دێو هەوا ژەهراوی دەکا.

رۆژانـە لەشـاری حەلـەب (١٠٠ ـ ٢٠٠) کـەس دەمـرێ لەوانـەی مـاونو نەنێردراون بۆ گەشتی مردن، ئەمـەش لەئـەنجامی مانـدووبونێکی زۆرەوەیـە، کە ئەو کۆمەڵە برسیانە لەمنداڵو ژنە لاوازەکان کە وەك ئێسکبەند وابـوون ـ هیکل عضمی ـ دەگەیشتنە حەلەب پـەلاماری خواردنیـان دەدا وەك گیانـەوەر، بەشـەکانی نـاوەوەی لەشـی زۆریـان ئیشـی نـەدەکرد، بۆیـە دوای خـواردنی کەوچکێ یـان دووان لـەخواردن کەوچکەکەیان دادەنـا. راپۆرتەکـە دوای ئـەوە ژمارەیێکی یەکجار زۆر دەنوسێ سـەبارەت بـەو تونـدو تیـژیو کوشـتو بـڕەی کۆچـبەرەکان تووشـی دەهـاتن بـەهۆی ئـەو دەمگۆیانـەی لەبارەیانـەوە بڵاودەکرێتەوە لەحەلەب.

٨. دانەر  ئیرمین فیگینر، نویکللوسوف (مارك)

ئەم شایەتە لەسەرەتادا ئەندام بوو لەنێردەی فریاکەوتنی ئەڵمانی لەکاتی جەنگداو لەناوچەی دەریای دەردەنێڵو لەئەستەنبول. لەکاتی مۆڵەت وەرگرتنندا هەلی قۆستەوەو لەمانگی تەموزو ئابی ساڵی ١٩١٥دا چووە ئاسیای بچوك تاکو بەخۆی دڵنیا بێ لەو دەمگۆیانەی پێیان دەگەیشتن سەبارەت بەقەسابخانەکان. پاشان بوو بەیەکێ لەو کەسانەی لەگەڵ (فیلد مارشال فون دیرکلوتز)بوون. هەر لەگەڵ ئەویشدا هەموو ناوچەی ئاسیای بچوك گەڕاو چووە حەلەبو بەغداو بەپێچەوانەشەوە. پاشان لەبەغداوە بۆ (دیرالزور) ـ هێڵی دیجلەو فورات  ـ. زۆر لەسەربازگەکانی کۆچ پێکراوەکانی بینی لەناوچەی جیا جیای بیاباندا و بەچاوی خۆی ئەو کارەساتو ژیانە خراپەو نەخۆشیە گرانانەی "پەتا" توشیان بووبوو، بینی.

چاوی بەهەندێ کەس کەوت کە زێڕیان قوت دەداو دەیانشاردەوە پاشان لەپیساییەکانیانەوە دەریان دەهێنان.

ئاگای لەوەشبوو چۆن ئەرمەنیەکان بەتوانای خۆیان هەوڵیان دەدا لەو بیابانەدا نیشتەجێ بنو بازرگانی خۆیانی تێدا بکەن، هەر زوو بۆیان دەرکەوت ئەوەیان پێ ناکرێ، پاشان لەوێوە بەردەوام بوون لەکۆچ پێکردنیان. زۆر چیرۆکی ترسناکی سەبارەت قەسابخانەکان کۆکردبووەوە کە لەئەرمەنیەکانو تورکەکانی بیستبوو. لەکاتی دانیشتنەکانی دادگا ئامادەیی خۆی دەربڕی کە وێنەی فۆتۆگرافیی زۆر دەربارەی ئەو قەسابخانانەیە پیشان بدا، کە خۆی زۆربەیانی گرتبوو، ئەو وێنانە ئەو ژیانە پڕ ئازارەی کۆچ پێکراوەکانو شوێنەواری قەسابخانە خوێناویەکانی پیشان دەدا. ئەو کارەساتانەی بینیبووی لە "نامەیێکی کراوەدا ئاڕاستەی سەرۆکی وڵاتە

یەکگرتوەکانی ئەمریکا ویلسن"ی کردبوو لەکانوونی دووەمی ساڵی (١٩١٩)داو لەڕۆژنامەی ئەڵمانی (بەرلینەر تاکس بلات)دا بڵاوکرایەوە (تەماشای کتێبەکەی بکە بەناونیشانی "ڕێگەی بێ گەڕانەوە بۆ ماڵەوە" کە لەلایەن خانەی بڵاوکردنەوەی سیبیلین لەدردسن بڵاوکرایەوە).

٩. ئەم شایەتە بەبروسکە بانگ کراو لەسەرەتای دانیشتنەکانی ڕۆژی دووەمی دادگایکردنەکەدا بینراو خزمی تهلیریانەو ناوی سامویل فوزگانیانەو لە (بەلگراد ـ سربیا) دادەنیشێ. دادگا دەیویست گوێی لەشایەتیەکەی بێ سەبارەت بەپەیوەندیە خێزانیەکانی تهلیریانو بارودۆخی داراییان. بەڵام دادگا زۆر گوێی نەدایە شایەتیەکەی، چونکە هەموو لایێ ڕێك بوون لەسەر ئەوەی هەرچی تۆمەتبار بیڵێ، لەم بارەوە بڕوای پێ بکەن.

١٠. نووسەر ئارام ئەندونیان لەپاریسەوە.

ئەم شایەتە کتێبێکی بەزمانی فرەنسی بڵاوکردەوە بەناونیشانی "بەڵگەنامە ڕەسمییەکانی دیاریکردنی قەسابخانەکانی ئەرمەن" لەپاریس ساڵی (١٩٢٠). ئەم کتێبە ژمارەی زۆری بروسکەی ئەسڵیو لەسەر ئەسڵی وێنەگیراو یان دانەی وەك ئەسڵیەکە دەربارەی جێبەجێ کردنی قەسابخانەکانی ئەرمەن لەلایەن حکومەتی تورکیای تێدابوو. گرنگترین ئەم بروسکانە لەبەشی پاشکۆی ئەم کتێبەدایە لەژێر ناونیشانی (ب)و کراویشن بەزمانی ئەڵمانی، لەلایەن تەلعەتەوە دەرچووە بەو سیفەتەی وەزیری کاروباری ناوخۆ بوو. بروسکەکان بەپێی کاتی دەرچوونیان ریزکراونو ئەم ژمارەو مێژووییانەیان پێوەیە:

ژمارە (٣) لە (١٥)ی ئەیلولی ساڵی (١٩١٥)

ژمارە (٨) لە (١٨)ی تشرینی دووەمی ساڵی (١٩١٥)

ژماره (١٣) له (١٢)ی کانونی دووه‌می ساڵی (١٩١٥)

ژماره (١٩) له (٢٣)ی کانونی دووه‌می ساڵی (١٩١٦)

ژماره (٢١) له (٧)ی ئازاری ساڵی (١٩١٦)

ئه‌ندونیان ئه‌م بروسکانه‌ی به‌شێوازه ئه‌سڵیه‌که‌ی خۆیان خسته به‌رده‌ستی ده‌سته‌ی به‌رگری، ئه‌ویش له‌لای خۆیه‌وه پێشکه‌ش به‌دادگای کرد. به‌رگری داوای کرد ئه‌م بروسکانه له‌گه‌ڵ به‌ڵگه‌نامه‌کانی دادگادا دابنرێن، به‌ڵام ئه‌وه نه‌کرا. دوای ئه‌وه‌ی سه‌رۆکی دادگا به‌هۆی ـ تعلیق ـ ی یه‌کێ له‌سوێندخۆران، بۆ تۆمه‌تبار، گوتی"سوێندخۆره‌کان بڕوا به‌وه ده‌که‌ن که تۆ کاتێ تاوانه‌که‌ت ئه‌نجامدا، قه‌ناعه‌تت هه‌بوو که ته‌ڵعه‌ت پاشا هۆکارو به‌رپرسی ئه‌و قه‌سابخانانه بوو.." هه‌رله‌به‌ر ئه‌م هۆیه‌ش دوای ئه‌وه شایه‌تیدانه‌که‌ی "ئه‌ندونیان"یش گوێی لێ نه‌گیرا.

ئه‌ندونیان له‌به‌رده‌م ده‌سته‌ی به‌رگریدا ئاماده‌یی خۆی پیشاندا که ئه‌و رێو شوێنه‌ی بروسکه‌کانی پێ ده‌سکه‌وتوه، روون بکاته‌وه‌و ده‌رباره‌ی راستیی‌و ئه‌سڵی بونیشیان قسه‌بکا: دوای رووخانی ده‌سه‌ڵاتی تورکی له‌حه‌له‌ب "کۆمه‌ڵگه‌ی که‌نه‌سیی کاسولیکیی سیلیسی" لیژنه‌یێکی له‌ئه‌رمه‌نیه‌کان پێکهێنا بۆ ئه‌وه‌ی لای لایه‌نه تورکیه‌کان له‌حه‌له‌ب له‌و مه‌سه‌له‌یه بکۆڵێته‌وه‌و بگه‌ڕێ به‌دوای ئه‌و به‌ڵگه‌نامانه‌ی په‌یوه‌ندییان به‌ڕاگوێزانی زۆره‌ملێی ئه‌رمه‌نیه‌کانه‌وه هه‌یه.

لیژنه‌که هیچ کۆسپێکی نه‌هاته‌ڕێ، نه‌ك ئه‌وه، به‌ڵکو گه‌وره‌ی سکرتاریه‌تی فه‌رمانگه‌ی کۆچ پێکردن له‌حه‌له‌ب (نه‌عیم به‌گ) به‌هۆی بارودۆخه تازه‌که‌وه هیچ شتێکی وای پیشان نه‌دا که نایه‌وێ یارمه‌تیی ئه‌ندامانی لیژنه‌که نه‌دا کاتێ که ده‌گه‌ڕان به‌دوای به‌ڵگه‌نامه‌کاندا. دیاره که ده‌یویست له‌و رێگه‌یه‌وه

خـۆی لـەو لێپرسـراوێتیەی حکومـەتی تـورکی رزگـار بکـا. ئـارام ئەنـدونیان بەشداریی کرد لەگەڕان بەدوای بەڵگەنامەکانـداو گرنگترینیـانی هەڵبـژارد بـۆ ئەوەی بڵاویان بکاتەوە.

ئەمەش ئەوە بوو کـە دوایـی کـردی. لیژنەکـە کۆمـەڵێ بروسـکەی ئەسـڵیی دۆزیـەوە، کـە تێبینـیو رێنمـایی رەسمـی لەسـەر نوسـرابوو. ئـەم بروسـکە ئەسڵیانە لەگەڵ دانەی دیکەی بروسکەی لەبەرگیراو (کۆپی کراو) کۆکرانـەوە، ئەو بروسکانە (نەعیم بەگ) لەبەری گرتنـەوەو پێشکەش بەلیژنەکـەی کـرد تائاگایان لێی بێ. ئەندونیان بروسکەکانی لەلەنـدەن وەرگێـڕاو گرنگترینیـانی هەڵبـژاردو وێنـە ئەسـڵیەکانی لەکتێبەکەیـدا چـاپ کـرد. لەئـەنجامی ئـەوەوە چەند دانەیێك لەبروسکە ئەسڵیەکان ون بوون. ئەو پێنج بروسکەیەی درایـە دەستەی بەرگری، وەك پێشتر ئامـاژەی بـۆ کـرا، لەبروسـکە ئەسـڵیەکان بـوون، هێشـتا چـەند دانـەیێ لەبروسـکەکانی دیکـە لای بـەڕێز ئەندونیانـە. هەرچـی کاتـێ پێویسـتی هەبایـە بـۆ ئـەو بروسـکانە بـەیناو بـەین دانـەی لـێ رەوانـە دەکرد.

سەبارەت بروسکە تاکەکان ئەندونیان گوتی، جگـە لـەو بروسـکانەی داونـی بەدەسـتەی بـەرگری، لێـرەداو لـەژێر بڕگـەی (ب)دا ئـەم بروسـکانە هـەن کـە ژمارەیان (١، ٥، ٦، ٧، ١١، ١٢، ١٧)یەو وەرگێڕدراویشن بۆ زمانی ئەڵمانیو لەسەر ئەسڵیەکان وێنـەیان لەبەر گیراوەتـەوە، ئـەو ئەسـڵیانەی گەیشـتونەتە دەسـتی. لەکاتێکــدا ئەســڵیەکانی بروســکەکانی دیکــەی دەس نەکــەوتووە، بــەڵکو زۆربـەیانی لەئەسـڵیەکەوە بـەکاربۆن وەرگـیراونو ئەمـەش لـەڕێی (نـەعیم بەگ)ەوە.

- ج -

## بروسکەکان

### ڕێنماییەکانی تەڵعەت بەو سیفەتەی وەزیرێکی تورکە بۆ کاروباری ناوخۆ دەربارەی ڕەفتار کردن لەگەڵ ئەرمەنیە بەزۆر ڕاگوێزراوەکان

ئەو دەقە ئەڵمانیانەی لێرەدا پێشکەش دەکرێن، وەرگێڕانی ئەو دەقانەن کە بەزمانی فرەنسی لەکتێبەکەی ئەندونیان بەناونیشانی "بەڵگەنامە رەسمیەکان سەبارەت بەقەسابخانەکانی ئەرمەن" وەرگیراون. ئەم کتێبە لەپاریس ساڵی (١٩٢٠) چاپکراوە. لەدواییدا لەلەندەن کرا بەتورکی. سەبارەت بەو پێنج بروسکە ئەسڵیەی خرایە بەردەست دەستەی بەرگری لەلایەن شارەزاییێکی زمانەوانیەوە لێی کۆڵرایەوە. لەو بروسکانەی ئەندونیان وێنەیانی گرتووە کە گرنگیەکی تایبەتیان هەیە، ئەوەی زمانی تورکی باش بزانێ دەتوانێت بەراوردیان بکا لەگەڵ وەرگێڕانەکەداو لەراستیی ناوەڕۆکەکەیان دڵنیا بێ. لەو پێنج بروسکە ئەسڵیەی ئەندونیان خستیە بەردەست دەستەی بەرگری لەدادگا، وێنەی چواریان لای خۆی هەیە.

بەتەئکید لەڕاستیی بروسکە ئەسڵیەکان دڵنیا بوون دوای بەراورد کردنیان لەگەڵ وێنەی ئەو چوار بروسکەیەی لای ئەندونیان بوون.

١ـ ژماره (٥٠٢)

بروسکه

بۆ والیی حەلەب

ئێمه ڕاتاندەسپێرین ژنو منداڵەکان ملکەچی ئەو ڕێنماییانە بکەن، کە بۆتان دیاری کراوه دەربارەی ـ بەشی پیاوان ـ لەو کەسانەی کە ناسراونو پابەندی ئەم ئەرکە وەزیفیەی شایانی بڕوایە.

(٣) ئەیلول (١٩١٥)

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

٢ـ بۆ والیی حەلەب

مافی ئەرمەن لەژیانو کارکردن لەناوچەکانی تورکیادا بەتەواوەتی سڕرایەوە.

حکوومەت کە هەمو بەرپرسیاریەك لەم بارەوە دەگرێتە ئەستۆ، فەرمانی دا کە تەنانەت منداڵی ناو بێشکەش نەمێنێ. لەهەندێ ولایەتدا لەبەرهۆی نەزانراو لەلایەن ئێمەوە هەندێ کەس جیادەکرێنەوە، کە لەبری ئەوەی ڕەوانەی ئەو شوێنە بکرێن کە بۆی نەفی کراون، لەحەلەب بەجێ دەهێڵرێن، بەمجۆرە حکوومەت دووبارە دەخەنەوە هەڵوێستێکی زەحمەتەوە، دەبێ هەموو کەسێك، هەر کەسێك بێ، ڕاگوێزرێ ژنو منداڵ، بێ ئەوەی هۆیەکان ڕوون بکرێتەوە، تەنانەت ئەو کەسانەش کە ناتوانن بڕۆن، ڕێ مەدەن بەدانیشتوان پارێزگارییان بکەن. دانیشتوان بەهۆی نەفامیەوە بەرژەوەندیە

داراییەکەی خۆیان پێش هەستە نیشتمانیەکەیان دەخەن و لەدۆخێکیشدان، کە نەتوانن رێز لەو سیاسەتە بگرن، کە حکوومەت پیادەی بکا.

لەبەرئەوەی لەشوێنی دیکە بەجۆرێکی ناڕاستەوخۆ هەندێ زوڵم دەکرێت وەك دڵرەقی یان پەلەکردن لەکاروانەکان بۆ ئەوەی بەپەلە بڕۆن و ماندوو بوونی رێگا - لەوێ دەکرێت بزانرێ بەتەئکید ئایا ئەم شتانە راستەوخۆ رویان داوەو ئەمەش دەبێ ئێوە پابەندی بن بێ ئەوەی کات بەفیڕۆبدەن. وەزارەتی جەنگ هەموو فەرماندەییە سەربازیەکانی ئاگادار کردووە، کە دەس وەرنەدەنە کاروباری بەڕێوەبەرایەتی گواستنەوەی راگوێزراون. ئەو فەرمانبەرانەی ئەم ئەرکەیان پێ سپێردراوە، ئاگادار بکەن کە ئەرکەکەیان جێبەجێ بکەن بێ ئەوەی لەئەنجامی ئەوەی دەیکەن، بترسن و تەنها بیرلەوە بکەنەوە چۆن ئامانجە راستەقینەکە بهێننەدی.

تکا دەکەم هەفتانە بەڕاپۆرتی رەسمی لەئەنجامی چالاکیەکانتان ئاگادارم بکەنەوە.

**وەزیری ناوخۆ / تەڵعەت**

**(٩)ی ئەیلولی (١٩١٥)**

٣- ئاگادار کراینەوە کە حکوومەت بڕیاری داوە لەسەر فەرمانی کۆمەڵە (مەبەستی لێرەدا ئیتیحادو تەرەقی یە. وەرگێڕی عەرەبی) کە ئەرمەن ئەوانەی لەتورکیا دەژین، قڕ بکرێن.

هەر کەسێك پێچەوانەی ئەم فەرمانانەو ئەم بڕیارە بێ، مافی خاوەنداریێتی رەگەزنامەی نامێنێ. دەبێ کۆتایی بەبوونیان بهێنرێ بێ

گوێدانــە ژن یــان منــداڵو نــەخۆش، هەرچــەنێ شــێوازەکانی قڕکردنیــان لەوپەڕی کارەساتباریدابێ. دەبێ ئاوڕ لەهەستی ویژدان نەدرێتەوە.

وەزیری ناوخۆ / تەڵعەت

(١٥)ی ئەیلولی (١٩١٥)

٤ـ ئەم جۆرە خانـەی هەتیوانـە پێویست نـین. ئەمـە کـاتێکی لەبارنیـە بـۆ ئــەوەی مــرۆڤ کــات بــەفیڕۆ بــداو نانیــان دەرخــوارد بــداو تەمــەنیان درێــژ بکرێتەوە تەنها لەپێناو ئەوەی مرۆڤ جڵەو بۆ سۆزو بـەزەیی خـۆی شـل بکـا. رایانگوێزنو لەم بارەوە ئاگادارمان بکەنەوە.

وەزیری ناوخۆ

(٢١)ی ئەیلولی (١٩١٥)

تەڵعەت

٥ـ ژماره (٥٣٧)

بۆ والیی حەلەب

پێمان گەیشتوە کە کەسانێ لەگەڵو هەندێ فەرمانبەر ژنی ئەرمەنییان هێناوە. من بەتوندی ئەمە قەدەغە دەکەمو سورم لەسەر ڕاسپاردەی کۆچ پێکردنی ئەم جۆرە ژنانەو رەوانەی بیابان بکرێن.

وەزیری ناوخۆ
(٢٩)ی ئەیلولی (١٩١٥)
تەڵعەت

٦ـ ژماره (٥٤٤)

ئەو هۆیانەی وای لێمان کرد کە سنجقی (دیرالزور) دیاری بکەین وەك ئامانجێ بۆ راگوێزراوان، لەبروسکەی جفرەی خۆماندا ژمارە (١٨٤٣) لە(٢)ی ئەیلولی (١٩١٥)دا روونمان کردوەتەوە.

دەبێ رووداني دەستدرێژیکردن لەرێگەکە دانیشتوانی ئەو ناوچانە دەیکەن دژی کەسە ناسراوەکان خزمەتی ئەو ئامانجانە بکا، کە حکوومەت هەوڵ دەدا بیانهێنێتە دی، هەروەها نابێ لەروی یاساییەوە بەدوایاندا بچن. ئەم راسپاردەیە بەسەر دەسەڵاتە ئیداریەکاندا بڵاوکراوەتەوە لە(دیرالزور)و (ئورفە)ش .

وەزیری ناوخۆ
تەڵعەت
(٣) تشرینی یەکەمی (١٩١٥)

٧ـ ژماره (٦٠٣)

بۆ والیی حەلەب

پێمـان گەیشـتوە کـە هەنـدێ لـەو منداڵـە بچـوکانەی هـی ئـەو کەسـە ناسـراوانەن کـە لەویلایەتـەکانی (سـیفاز)و (مغمـوره العزیـز)و (دیـار بکـر)و (ئـەرزروم) رەوانـە کـراون، لەبەرئـەوەی دوای مردنـی کـەس و کارەکـەیان بـێ پارێزگاری ماونەتەوە وەك هەتیو (تبنی) کراون، یان لەلایەن هەندێ خێزانی موسڵمانەوە وەك خزمـەتکار کاریـان پـێ دەکرێـت. ئێمـە داواتـان لێدەکـەین بـەدوای هـەموو ئـەو منداڵانـەدا بگـەڕێن و هـەموویان رەوانـەی ناوچـەی دوورخستنەوە بکەن جگە لەمـەش دانیشـتوان بـەو رێ و شـوێنەی بـە لـەباری دەزانن لەم بارەوە ئاگادار بکەنەوە.

وەزیری ناوخۆ

(٥)ی تشرینی دووەم (١٩١٥)

تەڵعەت

٨ـ بروسـکەیێکی ـ جفـره ـ لـەوەزیری نـاوخۆوە ئاراسـتەی والیـی حەلـەب کراوە.

ئەو هەنگاوەی باڵوێزخانەی ئەمریکا لەلامان پێش ماوەیێکی کورت کردی و لەلایــەن حکوومەتەکەیــەوە راســپێردرابوو بیکــا، دەریخســت کــە کونســوڵە ئەمریکیــەکان بەرێگــەی نهێنــی هەواڵــەکانیان پــێ دەگــا. ســەرەڕای ئــەوەی وەڵامیان دەدەینەوە کە کردەوەی راگواستن بەشـوێنی ئـەمین و بـاش دەکرێـت، بەڵام ئەم گەرەنتیە بەس نەبوو بۆ ئەوەی قەناعەتیان پێ بهێنێ. لەبەرئـەوە دەبـێ کـە کـاروانی ئەرمەنیـەکان لەشـار و شـوێنەکانی کۆکردنــەوە دەبـرێن

ئاگاداربن هیچ شتێکی سەرنجڕاکێش روونەدا. لەسەر شاری بۆچونی سیاسی هەنوکەییەوە زۆر گرنگە قەناعەت بەو بێگانانە بهێنرێ کە لەوێن بەوەی ئەم راگوێزانە هیچ مەبەستێکی نیە جگە لەگۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون. لەبەر ئەم هۆیانە زۆر گرنگە بەجۆرێ خۆمان پیشان بدەین، کە میانڕەوین و ئەو رێو شوێنەی کە پەیڕەوی دەکەین تەنها لەچەن شوێنێکی دیاری کراودا بکرێ.

لەبەر ئەمە راسپاردەی من بۆ ئێوە ئەوەیە ئەو کەسانە بگرن کە ئەم هەواڵانە دەنێرن و بەبەهانەی دیکە بیاندەنە دادگای سەربازی.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(١٨)ی تشرینی دووەم (١٩١٥)

٩- ژمارە (٦٩١)

بۆ والیی حەلەب

لەسەرتانە هەر ئەرمەنیەك لەناوچەکەتاندایە لەویلایەتەکانی رۆژهەڵات، بەرێو شوێنێکی نهێنی قڕبکەن.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(٢٣)تشرینی دووەمی (١٩١٥)

**١٠- بروسکەیێکی جفرە لەوەزیری ناوخۆوە بۆ والیی حەلەب**

لەگەڵ ئەوەی دەبایە قڕکردنی زۆر بەپەلە بۆ کەسانی دیاری کراو ئـەنجام بـدرێ، کەچـی لـەبری ئەمـە هـەواڵمان پـێ گەیشـتووە کـە رەوانـەی ناوچـەی گومان لێکراو کراون وەك سوریاو قودس.

پیادەکردنی ئەم نەرمیە هەڵەییێکە لێبوردنی بۆ نیە. ئەم شوێنە ئەوە نیە کە لەباربێ بۆ دوورخستنەوەی ئەم جـۆرە کەسـانەی ئـاژاوە دەنێنـەوە. راتـان دەسپێرم بەپێی ئەمە رەفتاربکەن.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(١) کانونی یەکەمی (١٩١٥)

**١١- ژمارە (٧٤٥)**

نـاردنی بروسـکە سـەبارەت بـە سـکاڵاو نـاڕەزایی بـۆ فەرمانگـەکان لەلایـەن کەســانی ناســراوەوە، دەربــارەی ئــەو رەفتارانــەی لەگەڵیانــدا دەکرێــت، مەسەلەییێکی چاوەڕوان کراوە، بەڵام کات بەفیڕۆدانیشە خۆمان بـەوە سـەرقاڵ بکـەین کـە لـەم شـتانە بکۆڵینـەوە. بـەو کەسـەی سـکاڵا پێشـکەش دەکـا یـان ناڕەزایی دەردەبڕێ، پێیان بڵێن دەتوانن لەو شـوێنەی بـۆی دوور دەخرێنـەوە سکاڵاو ناڕەزایی بۆ مافە ونبووەکانیان بکەن.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(٩)ی کانونی یەکەم (١٩١٥)

١٢ـ ژماره (٧٤٥)

بروسكەی جفره لەوەزيری ناوخۆوە بۆ والیی حەلەب

پێمان گەیشتووە كە هەندێ لەپەیامنێرانی رۆژنامە ئەرمەنیەكان كە لەناوچەی بەڕێوبەرایەتی ئێوەدان، وێنەی فۆتۆگرافیو بەڵگەیان كۆكردوەتەوە سەبارەت شێوازە كارەساتباریەكانو داویانەتە كونسوڵی ئەمریكی لەناوچەكەتدا. دەبێ ئەم جۆرە كەسە خەتەرانە بگریتو خۆتیان لێ رزگار بكەیت.

وەزيری ناوخۆ

تەڵعەت

(١١)كانونی یەكەم (١٩١٥)

١٣ـ ژماره (٨٣٠)

بروسكەی جفره

بیانبەو تەنها ئەو هەتیوانە گل بدەرەوە، كە ناتوانن ئەو كارەساتانەی تووشی كەسو كاریان هاتووە بێتەوە بیریان. ئەوانی دیكە لەگەڵ كاروانەكە رەوانە بكە.

وەزيری ناوخۆ

تەڵعەت

(١٢)ی كانونی یەكەم (١٩١٥)

١٤ـ ژماره (٧٦٢)

وەڵامی بروسکەی (٢)ی کانونی یەکەمی (١٩١٥)

بەو ئەرمەنیانە بڵێ کە نیازیان هەیە ببنە موسڵمان بۆ ئەوەی لەڕاگوێزان رزگاریان بێ، دەتوانن تەنها لەو ناوچەیەی بۆی دوور دەخرێنەوە، ببن بەموسڵمان.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(١٧)ی کانونی یەکەم (١٩١٥)

١٥ـ ژماره (٨٠٩)

بۆ والیی حەلەب

پێمان گەیشتوە کە ئەفسەری بێگانە وێنەی تەرمی ئەو کەسانەیان گرتووە کە ماوەیەکی زۆرە لەسەر رێ فڕێ دراون.

من راتاندەسپێرم بەپێداگیرییەوە کە هەر ئێستا پەلەبکەن لەناشتنی ئەو تەرمانەداو چیتر نەهێڵن ماوەیێکی زۆر لەسەر رێ فڕێ بدرێن.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(٢٩) کانونی یەکەم (١٩١٥)

١٦ـ پێمـان گەیشـتووە کـە لەهەنـدێ ناوچـەی دیـاری کـراودا منـاڵی کەسـە ناسراوەکان لەخانەی هەتیواندا قبوڵ دەکرێن. لەبەرئەوەی حکوومەت بـوونی ئەمانــە بەزەرەرمەنــد دەزانــێ، ئــەم رەفتــارە دژی ئەوەیــە کــە حکوومــەت دەیەوێ. مرۆڤ کە نان بەم منداڵانە دەداو تەمەنیان درێژ دەکا وەك بڵێـی رێ دراوە ئەم جۆرە رەفتارە بەسـۆزەیان لەگەڵدا بکـرێ، جـا یـان ئـەوەتا لـەمانای راستەقینە نەگەیشتوون یانیش نایانەوێ بایەخ بەو راسپاردانە بدەن، کە مـن ناردوومەو داوام کـردووە ئەمانـە خانـەی هـەتیوانی تایبەتیشـیان بـۆ دروسـت مەکەن.

وەزیری ناوخۆ

(١٥)ی کانونی دووەمی (١٩١٦)

تەڵعەت

١٧ـ ژمارە (٨٤٠)

پێمـان گەیشـتوە کـە بەدرێـژایی رێگـا لەناوچـەی (ئینتیلـی)و (عـێران) تادەگەیە حەلەب لە (٤٠) بۆ (٥٠) هـەزار ئەرمـەنی هەیـە، کـە زۆربـەیان ژنو منداڵن. دەبێ زۆر بەتوندی ئەوانە سزا بدرێن کە رێ دەدەن بەم بێ نەوایانە لەخاڵە گرنگەکانی بزوتنەوەی گواستنەوەی هێزە سەربازیەکان نزیك ببنەوە.

هەر ئێستا لەگەڵ ئەو ئەرمەنیانەی لەلاتانو ئەوانەش کە لە (ئەدەنـە)ن، ئەم ئەرمەنیانە رەوانـەی ئـەو ناوچـەیە بکـەن، کـە بـۆی دوور خراونەتـەوەو بەپێش، بەبێ ئەوەی بەحەلەبدا تێپەڕن.

زۆر بەپەرۆشــەوە چـاوەڕێ دەكـەم دوای یــەك هەفتــە لەئــەنجام ئاگــادارم بكەنەوە.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(١٦) كانونی دووەم (١٩١٦)

١٨ـ بۆ والیی حەلەب

(تەواوكـەری بروسـكەی ژمـارە (٨٤٠) كـە لـە (١٦) كـانونی دووەمـی (١٩١٦)دا هاتووە)

ئەو ئەرمەنیانەی كە لە (ئینتیلیو عیران) جێ هێڵـراونو لەدروسـتكردنی سكە تازەكەدا كاردەكەن، دوای ئەوەی ئیشەكە تەواو دەكـەن رەوانـەیان بكـەن. لەبەرئەوەش كە قەدەغەیـە لەگـەڵ خێزانـەكانیان بـژین، دەبـێ بەشـێوەیەكی كـاتی خێزانـەكانیان رەوانـەی ناوچـە نزیكـەكانی حەلـەب بكـرێنو لەشـوێنی شیاو بۆ ئەم مەبەستە كۆبكرێنەوە.

ئــەو ژنو منداڵانــەی بــێ خــەرجیی بــژێو دەمێننــەوە، یەكســەر بــەپێی رێنماییەكانی بروسكەكانی پێشوو رەوانەیان بكەن.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(١٩) ژمارە (٨٥٣)

١٩- جفره

لەوکاتەی کە هەزاران کۆچکەری موسڵمانو بێوەژنـانی جـەنگ پێویستیان بـەپارێزگاریو خـواردن هەیـە، مـەعقول نیـە پـارە خـەرج بکـرێ بـۆ بەخێوکردنی منداڵەکانی کەسە ناسراوەکان، کە لەدوا رۆژدا دەبن بەمەترسی. دەبێ لەگەڵ کۆچ پێکراوانـدا رەوانـە بکـرێنو لەگەڵیشیاندا لەناوچەکە دوور بخرێنەوە.

بەپێی رێنماییەکانی پێشومان بڕیار دەدرێ بۆ نیشتەجێکردنی ئەوانەی دەنێردرێن بۆ سیفاز.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(٢٣) کانونی دووەمی (١٩١٦)

٢٠- ژمارە (٨٦٠)

بۆ والیی حەلەب

(لەوەڵامی بروسکەی جفره کـە لـە (٢٧) کـانونی دووەمـی (١٩١٦)دا هـاتووە) لەگەڵ پیاوەکانتان قسە بکەن، تاکو لەدواییدا پیاوەکانتان بێنەلاتانو رەوانەی ئەو ناوچانەیان بکەن کە بۆی دوور خراونەتەوە.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

٢١. بەبەهانەی پێشکەشکردنی پێویستیەکانیان لەرێی بەڕێوەبەرایەتی کۆچ پێ کردنـەوەو بـێ ئـەوەی هـیچ گومانـێ دروست بکـرێ بـەپێی فەرمانـەکانی وەزارەتـی بـەرگری بـۆ فەرماندەییـەکانی ناوچـە سـەربازیەکان، منداڵـەکانی کەسـە ناسـراوەکان کۆکرانـەوە بـۆ ئـەوەی کۆمـەڵانی خـەڵك هێرشـیان بکەنـە سەرو قڕیان بکەن! چاوەڕێی وەڵامتانین.

وەزیری ناوخۆ

تەڵعەت

(٧)ی ئازاری (١٩١٦)

# ئامارو ناوەکان

## أـ قەسابە بەناوبانگەکانی گەلی ئەرمەن

١ـ محەمحەد تەڵعەت پاشا

٢ـ ئەنوەر پاشا

٣ـ بەهائەددین شاکر

٤ـ سەعید حەلیم پاشا

٥ـ حەلیم بەگ عوسمان

٦ـ جەمال پاشا

٧ـ مدحەت شوکری

٨ـ ئەحمەد رەزا

٩ـ حوسێن جاهید

## ب ـ بیرمەندو زانایانی ئەرمەن کە بوونە قوربانی قەسابخانەکان

١ـ دیران کیلیجان

٢ـ (سیامانتو) أدوم یارجانیان

٣ـ کریکور زوهراب

٤ـ تانیال فاروجان

٥ـ روبین زارتاریان

٦ـ دوکتۆر نازاریت دانماڤاریان

٧ـ (موراد) همپارسوم بویاچیان

٨- (روخان) يدوارت سرما كيشخانليان

٩- أرداشيس هاروتيونيان

١٠- (هرانت) ميلكون كورچيان

١١- روبين سيفاك

١٢- ديكران رويو كوريان

## ج ـ ژمارەو ئامار

| | كۆچ پێكراوان | ئەوانەی رزگاریان بووە |
|---|---|---|
| سيواز | ٢٢٥٠٠٠ | ١٦٨٠٠ |
| أرزروم | ٢١٥٠٠٠ | ١٥٠٠ |
| خاربيت | ٢٠٤٠٠٠ | ٣٥٠٠٠ |
| ديار بكر | ١٢٤٠٠٠ | ٣٠٠٠ |
| بتليز | ١٩٨٠٠٠ | |
| وان | ١٩٧٠٠٠ | ٥٠٠ |
| تاربزون | ٦٥٠٠٠ | ١٥٠٠٠ |
| أزمير | ٧٢٥٠٠ | ٢٠٠٠٠ |
| أدرنا | ٢٧٥٠٠ | ٧٠٠٠ |
| بورصا | ٧٨٠٠٠ | ٢٨٣٠٠ |
| كۆی كۆچ پێكراوان | ١,٤٠٦,٠٠٠ | ئەوانەی ماون ١٢٧,١٠٠ |

## د ـ فیداییەکانی ئەرمەن

**پاپازیان، ماردیکوهی، أرتین دیمرجیان،**
**مکردرج یوتاخباریان، ماریام پیلنکریان**
**خانم کتجلیان، هارتیون راتکیلنیان**
**فەرماندە/ أنترانیك پاشا**

**١ـ سۆگۆمۆن تهلیریان**

**کوشتنی تەڵعەت پاشا**
**بەرلین ـ ئەڵمانیا**

**٢ـ میساك تولاکیان**

**رەشەکوژکردنی**
**چیفانشیرە لەئەستەنبول ـ تورکیا**

**٣ـ أرشاڤیر شیلاکیان**

**سەعد حەلیم پاشای**
**لەرۆما رەشەکوژ کرد**

**٤ـ أرام یرکانیا**

**بەهاددین شاکری لەڕۆما**
**ئیتاڵیا ـ دا کوشت**

٥ـ ئەنوەر پاشا لەکوشتن رزگاری بوو، چونکە لەروسیا خۆی شاردبووەوە، بەلاّم لەوێ بەدەستی روسیەك کوژرا.

لەرۆژنامەی (زارتونك)ی ئەرمەنی رۆژانە کە لەلوبنان دەردەچێ ـ وەرگیراوە (لەئەرمەنیەوە بۆ عەرەبی ـ ئەبومادۆ ـ لەکەرکوك وەریگێڕاوە)

# بلاٌوكراوەكانى
# ئەكاديمياى هۆشيارى و پێگەياندنى كاديران
# ساڵى (٢٠١١ - ٢٠١٢)

| ژ | بلاٌوكراوەكان | نووسەرو وەرگێڕ | ساڵى چاپ |
| --- | --- | --- | --- |
| ٣٦٥ | پێگەى ميديا لەهەڵبـژاردنى سـەرۆكايەتى ئەمريكادا ،ژ. ز، (١٢) | رێبين حەسەن | ٢٠١١ |
| ٣٦٦ | مميـزات النظـام الفـدرالي في العـراق (ژ. ز. ١٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٣٦٧ | جيهـــانگيرى ، فاكتـــەرو گرفتـــەكانى ديموكراسى، ژ، ز، (١٤) | مەلا بەختيار | ٢٠١١ |
| ٣٦٨ | پەيـــدابونى عەلمانيـــەت لـــەتوركياى عوسمانيدا، ژ. ز. (١٥) | فەريد ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٦٩ | ئيسلام و مۆدێرنە، ئيسلام لەبەردەم ئەگەرى عەلمانيەتدا (ژ. ز. هۆشيارى (١٦) | ن. محمد رەزا شالگونى<br>و. عوسمان حەسەن شاكر | ٢٠١١ |
| ٣٧٠ | سياســەتى روســياى قەيســەرى بەرامبــەر بەكورد (١٨٥٠-١٩١٤) | هەستيار كەمال كوردى | ٢٠١١ |
| ٣٧١ | المحطات، اثرت في حياة الكورد وحركـاتهم القومية | بقلـــم: عبـــدالرزاق محمـــود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٧٢ | كورتە باسێكى فەلسەفەى سياسى | ن. دەيڤد ميلەر<br>و. لەئينگليزيەوە: كارزان كاوسێن | ٢٠١١ |
| ٣٧٣ | هەواڵنامەى كوردستانى عيراق | ئامادەكردنى : | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | نەوزاد عەلی ئەحمەد | |
| ٣٧٤ | ئاغاو شێخو دەوڵەت<br>بەرگی دووەم | ن. مارتین ڤان برونەسن<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>د. کوردۆ عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٧٥ | تاريخ الفكر الكردي | مامۆستا جعفر<br>ترجمة: د. بندر علي | ٢٠١١ |
| ٣٧٦ | رۆژنامەنووسی کوردی لە کوردستانی عیراقدا (١٩٩١-٢٠٠٥) | هەڵەت خەسرەو هەمەوەندی | ٢٠١١ |
| ٣٧٧ | مافی چارەی خۆنووسین لەئەدەبیاتی (ی. ن. ک)دا (١٩٧٥-١٩٩٢) | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٧٨ | سیاسەتی گۆڕینی رووخساری نەتەوەیی ناوچەی کەرکوک - ژ. ز. هۆشاری (١٧) | د. نوری تاڵەبانی | ٢٠١١ |
| ٣٧٩ | ئەنفال لەکوردستانی عیراق<br>ژ. ز. هۆشیاری(١٨) | ن. مایکڵ لیزنبێرگ<br>و. کارزان محەمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٠ | ئۆپۆزسیۆن لەچەمکەوە بۆ ئەرك، ژ. ز. (١٩) | بەختیار جەبار شاوەیس | ٢٠١١ |
| ٣٨١ | بەشداریکردنی سیاسی<br>ژ. ز. (٢٠) | عابد خالد رەسول | ٢٠١١ |
| ٣٨٢ | سیستمی فیدراڵ لەدەوڵەتی ئیماراتدا، ژ. ز. (٢١) | ن. عەبدوڵلا عەنزی<br>و. سەردار عبدالكريم | ٢٠١١ |
| ٣٨٣ | کوردو پرسی دانپێدانانی دەستووری | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٤ | تیرۆریزم هەڕەشەو مەترسیەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٣٨٥ | چرای ماڵە هەژارەکان | ئامادەکردنی:<br>عەلی جۆلا | ٢٠١١ |
| ٣٨٦ | کەلتور — ژمارە (٣) | | ٢٠١١ |
| ٣٨٧ | سیکۆلاریزم بەزمانی سادە - عەلمانیەت | نوسینی : ئاستین کلاین<br>و. لەفارسیەوە: | |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | | کاوسێن بابەکر | |
| ٣٨٨ | کوردستان | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٣٨٩ | دراسة تاريخية وسياسية حول "الشعب الكردي" | تاليف: حسن ارفع<br>ترجمة:عبدالرزاق محمود القيسي | ٢٠١١ |
| ٣٩٠ | کورتەیەك لەتاوانەکانی رژێمی عیراق دژی گەلی کورد | ن: نوری تاڵەبانی<br>و. شاناز رەمزی | ٢٠١١ |
| ٣٩١ | گەشەکردنی سەرمایەداری لەکوردستاندا | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٣٩٢ | سیاسەت لەنێوان بیرو جێبەجێکردندا | و. مظفر عبدالوهاب | ٢٠١١ |
| ٣٩٣ | کورد گەلێکی بێ دەوڵەت<br>زنجیرە نامیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا، ژمارە(١) | ن. ئینگۆنۆیمایەر<br>و. رێبوار تۆفیق | ٢٠١١ |
| ٣٩٤ | لەدیکتاتۆریەوە بۆ دیموکراسی | ن. د. جین شارپ<br>و. کارزان محمد | ٢٠١١ |
| ٣٩٥ | مۆدێلی حزبایەتی لەکوردستان. ز. هۆشیاری (٢٥) | ئەنوەر حسێن بازگر | ٢٠١١ |
| ٣٩٦ | فلسفة الديمقراطية الاجتماعية<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٦) | د. حميد عزيز<br>ت: محسن بنى ويس | ٢٠١١ |
| ٣٩٧ | دەوڵەتشاری دێرین<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٧) | ن. مۆریس بارییە<br>و. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٣٩٨ | ئاینو سیاسەت<br>ژ. ز. هۆشیاری (٢٨) | ن. نینیان سمارت<br>و. یاسین عومەر | ٢٠١١ |
| ٣٩٩ | بەجینۆسایدناسینی ئەنفال<br>ژ. ز. هۆشیاری ، ژ(٢٩) | خەلیل عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤٠٠ | جیۆپۆلەتیکی کوردستان<br>ژ. ز. هۆشیاری (٣٠) | فەرید ئەسەسەرد | ٢٠١١ |
| ٤٠١ | دیموکراسیو بنەماکانی گەشەپێدانی | د. حەمید حسین کازم | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| | سیاسی | و. عادل عەلی | |
| ٤٠٢ | ثورة كوردستان ومتغيرات العصر (الطبعة الثالثة) | حكمت محمد كريم (ملا بختيار) ترجمة ومراجعة: د. بندر علي اكبر | ٢٠١١ |
| ٤٠٣ | ئەرکەکانی خەبات لەهەلومەرجێکی دژواردا | مام جەلال | ٢٠١١ |
| ٤٠٤ | کێشەی شیعەو سوننە کورتەباسێکی مێژوویی | ن. د. عەلی ئەلوەردی و. عارف کەریم | ٢٠١١ |
| ٤٠٥ | فەلسەفەی سیاسی ئەریستۆتێلیس | ئەمیر حسێن ڕەحیم | ٢٠١١ |
| ٤٠٦ | جیهانگیریو کاریگەری لەسەر سەروەری دەوڵەت | ن. عوسمان حەسەن شاکر | ٢٠١١ |
| ٤٠٧ | بەشداری سیاسی، چەمكو گرفتەکان | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٠٨ | ڕێکخراوی سۆسیالیست (S.I) ئینتەرناسیۆنال | محەمەد مێرگە سۆری | ٢٠١١ |
| ٤٠٩ | پۆلێنکردنی هەڵوێستەکان پێش پرۆسەی هەڵبژاردنو دەنگدان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٢) | نیاز سەعید عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٠ | بەهاری عەرەبیو نەورۆزی سەربەخۆیی | ستران عەبدوڵلا | ٢٠١١ |
| ٤١١ | قوتابخانەی فرانکفۆرت | و. لەسویدیەوە عوسمان حەمە ڕەشید گورون | ٢٠١١ |
| ٤١٢ | حدود كوردستان الجنوبية في سنجار حتى بدرة | عبدالرقيب يوسف | ٢٠١١ |
| ٤١٣ | النضال الدستوري للاستاذ ابراهيم احمد في العراق الجمهوري ز. هؤشياري، ذ(٣٣) | د. شورش حسن عمر | ٢٠١١ |
| ٤١٤ | کوردو تورکمان، تێڕوانینێك بۆ میکانیزمەکانی پێکەوە ژیانی ئاشتیانەی نێوانیان، ز. هۆشیاری، ژ(٣٤) | یوسف گۆران | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤١٥ | عەلمانیــەت چــیە؟ مانــاو پێناســەكانی، ز. ژ(٣٥) | زاهیر شكوور | ٢٠١١ |
| ٤١٦ | خوێندنەوەیەك بۆ فیكری حەسەن بــەننا، ژ. ز. (٣٦) | عادل عەلی | ٢٠١١ |
| ٤١٧ | شێوەكانی بەدەستهێنانی مافی چـارەنووس، ژ. ز. (٣٧) | خەلیل عەبدوڵڵا | ٢٠١١ |
| ٤١٨ | تعريف الانفال بالإبادة الجماعية، ژ. ز. (٣٨) | تاليف: خليل عبدالله<br>ترجمة: محسن بني ويس | ٢٠١١ |
| ٤١٩ | پێــنج لێكۆڵینــەوە لــەبواری سیاســەتی نێودەوڵەتاندا | مستەفا ئیبراهیم دەروێش | ٢٠١١ |
| ٤٢٠ | پرۆگــرام و پــەیڕەوی نــاوخۆ پەســەندكراوی سێیەمین كۆنگرەی (ی. ن. ك) | مەڵبەندی (٤)ی رێكخســتنی دهۆك بەشی روناكبیری | ٢٠١١ |
| ٤٢١ | ئاڵا | نەوزاد عەلی ئەحمەد | ٢٠١١ |
| ٤٢٢ | تاريخ التبشير المسيحى فى كردستان | الدكتور فرست مرعي | ٢٠١١ |
| ٤٢٣ | قــراءة في مفهــوم التحــديث والتنميــة السياسية، ز. هۆشیاری، ژمارە (٣٩) | احسان عبدالهادي | ٢٠١١ |
| ٤٢٤ | كاریگــەری قــەرزە گشــتیەكانی ئــەمریكا لەســەر ئــابووری ئــەمریكا و جیهــان، ژ. ز. (٤٠) | فەیسەڵ عەلی | ٢٠١١ |
| ٤٢٥ | فەرهەنگی ئاڤێستا (روسی — كوردی) | ئامادەكردنی:<br>د. نەهرۆ عەلی<br>ئاڤێستا نەهرۆ | ٢٠١١ |
| ٤٢٦ | كوردو دەوڵەت | بەرزان ئەحمەد كوردە | ٢٠١١ |
| ٤٢٧ | التنوع الثقافي والمثاقفة الأنا والآخر | يوسف يوسف | ٢٠١١ |

| | | | |
|---|---|---|---|
| ٤٢٨ | کورد لەسوریاو ئاوەربایجانو ئەرمەنستان/ ز. نلمیلکەی کورد لەمیدیای جیهانیدا. ژ.(٢) | ن. م. شترۆهمایەر<br>ل. یالچین هێگمان<br>و. ڕێبوار تۆفیق بەنگینە | ٢٠١١ |
| ٤٢٩ | ئەرکەکانی قۆناغی نوێ لەچاوپێکەوتنێکی هەڤاڵ عیماد ئەحمەد دا | ئامادەکردنی:<br>حەمە عەلی غەریب | ٢٠١٢ |
| ٤٣٠ | المشاريع التي قدمها الاتحاد الوطني الكردستاني عام ١٩٨٤ | تقديم<br>فريد اسسرد | ٢٠١٢ |
| ٤٣١ | المحكمة الجنائية العراقية العليا دراسة في مبادىء العدالة | محمد ريبين حسن | ٢٠١٢ |
| ٤٣٢ | دور محكمة العدل الدولية في تطوير القانون الدولي العام | سۆز حميد مجيد | ٢٠١٢ |
| ٤٣٣ | گۆڤاری کەلتور ژمارە (٥) | | ٢٠١٢ |
| ٤٣٤ | کوردانی سوریا لەژێر دەسەڵاتی فەرەنسیدا | نێلیدا فۆکارۆ<br>و. لەئەڵمانیەوە:<br>هەڵۆ بەرزنجی | ٢٠١٢ |
| ٤٣٥ | ئاڵوگۆڕە سیاسییەکانو هاوکێشە نوێیەکان | چاوپێکەوتنێك لەگەڵ هەڤاڵ مەلا بەختیاردا | ٢٠١٢ |
| ٤٣٦ | هەڵبژاردەکان | شاسوار جەلال (ئارام) | ٢٠١٢ |
| ٤٣٧ | كردستان ككيان ضمنه الخطة الدولية بدأً من جنوبها | المحامي/ الشيخ سالار الحفيد | ٢٠١٢ |

**الطبع: مؤسسة حمدي للطباعة والنشر**